گەشتی زەند

دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ

خودانێ ئیمتیازێ
حافظ قاضي

سەرنڤیسەر
مؤيد طيب

مافێن چاپکرنێ د پاراستي نە

ئەدرێس
کوردستانا عیراقێ – دهۆك
ئاڤاهیێ ئێکەتیا سەندیکاییێن
کرێکارێن کوردستانی
قاتێ سێیەم
تەلفون: ٧٢٢٥٣٧٦ – ٧٢٢٢١٢٥

www.spirez.org
www.spirezpage.net


- ژمارا وەشانێ: (٥٤)
- ناڤێ پەرتووکێ: گەشتی زەند
- دانانا: کەریم زەند
- تیپچنین و دەرهینانا ناڤەرۆکی: شێرزاد محمد عمر
- بەرگ: بەیار جەمیل
- سەرپەرشتکارێ چاپێ: زاگرۆس مەحموود
- چاپا: ئێکێ
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە
- ژمارا سپاردنێ: (٤١١) ل سالا ٢٠٠٤
- چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ - هەولێر

SPIREZ PRESS & PUBLISHER

دار سبيرێز للطباعة والنشر

# گەشتی زەند

## (تۆماری تەمەن)

دانانا

**کەریم زەند**


سپیریز

دهـــۆک -٢٠٠٤

# سەرهەڵدان

### ویڵەدەر-١٩٣٦

لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، لەفێرگەی ئەیوبییە، کە لە پێشدا پێی دەوترا، فێرگەی دووەم، تەنها ٢فێرگە هەبوو لە هەموو شاری سلیمانیدا.

گەشتێکی فێرگەیی رێکخرا بۆ گوندی وێڵەدەر بە چیای گوێژەوە، کە زنجیرەی کێوی ئەزمڕە- ئەزمیر- لەو گەشتەدا بەشدار نەکرام، بە هۆی کەم تەمەنی و لاوازی و گچکەیی و لە بەزەیی و داڵدەیی باوکیش بێبەشبووم، ئەو هۆکارانە، کاریگەری دەروونی هەبوو.

بۆ بەیانی کە ڕۆژی هەینی بوو، بەریرپێگەمگرت لە تەك خوێندکارەکاندا، کەوتمەرێ، سووکڕەوی و چالاکی و پیادەییەکەم، سەرنجی فێرکار و هەڤاڵەکانمی راکێشا، ئەمە هاندەر بوو کە گەشتوگوزار بکەم بە پیشە.

### هەزار مێرد- ١٩٣٨

لە پۆلی دووەمی ناوەندی، بە گەشتی فێرگەیی چووین بۆ گوندی جێشانە و ئەشکەوتی هەزار مێرد، بەرابەری مامۆستا ئەحمەد ئیبراهیم و مامۆستا جەلال مەلا کاکە حەمە سەیفوڵا، کوڕی ماموستای ناودار.

لە گوندی وتوبە و کانیگۆمەوە، بە چەمی ئاڵیشەدا بەرەو گوندی جێشانە و هەزار مێرد.

هەزار مێرد- لە قەد پاڵی چیای بەرانانە، بەسەر دەشتی سەرچنار دا فەرمانرەوایە، لە چینەکانی خواروویدا، شوێنی ئاگردانو کوانووی لێدۆزراوەتەوە، لە تەك کەمەکی ئیسکو ئامیری بەردەستی، ئەگەڕێتەوەبۆ سەدەی بەردینی کۆنو ناوەند، تەمەنی لە نێوان ٣٣-٥٠ هەزار ساڵدایە.

لەو چەرخەدا مەردوم، خۆراکی خۆی کوڵاندووە، چێشتی بە ئاگر لێناوە، خۆی پێ گەرمکردۆتەوە.

لە سلێمانییەوە تا زار ئەشکەوتەکە ١٥ کم.

زاری ئەشـکەوتە گەورەکـە، گچـکەیە، لـە چـوونە ژوورەوەدا گەرەکـە خـۆت نـەوی بکەیت، دوای چوونە ناوەوەی، ٤ کەسی بە پێوە بەریز بە ناویدا دەڕوات.

مـاوەی دووری ٣٠٠م، نـزیکەی ٢٠٠م پـتر ڕۆیشـتین، ئۆکسـجین کەمـبۆوە، لایـتەکان ڕووناکیـیان نەئەدا، تاپڕمان پێبوو، کاکە کەریم فەرەنی برا و هاوڕێم تفنگێکی تەقاند، دەنگدانەوەکـەی بـە خێرایـی دەنگ مەزندە ئەکرا بە ١٠٠م ئەو ماوەیەی کە مابوو، ویزە ویـزی شەمشـەمەکوێرە، بۆشـایی ئەشـکەوتەکەی پـر کـردبوو، سـامو بۆنـی ناخـۆش و، رقـنەی زۆری ئـەم زیـندەوەرە، کەبـەینی سروشـتییە، زۆر بـەدی ئەکـرا، لەبـەر ئەمانـە، گەڕاینەوە.

## ڕێگەی تر

سـلیمانی- بەکـرەجۆ- بـە پێدەشـتدا، بـەرەو گـوندی باڵچـوخو بنگـرد، ٢ گـوندن لەمبەروئەوبەری چۆمی ئاڵیشە.

لـە جۆگەی کـاك ئەحمەدەوە، پێدەشتی کەم بەرەو گوندی هەزار مێرد- ٣٠ خانەیە، لـە پـەنا دوژیکدا بە دامێنی چیای بەرانانەوە، گوندی دێکۆن لای ڕاستییەوە، گوندی دار بەروو لای دێکونو، لای چەپیشی گوندی جێشانەیە.

## قەڵای بارۆیی

دوژی بارۆیـی- لـە بەکـرەجۆوە بـە پێدەشـتدا مـاوەی ٢٥ خـولەك- گـوندی باڵجـوخ- گادانـی- ١٢ خانـە، چـۆمی ئاڵیشـە- بنگـردی خێڵی مەنمـی ٣٥ خانـە- جـۆگە لـە ئاڵیشـە هـەڵگیراوە، دووڕیانـی هـەزار مێـرد و دێکۆن، بەرەو بنار و هەوراز، هەزار مێردو دێکۆن لای چـەپ، ناوەنـدی ڕێگەی گوندی دار بـەروو، لـەنجاوا داربـەروو ٢٥ خانـە لای ڕاسـت، لـەنجاوا ٧ خانـە لای چـەپ، هـەورازیان- گـوزەرگەی بـەرانان، ٢ قـوتکەیە، هەموو دەشتی سـلیمانی و بەکـرەجۆ و بـناری چـیای گـوێژەی لـێدیارە، لێژیو لابەلا بە بناری ئەودیوی چیای بەرانانـدا، دار و گـۆڕ بـە یاڵی ئەمـبەرو گوندی بارۆیی بە بناری ئەو بەرەوە- ٧٠ خانەیە.

هـەوراز بـەرەو دوژی بارۆیـی، مـاوەی ٣ جـارەك بـە پـێ، پاشەواری دوژی کۆن، شێوە هێلکەیـی نـزیکە لـە بازنەوە، درێژی نێرەکەی ١٠٤م، سەرەوەی بانی تەخت، شوێنی بیری پڕکراوە بەبەرد، شوێنی بەرگری بووە.

جێگەی خانووەکانیو شورەکەی ماوە، بناخەی دیواری شورە دەستکردەکەی پانی ٢م، کەڵەکەبەردی ڕێکخراو- بەردی گەورە و گچکە، ڕەنگی ڕەشو کەڕووی سەوز و کەسك، لە سەر بەردەکانی- قەڵا سور کە بەوبەرەوە، گوندی سەرزەلی قەراخ ٢٠خولەکە، سنووری بەخشی قەراخ نزیکە دوا سنووری بازیانە- دەشتی بازیان و سەگرمە و پشتی خاوی دیارە.

لای خۆراوای قەڵاکە. هەمووی کەورگە داتاشراوە، شوێنی حەسانەوە و دانیشتنە بۆ سێبەری بەیانیان.

هۆکاری رووتکردنەوە و خواردن- با و ئاو باران کاریتیکردوە، گوندە نزیکەکانی.

بارۆیی گچکە لە قەد پاڵی ئەودیو، داریکەلی شێخی نەمر، کانیکە، گوندی زییەکە، کانیشایە، سەرچاوەی هاڵە، لەو لایەوە نزیکی هەنجیرەی بازیانە.

**شەقامی ئوتومبیل**

لەڕێگەی تاسلوجەوە- چاخانەی ئاڵایی، یەکدو- خاندی سەرچاوەی کانیگەورە، کانیپێنچشەم ٦خانە، کانیشایە ٦٠خانە- ورمزیار ٤خانە، گاوانی ٥٠خانە، بارۆیی دواگوندی بەخشی بازیانە.

دوژی بارۆیی- شوێنی بەرگریبووە لە هێرشی نارامسندا و هەڵمەتەکانی ئاشوری بۆ سەر زاموا.

**هەڵەبجە**

لە سلیمانییەوە- ٧٦کم- دار بەرولە، بەلای گۆرستانەکەیدا- خەراجیان- ئەربەت- دووریانی دەربەندخان- سلیمانی- دەربەندخان- ٦٩کم- بنکەی بەخشی ئەربەت- ئاری بت- ڕێی بەرزنجە و پردی گچکەی خڕی چەناقچیان.

سلیمانی- بەرزنجە- ٥٧کم- دوای پردی چەناقچیان- بە ڕێگەی زیخدا- هەنجیرە- هەوراز و پێچو دۆڵ- بان- تەختی- دەشتی زەڵی- چاخانەی مۆریاس- ٢٠خولەکە بۆ گوندی مۆریاس- قوتکەی کوڕە کاژاو- دوژی گێڵدەرە- دیارە- دووریانی گێڵدەرە و کوپەی حاجی- بەرزنجە لە دامێنی چیای کوڕە کاژاودا- تەختیو کەمی هەوراز- بەرزنجە- لە پردی چەناقچیانەوە- بۆ هەڵەبجە.

ڕێگەی باشینیە- کانیپانکە و موان- گوند و ئاوەدانی، فێرگە و تیمارگەی تێدایە- گوندی گرێزە، دەشتی قوڕیچیا- سەراو- گۆمێکی گچکە- گۆمی سەرای سوبحاناغا- گوندی قلرخ- سەیسایەق- بنکەی بەخشی شارەزور- پردی داخراوی سەیسایەق- دووریانی پێنجوین.

سلیمانی پێنجوین- ١٠٥کم- گوندی قەدەفری- پردی زەڵم- چاخانەکەی- گوندەکە بە پاڵ گردەوەیە- باخو گوێچەم و درەختی بی- ڕێگەی ئەحماوا- ١٠خولەکە- بۆ خۆرماڵ- خۆرماڵ- ڕێگەکە بە نزیکی گۆمی دەربەندخاندا- تەپە گوڵاوی- بنکەی بەخشی سیروان- کێلەسپی- دێتەوە سەر ڕێگەی کۆن- باخی کێلەسپی- لای چەپی گوندی زەمەقی- لای ڕاستی گوڵانی خواروو- هەڵبجە- شاروچکەیە، مۆناتی ٥٠هەزار کەسە، لە پێدەشتدا هەمو دامودەزگای میری تێدایە- فێرگە و تیمارگە و فەرمانگە- مەڵبەندی بازرگانییە، بە هۆی نزیکی لە سنوورەوە، شەقامێکی ڕێك بە ناوەندیدا.

# خولیا- بریار

خولـیاو بـریار- لێـرەوە سـەرهەڵئەدات رێنمایـی بـۆ گەشـتی فـراوانو درێژخایانـو نەپساوە بـە ئومـیدی گەڕانێکی سەرانسەر بە هەموو کوردستاندا بە پێ و هەر هەموو خـاوەری مـیانەو زوربـەی کیشـوەرو کەرتـی ئـەوروپا و بەشـی زۆری خاکـی ئەفـریکا بگەرێم، ماوەی ١٣ ساڵ.

هـەر لێـرەوە، لـە ئاکامـی ئـەم گەڕانـو دەربەدەریـدا چـەرخو چاخو دەرفەتی رۆژگار گەڕیـدەی بکەم بە پیشە و جوگرافیای کوردستان سەرتاپا بە مەیدانی لەو هاوکێشەیەدا دایـڕێژم کـە جەمسـەرێکی چەرخو زەمەنەو جەمسەرەکەیتری زەوییە و مرۆڤیش خۆی دروسـتکەرو بـڕیاردەرە و خاوەنـی هزرە. جوگرافیای کوردستان، ئالێرەوە سەرهەڵئەدات ١٩٤٥.

**بیارە**

لـە هەڵەبجـەوە ١٨ کم- ڕێگەی زیخەڵان- پێدەشت- پرد- لە بناری گوندی ئەبابەیلیوە- جەیەلـە- جەلـیلە- بـەرەو ئەنـەب- بـەناو باخـو دارو درەخـتدا- چـاخانەی بـیاوێڵە- چاخانەی دەرەشیشی خواروو- چەند جۆگەو ئاو- دەرەشیش ژووروو- هەوراز- خەرپانی و چۆمی بەنە و چاخانە- دووڕیانی تەویلە- پردو چۆمو گوندی خاگێلان- بناری چەپی نارنجەڵەو گوڵپ- باخەکۆن- ئاو و پردی زەردەهاڵ-

پێشـی زەردەهـاڵ- بەڕێگـەی گوڵپدا ٣ کـم- بۆ گوندی گوڵپ ٣٠٠ خانـە- لابەلا و پێچ، بەردەلانی تا گوندی سەرگەت- هانەی دن ٣ کم.

سـەرگەت ١٥٠ خانەیـە- بـەو لایەوە هانەی دن ١١٠ خانە- چاخانەی زەردەهاڵ- گوندی دەرە قەیسـەر لای راسـت- بـنجۆی دەرە لـە نـاو شیوەکەدا، لای چەپەوە- ڕێگەی هەورازو بەردەلانی، پێچ- خانووەکانی پێشی بیارەو چاخانەکەی دیارە.

بـیارە- لـە دۆڵێکە- خانووەکانـی بـەری خـۆراوای- ٣ گەرەکـە پشتجۆ، ناودێ، گەڕەکی شـێخان. مۆناتی ٥ هەزار کەسە، فێرگەی سەرەتایی، ناوەندی، تیمارگەو چاخانەو بازاری گچکەی تێدایە.

لـە خانەقا- ئارامگەو خەوابگەی شێخانی ڕێبازگەی نەخشی تێدایە- خەوابگەی شێخ ئومەر، شێخ ئەلائەدین، شێخ نەجمەدینی تێدایە.

چۆمی بیاره- له چیای شرامەوه دێت، که زنجیرەی چیای هەورامانه.

تەمەنـی بـیاره- ٤٥٠ سـاڵ پتره- له وشەی بوێره- بێدارەوه هاتووه، له دۆڵێکی درێژدا، دارستانو باخ دایپۆشیوه، تا دەراوی دەرەقوولۆ بنجۆی دەره.

دوو پـرد- هـەر دووبـەری بـیارەی بەیەکـەوه بەسـتووه، بـه تایبەتـی ئـەو پردەی ناو ئاوایی، پردێکیان ئوتومبیلی پێدا ئەروات بۆ تەوێڵه.

چۆمەکەی- لایەنەکانی هەڵبەستراوه بەبەرد، خانووەکانی وشکه کەڵەکو دوونهۆمه.

**تەوێڵه**

١٧ کـم لـه بـیارەوه- قەدپاڵـو نـاو بـاخ رووەو هـەوراز، لای راسـتی دۆڵ- چـاخانەی دەرگاشـێخان، گـوندەکه لـه سەرەوه، گۆڕی ساوا- پێچو هەورازو لابەلا- هاڵه- کانیوەزنەی بەڵخـه- ناوبـاخ، تاڤگـه لـه سـەرەوه، سـەری سەیسـەلام، باخەکانی خواروی بیاره، دیاره، پێچ بۆ ئەودیوی بەڵخه، سەری شترۆێ دیاره، چاخانەو گوندی بەڵخه.

فێرگه، لەسەر رێگه- کانیبەڵخه- چاخانەو کانیمیشڵه- کانیاوی ساردو سێبەر، سووره چـناری گـەوره، گـۆماو لـه خـوارەوه- بێچـو لابـەلا، خـوارەوەی باخـی شـەمی- رەزەکانـی سۆسـەکان- بەرانـبەری ملەشۆپی ئەودیو سنوور، باخەکانی تەوێڵه- بیریو گەریان، پێشی تەوێڵه، هەوراز بۆ تەوێڵه.

خانـەقاو نـاو ئاوایـی لـه دوڵێکدا، هـەر دووبەری خانووی وشکه کەڵەکو دوونهۆم ١٠ هـەزار کـەس پـتر، بازارو فرۆشگه، چاخانەو فێرگەو تیمارگه و پوست، شوێنی دەیدەنیو سـەیرانگەی ئاوێسـەر ٤٥ خـولەکه بـه پـێ- هەوراز به ناو باخدا و سێبەرو درەخت تاکو ئاوێسـەر، کانـیاو و تەختـیو سـێبەر لـه دامـێنی چیای هەورامانی تەخت، سەری تەخت بەلـوتکەوه، بەودیـودا گوندی هەورامانی تەخت، بەشی ژادەرۆ، شەقامی ئوتومبیلی سەر سـنوور بـۆ هەورامانی تەخت ٥٠٠ خانه، ئەودیوی باخو ئەستێڵ، گوندی خۆشی- ئاوایی کەمالانه.

گوندەکانی هەورامانی تەخت:

سەری پیر، سڵێنی، بلیه، نۆین، کەلجی، ژیواره.

چـاوگی سـیروان- لـه بەردەمـی ئـاوی سـڵێنیەوه، هەوارگـەی پیر روستەم، جێگەیەکی خۆشو سازگاره.

تەوێڵـە- لــە دۆڵێكــی ٣ كوچــكەدایە، دەرەیەكــی تاكــو گــوندی دزاوەر و كۆتایــی باخەكانی، دەرەكەیتری تاكو ئاوێسەر بریتییە لە ٣ گەرەك:

چلانە، مالیدەر، بەرانبەر.

خانـەقای گـەورە- ١٢٨٥ك، دروسـتكراوە، مـەزارو ئارامگـەو خەوابگـەی شـێخ وەسمان، شـێخ سـیراجەدین تێـیدایە. خانـووی شـێخ بەو بەرەوە، سوورە چنار لە بەردەمیدا بڵند گۆی پێوەیە.

**خورماڵ**

خـۆرماڵ- لـە هەڵەبجـەوە- ١٥كـم بـە گـوندی دەلیـندا- كێلەسـپی- چـاخانە- لای راست گـردی سـەفا- ئاوایی حەمە- گردی ئەوڵا- تەپەكوڕە- زەڵم- ڕێگەی سلیمانی- گوندی زەڵم بـە بـناری گـردەوە، ڕێگـەی قـیر- كـولكنی ئاوایـی حەمـەی كـەرەم، جانجـان لای راسـت، چـەقەڵاوا- شـیرە مـەڕ لای چـەپ- درەخـتو باخوسـە و زی تـەختی خـورماڵ- بـنكەی بـەخش لـە پێدەشـتدا. هەنـدێك خانـووی بەگـردەوە لای خـاوەری، مـزگەوتو رۆشـنگە مێژووییەكەی لە چاخی ئوسمانیدا دروستكراوە.

ئـەم هۆنـراوەیەی بـە فارسـی لـە سـەر بـەردی سـەر دەرگاكـەی نووسراوە- سەردەمی چاكردنەوەی مزگەوتەكە لە چاخی موسا بەگی بابانیدا.

والی ملك جود وكهف عباد      آن سلـــیمان تخت عزت وداد
ید بیضاء نمود موســــــی      لە گـــل گلعنبرش زلطف بمداد
دربنا های خیر شد ساعـــی      بهر اجر وثواب روز سعــــــاد
مسجد كوهنە ساڵ شاه سلـــیم      دید گشت است جای قذر ورماد
زكــــرم چند بدره در تعمیر      صرفكرد از او بیافت حسن مراد
این اشارت زغیب شـــــد      تاریخ بود مسجد بذكر حـق آباد

رۆشـنگەكە- لـە خشـتو قسـڵ دروسـتكراوە، ٢٦ پلـیكانەیە هـەر پیپـیلكەی ٣٠ سـم، سەربانی مزگەوتەكە ٩ فڕگەیە چالاوی مزگەوتەكە ٧*١١م.

سـوڵتان یـاوز سـەلیم ١٤٥٣ز، دروسـتیكردوە، موسـا بـەگی بابـان ٢٢٦ سـاڵ لەمـەو بەر چاكی كردۆتەوە.

١١٦٢ ك، ئەحمەد عەلی شەعبان نووسیویەتی.

١٣٩٣- چاڵاوی مزگەوتەکە، چاوگەکەی لە ناو خۆیدایە، گۆماوە، تێکەڵ بە چۆمی زەڵم ئەبێت، لای شورەکەیەوە. بازارو فروشگەی هەیە.

گەڕوەکەی- کبریتە- شوێنی خۆشتنی هەیە، ڕێگەی ئەحماوا زیخو خۆڵە- گۆرستان لای چەپی- لێرەوە- ئەحماوا، دیارە، جۆگەی ئەحماوا، گوندی رۆستەم بەگ، چاخانە- رێی بیارە، ئاوایی رۆستەمبەگ، پێچی تەخت هەوراز بۆ ئەحماوا، چاخانەکانی بن بەڵك- ئەحماوا ئاو و قەڵبەزەو چۆمی زەڵم و چەند جۆگەیەك، لێی جودا ئەبێتەوە، سەیرانگەو سێبەر، پیادەرێ بۆ گوندی زەڵم- چاوگەکەی بەدامێنی لای چەپدا چۆمی زەڵم بەلای راستدا دۆڵی قووڵ، پڕ لە درەخت، هەنارو تو و گوێز، تاشە بەردی زل، خانووی سەر رێ، گوندی زەڵم ١٦٠٠ خانە- خانووی بەردوقوڕ، دوونهۆم، لابەلا تاکو چاوگ- رێی دزڵی- چاوگ بە قەدی چیاوە، کەوانەی کونەکەی ٢م، سەری تاشێکی مەزن یەکسەری تاکو سەری چیا. تاڤگە لە بەرزی ٢٠م، کونێك لەتەنیشت چاوگەکەوە، وەکو زار ئەشکەوت- خوارەوەی چاخانە.

خاوەری زنجیرە چیای رەنگینی هەورامانە، گوندی هانەی دن، پالانی پێوەیە.

**قەڵادزێ**

قەڵادوزی ١٧٠ کم لە سلیمانییەوە، تاکو دووکان ٦٩کم، لە دووکانەوە ١٠١ کم، لە سلیمانییەوە تاکو دووریانی دووکان- تاسڵوجە ٢٠کم.

لە دووریانەوە بۆ دووکان- ٥١ کم.

لە دووریانی تاسڵوجەوە لائەدات- ڕێگەی تەخت- گردەیور، دوای کەڵەوانان و کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە- قەرەچەتان- قازیئاوا- سوسی- چاڵاخ- پردی تابین.

**ئەشکەوتی زەرزی**

نزیکی گوندی ئەوالان، ئامیری بەردو بەردەستی دۆزراوەتەوە، مێژووی ئەگەرێتەوە بۆ کۆتایی چەرخی بەردین.

هەورازی کۆتەڵ- دووریانی سووررداش، ڕێگەی سووررداش خۆڵۆزیخە.

لە ڕێگەی سووررداشەوە، لێژیو نەوی بەلای راستیدا، هەورازو بەر دەلانی- بەرەو هۆمەقەوم بە ڕێگەی تەسکدا، گەندەکە ٤٠ خانەیە، لابەلا- ئەستیڵ، شەدەڵە دیارە،

بەوبەرەوە- ٨٠ خانەیە- هەوراز بەرەو کەلی دایان کاتونیو ئەبێ بۆ گوندی هەڵەدن- هەوراز بۆ سەری دایان بۆ سەرگەڵو- دووریانی بەلای راستدا، لاپاڵ نشیو بە نزیکی ڕەزەکانی سەرگەڵودا، نشێوی، هەڵەدن دیارە، بەنزیکی ڕەزەکانیدا، پیادە رێی- دووریانی یاخسەمر بەلای چەپدا، دار و گۆر- گوندی هەڵەدن- ٢٠٠ خانەیە، دۆڵی جافەتییە، خێڵی جافە رەشکەو تێکەڵن.

دێتەوە بۆ- خوردەلوك- دوای کۆتەڵو دووریانی سووورداش، شۆر ئەبێتەوە- کانیمیران- کانیخان- کانیسارد- قەشقۆڵی- هەورازی دووکان بۆ سەر بەنداوی دووکان هەوراز و نشیو بۆ دۆڵی خەلەکان.

خەلەکان بنەی بەخشە- جاخانەکانی کانیوەتمان و شێخ ئوبید، گوندەکە لە سەرەوەیە- گوندی باقلان- باداوا، زووربەی دانیشتوانی شێخن- پردی باداوا- نزیکی گوندی باداوا- دۆڵی خەلەکان تەواو ئەبیت.

پردی بیستانە- دووریانی کۆیە- پردی هیزوب پردێکی کراوەیە- قەسرۆکی کۆن، لە سەر ئاوی هێزوب داری قەمتەران- کانیماران- پردی کراوە- قەرەنیئاغا- گرجان- چوارقورنە- بنکەی بەخشە- رانیە.

## رانیە

شارۆچکەیە- لە دامێنی کێوەرەشە، ئاوەدارە، گردێکی دەستکرد، تانکی ئاوی لەسەرە، هەموو دەشتی بیتوینی دیارە، بە تایبەتی گۆمی دووکان و گردی بازمسیان، کەڵکی شمشارە، گردی بۆسکین، ئاشی مەلازادە، بناری کێوەڕەش، کە پاشەواری خانووە کۆنەکانی ماوە، گەڕەکی قەڵاو ڕێگەی قەڵادزێ بەو دیودا ٣٢کم.

رانیە- بەری کراوەیە، سێلای چیایە- سەیداوا- گوندی بۆسکێن- قوڕەگۆیە، دەربەند- پردی تووە سووران، چۆمی گارفێن و پردەکەی- پردی سەنگەسەر- پردی بەستەستین- سەنگەسەر- پردی دۆڵە بەفر.

پاسگەی سەنگەسەر، ئاشوران لە خواریەوە- ڕێگەڵ گڵ گردێك- قادراوا، جۆگەی کۆنکرێت بەتەنیشتیدا- ٧ کم بۆ دۆڵی شەهیدان، بەنداو و ئەستێڵ، دۆڵ.

دێتەوە بۆ ڕێگەی قەڵادزێ- پردی چۆمی ژاراوا- قەڵادزێ- شارۆچکەیە، مۆناتی ٣٠ هەزار کەسە، خوێندنگەو فەرمانگەو تیمارگەو بازار و فرۆشگەی تێدایە، لە نێوانی دوو

زێـی- دوژی دوو زێ- نـزیکـی سـنووره لـه گـربداخەوه- گردەسـپیان، بەارمـبەر بـه دێگـه، شـێخ جنـید- دۆڵـه تـووان- کانیشـیلان- سـالاری- کانیـبۆق- بەردەگورك- گۆرتسوێ- کێلی- سـنوور، کونئەسـپ- دەراوی هـۆدەران- بێورانـی ژوورو- پێورانـی خوارو- دەشتی کەپران- نیزەرۆ- سەردەشت.

## مەرگە

لـه قایغەکـەوه ٢٢ کـم- لـه قەڵادزییوه شۆر ئەبیتەوه بۆ سەر زێ- کەناری زێ- لاپاڵو هـەوراز، لـه کلکـەی چـیای ئاسۆسـەوه- سەرسـیان ٤٠٠ خانەیـه- بەسـەر تەپکەوه- بەسەر زێدا فەرمانـرەوایه- پێدەشـت، بـه دامـێنی خـاوەری چـیای ئاسۆسـدا- ئـەملای دەشتایی- بەردەکۆز بە بنارەوه- ٣٠ خانەیه- ئاوی بیر بەکار ئەهێنن- دەشتی بە پیتو فەرو فراوان بـەملادا و زنجـیره چـیای ئاسـۆس بـەولادا- لـه بنار دوور ئەکەوێتەوه- پێدەشتی فراوان- قەرەتەپـه و دێلـێژه و مەمەنـداوا- بـه ناوەنـدی گـوندی دێلێژەدا، قەرەتەپە لە سەرەوه- هـەوراز- سـێوکان ٤٠ خانەیـه، کەمـی بـەرزی بـه نـاو گۆرسـتاندا، هـەورازو نشـیو- گۆمی دووکـان بـەملادا بنگـرید لـه پێشـەوه گـردی گۆر و ئارامگـەی پیرۆته سووری مەرگە لە خوارەوه، دارودەرختی پێوەیه، ڕێگەی بەردەڵانی- هەوراز بەرەو بنگرد.

فەرمانگـه و خوێـندنگه لـه خـوارەوه- ٦کـم بۆ مەرگە- ڕێگە لە سەرەوه بە لای کۆنە سەراکەدا- لاپاڵو لابەلا- بەناو دۆڵی گەورەقەڵادا- ئاشی شێخی چۆمو دۆڵو درەخت- پێچو هـەوراز- دەراوی بێدەل- ڕێگە بەبەری ئەوبەردا- چۆمو دۆڵ- ئەملای نێوانی گەورەقەلا- ریزەگردو زینوی مەرگە- بەملادا- داستانی فەروخشا ئەگێرێتەوه.

مەرگـه دیـاره- چـۆمو پێدەشت، درەخت لە خوارەوه- هەوراز- نێوانی بەردە قەڵشت، لاپاڵی گردەکانـی ئـەو بـەر- بـه لای گۆرسـتاندا، سـەرئەکەوییت- مەرگـە لە بەردەمتانە، کانـیاوی بـەر ئاوایـی، حەسـاوگە رووخاوەکـەی، نـاو گـوندی مەرگـه- ٣٠٠ خانەیـه، لـه دۆڵـێکدا، باخـو درەخـت دایپۆشـیوه، پـرد هـەردوو بـەری بەیەکـەوه بەسـتووه لای کانیـیەکەیەوه، کانـیاوی بـاش سـەیرانگه و جـێگەی بـۆ چـاکراوه، لای پـردەکەوه، خاوەنداری تێدایه.

کانیـتوو- ١٢کـم- ٣٠٠ خانەیـه، هەوارگەیـه، سـازگارو خـۆش، لـه دۆلـێکدا، باخـی زۆر، توتن، میوه، بەئاسانی ڕێگەی بۆ ئەچێت.

لـه مەرگـەوە- هـەوراز شـیوو گـۆرو دارو درەخـت، نشـیوی دۆڵ، ناوگـرد، داروگـۆر، گوندی هەڵونـێ، نۆڵچکە لای چەپ، لۆتەر لە خوارەوە، ڕێگەی ئوتومبیلی هەیە، هەوراز و دەوەنـو ڕەزو دارو گـۆر- لابـەلاو قـەد پـاڵ گوندی ئـاوەژێ ٥٠ خانەیـە، کانیاوی ساردو ڕەز، هـەورازو نـەوی، ڕەزوبـاخ- گـوندی چـنارنە لـە دۆڵێکدا ١٧٠ خانەیە- هەورازو پێچو لابـەلا و نشـیوی- کانیـتوو دیـارە، هەوراز- کانیتوو ٢٠٠ خانەیە، دۆڵی سەراو لە خوارەوە تاکو کانـیخەل و کوڕکوڕ، خانـووی هـاوینی و هەوارگـە لـە دۆڵـەوە، کاتـێکە- هەوراز بۆ کوڕکوڕ- کویستانو زۆزانـو هەوارگـە، ئـاوی ساردو سێبەری دارگوێز. کانیتوو ١٢کم- ٣٠٠ خانەیـە، هەوارگەیەکی خۆشە، لە دۆڵێکدا، سازگارە، باخانی زۆرە، تووتنو میوەی هەیە، بە ئاسانی ڕێگەی بۆ ئەچێت، خاوەنداریتی زەویو زاری تێدایە.

**چوارتا**

٣٨ کـم لـە سـلیمانییەوە- بـۆ ئەزمڕ ١٥کم- تاکو ماوەت ٧٥ کم- ڕێگەی قیر- هەوراز و پـێچ- ناوگـردان- پێچـی هـەوراز- بـەرەو ئەزمـڕ- زیخەلانیو قیر- لوتکەی ئەزمڕ- نشیوی- چـاخانەو گازیـنو، کانـیاوی سـاردو تـەزی، پێچـی نشـیوی بـە نـاو دەوەنـدا- زیخەلانـیو شـینکەو کەوەلـە- لابـەلا و هـەوراز- کەمـی تـەختی- چاخانەی بازەگیر- دووریانی ماوەت- چـاخانەی سـیرەمێرگ- نشـیوی بـەرەو چـۆم- پـردی داخـراوی چـۆمی تەگەران- بەلاپاڵی گـردی چاوەشـاندا- پـردی داخـراوی قەڵاچـوالان- گوندەکەی لەسەرووترە- هەوراز بەرەو چوارتا- داری پیر ئالك- شارۆچکەی چوارتا بنکەی شارباژێر- دووریانی باسنی.

بەرێـی باسـنیدا ٢٤ کـم تاکـو باسـنی- بـنکەی بەخشـی سـیوەیل- پێچـو دارو دەوەن- گوندی گەنکی لای راست- پێچو نشیوی بۆ سەر چۆمی سیوەیل- پردی کەنارۆی- کەناری ئـاو- پـردەکەی کـراوەیە ٨ پایەیـە- هـەوراز بـەناو دارو دەوەندا، گوندی کەناروێ لە قەد چـاڵدا ٣ بەشـە، ٨٠ خانەیـە، هـەورازو لابـەلا- چـاخانەی کـەناروێ- مووچـەکانی- گوندی کانیشـوان- هـەوراز بـەناو دارودەوەنـدا- پێچـی گـووڕو هەوراز- بەندەن- دارو گۆر بەسەر گـوندی مـڕانەدا، سـێبەرو دارگوێـز- ٧٠ خانەیە- فینك پلەی گەرمی لە هاویندا ٢٦ پلەی سـەدییە- چـاخانەی میرانـە- بەندەنـو بـاڵ- گـوندی بـێوری دیـارە بـەو بـەرەوە- پێچـو نیشـوی- دووریـان بـۆ بـێوری شـۆر ئەبێـتەوە- چـۆمو پـردی پـیادە، لای راسـتی- گـوندی بێوری بەرەو هەوراز- ١١٠ خانەیە، لە خێڵی بلباسن. لە باسنێوە بۆ سیرین- ٢٥کم.

رێـی باسنی- پێچی هەوراز- رێی خۆڵ- گۆمڵە- چاڵاوپرۆژەی ئاو- بەناو دارو دەوەندا- نشـیوی- باسـنی بەبەرزاییـیەوە دیارە بە دامێنی چیای گۆوە- شیوو پردی پیادە- هەورازو پـێچ بـەرەو باسنی- لابەلاو پێچ- دووریانی سێرێی بابە شێخ- دووریانی سوورە دزی- لای راسـت بـەرەو سـیرین ۸۰ خانـە- نشـیوی- پێچی گوورِ و نـەوی، هـەوراز ئاوایی ٥٠ خانە- هـەوراز بـەلای راسـتدا- دووریانـی تـیمار- هـەوراز بـەرەو سـیرین- هـەورازو دۆڵـو گـرد- خانووەکانـی باتـوان، ٣-٤ خانـوو مووچـەن- بـە سـنگی گـردەکانەوە- دۆڵو شیو، مووچەی گوندی باری- چووك- گچکە- بەناو تاشە بەردو شیوو دەرەو جۆگەو دار چنار- دووریانی باریچووك- تاشە بەردی دابڕاو- هەورازو خۆڵ- دارستان، کەم ئەبێتەوە- پێچی نشیوی و هەوراز- باری گەورە، دارو سێبەری گوێز پێشی ئاوایی- باری گەورە ۸۰ خانەیە، هەورازو نـەوی، پاسـکە کـۆنەکەی گوندی شـیوەکەڵ- شـیوەکەڵ- لابـەلاو هـەورازو بەنـدەن- دارو گۆرسـتان- گـوندی سـیرین ۱۱۰ خانەیـە، بـناری سـوورکێوە ئـەولای- نەڵەسـوو، بۆسـکان، نۆرك، سوورەبان، گۆڵی.

باسنی- بنکەی بەخشی سیوەیلە ۷۵ خانەیە، ٤٠ گوندە.

سـیری ٤٠ خانەیـە، تەکیـیەی رێـبازگەی نەخشـییە- حاجـی ئـوسمان کـوڕی شـێخ ئەبدولقادر کوڕی بابە شێخی سیرییە.

پێچـو هـەوراز- سـنووری ئـالان- سـوورە دزی، پاسـکەکەی دیـارە، چـیای خـێڵە رەش بەوبـەرەوە چۆمی چۆمان سـنوورە- پێچی نەوی- گوندەکانی ئەودیوی سنوور- کێوەرۆ، ئەنجیینە، ماڵتە، بەردەرەشە.

گـوندی سـوورە دزی- ٥٣ خانەیە، فێرگەی تێدایە لە ١٩٣٤- دەچووانی پۆلی شەشەمی نەبـووە- نشـیویو پـیادەرێ- گـردو دەوەنـدو لابـەلا- سـوورەبان لـە چـالاییدا- جـۆگەو باریکەرێـی شـیو لـە خـوارەوە، لـە چـەمەکە ئەدەیت- هەوراز بەناو گوندی سوورە باندا- گولاویـو مـەروێ، ٢٠ خانـە، کاتـێکە لـە سـوورە دزیـوە- مووچـەی گـوندی مـەروێ تاکـو مـەروێ کاتـێکە- ٥ کـم، بۆ شاناخسی٢,٥ کم- سێبەرو جۆگە ولابەلا، نەویو سوورکە گردە سوور ئەوبەری- چۆم لە خوارەوە- چۆمانی سنوور- مووچەکانی بەوبەرەوە، چۆمەکە لە سـەیرانبەنەوە دێـت، مـووپەی چـۆمانی بن هەوراز ٣ خانەی ئەمدیو- چۆمانی ئەو دیو- واتـە دوو چـۆمان- ئـەو دیـو و ئەمدیـو ١٢ خانـە بەوبـەرەوە هـەوراز بـۆ مەروێ، لابەلاو مووچـەی سەرسـول بەکـێوی بریتی ئەودیو سنوورەوە، گوندی زەڵی ١٢ خانەیە لەو دیو،

کەمی هەورازو دارگوێز- دارو گۆڕ- مەروێ دیارە- بانو لابەلاو گۆرستان، دارو کەمی هەوراز- گوند و کانیژنان، سوورە چناری گەورە- مەروێ- ٨٠ خانەیە- لابەلاو دارو گۆڕ، خڕو چۆم و کەمی هەورازو دەوەن، گرد، مووپەی شاناخسی ماشان لە نشیویدا، کەمی هەوراز بەسەر شاناخسیدا، شۆر دەبێتەوە- گوندەکە ٣٥ خانەیە، هەمووی- ١٥٠ خانەیە، گرگاشە- بریتیە لە ماشان، دەشتی، کانیخێڵ، گوێز لە شاناخسی- هەوارگەی هاوینی و زستانگە، میوەی زۆر- فێرگەی تێدایە.

شارۆچکەی چوارتا- کۆنەڕێگەی ماوەت بۆ سەرسیر بە لابەلاو هەورازدا- کەناروێ بەوبەرەوە- پردی سەر چۆمی سیویل، لابەلا بەناو دەوەندا- بۆ سەرسیر. سەسیری سنجەڵیو گەنکی- گردی بەرزو کەمئاو. سەرسیر و چالاوەکەی- هەوارگە، کانیاوی سارد سەکۆی چیمەنتۆ، کەپر بۆ حەوانەوە.

لابەلا- گۆرەدێم بەوبەرەوە دیارە، هەوراز بەناو دەوەندا، تیرەشانو بان، هەوراز، گوندی موبرە لە خوارەوە- ١٠٠ خانەیە، بەلای راستدا، چیای سوورکیو راکشاوە، هێڵی سنووری دەستکرد دیاریدەکات. گوندی نۆرکو سوورەیان، شیوەکەڵ، گوندەکانی بنار، گوندی مامە خەلان بەودیو موبرەدا، لە دۆڵەکەدا نشیوی، لابەلا- چەمیاڵە لە خوارەوە دیارە، بەلای راستدا- چاخانەی بەندەن، کوڕەکاژاو بەلای راستدا- گوندی هاجیمامەند و دۆڵپەموو، دیارن، زێی بەلای چەپەوە دیارە- هەوراز لاشان- دووریانی پێنجوین، لە شێخەڵمارینەوە بەلای چەپی کانیکوزەڵەدا، بەرەو گوندی زییە و دووریانی نۆرك، گوندی زییە لە ناو گردا، میشولان بەوبەریەوە.

-دووریانی زییە، لای راست- پێچو نشیوی، دارچنار بۆ سەر چۆمی شێخەڵمارین، بە قەد پاڵی کێوی لەرێوە- ١١٠ خانەیە، دارو گۆرستان و ناوئاوایی.

لە گوندی سیرینەو- پێچو هەورازو باڵ ، لابەلا، شۆر ئەبیێتەوە بۆ گوندی نەڵەسوو- ٣٥ خانەیە، سێبەرو دارگوێزو شیو، هەورازو پێچ بەرەو بناری ٥ نمرە، لابەلاو هەورازو گردو دەوەن، بەسەر گوندی بۆسکاندا، شۆر ئەبێتەوە- ٢٥ خانەیە، شیوو هەورازو سێبەر گوندی نۆرك- ٥٠ خانەیە، شیوو لابەلاو پێچ و لێژی، لابەلا- گوندی سوورەبان، شیوولێژی بۆ سەر چۆمی سیوەیل، هەورازو تەختی، شیوو هەوراز- خەزینە- بە پشتی زییەدا- بەندەن، پشتی گوندی موبرە- سەرسیر- چوارتا.

**پیێنجوین**

١٠٥ کم لە سلیمانییەوە- کانیبا- داروبەڕولە- خەراجیان- ئەربەت- خیری چەناقچیان- کاتیپانگە- موان- گریزە- قوریچیا- سەراوی سویحاناغا- گوندی قلرخ- سەیسایەق.

لێرەوە تەختی بۆ شانەدەری، لە بناری لای راستەوە ئەودیو بەردەبەل- دۆڵەسمت- تووتئاغاج.

-دۆڵو هەوراز- پردی گراوەی کەوڵوسی. کەوڵوس- هەورازو پێچو بەرزی دۆڵەسوورو چاخانەکانی- ٧٠ خانەیە- فێرگەی تێدایە. لە پردەکەوە- دار ژاڵە، لە بەهاردا وەکو تارای سوورە- هەورازو پێچ کانیسپیکە- هەوازو پێچ وەکو کێوی ئەزمری سلیمانی تەختایی- ناڵپاریز- دارەبەن لەو بەروە نزیکە بە کەناری چۆمی ناڵپاریزدا- پردی سێبواران- هەورازو پێچ- پلەی بێمەحکە- پێچی وشکە شیوو دۆڵی شیلاناوی- پردی کانیمانگا، گوندەکە بە قدیاڵەوە- پێچەکانی ملەکەوە- ١٠ پێچە- پێچو هەورازو نەوی و لێژی هەر پێچە- تەختی ناو شاخان دوای گوندی راوگان- پێنجوین- پرۆژەی ئاو- گۆڕو دار خەوابگەی پیرموحەمەد کوری ئیمام- پێشەوا موسا کازم. چارەکی ماوە، باخەکانی چوارباخو بلیکان- چالاو، کانیاوی ساردو تەزی- هەوارگەن.

هەوارگەی چوارباخ ١ کم لە پێنجوینەوە، رەزوباخە- ١٤٠٠ م بەرزە لە رووی دەریاوە، پلەی گەرمی لە هاویندا ٣٠ءرادەی شێ ٥٨-٧٣٪- ١ کم تر گوندی بلیکیانە، رازاوەو رەندە، ئوتومبیلی بۆ ئەچێت، کانیاوی ساردو تەزیو سازگارە.

پێجوین- شارۆچکەیە، لە وشەی ٥ وێنەوە هاتووە. ٥ بنەماڵە- بارامی، قوبادی، وەستا حسین، ئەحمەد ئەلی، مخە پێکهاتووە- یاخود ٥ یانە- ٥ بنەماڵە، لە پێشدا لە گوندی قەلادێ بوون ١٠ خولەکە لە پێنجوینەوە، سەردار سوورخابی لێبووە، نەخۆشی ڕشانەوەی تێکەوتووە، بەر لە ئیسلام- ٥ شوانکارەکەی ماوەتەوە هاتوونەتە پێنجوین، هەریەکەیان لە کورتەیەکدا خانووی دروستکردوە بە پێی گوتەی هاجی کەرەمویس لای مامۆستا مەلا ئەبدولا مفتی بۆ کاک جەلال فارسی گێراوەتەوە.

بارامی، بەرازی، قوبادی کەڵور- کەڵهور، وەستا حسین ئاسنگەر مەریوانی، ئەحمەد ئەلی سابلاخی- هەهابادی، مخەپارەزانی، ئەزریا کوڕی زەکا هەمەدانی.

**پاشەواری نەویٚ**

زیندانی گوندی نەوی- بناری شارەزور- زیندانی زوحاك- زوهاك- بەردی پتەوی هەڵکەنراو، بۆشایی ٩م٢ - ٢ تاقی چوارگۆشەی تێدا هەڵکەنراوە، کڵاو رۆژ نە لە سەرەوە، شیوەی چوارگۆشەیی، پانییەکەی نیو مەترەیە، لەبەر دەمیەوە لە خوارەوە، شوێنی گرێژەنەی دەرگا و پشکۆڵی بەردینی هەیە، لە سەر چەقی رێگەی نەوی- چیای سوورین نووسراوی لەسەر بنیە، قووڵی ٣م، بەشی زۆری پڕ بۆتەوە بە گڵ، زستانان دانیشتوانی گوندی نەوی کاو ئالفی تێدا کۆ ئەکەنەوە، لە بەهاردا، پەنای ئەبەنە بەر لە تاو باو بۆران.

تاقەکانی ناوەوەی، لێبواریان هەیە، لە سەر تەختی بەردەکە، خانووی کۆنی لای ژووروی زیندانەکەوە، بەسەر کەڵبە شاخاوەکەوە، پاشەواری دوژێکی مەزنە، سوێو پیپیلکەی بەردو قسلی بۆ کراوە، شوێنی پلیکانەکانی ماوە، بە دوژی زوهاك بەناوبانگە پاشەواری کۆنە شارێکی گەورەیە، بەرانبەر بە دوژەکەو بەروپشتی، شەقامو کۆڵانەکانی دیارە بەرانبەر زیندانەکە شوێنی کوورەی ئاسنگەری کاوە بە گەچو جاروو دروستکراوە.

رێچکەی پاشەواری خانووەکانی ئەلکێتەوە بە خانووەکانی گوندی نەوێوە، خانووی گەورەو شەقامو راڕەو گردێکی گچکە- لەو ناوە پێدەلێن گردی زوهاك- پاشەواری گۆرستانی لێنیە.

دانیشتوانی نەویٚ خۆیان ئەبەنەوە سەر زوهاکو بە بەدی لێینادوین.

لە کێلاندا، کوپەی گەورە بەدەم گاسنەوە، دەرکەوتووە هیچی تێدا نەبووە، ئاشەکۆنی زۆری تێدا ئەبینرێت، لەو چەمەدا، لە ناوەندی کۆنە شارەکەدا، کە نموونەی بەرجەستەیی ژیاریو شارستانیو پێشکەوتنی ئەو چەرخە بووە.

**قەراخ- کەراخ - زەردیاوا**

٤٦کم- لە سلیمانییەوە- قیرتاو- تاکو سەر چۆمی تانجەرۆ- بەلای گوشتارگە و حاجیاوادا- کانیماسی- دووریانی ئەربەت- پردی تانجەرۆ- هەورازو تەختی- چاخانەی کانیسپیکە- هەوراز- گوندی کانیسپیکە- ١٦ پێچی هەوراز- تەختایی و بان و دۆڵ- ١٥ پێچی نشیوی لێژی و تەختی و هەوراز و نشیو بەناو دۆڵو گردۆڵکەدا- دەشتی تیمار-

هـەورازو نشـیو و تـەختی- دوورپانـی گـوندی یاخـان بـۆ تلـەزەیت- هـەورازی بـەرازاو- دوورپانـی ولـیان. کۆنە هەنجیرەکە- هەورازو پێچی سەخت و پێچی نشیو- کوپانو ملەی دارەکـووپە- وشـکە شـیو- نێوانـی باسـکە درێـژو باسـکە قـووچ، لـێژی- داری کۆکە رەشە- قەراخ- بنکەی بەخشە لەناو گردۆلکەدا.

بـە نزیکی دەربەنـد داریـزەرد بـۆ قۆپـی- ١٥کـم و لـە سـلیمانییەوە ٦١کـم- نـزیکترین هەوارگەیـە بـۆ شـاری بەغـداد- لـە رێگـەی قـیرەوە- لـە کەرەخان- جەلەولاوە- ٢٨٨کم- بە دۆڵـی دیوانەدا- قەدی خاوەری چیای قەراخ، زنجیرەی سەگرمەیە، بەرزی- ١٨٥٠م، بەسەر ئاسـۆیەکی فـراواندا، فەرمانـرەوایە، تاکـو چـیای بەمـۆو دۆڵی سیروان و چۆمی دیوانە و چـیای گڵـەزەردە، جەنگەڵـی رەنـدە. ئاوەکانـی لـە چـیای قەراخـەوە- ٩٠٠-١٤٠٠م بـەرزە، میشومەگەزی نیە، سازگارە.

زنجـیرەی چـیای سـەگرمە ١٢ دەربەنـدی تـێدایە، لـە بـایتر- خـۆراواوە- بۆ خاوەر بەم جۆرەیە:

دەربەنـد باسـەرە- خـاوێ، سـەگرمە، جافـەران، داریـزەرد، وەزیـارە، وشـك، ئەسـتیڵ، گۆشان، دەربەند گەور- تەکیە، پەیکوڵی.

چیای سەگرمە، لە نێوانی سەنگاو قەراخدایە- گوندەکانی دامێنی لای کرپچنەوە.

ژاڵـە، رەبـات، دار بـەڕوو، شـیوەباز، قەڵاگە، باینمۆرد، عارفاوا، تەپە گەرووس، زەردە لیکاو، چرچە قەلا، بانیخێلان.

لای باکوری:

کانیخاکی، دلکە، تەپەسوورە، هەشەزینی، ناو هەمەوەند.

### هیرو- پشدەر

٢٠ کـم لـە قەلادزیـوە، پێدەشـت بـەلای گـربدخدا، پـێمالك، بـەملاو هەسـار بـەولادا، بەردەلانیو چۆم، هەوراز، گردمەیتەر.

هـەوراز، باسـکە درێـژ- چـۆمی ئاڵـاوێ، برنجـی باشـی هەیـە، بـناری ئەوبـەری شـێخ ئـاودەلان، تـووی زۆرە، لابـەلاو چـەورێژ- دۆڵـە دزەو کەسـتانە- خرە بەردان، چۆمو دەرە ئاشـیزادە- هـەوراز- گـوندی هەڵشـۆ- چـۆمو بەردەلانــیو جـۆگەو هـەوراز بـۆ سـارتکو هەورەبان، گوێزو سێبەرو کانیاوی سارد و هەوارگە، ماوەی ٣ چارەکە.

دێنەوە بۆ لای گرد مەیتەر- لای چەپی گردە سپیان، بەلای راستدا، هەورازو نشیو بادەڵیان- فزیکی رێگەکە- هەورازی نەوی نزیکی پاچکار- دووریانی دێگە- بێشیر، هەوراز بەناو ئاوایدا- گوندی کولارە، لە دۆڵێکدا بە پەنا گردەوە- بانو دۆڵی قووڵ- سەختی بە دوادا، ئەوبەری هەوراز، چەند پێچی بۆ دۆڵێکی قووڵتر شۆر ئەبێتەوە بۆ لای گوندی بێمووش. چۆمو هەوراز، خانووەکانی گوندی بادین- جۆگەو بەردەلانیو هەورازو نشیو- داری قەلاشکەری- پێچی نشیو بۆ سەر چۆم- نزیکی گوندی دەروونیو خوارووی مرپیدا، هەوراز و پێچو لابەلاو لاپاڵ- نسێ مرێ- هەورازو سەختی و دۆڵو ئاو، بەودیویدا قووڵایی دۆڵی مرێ هەردوو گوندی دۆڵەکە- مرپیو دەروونێ دیارن- ناوباخی گوندی هێرۆ- ناوگوند- کانیسلۆت، کانیاوی سارد، خانووە بلاوەکانی هێرو- ٣٠٠ خانەیە، هەوارگەیە بەرهەمی تووتنی زۆرە، دارو درەختی گوێز، چۆمەکەی تاکو خوارەوە، نزارو رەشی، گوند لە دۆڵێکدا وەکو شوێنی بیارە هەڵکەوتووە- کۆمەڵە خانووی بڵاو، داری گوێز و چنار داپۆشیوە، سێبەرو فینکو سازگارە. ڕادەی گەرمی لە هاویندا- ٣٥ پلە تێپەر نابێت، نیو کات ئەچیتە باو شێخ هۆمەر، چنارو سێبەر، ئارامگەیە، سەیرانگە و جێگەی دیدەنییە.

قەدو لاپاڵ، خرە بەردو هەوراز- دەشتی قەڵادزێ و دەربەند، رانیە و زێی دیارن.

بە پیادەرێدا- هەوراز- مرپیو دەروونی دەرئەکەوێ بەرەو لاپاڵو باسك. گوندی هێرۆ- بنکەی بەخشە، لە ئاوا بووندایە، کەلەکو سنوور بەجێ ئەهێڵی، گوندی ئاوەکێ لە قووڵاییدا دەرئەکەوێت. کێوی ئاسۆس بەتەواوی لە بەردەمتایە، گوندی سێوەڵە لە باسکی سەرەوە.

پێادەرێ- قەد پاڵو هەوراز، رەزو نزار و بانیبەرز، دەشتی قەڵادزێ، بە تەواوی دیارە، لە سنووری ئەحمەندە تێدەپەرێت، سنووری گوندی بێناسەیە، لاپاڵو کانیکەندیلان، مووچەی بێناسە- لابەلا- ئەستیلوکانی هەورازو دارو درەختو ئارامگە، بەرەو بێناسە- لە دۆڵێکدا بە قەد پاڵەوە- خانووەکانی، گوندی کەم ئاو نزارو باخ- پیادەرێ- هەورازو لاپاڵ، نەوی، کانی گچکە- دارو درەختو ئارامگە، نەوی و سەختی، باوزێ دەردەکەوێت- ئەودیو لێژی و لاپاڵ، گوندی رەزڵە لە خوارەوەی، لابەلا بەرەو گوندی باوزێ، تەلانو نێو توترك- شۆر ئەبێتەوە بۆ مووچەکانی بەردێ- بە کەناری جۆگەدا بۆ ناو گوندو خانووە بڵاوەکانی لە پەنا گردا بەسنگی چیاوە، خرِ، کەوانەیی بەسەر چۆمدا ئەروانی. هاوینان، خانووەکانیان چۆڵ دەکەن ئەچنە سەر رەزو باخەکانیان.

هێـرو- بێناسـە- کاتـێکە بـۆ بـاوزێ ٢ کاتـە- ١٠کـم بـەرەو نسـێ بـەناو سـێبەرو دارو چۆمدا- بـە لای گۆرسـتاندا- لاپـاڵ- کێلێکـی کـۆن ئەبـینی ناوی ئەبوبەکرو ئەلی لە سەر نووسـراوە- چـۆمو جـۆگە بـۆ بەری نسێ دۆڵی نسێ- کە مووچەی گوندی ئەشکەنەیە لە باوزێـوە ٣ چـارەکە- ٣,٥ کـم- بـۆ ئەشـکەنە نـیوکاتە ٢,٥ کـم بـە پـێ. هـەوراز- گـوندی ئەشکەنە ٩٤ خانەیە- کەمئاوە، هاوین ٢ خانووی تێدا ئەمێنێت، هەرهەموو ئەچنە سەر مووچەکانیان.

نێسـێ- نسـێ- هەوارگەیـە ١٥ خانـووی هەمیشەییە- دارو درەختو سێبەری دارگوێز و هەنارو چناری فرە، فێنکو ئاودارو سازگارە، گەرەکەکانی بلاوە.

لـە ئەشـکەنەوە بـەلای کانیسوورکیدا- لاپاڵو هەوراز، کاتی لاپاڵی بە رۆژ- دۆڵی قووڵ لـە خـوارەوە، کـێوی ئاسـۆس- وەکـو کـێوی سـەرگرمەو دەربەندەکانـی، دەرئەکەون. دارو درەخـتو گـۆڕ- خانووەکانـی بالـیلان، لەسـەر ئەشکەنەیە، تـەنها خانـوویەك لە سەرەوە، پێـئەلین- زنجەڵـە- بالـیلان ١٦ خانەیە- لێرەوە- گوندی گەناو و پاسگەکەی وبەری ئالانی ماوەت- دیارن. لابەلاو لێژی شۆرئەبێتەوە بۆ بەری ئەوبەری شیوەکە بە باسکێدا- گەناو بـە تـەواوی دەرئەکـەوێت ٢,٥ کـم- لـە بالـیلانەوە، پاسگەی گەناو لە پشتی گوندەکەوەیە بـەلای رەزو داربـەروودا، نشـیو و هـەوراز بـۆ نـاو گـوند ٥٠ خانەی گردوکۆیە، شوێنگەی بـەرزە/ مووچـەکانی نـزیکە، ئـاودارە، بـۆ سـنوور ٥ کـم- لـە گوندی هەرزنـیوە کەڵەکـی وەیسـی ٢,٥ کـم. بـەری مـاوەت دیـارە، فێرگەو تیمارگەی تێدایە، ریزە گردۆلکەی نێوانی کـێوی ئاسـوس دیـارن، لـە گـردە سـوورەکەی پشـتی گـوندەوە- گـوندی دەوژان، رازان، سەرشیو، نزیکن.

### گەناو- قەڵادزێ

لـێژیو نەویـو هـەورازو نشـیو بـە دۆڵی نێوانـی زنجـیرەی کـێوی پشـدەرو ئاسۆسـدا گۆرسـتانی زیـنوی چوارداران، بـە جـۆگەی ئاشـیلەو دۆڵی نسێ، بەملادا، ئاشی چەکوانو چۆمی نسێ، لەئەودیـویدا- پێدەشـت- کانیـبەردی- باخـو دێـبەر- ناوگوندی دەشـتیۆ ٧٥ خانەیـە- تـیمارگەی تـێدایە، بەرهەمـی تـووتن، گـەنم بەشـی خـۆیان ئـەکات. بـەلای گۆرسـتانی گـوندا- لابـەلا، چـۆم، خانووەکانـی ئەولای دەشتێو- زینوی کورە تاوڵ- دەشتی قـەڵادزێ- دەرئەکـەوێت- شـۆر ئەبیـتەوە بـۆ- کانیکوەلـی، بەمـبەری گوندی دەلگـێدا ٢٠

خانەیـە- کانـی ئـەولاغا، لـێژی بـەرەوزێ، بەکەناریـدا بـە نزیکـی گوندی کەویێ بە پەنا گردوشـینکەوە- چـۆمی بـەر سـوول- هـەوراز- کانـیو ئەسـتێڵی کاشـونە- ئاوەکـەی گـرانە- داری کاشـونە- زێـی لـە خـوارەوە- بـە کەوانەیـی دێـتەوە، شـۆر ئەبێـتەوە بـۆ تەختایـی گـوندی نـورەدین- ئوتومبیلـی جـێیی پـێدا ئـەڕوات بەسـەر نورەدیـندا ٧٠ خانەیـە، لـە پەناگـردا- بـەری دەشـتە دووریانی گەرمکان و رەنیخاس- پێدەشتو هەورازو نەوی بەلای رەنیخاسـدا، کەبەشـی نورەدینە، هەورازی خاس- بە بەرزییەوە، گوندی گەرمکان- لە ناو قـەدی هەورازەکـەوە، گوندی خـاس لـە سـەر زێـی، بە پەنا گردی خاسەوە لە سەر زێی، دیارە، دەشتی قەڵادزێ تەواو ئەبێت- ئەگەیتە قەڵادزێ.

**ماوەت**

مـاوت- ماوتـە- لـە دامێنی کێوی گێچینییە ٥٠ کم لە سلیمانیەوە- قیر بەناو گردانـدا، پـردی ئەلـیاغا- ١٢ پێچی هەوراز، دوای دووریانی خەمزە- سەری ئەزمر- ئەزمیرە- بەلای باسـگەکەیدا- گازیـنۆ و چـاخانەی ئەزمـڕ- ڕێگـەی زیخەلانـی- سـیرەمێرگو چـاخانەکەی گـەنکاوا ١٥ خانەیـە، فێـرگەی تـێدایە، کەمـی هـەورازی دارو دەوەنـداوی- چـوارتا دیـارە- کـەناری چـۆمی قەڵاچـوالان- پێچـو هـەورازو دۆڵـو بـنار- گـوندی درەڵـە- کـەنار، دۆڵـی قەڵاچـوالان- شـەوبڕ- مـۆکەیە و دووئـاوان- چـۆمی قەڵاچـوالانو سـیوەیل، لێرەدا بەیەك ئەگـەن- گـوندی کاریـزە، فێرگـەی تـێدایە ٣٠ خانـەیە- باڵخ ٩٠ خانەیە لە دولێکدا بەباڵی ئەوبـەرەوە- لـە چـۆمەکە ئەپەڕیـتەوە، دوای کووڕیـو لـێژی، نشـیوی بـۆ سـەر چـۆم، فێـرگەکەی بەباڵـەوە، لـە چـۆمەوە بـە کـەناردا- بـنارو هـەورازو قەدپاڵ، بان بەناو دارو دەوەندا- گوندی گاپیلۆن ٨٥ خانەیە، بەری نسێو پەنا گرد، پاسگە لە خوارەوە بە دۆڵدا- بـۆ گـوندی مالومە- ڕێگەی خۆڵ بە چارەك- ١کم- گەڕە دێ لای راست، بەناو قەدەوە- ٣٠ خانەیـە- دۆڵ- مالـومە- دیـارە ڕێگـەی بەردەلانـی- گـوندی مالـومە- ١٣٠ خانەیـە- نێوانـی ئاسنگەران، کەمئاوە- گوندی چوخماخ کاتونیوێکە بە پێ- ٧,٥کم.

مـۆکەبە- مـاوەت- بەسـوورە قەلاتدا- چۆمی قەڵاچوالان- چۆمی سیوەیل- دووچۆمان، هـەورازو سـەختی- سـەرکەل- سـوورە قـەلات دیـارە- نشـیویو دارو دەوەنی چڕ- دووریانی کونجرین کێلی- بیتواتە- ٧,٥ کم- سوورە قەلات- خێوەتە ٢,٥کم- ٤٠ خانەیە.

کاریـزە- مـاوەت- قەدپاڵـو لابەلا پێچو نشیوی بەناو گردولکەدا بۆ سەر چۆم و پردی کونەماسـی- چـاخانەو خانووەکانـی ١٠ خانەیـە- کـەناری چـۆم جـرتاوا ٢ خانەیـە،

بەوبـەرەوە، دۆلێێشـکی شـێخان ٢ دۆلبیشـکە- دۆلێێشـکی خاڵـەباس، دۆلبیشـکی مـام خۆشی- دارو دەوەنـو مەزارگـە، دۆڵبیشکی ژمـارە ٥- چاخانەو دارو دەوەنـو مەزارگە بە دۆڵـدا- دوورپانـی درِی، لـێژیو هـەوراز قـەد پـاڵ- فێـرگەی درِی- گـوندەکە ٥٥ خانەیـە- گـوندی درِی- بـە کاروانـو بارکێشانو گۆڕیـنەوە ئـەژین. پێچی لابـەلا- چاخانە- ٩ پێچی نشـیوی لـە ناڵەشـکێنەوە بـۆ سـەر چـۆمی قەشـان- پـردی قەشـان، مووچـەی بەرسماقـی قەشان بەو بەری چۆمەوە- چاخانە- هەوراز بەرەو ماوەت- دووریانی قەشان- ماوەت.

گـوندی قەشـان ٤٥ خانەیــە- بــەردەپان- بــەرسماق- مووچــەی قەشــانن، بالانقــۆز بەوبـەرەوە- لابـەلاو هـەوراز بـەرەو مـاوەت- ساختمانی کارەبـا- مـاوەت- بـنکەی بەخشـە فەرمانگەی میری تێدایە.

مـاوەت- بـەرەو هـەوراز- سەرکەل- لابەلاو لێژی گوندی سپیدارە- شەشۆ ٦ مووچەیە- خمانە، توولۆ، گورینو ئالانان، هەینالی، گولژان- کۆی ١٠٠ خانەیە.

بـەو دیـوی سـەرای ماوەتـدا- دۆڵـو هـەوراز- کانیبیوەکـی- ١٢ خانەیـە، دار و دەوەنـو مەزارگـە- نشـیوی- گـوندی ژاژڵـە لـە پـاڵ گـردا ٨٥ خانەیـە، مووچـەکانی کانیبیوەکی ١٢ خانەیـە- کانیبی ٢٧، کاولان ٥، هەنجیرە سوورە- ٣٦ کانیوەستا خدر، دۆیلەکانە ٣ خانەن، زۆربەیان خوێندەوارن، بەرهەمیان- تووتن، رەزە.

دارو دەوەنـو مەزارگەو لابەلاو لاپاڵ- گوندی خەزینە- ٩ خانەیە، لە شێوی خوارەوە- گڵومان ١٠ خانەیـە- لەولایـەوە چاخانە- گـوندی ئیسـاوی لـە خـوار گڵومانەوە، هەنجیرە سـوورە- لـە سـەرەوە- کەرنتیـنە و دووچۆمان، لـە خـوارەوە، گـوندی ئاوکورتێ هەسەنی ئەلـیاغا- ٧٠ خانەیـە، بێخوان- ١٥ خانەیـە ٤ کم، سەرگەڵو ٣٥ خانەیە- ٧ کم- لە پاسگەی کەرەنیننەوە- سەرەو لێژ بەرەو دەشتی خانی و چۆمی تەیەت ١ کم پترە.

ماوەت- لە دامێنی کێوی گێچینییە.

خاوەری- کێوی بەرکێل.

خۆراوای- کێوی بالوسە.

باکوری- سوورکان.

باشـوری- گـوندی قەشـان و پـردو چـۆمەکەی، چـۆمی زێـیە تشـینانی بـە کیشـتەوە خـەریکن، ئاژەڵـداریش ئەکـەن، بەرهەمـی دانەوێڵـە، ٣ هـەزار دۆنم زەوی جووتـی تـێدا ئەکرێت- ساڵی ٤٠٠ باتمان تووتنی ئەبێ.

سـەر بـە شارۆچـكەی چـوارتایە- شـارباژێر- ٥٠ گـوندە- لـە گوندەكانـی لای خـاوەری سـپیدارە، لـە خـۆراوایە دە گـوندی قامـیش، لـە باكـوریەوە- گـوندی ژاژاڵـە، لە باشورەوە قەشـان گـوندی نـاوداری گەلاڵـە و كەڵەمێـری دەڤەرەكـەش- حاجـی حەمـە ئاغـای هەباساغای گەلاڵەیە.

**زێوێ**

لـە سـلیمانییەوە- بـە شـەقامی قـیرو تەختایـیدا دووریانی قلیاسان- سەرچنار- بەرەو تاسـلۆجەو دووریانی دووكان- ٢٠ كم- كەڵەوانان- چەقژو قابیكەند بەوبەرەوە- گردە بۆر بـەلای پاسـگەكەیدا- بە تەنیشتی ئاواییدا- ڕێگەی قیر بەرەو گوندی بالانقۆز. بەردەلانی تاكـو بالانقـۆز- هـەوراز و نشـیو، هـەوراز بە دۆڵدا بە بناری لای چەپدا، شیو لای ڕاست- گـوندی زێـوێ- ٤٠ خانـەیـە، لـە بـناردا- نـاو ئاوایـی- ڕێگـەی بەردەڵانی، سەختی، هەوراز- ڕێگـەی ئوتومبـیل- گازیـنوو سێبەرو دارگوێز- خەوابگەی پیر، دارو درەختو ئاوی ساردو كەپرو سەكۆ و ئەستێڵ و چاخانە و سێبەر، بەروپشتی ڕەزو دارترش.

میرگـەیان- لـە جەمسـەری كێوی ئەزمڕو پیرەمەگروندایە ٣٢ كم لە سلیمانییەوە، لە ڕێگــەی سوورداشــەوە بــۆی ئەچــێت- دۆڵــی فــراوان، بــەرزی ١٢٠٠م، ئاوەكانــی لــە پیرەمەگـرونەوە دێـت، بەرزیـیەكەی ٢٦٥٠م، پلـەی گەرمی ٣٠، رادەی شێ ٥٨-٩٥٪- میوەی زۆرە.

**سلیمانی- كۆیە**

شـەقامی قـیر- قلیاسـان- دووریانــی بەكـرە جـۆ- چـاخانەی كەنــدە كـەوە- گـوندی تەپـەرەش لای چـەپ، دووریانـی تاسـلۆجە- ٢٠ كـم- بۆ دووكان٥١ كم، ٩٠ كم بۆ كەركوك، ٤٥ كـم بـۆ چەمچـەماڵ- دارتـووی سـەروو، دارتـووی خـواروو، بـە بـناری تاسـلۆجەدا لای بـناری پیرەمەگـرون، لـوتكەكەی دیـارە، ٢٠٠٠م پـتر بـەرزە، لـە رووی دەریـاوە- كەڵەوانان بـەملاو گـوندی چـەقژو قابـیكەندو تەپـە رەش بـەولادا- پاسگەی گردەبۆر، بالانقۆز لای راسـتی ڕێگـە- دۆڵـی چـەرمەگا ئەوبـەری ریـز- كـێوی تاسلۆجە و هەیبە سوڵتان- گوندی قازیـاوا لای چـەپ- كـێوی ئاگرینی كوژاوەی پیرەمەگرون لای راست- گوندی قەرەچەتان- گـردی رەشـكی لـە تەنیشتیەوە لە دامێنی پیرەمەگروندا- دۆڵی قووڵو تەختی سووررداش،

بەخشی سوسی لای راست گوندی چەرمەگا و موغاغ لای چەپ، چاخانەی سوسێ، بەوبەرەوە- چاخانەی موغاغ- کانیمیران- شۆر ئەبیتەوە بە سەر جالاخو سابوراوادا- هاجیتانی خواروو، گوندە کۆنەکە- سابوراواو چاخانەی سەر ڕێگە- چالاخ- بە لوولە ئاو دێت بۆ ئەمبەر- چرمۆ- پردی تابین- هەورازی کۆتەڵ- دووریانی سووورداش- کۆتەڵ- سووورداش.

دووریانی سووورداش- لێژی بەلای راستیدا، ئەودیو هەورازو بەردەلانی بەرەو گوندی هۆمەر قەوم، گوندەکە دیارە، ڕێگەی تەسك- هۆمەر قەوم ٤٠ خانەیە- لابەلا- ئەستیڵ گوندی شەدەڵە دیارە، قەد پاڵ بەرەو شەدەڵە- ٨٠ خانەیە، بەشێکی بەوبەرەوە- چاخانە- هەوراز- کەلی دابان ٧,٥ کم ئەگەیتە گوندی هەڵەدن- هەوراز بۆ سەری دابان، گوندی سەرگەڵو دیارە، دووریان بەلای راستدا، نشیویو کووری، هەڵەدن دیارە، رەزەکانی- پیادەڕێ- دووریانی یاخسەمر، لای چەپ بۆ هەڵەدن- دارو گۆڕ- هەڵەدن ٢٠٠ خانەیە- ٧٥٪ خێڵی جافەو ٥٥٪ بەگزادەیە، ئەویتری تێکەڵە.

### شەدەڵە - سلیمانی

لە قزلەرەوە بەدۆڵدا- دارو گۆڕ بەنێوانی دابانو کێوی پیرەمەگروندا، دارو دەوەنو کانیاوی سارد، هەورازو تەختی، بان- دۆڵی میرگەپان، داروگۆڕی بەختوخە خڕو شیوو دەرەو ئاو، تەختای، دارو گۆڕ، کانیسمایل هەواری پیرانە، ڕنوی سەهۆڵ لای راستەوە دیارە، خڕو چۆم، نزیکی دارگوێز- بەرزایی کێوەکان کەم ئەبێتەوە، دەونو هەوراز- فراوانیو کراوەیی، رەزو باخو چنارو بیو، ئاوی قزلەر- کچان- گوێ چۆمو هەوراز، قزلەر بە پەنا زنجیرەی دابانەوە- ٥٠ خانەیە، فراوانیو لاپاڵ بەمبەردا تاکو ئیرە- ١٨ کم. بناری پیرکە، هەورازو نشیویو دەوەن قەد پاڵو شینکەو کەوەلە- دۆڵی هەناران لە خوارەوە- ٣ هەنارانە، هەورازو پێچ، قاراوا- ٥ خانەیە، لە هەناران جیابۆتەوە، هەورازو نشیو، دۆڵەرووت تاکو سەرچنار، گردۆڵکەیی، کانیاو و باخ، دووریانی هەنارانی سەروو.

لە قزلەرەوە تاکو سەرچنار- پێی دەڵێن دۆڵەرووت.

گوندی هەنارانی سەروو، لە خوارەوە دیارە، هەورازو کووریو نشیوی، گوندی پیرکە ٧ خانەیە، کانیاو و کراوەیی پتر، تەختی گوندی قوڵقوڵە ٢٠ خانەیە، چالگەی هاجی حەمەخورشید- ٣خانەیە، باوکو کوڕن، شیوو هەورازو دارگوێز و گۆڕ- گوندی کانیکلاو

۱۲ خانەیـە، هـەوراز- گـوندی کانـیگۆران دیـارە، ۲۰ خانەیـە، کانـیاوو باخەکـەی- گـوندی فایـاڵ، توومسـپی- ٤ خانەیـە، دێکۆنی ئەلیەفەندی دیارە، کانیمکایل، ئەحەی کاکە ئەولا، کورِو کورِەزا، کانیپیر دیارە، گوندی کانییەردینە- ۷۰ خانەیە، ڕێگەی خێوەتە، گوندەکە دیارە، زەرگەتە ۲ خانەیە- بەرزیو نزمی- سلیمانی.

**سووردا ش**

بـە بـنارەوە ۲ بەرەیـە، ئەمدیـو و ئەودیـو بەسـەر خوردەلـوکدا شـۆرئەبێتەوە بـۆ قەشقۆلی- گوندی تەلانی کویخا سمایل بەقەدی چیاوە، کانیهەنجیر، لەولایەوە- جاسەنەو کانـیخان- ۳ لـوولە ئـاو، پێـیدا تـێدەپەرێت- قەمچـوغەو کانیسـارد لای راسـت- پاسـگە کۆنەکەی قەشـقۆلی- زێـی- دوزی پاشـا کـۆر لای چـەپ، تەخـتایو پـێچ، هـەوراز، بـەرەو دووکـان بەخشی دووکان، هەنوکە شارۆچکەیە، پێچی نەوی بە ناو زێرینـدوڵی دووکاندا، دارو درەخـت بـە هـەردوو لادا، خانـووی بڵـاو- کەمـی هـەوراز، بـەناو فـرمانگەو گازینوو خانـووی کارگەرانـدا- گۆمـی دووکـان لای راست، بە تەواوی دەرئەکەوێت، شۆر ئەبێتەوە بۆ سـەر پـردەکەی دووکـان، پـردی بەنـداوە- ڕێگـەی زیخەڵانـی و پێچو هەوراز، بە سەر قووڵایـی زێیدا ئەروانی، بەرزایی ئەوبەر، گوندی کەڵکە سماق بەو بەرەوە، پێچی نەوی، بـەرەو دۆڵـی شـینکەی خەلـەکان- پـردی کـراوە، دۆڵـی خەلـەکان- خانووەکانی شێخاجی، ڕێگـەی گـڵ چـاکراو، بەناوەنـدی دۆڵەکـەدا- بەخشـی خەلـەکان- چـناران- دارو دەوەن- چـاخانەی شـێخ ئوبـیدو کانـیوەتمان- دارو درەخـت و دەوەن- تـەختی- تاکـو کانـیمازو- کانـیوەتمان- گـوندی بـاقلان لای راسـت- تەختایی، پردو ئاوی باداوان- دووڕیانی خدران- تەختـیو ناو دوڵوفراوانیـتر- چاخانەی بیستانە- ۱۵کم بۆ کۆیە، ۳۱ کم بۆ رانیەو ۳۹کم- لە دووکانـەوە، بـەناو دۆڵـدا، شـیوو دەرەو هـەوراز- خانووی تووتنەوانەکان، بەرەو گازینوی چـنارۆك، نـاو قـەدی کـێوی هەیـبە سـوڵتان، هەوارگـەی فینکو خۆش، سێبەرو ئاو، دارو درەخـتی چـنارو شـوێنی چاکراو- دار پەڵکو هـەنارو مـێو- مـیوەی فـرە، چالاو کەپـرو سـابات- گازیـنویتر پێچـی هـەوراز وەکـو دیـوی ئەمدیوی کێوی گڵەزەردە بە گڵە سووردا، تاکـو سـەری روو تەنـی کـێوی هەیـبە سـوڵتان- شۆر ئەبێتەوە- پێچی نەویو لێژی بەرەو دەشـتی کۆیە- پرۆژەی دارستانو جەنگەڵ- گۆرو گومەزو خرگەی هەیبە سوڵتان، تەختی و کەمـی لـێژی- پـردو روبـاری کـۆیە، لـە حەمامـۆکەوە دێـت، کە بناری کێوی باواجییە- شاری کۆیە.

**کۆیە**

شارێکی مێژوویـیە، نشینگەی قوچپاشا بووە لە چەرخی پاشا کۆرەدا، دوژی کەکۆن، بارەگابـووە، لە سەر بەرزایی کەکۆن، رووپێوی ٥ هەزار م٢- هەردوولای قوللەی بەرگری، کۆری فـراوانو گـەورە لـە نـاوەوە، کـراوە بەتاوڵەی سـواری لـە سـەردەمی میری عیراقدا، بارەگـای رامـیاری بـووە، لـە چـەرخی داگیرکردنـی ئینگلیـزدا، کەوتـۆتە پشـتی یانـەی فەرمانبەرانەوە، بەسەر هەموو شاری کۆیەدا ئەروانی، گۆرستان، لەتەنیشتەوە.

کۆیە مەڵبەندی بزاڤی بیرو هزرو رامیاری بووە، مۆناتی ١٨٠ هەزار کەس پترە.

لـە شـوێنەوارەکانی- مزگەوتـی گەورەیـە ١٢٦٠ك، مـەلا بەکر حەویزی دروستیکردوە، ئەم هەڵبەستە فارسییەی لە سەر نووسراوە:

طالع بشمر معمل این بیت و یکی فرد

تأریخ وی اینست کنیدمبنا

از همت ملا بکر این مسجد ممتاز

در سال هزارو دوسدو شست شدا انشا

**حەمامۆک**

٢ کـم لـە کـۆیەوە، هەوارگـەی خۆشـو نـزیك بـە ڕێگەی بەردەڵانیو هەوراز، شیو لای چـەپ، داری کەنـدە کۆخـی، سـەیرانگەو جێـی دیدەنـی و نـیازگە، گـوندی کـێلە خـوار، بەوبـەرەوە، بـەرەو چـاوگ، لـە بـناری کـێوی باواجـی، کانـیاوی سـەرەکی، سـەرگیراو تەرخانکـراو بـۆ ئـاوی خـواردنەوەی شـاری کۆیە، پرۆژەی لوولەکەشی، چاڵاوەکەی ٤*٦م- دوو کانـیاویتر، بەشـیوی کـۆیەدا ئەرواتـە خـواری، لای سـەرووی تاڵاویکیشی هەیە، باخو داری مـیوەی زۆر، خـاوەن باخـەکان دێنە ناوی لە وەرزی خۆیدا، دیمەنی رەندو رەنگین، سـێبەرو فێنکـی، سـەیرانگەو چـای دیدەنـی، چـوارباخی گـەورە، گەرەکـە ڕێگـەی بـۆ چاکبکرێت گازینوو میوانگەی لێبکرێتەوە.

پاشـەواریتر- جگـە لـە کـە کـۆن- کلیسـەی تۆپـزاوا- لـە کـۆیەوە بـە ڕێگەی قیردا تاکو نزیکی ئاشەکۆن،بەلای راستیدا بۆ توپزاوا، بەرانبەری ئەرمۆتە لەوبەرەوە- ٣کم باشوری کـۆیە- بـە پـێ بـەلای جـۆگەی تۆپـزاوا بـۆ سـەری گـردێ حەوشەی مکیسە، دار زەیتونی تـێدایە، گـۆر لە تەنیشتیەوە، دەرگای کەوانەیی، هۆڵی گچکەو خڕ، تیرەکەی ٤م، خڕگەی

دەرگـای گچـکە، ژوور لــە ســەر ژوور، ســەربانی گـۆمەزی ژوورەکانــی گچـکەیە، جێــی بەرگرییە.

گوندی تۆپـزاوا- لـە بـناری کـێوی باواجیـیە ، ٤٠ خانەیـە، ٣ کـم لـە خـۆراوای کۆیە، ئاوەکـەی لـە پشتی گەلی گوندەکانی هۆمەراغاوە دێت، هەوارگەی رەندو جوانە، گەرەکە بەنداوی بۆ بکرێت، ئاوەکەی ئاشگێر پترە، شیوەکەی ئاودارو چڕە.

### ڕێگەی ئەرموتە

نـزیکترە لە تۆپزاوا، لائەدات بەلای چەپدا، تاکو ناو ئاوایی، ڕێگەی ناخۆشو بەد، ٥٠ خانەیـە، ١٥ کوردی ئیسلامو ئـەویتری کریستانین، بـاری ئابورییان کزە، کڵێسەکەی هی پێشی ئیسلامە، ١٠٠ سـاڵ ئەبـێت نوێکراوەتەوە، لاکێشە و شێوەی گۆمەزیو خڕگەیی، ٢ پایە لە ناوەندا.

گوندی ئەرمۆتە- فێرگەی تێدایە، ئاوی کارێز بەکارنەهێنن.

### کۆیە - کەرکوک

٨٥ کـم، شـەقامی قـیر بـەلای خانـووی نیشـتەجیدا، لای راسـت- دووریانـی ئەرمـۆتەو تۆپـزاوا کـۆنە کڵێسـەکەی بەگـردەوە، لای راست- ڕێگەی قیر، کراوەیی، پێدەشت- گوندی داربـەروو لای چـەپ لـە ناوگـرداندا- پێچو لـێژی و شـیوی کـۆیە- پردی ئاسنی داخراوی رۆبـاری کـۆیە- هـەورازو پێچو تەختی، هەورازو نەوی بەناو گردۆڵکەدا- دۆل لای راست، پەناگـرد، پـردی گچـکە- پردێکی گچکەیتر- زێی کۆیە- زێی گچکە لای چەپ بە پەناگردا، کەمـی ڕێگـەی قـیر- پـردی گـەورەی داخـراوی کۆنکـرێت، لەسـەر زێـی، پایەی کۆنکریتی ئاسـنرێژ، تەنیشـتەکانی پـیادە رێـیە- تـەختی و پێدەشـت- دەشـتی قەرەناو- گوندەکە بە بـنارەوە، هـەورازو پێچـو پـەنا گـرد، ئـەملای دۆڵ، لـێژیو پـێچ، هـەورازی بـێدەر، کەمی تـەختی- پـردی گچـکە، لـێژی بەسـەر شـیوە سـووردا- کەناوەنـدی ڕێگەیـە، چـۆمی چـڕ- هـەوراز و پـێچ- گـوندی هـۆمەرمەندان- خـڕگەو گـومەزو ئارامگـە لای چـەپ- تـەختی هـەوارزو پێچـی سمایـل بە گیان- تەختی بەرەو بنکەی بەخشی رێدار- شوان- چۆمو دارو درەخـت لای راسـت چـاخانەکانی سەر رێگە، خانووەکانی لە دۆڵێکدا، فێرگەی سەرەتایی و ناوەنـدی تـێدایە، کارەبـای نیـیە، ١٢٠ خانەیـە- ٣٠ کـم بـۆ کەرکـوك — تـەختی بـەرەو

حەسار- لە هێڵی شەمەندەفەر ئەپەریتەوە- گوندی دووبزنی- پردە روخاوەکەی- دووریانی کۆیە- هەولێر—تاکو ئیرە- ٧٢کم بۆ هەولێر- ٨٣ کم، بۆ کەرکوك- ١٣ کم- بەناو گردۆلکەدا- کۆمپانیای نەوت، دەرئەکەوێت- کەرکوك.

**رانیە – شەقلاوا**

بەلای گۆرستاندا- پێدەشتو گردی بەردین بەملادا، زنجیرە کێو بەولادا، دۆڵی فراوان، دەشتی بەپیت- سەرکەپکان، لەپێدەشتدا ٨٠ خانەیە، لە نێوانی دوو کێودا- دۆڵی شاور، چۆمی سەرکەپکان بەلای میرەبەگدا، ئاوی زۆرە، چاوگی نزیکە لە گوندەکەوە- چاخانەی سەر رێی، جۆگەی بەردەمی ئاوایی- بۆ گرمکە داڵی، لە بناری کلکەی نەمرود، ئەملای دۆڵی سەرکەپکان بائەداتەوە بۆ لای چەپ- دۆڵی فراوانو تەختی- ئەسریلان لای چەپ- بەرەو چۆلیاوا- دەشتی بیتوێن- بەلای راستدا بە دامێنی گردۆلکەدا- جۆگەی کازیوە و چاخانەکەی لە کلکەی کێوی ماکۆکەوە بە لای دۆڵی نارانداا- سەروچاوە ٢٠٠ خانەیە، چاوگەی فرەئاو، جۆگەی کاکیزیوە، جۆگەی میراوای لێهەلگیراوە- کە بەسکتانو دیان ناو ئەبرین- چاخانەو فرۆشگەو تیمارگەو فێرگەی تێدایە- مەڵبەندی خۆشناوەتییە- لە کلکەی نەمرودەوە چەند دۆڵێکە بەم جۆرە:

دۆڵی شاور، بالیسان، گۆران- گردگۆران- تەختیو دۆڵی فراوان- بیتواتە لای راست بە بنارەوە دار گوێز و مەزار- تەختی- گوندی شکارتە لە بناری ئەملا ٢٥ خانەیە، بێتواتە بە بناری سەرەوە- گوندی ئەنگوێز نزیکی شکارتەیە، بە بناری سەرەوە، لە چۆمەوە با ئەداتەوە بەملا- گوندی ئەندیك بە بنارەوە، بە پەنا گردو تاشەبەردا، هەورازو چۆم بەولادا بەناو دارو گوێز مەزاردا- هەوراز- دووئاوی- بەناو خانووەکانیدا- هەوراز، بائەداتەوە، چۆمو دۆڵی چڕ- هەوراز- خانووەکانی بیتواتە، بەناو کێوەوە، شوێنی قایمە تەنیشتو پشتی ئەشکەوتی هەیە/ ٢٠٠ خانەیە- نشیو و هەوراز بۆ هەرتەل، بەندەنو لابەلا، قوتکەی کێو، تەپکی شینە وەکو کڵاو دیارە، ریزە کێوی ئەولا، نزارو رەشیو جەنگەڵ داپۆشیوە، پیادەرێی، هەوراز و نشیو + پێکێل- ٧٠ خانەیە، بە قەدی گردەوە، دۆڵ لە خوارەوە، بەناو ئاواییو بەرو باخدا، سەرەوەی بازی بەرۆژی- باریکە رێی بەقەدو لاپاڵو زیخەلانیو شینکەو کەوەلەدا هەورازو بۆ سەری باسکێ، دارو گوێزو ئارامگە- بەرۆژی دیارە- تەپکە کێو گەیشتۆتە کەشکەشانی ئاسمان، نشیوو لابەلاو

هەوراز- باسکی- دارو گۆرو- گوندی هەرتەل، دیارە بەروپشتی باخە، زنجیرەکێو هەر وەکو دیواری بەرز، هەڵچووە، قایم بە پشتەوەیدا، گوندەکە لە دۆڵدا، کەوانەیی سەرەوەی لە یەکئەداتەوە- نشیوی بەناو باخو کانیاو دارگوێزو سێبەرو خڕە بەردو چۆم بە هەورازدا- ناو گوندی هەرتەل ٢٥٠ خانەیە، شوێنی قایم، خێڵی خۆشناون.

ئەم خێڵە- بریتییە لە میرو سویی و میر مەحمەلیو پشتگەیی دێتەوە بۆ لای بەستۆرەی هەولێرو سنووری خێڵی سوورچی.

مەزنی هەرتەل- کویخا موهەمەدە، ٣ تاڤگەی تێدیایە لە گەرووی سەرەوە- بەرزیان ٥ م- دۆڵی چڕو ئاودار- لە بیتواتەوە- ٦کم- پشتەوەی ریزەکێوی قایمە. لێژی- بەناو نزارو دۆڵ- لابەلا جار بەجار- ڕێگەی ئوتومبیل بۆ زیوە- گەرووی کێوەکەی زیوە، دیارە- ڕێگەی ئوتومبیل- باخەکانی گوندی هەرمکی، گوندەکە بە بنارەوە- دۆڵ لە خوارەوەی- پشتەوەی کێوی سەخت- خانووەکانیان لە خشتی کاڵ، دروستکراوە، بە دۆڵدا- تەنیشتی چۆم، هاوینان وشکە، ئەپەڕێتەوە- شەقامی ئوتومبیل تاکو شاری هەولێر- بە شەقلاوادا ئەروات.

دارو گۆر- دۆڵی بالیسان- دارو گۆر لاپاڵی ئەمبەر- فراوانی گوندی مەلوك بەولادا، لە کەمی تەختاییدا بە پاڵ گردی سەرسنگی کێوی پشتەوەی- دووریانی مەلوکو شیرە بەملادا کراوەیی، ریزە کێوەکان دوور ئەکەونەوە- گوندی مێرگی سەری ٧٠ خانەیە- بڵاون، لە شەقام لائەدەیت بەرەو گوندی چیوە، سویری بەملادا- چیوە دیارە، ڕێگەی ئوتومبیل، ئەچێت بۆ هەردوو گوندی چیوە، سەریو ژێری لابەلاو باخەکانی چیوەی ژێری بە بنارەوە لەمبەرەوە گۆرستان بەولادا، لاپاڵو بادانەوە، بەرەو خاوەر، چیوەی سەری دیارە- لابەلا، جۆگەو باخو، دێبەری خوار جۆگە، بادانەوە بە لای دێبەرو دار گۆردا- چیوەی سەری ١٣٠ خانەیە، خۆشو ئاوەدانە- بەرهەمی تووتنو سپیدارو مەرەزەی هەیە، فێرگەی تێدایە- خێڵی خۆشناون- لە دۆڵێکی بە پیتدا نێوانی دوو کێو- نشیویو چۆم، بەلای چیوەی ژێریدا بەرەو تەختیو دۆڵی فراوان- شیرو لای راست بە بنارەوە بەریزی بیراوا و شێخ وەسانو بالیساندا لە دۆڵەکەدا، گوندی داراش بەو لادا- شەقام- سنووری شەقلاوا- بالیسان بە پاڵ گردەوە، بە قەدی ئەوبەرەوە ئەشکەوتی گەورە، چاخانەی سەر ڕێی- هەوراز بەرەو بالیسان، لە شەقام، لائەدەیت، باخو شینایی بالیسان- ١٧٠ خانەیە- سەر بە هیرانی شەقلاوایە، بە دۆڵدا- دەشتی بالیسان- لە شەقامەوە-

لالـوکاوا- بیروخـتـه، ئەشـکەفتە و گـوندی سـارتکە بـە بـنارەوە- دۆڵـی هەروتـیان، لـە خـوارەوە، بـە زنجـیرە کـێوی هەرتەلـەوە، بـەو ریـزەوە بـە زنجـیرەی چـیای کۆرەکـی رەوانـدوزەوە نووسـاوە. کـێوی ئەوبەریش- کێوی هەریرە- بەگەلی ئەلیبەگەوە، نووساوە، هەرگوندەو لـە سنووری خۆیدا رێی ئوتومبیلی بۆ راکێشراوە- دەشتی زینەی هەوار- لای بـناری زیـنـەتیرە- ١٨ پێچی هەوراز لە کێوی زینەتیر، ٦ پێچی لێژی- دۆڵی تیر- لە نێوانی کـێوی هەریـرو ئـەولادا- کـراوەییو فراوانـی، پێدەشـتی شـێخ مەمـودیان- شـەقامی قـیر- لەملای گوندی سیساواو خواری شاوەیس- بـەرەو دەربەند شەقڵاوا- مامەرەو تکەو میر رۆسـتەم، پێچـی هـەورازی مـیراوا- ٨ کـم ئەمـێنی بـۆ شـەقلاوای شارۆچکە و مـزگەوتە کـۆنەکەی کـە چـەرخی ئیسـلامی دروسـتکراوە، میرانـی مەحمـو بەگـو بووکئەنـبەر، نوێیانکـردۆتەوە تاکـو هەنـوکە ٢ جـاریتر نوێکـراوەتەوە، دواجـار لـە ١٩٧١ دا- ئـەم هەڵبەستەی لە سەر نووسراوە:

سەحابی بوو بانـــــــی اول — اخر گشت بوکئ عنبـــــــــــر
بس است اورا کەبا أیـن عمـــر — گردیدهم قیمت بهرجا مسجد افشا نمود
خاسە این مسجد کە میمون است — جون عرش جگە و نوش پر زینت
خودش یامیر در خیرات و درستت — میکوشند مینوشد از ان تاریخـــــش
این امـــــــــــــد — کە بردند هر دو شان جنـــــــت

**شەقلاوا- هیران**

٢٤ کم- شەقامی قیر- لاپاڵ- بناری کێوی سەفین، بەرەبەرە، دوورئەکەوێتەوە- نشیوی بـۆ تـەختی دۆڵ- کلکەی کێو- گوندی سپیگڵە- ٤٠ خانەیە- رێگەی خۆڵ- گوندی چنێران- ٣٠ خانەیـە، بلاو بە پەنا گردا، لاپاڵی ئەوبەر- پرد- هەوراز بەرەو بناری سەفین، باسکی مەزارگـە- نشیوی- گوندی ئاقوبان بە چەپدا، خانووی میری، پێچی لێژ- ئاقوبان بە پەنا گـردا، باسـکی ئایشـی، ناوەندی رێی- نشیوو هەورازو پێچ، دۆڵی نێوانی سەفینو زینەتیر- گوندی پونگینە بەولادا- ٤٠ خانەیە، پێچی هەورازو نشیو، پەناگردۆڵکە، دارو دەوەن، لە سـەفین دوور ئەکەوێـتەوە- گـردی جاسـوس- پێچـو هەورازو نشیو، لاپاڵی ئەملا- گوندی گەروەتـە- ٥٠ خانەیـە، بـەناو ئاوایـیدا مەزارگـە- لابـەلاو بـەرزی بـناری سەفین، خانووی دۆڵـو باخەکانـی- هـەوراز- سـوولاك، خانـووی ناوباخەکانی نشیو، گوندی بێلنگە بە سەر گردەوە- هەوراز، گۆرستان بەخشی هیران.

هیران- بنكەی بەخشی خۆشناو- هەوارگەیە، فەرمانگەو فێرگە و فرۆشگەو ئاوەدانو فرەئاوە، ئاوی زۆر لە مزگەوتەكەی دێتەدەری، ٢ چاڵاوە.

گوندەكە، لە بناری كێوە، ئەشكەوت بەو بەریەوە، پەرستگەی بەرەی كاكی هیرانە، رێبازگەی قادرین، لە شێخ تەهای بتلیسەوە، ئەو رێبازگەیان وەرگرتووە، دەڤەرێكی ئایینیە.

## نازەنین- كۆیە

لە هیرانەوە- هەورازی قەدی كێوی سەفین، خەوابگەی كاك، لە ئەشكەفتی- گۆری سلیمانو ئارامگەی شێخ ئەبدولاو شێخ مستەفاو بەرەی كاكی هیرانە- باسكی، دووریانی سماقوڵی- لابەلاو نشیو بە پیادەرێدا- گەلی سماقوولی، لە كێوی ئەوبەر گەلی چاكی شێخ موحەمەدە، لەویوە، كونەفلوسە و ئەچێتەوە بۆ چیوەو دۆڵی بالیسان- گەلی ئاوی شوور- پیادەرێ هەوراز- كانیفەقی برایم- لابەلا- گوندی كاموسەك، بە بناری ئەوبەرەوە- لە هیزوپەوە، رێی ئوتومبیلی بۆ دێ بەسكتاندا، لە دووریانەوە ئەچێ بۆ هیرانو نازەنین هیزوب- سكتان- كاموسەك- دووریانی هیران- نازەنین- گەلی ئەسكەندەر- سنووری كۆیە- نشیو- باخەكانی نازەنین- گەلی سەروكانی- بەناو ڕەزو باخدا بۆ ناو گوند- گۆرستان، لابەلا، باخی سیوو هەنارو هەنجیرو سپیدار- نازەنین- ٧٥ خانەیە- مزگەوت، چاخانەی تێدایە، سوورە چناری بەر مزگەوت، هەوارگەی كۆیە، كانیاوی بڵاو، فرەمیوە، فێرگەو پاسگە، ساختمانی میری نییە، تیمارگەی تێدا نییە- بە بناری سەفینی رەشدا لابەلا - گۆرستان- شۆر ئەبیتەوە بۆ ناو دۆڵی نزیكی بنار سناوا، لە خوارەوە، وێرانەیە، خانووی نوێ لە سەرەوە كراوە، لێرەوە ئاوەگرد بەسەر چیاوە، دوژەكەی دیارە، پاشەواری پاشای كۆرە و بەر لەو- وەسمان پاشا بووە، شوێنی بەرگرییە.

بەناو باخەكانی سناوادا- مەزارگە- گوندی سناوای ئاوەدان- بانوو- گوندی جەلی دیارە، گۆمی دووكانو كێوی قەندیل دیارن، لێژیو باسكو لابەلا- كەوەدار- بە بناردا، جەلی لە بناری رەش- گەرەكی پێشەوەی ناوگوند- ٤٥ خانەیە- باخەكانی تاكو سەر چۆمە، خاوەنداریتی زەوییەكانن، بەرهەمی تووتن، دانەوێڵەی هەیە، چۆمەكەی ئەچێتەوە بۆ هیزوبو قەسرۆك، ئەرژێتە گۆمی دووكانەوە- كێوی پشتی چناروكە، پێوەی نووساوە- ١٥ كم بۆ كۆیە- بەری كراوەیە، گۆمی دووكانو كێوی قەندیل دیارن-

شـۆر ئەبێـتەوە بۆ سەر ڕێی هیران سەرەوخوار بۆ سور جۆگە و چۆمی سماقوولی، بۆنی گۆگردی لێدێت، گەڕاوە- چۆمەکە ئەچێتەوە بۆ هیزوب، لەتەك وشکە چۆمی نازەنیندا- دارو درەخـتو سـەیرانگە- گـەرماوی جەلـی- گۆگـردی زۆرە بەبـەری ئەمـبەرەوە- ڕەنگـە ڕێژەی گۆگردی زۆر بێت ئەو گەرمکە.

بائەداتـەوە- هـەوراز بـەرەو دۆلّی ئەسحابان- لاپالّو هەوراز و نشیو- دامێنی پێوار و پێدەشـت- ڕێگـەی ئوتومبـیل بـۆ گـەڕاوی جەلی- لـە چـنارۆکەوە دێـت- زنجیرەی هەیبە سولّتانە- سەری چنارۆکو ڕێگەکەی دیارە پێوارو نشیویو چۆمی گەڕاو- هەورازو تەختی- مەیدانـی قەرسـان- ڕێـی ئوتومبـیل- بائەداتـەوە بـەلای مەزارگـەو کەمێ هەورازدا بەرەو دۆلّی ئەسحابان- نێوانی کەنەچووکو هەیبە سولّتان، دارو مەزارو گۆری ئەسحابان بەریز ئارامگـەو کێلـی بلـندو بـەرز- گـۆری سـواراغای حەمـەداغاو هەنـدێك گـۆری نـوێ- بـیر بـەرەوە، دۆلّـی سـەحابان نێوانـی سـەفینو هەیـبە سـولّتان- کەمـی هـەورازو ئارامگـە لـە کۆتەلّ ئەچـێت، سماقوولّی دیـارە، لـە دۆلّدا، لـە ئاکـاری ئاوەگـرد، ئەمدیوو ئەودیوە لە تـەك جەلـیدا- ڕێـی ئوتومبـیل لێرەوە- بۆ هەولێر- لە دووریانی بیستانەوە گەلییەکە لە جەلییەوە نزیکە.

ئـاوی سماقوولّـی، لـە گەلیـیەوە دێـت بـۆ گـەڕاوی جەلـیو پـردی هیـزوب- بـەلای مەزارگـەدا بـۆ نـاو گـوند ٢٥ خانەیـە- بـە سماقوولّی گەلی ئاوئەبرێ- ئەوبەری کرۆژەیە، ساختمانی فێرگەکەی دیارە.

دووبـارە دێـتەوە بـۆ ڕێـی کۆیە- هـەوراز دەرە بـۆ چـاخانەی تـووەرەش، نزیکـی مـیر سـەید، ٦ خانەیـە، چـنارۆکی بلّباسـان، چـنارۆکی مـەلایان- لەیەکـەوە نـزیکن. کانیبـی- سـەری هەیـبە سـولّتان- شـۆر ئەبێـتەوە بۆ کۆیە لەوێوە دیارە، گۆرستانو چالّاو، ئەستێلّ بەرەو شاری کۆیە لە ڕێی خوارەوە.

## چەمچەمال- سەنگاو

٦٠کـم- شـەقامی قـیر- تـەختی- خانـووی نـوێ نزیکـی شـەقام- بەرزیـو نـزمیو جۆگە- گـوندی گوشـقوت لای چـەپ- بانـو ناوچـەی گردۆلّکەیـی، بانەکـە فەرمانـرەوایە بەسـەر دەڤـرەکەدا، بەرزیـو نـزمیو پـێچ، چۆمی پـردی شـیوە سـوور- ١٠ کـم- ڕۆخانـە- هـەوراز شـەقامەکەی پـەرژینی بـۆ کـراوە- شـیوو پـرد و هـەوراز گـوندی قەرەتاصور- ١٥کـم- ٣٥

خانەیە- خوێندنگەی تێدایە، تەختیو گردۆڵکەیو پێچ، چۆمو پردو هەورازو تەختی- گوندی قەلاچوخ ٥٧ خانەیە- فێرگەی تێدایە، لەمبەرو ئەوبەری شیوێك- پردو ٣ شیوو جۆگەو کونە ئاوە- گوندی مەلا حسین- ١٢ خانەیە، گوندی دووردەر بەو بەر ئاوەکەوە- ٢٠ خانەیە، پردی چۆمی باسەڕە- ٣٠ کم- چاخانەی باسەڕە- دووریانی هەشەزینی بۆ ناو گوندەکە ٥ کم- ٩٠ خانەیە، خوێندنگەی هەیە، دەربەند- باسەڕە- ٥ کم- کە گوندی دێلیژەی قەراخی لێزیکە ٧ کم نەبێ- تەپەسوورە ١,٥کم، ٢٥ خانەیە، گوندنشیانی بە کشتەوە خەریکن، جووتیارو چێنەرن.

دێتەوە بۆ سەر ڕێی گوکتەپە- گوندی فەقیحاجی- شیوو تەختی، کەڵە سووران لای چەپ، کەلەرەش- گردۆڵکەیی لای چەپو پێدەشت لای ڕاست. نێوانی کێوی ئاجداخ- کێوە ڕووت- کێوی سەگرمە- بەرزیو نزمیو لادانەوە- شیوو قەڵٚبەزەیی تافتاف- پێچو شیوو هەوراز، فەرمانرەوای ڕێگەیە بەسەر ناوچەکەدا- گۆکتەپەی- سەنگاو- گۆکتەپە- تەپە شین وشەیەکی تورکییە- بنکەی بەخشە ٣٠٠ خانەیە- ڕێزە فروشگەو شەقام بەخواری، یەکدوو کانیاو- بان بەرێی گڵدا- بەرەو بنار- قەلا گۆکتەپە لای ڕاست، بەرەو بنار بە مێرگە گەورەدا ڕێی گوندی کچان- بەرەو بنار- گوندی کریچتە ٧٠ خانەیە، بە بناری کێوی سەگرمەوە دیارە- نزیکی دەربەند سپیە ئارامگەو خەوابگەی شێخانی کریچتەیە- شێخ کەریم کەسنەزان- شێخ قادر، شێخ حسین و شێخ حسین شێخ عەبدولکەریم، لە ساختمانی کۆندا- گۆرستان لە خوارەوە- ڕێی کچان. بانی کەملێژو تەختی، کچان دیارە پێدەشت، شیوەڵ- کچان- گوندەکە بە هەردوو بەری شیوەکەوە، دارودرەختی زۆر، ساختمانی فێرگە لەو لاوە- ٨٥ خانەیە، ئاجداخ- رووتەکێو- بەرانبەری ئارامگەی پێشەوا زەینەلعابدین بۆ پێچ ئەموست ٥کم- چۆمی کچان- بانی ئەوبەر- چۆم- ڕێی تیمار- گوندەکە- ١,٥ کم پێدەشت- زۆنگو شیوو مێرگ- ڕێی ژاڵە- ٣٥ خانەیە- پێدەشت- گوندی رەبات بە بنارەوە- ڕێی گەرەچیای خالد- ٧ خانەیە لەسەر رەباتە- چۆمی دووبر- ڕێی هەزارکانی- بنار- گەرەچیای خالد- رەباتی لای چەپ- گوندی رەبات بە بناری سەگرمەوە- ٥٠ خانەیە- گۆرستانو ئارامگە بەسەر گردەوە لای خاوەرەوە- گۆری مەحمو گێلە- کێلی لە بەردوگەچ بۆ کراوە ٥ کم- مزگەوتو ئاوی هەیە- لێژی بۆ هەزارکانیانی فایەق ئوبید- زنیانە لە بناری ئاجداخ- پێدشتو مێرگو زۆنگ- قەلاگە- بەبناری سەگرمەوە لای ڕاست، گوندی بانیمورد لەولاوە- کێلە بەرزە بەو بەرەوە، لە خوار قەلاگەوە، بەلای خاوەردا، کانیبەکتەش- بەو گوندی هەزارکانیانەوە.

### سلیمانی- کەرکوک

۱۱۰ کم- شەقامی قیر- دووریانی سەرچنار بۆ کەرکوك- ۱۰۷ کم بۆ سەرچنار — ۲کم- دووریانی قلیاسان- تاسڵوجە- ۲۰کم بۆ کەرکوك- ۹۰ کم- دار تووی سەروو خوارو بە بناری چەپی تاسڵوجەوە- شۆر ئەبێتەوە بۆ هەردوو ئالایی- بیرچەگ، سەروو خوارو — کەلاشکەران بەملاداو کوێك بەولادا- دەشتی بازیان- تەینالْ- بنکەی بەخشە- چاخانەی گۆپاڵە- ۷۰ کم ئەمێنی- دەربەند بازیانو پرۆژەی جەنگەڵو باخی ئاژەڵ- پاسگەی نوێو چاخانەی دەربەند- دوای دەربەند- ۲۰ کم بۆ ئاغجەلەر- ئاغجلەر- دارستان- دارەکان- درااران- هەوراز و پێچو نەوی- قیرو تەختی- زنجیرەی کێوی دەربەند لای راست- شێخ وەیسو قشلاخ لای چەپ- زیخو گڵو تەختی، بەرزی، گوندی تەوەکەلی گەورە- ۱۰۰ خانەیە- قەلا کۆنەکەی- بەناو ئاوایی تەوەکەلدا- تەوەکەلی گچکە لەو لایەوە، فێرگەو خانووی ئاوەدانی بەلای تەوەکەلی گچکەدا- هەوراز- ئاغجەلەر- پێچو نەویو بادانەوە، گوندی ئاغجەلەر- دالاوای کوردان، گوکتەپەی سەر زێی- دەربەندی بازیان- کەرکوك- ٦۰ کم- چەمچەمال- ٤٥کم ئەمێنی- دووریانی سەنگاو- ٥٨کم بۆ گوگتەپەی سەنگاو- هەوراز ٤۰کم.

### چەمچەمال

لە ئەنجامی هەڵکەندندا- لە بەردەبەلەکە- بەلە- بەلەك- بلکە- ۳ کم باکوری خاوەری چەمچەمال- شیوەسوور- نزیکی رێی کەرکوك- سلیمانی- لە سەر گردێکی کراوە، چینەکانی گەچین، لەسەر قەدپاڵەکانی، پاچە دەستی و ئامێری بەردەئەستێ دۆزراوەتەوە، پاشەواری زیندوەری کۆنو نەماو دۆزراوەتەوە- وەکو فیلی هیندی- ئەسپی ئاوی، پارچە ئیسکی زیندەوەری کێوی وەکو کەر، گا، بزن، مەڕ، ئاسك.

### چەرمۆ

پاشەواری مێژوویی- یەکەم نیشتەجێی کشت نزیکی چاوگی داقوقە- چەرمگ- سپی- The White — کێوە چەرمەڵە نزیکی چەمچەماڵ- بەقەڵای رۆمی ناسراوە- قەڵا چەرمۆ- خانووی قوڕو بەرد، حەسیرو پووش بەکار هاتووە، دەنکە گەنم بۆتەوە بە خەڵوزی بەرد- تێیدا دۆزراوەتەوە.

١٠ کم باکوری خاوەری چەمچەماڵە، پاشەواری چەرخی بەردینی ناوەندی تێدا دۆزراوەتەوە. چەمچەماڵ- کەرکوك- ٤٥ کم- هەوراز- قەرەهەنجیر- رەشە هەنجیر- ٢٥ کم ئەمێنی- هەوارگەی کەرکوکە- ٢٠ کم بۆ کەرکوك- شاری کەرکوك.

**دەربەند بازیان- ئاغجەلەر**

١٧ کم- رێی کۆن- لابەلا- گوندی کانیشێتان- لای راستەوە- هەورازو جەنگەڵ وەکو کۆتەڵی سووورداش- نشیویو تەختی، دۆڵ- گوندی خەربەندەلو- لای چەپ ٢٥ خانەیە لابەلا، دۆلی نێوانی زنجیرەی دەربەندو گردۆڵکە، پێچی هەوراز لابەلا بەناو دەوەندا- گوندی چنارەتوو ٢٠ خانەیە- ئازادی- فەقی سمایل- ٤٠ خانەیە- ٢ گوندن بەرانبەر بەیەکتر- چاڵاوی بۆکراوە، بۆ ئاوی خواردنەوە- پردو شیوو دەرە- گوندی موتلیجە لای چەپ- گەرگەر لای راست- ٢٠ خانەیە- بلوکین- ٥٠ خانەیە لای راست- چۆمو بێشەڵانی دامێنی موتلیجە کەمی هەورازو نەوی- پرد- ئاغجەلەر.

ئاغجەلەر- بنکەی بەخشە- ٢٥٠ خانەیە، ٦٤ گوندە، فێرگەی سەرەتایی، خوێندنگەی ناوەندی تێدایە- هەردوولای بەرزییە لە سەر چۆمی موتلیجەیە- پردێکی گچکە، هەردوو بەری بەیەکەوە بەستووە.

**ئاغجەلەر- عەسکەر**

١٠ کم- پەنا گردو مێرگو زۆنگ- هەورازو نشیو، دووریانی گوکتەپە- گوندی مایلە لای چەپ- پێدەشتو هەوراز و بەردەلانی، مێرگو هەورازو نشیو بەناوەندی هەردوو گوندی سۆتکەدا- سۆتکەی شێخ قادرو گردە شیوی- هەورازو نەوی- گوندی عەسکەر دیارە، بادانەوە- عەسکەر ٩٥ خانەیە لە پەنا قەڵادا- چۆمی رێزان- ٥کم- بۆ دووکان ٦ کم ئەبێ- مزگەوتی باشو فێرگەی تێدایە- گردی بەرانبەریەتی.

عەسکەر- گوگتەپە- تەپەشین بەسەر تەپەوە- سەر زێی گچکە ١٢کم- چۆمو هەوراز- گۆرستان، چەند گۆرێکی پایەی بۆ کراوە- دۆڵو شیوو کەنارو پێدشتو مێرگ- گوندی هەیدەر بەگ دیارە- ٦٠ خانەیە- جۆگە- دووریانی حەیدەر بەگ- بان- کۆزە بۆرە لای چەپ- ٣٥ خانەیە- دالاواورووتە لای چەپ- کێڵگە- گوگتەپە دیارە- شیوی گردیمیل- ئاوەکەی هی هەیدەربەگە. هەوراز- گۆرستان لای چەپ- گوگتەپەی سەر زێی- دەشتی کۆیە لەو بەرەوە- گوندی خەرابەی ئەزیزاغا ١٠کم.

کەرکوک- هەولێر- ئەربل

٩٣کم- لە رەحیماواوە- کەڵبەو تاشە بەردەکان- پێدەشت بە رێی قیردا- دووریانی کۆیە- تەقتەق تاکو ئێرە- ١٢کم- بۆ تەقتەق ٥٠ کم، بۆ کۆیە —٧٠کم- بۆ پردی- ئاڵتونکوپری- ٢٨کم- دارمان و پاسگەکەی- ١٦ کم بۆ پردێ کەبنەی بەخشە- باخو باخات لە بابیر- خواراوایەوە گۆرستان لە باشورەوە- پرد نێوانی هەردوو بەری پردی، پردێك لە باکوریەوە. خانووەکانی بەردوگەچە، گۆرستان لە باکورەوە، کۆرو ویستگەی شەمەندەفەر- هێڵی ئاسن- چەند خانوویەك- رێی قیر بەتەنیشت هێڵی ئاسندا- پێدەشت لەکەرکوکەوە بۆ پردی- ٤٣کم- پردی بۆ هەولێر- ٥٠کم- بۆ دووبز-١٣ کم.

پردێ- شێراوا- شێخان- دۆڵەبەکرە- هەمزەکۆر- رەسول بسکولێ- قوشتەپە- کۆراوا- هەولێر. لە شێراوای دزەیو شێخانو گازینو- ویستگەی هەمزە کۆر یەك کم، لە رێگەکەوە- پردی گچکە- بنەی بەخشی قوشتەپە- ٢٠کم بۆ هەولێر- پێشی شار، دارو درەخت بە هەردوو لای رێگەکەدا، کۆر دوای کۆر- ناو شاری هەولێرو شەقامی سەرەکی، کۆرو پردی ناوەندی بازار، نزیکی باخی شار.

هەولێر- بنکەی ئوستانە- هەوارگەکانی لە نێوان کێوی برادۆست لە خۆراواوە، زێی باکور لە خاوەرەوە، لە زۆزانو هەوارگەکای ئوستانی بەهدینان- دهۆك کەمترنین، لە بوونی سروشتیدا لوتکەکانی بەفری سپی هەڵئەگرن بۆ وەرزی هاوین- سەرشانەکانی جەنگەڵو دارستانو لێرەوارو سەوزاییە، لە بەهاردا، دەشتەکانی کێڵگەی پایزن، قەدپاڵو باسکەکانی هەوارگەی فێنکی هاوینن.

## هەولێر- شەقڵاوا

٤٠کم پۆسنی مەلا هۆمەر- جەنگەڵی- خانزاد، پردی بەستۆرەی سەیرانگە- گوندی هەناران. قەلاو دوژی پاشا کۆرە، لە گوندی بانەمان- چاخانەی بانەمان- ١٤ پێچی هەوراز- بەرەو پیرمام- سەربەن سەلاحەدین.

پیرمام- لە بانێکی فراواندا- بەسەر دەشتی هەولێردا ئەروانێ- ئەولای کێوی سەفینە و پێدائەروانی، بەرزی- ١٠٩٠م، پلەی گەرما لە هاویندا٣٨ە رادەی شێ ٥٥-٦٠٪- بەلوولەو ترومپاو ماتور، ئاوی لە چاوگی خوارووی سەفینەوە بۆ دێت، بۆ هەوارگەی سەری ڕەش چارەکێکە- گازینوی گەورە بەسەر تەختی چیاوە، هەردوولای دۆڵی قوولێ- گوندی گڕاو- لە دۆڵی لای راست. ناو دۆڵی هەردوولا ڕەز داپۆشیوە، پلەی گەرما- ٢٥ وەکو کەشتی بەئاسمانەوەیە.

پیرمام- سەلاحەدین- ٣٠ کم لە هەولێرەوە- ٦ پێچی لێژی- دۆڵو پردی کراوەی گچکە- نزیکی گوندی کۆڕێ لە خوارەوە- گوندی ئارماوا- گوندێکی خۆشە، کارەبای تێدایە، ٦٠ کم بۆ گەلی ئەلیبەگ- چاخانەکانی سەر رێ، باخی زۆر- گردجاڵو حوجران- دەربەند کۆری- ١٠ کم بۆ شەقلاوا- دۆڵو لابەلاو کەمی هەورازو دۆڵ- گوندی کاوانی وێران- ٢ کم بۆ شەقڵاوا- ٥٠ کم بۆ گەلی- شارۆچکەی شەقلاوا لە پەنای کێوی سەفینی ڕەشدا.

شەقڵاوا- لە باکوری دامێنی کێوی سەفینە، لە دۆڵێکی تەسکدا- گژوگیا داپۆشیوە، بەرزی ٨٥٠-٩٠٠م، پلەی گەرما ٣٠ءرادەی شێ ٦٥٪- وشکی ٧٤-٩٤٪- بەهەشتی رووی زەمینە، ئاوی ساردو تەزی، کەشو باو ئاوی سازگار، باخی زۆر- لە هەولێرەوە ٤٩کم.

**شەقلاوا- گەلي ئەليبەگ**

٦٤کم شەقامی سێبەر، شۆر ئەبێتەوە لاپاڵو چۆمو شیو، پردی کراوەی گچە- لەسەر شیوەکە- پردی دەرەبەند شەقلاوا، بەرزیو پێچو هەورازی میراوا- پشتی شەقلاوای رەشو دەربەندەکەی دیارە- پێچی نەوی- ٤٠کم بۆ گەلی، ١٨کم بۆ هەریر- پێچەکانی مامە زەرتکە، بە نزیکی گوندەکەدا، پێدەشت- سەرتابیران- شیناوا- نزیکی بناری کێوی هەریر- سیساوای ئەورەحمان بەگ، لای چەپ- ٣٠کم بۆ گەلی- ٨ کم بۆ هەریر.

رێی نوێ- بەناوەندی دەشتی هەریردا- دوور لە بنەی بەخشی، گوندی موترانو قاسمییە لە بنار، ٢ باشوورەو گوندی سەرسوورە، چاخانەی شێخ ئەسعەد لەسەر رێی دێتەوە بۆ پێەکانیسپیلك، سەری سپیلکو گۆڕی خدراغای سوورچی باوکی حسین ئاغا و هومەراغای سوورچی- دووریانی دیانە- خەلیفان.

لە چاخانەی شێخ ئەسعەدەوە- دووریانی زەنتەیە- دێتەوە بەرزیو لاپاڵ- هەریر- بادیان بە بناردا- گەلی سویران- خەروەتان لای چەپ- گەلی خانزادو پەیکەرەکەی بەخشی هەریر- نزیکی گەلی باتاس- باتاس- ٢٠کم بۆ گەلی- ١٠٥کم بۆ هاجی ئومەران- بەبناردا- هەنارەی وێران، پێچەکانی گولەکو گوندەکەی- پێی سپیلك وەکو پیرمامە- سپیلك-١٠کم بۆ گەلی- ٩٥ کم بۆ هاجی ئومەران- گۆڕی خدراغای سوورچی- پێی نەوی- بەناو گردۆڵکەدا- کانیکەڵەکین نزیکی گوندی حسین ئاغای سەرچیا، سەرۆکی خێڵی سوورچی- دوژی کەسەری گەلییە- لێژی بۆ خەلیفان ٢٣کم بۆ جندیان- ٨٥ کم بۆ هاجی

ئـومەران- دووریانــی بـارزان- زارگەلـی- ناوگەلـی ئەلیبەگـی ترسـناك، خاوەنـی دیمەنـی رەنـدو دڵفـرین- ٥٠کـم لە شەقلاواوە- بەرزی ٨٠٠م پلەی گەرمی لە هاویندا ٣٨- درێژی ٤ کـم، تاڤگـەی زۆری تـێدایە، گەورەکـەیان بێخاڵە- پردو پێنـج چاخانەو سەیرانگەی بلاو- سـووره بـەرد، سـەوز هەڵگەراون، نزیکی تاڤگەکە، گازینوی قەشەنگ. بەناوی ئەلی بەگ داسـنی- ئیـزیدی، تەرمەکـەی بەوێـدا هەڵوسـراوە دوای کوشـتنی لەلایـەن پاشـا کـۆرەوە، پـردو چـاخانەو پێچـی سامناك- تاڤگـەی گەلـی ١٠م بـەرز- گازینوکانی، بەژێر بەردا، ئاو دێـتە خـوارەوە- پـردی داخـراو- لاپاڵـی ئەوبەر، ئاوی بێخاڵ دێتەوە بۆ ئێرە- پرد- ٧٥کم بـۆ هاجـی ئـومەران- ١٣ کم بۆ جندیان- لاپاڵی ئەمبەرو دۆڵی قووڵ لە خوارەوە، دیواری بــەردی کــێوی هەڵچــوو لــە هــەردوولاوە، زار گەلــی ئەودیــو- باپشــتیان- دووریانــی مێرگەسوور.

**باپشتیان- مێرگەسوور**

٤٠کـم- لەدووریانــەوە بـە شـەقامی قـیردا شـۆر ئەبیـتەوە- پـردی رۆبـاری باڵەکـیان- هـەوراز- باڵەکیان لەسـەر چۆمەکە-لـە پـەنا گردا،گۆرسـتانی پشـتی گوند- کەناری چۆم، بەلاپاڵـدا- مەجـیداوا- پێدەشـتو مێـرگ- شـاراوا- بـە باخەکانـی هاودیانـدا- بـۆ گـوندی هاودیـان- یەکـدو گـوندی کـوردی مەسـیحی نـزیك، هەوارگـەی خـۆش- چـارەکێکە لـە باپشـتیانەوە، بـە نێوانـی شـیرو کیو هـەورازو دارو گـۆر- گـوندی مازنە- پردی داخراوی مازنـە لەسـەر ئـاوی مازنە- هەوراز بەلای پاسگەی مازنەدا- سەردەرە لە خوارەوە- پێچی نـەوی، بـان، تـەختی، پـێچ بۆ لەبلوك- رێگەی خۆڵو زیخ- ٢٠ کم بۆ مێرگە سوور- پێچی هـەوراز- گـردۆڵکەو دارسـتان بـەناو زیخـو بەردەڵانـیدا. بـاوە- بەقەدی چیاوە لای راست- چۆمو پـرد- بانـی نێوانـی نێوخیـنو کێوی پیران، گوندی باوە بەمبەرەوە، شێخ سەیدان بەوبـەرەوە- پێچـو لابـەلا، رێـی قـیری بـەد- بـەناو دۆڵو نـزاری رەش و هـەورازدا بـەرەو مێرگەسـووری خـواروو- پـردو چـۆمو بـاخ، مێرگەسـوور بەقـەدی کـێوی شـروە دبـنەوە، نێوانی پیرانو نێوەخین- بنەی شارستانە- دەڤەری زێبار کەلە پێشدا لە گوندی بلە بوو.

فرۆشـگەو فەرمانگـەو کارەبـا- شـوێنگەی وەکو شەقڵاوا وایە- زنجیرو کێوی لای بایتر- خـۆراوا- گـرتویەتیە نـێو خۆی، بای فێنکی بۆ دێت، دەڤەرەکە کورو کەمئاوە- لە نێوانی کـێوی پیران لە باکورەوە، نێوەخین لە باشورەوە- ناسراو بە بیاو زنجیرە کێوی برادۆستە بەسـەر دۆڵـی بالەکیانو دۆڵـی مامـزی ترسـناکدا لـە خـاوەرەوە بەسـەر جەنگەڵی چنارو

دارەوە لە خۆراواوە دەروانێت.

**مێرگەسوور**

گولستانی کەسکوسەوز، هیچ هەوارگەیەك لە جوانیدا نایگاتی، هەرچەندە ئاوەدانیو حەساوگەی تێدا نییە، ڕێگەکەی باشنییە- لەبەر ئەمە میوانی کەمە، بەرزی ١٢٥٠م پلەی گەرمی٢٥ء٣٠ء

لە گەلییەوە بە ئوتومبیل بۆ باپشتان- دووریانی ڕەواندوز ٥٠کم- لای چەپی بۆ مێرگەسوور- بەناو سەوزیو دیمەنی ڕەندو جواندا بەرەو ئارامی مێرگەسووری سازگارو ئاو بای خۆشو ئاوی شیرینی کانی مێرگەسوور و سەروکانی و بمیرکی- کزەو سروەی بای دلگیر و کەشی گونجاو و ساز بۆ تەندروستی پڕ سوودەو دەرمانی نەخۆشییە.

بە نزیکی سپینداره و ماڵەسواری قەدی کێوی ئەوبەر بۆ گۆرەتوو لە ناوەندی دۆڵدا ٣٠ خانەیە- لێرەوە بۆ بییە- کووران- کانیلنج، چامە، دووریانی هەرگوش بۆ شیروانی مەزن- ڕێگەیتر بۆ رزێتە- گەلی- هەوراز بەناو گردۆڵکەو دەشتی دیانەدا، باپشتیان- کەمی تەختی دووریانی دیانە و لێژی بەرەو کاوڵوکو پێچی هەوراز بۆ ڕەواندوز- شوێنگەی بەرزی، بنەی شارستان- کاولۆك- کەناری ڕۆباری ڕەواندوز- جندیان- گازینوکەی.

لە ناو ئاوایی جندیان- جینان- بەرەو ڕەواندوز- هەوراز بەلای چەپدا ١کم کەمتر گازینوی جادوو- جۆگەی کۆنکریت تاکو چاوگەکەی کەلەکونە شاخەکەوە دێتەدەرێ- کونەکەی فراواننییە، ئاوە زۆرەکەی لە پڕ کەم ئەبێ نامێنی بە تفەنگی تاپڕو تەقەی دەنگدار، لەرینەوە پەیدا ئەبێ لە چیاکە ئاوەکە دووبارە، پەیدا ئەبێتەوە، لەبەر ئەمە پێی ئەڵێن کانیجادوو- جندیان- سێبەرو تەختی بۆ کراوە، خیوەتی گەشتیاری بۆ میوان، تا رادەیەك ڕێکخراوە.

پردی جندیان- ٥٠ کم بۆ رایات، ٧٠کم لە ڕەواندوزەوە، ٤٧کم بۆ گەلاڵە، شارێ بەکەناری ڕۆباردا، لاپاڵو پێچ بەدۆڵدا هەتاکو بێت فراوانتر ئەبێ، دێبەرەکانی بە بەرزییەوە بەوبەری ڕۆبارەوە، پێچی سامناکو بیمدار- هەوارەکۆن- پردی پیادە، لە خوارەوە- ٥٥کم بۆ هاجی ئومەران، ٤٥کم بۆ رایات- لاپاڵی بەردو دۆڵی تەنگو کەناری ڕۆبارو کێوی هەڵچو- بەرسیرین، بەوبەری ڕۆبارەوە، پردی لە خوارەوە- پردی داخراوی بەرسیرین- لاپاڵی ئەمبەر ٤٥کم بۆ هاجی هۆمەران، ٣٥کم بۆ رایات- پردی کراوەی

ڕێـزانۆك- گازیـنو- لاپاڵو ئەوبەر- پاشكۆز بەوبەرەوە ناوكێلك- چۆمو دۆڵی ڕەشی نێوانی دوو زنجیرە كـێو- باخـی چـنار- هـۆمەراوا- پـردی داخـراوی سـوور- لای راسـت- ٣٥كـم بۆ هاجـی هـۆمەران، ٢٥كـم بـۆ رایـات- رێـزانۆك- پـردی زەرد- لای راسـت، كـێلگەی تـووتن- گەڵاڵە بە پاڵەوە.

ڕێـی گەلاڵـە- ٣٠ كـم بـۆ هاجـی ئـومەران، ٢٠كـم بۆ رایات، ٢كم بۆ گەڵاڵە- هەوراز بۆ گەڵاڵە.

## گـەڵاڵە

بــەری كــراوە، ٣ لای كــێوە، ٢ گەرەكـی ئەمــبەر و ئەوبــەرە، پــردی، لــە كەوانــەی خاوەریـەوە، بەیەكیەوە بەسـتوە- بەسـەر چـۆمدا ئەروانـی، دارو درەخـت، تەنیشتەكانی داپۆشیوە، بنەی بەخشە- بنكەی باڵك.

دێـنەوە بـۆ چـاخانەكەی دووریانـی گەلاڵە- بە شارێدا- بە كەنارو لاپاڵو باخی چنارو كـەناری چـەپدا- ٢٥كـم بـۆ هاجی هـومەران- ١٥كم بۆ رایات- ناوپردان- پردی لای راست، خانووەكانـی بەوبـەرەوە- كۆشكی ئاشتی- پرد- چۆمانی خۆشو ئاوەدان- پردی نوێكراوە، لەبـەری لای راسـت، دۆڵەكـە فـراوانتر ئەبـێ- پـردی ناوەنـدی لای چـەپ، باخـی چنار لە هـەردوو لاوە- دەربەند، خۆشیو ئاوەدانی، گوندەكە لە پەنا كێودا- چۆم بەبەردەمیدا- ١٥ كـم بـۆ هاجی هـۆمەران، ٥كـم بـۆ رایـات- بـەرزی بـە لاپاڵـی ئەملادا، كراوەیی، فراوانی- رایـات- گازیـنو و پـردی بـەرزی- ئـازادی- زیـنووی شـێخ بـە یاڵـی لای چـەپەوە، ٥كم ماو هـەورازو كراوەیـی، فراوانـی- كـێوی ئاكـۆیان دیـارە- هـەوراز- گـۆمەزو خیرگـەی شـێخی باڵەكان- هاجی ئومەران- لێژی بۆ سەر لوولەی ئاوی ساردو چالاو، سەیرانگەو هەوارگەو ئاوی ساردو تەزیو سازگار.

هاجـی هـۆمەران- سـنوورە، باكـوری رایاتـە، بـەرزی ٧٠٠-٧٥٠م، بەفـر، زسـتانو بـەهار لوتكەكانـی داپۆشـیوە، زسـتان ١٥ ژێـر بەسـتە، هـاوین ٢٨عپلـە، خەسـاوگەی باشـی هەیـە، میوەی زۆرە، ئاوەكەی بۆ نەخۆشی گورجیلە بەكەڵكە.

## خەلیفان- بارزان

٨٥كـم- بەخشـی خەلـیفان- كارەبـای هەیـە، هەوراز بەلای خانووەكانیدا- پێچو لاپاڵی

گـردو لابـەلاو تەختـيو دۆڵـو کەمی تەختی، سريشمە بە قەدی سەری چيای سريشمەوە- پێچی لابەلاو لێژو دۆڵو نزارو پێچی لێژ- کنە ٢ خانەيە، پردی داخراوی خەلان، لەسەر ئـاوی رەوانـدوز کەلـە بـێخاڵو ئـاوی هاجی هـۆمەران پەيدابـووە، باخـی پێشی خـەلان، چاخانەو يەکدو کانـی، لـە خـوارەوە لـە پشتييەوە، خانووەکانی لە سەرەوە- ١٥ خانەيە- پاسـگەکەی لـە تەختايـی سـەروو گـوندەکەوە- لاپاڵـو گـردو بـەرزی لای خـەلان بـە جـێ ئەهێڵـی- بانـی نێوانـی زنجيرەی کـێوی شـيرينو پـيرس، رەشـيو نـزارو جەنگەڵ، هەردوو زنجـيرە کـێوەکەی داپۆشـيوە، بەتايبەتـی زنجـيرەی پـيرس- کـە هەمـووی، ئـاوو گـوندو ئاوەدانيو رەشيو دەربەندە لە کێوی گارە ئەچێت، ريزە لوتکەکانی، لە رێگەکەوە ديارن.

لـێژی بـەرەو کـەناری چـۆمی خـەلان- دۆڵی قووڵو پێچی هەوراز- لاپاڵ لای راست لە بەنـدەرەوە، ٦کـم قـيری بـەد، بانـی کـراوە- جافـرەکان- ٣ خانەيـە، شيوەڵو هەورازو لاپاڵ لەمـبەرەوە- لـێژی- گەلـی بێخمە، دەرئەکەوێت، لە زنجيرەی پيرس- زێی بەهدينانی پێدا ئـەروات کەلـە رۆباری رەواندوزو رۆکچوکو رۆباری شينی لای ئاميدی، پەيدابووە، نەويو تـەختی بـە لـوتکەی هـەردوو لا ئابڵـوقە دراوە- چـۆمی خـەلان لـە قووڵـێدا- هـەورازو نـزيکبوونەوە لە بناری ئەمبەر- شيوەڵو ئاو- بانی ئەمبەر- چۆڕان ٦ خانەيە، لای چەپە- بانو دەڤەری کوورو کەمئاوو شينايی- خنکە لەسەر زێی بەهدينان- زێی باکوور.

**ئەشکەوتی شانەدەر**

لـە باشـوری کێوی برادۆستە، بەرزی ٢٢٠٠ پێ، لە رووی دەرياوە، بەسەر رۆباری زێی ژووروودا ئەروانـێ. لـەم ئەشـکەوتەدا- ئـاميرو کاکڵـەی بـەردە ئەسـنی دۆزراوەتـەوە ئەگەرێـتەوە بـۆ چـەرخی کەڵتوری سـەدەی بـەردينی ناوەنـد، ئـەوەی گـرنگە کـە تێيدا دۆزراوەتـەوە- پەيکـەری کـۆ ئيسکە، کەللەسـەری مەردومـی نياندرتاڵە- پێشی مەردومی هەنوکە ژياوە بەر لە ٥٠ هەزار ساڵ، ئەو جۆرە مەردومە نەماون.

بە لاپاڵی نزيکی زێدا- پێچو دوورکەوتنەوە لە زێی شانەدەر- لەسەر زێيو ئەشکەوتە مێژووييـيەکەی لـە زنجـيرەی کـێوی شـيرين باکـوری خـاوەری ئاکـرێ- نزيکـی سـنووری دەستکرد- تورکيە- لاپاڵو زێی باکور- گەورە- زابوايلو- ناوی کۆنی[1].

کـێوی بەردەڵانـی، نـزار- پردی گچکە لەسەردەرەی ئەمبەری زێی- بيلەسارو، قەلاتوو

---

(١) زابوايلو– ناوی کۆنی زێی گەورە، زابشوبالو– زێی گچکە، ئامات– ئاميدی.

بـه پاڵـەوە، كراوەيـى نـزيكى زێى ڕێزان لەسەر زێى- ئاوەدانيو خۆشى، پاسگە كۆنەكەى - شـۆر ئەبێـتەوە بـۆ سـەر پـردى داخـراوى ڕێـزان لەسـەر ڕۆكچۆك- لێـرە تێكەڵ بە زێى ئەبێ- كـەنارو تەختـيو كراوەيـى بـەرەو بلـە- بلـێ خـواروو، سـەروو، بلـێ لەسـەر زێـيە، ئاوەدانـو خۆشـە، زەويـوزارى هەيـە، لە پشتەوە پاسگە كۆنەكەى چۆڵە، گازينوى ٢ نهۆم، شوێنى حەسانەوە.

بلـێ- بـنكەى فەرمانـدارى زيـبار بـووە، هەنـوكە ميرگەسـوور بـنكەى زيـبارو ميرگەسوورە- هەورازو پێچ نيو كاتە بۆ بارزان.

باتـو بەردەلانـيو نـاو نـزارو دارو بـەروو- لێژى- بارزان دەرئەكەوێت، بە بنارى كێوى شـيرينەوە- پێچى لـێژى بـە لاپاڵى ئەمـبەردا- ئـەولاى دۆڵ- بـارزان دەرئەكەوێـتەوە لـە بەرزيـيەوە- بەتايبەتى باخەكانى خوارووى- بەردەلانيو لاپاڵيكى تر- پردى گچكە، بەناو باخەكانـى پێشـەوەيدا- چـەند جۆگەيەكو هـەورازو پێچو لابەلا- بنەى بەخشى- بارزان، ئاوەدانـو خـۆش، ٢٦٥ خانەيـە، فێـرگەو فەرمانگـەو مـزگەوتە كـۆنەكەى كەلـە پـێش ئيسلامدا دێـر بووە، لـە تەنيشـتەوە كەنيشتەى جووە، پاشەوارى ماوە، كليسەى تێدايە، دەڤـەرى ئايـينى بـووە، زەويـو نشـينگەى ئايـينى ئاسمانـى بـووە- كوردسـتانى ئاييـنگە- Rrligions Land.

## بەهدینان

**بارزان**

لە باكوری خاوەری ئاكریوە بە ٢٥كم، نزیكی لای سەرووی زێی بەهدینان، مۆناتی ٣ هەزار پترە، دەڤەری شاخاوی، سەختو قایم، زنجیرەی چیای شیرین ئابلۆقەیداوە بەسەر گوندی بارزاندا فەرمانرەوایە، لوتكە بڵندەكانی ٢٣٠٠م، چیاكانی پشتەوەی ٢٥٠٠م ئەبن، كوسپو تەنگیو سەختی رێی لێگرتووە، رۆبارو رێژەنو ئاوەرۆ زێی و رۆباری رەواندوزو رۆكچوكو شەمدینان، كە دەڤەری بارزان لە ئامیدی ئەپچرێت، ئەم كۆسپە سروشتییانە، هۆكاری قایمیو سەختی شوێنگەكەی بێت، هۆی كاریگەری كەمپیتیو كەمبەرهەمی دەڤەرەكەبێت، نیشنیانی ناچار كردووە، كە بە لوولەی تفەنگ، ژیانی خۆیان دابین بكەن، جەنگاوەری سەختو دلاوەرو هەڵكەوتووبن.

لە سەدەی ١٩- یەكی لە شێخانی رێبازگەی نەخشی، شێخ موحەمەد، ناو، نشینگەی خۆی لە ئیران بەجێهیشتووە، لە سلیمانی نیشتەجیبووە، دوایی روویكردۆتە گوندی بازی، شێخ ئەبدورەحیمی كوری پێرەویكردوە و گوندی بارزان چۆتە ژێر ركیفیەوە كە ٧ كم دوورە لە بازییەوە، لە ساختمانە كۆنەكەی تەكیەی دروستكردوە بۆ خۆیو یاوەرانی، پۆست نشین بووە.

شێخ ئەبدورەحیم ٥ كوڕی لە پاش بە جیماوە:

شێخ ئەبدوسەلام، شێخ ئەحمەد- خودانی بارزان، بارزانی مەلا مستەفا، شێخ سدیق، شێخ موحەمەد بابو.

شێخ ئەبدوسەلام جێگیری بوو، فەرمانرەوایی دەڤەرەكەی ئەكرد، سەری نەوینەكرد بۆ سوڵتانی ئوسمانی، چەند جار بەرگریكرد و شكستی پێهێنا، لە ١٩٠٩، پەیمانی لەتەك نازم پاشای والی عیراقدا بەست- خۆییك- باجو سەرانەو سەربازی نەئەدا.

هێرشی سوپای هێنرایە سەر بەفرۆفیل، بە كۆمەكی فارساغای زیباری بەدیل گیرا لە مووسڵ لە سێدارەدرا-١٩١٤.

شێخ ئەحمەد تەمەنی ١٨ ساڵبوو، فارساغا داڵەیدا، كچی خۆیدایە، هاتە سەر شانۆی رامیاری، لە ماوەی داگیركردنی عیراقدا لە لایەن ئینگلیزەوە، بە هاریكاری زیباری- دادوەری رامیاری بەریتانیا و یارمەتدەرەكەی هەردووكیان كوژران- هەروەها لە هێرشی

ئاكرێ و هێرشی سەر ئامێدی ١٩٢٢- بەرگری سەخت كراوە لە لایەن جەنگاوەرانی دەڤەرەكەوە.

**قەراخ- سێوسێنان**

١٥كم- لێژی بەرێی لای راستدا شیوو گردو هەوراز- دووریانی جافەران- تاقان- لێژی بەرەو بنارو تەختی- رێی قۆپی- كۆپی- كەناری چۆمی دیوانە- سەیرانگە، دارو گۆڕ- لە چۆمی دیوانە ئەپەڕێتەوە، ئاوایی چەمی سمۆڕ- هەورازو گردی بنار، رێی ئەستێلی نەجم- لای راست- ئاشان، گوندی ئەستێلی نەجم دیارە، تەختیو هەورازو تەختی، لابەلا، دارو گۆڕی كۆشكی خواروو، رێی بەلەكجار، كێوە بێشكەسپی، لە كەلوش كۆتایی دێت، هەورازو تەختی گوندی سێوسێنان ٣٠٠ خانەیە، لە بناری بێشكەسپی لێرەوە بۆ كەلوشو دیوانەو باوەخۆشین- دیوی دەربەندخان لەولایەوە- گوندی تەكیەو دەربەند گەور لای خۆراواوە، دەربەند بەروڵە- بەرەوڵی، پەیكوڵی بۆ لای بانیخێلانی دەربەندخانە.

**قەراخ- رێی نوێ**

لە پردی تانجەرۆوە- ٤٤كم- گوندی زرگوێژی گەورەو گچكە- زڕگوێزەڵە- پێچی هەوراز- بانونشیوی بەرەو گوندی تلەزەیت ئاودارو خۆش- گوندی باخان ماوەیەكی كەم بنكەی قەراخ- زەردیاوا.

قەراخ- جافەران- گوندی تەكیە- پەیكەری نارامسن- بە رێی سێوسێناندا- دۆڵێتر- گردوڵكە- رێگەی تاقات- نزیكی رێی ١٢ خانەیە- دارو گۆڕ- چۆمی تاقان- چۆمی دیوانەو كەناری، دارو دەوەنو گۆڕ، گوندی ئاش لەسەر چۆمی قازی ١٢ خانەیە، مووچەی جافەران- پردی چۆمی دیوانە، بەرزیدەرویانی خوارەوە لای راست، جافەران ١٠٠ خانەیە، لە بەردەمی دەربەند جافەراندا، ئاوەكەی لە دەربەندەوە دێت، كارێزو كانیاوی هەیە، قەراخو دووریانی سەروو خواروو، دیارن، دێتەوە بۆ لای گوندی سەركۆو رێی سێوسێنان، رێی گۆشان، داری زەرد، ئەستێلی نەجم، لای راست، كۆشكی خواروو، لای راست، كۆشكی سەروو، رێی تەكیە، بە دۆڵو چۆمدا، لە چەمی كۆشك ئەپەڕێتەوە- هەوراز، سوورکەو ناوگرد- گۆرستانی تەكیە، سێوسێنان، خانووەكانی دیارە، كەمی هەوراز- گوندی تەكیە- ١٠٠ خانەیە، كەمئاوە، فێرگەی تێدایە، خانووەكەی كرێیە- ئاوایییەكە لە بەردەمی دەربەندا- دەربەند تەكییە ٥كم بۆ ناو دەربەند- پیادەرێی- لاپاڵو

بـەردە- مەڕمـەڕی چەشـنی بەد- هەورازو دارو دەوەن- کونە گەچی ملەی ماڵە مەسۆیی- هـەوراز- کۆشـکی سـەروو، کۆشـکی خـوارووو، دیـارن، بـەلای راستی دەربەند تەکیەدا، قەد پـاڵ ، بـەرەو دەربەند گەور- گەورە- ڕەزەکانی شیوی گەچی- نەکیە- چۆمی شیوی گەچ- ملـەی هەزەلگـە- شـۆر ئەبێـتەوە بـۆ نـاو دەربەند- ٢ چاڵاوی بەردین- هەورازی ئەوبەرو پێپـیلکە بـۆ نـاو قوڕگـی دەربەنـد گـەور- هـەورازی ئەمـبەرو قوڕگـی قـووڵ- پەیکـەری نارامسن لە بەری چەپەوە، ٤م درێژ، ٢ کەسی گچکە چواریەکی پەیکەرەکە لە ژێرپێیدا، یەکێکـیان وێـنەی ژنـە، نیشانەی مەزیـنو بـزورگیو هێـزو دەستەلاتو سەرکەوتنە- میلی سـەرکەوتنە، روویکـردۆتە باشـوری خـاوەر بـە بەرگـی سەربازییەوە، خوودە لە سەریدا، شـیر بـە دەسـتی راسـتیو کـەوان- کـوتەك بەدەسـتی چـەپیەوە- ڕیشـی درێـژی لاکێشـی- هـونەری سۆمەری- لە بەرد هەڵکەنراوە لە کەوانەو کەورگی کێوەکەدا، باران نایگرێتەوە بـەرزی لـە نـاو دەربەندەکـەوە، بـە پەیژەی درێژی ئاسن، ئەیگاتی کاتی خۆی لە کۆشکی ئـەمارەت- سـاختمان- نیشـتەجیبووە- ٥کـم لە پەیکەرەکەوە دوورە، پێتەختو کۆگا بووە- ئاودارە.

**چەرخی شۆڵکی- ئورنیمو- سۆمەری- دەربەند گەور- گەورە میلی نارامسن ٢٤٠٠پ.ز**

قۆپـی- کۆپـی- داریـزەرد- ٥٠کـم لـە سـلیمانیەوە- ٦١٤٦ پـێ بـەرزە، لـە قەرەتـوغان- قـەرەدوغان- هەڵوی رەش- ناوەکـە تورکیـیە- پردی تانجەرۆ- پێچەکانی کانیسپیکەو گڵە زەردە- بـۆ ئەودیـوی زنجیـرەی بـەرانان- گـوندی تـیمار- پێدەشـت- قـەراخ- بە جافەراندا- چالاوی داریزەرد- لە زنجیرەی چیای گارە ئەچێ.

**قەراخ- تیمار**

گـەرەزیل- هەرگیـنە- تەنگیسـەر- تـیمار- ١٤خانەیـە- دوای پێچـەکانی گڵـەزەرد، دیوی قـەراخ، لای چـاخانەکەیەوە- لائـەدات، خانووەکانـی دیارە، فێرگەی تێدایە- چارەکێکە بۆ گـوندی گـەرەزیل، باخـی سەروو ١٠ خولەکە- گوندی قارەمان- ٢,٥کم- هەورازو گردۆڵکەو دارو دەوەنـو جەنگەڵ باخی سەروو لای راست- گوندی گەڕەزیل دیارە، ٢٦ خانەیە- ملەو دارو گۆڕ- هەوراز، کانیرۆشنایی- ١٥ خانەیە، فێرگەی تێدایە، گوندی برایماوا ٣٥ خانەیە، گـوندی تەنگیسەر نزیکە- رێی بە دو لابەلا، کەمی هەورازو نزمی گوندی برایماوا دیارە، لـە پـەنا گـردا- ٤٠ خانەیـە، بـەرەو تەنگیسـەر لابـەلاو تەختـیو نشیوی- چۆمی سەرزەل،

گوندەکە لە ناو دەربەندەکەدا- ڕێی بەدو هەوراز- تەنگیسەر دیارە- پێچو بنارو بان، گۆرستان، شۆر ئەبێتەوە بۆ سەر چۆمی تەنگیسەرو ناو گوند- ٥٥خانەیە، فێرگەی تێدایە،تیمارگەی نییە، ئاوی خاوێنی کەمە.

**تیمار- ولیان- تلەزەیت**

تیمار- پێدەشتی تیمار- ڕێی ولیان- دوای چارەکی- پێچو نەویو تەختی، دارو گۆر- گوندی باخان- ١٢ خانەیە، تەختیو چۆمو لابەلا، هەوراز و تەختی- گۆرستانی تلەزەیت- هەوراز- شۆرئەبێتەوە- تلەزەیت بە بنارەوە بە قەدپاڵەوە، ٥٠خانەیە، چاوگی ئاوەکەی ١٠ خولەکە- چەند کانیاوێکە، لەویوە شۆر ئەبێتەوە بۆ گوندی ولیان- لێژی بەلای چەپدا، لێژیتر، ئالیاواو چۆمەکەی- چۆمی ولیان- هەوراز- گوندی ولیان ٧٥ خانەیە، چارەکێکە بۆ سەر ڕێی قەراخ- ئاوی خواردنەوەی هەیە، فێرگەو تیمارگەی تێدایە، هەورازو نەوی، دەوەن، گردۆلکەو خڕە بەرد- شەقامی قەراخ.

**هەولێر- کۆیە**

٧٢کم - شەقامی قیر- گوندی کەسنەزان- دلۆپە، لە ناو گردۆلکەدا- نزیکی دەربەند گۆمئەسپان، باسگەکەی نزیکە لە ڕێگەکەوە دیارە، زنجیرەی چیای باواجی لای چەپ، پێدەشت لای ڕاست، ئەشکەوتسەقا- ٣٠ خانەیە، گوندی ئاریانو باقلینی لەو لاوە لای ڕاست- تەرگینە- کەمی بەولاوە- دووریانی پردی- ئالتونکۆپری- دەفەری دێگەلە- بەخشی شۆڕش- پردی دێگەڵە- گوندی سماقشیرین لای ڕاست- گۆمە تاڵ لای چەپ بە زنجیرەی باواجییەوە، تەکەول لای چەپ- لە دۆڵدا، بەناو گردۆلکەدا- دووڕیانی کەرکوک، شەقامی سێبەرو درەختی کالیبتوس بە هەردوو لای شەقامەکەدا- کۆیە.

**هەولێر- ئەربل- مووسڵ- نەینەوا**

٨٧کم- هەولێر- چالوك- گوندێکی گچکەیە، هەورازو نەویو لێژی- بۆ سەر کەڵەکی یاسیناغا- ئەسکیکەڵەك- کەڵەکەکۆن- پرۆژەی سامانی مرداریو[1] زیندەوەرو کشتو جەنگەڵ، چەند ساختمانێکی میری- دارو درەختی کالیبتوسو چنار، لە شیوەکەدا، تاکو

---

(١) Poultry

ئێـره- ٣٧کـم- پـردی گچکه- پـردی گـەورەی ئاسن- نزیکی کەڵەك- چاخانەکانی- هەوراز- پـردی خازر- لکی زێی باکور لەتەك رۆباری گۆمڵ لە نزیکی گوندی مەندان، زێی ئاکرێ تیکەڵـئەبن، زێـی بادیـنان پەیـدا ئەبـێ- گـوندی شـێخ ئـەمین- رێـی قەرەقـوش- بـنەی بەخشـە ١کـم لـە رێگەکـەوە- بەرتەلـە- بـەری تـل- شـارەوانیو تـیمارگە و پۆسـتو بـیری ئیرتـوازی هەیـە، بـنەی بەخشی حەمدانییە بووە- دووریانی ئاکرێ- ٨٧کم بۆ ئاکرێ- بۆ مووسـڵ ٢٠کـم- دووریانـی خەزنـە- رێـی کۆکجەلـیل ١کـم- بـۆ گـوندەکە- مووسـڵ- بـەری نەیـنەوا- خەوابگـەو ئارامگـەی پێغەمـبەر یـونس- گۆرسـتانو گەرەکـی نەسـر- مزگەوتـی نەجیب جادر.

## مووسڵ- ئاکرێ

٨٧کـم- لـە مووسـڵەوە- دووریانـی خەزنـە- تـیس خـەراب- دووریانی بەعشیقە- ئیمام رەزای شـەبەك- چـیای مەقلـوب، دێرێکـی کۆنـی تـێدایە، ٣٦٤ ژوورە، گوندی دوو بەردان- هـەورازی چـیای مەقلـوب- بـان- پێچی- لێژی- گوندی کانیلان- پردی مەندان ٥٣کم ماوە- گـوندی کانـیلان لـە خێڵـی گـێژن- هـەورازو پێچـو لـێژی- نشـیوی- گـوندی شـیوەرێ- بـەردەرەش- زەنگـەنان- بـنەی بەخشـە، دووگـوندی نـزیکن- لـێژیو تـەختی- پێدەشـت- گـوندی مەمـوزین- قـەرەناس- گـوندی جـوجەری گچـکەو گـەورە- رووبـیای موشـیراغای سـەرداری خێڵـی گـێژ- جـۆگەو ئـاو- دەشـتی ئاکـرێ، کـە بـە بـرنج بەناوبانگـەو- گرسـی سـەرۆکی هەرکـی، گـوندی موحـی لـە سـەرانی خێڵی هەرکییە- هەورازو پێچ، رێی بەناو دارو درەختدا تاکو ئاکرێ.

## ئاکرێ

لـە دامێنی چیای ئاکرییە، بەقەد پاڵەوە، سەیرانگەو شوێنی دیدەنییەکانی- سیپەلە- بـەرزی ٤٠ م، تاڤگـەو ئـاو هـەروەها کانیـزەرد- چـاوەکەی ٤×٩م، ئـاوی سـارد، سـەرەو ژێر ئەچێتەوە بۆ تاڤگەی سیپەل.

## مووسڵ- دهۆك

٧٣کـم- دەرگەزلـی- ئارامگـەی پێغەمـبەر جەرجیس- رێی تلکیف- ٧کم بۆ گوندەکە-

پاسگەی فلفیلە- دووریانی تەلعەدەس مەنارە- چاخانەکەی بەرانبەری چیای ئەلقۆش و گوندەکەی- پردی ئاسنی بەقاق کراوەو گچکە، چیای دووکان لای راست، وەکو چیای مەقلوبە- پاسگەو گوندی فایدە- لێژیو پێچو دۆڵو شیوو دارو درەخت- گوندی شێخ نور موحەمەد- هەورازو پێچ- دووریانی زاخۆ- بۆ دهۆك ٨کم، بۆ زاخۆ ٥١کم- لە مووسڵەوە بۆ زاخۆ ٦٤کم.

**دهۆک – زاخۆ**

٥٩کم لە گردی ماڵتەی نزیکی گوندی ماڵتەی پاشەوارەوە بۆ دووریانی دهۆك ٨کم- رێی تەخت و پێدەشت- گوندی سەرتەنگ، بنەی بەخشی سمێل، هەنوکە شارۆچکەیە، لە بناری گردا، پرۆژەی ئاوو کارەبای تێدایە- پێدەشت- پردی کراوەی گچکە- دەشتی دێمی سلیڤانی- گوندی کانیسپی نیو کم- گوندی گردەرەش ١کم- لە رێگەکەوە- پردی کراوەی گچکە- زنجیرە چیای بێخێر بەملاداو پێدەشت بەولادا- لە دەشتی چەرمەگای سووورداش ئەچێت- گوندی باستکی، نزیکی پردێکی کراوەی گچکە- پێدەشت- بنەی بەخشی سلیڤانی- ئاسی- ئاوسپی- فێرگەو تیمارگەو دامێنی چیای بێخێر- رێی تەختو ڤیر، ئەم دەشتە یە ئاوی دەچلە، ئەتوانرێت، ئاودێر بکرێت بە ترومپاو ماتۆڕو لوولە- رێی دێربوون- پێشخابور، باسکو زارگەلیسپی زاخۆ- پێچو هەورازو باسکو پاسگەو کونەئاو، بەرەو زاخۆ- ماوەی گەلیسپی- ١٠کم کەمترە.

**زاخۆ**

١١٤ کم لە مووسڵەوە، ١٤٥٠ پێ بەرزە، لەرووی دەریاوە، مۆناتی ٢٥ هەزار کەسە، هەنوکە شارە ئاو بای سازگارە، رەزو باخی زۆرە، لەسەر رۆباری خابورە، لەچیای ئەودیو کوردستانی باکورەوە دێت، درێژییەکەی ١٦٠کم- شاری زاخۆ دەخاتە نێوانی خۆیەوە لە باکوری شار ئەبێ بە ٢ قۆڵەوە، وەکو دوورگەیەکە لە خواری شار دەبنەوە بەیەك، ٣ پردی لەسەرە- دوانیان شارەکە دەبەستن بەیەکەوە، پردی سەعدونی فاروقی، سێیەم پردی مەزن- دەلال- ئەباسی- ٢٥ کڵە، ٥ تاقە کەوانەییە، لەناوەندا ١٥م بەرزە، ١٠م پانە، تاقە گچکەکانی ٧م پانو ٥م بەرزە، بە شیوەی کەوانەیی، بنکی پایەکان لەسەر بەردی نیشتوویی دروستکراوە، درێژی ١١١م- پانی لەسەرەوە ٤م کەمترە- رێگەیە- چەرخی میدو رۆمان دروستکراوە، لە بەردی تاشراو و رێك، درێژی تێکرایی ٦٠×٣٠سم، لەگەلی زاخۆوە- بۆ ئیبراهیم خەلیل- پردی خابور، لە زاخۆوە ١١کم بۆ سنوور.

**زاخۆ- هەوارگەی شرانش**

گوندی تلکەبر، پرۆژەی ئاوی زاخۆی تێدایە، پێدەشت، رێی ڤیر- گردۆلگە لەهەردوو لاوە- گوندی داروزان- بەرانبەر گوندی گوندوك، جەلال، گرکسندی، مێرگە، نورەدین، نزیکی رێ هیزاوا نزیکی رێگە- گوندی کورە- دووریانی باتوڤە- پیرسیف گوندی دەرگا ئەجەم، لە دامێنی چیای شرانش، زار، شیوی شرانشی رەندوجوان- پێچو هەورازی رووتەنو سەخت، پێچی نشیو- شرانشو دیمەنی دلڤرین- شرانشی گچکە، شیوو دارو درەخت، پێچی هەوراز- شرانشی رەنگین، دیمەنی جوانی خەلاتی سروشت، کریستیانو کورد، رێژەی کورد پترە، گوندەکە لە گەلیدا- تاڤگە لە ناوەندا لە شیوی شرانشدا، تاڤگە بە بەرزییەوە- دارو درەختی هەمەجۆرە، ڤێرگەی شرانشی کورد، رێی بەردەلانی- ماوەی چارەکی، شرانشی گەورە، لە شیوی نێوانی کلیو خانتوردا، هەمووی کریستیانن- فەلە- دیان- درەختی چناری زۆر، کە داهاتی دەڤەرەکەیە، چاوگی ئاوی سارد، شالی مەرەزو چنین شالو شەپك، پیشەسازی.

**شرانش**

٢٢کم لە زاخۆوە- کاتونیوێکە- لە دامێنی باکوری چیای دودان- لە بانی راستی چیای خانتورە، چەند گوندێکی جوان، شرانشی ئیسلام، شرانشی کریستیانی، گەلییەکی قوولێ لە یەکتری دابڕیون لە نێوانی خانتورو دوودانـدا، بەو دۆلە جوانەوە نووساوە- ئاوی خاوینی تاڤگەی رەنـد، پڕاو لە بەرزی ٤٥م، شرانشی پایین، لەسەر تاڤگەکەیە، بەسەر چیای کیرادا، ئەروانێ، لە زاخۆی دابڕیوە، کانزای ڕەژووی خەلوزی بەردی هەیە.

شرانش- ١٣٥٠م بەرزە، پلەی گەرمی ٢٢-٢٦ سانتیگرادە- ئاوو بای سازگارو شێ کەمە، دار چنارو باخو دیمەن چاو لێی تێر نابێت- بەهەشتی کوردستانو سەرزەمینە، ئوتومبیلی بۆ دێت، بەرێگەی سەختو پێچدا.

**دهۆك- ئامیدی**

٩٥کم- لە گەلی دهۆکەوە- نێوانی کێلی فرعینی، شەداد- رێی ڤیر- پێچو شیو، گردی ڤەسرۆك- رەزوباخ- گوندی پیریمرو، باشلور، پێچی هەوراز، دۆلێ هەردوولای دارو درەخت، جۆگە ئاو، هەورازو تەختی- پشەگری- ڕەزوباخ- گوندی ڤارڤاراوا- پێچی نشیوو

هـەوراز- چـیای کەمکـە لای چـەپ- سـندۆری خـواروو کـێڵگەی مـیری- شـیوەی پێچـاویو هـەوراز- گـوندی بـادی- رێـی بـەناو دارو درەخـتدا- گـوندەکە لـە سەرسـنگی دەرپەریـوی چـیاکە لە شیویکدا، چاخانەی سەر رێی- هەورازو پێچ- زاوێتەی خواروو، بنەی بەخشە- لـێژی- بـەرەو گـوندو گازیـنو- رێـی بـەناو جەنگەڵـی سروشتیدا، پێچو بادانەوە، نشیوی، گازیـنوی مـیری، چاخانە، گوند، جەنگەڵی سنەوبەرو کاژی سروشتی- گازینوی زاوێتە لە زار گەلی- دارو درەختی سنەوبەرو بەڕوو.

**زاوێته**

لـە پێچـی گەلـی زاوێـتەدا- ٩٠کـم- لە مووسڵەوە- ٩٠٠م بەرزە، پلەی گەرمی ٣٠-٣٢، لە هاویـندا. جەنگەڵی سنەوبەرو کاژو ئاوی ساردو سازگارو باخی جوانو حەساوگەی هەیە، بەرزی دارستانەکەی ٦٠٠-٨٠٠م.

زاوێـتە- شـەقامی قـیر- هـەورازو چیای ڕەش لای چەپ- رێی قەدپاڵ، دۆڵ لای راست، بـەناو جەنگەڵدا- بابلـو- پێچو هەوراز- بەندەن- گوزەرگە، پێچو نشیو، چەند دەربەندی لای راسـت- گازیـنۆی میرونـا- پێچـو هـەورازو بان- لابەلا- پێچی نشیو- پاسگە - پێدەشتو دۆڵی فراوانو کراوە، پاسگە- لابەلا بەناو دۆڵو گردولکەدا- پردی گچکە- پاسگە- دوورِیانی ئەتـروش- هـەوارز بـۆ گەلـی قیرگـە، دوای گـوندی کانـیکەوکا- کـورە دێـری- پـێدە، دزو بـیدیلە، دوای ئـەم گوندانە، گەلـیقیرکە- بـەرەو لالـش- گـۆری شـێخ ئـادی- شـێخ هـادی- پێشـەوایی ئیـزیدی- گـومەزو خـرگەو حەوشـەو حەسـارو سـێبەر- فرۆشـگە، خەوابگـەو ئارامگەی شێخ حەسەن، شێخ ئادی، ئاو کانیاوی ساردی دۆڵی لالش.

دووبـارە- شـەقامی قـیر- پێدەشـتو شـیو- پاسگە- نۆدارە- ئەین سفنی- بنکەی دەڤەری شـێخان- نرگـزی تاوەران، دوورِیانی ئاکرێ- فازلییە، باحزان- ئارامگەی پارسایانی ئیزدی لـەملاوە، شـێخ بەکـر- باخانـی زەیتونـی بەخشـی بەعشـیقە- دوورِیانـی ئاکـرێ- پێشـەوا رەزای شەبەك- تیس خەراپی تورکمان- خەزنە.

**زاوێته – سوارەتوکه**

کـۆری گاڤـان- لای راسـت- پێچـو هـەورازو تـەختی- نشـیوی نێوانـی دووزنجیرە چیای گەلـی قەنـتار- بـاگیرەی خـواروو- پـاپین- دووریـان- بـۆ مانگیش ١٤کم- جۆگەو ئاوو پێچ- هـەورازو تـەختی- گـوندی لـۆمان لای چـەپ، نزیکـی رێـی- پێچـی هـەوراز- سـارتکێ لای راست- مێرگەدرێژ- چاخانەو کەپر- پێچی هەوراز- هەوارگەی گادرێژ- سوارەتوکە.

**سوارەتوکە**

لە مووسڵەوە ١١٤کم- ١٢٥٠م بەرزە، پلەی گەرمی ٣٨ لە هاویندا، لە شیوی سابنەی فراواندایە، لە زارگەلی، گازینۆی خۆشو خانووی میری بڵاو- هەمووی ٢ ژوورو گەرماوی هەیە.

**سوارەتوکە – سەرسەنگ**

پێچی نەوی، لە پشتەوە، دیمەنی خانووە نیگارینەکانی- لە پێشەوە چیای مەتینە ئەبینی- گوندی کورەمارکە، رۆستکی لە پایینی- پێچو نشیو و کونی ئاو- رۆستکی پایینی لای چەپ- دار بەڕوو بە هەردوولای رێگەدا- چیای گارە- گارێ- لای راستو، مەتینە لای چەپ- پێچی نەوی- دووریانی بامرنی-٢٠ کم، بۆ ئامیدی- ٤٠کم، بۆ دهۆك٥٨ کم.

**بامرنی**

لە دهۆکەوە ٧٨کم- لە دامێنی خوارووی چیای ئامیدی- مەتینە، لە دۆڵێکی تەسکدا، بەریکراوە، لە مووسڵەوە ١٥٧کم- لە ئاردنەوە- نیو کاتە بە ئوتومبیل- ١٢٤٠م بەرزە، رادەی شێ ٥٧-٦٦٪ وشکی ٦٦-٧٣٪ پلەی گەرمی، لە هاویندا ٣٠- ئابلۆقە دراوە بە چیای بەرزو رووتەن، لە هەندێ شوێنیدا، ٤٠٠ خانەیە، ئاو بای سازگارە، باخی زۆرە، فیێرگەی هەیە، رێی قیرە، لە سەرسەنگەوە نیو کاتە بە ئوتومبیل.

لە دووریانی بامرنییەوە بۆ پردی بەربانگ- کانیکە- رێی قیر- هەوراز- بۆ قرگە- فرۆکەخانەی بامرنی- هەوراز بۆ ناو گوند لە دامێنی چیای مەتینە- میتانی- دوای پێچو هەورازی قیرتاو.

**ئارادن**

ئارادنی ژوورو، لەولا بامرنییەوە- لە قەدی خۆراوا- باتیری چیای مەتینە- میتانی، کە زنجیرەی چیای ئامیدیە، بەسەر ئاسۆیەکی فراوانداو شیوی سابنەی جواندا ئەروانێ- ١٥٠کم لە مووسڵەوە، ئارادنی پایین- ژێری- خرستانین، بەرزی ئارادنی ژوورو- بالا ١٤٠٠ م، ئارادنی پایین- ژێری ١١٤٠م، ئارادنی ژووری، ئوتومبیلی بۆ ناچێ، لە لێژی چیای

ئامـیدیدایه، لەبـەر ئەوە، زۆر کەس بۆی ناچێت، ئارادنی ژێری له سەر ڕێی ئوتومبیلە- بـەرەو سـۆلاف- سـێلاف- سێلاو- رەزوباخ، بەروپشتی گرتووە، رادەی شێ ٥٤-٧٨٪- وشکی ٦٧-٨٥٪، پلـەی گەرمـی ٧٦-٩٩ف، نزمـی ٦٤-٨٨ف، بـەرەو خـۆرە، نێوانـی هـەردوو گـوندەکە، هەوارگە خۆشو رازاوەیە، بەهەشتی سەر زەمینە ئاوی شیرینە، گەرەکە کاری بۆ بکرێت.

**سەرسەنگو ئاشاو**

١٢٠کـم لـە مووسـڵەوە- دوای دووریانـی بامرنـی- پێچـو هـەوراز- تـەختی- گـوندی سـکرینی- چـاخانەکەی- هـرمینەو گوندکی، دار چـنار- گـوندی سـەردراڤ- نزیکـی ئاشـاو، هەوارگەیـە، ١کـم لـە سـکرینەوە بـە ڕێـی خۆڵدا، نـزیکی سەرسەنگە، ئەشکەوتو تاڤگەیە، فـرە خۆشـە، لـە دامـێنی چیای گارە- شارێی- چیای مەتینە بەو بەرەوە، دەوەنی پێوەیە، بـادە رەشـکەی خرسـتیان- سەرسـەنگ- دارودرەخـتی هـەردوولای رێ ئوتـیلو مـیوانگەی گـەورەو کۆشـکو چـاوگی ئـاوی سارد، دارو سێبەرو نسێ، سەکۆی خڕی کۆنکریتی لە ژێر سـێبەرو کەپـردا، بڵاو ، بۆ میوان، بەسەر بامرنیو چیای مەتیندا ئەروانی، ١٠٧٠م بەرزە، پلـەی گەرمـی ٣٨ لـە هاویـندا، لـە نێوانـی زنجیرە چیای گارەو مەتینەدا، بەسنگی چیای گـارەوە- شـارێی- گارێـی- بـنەی بەخشە، فێرگەو تیمارگەو پۆستی تێدایە، خانووی بڵاوی لێکـراوە بـۆ خێـزان لـە نـیو دارو درەخـتدا، دیمەنـی رەندو رازاوە، چاڵاوی مەلە- ئارادنو دوژی ئامیدی دیارە.

**سەرسەنگ- ئامیدی**

٤٨کم- پێچی نشیو، تـەختی، شیوو هـەوراز- لـە پشـتەوە سەرسـەنگ ئەبـینی- ڕێی پێدەشـت تــەختی، کـێڵگەی مــەرەزە، گـوندی ئینیشـکی لای چــەپ، ئەشـکەوتەکەی، دەربەنــدی زۆری چـیای گـارە وەکـو دەربەندەکانــی چـیای سـەگرمەو تۆیـی قەراخـی- سلیمانییە- گـوندی قدیش- چاخانەکانی سەر ڕێی- دارو دەوەن- لە دامێنی چیاکان، رێی بـە دامـێنی چـیای مەتیـنەدا- کـونەئاو- پێچـی هـەوراز، کەمکـەم- گـوندی بێـبادێ لـە دەربەندێکدا، خریستیانن، دارو درەخت لە دۆڵەکەدا، ئامیدی لە سنگی بەردینی چیاوە وەکـو دۆژیکـی بـەرزی قـایم، سـەخت، خۆیـو رۆشـنگەکەی وەکـو دەفـرێکە لەسـەر خوانچەیەك- بە ئاسمانەوە- کەشتییەکە.

دوژەکەی دوو دەرگای هەیە- یەکێکیان رێی ئوتومبیلە، ئەویتر بۆ پیادەرێیە- لە نێوانی چیای مەتینەو گارەدا- لە شیویکدا، پێچو نشیو بەسەر سۆلاڤدا- سێلاو- هەوارگەیە، لە چەند کونێکەوە، تاڤگەکەی دێتەخوارەوە لە بەرزییەوە، لە گەلی چیای مەتینەوە، بەسەر دۆڵێکدا ئەروانی، تەنگو تەسك، دارو دەوەن لە دۆڵەکەدا بڵاو لە دامێنی چیاو شیو بەسەر سۆلاڤەوە- دووریانی رێکان- بێبو- پیادەرێی، ١٠٠کم- ئامیدی.

**ئامیدی - ئەمادییە**

شارۆچکەیە، بنکەی دەڤەرەکەیە، ١٦٨ کم لە مووسڵەوە، دوژی مەزنو سەخت بەسنگی چیای مەتینەوە، ١٢٥٠ پێ بەرزە، شوێنی ٥ هەزار خانووی هەیە، شەقامەکانی ریکنییە، دارو درەخت تەنها لە خانووەکانیدا هەیە، شوێنی فراوانو سەیرانگەی نییە، فێرگەی سەرەتایو ناوەندی کورانو کچانی تێدایە، ئاوی لە سۆلاڤەوە بۆ دێت، ماتەری یودی کەمە، بۆنەخۆشی ملەخڕی- پەریزادە، کاریگەرە- ئامیدی- دوور دەرگای کۆنی هەیە- دەرگای خاوەر- دەرگای زێبارو پاشای ژیك، دووەم- دەرگای مووسڵ- سەقافا- بادینان، لەك دەرگایە، نەخشو نیگاری پاڵەوانان و شاهانی ئامیدی لێهەڵکەنراوە، گورزو چەکیان پێیە، ئەژدەهاکی مەزن

خۆی ئالاندوە بە دەرگاکەوە- دەرگای ناو شار- دورشمی مارو داڵی پێوەیە.

دەرگای زێبار، سوڵتان ئوسمان بەگ، چاکیکردۆتەوە، بە عەرەبی نووسراوە- رقم سلگان عیمان بك لنا بالمنی اتخڗ تأریخه لك ربُ العنا- بە گوێرەی تیپی ئەبجەدی، مێژووی ساڵی کۆچی ئەکاتە ٤٠٤ك- سەرەوەی رووخاوە، بەتەنیشت دەرگای مووسڵەوە مرۆڤی رمی بەدەستەوەیە، نیشانەی هێزە، دەرگاکانی لە داری تووە، بەبلێتی ئاسن و بزماری سەرخڕ داکوتراوە، بزمار رێژە، رمو ئەستێرەی شەش سووچ، بەسەریەوە، دواوەی، بە ئاسنو قوڵفە دائەخرێت.

ئەستیرە- ٦ گۆشەکە- ئەستیرەی داودە- لای مەیدان گۆرستانی خۆراوای باشور، شوێنی پەرستگە- ئەشکەوتو پایەکانی، بە تەواوی دیارە، لەولایەوە، بیری دەستکردی لێهەڵکەنراوە، لە چەرخی ئابلۆقەو گەمارۆی میری رەواندزدا.

گۆرستانی خاوەری- گۆری رەوشەن کچی سمایل پاشایە ١٢٠٢ك دروستکراوە، گومەزو خڕگەی بەردینی، بەبەردی تاشراو- نەقاری، لەسەر دروستکراوە، گۆری تریشی لە

ناودایـە، گۆڕی سوڵتان حسین بەملاوە، تەرمەکەی لە تەختەی نەخشین گیراوە، لاکێشە، گومەزو خـڕگەی بـەردینی بەسـەرەوە، گۆڕیتر لـە پاڵیدا، تەختەکە بزماری پێوە نییە، سنگی دارە.

روشنگەی ئامیدی

١٠٦ پێپـیلکەیە، هەریەکـە ٣٥ سـم بـەرزە، تاکـو ٤٠ سـم، نێوانـی بەردەکانـی، جۆشـو قورقوشمـی تـواوەیە، قوچکەکەی چوارگۆشـەیە، بەردەکانـی لاکێشە ٢٥*٣٥سم کەمەرەی هەیــە، دوای کەمەرەکــە، بــە لوولەیــی هەڵچــووە، تاکــو تەپلەســەری گومەزیــیەکەی، میکروفۆنـی پـێوەیە، لـە چـەرخی میرایەتـی بەهدیـناندا دروسـتکراوە، لـە گەرانـەوەی ئاشتیدا چاکراوەتەوە.

پاشەوار:

مزگەوتـی قـوبەهان لـە شـیوەی نێوانـی سـۆلاڤو ئامـیدی، شـوێنی خوێندنـی مـەلای جەزیـری- خوێـندنگەی ئایـینی، حەوشـو شـوورەی چوارگۆشـەو فـراوان، پایـەی بـەردی لوولەیی بەکەوتوویی، ئاوخانەو شوێنی نوێژ، لە شیوەی کەوانەییدا.

دوو نهومە، پاشـەواری مـزگەوتەکە بـە چاکی دیـارە لـە بـەردی تاشـراو، کەوانەیـی، قـوبەو گـومەزەکەی رووخـاوە، شـوێنی ٢ پایـەی پێشـەکەی دیـارە، جـێگەی خوێـندکارو شــاگردو وتــنەوەی وانــە پۆلــی خوێــندن، ژوور لــەولاوە، پاشــەواری مــاوە، نووســینی سەربەردەکانی تیپی- پ،ی تێدایە رەنگە نووسینی فارسی بێت.

لە خوارووی ئامیدییەوە- گوندی ئیبراهیم زلەو هاجی ئەحمەد هەیە.

ئامیدی- دێری

٤کـم بـە پـێ- سـەرەو لـێژ بـۆ رێـی ئوتومبـیل بـەلای خـاوەردا، پێچـی هـەوراز، لای خـوارەوەی گـوندی میرسـتەك، لابـەلاو نشـیوی بـەرەو دێـری لـە قوڕگـی دەربەنـدا تاکـو خـوارەوەی هـەر باخـە، تاکو نزیکی رێـی بیـبۆ- گوندی کوانی لە دۆڵی نێوانی زنجیرەی گـاڕەو مەتیـنەدا، دێـری ٦ خانەیـە، ئـاوی سـاردو سازگارە، بەرەو خوار بۆ گوندی کوانی، تاکو سـەر پـردی کەلیـبا- کـە رێـی بەهدیـنانە، کوانـی ٥٠ خانەیە، کانیاوەکانی هەمووی لوولەی هەیە، گوندەکە لە دۆڵی سابنەدا، نشینیانی فەڵەو دیان.

٣٠كم له سۆلاڤەوە- هەوراز بەرەو گەلی مزورکا- دوای ١كم پتر بەلای چاوگی سۆلاڤدا- كانی كۆنكریت چیمەنتو ریژ- لوولە- بۆ ناو گەلی- پیپلیکەکانی، کاتی خۆی ئینگلیزەكان چاكیانكردوه- كەڵبەی چیای هەردوولا بڵندو قووت بەرەو ئاسمان، كراوەیی، ئەملای گەلی خەلافە شوێنی كۆچو ئاژاڵداری- هەورازی كوور بۆ سەری ئامیدی- چاخانەكەی، یەكدو كانیاوی سارد، لێرەوە خانووەكانی ئامیدی دیارە، كوچو رەوی هاوینەو هاتنەوەی دانیشتوانی بەخشی كانیماسی بۆ سەر زەویو زاری خۆیان، نموونەی بەرجەستەی زیندووی بزاڤی مەردومە.

بەرەو سەری ئامیدی- ١٠ خولەكە بە پێ- شوێنی كۆنەكەمپی ئینگلیز، نشیویو پێدەشتو بەردەلانیو دارو دەوەن پڕو چڕ- دار بەڕوو- تاتی گوندی هیسێ بەردەلانی، لێرەوە قووتكەی سەر زێری سنوور نزیكی گوندی دۆشتان ئەودیوی سنوور لە گوندی دووریوە، نزیكە- گوندەكەی مارگریت جورج- لێژیو بەردەلانی- دۆڵو پێدەشت- چاخانەی هێسێ، ئاوو جۆگەی پشتی، لە كەورگی چیاوە دێت، ئاوی تەزییە، بەشی هەموو گوندەكە ئەكات، مەرەزەی لێكراوە، سپینداری زۆری هەیە، ناو گوندی هێسێ- ٢٠ خانەیە، ٦ كوردو ئەویتری فەڵەیەی نەستورین- گوندی خەرابە ٨ خانەیە، هەمووی كوردن، گوندی یەكماڵەی كورد ٤٠ خانەیە- پێدەشتو كێڵگەی مەرەزەو سپیندار، بەلای فێرگەی هێسێدا، كە تەنها خوێندنگەیە لە ناوەندی گوندی هێسێو مێركاچیو یەكماڵەو خەرابەدا.

مێركەجی ٣خانەیە، هەمووی فەڵەیە، باخی سێوی زۆرە، چەشنی فەرەنسیو ئەمریكی.

مێركاجێ- كانیماسی- برواری بالا- ١٠كم- دۆڵو هەوراز بۆ سەری باسكێ- نشیوی بەردەلانی- دۆڵ لەمدیوەوە، نزیكی گوندی بێتەنورە، ٦ خانەیە، چارەكێكە بە پێ لە تروانشەوە، كە ٨٥ خانەیە، كەمی هەوراز بەرەو كانیماسی لەسەر باسكی، گوندی ئیات، شمایل، ئاسیتەنگ، دریان- نشیویو لابەلا، دیمەنی رەند، باخی چنار بەلای رۆسوور- رۆباری سوور- لكی خابور، دێتەوە بۆ زێی لە گوندی بیدو و مائی بۆ لای تروانش دێت، لە پردی بولبول، رەتئەبێت، لە بیبۆ ئەرژێتە زێوە.

دوای ئاستەنگ، لابەلا، ڕۆسوور لە خواری، باخی چنار لە شیوەکەدا، هەندێك کۆشك بەو بەرەوە- کانیماسیو بڕی لە خانووەکانی، لەمبەری کانیاو- لە ڕۆسوور ئەپەریتەوە، پردی لەسەر نییە بۆ ئەوبەری کانیماسی بنەی بەخش، لە دۆڵێکدا، فراوانو خۆش، سپینداری گەورە لە شیوەکەدا، کۆنە کانیماسی، دێرو گۆرستانی فەڵە، بەرەو ئاوایی خۆشو ژیانی کۆمەلایەتی بەرز- زۆریان ڕەویان کردووە، لەبەر هۆی تایبەتی.

لێرەوە- بۆ هەردوو گوندی ڕەشکی فەڵەو کورد- ٢٠خانەیە، ٢,٥کم بۆ مائی فەڵەو ١٠ خولەك بۆ مائی کورد- بۆ بیدو ٢,٥کم، لەدۆڵێکدا ٢٠٠ خانەیە، سەرسنوورە، بازارو و بازرگانی هەیە.

لە پردی ڕۆسوورەوە بەرەو مائی گوندی گەشمەردەو بەهەشتی- ئەنوەر مائی.

ئەگەر لە کانیماسییەوە بڕۆیت بەرەو گوندی دووریێ- بەناو باخو جۆگەدا، گوندەکە لە قوڕگی گەلیدا، چۆمی پێدا دێت، هەوارگەیە ئەگەر بایەخی پێبدرێت، بیری ئیرتوازی بۆ لێبدرێت، ڕێگەی بۆ چاکبکرێت، لە زاخۆوە- کەرێی ئوتومبیلی هاوینەی هەیە، تەنها پردێکی گەرەکە لەسەر ڕۆباری خابور.

دێرێکی کۆنی هەیە پتر لە ١٢٠٠ ساڵە هەیە، دێری مارگورگیسە، لە دووریوە- بۆ شمایل، قەلای بێتەنورە بەلای ڕۆسووردا، پردی دار، گەلی پێپیلکە- بەردەکانی سەریان لە یەکداوە وەکو گەلی ئەلیبەگ- بانو هەوراز - کەمی هەوراز، بانی دەشتە گولی، نزیکی کانیچوارەبی- کەمی هەوراز- سەری ئامیدیو چاخانەکەی ئەمدیوی گەلی مزورکاو سۆلاڤ- ئامیدی.

ئامیدی- میرستەك- سپیندار- دێرش- شۆر ئەبێتەوە- گوندی کوانی دەرئەکەوێت لە قوڕگی گەلی سەرەوەدا، نشیوو لابەلا، ڕێی خۆلو دارو دەوەن، چیای گارە لە بەردەمتا، گەلی دێرش دیارە، لە چۆم ئەدەیت بۆ ئەوبەر، سابنە لە خوارەوە، کەلای سەرسەنگەوە دێت، بەرەو زێی بەهدینانو ئەرژێتە ناویەوە، نشیوی بۆ سەر سابنە، پردی کۆنکریتی ٢ پایە، بۆ ڕێبوارو دەوار- ولاخ- باریکە ڕێو هەوراز، دارو دەوەن تاکو نزیکی سپیندار- بادانەوە بەلای چەپدا، بۆ گوندی مژێ، کانیاوی ساردو چاڵاو، بلوسکی گومەزی چیمەنتۆی کانییەکە، چالاوی ١٢*١٢م، چنارو داری میوەو باخ- دیمەنی قەشەنگ، هاوار ئەکات کە هەوارگەو زۆزانە- گوندەکە ١٣ خانەیە- خاوەنەکەی هاجی تەهای برا گەورەی بەهەشتی کاك عیزەت ئەبدولعەزیزە.

بۆ گوندی سپینداره- ١كم پتره، له باسكەوه- گوندی گۆهرز به بناری مەتینەوه، بەبانیكەوه، دیاره.

چیای مەتینه- چەند گەلییەكی تێدایه وەكو- گەلی شەریفا، مزروكا، سنجی، سەرگەلی، رەشەوا، كه زێی بەهدینانی پێدا دەربـاز ئەبـێ، پردی گەلییای لەسەره، گەلییەكه دیاره، بەودیویدا دەڤەری نهیلەیە ٢٠ خولەك بۆ گوندی گرگاش، بائەداتەوه بۆ سپیندار- خەلفۆ، له ئەودیویدا، ٦٠ خانەیه، كاتی خۆی ١٧٠ خانه بووه، هۆكاری دوژمنكاریو كارەسات، بلاوەیانكردوه، فێرگەو مزگەوتی هەیه، خانووەكانی بەرده، كویخا ئەلی مەزنیەتی، خێلی زیبارین، بەلای گۆرستانی گوندا، نشیویو بەردەلانیو دەوەن، به پشتی گەلی دێرشدا بۆ سەرچۆم، كەله چیای گارەوه دێت، هەوراز بەرەو گوندی دێرش، دەراڤی نزیكی گوند، بانو مێرگو گۆم لای راست، نسارو گۆر- ئارامگەو خەوابگەی شێخی ئیسلام شێخ ئەلی ئەحمەد یوسف جافر كوری ئەرفەی هەكاری، به شانێكەوه، له ناوجەنگەڵدا، وەكو هەموو ئارامگەو مەزاره پیرۆزەكانیتر كه دارو درەختیان نابڕن، گۆرەكەی شوورەی بازنەیی، له بەرد بۆكراوه، ئارامگه له ناوەندا، دەرگای نزمی له بەرد بۆ كراوه، سەری بەبەرد گیراوه، بۆ چوونه دیدەنی- كێلەكانی پەرۆی رەنگین و ئاڵای هەمه چەشنەی پێوەیه بەدەوربەریدا.

ئەم بەرێزه- مامۆستاو فێركارو ئامۆژگاری، مامۆستای شێخی گەیلانی- ئەبدولقادر بووه له ٤٠٩ك هاتۆته جیهانەوه، دێرشی كردووه به كونجی گۆشەگیری، سۆفیزمی له كوردستاندا لەم بەرێزەوه سەر هەڵئەدات، شاگردو باری له هەموو كورنەو گۆشەیەكی كوردستانو دەرەوەدا بووه، له وانه- له ئاكاری سۆفیگەریدا:

شێخ موحەمەدی مەغریبی، پیراموسی زیوەی نزیكی بامرنیو، شێخ موحەمەدی مائی، شێخ موسا- له هەكاری ساڵی ٤٨٦ك، به خاك سپێردراوه.

گوندەكه ٢٢ خانەیه، ٢كم نابێ له گوندی رەزۆكەوه له بن كەڤروز زنجیرەی زەنگڵە، له چیای گاره، پشتەوەی سەختە، شانێك له بەردەمی گوندا- دێرشی خستۆته ئەودیوی، دارو درەختی زۆر، گەلی بییەی چیای گارەی لێ نزیكه، مەلا یاسین، مەلای گوندەكەیه.

بەلای گۆمێكدا لەبن چیاكەوه، له باراناو پەیدا بووه، له پایزدا وشكه، نشیوی بەلای كانیاوی بناڤو چالاوەكەیدا، ٩٤٠م- درەختو چناری بەرز بەرەو گەلی سەخت، پیپیلكەو بەرزیو نزمی، بەرد سەری هێناوەته پێشی بەری ئەوبەری گەلی كەڤری، ئەشكەوتی

حولی، به پیپیلکه بۆی سەرئەکەویت، تووتنی تێدا وشك ئەکەنەوە، دارو چیلەکانی لەو بەرەوە، دیارە، تەنگی کەم ئەبێ، کراوەیی، ئامیدی دیارە، چۆمو هەورازو نشیو بۆ سەر پردی سابنە- هەوراز بەرەو میرستەك تاکو ئامیدی.

**سلیمانی- دەربەندخان**

١٦کم- بۆ کەرەخان- جەلەولا- ١٢٠ کم- سلیمانی- کانیبا- ڕێی هەڵەبجە، بڵندو نەوی- کۆزەرەقە- خەراجیان، بنەی بەخشی ئەربەت- ٢٠کم- بۆ دەربەند ٤١کم- تەختایی- باریکە ٧٠ خانەیە، دزکەرە، لای راستو قازاوا لای چەپ- کانوویل لە سەر ڕێی- گوندی زەرایەن، تەختی-بنەی بەخش لای چەپ، ئەمدیوو ئەودیو ٦٠ خانەیە، دووداری قەلان ٥٠ خانە- هەوراز- میرەدێ، لە دامێنی زنجیرەی چیای قلیجەو ئەحمەد برنەو لە بنار- بەخشی چنارە لای راست- هەوراز- گوندی بیرکی- کاشتی- تونیلی٦م-٨٠٠م درێژ- بانی سەلیمپیرك- دەربەندخان.

لە دەربەندخانەوە- کانیسارد- ١٥٠ خانەیە، چەرمەگە- ٣٠ خانەیە، لە پێشدا بنەی بەخش وارماوا بوو، فەقی جنە- چەرمەگە، قلیجە، چنارە، بەم جۆرە دوایی دەربەندخان کراوە بە بنەی بەخش.

ڕێی بەردەلانیو ناخۆش، چۆمو دارو درەخت- گوندی نەژدینی ١٥ خانەیە- لاپاڵو بنار- بەرەو باوەخۆشین، نزیکی دیوانەو مەسۆیی، نیوکاتە، باوەخۆشین لەسەر چۆمە، ١٠٠ خانەیە- نشیوی بۆ سەر پردو چۆمی دیوانە- بانیخێلان، هەوراز دوای دیوانە- ١٠ خولەك،بەقەدی چیای گوڵانەوە- ٢٠٠ خانەیە- گوندی ئاوبەر بەوبەرەوە، ئەشکەوتی کونەبا ٥ کم بە رووی دەربەندخاندا، ستالەکتایتو ستالەکمایتی تێدایە، بەرکەل، پاشەواری مێژوویە، بەودیوی پەیکوڵیدا- ١کم پتر لە پەیکوڵییەوە.

ئاوەکەی بانیخێلان گەڕاوە، گۆگردە، ئاوی خواردنەوەی کەمە لە پردی دیوانەوە- کەناری ڕۆباری سیروان- توونی بابا- گردوڵکە- زنجیرەی بەمۆ، دەربەند هۆرین، سەرتەك لای چەپ، بەناو گردوڵکەدا بەرانبەری- مەیدان- پێچەکانی ئاوە خوێڕی- پردی کراوەی گچکە گوندی سەید مەحمود- ئیسایی، بەرلووت، تازە دێ، بەردەسوور، بنگرد، گردەگۆزین، پردی کراوەی ئاسن، شەمەندەفەری پێدا ئەروات، کەرەخان- جەلەولا.

سلیمانی- دەربەندخان- ٦١کم- کانیبا، کۆزەرەقە- خەراجیان- ئەربەت- ٢٠ کم بۆ

دەربەنـدخان ٤١كـم- تـەختی- باریکـە ٧٠ خانەیـە، دسـکەرە، لای راسـتو قـازاوا لای چەپ، کانـوویل لەسەر ڕێگە- دوای پردی خاکوخۆڵ- زەرایەن- بنەی بەخش- ئەمدیوو ئەودیو، ٢ داری قەلانـی هاجی دارا ٥٠ خانەیە- پێچو هەوراز- میرە دێ لە دامێنی زنجیرەی چیای قلـیجەو ئەحمـەد بـڕنەو- پێچـی نشـیو، ئەحمـەد بـڕنەو لـە بـنار نزیکـی دەربەنـدێك، ئازەبـان لای چـەپ، چـنارە لای راسـت، هـەوراز- گـوندی سـیارە- هەسەنەکارە، لای راست، هـەوراز، گۆمـی دەربەنـدخان دیـارە، پێچـی نـەوی- پیرکـی- هەورازو پێچی نشیوو لابەلا- نـاو تونیلـی٦م، ٨٠٠م درێـژ، گـۆمەکە بـە چاکی دیـارە- ١٢٠ کـم بـۆ کـەرەخان- جەلـەولا- گوڵاڵە.

لـێژی- شـۆر ئەبێـتەوە بـۆ سـەر چـۆمی دیـوانەو پـردەکەی- پـردی داخـراوی ئاسـن- لابـەلاو نێوانـی گـردۆڵکە، بانیخێلانـی لای راست بـە قـەدی چیاوە، پـردی چـۆمی دەرە دۆیـن- قەتـرە- زنجـیرە گـردۆڵکە، شـیتکەو کەوەلـە- کەناری ڕۆباری سیروان لای چەپ، ٢ پـردو چـۆم- کراوەیـی، پێدەشـتی پیباز- باوەنور تازە دێ- لالیخان لای چەپ، چۆمو پرد، مەیـدان لەوبـەرەوە- چـۆمو پـرد، ئاوایـی هاجی حەمە فەرەج- چۆمو پردی قەلاتۆپزان، چۆمو پردی ئاوەخوێری، پاریاوڵە، گردوڵکە لای راستو، ڕۆباری سیروان لای چەپ، بنەی بەخشـی باوەنـور- پێـباز- گـوندی قەرەچـەم، لەوبـەر سـیروانەوە- ئاوایی سەید مەحمود، گـوندی قـولە بـەرزو قەلاتـەپ، لـەو بـەری سیروانەوە، چـۆمو پـردی خڕی ژاڵەو گـوندی رەنـد ئەلـیخان ٤٧ کـم لـە دەربەنـدەوە- ئیسایی بۆ گوندی زەماوەنگە ١٥ خولەکە- چۆمو پـردی تـازەی دێ- ١٠٠ خانەیـە، بـەر لـووت- ١٢٠ خانەیـە، خوێـندنگەی هەیـە، گـوندی مستەفای کـەریم بەگـی جافـە- بەردەسـوور- دەشتی قەلا شیروانە، کەلارەکۆن دیارە- ١٨٣ گـوند- چۆمو پـرد، کـەلاری نوێـی شارۆچکە، ٢ بەخشی هەیە، پیبازو تیلەکۆ ١٩٧٥/١١/٢٦ کـراوە بـە بـەخش، شـەقامی زیـخ بـۆ نـاو شارۆچـکەی کـەلار، لە کەلارە کۆنەو سروشتی گەرمـیانە، دارخـورمای هەیـە، پێدەشـتە، بـەرەو گـوندی گـۆیان- ١٧کـم بەدەشـتی کـرکو بەریـندا ٣ گـوند، سـەیدخە لای راسـت، ئارامگەکـەی دیـارە، قاسماغـا لـە بـنارو گۆیان لە دوورەوە، بـە پـەنا ریـزە گردۆڵکەوە- گوندی گۆیان- ٧٠ خانەیە، خوێندنگەی تێدایە، بێ مامۆسـتا، گۆیانـی قەرەچیل- حەمە ئەمین بەگ- ئیسایی- زەماوەنگە- ١٥کم- بەلای خڕی ژاڵـەدا بـەناو گـردۆڵکەدا- هـەورازو نەوی- بان- دووریانی ژاڵەی سەفەرو چەمە بیسمیلا- زەماوەنگە- ٩٠خانەیە، بە هەردوو بەری شیویکەوە، جاڤ شاترین، ئاژەڵدارو چێنەرن.

**له تازه دێوه**

هەسـەن محـە، لادانـەوە بـەلای کـەناری خـڕی ژاڵـەدا، خـڕو چـۆمو هـەورازی کـەم- هەسـەن محە ٧٥ خانەیـە، بەبانـیکەوە- پشـتی گـردە، سـوفین، جاڤ شـاترین، مچە شەل چارەکێکە- ٣٠ خانەیـە، مزگەوتـی تـێدایە- ئـاوی باشە، سەرچۆمە، کانیاوی باشی هەیە، باخ بەوبەر چۆمەوە.

لـە نێوانـی تـازە دێ- ئیساوا بـۆ قـولە سـووتاو- ١٨٠ خانەیە، بە لێژییەکەوە، لە سەر سیروانە، لە نێوانی گردۆڵکەدا- گوندی گۆرە شەلە بەوبەرەوە- چۆڵە.

بـەرەو ئیسـاڵی- چاڵەرەش- ١٠٠ خانەیە، لەسەر سیروان بە لێژییەوە لە نێوانی گردا، بەرانبەر ئەلیخاڵەو بانەبۆر- باخی هەیە لەسەر چۆمەکە، مزگەوتی تێدایە.

خـڕی قـەڵا تۆپـزان- قەڵا تۆپزان- لە خڕەکەوە- گرمك- بەوبەر چۆمەوە- ١٠ خانەیە، تەنگـی قـەڵا تـەرزان- بـەناو جـڕو چۆمدا- قەڵا تۆپزان- گوندی هاجی برایم شاتری- ٥٠ خانەیـە، بەلێژیـیەوە، لـەناو گـردا لەسـەر چۆمی بەکربایەن- گوندی مراوا، ٢ کەڵەشیرە نزیکن، ٣ چارەکە، ئاوی حەمەکەو کانیشێخ موسا و شێخ ئیسا ئەخۆنەوە.

کەلار- گردە گۆزینە- گێژکان لای چەپ- شێخ لەنگەری گەورە- شێخ لەنگەری گچکە- بانئاسـیاو- شیوو پردی پێشی قەرە بولاخی خواروو- کوڵەجۆ- بانستوقو کۆکس، لەولاوە، لای راست.

**خانەکین- خانەقین**

لـە بەغـداوە- ١٧٠کـم، لـە باقـوبەوە- ١٠٥کـم ، لـە وشـەی خانـی کەیانـەوە، هاتووە، لە دووریانـی باقـوبەوە بـۆ خانـەکین- ٢٩کـم، پاسـگەی نـاو دومان- گونـدی دەلوی رەزا بەگو مەلەکشاهی.

خانـەقین- شـاری رەنـدو جوانو پڕ پیتوفەر، سامانی نەوت لەسەر رۆباری ئەڵوەندە- کردویەتـی بـە دوو بـەرەوەو بـەری کـۆن- جەلـەوە- ئاغـاو خەلـیفە، ئەمـبەری- هاجـی قەرەیـە- بـریتیە لـە گەرەکـی حەمـیدی، ئەبـدولا بـەگ، سـاڵح بـەگ، جامـع، مـەیان، مەزرەعـە، هاشمیـیە، پاشاکوێری، ئەرکەوازیـو تـوڵە فـرۆش، لـەناز سنووری شارەوانیدا- مۆناتی ١٥٠ هەزار کەس پترە.

پـردە بەردیـنەکەی ١٨٦٠ز، دروسـتکراوە، ١٠ پایـەی خشـتی سـوورە، سـیاتی ئەوسەری کەوانییە، کەنیسەی تێدایە، چۆڵە.

٢٥ فێرگەی سەرەتایی کورانو ١٢ کچانە، دوو ناوەندی کچانو ٤ کوڕانو ٤ ئامادەیی کوڕانو ١ کچانی تێدایە.

لە فزرایات- خوسرەواباد- سەعدییە ٧ کورانو ١ کچان.

لە کەرەخان- جەلەولا- گولاڵە ١٦ کوڕانو ٤ کچان.

لە خۆرەتوو- جەلەولا- گولاڵە- ١٢ کوڕانو ٤ کچان.

لە مەیدان- جەلەولا- گولاڵە- ٥ کوڕانو ٤ کچان.

نووسراوخانەکەی- ١٩٥٧ دامەزراوە- ٤٦١٥ نووسراوەی تێدایە، ٥١ نووسراوەی کوردی، ٢٠ فارسی، ٢ ئەڵمانی، ١٢ فەرەنسی، ٢٠٩ ئینگلیزی، ٣٠ تورکی، ئەویتری کە ٤٢٩١، عەرەبییە.

نوخۆشخانەکەی- ٦٠ پێخەڤ تێدایە، ٤ دکتوری پیاو ١ژن، ١ دکتوری دان، ١٥ تیمارگەی تێدایە هەموو دەڤەرەکە.

١١٩٧ك- دەرەنەو دەرەتەنگ، یانیزەهاو، سنجەقی قەسری شیرین- خانەقین، خراوەتەسەر میرایەتی قەڵاچوالان.

خانەقین- لە سنوورەوە- ٨کم بۆ پاڵێوگە ٥کم، گوندی ئەرکەوازی ١کم، قۆرەتوو- ٣٧کم.

جەژنی رەمەزانو قوربان- ٦ رۆژە، یەکەم رۆژ لە ناو شاردا، دووەم رۆژ لە ئیمام ئەباس لە عەلیاوا، سێیەم لە عەلەمدار، پشتی ئامادەیی کوڕان، چوارەم رۆژ لە باوە مەحمود، پێنجەم لە خدری زندە، شەشەم رۆژ، پاشەلەفەیە.

لە ٦٠٪ دانیشتوانی خانەکین- ئاینزای جەعفەرین- شیعەن- شیوەی ئەرکەوازیو سوورە مێری نزیکی زاری لوڕییە، زاری باجەلانیو جاف، تاڵەبانی، دەڵو، کرمانجی ناڤەندە.

گوندە نزیکەکانی- یوسف بەگ، مێخاس، موبارەکە، ئەوبەری، ئەلیاوا، کارێز، بانیمیل، مەلیکشاهی.

### خانەقین- قۆرەتوو- خۆرەتوو

٣٧کم- بەرەو باکوری خاوەر- بەلای تانکی ئاودا، زنجیرە چیای سنوور لای راست- کومپانیای ئوئیل- خانەقین- کۆگای نەوت- گوندی تۆڵەفرۆش لای چەپ، دوو پردی

کـراوەی ئاسن، شەمەندەفەری پێدا ئەڕوات- ڕێگەی زیخەڵانی- پێدەشت- گوندی مێخاس، یوسـف بەگـی کاکەیـی- گـوندی بافڵاوی- ئارامگـەی بـاوە مەحمـوودە، ڕۆژانـی جەژن لێی گردئەبنەوە.

ڕێـی تایبەتـی لە شەقام، جوێ ئەبێتەوە، زنجیرەی راکشاوی نزم، سنوور باشتر دیارە، ملەی کەنار- بەناو گوندا- ئاوایی دارە کەنار- پردی گچکەو جۆگە، پردی کەندی سیروان، شـەقکراوە بـۆ خانـەقین لای راسـتەوە، گوندی موسا ئوسمانە، گوندی تازەو سەوز بوڵاق، فێـرگەی تێدایە، گوندی دارە خورما لای راست، کانیزەرد لای چەپ- گردۆڵکەو زیخەڵان- ڕێـی چەمچەمەڵو قەلـەم کاکەیـی، پاسگەی نزیکـی سـنوور، پێدەشـت، گـردۆڵکە گوندی حەوشـکوڕی، پاشـەواری مێژوویـی، پەچـەی ئاژەڵـو شـوورەکەی مـاوە، فێـرگەی تـێدایە، رەوەزوگـردی بـەردین، رکەبـەردی نیشـتوویی نـزم، دەڤـەری گـردۆڵکە پێچـو قـایم- خۆرەتـوو- بـنکەی بـەخش، ئـاوی خۆرەتـووی پـێدا دێـت، دوو بەرەیـە، بەریکۆنـی بەوبـەرەوە، ڕێگـەی خۆڵو تۆز، هەورازو نشیو، لە چۆمی خۆرەتوو ئەدەیت پردی لەسەر نیـیە، ئاوەکـەی لـە سـنوورەوە دێـت، لـە خـۆڵدا ئەچـەقیت، ئارامگە لای چەپ، کەمەکی زیخەلانیو سەختی، دووبارە لە چۆمەکە ئەدەیت.

هـەورازو پێچـو سـەختیو زیخەلانیو تەختی، گردو بەردەڵانی سوورکە، رەنگە کانزای مسـی هەبـێت، دەربەنـدی گچـکە- گـوندی گۆرەشـەلە، لەسـەر سـیروان، گـوند لەمـبەرو ئەوبـەرەوە بـە کـەناری ڕۆبـاری سـیرواندا- گـوندی بانەبـۆر، بـیری نەوتـی داپۆشراو، لای چەپی سیروان دوور دەکەوێتەوە، پێچو نشیوە، چۆمی کەمئاو لە هاویندا هەورازو پێچو گـردۆڵکە، زیخـو پێدەشـتو چـوڵەوانی- گـوندی زەلکـەی شـێخ نـوری لـەناو هـەردوو گـردۆڵکەدا، بـە پشـتی گـردەوە، گۆرسـتان لای چـەپ، پـردی کـراوەی گچـکە، لـە وشـکە شـیوێکدا، وشـکە شـیوو پـردی گچکە، هەورازو تەختی، زنجیرە چیای بڵند، لەبەر دەمتا- گوندی حاجـیلەر، پاسـگەی شـێخ رەزا لـەولاوە، بەرانـبەری پاسگەی سنوور، ئاوی کارێز دەخـۆنەوە- هـەورازو بەردەڵانی، سەختی، باسکی شەڵواروشرە- تەختیوبان- وەکو کەشتی هـەرد، وەشـتایی نـزم لـە هـەردوولاوە- نشیوو پێچە تاکو سەر ئاوی هەواسان کەدەرژێتە سـیروانەوە، زنجیرە کـێوی بەمـۆ لای راسـت- بـەو دیـویدا خێڵـی قەڵخانی- پێدەشت تاکو کـەناری هەواسـان- گـوندی کانیکـرمانج، لەسـەر ئـاوی هەواسـان، لەمـبەرەوە بەناو ئاوی هەواسـاندا، هـەورازە تـەختی، ڕێگـەی خاکو خۆڵ، چەند جۆگەیەك- تەختی بۆ مەیدان- بـنکەی بەخشـە، گـوندەکە لـە نـزمیدا، تـۆڤگە لەسـەرەوە، فەرمانگـەو خانووی میری، لە بانەکەدا.

دێتەوە بۆ دووریان- هەورازو بەردەڵانی، گوندی هۆرین لەبەردەمی قوڕگی بەمۆدا، ٥کم بە دەربەندا، هەوراز بۆ سەرتەك، هەوارگەو سازگار، پڕ لە داری میوەو باخ- ١کم پتر بۆ کانیژاڵەو ئەودیو بەمۆ، گوندەکانی شەمیرانو دیهاتەکانی ١٠ کم بەولاوە، سنوورە.

لوتکەی باکوری خاوەری بەمۆ، لوتکەی خۆشکی بەلای دەربەندو زمناکۆدا- ناو دەربەند، ٢,٥کم- قەڵبەزەو تاشە بەرد، ڕێگەی سەختو قایم، بەناو ئاوەکەدا، بە دینامیت چاکراوە، دوو دیواری چیایەك تاشە بەرد، روو لە ئاسمان، نزیکە سەر لەیەکبدەن، تەسکیو تەنگی، بە ژێر تاشەبەردا، قایمو سەخت.

دێتەوە بۆ گوندی هۆرین، بە ڕێگەی مەیدانو دووریاندا، بادانەوە بەرەو دەربەند بێلوولە- بە ڕێی خۆڵدا، زنجیرە کێوی بەمۆ، لەبەردە متایە، لە کێوەکە نزیك دەبێتەوە، گوندی شاوازی سووتاو- زیخەلانی گوندی باخهەنارە، بە بنارەوە، بەناو ئاوایدا، لە ئاوەکە دەدەیت، هەورازو نشیوی تاکو بێلوولە دەربەندەکەی، بە چارەکی بە ئوتومبیل، بەناو دەربەندا، کێوی لای راستی، پاشەواری مێژوویی، میلی سەرکەوتن، پەیکەری تیروکەوان هاوێژ، منداڵێك، لە ژێرپێیدا، یەکی بە قەڵخانو شمشێر لە سەرەوە پەیکەری مرۆڤی بە پێوە، وەکو میلی سەرکەوتنی نرامسن لە دەربەند گەوری قەراخ- ئانوبانینی، یاخود ئورینیمۆی سۆمەری.

ئەمانە وتەی لەسەرە، ئاو بەناو دەربەندا، دارودرەخت، کانیاوی بن چنار و کونی ختەوە، دێتە خوارەوە- گوندی دەربەند بێلوولە، ١٠ خولەکە بۆ ناو دەربەند، لێرەوە بۆ بنچنارو کونی ختە، ٢,٥کم بۆ سنوور، گوندی نیسکەجار لەمدیو، درۆیی رەوەند بەودیودا، گوندی دەرویشی لە سەر قەسرە- پەیوەستی کرمنشایە.

چاخانەی بێلوولە- ١,٥کم پتر بۆ سنوور بۆگوندی باوێسی.

**خانەقین- مەندەلی**

٨٨کم- لە باقوبەوە- بعقوبە- ١٠٥کم- مەندەلی- مەند- وەستاو- نید- نەوی- چین- جێگە جێلێژ- وشەی مەندولێژ- مەند ئەلی- مەندیتکان لە مرووەوە واتا زۆرە.

دووریان- بنکەی بەخشی کەنعان- لەسەر جۆگەی کەنعانە، چۆلیو سوێرەکات- بنەی بەخشی بەلەدروز- بەلەدرۆز- لەسەر جۆگەی بەلەدروز- بەرازەروز- ٤٧کم بۆ مەندەلی-

بیابانو چۆڵی کرك، پردی کراوه لەسەر ئاوی گەنگیر- وشکە لە هاویندا، لە پێشدا ئاوی زۆر بووه، ئاوەکەی میری ئیران لایداوەو دایبڕیوە- شارێکی مێژوویی کۆنە، پاشەواری چەرخی ساسانی تێدایە، وەکو قەلاسپی، ترساق، لەناو خێڵی قەرە ئۆڵوس- قەڵەوس- کە چەند تیرەیەکن.

گچینە، قەیتوول، کوناره، هەواسی، کەپریان- قەلاسپی- لای گوندی کەپریانە- مۆناتی شارەکە ٥٠ هەزار کەسە، چەند گەرەکێکە.

قەلعەبالی، قەلعە جەمیل، بازاری گەوره، بازاری گچکە، تێکەڵە لە کوردو تورکمانو عەرەب- زۆرینەی کورده لە شادروان- ئاسیاوەکەی وەکو تاڤگەیەکی گچکەیە، شوێنەکەی، کەمی بەرزە، باخی زۆره، دار خورماو دار هەناری هیچگار زۆره، ملیون دار خورمایی هەیە، شاری ملیون دارخورمایە.

لە شوێنە ئایینیەکانی- شێخی مەندەل، باوە حافز، سەیرەحمان، شوێنی بابە تایەری هەمەدانی لە گەرەکی قەلەمحاجی کاکەیی، بەکتاش- مەزارەکەی رماوه، بازارێکی چاکی هەیە، کۆنترین بازاری، گوزەری هەواسییە- پەنکو خەرارو کلاشو پێشەسازی دەستی ناسراوه، نووسراوخانەی گشتی هەیە، فێرگەی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی کوڕانو کچانی تێدایە، پرۆژەی کارەبای هەیە، ئاوی لە مەنسورییەوه بۆ دێت، بە جۆگە.

هەنوکە بێئاوه، لە بەلەدروزەوە بە تانکەرو ئوتومبیل ئاوی بۆ دێنن.

**مەندەلی- باوە گورزین**

ئارامگەو مەزاری پیرۆزی، دانیشتوانی دەڤەرەکەیە، لە رۆژانی هێنی مانگی رەجەب ئەچن بۆ دیدەنیو سەیران، لە قەلەمحاجی کاکەییەوە بۆی ئەچێت- رێی قەزانییە، بنەی بەخشی قەزانییە، کوردو تورکمانو عەرەب تێکەڵە.

لە مەندەلییەوه- بە قەلەمحاجی کاکەییدا ١١کم بۆ قەزانییە لای چەپی رێگە- قەلاسپی نزیکی گوندی کەپریان، دوو گوندی کوردن، پاشەواری مێژوویی تێدایە، دووریانی گورزەدین- باوەگورزین- ئاوی چۆمی گەلاڵ، لە پشتکۆوە، دێت بۆ شارۆچکەی بەدره، رێی بەد- لای راستی قەزانییە، بەشوێنێکی کەم بەرزییەوە - گۆرزین- خەوابگەو ئارامگەو گۆری گەوره، ناوەندەکەی گۆری پارسایە، شوێنی حەسانەوەی هەیە، رارەوو هەیوانی هەیە، بە چوار لایدا، رۆژانی هێنی و رۆژانی مانگی رەجەب، بۆ دیدەنی دێن، پیرۆزگەیە، بە پارسا ناسراوه، گوندی ئەحمەدی، عەرەبن ٢٠ خانەیە، لەسەر ئەم ئارامگەیە دەژین، خانوو دەدەن بەکرێ، لە کاتی دەیدەنیدا.

گوندی دوو شێخ، سەرووی قەزانییە، لەسەر چۆمی گەلاڵ بەزاری لوڕی ئەدوین، شوێنەکەی تۆزی بەرزە، لە قەزانییەوە، نزیکە، قەزانییە بنەی بەخشە، دوو گەڕەکە چاپیو سەرای.

لە خانەقینەوە بۆ مەندەلی- لە رێی نەوتخانەوە کاتونیویکی دووریان- گوندی پەڵکان- هەورازو نەوی، گوندی کانیماسی، پەنچئەلی، چەمە نەوت، قەشقە، مەکەوتوو، بە بەرزییەوە، پاسگەی پۆلیسە، لێرەوە مەندەلی دیارە، کانیاو قامیشو قەرەم، گوندی گێچینە، گوندێکی مەزنە، گوندی چەرمەوەندی، کۆنارە، پەنکۆکە- ئەگەیتە مەندەلی.

خێڵی قەڵەوس- چەند تیرەیەکن- گیچینە، فەیتول، کۆنارە، هەواسی، کەپریان.

**خانەقین- نەوتخانە**

لە دووریانەو- شەقامی قیر- پێدەشتی کراوەی کۆزەرەقە- گردۆڵکە- گوندی پەڵکانە، لای راست لە پەنا گردا، نشیویو هەورازو نەوی بەناو چینی گردی نیشتوو‌ییدا، لوولەی نەوتی راکشاو، لای رێگە، پردی اسیاو، گوندی کانیماسی لای راست، زنجیرەی چیای باغچە، ئەودیوی سنوور، خێڵی سنجابی، بەهاران، دەیکەن بە هەوارگە- خڕی میلو گۆم- شوێنی پەنجئەلی- ناو گردو بەردەڵانی- خڕی نەوتشاو نزمایی ئەوبەری کانیخاسان- نەوتخانە، بە بەرزییەوە، بیری نەوتە، بە لوولە دەبرێت بۆ پاڵیوگەی وەند- پالشگە- ١٩٣٢ دامەزراوە، دوای ١٩٥٨- بووە بە دامەزراوی میری ٢٧کم لە نەوتخانەوە دوورە، ٣٤٠ کارگەرو ٦٣ کارمەند لەم ژمارەیە، ١٠ ئەندازیاری تێدایە.

بەرهەمی ٣٨٠- ٤٣٠ هەزار گاڵون نەوتی هەیە، لەمە ٢٠٪ بەنزین، ٢٠٪ کیروسین، ١٨٪ نەوتی سپی، ٩٪ تاکو ١١٪ گازوئیلە، ٤٠٪- ٤٥٪ نەوتی رەشە، ٥٠٪ کەمتر نەوتو قیرو گازە.

نەوتشای ئەودیو سنوور، زەوییەکانی نزمە، ئەوبەری نەوتخانەیە- نزیکە، ئەمبەرو ئەوبەرن، چۆم لە نێوانیاندا.

**کەرکوک- بەغداد**

٢٦٠کم - شەقامی بەغداد- وێستگەی تەلەفزیونی کەرکوک- بەخشی تازە خورماتوو- ٢٠کم- بۆ بەغداد- ٢٤٠کم- زەوی نەوتی جانبۆر- ٢٣٠کم دەمێنی، گوندی ١٧ تەمموز- پردی گچکە، نزیکی داقوق- تاوغ- ١٦٣کم بۆ دەلتاوا- دەوڵەتاوا- خالیس- ٢٢٠کم بۆ بەغداد.

تـاوغ- داقـوق- گۆری زینەلعابدین، گۆرستانو ئارامگە- پردی درێژی کراوەی داقوق- ٢ پـرد، یەکێکیان درێـژ، بـەرەو دوز- ١٩٠کـم بۆ بەغداد- ١٣٣ کم بۆ خالیس- دەڤەری دوزی ئاوەدانـو حەسـاوگەو چاخانەکانی- پـردی ئاقسوو- ئاوەسپی- رۆخانە- ١٩٦٢ دروستکراوە، پردێکی درێـژە، لـە نزیکی دوز- ١٨٠کم بۆ بەغداد، ١٢٣ کم بۆ خالیس- دووریانی کفری- رێی خۆڵە.

لـە کەرکوکەوە بـۆ کفـری ١٢٠کـم لـە دووریانەکـەوە- ٣٧کـم بـۆ کفـری- دوای سلیمان بەگ.

لـە دووریانـەوە- پـردی قوریچیا، وشکە چۆم- بـۆ قـاهیرە- تـەل ئەخـزەر- کنگـریان- کارێـزەی دەڵـو- پـێچ- کفـری- دێیـنەوە بـۆ- پردی سلیمان بەگ- شەمەندەفەر بە ژێریدا دەروات، بەخشی سـلیمان بـەگ بـەملادا، ئـاوی بیر بەکار دەهێنن- ١٧٠کم بۆ بەغداد، ١١٣ کم بۆ خالیس.

دووریانـی ئامرلی- پـردی درێژ- پاسگەی کێوی هەمرین- هامرین- زەوی گردۆڵکەیی نامـێنی- ١٤٠ کـم بـۆ بەغـداد، ٨٣کـم بـۆ خالـیس- پاسـگەی ئینجانە- ناوچەی گردۆڵکەیی بەجێ دەهێلی بەرەو عزیم- حەساوگە- ١٣٠کم بۆ بەغداد، ٥٣کم بۆ خالیس- دەلتاوا- ٦٧ کم بۆ بەغداد- لە ڕێگەی نوێوە، ٥٧کم.

بەخشـی هەبهـەب- ڕێگـەی جیزانـی ئـیمام- غالبیـیە- راشـدییە- تاجـی- عیوازیـیە- بەغداد.

**مووسڵ- تەلەعفەر- شەنگار- سنجار**

١٢٦کـم- رێـی قـیر- کـوورەگەچ لـە هـەردوولاوە، گۆرسـتانی مووسـڵ، بڵـندو نـەوی- دووریانــی کارگــەی چــیمەنتۆ، پێشــی دووریانــی بــادوش، ویســتگەی شــەمەندەفەری سابرنییە، گـوندو ئاوایی لـە هـەردوو لای رێگـە- دووریانـی زەمار- گوندی ئەبو مارییە، دووریانـی تەلەعفـەر- تەلەعفـەر- تـەل عەفـەر شارۆچـکەیە- ٦٩کـم لـە مووسـڵەوە، بـۆ سـنجار- ٥٧کـم- تەلعەفـر- لـە سـەر دووگردە، شیو لە نیوانیاندا، لە هاویندا وشکە- پردی کـراوەی گچـکە، هـەردوو لای بەیەکـەوە بەسـتووە، بـەری ئەوبـەری ئاوەدانـە،بازارو فـرمانگەو فەرمانگـەو فێـرگەو تـیمارگەی تـێدایە، پـرۆژەی ئاو، لە پێشی شاردا ئەبینی، پـرۆژەی کارەبـای هەیـە، ماوەیەکـە لـە رۆبـاری دەچـڵەوە، ئاوی بۆ هاتووە، خانووەکانی، بـەردو گەچـە، وەکـو خانووەکانـی شـاری کەرکوکە، باخـی گـەورە، لـە خوارووی شارەوە، بەرو پشتی شارەکە سەوزاییە، کشتی کەمە، لەبەر بێئاوی.

**تەلعەفەر – سنجار**

٥٧ کم- لە گوندی عەبـروی گچکەوە- عەبـرەی گـەورە، دانیشـتوانی تـورکمانن، لـە خێڵی ئالێبەگ، گوندی عەیزولای تورکمان، گوندی سینو، باخو فیرگەی هەیە، دووریانی بەخشی سنون، گوندی عەینو- شـەبابیت، پاسـگەی سـەر رێی- رێی قیرو تەختی چیای رووتەنـی شـەنگار ئەبـینی، لـە دامیـنەوە، گـردە نزیکەکانی- گوندی ئیزدییە وەکو- خان دوای بەسـێخان- گـوندی هەمەدانـی ئیزدی، هی خدر حەسۆ، لای چەپ، ٣ گوندی سۆلاخ لای راسـت، یەکێکـیان لـە سـەر گـردێ- باخـو ئـاوی سازگار و شـیرین، گۆرسـتان پێشـی شەنگار.

شـەنگار- ژەنگـار- سنجار- بنەی شارۆچکەیە، لە سەرگردە، خانووەکانی بەردو گەچە، فێـرگەی سـەرەتایی، ناوەنـدی تـێدایە، کوردی ئیزدین، کەمی خریستیانی، باخو چاوگی ئـاو، لە خوارووی شارەوە- گەرەکی پیرزەکەر گۆری زەینەب کچی عەلی کوری ئەبی تالب د.خ.

گەرەکەکانی:

بورج، ئیزدییە، بەرۆژ، بەرسەهی، سەرایە.

**سنجار – کەرسی –٨٥کم**

سـنجار- گـوندی مامـیس، بـە پـێ لـە چـیاکەوە- ٤٠کـم- بەلام بە رێی ئوتومبیل- دوو کاتە- ٨٥کم.

گوندەکانی گەلی کەرسی:

ئەتو، تەلحەمدین، شامیکا، مامیس، بەخشی پێشوو، مەلاك، سمیهیزتر، کولکان.

ئارامگەو خەوابکەکانی:

١- تیب قاسم، شێخ قاسم، نزیکی سمیهیستر.

٢- شیشمس- شێخ شەمس، نزیکی چنری، لە خواراوای گەلی.

٣- شێخ مەند- نزیکی حەلیفی، خاوەری ئارامگەی شیشمسە.

٤- ئامادین- نزیکی شێخ مەندو باشوری.

٥- خاتو فەرخە- مەزنی مندالان، لە ناوەندی گوندی حەلیفەدا.

دیدەنی ئارامگەکان، لە ناوەندی وەرزی پایزدایە، هەمووی شێوە گومەزیو خڕگە، لە بەردو گەچ، دروستکراوە، هەموو ساڵی سپی ئەکرێتەوە.

**چاوگی ئاوەکانی گەلی:**

١- **کەهێنا ژووری- لە گوندی مامیس.**

٢- **کەهێنا دەعدوش- لە گوندی مەللەك.**

٣-**کەهێنا پیراخایی- پیراخایا لە گوندی کولکان.**

٤- **چراڤا حاهەیسی- حاهیسی- لە گوند مامیسە.**

٥- **کەهێنا هتو- حتو- لە گوندی مامیسە.**

**پاشەوار**

١- **گۆری کۆن- ئیزدی نین- ملکی توربا.**

٢- **دێرە فەلەها- بەرانبەری گوندی مەللەك، پاشەواری دیارە.**

**بەرهەم- لە نزیکی مامیس، خەڵوزی بەردی هەیەو بەکار دەهێنرێت، لە لایەن شوانەکانەوە.**

**لە گوندی مەللەك، سمیهیستر، کولکان- دار هەنجیرو هەنارو سیوو قۆخو هەڵوژەو قەیسی، رەزی مێو، زۆرە، داری میوەی تریشی، هەیە.**

**تووتن، تەنانەت درەختی بۆ ئەبڕن، بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگیرێت.**

**داری جەنگەڵی، بەڕوو، گوێز، قەزوان، چەقالەی هەیە.**

**رێی ئوتومبیل- لە سنجارەوە تاکو سەنابیت، ڤیرە، لێرەوە تا براتە، ڤیری باشینیە، لە براتەوە بۆ سنوونی، ڤیرە، لە سنوونییەوە بۆ مامیس، ناو گەلی، ڤیر نییە، پێچەو شاخاوی، ئوتومبیلی پێدا دەروات، دوای مامیس ئوتومبیل ناڕواتە بیراخایاو مەللەك.**

**ئەم ماوەیە ٤کم بە پێ- لە پێش گەلییەوە تاکو مامیس ٢کم. بە پێ ١٥ خولەکە، لە مامیسەوە بۆ مەللەك ١٥ خولەکە- بۆ بیراخایا ٢٥ خولەکە بەپێ، ٢کم نابێ.**

**لە بارانو کانیاو، زەوییەکان ئاودێر دەکەن. لافاو جۆگەکان تێکدەدات، لە دەڤەری کەرسی- ڤەیدی بە تایبەتی ئاوی چاوگی پیراخایا، دەرژێتە چاڵاوێکی گەورەی قووڵەوە ١٧٠م، لە هەموو ئاوەکانی خۆشترە و لە هاویندا ساردە.**

**هەوارگەکان**

**ئەم گوندانە هەوارگەن- مامیس، پیراخایا، گەرەکی، رێی چاکردنە بۆیان لە چیاکەوە، زۆر نزیکە، گازینوو ئوتیلی بۆ دروستبکرێت لە سەر رێگەکە، داربڕین قەدەغەبکرێت.**

جێگەی تـریش هەیـە بـۆ دیدەنـی، سـەیرانگە، وەکـو دێـر ئاسـی، ٥کم لە سنجارەوە، بـەدەیان خانـووی لەبـەرد تاشـراوی تـێدایە لـە چـیاکە، بـە شـیوەی ئەندازەیـی، چگە لە ئەشـکەوتی- قەچـراغ- وەکـو ئەشـکەوتی جعیتای لوبنانـە- بیروت، ئاو لە سەرییەوە دێتە خـوارەوە، کۆتایـیەکەی نازانـرێت، نشـتنی ئـاو کاریکـردۆتە بەردەکانـی، شـیوەی رەنـدو رازاوەی وەرگرتووە، بەکرداری کردگاری ئافەرین، سروشتی هیچگار پەسەند.

## هەولێر- دیبەگە- کەندیناوا- مەخمور

٧٠کـم - هەولێـر- دیـبەگە- کەندیـناوە-٤٢کـم- لـە گەرەکـی ئازادیـیەوە، بائەداتەوە بە شـەقامی قـیردا، گڵوزیخ- گـوندی قوریـتان، لـە پێدەشـتی دێمـدا، کـووره خشـتەکان- رێی خاکـو گـڵ- گۆرسـتانی ئاغاکـان- ئارامگـەی پـیرداود- گـوندی پـیرداودی نزیکی- بەرهەمی سـەرەکییان دانـەوێڵە- گـوندی مـەنارە- زورگـی دیـبەگە، بەرزیـو نـزمیو پێدەشت، بنەی بەخشی دیبەگە- کەندیناوا-خانووی قوڕو دواکەوتوویی، ناوگوند قیرتاوەو لێژە، کارەبای نیـیە، ئـاوی کارێـزو بـیر دوخـۆنەوە- دیـبەگە- کەندیـناوا- مەخمـور- ٢٥کـم- دەشـتی کەندیـناوا- گـوندی کەندالّی چوول- هی سمایلاغا- هەوراز- چاخانەی مامهێنی- دەربەند بازارگـە، لەچیای بەردینی رووتەنی قەرەچوق، لێرەوە مەخمور، دیارە، مەزاری برایماغا خاوەنـی دوژی بـرایماغا لەسـەر گردێکـی نزیکـی شارۆچـکەی مەخمـور، دیـارە، دەشـتی قەراج- مەخمور.

## مەخمور

بـنکەی دەڤـەرە، مۆناتـی ٣ هـەزار کەسـە، فێـرگەی سـەرەتایو ناوەنـدی تـێکەلاوی تـێدایە، شـەقامەکانی قـیرە، لۆکنـتەو چیشـتخانەی تـێدا نیـیە، لـە کـەناری چـەپی زێـی گچکەیە، ١٨کم، پرۆژەی ئاو لە زێوە بۆی دابین کراوە، کارەبای هەیە.

## کەرکوک- دووبز

لـە ئەرەفـەوە- کۆمپانـیای کارگـەی خشـتی ئوتوماتیکی- دوورپانـی فەتحـە- گـوندی باجـوان- قەرەهـەنجیر- گـوتان- قوشـقایە- قـەرەدەرە- دووبـز- گوندیـنوێ، خانـووی بـاش- شـەقامی قـیرو رێك، خانووی کارگەو کارمەندان- بنەی بەخشە- دەپەرێتەوە بۆ ئەوبەر- پـردی درێـژی ئاسـن لـە سـەر زێـی- رێگـە لێـرەوە بـۆ پـردی- ئالتونکوپـری، بەندەکـە ١٠ خولەکە لە بنەی بەخشەوە. لە کەرکوکەوە- بە ئوتومبیل نیوکاتە ٣٠کم.

**مووسڵ- بەغداد**

٣٩٨کم -زاکە- کارگەی چیمەنتۆ- گوندی عەریج- دووریانی حەمام عەلیل- ٢کم- گوندی سەفبتوت- بەرانبەر نەمرود- ڕێژەنی زێی- مەخلەت- گردەکانی ناسر- گەیارە- پاڵیوکە- لەسەر ڕێگەی شەمەندەفەر- دووریانی حەزەر- ئورگیە- کۆشکی مشعان فەیسەل- بەخشی شرگات، گوندەکانی جرناف، کۆشکی عجیل یاوەر- شرگات- دبز- بادیە و چۆڵیو بیابانی دوورگە، ڕێی بەد- دووریانی بیجی سەربە بەغداد- تکریت- بەنداوی سەرسار- دەرگاو بەنداو- بۆ کەمکردنەوەی مەترسی لافاو بۆ سەر بەغداد، بۆ کۆکردنەوەی ئاو- بۆ هاوین- سامەرا- سامرێ- شاروچکەیە.

سامەڕا- سامرێ- ١٢٢کم لە بەغدادەوە- ڕێی قیر، لە باکوری بەغدادەوە- گۆڕو ئارامگەو خەوابگەی پیرۆزی پێشەوا عەلیهادی، حەسەن عەسکەری، ترگزخاتونی خێزانی حەسەن عەسکەری، حەلیمەخاتونی خوشکی پێشەوا عەلی هادی کچی پێشەوا جەوادی لێیە.

قوبەی زێڕو خڕگەو٢ ڕۆشنگە، قوبەکانی، زەرکەشە، پەیکەری سەرباز لە بەردەمیدا.

پرۆژەی سەرسار ٢کم لە سامەڕاوە- ٢٧٠کم بۆ مووسڵ- سامەڕا- لە چەرخی موعتەسم کوری هارونە رەشید، کرا بە پایتەختی جێنشینانی ئەباسی، لە کۆشکی ئاشق، دوایی گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد، ڕۆشنگەو پێچۆکەکەی نزیکی مزگەوتە کۆنەکەیە- ئەچێتە ناو شوورەکەوە، ژوورەکانی نەماوە، شوێنی نوێژگەی ماوە، ٢ دەرگا لەملاو لەو لایەوە، ئەمە مزگەوتی موتەوەکیلی ئەباسییە ٨٤٩ز، دوژەکانی دەرەوەی کە بە شوورەی مزگەوتەکەوەیە دروستکراوە، دیواری شوورەکە ٢م پانە، ١٠م درێژە- بە پێپیلکە سەرئەکەوێ بۆ بنکەی ڕۆشنگە پێچۆکەکە پێپیلکەکان ٢م پانە، بەرزییان لەیەکەوە ٥ سم- ٥٠سم پانو ٢م درێژە.

لە خشتی سوور دروستکراوە، تاکو سەرئەکەوێت، بەرزی پێسلکە ئەبێ بە ٧سم- تاکو ڕێرەوی دوژەکە پێپیلکەکان تەسك ئەبنەوە، پیپیلکەی سەرەوە، سەری گیراوە وەکو تونیل، کونی هەیە، لووتکەکەی بازنەییە، تیرەکەی ٥م.

دوژەکە لە دەرەوە، کەوانەیی بە چاڵدا چووە، جێنشینان بە سواری ئەسپ، سەرکەوتوون، ٩ پێچە، بە بنکەکەیەوە- دیواری شوورەکەی چەرخەی چەماوەیە،

مـزگەوتەکە، شـوێنی بـەرزە، بـەلای کومپانـیای دەرماندا، بۆ لای مزگەوتی ئەبی دەلەق، تاقەکانـی بـەرز، سـەری مـاوە، ١٠م درێـژ لە بەرزاییدا، لەسەر  ڕۆباری دەچڵە، پاشەواری شوورەو کەلووی دوژەکە، ماوە، ماوەیەکی فراوانی، هەیە، پشتەوەی خانووە.

کۆشـکی ئاشـق- لـە بەرزیـیدا، لە پەری ئەوبەری دەچڵە، کۆشکی فراوان، ژووری زۆر، نهۆمـی خوارەوەیـو دیوارەکانـی نهۆمـی سـەرەوەی رووخـاوە، پێپیلەکانـی، بـە کونـێکدا ئـەروا، کەلـووی دوژەکەی، لە گۆشەکاندا، ڕێرەوەکانی، لێی سەرئەکەون بۆ ژوورەکان، لە دەرەوە، کۆڵەکەو پاڵپشتی دیواری شوورەکەی ماوە.

### سامەرا- بەغداد

١٢٢کـم -پـرۆژەی سەرسار و پـردی سـەر بەنداوەکـە- کارەبا بـەرەو بەلـەد ٦کـم لـە ڕێگەکـەوە، بە ڕێکی هێڵی ئاسن لای راست- شەمەندەفەری ڕێی مووسڵ- تارمییە- تاجی- کازمییە- ئەعزەمییە- بەغداد.

### بەغداد- سەلمانپاک

٣١کـم - باشـوری بەغـداد- ڕێـی کووت- پردی دیالە- سەلمان- بنەی بەخشەی، ئارامگەو خەوابگـەی سـەلمانی فارسـی- حەوشی فراوان، گۆر لە ناوەندا، ناوەندی شارۆچکە، فلکەی هیلکەیـی، گـۆرەپان، فـوارەی ئـاو، لـە چـەرخی موستەنیسـردا، ئارامگەکـە، دروسـتکراوە لەتەك مزگەوتی موستەنسیرییە- تاقیکیسرا بەرزو قایمو پتەو، سەیرانگەو دیدەنی.

تاقـی کیسـرا- ٣٠کم باشوری بەغداد، پاشەواری ساسان- بەرزی ٣٠م، درێژی ١٤٨م پانی لـە خـوارەوە، لـە بـنکەوە-٧م چـەرخی ٣ز- تیسـەفون لـە کـەناری دەچـڵە، باشـوری خۆرهەلاتـی بەغـداد- بـریتی بـووە- لـە سـلوقییەو تەیسەفون، خیوەتو ڕەشماڵی خێڵەکی عەرەبـی، نەریـتو رەوشـی رەسـەنی کـۆنمان دێـتەوە یـاد، چاخانەی میللـی، شەقامو دارو درەخـت، لـە هەردوولایـەوە، یاریگـەی مـنداڵان، دیمەنـی رەنـدو دلگیر، پەیکەری ئافرەت لەبەر دەمی تاقەکەدا، پەرژینی تەلی چینراو، کۆڵەکەی کۆنکریتی، بە بەروپشتیدا.

### بەغداد- کەربەلا

٩٨کـم- کـۆری نـەمـر- دووریانـی قـرگە- ١٧کـم- بەخشی یوسیفییە- پاسگەی حورییە، شارۆچـکەی مەحمودیـیە- دووریانـی گـوندی ١٤ تەممـوز- کارگەکانـی ئەسـکندەرییە- سـنووری ئوسـتانی بابـل- حەسـوە- دووریانـی حـیلە- بەغـداد- ٩٥کـم- بەنداوی هیندییە،

بەرێکی هێڵی ئاسندا- شارۆچکەی موسەیب، لائەکاتەوە بەلای راستدا- پرد- ١٠٠کم- بۆ نەجەف، ٢٣کم بۆ کەربەلا.

بەناو باخی خورمادا- دووریانی حسینییە و پێشەوا عون- ئارامگەکەی، لە یارانی پێغەمبەر بووە د.خ.

بەناو زەویو باخدا- خاکی کەربەلای پیرۆز- گۆرەپانی ئەتەف، ئەبو زەری غەفاری، پێشەوا عەلی، کۆری پێغەمبەر، ناوەندی شار، شەقامی حەرەمەین، نێوانی خەوابگەی پێشەوا حسینو عەباسدا.

دووریانی نەجەف- گۆمی رەزازە، کۆشکی ئەخیزری مێژوویی، کۆشکی رێی نەجەف، ئارامگەی حسین د، ئەو ٧ گەشمەردەیەی لە تەکیا بە بەهەشت شاد بوون- قاسم کوری حسین، هاوکارییوو لە جەنگی ئەتەف- عاشورا- ١٠ مانگی موحەرەم ساڵی ٦٠١ لەتەك سەرداری خێڵی بەنی ئەسەد- حەبیب کوری مەزاهیر ئەسەدی کورانی حسین- عەلی گەورە، ئەبدولا، گورپەی نێژراو- لە رێی حسیندا د، شمری کوری زیجەوشەن، کوژەری پێشەوا حسین.د.

سەری بە شیر لە لاشەکەی جودا کردەوە.

چیرۆکی ئەم کارەساتە، واتای زۆری لەسەرە، بە تایبەتی لەسەر کەللەی حسین.د. هەندێك ئەلێن لە شامە، یا لە قاهیرە، یا لە کەربەلا، دوای ٤٠ رۆژ هێناویانەتەوە لای لاشەکەی.

سەحەنەکە- چەند دەرگایەکی هەیە، دەرگای بەهەشتیان- الشهداو دەرگای قاچی الحاجات، القبلە، الکرامە، هەیوانەکەی میری دروستکردوە- سەحەنەکە، لە چەرخی بوەیهیدا کراوە، ١٢٠٠ز، قوبەخرگەکانی زەرکەفتی زێرن، درو لوولوو لە ناوەوە.

ناوی ١٢ پێشەواکەی لەسەرە:

| ت | ناو | لە دایکبوون | کۆچکردن |
|---|---|---|---|
| ١- | پێشەوا عەلی کوری ئەبی تالب | ١٣ رەجەب | ٢١ رەمەزان |
| ٢- | حەسەن زەکی | ١٥ رەمەزان | ٧ سەفەر |
| ٣- | حسین بەهەشتی | ٣ شەعبان | ١٠ موحەرەم |
| ٤- | عەلی سەجاد | ٥ شەعبان | ٢٥ موحەرەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥- | موحەمەد باقر | ١ رەجەب | ٧ زیحەجە |
| ٦- | جەعفەر سادق | ١٧ رەبیعی١ | ٢٥ شەوال |
| ٧- | موسا کازم | ٧ سەفەر | ٢٥ رەجەب |
| ٨- | عەلی رەزا | ١١ زیقەعیدە | کۆتایی سەفەر |
| ٩- | موحەمەد جەواد | ١٠ رەجەب | کۆتایی زیقەعیدە |
| ١٠- | عەلی هادی | ٢ رەجەب | ٣ رەجەب |
| ١١- | حەسەن عەسکەری | ٨ رەبیعی٢ | ٨ رەبیعی١ |
| ١٢- | موحەمەد مەهدی- الحجة القائم | ١٥ شەعبان | زیندووە |

### گۆمی رەزازە

١٨کم لە کەربەلاوە- بەلای هێڵی ئاسندا- گەرەکی تەعلییب- کۆری حورِ رەیاحی- دووریانی کۆشکی ئەخێزری مێژوویی، دەریاچەی ناوبیابان- گازینۆی ناو ئاوو کەنارەکانی، لەو وردو بەردی نیشتوویی- سەیرانگە، با لە خۆراواوە بە سەریدا دێت، فێنك، بە پێچەوانەی دەریاچەی حەبانییە، سوێری زۆر ئەبێ، لەبەر کەمی ئاو، ئەبێ هەڵم، کزی رێژگە، دەڤەری سوێرەکاتە.

### کەربەلا- نەجەف

٨٥کم شەقامی قیر بەلای خانە کۆنەکەدا- کە حەساوگەی کاروان بووە، لە کاتی خۆیدا، خانی حەماد-٣٥ کم ئەمێنی بۆ نەجەف، ١٠٠ کم بۆ دیوانییە- قادسییە- پشتینەی سەوزی شاری نەجەفی پیرۆز- النجف الاشرف- گۆری خانوو لە سەرکراو- حەساوگەی نەجەف پێشی شار- شەقامە سەرەکییەکانی، فەرمانگەکانی- چەقی شار، وشەی نەجەف- واتە مۆم- رۆشنایی- ئارامگەو خەوابگەی پێشەوا عەلی کوری ئەبی تالب د.خ، خەرگەی بڵندی زەرکەش، چەرخی بوەیهی دروستکراوە- ١٢٠٠ز، بەخشی کفل- ئارامگەی موسلم کوری عەقیل کورِی ئەبی تالبی، تێدایە، مزگەوتی کۆن، شەقڵی کۆنو نوێی پێوەیە.

کوفه- پێتەختی جێشینی ئیسلامەتی بووە، لە چەرخی پێشەوا عەلی د.خ، بەر لەوە ئوستان بووە، لە چەرخی عومەر کوری خەتابدا ر.خ، ساڵی ١٧ك- دروستکراوە بە فەرمانی ئەو شاری کوفەو بەسرە بناخەی دانراوە، کۆشکی میریتی، خانووی جێشین لە پشت مزگەوتەکەوەیە، مزگەوتەکە ١٨*٧م، ساختمانەکەی کۆنە، نوێکراوەتەوە لە لایەن حاجی ئەبود شەلاشەوە- ١٣٧ك- ١٩٥٠ز، کۆری مزگەوتەکە، فراوانە، ئارامگەکە، لە کۆری دووەمدایە، رێرەو هەردوو گۆرەپانەکەی بەیەکەوە بەستووە، راڕەوەکە، رۆشنگەی لەسەرە.

موسلیم کوری عەقیل، نمایندەی حسین بوو د.خ- لە کوفە کوژراوە، گۆری موختار کوری ئەبی عوبیدەی سەقەفی، یارمەتدەری حسین بووە د.خ- لە نزیکی ئارامگەکەیە، لە ناوەندی سەحەنەکە- کۆرەکە- چاڵاییەکی هەڵکەنراوی تێدایە، گومانە- کە کەشتی نوح لێرەدا وەستاوەتەوە، لەو بەری ئارامگەکەوە- تەرمی راکشاوی- هانی کوڕی عدوەیە.

دێتەوە بۆ پردی کوفە- لەسەر ئاوی فورات- رێی حیلە- بەخشی کفل- حیلە- پاشەواری کیش- مەحاویل- گوندی نوێ- لەتیفییە، مەحمودییە، دووریانی دۆرە- ٧کم، گەرەکی سەیدییە- بەیاع- دووریانی فرگەی جیهانی- مزگەوتی ئوموتبول- کۆری نسور- بەغداد.

**بەغداد- کوت- ١٧١کم- بەسرە- ٥٤٥کم**

پردی نوێی دیالە- زەوی سازکرا بۆ کشت بە شیوەی یاسای پەخشی- بەزل- دووریانی سەلمان- ٩کم- بۆ سەلمان ٢٢کم لە بەغداوە- پرۆژەی مرداری-Poultry- سوێرە- ١٣کم- حەفرییە- باخەکانی- مەڵبەندی تەندروستییەکەی- بەخشی عەزیزییە- پێشەوە رازاوەکەی- بەناو عەزیزییەدا شەقامو فرۆشگەو چاخانەو فەرمانگە، لە سەر کەناری دەچڵە- ٨٥کم- لە بەغداوە- دووریانی پرۆژەی واسیت- دووریانی زبیدییە- زەوی بەکەڵك- دەبونی- مەڵبەندی تەندروستی ٨٥کم- دووریانی نەعمانییە- ٨کم- دووریانی بەدرە- ١٧١کم- پاسگە- ٥کم بۆ کوت، بۆ ناسریە- ١٧٩کم. کوت بنکەی ئوستانی، واسیت- ١٧١کم لە بەغدادەوە، مۆناتی ٢٩٠ هەزار کەسە.

**بۆ عەمارە**

١٩٦کم- کوت- عەمارە- ١٩٦کم- بەزەوی کشتوکاڵدا- پاسگەی چەباب- لەوەرگەو

کێڵگەی گەنم، نزیکی کەناری دەجلە- چاندنگەی شێخ سەعدو بنکەی بەخش- دەڤەری عەلی غەربی- بەخشی عەلی شەرقی- کمیت- شاری عەمارە- میسان- لە بەغدادەوە ٣٩٤ کم- پێشی شار- دووریانی شارۆچکەی مەیمونە ٨کم- لە عەمارەوە- لە دووریانەوە- ٢٣کم بۆ بەسرە- ١٧٩کم- پردی مشرەح- پردی کەحلا- کێڵگەی قامیشی شەکر، بۆ قەلعە ساڵح- ٤٤کم- شارۆچکەی قەلعە ساڵح- عزیر- شارۆچکەی قورنە- پردەکەی- داری ئادەم- چەقاندنی سەرەکی پاشەواری- بەهەشتی ئەدەن- Eden Garden- لەسەر زەمیندا- ئیبراهیم خەلیل، نوێژی تێدا کردووە- ٢٠٠٠پ.ز، لێرەوە بۆ جبایش ٤٥کم- لە عەمارەوە- ١٠٧کم- کۆمپانیای پەرە- گەرمەو پردەکەی- بەسرە.

**بەسرە- سەفوان**

٤٨کم بۆ کوێت ١٦٨کم- بۆ زبیر ٢٠کم، بۆ ئەبو خەسیب ١٩کم- بۆ بەغداد ٥٤٥کم- بۆ فاو ١٠٥کم- بۆ ئەبادان ٤٥کم.

بەسرە- ئەبوخەسیب ١٩کم- بەناو باخی خورمادا- پردی خۆرە خیزاوو نیشتاوی بەکەڵك- ئەبو خەسیب- کوڕی مەنسور متوەکیل- فەرماندەی موعتەسم- لە ڕۆبار دەپەڕیتەوە- حەمدان- حەمزە- سلیبیات- پردی دەرگا سلیمان- ڕێی قیرنەکراو- خانووی حەسیر- سەریفە- نشینیانی ناوباخ- ئەبی مەغیرە- مەڵبەندی تەندروستی، بازار- پرد- ئەگەڕێتەوە بۆ ڕێی بەسرە- ڕێی بیابانەو چوڵییە.

**بەسرە- زبیر- ٢٠کم- سەفوان- ٤٨کم**

دووریانی ئوم قەسر- دارگەز- ئەسەل- شوینە مزگەوتی پێشەوا عەلی د.خ، پێشی زبیر- زبیر کوڕی عەوام لە کوڕی سەعدی کوری ئەبی وەقاسەوە لە بەسرەوە بۆ زبیر- ١٦ کم- بۆ کوێت- ١٦٤کم- بۆ بەغداد- ٥٤٥کم.

لە نزیکی مزگەوتی پێشەوا عەلی لای چەپیدا- ئارامگەی تەلحە کوڕی ئەبدولا- ژوورو گۆڕو ئارامگە- ٢*٥م- بنمیچی، خرگەی گچکەی نزم- ڕێی سەفوان- درەختی تەلبەندکراو- قیرتاوی بیابان- حەساوگەی کارگەی خشت، دوای دارگەز- بیابانو چۆڵیو لی ورد- زەوی نەوتی رمێلە- ئاگرەکەی لای ڕاست لە دوورەوە چیای سەنام- بارەگای فەرماندەیەتی بووە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، لە خاوەری ناوەندا- بەخشی سەفوان- مەڵبەندی پاسپورتو گومرگ- ڕێژی.

سـەفوان- جەهـرە- ٩٠كـم- رێـی قـیر بەبـیاباندا، لـە جەهـرەوە بـۆ كـوێت- ٣٠كـم- پێتەخـتە- شـارێكی ئـاوەدان لەسـەر كـەناری كەنـداو، لـە نـاو زەردەلـدا- سـاختمانو خانووەكانـی لەسـەر شـێوەی ئەوروپایـی، هـەر گەڕەكـەی شـێوەی تایبەتـی هەیـە، لەتـە خشت، دیواری كۆن تابیتی شەقامەكانی بازنەییە.

بـۆ ئەحمـەدی- ٣٠كـم- لەسـەر كـەناری كەنـداو- بەنـدەرو ئەسـكەلەیە، دووەم شـارە، چیمەنەكانی بـە لـوولە ئـاو ئـەدرێت، كۆشـكی مـیر- لەسـەر كـەناری دەریایـە، لـە كـوێت چـەند كۆشـكێك لـە شـەقامەكانەوە ئەبینـرێت وەكـو بەنان، ئەحمەدی، فحیحیل- ٣٠كم- پەیوەسـتی ئەحمەدییـە، لێـرەوە بـۆ فەنـتاس- فینـتس، حەوەلـی شـوێنی گرنگـی كـوێت- سالمیە، جریی شیوخ. سەفوان- كوێت- ١٢٠كم.

**بەغداد- عەقەرقوف- ئاگرگف**-Agargoof

٥كـم- لـە كێلگەی ئەبو غریبەوە- ٢٦كم باتیرو خۆراوای بەغداد، لوتكەی زەقورە، لە دوورەوە دیـارە- وەكـو پاشـەواری دوژێكـی رووخـاو- لەشـێوەی دوژدا- دەریاچـەی وشـك، لەنـزیكیەوە- بەزەقـورەی یەزدانـی- خـوداوەندی ئەنلـیل- ناسـراوە- پاشـەواری دەوڵەتـی كاشـی- كاسـای كوردە، لـە سـەمتی چیاكانی باكورەوە هاتـوون، حـیتی- هـیتی، شكستیان هێـناوە، لایەنگـری ئەكەدیـیان دابین كردووە بۆ خۆیان، نووسینیان شێوەی مێخی بووە، پەیوەندیـیان لەتـەك فیرعەونەكانـی میسـردا هەبـووە، بـە گۆڕینەوەی نامە- بە بەڵگەی ئـەو نووسـراوو نامـە تابلۆیـیانەی كـە نـێدراوە بۆ ئەخناتونی فیرعەونی میسر لە كوڕی كالزۆی شاهی كاشییەوە.

زەقـورەكە- پەرسـتگەیە- ئارامگـەی شاهەكانی كاشییە- لە ژێرەوەیدا- لە قوڕو خشتی چوارگۆشـەی قـوری سـووركراوە دروسـتكراوە، قامـیش لـە نێوانـی چـینەكانی، دیـواری تیمیـتوس ٢م پانـە، بـەرو پشـتی پەرسـتگەی زەمـینی بـووە- لە چالایی نزمی زەقورەكە، كونێكـی هیلكەیـی، كۆشـكی كاریكاڵـزو- كـوڕی كاڵـزو- لـە پایـتەخت بـە دووری ١كـم لـە پەرسـتگەوە، بـەرزی خـرگە- قـوبەی پەرسـتگە- ١٠٠م- خشـی زەمـینی سـوورە، مـۆری لاكێشی، نووسینی مێخی لێی هەڵكەنراوە- دەڤەری گەشتو گوزارە.

**بەغداد – ناسرییە – زیقار**

٣٦٥كم - سەربازگەی رەشید- پردی دیالە- دووریانی سوێرە- بەخشی عەزیزییە- لەسەر رۆباری دەجلە- بەناوەندی شەقامەکانی عەزیزییەدا- دووریانی زبیدیە- نوعمانییە، کوت.

تاکو ئێرە- ١٧١كم- بەنداوی کوت- دووریانی موەفەقیە- شارۆچکەی حەی- ٤٧كم لە کوتەوە، رێی بەکەناری رۆباری غەرافدا- فێرگەی فاخر- بەخشی سویج شەجەر- فەجر- کەناری غەراف- قەلعە سوکەر- لە حییەوە ٤٥كم- بۆ روفاعی- ١٥كم ئەمێنی- بەخشی قەلعە، دەڤەرێکی خۆشە، هەوارگەی ناسرییەیە، باخو داری میوەی زۆرە، لەسەر کەناری رۆباری غەرافە- بەری ئەمبەری ئاوەدانە، فێرگەی سەرەتایی، ناوەندی کوڕانو کچانی تێدایە.

**روفاعی**

شارۆچکەیە، ١٥كم لە قەلعە سوکەرەوە- لە سەر کەناری غەرافە، راستە شەقام، دادگەو فێرگە- فەرمانگە- پۆستی عریشی- بەخشی نەسر- ئەوبەری ئاوەدانە- ٢٠كم لە روفاعییەوە- لە پێشدا- سویج شەگبانی پێوتراوە- بەدعە- بەنداوەکەی- بۆ دەوایە- ٣٠ كم- بۆ نەسر- ١٢كم- بەنداوەکە ٦ کونی هەیە- تیرەی هەر یەکێکیان- ٣كم لە شەترەوە.

**شەترە**

شارۆچکەیە لەسەر کەناری غەرافە- ٢ پرد- هەر دووبەری بەیەکەوە بەستووە- بازارێکی گەورەی هەیە، مۆناتی ٥٠ هەزار کەس پترە- ٤٤كم لە ناسرییەوە- غەراف- بەخشە لەسەر رۆباری غەرافە، ٢٦كم لە ناسرییەوە، لە شەترەوە- ١٦كم.

**ناسرییە**

لەسەر رۆباری فوراتە ٢٥٠ هەزار کەس پترە- پردی گەورە لەسەر رۆبارەکە، ئەمبەری ئاوەدانە- شەقامەکانی رێکە، ئەوبەری خەریکە لە پێشکەوتندایە، چەرخی مدحەت پاشا لەتەك شاری رومادی دروستکراوە. ناسرییە- سوقوشیوخ- ٢٦كم، لەسەر رۆباری فوراتە- شارۆچکەیەکی کۆنە، پێشکەوتوو نییە، لە شەقامی قیرەوە بە پاس هاتوچۆ بوی ئەچن.

ناسرییه- ئەلبوسالْح- ٤٤کم- لە سەید دخیلەوە بۆ فرهە- ئەلبوسالْح- بنکەی بەخشە- ئیسلاح- فێرگەو فەرمانگەو پولیسی تێدایە، لەسەر هۆر- زەلکاوی- ئەلبوسالْحە، لەکەناری کۆتایی رۆباری غەراف، کەلێرە کۆتایی دێتو ئەرژێتە هۆرەکانەوە.

**ناسرییە - بەغداد**

٣٧٥کم دووریانی ئور- بەتحە- بەخشی خزر و پردەکەی- پۆستی خافورە- سەماوە- تاکو ئیرە- ١٠٠کم- بنکەی ئوستانی موسەنا- سماوە- کارگەی چیمەنتۆی تێدایە- لە پردەکەیەوە- بەری ئەمبەر- ئاوەدانی- لێرە بۆ نوگرەی سەلمان- ٤٠کم.

پردی ئاسنی سویر- پۆستی سویر لەمبەر- پۆستی حەجامە- بەخشی رومیسە- ٦٣کم بۆ دیوانیە- قادسییە- پۆستی عارزیات، شوێنی بە بەکگەیشتنی رۆبارەکان- بەخشی هەمزە- لەسەر رۆباری حیلە- رومیسەش لەسەر ئەم رۆبارەیە- ئارامگەی هەمزە- لە نزیکیەوە، دووریانی شەنافییە- دیوانیە- بەخشی سەنییەو قاسم- دووریانی هاشمییە- حیلە- بەغداد.

**ناسرییە - جبایش**

لەسەید دخیلەوە- فرهە- دووریانی فهود- گەوبەع- خدری زیندە- خچر حی الدار- دووریانی عبید، دەشتوبیابان- بائەداتەوە بۆ لای سوقوشیوخ- هۆرو زەلکاو لە هەردوو لاوە- لای راستی ئاوی فوراتو، لای چەپی ئاوی شەترەی تێئەرژێت- باخی خورما- فهود- بنکەی بەخشە، خانووەکانی حەسیرە- سەریفەیە- فرمانگەکانی لەوبەر پردەکەوە، ئاشو گەراج- ئەچێتەوە ناو فهود- بەخشی سەر بە جبایشە، فێرگەی تێدایە بەناوی خەرجییەی کوڕانو کچانەوە- کارەباو لوولەکەشی ئاوی هەیە، راستە بازارەکەی هەمەچەشنە شتومەکی تێدایە- دارخورماو سەریفە، لە هەردوولای رێگە لە نێوانی هۆرو زەلکاودا- گومەزی سەید ئەحمەد- پردی گچکە پێش گومەزەکە- فێرگەی ئینتفازییە لە گوندی عەمائر- فێرگەی مەجد- لە گوندی ئەلبوشامە، لە خشت دروستکراوە، نزیکی هۆری حەمار، لای چەپی رێگە- هەتا چاو برِبکات، هۆری حەمارە- رەنگی ئاوەکەی سوورە، مەلو باڵندەی زۆر تێدایە، خانووەکانی هەموو حەسیرە- سەریفەیە لە ناو هۆرەکەدا، ئاوی تێدەچێت- باڵندەو مەلەکان- زوربەیان وەکو مراوییە.

نعیجی ئاو، قاز، ئەمحوس، سپیو گەورە، ماسیگرە، بورهان، بیوزی سودانی، خزیری، حەزاف، سەند، بریزجی خۆی نقوم ئەکات، رزقی، کەرکی، دجاجی ماو، حەممەر- زۆر گەورەیە- ٧ گەزە، غاق، غەرنوك، رخیوی، بەگلێکیان دەڵێن حوڕ- لەبەر ئەوەی گۆشتی دەخورێ خاوینەو بۆگەنی نییە، حلچی، منیلی، جەهلول، کەرسوع، تەتوە، عەرموت، شهیبی، سمێکی، عویدی، وەردە حوڕەکان ئەمانەن:

بەربەش، کۆشەم، حەزاف، مەسە، خزیری، ئەبوزەلە، لە چەند پردێك تێدەپەرێت- زەلو قامیشی بەردی زۆری ناو هۆر، رەشماڵو دەوار، لەکەنار، مەروئاژەل، لە نزیکیەوە، ئەلەوەرێت- دەڤەری قامیشو حەسیر- سەرچاوەی ژیانی هۆر نشینانە، هۆی گواستنەوە- بەلەمە- مەشحوف- لە سەر رێگەکان حەسیر لیژنەکراوە- قامیش هەڵئەقلیشینن و حەسیری لێدروست دەکەن.

وشەی جبایش- کەبائس- پەستاوتن- لە کەناری هۆری حەمارە، شارۆچکەیە، کەنارەکەی رێکخراوە، باریکە رێی بۆکراوە، بەردەمەکەی دارو درەختەو باخە- فەرمانگەکانی هەمووی لەبەردەم باخەکانە- هۆری حەمار- لە ئاوی فوراتو شەترە پێکدێت.

**ناسرییە- سوقوشیوخ**

٢٩کم- شەقامی ڤیر- بە پاسی هاتوچۆ- فێرگەی حورییە، ئیمام باقر، شەریف رەزی، سوق، شارۆچکەیە، پردی گەرۆك بەرەو گەرمەو عکێکە، بە ماتۆر بە ئاودا ٣ کات لە سوقەوە بۆ گەرمەو تار- نیو کاتە، ئەگیتە فێرگەی کیفاح- هەردوولا باخی خورما- خێڵەکان ناو باخەکانیان ئاوەدانکردۆتەوە، بە تایبەتی خێڵی بەنی سعید، رێی ئوتومبیل لای چەپ، ریچی نوی لای راست، چەند دەرگایەکی ئاوی، بۆ ئاودانی باخەکان، پردی گچکە بەسەریانەوە، جۆگەکان ١م پانن، لە کاتی بەرزاودا، خیزاو- دەرگاکان دادەخرێت، بۆ ئەوەی لافاو، ناو باخەکان تێکنەدات.

ئاوی فورات لە گەرمە ئەبێ بە ٣ لکەوە:

١- مزلك، ٢- حەفار، ٣- منخەلە، لە تار دەبنەوە بەیەك، ئاوی فورات لای پاڵیوگەی ئاوی سوقەوە، لکی عکێکەی، لێجوێ ئەبێتەوە، لای تار دیسانەوە ئەرژیتە هۆری حەمارەوە، نزیکی رێژگەی لکەکانی تری فورات، هەروەها ئاوی شەترەش دێتەوە بۆ لای

کۆتایی ئەلبوساڵح، دەڕژێتە هۆری حەمارەوە- هەموویان هۆری حەماریان لێپێکدێت.

ئـەم دەڤـەرە خـورمای زۆرە، بەلـەم- هـۆی گواستنەوەیانە- خانووەکانیان لە حەسیرو پووشە، بە درێژایی کەناری فورات لە هەردوو لاوە، باخی خورمایە، بە تایبەتی چەشنی شویسی، گەلێ چەشنی تر وەکو:

قەنـتار، ئەسـتی عەمران، حابسی، خەزراوی، هێری، دێری، زهدی، مەکتوم، خەساب، خەسـتاوی، بـریم، میاسی، دگڵ، حلاوی، خەساوی بەغەڵ، شەکەر، بەس، سەفار، هەدلە، بربەن، بەچەشنی سویسییەوە، خورما گەلی جۆرە.

جگە لە خورما، برنجی عەنبەریان هەیە.

دوای ئـەوە- ئەگەیـنە فێـرگەی شـروق- سـاختمانەکەی لـە خشـت دروسـتکراوە، بـە درێژایـی کـەناری فـورات- سـەریفە- خەرمانـی خـورما، هەڵدراوەتـەوە- بـە بەلـەم ئەگوێزرێتەوە.

گەرمـە- بـنکەی بەخشـە، لەسـەر ئـاوی فـورات، ١٠کـم لە سووقەوە، ئاوی فورات لێرە ئەبـێ بـە ٣ لکەوە- لای راستی منخەڵە، ساختمانی پولیسو فێرگەی لێکراوە- لکی حەفار- لە هەموویان پانترە، پردی گەورەی لە سەرکراوە، چەند کونێکە درێژی ٧٥م.

بـە ماتـور بـە ژێـر پـردی مەزلەکـەدا- ٣ دەرگـایتر- لە تەنیشتی گوزەرگەوە ئەیبینی- دەرگاکـان ٣م پـانن، گـوزەرگەی ماتـورەکان ٤م، هـەردوولای کونکـریتە- باخـی خـورما لـە هـەردوولاوە، نـیوکات بـۆ فێـرگەی ئـال جـوبیر- خـاوەن باخـەکان، کارگـەر ئەگـرن بـۆ کۆکـردنەوەی خـورما بـێدراو، تـەنها خورما وەرئەگرن- ئەم کارە- پێی دەڵێن- تەمرە، بە کارگەران دەڵێن ناگولات.

لە کاتی خورمادا، باخەکان ئاوەدانن، بەزۆری خێڵی بەنی سعید.

پـاش ئەوە، ئەچێتە فێرگەی حەزارە- لەسەریفەکراوە- گامیشی زۆر لە ئاوی فوراتدا ئەبـینی، دیوەخانـو مـیوانگە ئەبـینی، لێرەدا بەشـی خێڵـی ئـال جـوبیر کۆتایی دێت. لە گەرمە- جۆگەی حەمیدی، زگێتی، لێجوی دەبێتەوە لە لکی مەزلەکەوە.

سـەرداری ئـال جـوبیر- حاتـەم مـوزانە، هەنـوکە حسین حاتەمە- کوێخایە، بە تیرەی کـەریم ئـال موحسـندا، تـێدپەرین- فێـرگەی ئـال جـوبیر لە خشت دروستکراوە، خانووی لێکـراوە بـۆ فێـرکاران- مامۆسـتیان. گـوندەکە تـۆزی لەملایەوەیـە، بـەناو ئاودا بە ماتور تاکو تار- پاسگەو بیمارگەو بازار، ئاوی خاوینی تێدایە.

حەفار دێتەوە ناو مەزلەك، دوای ماوەیەك مەزلەكو حەفارو منخەڵە، دەرژینە هۆری حەمارەوە- بازاری تار، ساختمانەكانی- لەكەناری ئاوی مەزلەكو حەفارە، فێرگەی وەتەنی تێدایە، لە خشت كراوە- خانووش بۆ فێركاران كراوە.

## بەدرە- بەدرێی- لەواسیتەوە- كوت

٧١٤كم ناوەكەی لە بەد رێوە هاتووە، شارۆچكەیەكی كۆنە، پەیوەستی كوتە، بەری كۆنی لە ناو باخدایە، بەری نوێی- فەرمانگەو خانووی لێكراوە- شیو بە ناوەندیدا، لافاوی زستانی پیدا دێت، وشكە لە هاویندا، پردی كۆنكریتی لە سەركراوە، هەر دوو بەری بەیەكەوە بەستووە، ئاوەكەی سوێرە، لە دامێنی چیاكانی پشتكۆوە دێت، بە كانیخوێدا، تێدەپەرێت، ئاوەكە سوێر دەبێت، رێگەكە قۆرتی كەمە، مۆناتی ١٠ هەزار كەس پترە، دەرامەتیان، كشتو باخی خورماو ترشەمەنییە، باشترین چەشنی خورمای هەیە- لە نزیكی خانووی فەرمانبەرانەوە، گردیك پێی دەڵین عوقر.

فێرگەی سەرەتایو ناوەندی كوڕانو كچانی تێدایە- دانیشتوانی كوردی لوڕن، ٢ بەخشی هەیە:

١- زرباتییە- نزیكی سنوورە، شوێنگەی بەرزونزمی، ناوباخ لە وشەی زڕ- بایتێ واتاكەی هاتووە- ١٣ كم لە بەدرەوە- مۆناتی ٣ هەزار كەسە، هەمووی كوردی لوڕین، دەرامەتیان، باخی خورماو ترشەمەنی، میوەیە، ئەو شیوەی كە شارۆچكەی بەدرەی شەقكردوە، بەناو بەخشی زڕباتییەدا دەروات، لە دامێنی چیاكانی پشتكۆوە دێت، فێرگەی سەرەتایی كوڕانو كچانی تێدایە.

٢- جەسان- لە بەدرەوە- ١٩كم، زوربەی دانیشتوانی عەرەبن.

## دیوانییە- شامییە-٣٤كم Diwania- Shamia

شارۆچكەیەكی دیوانییە- رێی قیرتاو نەكراو بەناو هۆری شامییەدا، رێی خاكو گڵی بەرزكراوە لە هەردوولاوە، ئاو، لە لای راستەوە لە كونەكانی حەفارو نورییەو ٤ كونی ترەوە، دێت بۆ لای چەپ پردی تەختە بەسەر كونی ئاوەكانەوە، پێشی شامییە كۆرو باخو شەقامی قیری ناو شاروچكە- پرۆژەی ئاوو ئەلەكتریك، فێرگەی سەرەتایو ناوەندی كوڕانو كچان- فەرمانگەی تێدایە.

لـه ئەبـی سـخیرەوە- ١٥کـم- خانـووی حەسـیر، سـەریفە- بـەرو پشـتی شـاری تەنـیوە، چاخانەو بـازاری گـەورەی هەیـە پـردێك بـەری نوێو کۆنی بەیەکەوە بەستووە، پردەکە لەسەر لکی فوراتە.

بـەری نوێـی خانـووی مـیری زۆر تـێدایە- رێـی لـە شـامییەوە بـۆ ئەبـی سـخیر، بەناو گڵۆخاکدا، باخ لە هەردوولاوە، پردی تەختە لە سەر کونە ئاوەکان بۆ پەخشی ئاو.

**ئەبي سخێر**

شارۆچـکەی دیوانیـیە، لـە نەجـەفی شـکۆدارەوە- ١٨کـم، لـە میشـخابەوە- ١٢کـم، لـە شـامییەوە- ١٥کـم- سـاختمانی نویـو فێـرگەی سـەرەتایی، ناوەنـدی کوڕانـو کچـانی هەیە، پـرۆژەی ئـاوو ئەلەکتریکـی تـێدایە- شـەقامەکانی قـیرە- پـردی گـەڕۆك، نزیکـی پیشـی شارۆچکەکەیە، باخی هەیە.

**بەغداد- تاران** Bagdad- Tahran

لـە کاسـل پۆسـتەوە- خـان بەنـی سـەعد- بـەرەو باقـوبە- شـارەبان- ٤٥کـم- ٧٠کـم بـۆ خانـەقین- مەنسورییە- کـەژی هەمرین- قزرابات- سەعدییە- خوسرەواباد- بۆ دووڕیان ١ کـم بـۆ خانـەقین ٢٦کـم، رێـی بـەناو گـردۆڵکەدا- ١٥کـم بـۆ خانـەقین، پێدەشـتی کـراوە- خانـەقین- لـە بەغـدادەوە- ١٥٩کـم- پۆسـتی گومـرگ- رێـژی سـنووری- ٨کـم- مونـزرییە- خەسـرەوی- ساختمانی میری کۆتەڵی شێر، ساختمانی گومرکی فراوان، حەساوگە- کەشو ئـاوو بـای کـتومت لـە خانـەقین ئەچێت، دار خورمای زۆرە- بۆ قەسری شیرین ١٥کم، لە قەسـرەوە بـۆ کرمنشـا- ٢٠٠کـم- گـوندی خەسـرەوی لـە نێوانـی گـردا، رێـی بـەناو زورگـەزراودا- تـەختی- پـردی کـراوە- بـۆ کرمنشـا- ١٩٠کم- پێچو لابەلاو هەوراز- تەختی- رێـی قـیر- زنجیرە چیای راکشاو لەبـەر دەمـتا، چۆکی داداوەتـە سەرسـنگی زەوی، درێـژ بـۆتەوە لـە باکـوری خـۆراواوە بـۆ باشـوری خاوەر- قەسری شیرین- بەرو پشتی گیراوە بە باخـی خـورما لـە نێوانـی گـردولکەدا- هاڕەی ئاو لە باخی ناو شیوەکاندا، ساختمانەکانی لەسـەر گـرد بـە بەرزاییـیەوە بڵاو، بە هەردوولای رێگەدا، گۆرستان لای راست، فرۆشگەو چاخانە بـە هـەردوولای شەقامدا، باخ لە پشتەوە، خانووەکانی لە خشت کراوە، پرۆژەی ئـاوی تـێدایە، رێـی بـە تەخـتایو پێدەشتدا- دووریانی کومپانیای نەوت- بۆ کرمنشا- ١٦٠ کـم- گوندی گچکە لای راسـت، گوندی پـڕ لـە دارو درەخت لای چەپ- سەرپوڵی زەهاو-

پردو ئاو دارو درەختو خانوو تا گەرو تەنگی شارۆچکە- بەناو دەربەندا- وەکو دەربەند بازیانە، لە بەرو پشتەوە و پێدەشت لە پێشیەوە- ١٤٠کم بۆ کرمنشا- زنجیرە چیا لە هەردوولاوە، لە پێشەوە ئاوو پردو کون، چاخانەی نزیکی گوند، دێهات لە هەردوولاوە، رێی شاخاویو سەخت لە پایتاقەوە دەست پێدەکات وەکو پشتەوەی دەربەندخانە- هەورازو بەرزی کەمکەم بە سەرشیوێکدا ئەروانی، گوند لە ناو شیوەکەدا- نەوتخانە- دامێنی چیا لای چەپەوە- گەروو، تەنگی، دەربەندو هەوراز، لە رێی سۆلاڤ دەچێت- دارودەوەن بە کەژەکانەوە، بای فینکو سازگار، پێچی شاخ- سەرپاناق- نشیویو نەوی، پێچ، دارو دەوەن بەکەژە نزیکەکانەوە، هەر دەڵێت رێی زاوێتەیە، دار چنار لە تەنیشتی رێگەوە- ١٢٠کم بۆ کرمنشا- پێچی هەوراز- تەختی- بەرزایی کەژەکان، کەم ئەبنەوە، چاخانەو هەوارگەی- سەرمیل- وەکو هەوارگەی بادێیە، هیچگار خۆشە، رێی بەناو پێدەشتدا، چاخانە، پەیوەستی سەرمیلە- تەختی- کرندو باخە دلگیرەکانی لە دامێنی چەپی چیا، پیشتەوەی تەنگیو دەربەند- رێی بەناو دار چنارو باخدا، فرۆشگەو چاخانە، پێدەشت- ١٠٠کم بۆ کرمنشا- شائاباد، لای راست، ٧٠کم ماوە، پادگانی شائابادی خۆراوا- باختەر- بایتر- شائابادی غەرب- بەنزیخانە- دارو درەختی چڕو مەزن- هەردوولای رێی تەنیوە- دووریانی ئێلام- بە ناوەندی شارۆچکەی شائابادا- باخ، لای چەپ- تەختایی، ٦٠کم ماوە بۆ کرمنشا- زنجیرەی چیا لای راست، دووریانی مەلاوی- ئابادان- تەختیو هەوراز، گوندێکی گچکە، فێرگەو چاخانەی تێدایە، ٥٠کم ماوە، دەربەند، ئەبرێت، بەرزایی لە شەقامەکەوە ٤-٧م، بەسەر دەشتێکی کراوەدا دەروانی، پێچی نشیویو پەستی، بە دەربەندەکاندا، تەختیو دەربەندیتر وەکو دەربەند بازیانی سلیمانی، دارو دەوەن، لە هەردوولاوە پێچی نشیوی- چاخانەی چار زەعفەر- پێدەشت- چاخانەیتری سەر رێی- ماهیدەشت، رێی تەختیو هەورازو نەوی- ١٠کم بۆ کرمنشا.

**کرمنشا**- Kirman Sha

شارێکی مەزنە، ٦٠٠ هەزار کەس پترە- شەقامی شاپور، دوو کەرتی کردەوە، کۆرو مەیدانی شا- شوێنگەی لێژی، کەشو ئاوو بای خۆش، دلگیر- هەوارگەکانی- تاق بوستانە- ٢کم لە ناو شارەوە- پاشەواری ئەردە شیری٢، خەسرەوی پەروێزو شاپوری٢، لە چیاکە لەبەرد هەڵکەنراوە، چالاوی گەورە لە بەر دەمی کەژەکەدا، چاوگە، باخو درەخت- لە هەوارگەی سەرچناری سلیمانی دەچێت.

هەوارگەی بیستون- پەیکەرەکانی هەرقەل، بە بەرجەستەیی ژمارەیەك، چاوگی ئاوی سارد لە ژێرەوە، دەروات، باخەکانی درێژ بۆتەوە، جۆگاکانی لکی لێبۆتەوە، لە چاوگەوە، بەهەشتی سەرزەمینە -Eden Garden- ٤٠کم لە کرمنشاوە- گوندی بیستونی گچکە- بازارو فرۆشگە، کارگەی شەکر، خاوینگەی شیر- پردی شا ئەباس، لەسەر رۆباری دینەوەر، دیهاتی سەر رێی- کرمنشا- بیستون- ئەمانەن:

کاگییە، پاسگەو چاڵاوە، دووریانی هەرسین- خورەماباد.

**کرمنشا- سنە**

١٢٨کم رێی قیر و دەشتایی بەرێکی زنجیرە چیای بیستوندا- گوندی قازانجی- دیدەنگەی خدری زیندە- باخەرازاوەکانی- پێدەشت- گوندی ئاو دەربەند- برنجان، خاوەن باخوبیستان- رێی لە دامێنی کەژەوە، بەشیوێکدا- پردی کراوەی تازاوا- لەسەر ئاوی تازاوا- پێدەشتی کراوە- بەخشی کامیاران- لەسەر سنەیە- ٧٠کم لە سنەوە- گوندی وەردە- رێی دەچێتەوە بۆ دامێنی چەپ، بە شیوێکدا، دەربەند بەسەر شیودا دەروانی- ئاوی پێدا دەروات- گەردنەی برواری پێدەڵێن- هەوراز- کۆتایی دەربەند- ٦٠کم بۆ سنە- پێچی نەوی پێشەوەی کەژ، باخی چناری بلاو- سەختو شاخاوی- هەوارگەی سەر بناو- چاخانەکەی.

رێی دێتەوە لای چەپ- ٥٠کم بۆ سنە- پردی کراوەی ئاو رۆشن- رێی دەڕواتەوە لای راست، تونیلی ئەباساوا- ٢٠م- پێچی بڕدراو- تونیلی تر وەکو هی پێشوو- گوندی شیلان، هەوراز- دەربەندەکان ئەبڕێت، پێدەشت- گوندی گرێزە- هەوراز- سنە- لە چاڵیو پەستیدا- لەسەر چەند گردێك- کەژو کێو بە بەروپشتیدا.

**سنە** - Sina

سنە- سانادوژ- قەلای سانان- سوڵتانان- سینەدوژ- سنگ کێو- قەلای سنگ- بنکەی ئوستانی کوردستانە، لە شاری سلیمانی دەچێت لە مەزنیدا- ٢ شەقامی سەرەکی چوارکەرتیکردوە- لە کۆری شا یەکئەگرنەوە، کۆریتریش هەیە وەکو- ئیقبال زەمان، هی تر- شەقامەکانی ڤیرو رێکە، پەیکەری شا، لە کۆری شا، فەرمانگەی میری تێدایە.

**سنە – هەمەدان**

١٨٠کم ڕێی سەختو شاخاوی- قیر نەکراو- گوندی فەرەج قشلاخ- پردی کراوە- سایلوی دانەوێڵە- نزیکی دارو درەختو ڕۆبار- ڕێی شاخاوی بە دۆڵدا- کێوی ڕووتەن لە هەردوولاوە، دۆڵی پڕ دارو درەخت، گوندی گچکە- پێچی هەوراز- چاخانە- پێچی لابەلاو تەخت- سەڵوەتاوا- سەرکەل، دۆڵ لە خوارەوە، کێوی ڕووتەن، لێژی- ئاوو بای سارد، پێدەشتی فراوانو گوشاد- بەخشی دەهگلان ئاوەدانو ڕازاوە، پێدەشت- گوندی ئاردەسەر- هەسەناوا- دارو درەختو فێرگە- گوندی کاشگران- شارۆچکەی غەروە- قەروەی تورکی- ناوەندی ڕێی سنەو هەمەدانە- پێدەشت، ئەچێتە ناو مەڵبەندی تورك زمانەوە- گوندی نازماوا- سالحاوا- تورکمانن- قیرتاو- سەربازگەی هەمەدان- دووریانی بیجار- شاری هەمەدانی ڕازاوە- فینکو سازگار، دارو درەختو بیستانو میوە، شارێکی گەورەیە لە دامێنی کێوێکی ڕەشدا، هەوارگەیە- شەقامەکانی، لە ناوەندا، لە کۆری جوانی شادا یەکئەگرنەوە- پەیکەری ڕەزا شای تێدایە، بەسواری ئەسپەوە، کۆرو ئاوی پژاو، فوارە- دارو درەخت.

**هەمەدان –** Hamadan- **ئەکباتان**

شارێکی ڕەندو جوانە، بنکەی ئوستانە- تورکمان زوربەن- لە دامێنی چیای ئەباساوادیاە، ٢٢٥کم لە قەزوینەوە، دوورە.

**هەمەدان – قەزوین**

٢٢٥کم دووریانی پایگای شاروخی- پێدەشتو قیر- گوندو چاخانەی سەر ڕێی- گرگوڵکە- چاخانەی گەرمك- شارۆچکەی ئاوج- لوکنتە و ئۆتیل، فرمانگەو دبیرستانو ناوەندی- زورگەزراوو گردۆڵکە، پێچی نشیویو لێژی- چاخانە- پێچی نشیویو لێژی، گردوڵکەیی بەردینی سوور- پردی کراوە- تۆنیل ٥-٧م- پەستی- گردۆڵکەو گوندو پێدەشت- گوندی ئاوەدانو پڕ دارو درەخت- ئیرەماباد- هێڵی ئاسن- شارۆچکەی تاکستان- دەشتی کراوە- ڕێمنایی پۆلیس- فیرگەی ڕەزەوی- ١٥کم بۆ قەزوین- قەزوین- باخەکانی ڕێکنەخراوە- بەرەو تاران.

**قەزوین- تاران**

دەشــتی کــراوەو دارو درەخــت، بەهــەردوولادا، کارگــەی شــەکر- ڕێمنایــی پۆلــیس- لوکنتەوچێشتخانەو حەساوگە- شاری پیشەسازی قـەزوین- ٩٠کـم بـۆ کـەرەج- ڤیرتـاوی بـاش- دەشـتی کـراوەو بـەرین- دووریانـی تالقـان- پێدەشـتی لای چـەپ- چـیای پاسـگەی ئابـیك- ٤٥کـم بـۆ کـەرەج- جەلـیلاوا- دووریانــی نــەزەراباد- کارگــەی چــنین- گـوندی هەشـتگورد- ٣٠کـم بۆ کـەرەج- یەنگئیمام- دووریانی ویلیان- کومپانیاو چاخانە- کێلگەی حەمــیدیو ســوهەیلیو حەکیمــی- دووریانــی بــورغان- خانــووی گــرندەکان، لــە قــوڕ دروسـتکراوە وەکـو گوندەکانـی باشـوری ئـیراق- پـرمانیە- دووریانـی کـەمالاباد- گـوندی حەسـارکو باخـو بیسـتانەکەی- کـەرەج، دەروازەکـەی، باخەکانـی ڕێکـو پـێکن- دووریانـی گوڵشــەهر- دارو درەخــت لــە دوولاوە، ڕێــی تەنــیوە- ســاختمانو هەوارگــە- ئــەم راســتە شەقامە بە تارانەوە نووساوە، پەیکەری شا- پردی داخراو- کەژو کێو لای چەپ- پرۆژەی جەنگەڵ- خانـووی یـەك لەسـەر یـەك- وەکـو پێپـیلکە، باخو بیستان لای راستی- بە ژێر پـردا- شەقامی تەنراو بە درەخت، لە هەردوولاوە ڤیرتاو- دارو درەخت نامێنی- دووبارە، دارو درەخـت- کـەژو کـێوی لای چـەپ- ٢٠کـم بـۆ تـاران- فرودگەی میهراباد، نووساوە بە تارانـەوە- کەنارو دەروازەی تاران، نزیکی چیاکە، هەمووی شارۆچکەو خانوو ئاوەدانییە، کارگەی زۆر بە هەردوولادا- تاران.

**تاران-** Tahran

شاریکی رەندو جوانە- پێتەختە ٥ ملیون کەس پترە، شەقامەکانی:

لالـەزار، بزورجەمهەر، مەولەوی، شاپور، شارەزا لە فرۆدگای تارانەوە- بۆ تارانپارس- شـەقامی بەهلـەوی، فیردەوسـی، سـەعدی، هەوارگەی شەمیران- دەربەند، سەربەند، پولی تەجریش، بەهارستان.

کۆرو گۆرەپانو مەیدانەکانی:

مەیدانی سوپا- توپخانە، سێرای سپەند، مەیدانی سەعدی- شوش.

٢٦٥كم- لەکەرەجەوە- هەوارگەی گەورەو ناودار- پێچو دارو درەخت، ئاوی ساردی کەرەج، لە چیاوە دێت، ١٤٠کم بۆ چالوس- ڤینە، رێی بە دۆڵدا، سەختو شاخاوی بە سەر شیودا ئەروانی- تونیل ٢٠م درێژ، تونیلی دووەم درێژتر، تونیلی سێیەمو چوارەم ١٠٠م، چالاو بەنداوی ئەمیرکەبیر- لە بەنداوی دەربەندخان دەچێت، دەریاچەیە، تۆنیلی پێنجەم- ٧٠م، شەشەم تۆنیل ٣کم، رووناکە، دەریاچەکە لە بەر دەمتا، تۆنیلی هەشتتەم- ٨م- نۆهەم- ١٠م، چاخانەی دهقانان- دۆڵی تەنگو تەسك، ئاو لەتەنیشتیەوە- چاخانەی سەر رێی- گوندی نیسار، هەوارگەو خانووی بلاو، لە ناو باخدا، بەردە گەچ، لە شاخەکە، دەر دەهێنن بۆ کوورەی گەچ- هەوارگەی گچسەر، خانووەکانی بلاوە- پردی کراوەی کۆن، دووریانی گاچرە- دووتاقی کۆنکرێت- چەند تاقێکی تر، بەرانبەری- پێچی هەوراز، ٢ تاقیتر- تۆنیلی ٣کم- لێژی- دووریانی ئیلگا- تەنگیو گەرووی درێژ، ئاوی پێدا دەروات، کەژو کێوو نزار هەوارگەی سیابێشەو ڤالیئاباد، لێژیو پێچو پردو ئاو، رکەبەردی گەورەو تاشە بەرد، کەژو نزار، گەروو، تەنگی- دزین، دوژە، چاخانەی هەمیشە بەهار، رێی پشتی چیاو زنجیرە چیا لە بەردەمتا، ٣٠کم بۆ چالوس- شاخی گڵی، رێی بەنێو دیواری چیاکاندا- مەرزانئاباد- پوستو فەرمانگەی لێیە، هەوارگەی خۆش- نهالناز- دووریانی دەستنەژیر- ٢٠کم بۆ چالوس- ئاوو دارە درەخت، لە ناوشیو دۆڵدا- پرد، جەنگەڵی چڕو رەش، ئاو دێتەخوارەوە- رێی ڤیرو پێچو لاری، پێچو لوولخواردوو وەکو رەشمار هەور بە سەرەوە، ساردو نمنمی باران، لە نیوەی دووەمی مانگی ئابدا، گەلای داری رەونەقدار، شۆراوە بە نمەی باران، خاوین، رووناکی چاوی گەشتیارە- کێڵگەی هەسەن زەهوری، جەنگەڵی چڕو پڕ، لە هەردوولاوە- شاری چالوس.

فەرمانگەو پەیکەری رەزاشا، لە مەیدان- باخی گشتی، پردو ئاو، شاری رازاوە- بەرەو رامسەر- باخو باخاتی سەر رێی- ٧٥کم بۆ رامسەر- عەلی سەرای لەسەر دەریای کەزبین- دەریاکە دەبینی، باخ لە کەناری شەپۆلی دەریا، شڵپو هوریەتی- رێی بە کەناری دەریادا- موتول غو- جەمشیدخان، ئەباساوا، موتول دیانا- نەشتارود، موتول مەرجان- شاری شاه سوار- گازینۆ، ئوتیل، هەوارگەی رامسەر- شاری رامسەر- پەیکەری شا لە دەروازەی شاردا، فەرمانگەو نەخۆشخانە، شاری شاخاوی لەسەر کەناری دەریای کەزبین- بەرەو رەشت.

رامسەر- رەشت

ڕێـی کـەناری دەریـای کـەزبین- چـیاو جەنگـەڵ، چـڕو ڕەش لای چـەپ- شارۆچـکەی چابوکســەر- باخــو باخــات بــە کــەناری دەریــا- شــارۆکەی گەلاچـایی- لــە دەریــا دۆر ئەکەوێـتەوە، بـەرە پـەرە، تەسـکەرمەحەلە- ڕێـی بـۆ رامدەشـت- لەسـەر دەریـا- شـاری دووسـەر- پەیکـەری ڕەزاشـا لـە چـەقی شـاردا- شـەلما- شـەقامی قیر کۆتایی دێت- دووبارە قـیر- شـاری لەنگـەرودی ڕەنـدو جـوان- کـێڵگەی چـا، مـەرەزە، کارگەی چا- ئوتیل ئیشار- شـاری لاهیچان- کە بە بەرهەمی چایی ناوبانگی دەرکردووە، بنکەی ئوستانە- جەنگەڵ- بــە هــەردوولادا- شاروچـکەی لولومــندو کوچــی ســفهان- مــەرەزەو دارو درەخــت، لــە هەردوولاوە- شاری رەشت، دلگیرو خاوەنی باخو باخات.

رەشت

بـنکەی ئوسـتانی گـێلانە- شـارێکی جوانە، هەمیشە هەوری بەسەرەوەیە، بارانی زۆر دەبـاری، شـێو هەڵمـی هەیە، هەتاوی گەرمو سێبەری فێنکە- کۆڕو مەیدانو باخی گشتی، پارکی فەرەح پەهلەوی، پەیکەری شا، شەقامی ڕێك، فەرمانگە.

ئاوەکەی لینجاو و سوێری هەیە، لە درەیاوە دێت.

رەشت- بەندەر پەهلەوی

٤٠کـم- لـە شاروچـکەی خەمامـەوە- بـەرەو بەنـدەر- ئەسـکەلەی پەهلـەوی- بلاجـی سەردەریای کەزبین، شوێنگەی مەلەی ئافرەتو پیاو، دیمەنی سەرنج ڕاکێش.

بەندەر پەهلەوی- شارێکی جوانە، پارکی ڕازاوە، شەقامی کۆرنیش، خۆشو دلگیر.

رەشت- ئەستەرە

بـە ئوتوبـوس- هـەردوولای ڕێـی مـەرەزەو باخـە- شـەقامی قـیر- شارۆچـکەی خەمام- گـوندی مەتـروپوڵ، نزیکـی دەریـا- ڕێـی بـە ڕێکـی دەریـادا- بەندەر پەهلەوی- کویروکی- جەنگەڵ، لە هەردوولای ڕێگە- ڕێی کەنار، زۆر باشنییە- خانووی تەنها لەناو باخەکاندا- بـۆ ئەسـتەرە- ١٢٠کـم- چـاخانەو گوندی گچـکەی سـەر ڕێـی- بەخشی ڕێزواندە ١١٠کم بۆ ئەسـتەرە- ئەسـتارا- جەنگـەڵ لـە هـەردوولاوە، کـێوی جەنگەڵی، لەبـەر دەمـتا- خانووی

تـەنها لـە نـاو باخـدا، سـەری بـەزەل گیراوە- هەندێکی بـە گونـج- ڕێـی ڤـیر نییە، تاکو ئەسـتارا- گـوندی ئـەردەجان- نهالسـتان پلمـدا، پاراسـەر، گـوندی دنـیا چـاڵ، خالیسـەرا- خالیسـەرا ٥٩- کارگـەو فابـریکەی تەخـتە بـڕین- هەشتپرشارە- شاری هەشتپر- دیهاتیتر- بـەرەو ئەسـتارا، لەسـەر کـەناری دەریـای خـەزەر کـەزبین- نزیکـی سـنووری سـوڤیەت- رووسـیا- بـەرەو ئەردەبـیل- ڕێـی شـاخاوی- جەنگـەڵ، پـێچ، هـەورازو نشـیوی زۆر- دوای ماوەیـەك جەنگـەڵ نامـێنی، رووتەنە، چەند گوندێ لەسەر ڕێی- نشیویو لێژی بۆ شاری ئەردەبیل- لە ئەستارەوە- ٨٠کم- ڕێی سەختو بەد.

### ئەردەبیل

بـنکەی ئوسـتانە- دەڤەری ئازربیجانە، تورکی ئازەرین، مۆناتی ١٥٠ هەزار کەس پترە، راسـتە شـەقامی شـەقی دەکـات، پاشـەواری مێژوویـی کۆنـی ئیرانـو رووالەتـی ژیـاری و شارسـتانێتی لـە ساختمانی شێخ سەفی، دەر دەکەوێت، شوێنگەی فراوانو خۆشی ناو شار- پلـەی گـەرما ٢٥ ـلـە هاویـندا- نزیکـی کوێستانی سەبولانە- گەرماو- ئابی گەرم- ٣٠کم لە ئەردەبیلەوە- جێی دیدەنیو سەیرانگە.

### ئەردەبیل- ئابی جەرم- گەرم

٣٠کـم- لـە ئەردەبـیلەوە تاکـو سـەریئاب ٨٠کـم، تاکـو دووریانـی ئابـیجەرم- ٢٠کـم، لە دووریانــەوە- ٩کــم- بــۆ ئابــیجەرم- دەڤــەری گــردۆڵکەییە، زنجـیرە چـیاکانو کێوەکانــی سـەبولان، دیـارن، رووتەنـو بەفـری پـێوەیە، هەور بە سەریانەوە، لە مانگی ئابدا، بارانی لێـئەبارێت- بەخشـی تـیر- شـارۆکەی مـزاب، ڕێـی گڵـو خـاك، خەرمانـی گەنمـو دانەوێلـە دروێـنە بەدەسـتوکومباین، لـە هـەردوولای ڕێـوە- پێدەشـت- گـوندی روستەماباد، دیهاتی ئـاوەدان بەهـەردوولادا قورگـول- گۆمێکـی گچـکەیە، پێچـو هـەورازی سـابن- ئوتومبیلـی بیمارسـتانی گـەرۆك، ئامادەیـە بـۆ کارەسـات- لـێژی- دووریانـی تەهـران- تەوریـز- کـێوی سەهەند، دەردەکەوێت، نزیکی تەبریزە.

**تەبریز**

شاری گەورە، خۆشو فێنك، سازگار- پێتەختی ئوستانی ئازەربیجانە- مۆناتی ٥٠٠ هەزار کەسە- دانشتوانی تورکی ئازەرین- ئازەربیجانی خاوەرە.

ئازربیجانی خۆراوا- پێتەختەکەی شاری ئورمیەیە- جێی دیدەنی و سەیرانگەی، باخی گولستان، شاگۆلییە- شەقامی پەهلەوی، فیردەوسی، سەرەکییە.

**تەبریز- ئەرزوورووم**

٩٠٠کم- لەرێ ڤیرەوە تاکو مەرەند- ٦٤کم- نزیکەی ١٠کم بە رێگەدا، لە نیشانگەوە- ٥٤کم- گوندی سۆفیان- ٣٠کم ئەمێنی بۆ مەرەند- بەرێکی هێڵی ئاسندا، جەند پردێ- شەمەندەفەر بە ژێریدا دەروات- شێوو دەرەو پردی- گردولکە- ١٨کم بۆ مەرەند- باخی چنار، کیوو کەژ لە هەردوولاوە- چاخانەی پەیام نزیکی گوند- لێژیو نەوی بەرەو دەشتی مەرەند- ٦کم ئەمێنی بۆ مەرەند- باخو درەخت، ریزە کێوی بڵند- لە بەردەمتا- شاری مەرەند، درەخت بەهەردوولای شەقامەکانیدا، تەنیویەتی، پەیکەری شا لە چەقی شاردا، کۆری جوان- ١٨٠کم بۆ ماکۆ- ٢٠٠کم بۆ بازرگان- ڤیرتاو و پێدەشت، باخی میوە، بەزۆری دار قەیسی- قەیسییەکەی وشك دەکەنەوە، لەم دەشتانە وشتری کویستانی بەخێو دەکەن- شیوو پرد- دووریانی خۆی، بناری کێو، ریزە کێوی بەرانبەرت- تەنگیو دۆڵو کێوی رووتەن، دێهات- خانووەکانی قورە، پێدەشت، پێدەشت، باخو دێهات، بنار- پێدەشت، گوندی قەرەزیادین، پێدەشت- ریزە کێوی بەرانبەرت- کێوی ئارارات دیارە، بەفری پێوەیە، دەشتایی- گوندی شائاباد، لای چەپ- ٢٨کم- بۆماکۆ- باخی گوڵەبەرۆژە- رێی سەختو شاخاوی، دۆڵو چیای سەخت، رووتەنی- ٨کم بۆ ماکۆ- ئاوێکی کەم، لە دەرەی بەردەلانییەوە، دەرەکەی دادرپوە- تەنگیو دۆڵ- ماکۆ- لە قورگی کێودا ماکۆ- مەیدانی کێو- نێوانکێو، باخاتی زۆر، ئاوی پێدا دەڕوات- خانووی قوڕ، لەسەر یەکتر بە شاخەکەوە- ٢٢کم بۆ بازرگان- دۆڵو پێدەشت، هەموو کێوی ئارارات لەبەر دەمتا، بەرانبەرت، هەوراز ٢٠کم بۆ بازرگان- سنوور، گومرگو رێژی، پاسپورت، سنووری ئیرانو تورکیا- ٣٢١کم بۆ ئەرزوورووم- ١٣٣ کم بۆ شاری ئاگری- رێی ڤیرو لێژی، پێدەشت- چیای ئاگری لای راست، ٢ کێوی قوت وەکو سەیوانو خێوەت هەڵدراون، یەکێکیان بەرزترە- ٣٤ کم بۆ بایەزید- دۆگو بایەزید- سلیوانی- گوندی سوور بەها- پردوشیو- کێوی ئاگری لای

راستەوە، نزیکە پێدەشت- هەردوولای کێو- شارۆچکەی دۆگو بایەزید- بنکەیە، مۆناتی ٣٠ هەزار کەسە، چیای ئاگری بەسەریا فەرمانرەوایە- شاری ئەحمەدی خانییە، کێوەکە بە سەر هەموو دەشتی بایەزیدا دەڕوانی، خانووەکانی قوڕە- ٦٥ کم بۆ تاشلیچای- پێدەشتو لێژیو کێوی رووتەن، دەشتی پڕ دانەویڵە- دووریانی دیادین- تاشلیچای- گوندێکی گەورەیە- بازارو بازرگانی- چۆمی تاشلی لای چەپەوە- رێی بە رێکی چۆمەکەدا- گوندی موراد- بانی لێژ- ئوستانی ئاگری- پردی سەرئاوی موراد- لکی رۆباری فورات- شاری ئاگری بنکەی ئوستان- مۆناتی ١٥٠ هەزار کەسە، پێدەشتو رێی قیر- ئالشگورد- دەڤەری ئاگرییە- گوندی تورکتال- هەورازو پێچ، ڕێگەی شاخاوی- تایەر داخ- قیرتاو نییە- پێچو لێژی بۆ هۆراسان ٤٦کم- بۆ ئەرزوروم- ١٣٠کم.

لێژیو دێهات، ساجداخ، دەلال کوێی- لێژیو تەختی- پردی سەر ئاوی ئاراس- دەڤەری هۆراسان سەر بە ئەرزورومە- شەقامی قیر- لێژی- دەڤەری پەسەندلەرە- پردی ئاوی ئاراس- پەسەندلەرە- شوێنگەی خۆشو دارو درەخت، هەردوولای شەقامەکانی تەنیوە، ئاوی سازگار بۆ نەخۆشی بەسوودە، ٣٨کم بۆ ئەرزوروم- تەختیو لێژی شەقامی قیر تاکو شاری ئەرزوروم.

**ئەرزوروم- Arzroom- ئەرزنروم**

بنکەی ئوستانە، شارێکی جوانو فێنکە- ٢٥٠ هەزار کەسە، ساختمانی ٥ نهۆمی تێدایە، جەمالونە بە گونج سەریگیراوە، باخاتی زۆر، لەسەر هێڵی شەمەندەفەری ئەنکەرەیە- شوێنگەی بەرز، کەژو کێو لە هەموو لایەکییەوە- ئاشقەلاو بەخشی موسەڵی لەسەرە.

**ئەرزوروم- ئەنکەرە**

٩٠٠کم لە شارۆچکەی ئاشقەلاوە- ٥٠کم رێگەیە- قیرو پێدەشت، چەند گوندێ- کەندیلەی- شوێنیکی خۆشو بەرزایی، ئاوەدان- تۆنیلی ١٠م، کانە رەژوو- خەڵوز- قیرتاو نامێنی- تەنگی- تۆنیلیتر بە لایدا ئەروێت- تەنگی- شارۆچکەی ترجان بە بەرزییەوە- شوێنگەی خۆش- پێدەشت- گوندی مەرزان- ئاوی فورات ٣ لك، هەریەکەی بەنا رێکەوە:

قەرەسوو- لای ئەرزورومو ترجان لای تورجانەوە پێدەشتو خەلەو خەرمان- هێڵی

ئاسن- گوندی ڤجان- کونێ، شەمەندەفەر پێیدا دەروات، ٣ کونیتر- هەر شەمەندەفەر، پێیدا دەروات، ڕێی ئوتومبیل بە تەنیشتیدا- ئاوی لکی فورات بەلایدا- دۆڵو دارو دەوەن بە کێوەکانەوە- کەناری ڕۆبار- بەژێر پردی کەوانەییدا، هێڵی ئاسن لە سەرەوەی دووریان- تۆنیل- بۆ ئەرزنجان- ٤١کم- زنجیرە کێو لە هەردوولای ڕێی- کراوەیی، دێهاتی جوان بە قەدپاڵی کێوەکانەوە- باخات لە دامێنی گوندەکان پێدەشت وەکو دۆڵی سووورداشە- ئەرزنجان- بنکەی ئوستانە- Arzinjan- شارێکی گەورەیە لە پێدەشتدا، هەردوولای زنجیرە کێوی بڵند، بەفری پێوەیە، باخی زۆر- بۆ سیواس ٢٤٠کم- ڕێی سەختو- شاخاوی- ٢ کونی گچکە- کونیتر- هەورازو پێچ- کێوی ڕووتەن- لێژیو پێچو لابەلاو هەورازو تەختیو کراوەیی- دێهات- کێوو جەنگەڵ- شارۆچکەی ڕوفاهییە- نیوەی پتر کوردە، ڕێگەی شاخی- چۆم بەلای چەپدا- گوندی ئەوغانس- کراوەیی- سوشەهەی- دەڤەری سیواسە- شارۆچکەی سیواس، شەقامی خشترێژبە بەرزییەوە- کراوەیی- ڕێ شاخاوی پێچو هەوراز کراوەیی- شەرەفییە- گوندی زارا- شارۆچکەی هەرفیك- سیواس- Sivas- بنکەی ئوستانە- کۆری چەقی شار- ڕێی بەرەو ئەنکەرە- دارو درەخت هەردوولای تەنیوە- ساختمانی ڕەندو قەشەنگ- شوێنگەی تەختایی- بۆ ئەنکەرە- ٤٥٠ کم- تەختیو کراوەیی، ڤیر، بە پێدەشتدا- بۆ ئەنکەرە- ٢٧٠کم بۆ سورگوت- ٦کم- گردوڵکە- گوندی سورگوت ئاوەدان- ڕێی بەد ڤیرنەکراو- گردوڵکەو دێهات- چۆمو دارو درەخت- دووبارە، گردوڵکە- بوزغان- شارێکی خۆشو فراوانو ئاوەدان، بە بناری گردەوە- بەری، کراوەیە، لەدوولاوە گرد ئابڵوقەیداوە، شەقامێك شەقیدەکات- ڕێی کەم ڤیرو دوایی ڤیرتاو، دۆڵو دێهات لای ڕاست- ٢٢٠کم بۆ ئەنکەرە- گوندی بیرکۆی لای چەپ- ڤیرو ڕاستە ڕێی، هێڵی ئاسن بە تەنیشتیدا- شارێکی مەزن لای ڕاستەوە- ١٢٠کم بۆ ئەنکەرە- قرخقەلا- ئاوەدانو گەورە- ئاوی قزل ئیرمەق- ئیرماك- ڕێی شاخ- ئەڵماداخ- هەورازو پێچ- ٥٠کم بۆ ئەنکەرە- شاری ئاڵما داخ- سێوە کێو- لێژیو تەختی، بەرێکی هێڵی ئاسندا- لالەخانە- ٣٠کم ماوە بۆ ئەنکەرە- هایتچای- ئەنکەرە.

**ئەنکەرە-** Ankara

لەسەر چەند گردێکە، بانی تەختو چالایی ساختمانی بەرز- پێتەختە- مۆناتی ٢ ملیون کەسە.

جێی دیدەنی- ئولوسە، گەنجلەر پارك- لۆنا پارك، چانكایە،باهی ئاژەڵ- لەبەر موزەخانەدا- گردەكانی رووتەنن، كۆرەكانی- دویردیۆل، ٤ رێی- پەیكەری ئەتاتوركو هیتر- كێوەكانی ١٦٠٠م بەرزن- لە رووی دەریاوە.

**ئەنكەرە- ئەستانبول- ٤٣٨كم/** Ankara- Astanbool

بە نزیكی قردوگەو دووریانی ئایاشدا- تەختیو كەمی لێژی گوندی سۆزیوسو سەرای- هەردووكیان، رۆشنگەیان تێدایە- گوندی ئایدن- چۆمی چالی- قازان- دووریانی كورت- بوغز براژ- پۆنداو- رێی بەناو گردۆڵكەدا- دارو دەوەنی كەمەكی پێوەیە- چۆمو دارو درەخت- تەنگی دۆڵێكراوە، دارو دەوەنی زۆرترە- ریزە گردۆڵكە- گوندی مەزنی ئاكدوغان- جەنگەڵ- پێچو لێژی و سەختی شاخو بەرو گڵ، جەنگەلاوی- لێژیو نەوی سەرەو خوارە بۆ سەر رووی دەریاو دیمەنی رەند، دۆڵی ئاودار- پردو ئاو- قزڵچاخمام. لەبناری چەپ، داری چڕوگەورە بۆ گەرەدە- ٥٩كم- بۆ ئەستانبول- ٣٦٠ كم- دۆڵو لێژیو ئاوو دارو دەوەن- تەنگیو شاخاویو ركاوی پڕ دەوەن- داری كەستەنە، بەرووی ئەنكەرە، دارسنەوبەرو سەروو وەكو گەلی زاوێتە- داری چامی زۆرە، دۆڵی كراوەكەم- لێژی- دارستانی سنەوبەر، دۆڵی لێژو فێنك- ماوەیەك بە لنچكچای- بەنگی چكچای- لەناو دۆڵی فێنكو جەنگەڵدا- دار سنەوبەر، لە دامێنی گەلی درێژەدار، كراوەیی، دێهاتی زۆر- لەهەردوولاوە- ئولوچای- شاری گەرەدەی رەند بە قەدی كێوەوە، لە ئەنكەرەوە- ١٤٠كم- شارۆچكەیە، سەرەوەی جەنگەڵی رەشە- بۆ ئەستانبول- ٣٠٠كم- بۆ دووریانی- كەرەبووك- بۆ بۆلۆ- ٥٣كم- كراوەیی، بەنیچایگول- دووریانی زۆنگولداخ- گوندی یەنیئاغال- یەنیچایگول- گۆمەكە زۆر گەورە نییە، لای راستەوەیە- كراوەیی، دارو دەوەن لای چەپ- بە زۆری بەملاماندا- دەرەی زۆنگولداخ- كولدەرە- گەلی، كەم كراوە- دووریانی مانگینی- پێدەشتو زنجیرەی كێو- بە هەردوولادا- گوندی بایەكوش- كۆرچایی- ٣كم بۆ بۆلو- شاروچكەی خۆش، هەردوولای كێو جەنگەڵی ڕەش، شار لە تەختاییدا، باخو باخاتی زۆر- بۆ دوزچە-٥١كم- بە پاڵ گردا- دووریانی ئەپانت- جەنگەڵی چڕو رەش، زنجیرە كێو بەهەردوولا- كێوی بولوی رەشونزاری پڕ، رێی بە سەر دۆڵی رەشو چڕدا- دەروانێت، دیمەنی دلگیر- فینكو سازگارو ئاودار، بەهەشتی سەر زەمینە- هەوارگەیە، لە دەریای رەشەوە نزیكە- پێچو لێژە، وەكو سیابێشەی

ئیرانـه لـه رێـی کـەنارەی تەهران- چالوس- رامسەر- پێچو کەم لێژیو نەویو نزمبوونەوە بـۆ سـەر رووی دەریـا- کاباتشل- تەختـیو کـراوەی- شـارۆکەی دوزچـە- مۆناتـی ٣٠هـەزار کەسـە- کـێڵگەی مـیری زۆر بـە کرێـی کـەم دەیـدەن بە جوتیاران- ئاقجەکوچە- دووریانە بـۆ سـەر دەریـای رەش- ئـاوی کوچـوکبلە- لکـی رۆبـاری سـقاریا- کـێڵگەیتر- دووریانـی چـلئمیل، گولـویەك بـۆ هەنـدك ٢٦کـم- لکی سقاریا- چۆمو شاڤا، تووتنی زۆرە، کێوەکانی هـەردوولا، باخـو جەنگەڵە- دێهات لـە دۆڵەکانـی هـەردوولا- شـارۆکەی هەنـدك، مۆناتی ١٥٠هـەزار کەسـە- شـیتاییو باخـو باخـات، وەکـو بەشێکی بەهەشتە- بۆ ئەدەپازار- ٣٣کم- چـوار ریانـی ئومانکوێـی ئاقسەرای- کێڵگەو زەوی بەفەڕوپیت، شینایی، سەوزی- کێڵگەی گەنمەشـامی- رۆبـاری سـقاریە- چـوار ریانـی ئەدەپازارو پیلیجەك، ئەدەپازار، لای راست- بـۆ ئـەزمت ٣٧کـم- ئیسپانچـەگول- گۆمێکی گەورەیـە، رێگـە بەسـەر گۆلەکەدا، دەروانی- بـە چـالگردا، گـۆل لای چـەپ، ئیسپانچـە لای راسـت، ئـەولای گـۆمەکە، کـێوو هـەوری بەسـەرەوەیە- هـەوراز بـۆ ئـەزمت ٢٧کـم- گـوندی ئیشـمە، سـەوزابو دارو درەخـت- دووریانـی ئاقمیش،سپانچـە، سـەرەوەی سپانچـەیە، شـاری ئـەزمت، مۆناتـی ١٢٥هـەزار کەسـە، ئوسـتانە لـە سـەر دەریـای مەڕمەرەیـە- دووریانـی بۆرسـە- ئەزمت- بەبنگردەوە، بەسـەر دەریـای مەڕمـەرەدا دەروانـێ ئەوبـەری مەڕمـەڕە، کێوە، درەختی کەمە- شارەکە بەمـبەرەوە، بەریـزە گـردەوە- پاپـورو کەشـتی لـە کـەناری وەسـتاوە- شـوێنگەی ڤیـزەو پاسـپورت- درنجـە لەسـەر ئەزمـتە، شارۆچکەیەکی ئاوەدانە- رێی بە کەناری مەڕمەڕەدا- لای راسـت، هەمـووی دێهاتـی گـەورە و ئـاوەدان، بەقەد پاڵەکانەوە- دەریا لای چەپ- زۆر نـزیکو دیـارە- هێڵـی ئاسـن بـە رێکـی دەریـادا- پـاڵ کـێوو کەناری دەریا- هێڵی ئاسن، لای چـەپ، لـە خـوارەوە بـە رێکـی دەریا- بۆ ئەستانبول ٧٠کم- ڤیرتاو، رێی کۆرەنیش، دێهات لـە هـەردوولاوە، گـوندی هەرەکـە- دەریـای نـاو دۆڵـی نـزمو فـراوان، هـەردوولای کـێو، هـەردوو بـەری شـارو ئاوەدانـی، هـەورازو دوورکەوتـنەوە لـە دەریـای مەڕمەڕە- هەورازو پێچـی- تـەختی، شـارۆکەی گیبـزە- دووریانـی دارجـە- ٥٠کـم کـەمتر بـۆ ئەستانبول- شۆڕ بـوونەوە بۆسـەر کـەناری مەڕمـەڕە- دووریانـی دوزلە- نزیکبوونەوەو دەرکەوتنی دەریاو هاتـو چـۆی ئوتومبـیل وەکـو ریچکە مێـروو کـەناری دەریـا بـۆ کارتەلـە- ١٠کـم، دیمەنـو چـەشمەندازی رەنـد- پێـندك- ٤ رێـی- کاجکـو کارتە لەسەر دەریا- بۆ ئەستانبول- ٢٠کم- دووریانـی مسـالتەپە- بۆسـەر دەریـا- تۆنیلّـی ٥٠م- ٤ریان، بۆ کاملچە- ژێر پرد- دووریانی

هەرەمـوکادك کۆیـی- ئوسـکودار- ژێـر پـرد- کـەناری دەریـا- هەیـدەر پاشـا- بـوغازی بۆسـفورِ- دەپەڕیـتەوە بـۆ ئەوبـەری شـاری ئەسـتانبول بـە قـایخ- هەنـوکە پردی لەسەر کراوە- بەری ئاسیا بە ئەوروپاوە، دەبەستێ.

**ئەستانبول**- Astanbool

شـارێکی گەورەیـە، لەسـەر گەرووی بۆسفور بەری ئاسیای- ئەسکودارو بەری ئەوروپا ئاوەدانترە- مۆناتی ٤ ملیون پترە، شوێنی ناوداری:

ئایـە سـۆفیا، بایەزیـد، ئاقسـەرا، دۆڵمـە باخچـە، پـردی ئـوتقەپان، گەڵەتـە، بەشـی تەقسیم.

شـوێنگەی شـار- بەرزیـو نـزمییە، کەنـداو ٢ پـردی لـە سـەرە- پـردی ئـونقەپان- ئەتاتورکو گەڵەتە.

بلاجەکانـی سـەر دەریـای مەرمـەرە وەکـو فلـوریا، بەشـەمەندەفەرو ئوتوبـوس بـۆی ئەچێت.

**ئەنکەرە- ئەدەنە- ٤٨٠کم/** Ankara- Adana

لـە دووریانـی کۆنـیەوە- قەیسەری- یکشهر، چیای تۆرۆس، دیمەنە رەندو رازاوەکانی- بـۆ ئەدەنـە ٤٠کـم، ئەدەنـە پێـنجەم شـاری ئاسـیای گچکەیە، لەسـەر رۆباری سەیحانە، ٢ پـرد، هەردووبـەری بەیەکـەوە بەسـتووە، یەکێکیان تاقەکانی بەردە، ١٤ پایەیە، ناوەندی تاقێکی گەورەیە.

قیرتـاو تـەختی- دووریانـی چایکان- ئەسـکەندەرونە- پـردو ئـاو- پێدەشـت، پیـتوفەر کـێڵگەی لۆکە- پەموو- گردوڵکە- دەریای ناوەند- میدیترینا- لای راستەوە، نزیکە، ئاوێکی تـێدەرژێت، پردێکـی گچکەی بەسـەرەوە کێڵگەی نوێ- زنجیرە کێوی رەشو جەنگەڵ، لای چـەپ- سـنووری سـوریە، دەریـا لای راسـتەوە، هێڵی ئاسن بەکەناریدا- ئەملا ریزەکێوی رەش، دێهاتـی گچـکە، ٢ دەربەنـد- ئەسـکەندەرونە- لەسـەر دەریـاو کەنـداو- بەرزایـی لـە پشـتییەوە، دەریـا لـە بەردەمیدا- هەوراز بەرەو سنوور- پێچ- شاری بیلەن- بۆ سنوور ٩٥ کـم، کێوەکانـی، دارو دەوەنـی قـرەیە، لـە سـەری هەورازەکـەوە- بـۆ ئەنتاکیـیە- ٤٠کـم- نشـیویو پێچو لێژی- دووریانی ئەنتاکییە دەشتی کراوەی ئەنتاکییە- گردو بەرزایی، لای

راست- شارۆچکەی کرکخان- شاری ریحانی- سنووری تورکیا- سورییە- چلفاکوز- سنووری سورییە- قەسری بەناتو بابلهەوا- بە دانای سورییە- گوندی ئەرتابی ئاوەدان- بۆ حەڵەب ٣٠کم- لە حەلەبەوە بۆ حومس ١٥٠کم- دووریانی حەلەب بۆ شام- دیمەشق ٣٤٠کم بەرێی دەشتو ڤیردا- گوندی میزتار، شلخ، پێدەشتو شێنایی، چێنراو- نفتەناز، زەوییە سوورکە لای چەپ، دووریانی سەرمین- شارۆچکەی سەراقیب، کەلووی وێستگەی لێیە- گوندی مەعەرەی نەعمان- مەڵبەندی ئەبو عەلای مەعەرەیی، گۆڕەکەی لە سەری نووسراوە بە عەرەبی:

(هذا ما جناه ابي عليّ وما جنيت على احد)

گوندی عاس- دارستان، شارۆچکەی خان شیخون ئاوەدانی- گوندی مورکو سۆران- شاری حەما- بنکەی ئوستان- بۆ حومس ٤١کم، ڤیرو پێدەشت- شارۆچکەی دراستە، بەنداوە پڕ ئاوەکەی- پردی دراست، شارەکە بە سەرگردەوە، بەسەر شیوێکدا دەروانی- باخو باخاتی فرە- شاری حومس- بنکەی ئوستانە، لە پێدەشتدا، باخو کێڵگە، شاری حومس لای چەپ، لە هەردوولاوە- بۆ شام- ٢١٠کم- ڤیر- پێدەشت- گوندی شەمسین، بریج، ناعوری- فرە، دەبینی، شارۆچکەی قارە، ناعوری هەوایی بۆ هەڵکێشانی ئاو، لە بیرکان- دێر عەتییە- شارۆچکەی بەنکی ئاوەدان، دووریانی یبرد- شارۆچکەی فەستەل- کەلووی ویستگەی دیمەشق لە دووری ٦٦کم، دەڤەری گردۆڵکە، زنجیرە کێوی رووتەن، لای راست، بەسەر رەنگی سووردا دەروانێ، چیاو گردۆڵکەی گڵی و بەردەلانی، چیای بەردی رووتەن- دووریانی مەعلولاو عەین تبنە- لێژی، کەندڕی لافاو- لای چەپ گەرووی نیمچە شاخی- ٣٨کم بۆ دیمەشق- لێژی- دووریانی بەغداد- دووریانی عەدراو زەمیر- شەقامی پڕ درەختو تەنراو- باخی فرە- شاری دیمەشقی جوان- شام- لە دامێنی چیای قاسییون، خانووی بەشاخەوە پێدەشت لەبەردەمیدا.

**دیمەشق- شام**

لە پێدەشتدا، تەنیشتو دامانی چیای قاسییون بە درێژایی، شارێکی جوانو رەند، باخو باخاتو میوەی فرە، پێتەختی سوورییە- کەشو باو ئاوی سازگارو فێنك، پلەی گەرما لە ٣٠ تێناپەڕێت، لە قرچەی هاویندا لە پاڵ کێوی قاسییوندا، مۆناتی نیو ملیون کەسە.

شـەقامەكانی- پۆرسـەعید، نەسـر، جـەمال پاشـای پێشـوو- پیشـانگەی جیهانـی، ساختمانی مـەزن- كۆرەكانـی- مەرجـە، شـوهەدا- رۆشـنگەو مـزگەوتەكەی سـەری، كۆری ئەمەوی، عەدنان مالیكی، پەیكەرەكەی تێدایە.

جێـی دیدەنـیو سـەیرانگەكانی- نێوانـی هامـەو دومـەڕ- هەوارگـەی بلـودان- ٦٠كم لە دیمەشـقەوە، هەوارگـەی شـاخی، بەسـەر دۆڵی بەپیتو فەرمانرەوا، خوارەوەی هەوارگەی زەبەدانـی، لـە رێی بیروتەوە لائەدات، بۆی، گازینۆو لۆكنتە، كەشو ئاوبای سازگارو فێنك هـێمنی سروشـت، كـرداری پـەروەردگار، دیمەنـو چـەشمەندازی زنجـیرە چـیا، جیاكەرەوەكانـی نێوانـی سـووریيەو لوبـنان دەبـینی- مـزگەوتو كڵێسـە، نیشـانەی ئایـینی ئیسـلامو كریسـتیانی- شیوو دۆڵی كراوەی فراوان- پڕ دارو درەخت، میوەی فرە- دیمەنی جوانو رەند- جرجانی، مەزایا، بەقین، لە دەشتی زەبەدانی رازاوەدا.

**دیمەشق- بیروت**

١١٥كـم رێـی قـیر بـە گەرووویەكـدا، بەسەر لكی رۆباری بەرەدادا، فەرمانرەوایە- دۆڵی پـڕ دارو درەخـت- گازیـنۆ، رێكخـراوو ئاوەدانـی- كۆشـكی عەزمـی پـێدەڵێن- دوممـەڕ، گازینوكانـی- پێچو خانووەكانـی ئەودۆڵە جوانە- كێوە رووتەنەكەی- كارگەی چیمەنتۆ- قودەسـییە- دۆڵەكـە پـتر ئەكـرێتەوە، لای راسـتەوە، دارو درەخت دەردەكەوێت، لە پشتی چـیای قاسـییونەوە- هامـە- لـێژیو تەختـیو پێدەشت- دووریانی سەبورە- لێژی دووریانی یەعـتورو دیمـاس- گەرووویەكـیتر- مەیسـەلون- گـۆری یوسـف عـەزم- هەورازو لێژی- دۆڵو تەنگـیو گـەروو- دارو درەخـت فـرە، لای چـەپ، كـەمتر لای راسـت، دەشتی كراوە- جدیدە یابـوس، شوێنگەی گومرگو رێژیو پاسپورت- سنووری نێوانی سورییەو لوبنان- بۆ بیروت ٧٠كـم- بـۆ دیمەشـق ٦٣كـم- پاسگەی سورییە- زەوی لوبنان- لێژی، دۆڵی پڕ دارو درەخت، تەنگـیو گـەروو- مەسـنەع- سـنووڕو پوسـتی گومـرگ- بـۆ بـیروت- ٥٥كـم- ناوەنـدی رێـی- لێژی- شاری مەجدەل، لای چەپ، دەشتی سەوزی كراوە- عەنجەر، لای راست- دانیشتوانی ئەرمـەنن- بەرئەلـیاس- دەشـتی بـیقاع- پیـتو فـەڕ، شـارو ئاوەدانـیو كـێڵگەو پـرۆژەی مرداری- Poultry.

**دەشتی بیقاع**

له رووی فەرمانداربیەوە- ٥ دەڤەرە:

١- زەحله- گەورەترین شاره، پێتەختی بیقاعە- ٤٣گوندە.

٢- بیقاعی خۆراوا- خۆرنشین- باپتر- بنكەكەی جیبجبیتی، ٣٧گوندە.

٣- ئەرستا- بنكەكەی هەرمل- ٣١ گوندە.

٤- بەعلەبەك- شارێكی مێژوویيه- شاری خۆره- ٩٣ گوندە- پەرستگەی- چوپیتەر، ڤینوس، باخۆس، شاری عەنجەری كۆن، پاشەواری بیزەنتی- دەشتی بیقاعی كراوەی پڕ پیتوفەر، بانێكی بەرز- ١٠٠م بەرزی- چیاكانی لوبنان ٣٠٠٠م، روو پێوی دەشتەكە ١١٠میل ٢، پانی ١٠ میله، له باشوردا تەسكئەبێتەوە، دەبێ به نیو میل ئاوی رۆباری لیتانی پیێدا دەروات، چاوگەكەی له باشوری بەعلەبەگە، رێژەنی باریكو پێچاوی، دەشتی بیقاع دەكاته به دوو كەرتەوە، لا دەكاتەوە بەلای خۆراوادا، به نزیكی گۆشەی وەستاو بۆ ئەوەی سالّی ٥٠٠ ملیون م٣ ئاوی شیرینی فرییداته دەریای ناوەندەوە، له باكوری سوور، دوای ئەوەی كه ماوەی ١٧٠كم دەبرێت.

دوای چیاكانی ئەنتی لوبنان، دارو درەخت، هەردوولای تەنیوە- تەعنایل- زەبدل- مەكسه- هەوراز بۆ چیای لوبنان- له رێی تەختەوە، تەلەبایا، ئەسنتۆره، جدیتا بەجێ دەهێڵی، بەزەبدلو مەكسەدا بەرەو هەورازی چیای لوبنان- مریجان- هەورازو پێچ بۆ بیروت ٣٥كم- پرد، شەمەندەفەر به ژێریدا- دووریانی- بەوراج- چیای كەنیسەو زەهر بەیدەر- كەمی تەختی- پێچو لێژی- چیا رەشەكانی ئەنتی لوبنان، لەبەر دەمتا شۆر دەبێتەوە بەسەر حەمانا، فالوغا، هێڵی ئاسن بەلایدا، بەسەر دۆڵی پڕ دارو درەختدا- چیای رەشو جەنگەڵی- سۆفەر- هەوارگەو ئاوەدانی، گازینۆ، دارو درەخت لەسەر رێی- دیمەنی رەند- رویساتی سۆفەر- پێچو لێژی- رێگەی پڕ ئوتومبیل، هاتووچۆ، دەروازەی بحمدون، بۆ بیروت ٢٠كم- شاری بحمدونی رازاوەو رەند- گازینو، ئاوەدانی، فرۆشگەو ئوتیل و جەنجاڵی- بەعلە- شەمسییه، شار به پشتی شارەوە، ساختمانی بەرزو نهۆمی فره- پێچولێژی- دەریا دەردەكەوێت- پەیكەری شەكیب جابر له عالییه- عاریا- شاری بیروت دیاره- دەریا، دەركەوتووە- كەحاله- بەسەر دەریادا فەرمانرەوایه، گردوڵكەكانی، دیمەنی جوان- فەیازییه- دووریانی زیره- بۆ بیروت ٥كم- شەیاح له كەناری بیروت- حەرش، شوێنگەی گرەوو پێشبركێی ئەسپ، وەكو جەنگەڵە- شەقامی عومەر له نێوانیدا- پرد، ئوتومبیل به ژێریدا دەروات- حازمییەو فرن شوباك- كەرەنتینەو بورج حەمەد- وادی ئەبودجل- دەروازەی بیروت- شاری بیروتی رەند.

**بیروت**

لەسەر دەریای ناوەندە- میدیترینیا- پێتەختی لوبنانە، كۆری بورج چەقی شارە، پەیكەری سەربەستی، نیشانەی رزگاری تێدایە، مەڵبەندی بازرگانییە، پەیكەری سەربەستی ئەبدولكەریم خەلیل، نمری خەزان- ٦ ئایار ١٩١٦- لەسەر بنكەیە وەستاوە، دووانە، یەكێكیان مەشخەڵی سەربەستی هەلگرتووە، دووان لە پشتییەوە راكشاون- نموونەی كۆیلەیەتیو سەر شۆرییە، هەلگری مەشخەڵ، رزگاریان دەكات.

بیروت- پردی نێوانی خاوەرو خۆرنشینە، شەقامی حەمڕە، كۆری ریازو سوڵح، پەیكەرەكەی، شوێنگەی گرنگە. شوێنی مەلەو بلاژەكانی سەر دەریا وەكو- سانسیمون، سانمیشال، هیتر.

بیبلۆس- پاشەواری مێژوویی شاری كۆنی چەرخی رۆمانە لەسەر دەریای ناوەند، دوژەكەی لە بەردی گەورەی ئەندازەیی، دروستكراوە، شوورەكەی پانە، پایەی لە پالْدایە، خانووەكانی لە ناو شوورەكەدان، تۆپی دەستكردی وەكو تۆپەكانی وەستا رەجەبی رەواندوز، لەسەرەوە دانراون، بەشكاوی لە سەر بانەكانی كەوتوون- ژووری ئازوخەو مەتەرێزو سەنگەری تێدایە، لە هەر چوارلایەوە، چالاوو ئاو كۆی بەردینی هەیە، بە لوولە ئاوی بۆدێ، لەسەرەوە، خانوو، گۆڕی فینیقییەكانو پەرستگەی رۆمانی، دوژی خاچ- سەلیبی، شانۆی خڕ پلە پلە، چاڵی هەیە، وەكو پایەی پەرستگە، گچكە، بەقەدی شانۆكەوە.

لە ئەنتالیاسەوە- بۆ ئەشكەوتی جعیتای رەنگین، دوای رۆباری كەلب- كوڵەكەی ستالەكتایتو ستالەكمایتی تێدایە، نیوكات بەناو ئاودا دەرویت، رووناكیو گڵۆپی رەنگین- كز، ئەلەكتریك، دیمەنی پەروەردگار، رووالەتی سروشتی رەونەقدارو قەشەنگ.

**زەحلە**

هەوارگەی رەند- ٤٥كم لە بیروتەوە، لە دۆڵی تەسكدا چاوگی ئاوی لیتانی، لە بڵندایی گەرووەكەوە، بە هەردوولادا خانوو، ئوتیل، گازینو، لوكنتە، سەرێگیراو، تیشكی خۆر نابینی، لەبەر سێبەر، ئاوو بای فێنكو سازگارو دلگیر، دیمەنی رازاوە، سەیرانگە، میوژاوی زۆر، میوە، هونەر، پێشەكەی پەیكەری هونەری هێشووی تری، پەیكەریتر، هێشووی تری لە شێوەی گوشیندا- لە بیروتەوە- فرن شوباك- حازمیە، عالیە- بحمدون- جدیتا- دووریانی شتورە- تەعلەبایا- زەحلە، وەكو دەربەندو گەرووەكانی جافەرانی سەرگرمەو قەراخە، لە ئوستانی سلیمانی.

لە ڕێگەی زەحلەوە- هەورازو پێچی فرە تاکو- زەهر بەیدەر- تەختایی- لێژی، لابەلا لە دامێنی چیای پشتەوەی شاری بیروت.

شاری زەحلە- بنکەی دەڤەرە لەسەر ئوستانی بیقاعە.

**دیمەشق- عەمان**

٢٢٠کم- لە دووریانی سەحنایا و ئەشرەفییە بە شەقامی ڤیردا- دەشتایی، کیسوە- خانون زەنون- دووریانی تیبە- پێدەشت- دووریانی زرەیفییە- غەباغب- گوندی سەنمین، ڤینە- دووریانی دەلی- چولێو بیانو گڵەسوورە- گوندی شێخ مسکینی ئاوەدان- بەنزینخانەی تێدایە- گوندی ئەبتەعی ئاوەدان- گوندی داعل، عەتمان، خانووەکانیان، لە بەردی بیابانەکە دروستکراوە- بۆ درعا- ٤کم - بنکەی ئوستانی درعایە- هێڵی ئاسن دەبڕین- شارەکە بە بەرزاییەوە، نزیکی سنووری ئەردەنە- دوا شاری سوورییە لەسەر سنوور- پۆستی گومرگو پاسپورت- ماوەیەکی کەم- سنوور- ماوەیەکی کورت- شاری رەمسەی ئەردەن، بەسەرگردەوە- پۆستی گومرگو پاسپورت لە ناو خاکی ئەردونندا- پێدەشتو ڤیر- دووریانی بەغداد- گردوڵکەو هەوراز- دووریانی کفرحەل- دارو دەوەن بە گردەکانەوە- نزمیو پەستی بەسەرگردوڵکەو دێهاتو شارو کێوی دەوەناوی، پێچو لێژی- شاری جرشی مێژوویی، پاشەواری چەرخی رۆمانی- کێوی عەجلون- لە پشتییەوە، دەڤەری رازاوی ئەردون.

پاشەوارو پەرستگەکانی چاخی رۆمانی، دیارو ئاشکرایە- کێڵگەی فرە، شاری رەندو دلگیر، لە شیوێکدا- ٥٠کم لە عەمانەوە- رێی سەختو شاخاوی نیوەرووتەن- پردی زرەڤە- هەورازو پێچ، رێی بەسەر دۆڵو شیودا فەرمانرەوایە- گردوڵکە- پێچو لێژی- خیوەتگەی پەنابەرانی خۆراوای فەلەستین- بەگعە- بۆ عەمان ١٣کم- گوندی ئوم عەلیقەی خریستیانی- زانکۆی ئەردەنی- عەمان.

**عەمان**

پێتەختی ولاتی ئەردەنە، لەسەر چەند گردێ دۆڵو نزمیو بڵندی- خانووەکانی بە چیای حسین، هاشمی، عەبدەلی، ویبدە، هیتر.

پاشەواری- پلیکانەی رۆمانی.

شوێنگە دیارەکانی- مزگەوتی حسین.

شەقامەکانی- شا ئەبدولا، تەلال، سەلت، هیتر.

**عەمان- بەغداد**

۹۵۰کم- لە خیوەتگەی مارکاو گەرەکی رەسیفە- باخوباخات- شاری زەرقا- شەقامی پڕ دارو درەخت، باخچەی جوان- فێرتاو بە بیاباندا- گردوڵکەی نزم- دووریانو پۆستی گومرگو پاسپورت- چاخانەو حەساوگەی عاقب، مەنارە، دێهاتی گچکەی خێڵەکییەکان- بیابانو دەشتەکی، بەردی رەشی فرەو بڵاو- H٥- کۆتایی سنووری ئەردون- شوێنگەی پاسپورتو دەرچوون دوای H٤- بۆ سنوور ٦٠کم- سنوور- پۆستی پۆلیس تەرابیل- بۆ روتبە- ١٥٠کم- H٣- بۆ روتبە ٧٠کم- شارۆچکەی رەتبە- شوێنگەی گومرگو پاسپورت، پشکنین- بۆ رومادی- ٣٠٠کم- بۆ بەغداد- ٤٠٠کم- بیابانو چۆلیو گڵەسوور و کەم بەرد- قیر- بیابانی لاوی، چۆڵی، پۆستی موحەمەدییات- بۆ رومادی- ٧٠کم- لە دووریانی هیتەوە، بۆ هیت ٢٥کم، بۆ رومادی ٣٨کم- دووریانی مەجەرە بۆ مەجەرە- ٥٠کم- بۆ رومادی ١٨کم- شاری رومادی- بنکەی ئوستانی ئەنبار- کە ئەنباری ساسانییەکان بووە- بۆ بەغداد- ١٠٥کم، بۆ فەللوجە ٥٨کم- شارۆکەی فەللوجە، لەسەر رۆباری فوراتە- خان زاری- ئەبو غریب- بەغداد.

**بەغداد- شام**

١٠٥٠کم- شەقامی قیر- فەللوجە- لە پردی نوێی ئاسنەوە- حەبانیيە- ٨١کم لە بەغداوە- ٢٩کم لە رومادییەوە- لە دووریانەکەوە ٢کم- فیرتاو- ٤کم بۆ دەریاچەکەو ٢٦ کم بۆ رومادی- رۆباری فورات، لای راست- گوندی موزین- رومادی- پردی کراوەی سەرئاوی فورات- بۆ روتبە ٢٩٨کم- پاسگەی موحەمەدییات- روتبە- شوێنگەی پاسپورتو گومرگ- بۆ سنوور- ١٤٤کم- H٣- سنووری ئەردون- سوریيە- لائەدات- رێ سەرەکی بەجێ دەهێڵێت- سنووری ئەردەن- H٣- بۆ سنووری ئەردون- ٦٠کم- فیرتاوی پانو ئاسایی بۆ سنوور- ٤٠کم بۆ ناو خاکی ئوردن- H٤- گومرگو پۆست، فیزەو پاسپورت، ٢٠٠ کم بۆ دووریان- مەفرەق- بۆ شام- ١٢٠کم- بیابانی شام بەردە رەشەکانو گردوڵکە- درێژی بیابانو چۆڵی- بەردە رەشەی فرەتر،دەبن- H٥- چەند چاخانەیەکی سەر رێی- خانووی دەشتەکی،دوور لە یەکتر، ئاوی بیر دەخۆنەوە- پاسگەی ئوم جەمال- پێدەشتی بە پیت- دووریانی شارۆکەی ئاوەدان- بۆ دیمەشق ١٢٠ کم- بۆ عەمان ١٠٠کم- پێدەشتی کراوەی بە پیت- بەرزیو نزمیو گردۆڵکە- خانووی بە سەرەوە- رێی قیر- پاسگە- دەشتی کراوەی بە

پـيت- كـێڵگەی گـەنم، درانەوێڵـە- دووريانـی ئـەردەن- كـێڵگەی گەنمـو دانەوێڵـە بـە هـەردوولادا- شارۆچكەی رەمسەی ئـەردون- بـە بەرزايـيەوە، سەر بە ئوستانی ئەربەدە- سنووری سورييە- دوای هەورازيكی كەم- پێدەشت- پارێزگەی درعای ئاوەدان، لە نێوانی، گـردۆڵكەدا، پـرد، هەردووبـەری بەيەكـەوە بەسـتووە- داعـيل- گوندی ئەبـتەع، ئـاوەدان، ئوسـتانی سويدا- حەوشەكانی كۆمەڵە بەردە رەشەكانە وەكو خانووەكانی درعا- سەنمين- قـير- كـۆڵەكەی دارو سـتوونی تەلەفـۆن بـە هـەردوولای رێگـەدا- گـوندی غـەياغب، لـە پێدەشـتی كـراوەدا- زنجيرە چيای ئەنتی لوبنان، لە بەردەمتا- خان زەنون- باخاتی سێو- كسوە- كەمەكی هەوراز- بە سەر ديمەشقی پێتەختی سورييەدا شۆر دەبێتەوە لە دامێنی چيای قاسييون.

ئوستانەكانی سورييە:

حەسـەكە- ديـرزور، حومس، حەما، ديمەشق، سويدا، درعا، لازقييە، ئەدليب، رەشيد، رەقە، حەلەب.

بيروت- تەرابلوس

٨٥كـم- سـنووری شـاری بـيروت- دووريانـی حەلـەب- تەرابلـوس- ئەنتالياس- كەناری دەريـا- رۆبـاری كـەلب- تۆنيلـی گچكە- دووريانی ئەشكەوتی جعيتا- پردی كراوە- رێی بە ژێـريدا- دووريانـی جۆنـيە بـە رێكی كـەناری دەريادا- لای چەپ- جۆنييە، چەند پردێ- رێـی بەژێـرياندا- پـرد لـە سـەر دۆڵەكـەوە، درێژ بۆتەوە بۆ سەر چيا- دووريانی غەزير- پردێكـی نـزيك خەسـتەخانەی چيا، پـردی سـەر شـيو- رێ بەسـەر دەريا فەرمانڕەوايە- تەبـرجا- سـەفرا- خانـووی بەيەكـەوە نووسـاوە- درەخـت هـەردوولای رێی تەنيوە، پردی سـەر ئـاوی ئيـبراهيم- شارۆچـكەی جەبـەل- حـالات، سـەيرانگەو گەرماوانـی ئەينـتوقاح- قـيدار- بـۆ تەرابلـوس- ٥٠كـم- پـردی شـيوی قووڵـی درێـژ تاكـو سـەری چـيا- دووريانـی لەقلـوق- شارۆچـكەی گەشـتو گـوزار- جەبـەل- بـۆ تەرابلـوس- ٤٨كـم- فرۆشـگەيە بـە هـەردوولای رێگـەدا- دارو درەخـتو سـێبەر- پـردی سـەر شـيو- هێڵـی ئاسـن لای چـەپ- دووريانـی عەمشميت- بەعشتا- حلوە- دووريانی كەفركەزە- ماڵئاوايی لە دەڤەری جەبەل دەكـەين، پێشـوازی لـە ئوسـتانی باكـور دەكـەين- هێڵـی ئاسـن لای راسـت- بەتـرون- بـۆ تەرابلوس- ٣٠كم- شارۆچكەی رەند لەسەر دەريای ناوەند- كبا- هەوراز- سلعاتا- حەنوش-

پـردی سـەر شـیو- ٢٥کـم بـۆ تەرابلوس- حامات- پردو تۆنیلی ٥٠٠م- هری- چالاوی خویی لەسـەر رۆخـی دەریـا- دێـر ناتـور- ١٠کم ماوە- قەلمون- چالاوی خوێ درێژەی هەیە- هێڵی ئاسن لای راست- بەحساس- تەرابلوس.

**تەرابلوس**

تەرابلوسـی شـام- بـنکەی ئوسـتانی باکـورە، دوولای دەشـتە، دووەم شـاری لوبـنانە، بەرزایـی لـە پیشـتییەو- رۆبـاری ئەبـو ئەلـی- شـەقی دەکات، چەند پردێ هەر دووبەری بەیەکەوە بە سنوورە، کەلووی بلّند لە ناوەندو چەقی شاردا، شاری رەند، بەندەر لەسەر دەریای ناوەند- میدیترینا.

**بیروت- سەیدا**- Sayda

٤٠ کـم لـە شـویڤانەوە- ١٥کـم لە بیروتەوە بۆ خولە- ٢٠کم رێگەیە، دووریانی دوحە- ناعمـە- شـارەوانی تـێدایە- ئاوەدانـە- دامـور- دووریانی دەلهەمی- سەعدییات- هێڵی ئاسن لای راسـت- رێگـە بـە کـەناری دەریـاداو بـە سـەریدا فەرمانـرەوایە- جییە- وادی زینـە- بۆ سـەیدا ٥کـم، دووریانـی جـدار- رومـیلە- سـەیدا- بـنکەی ئوسـتانی باشـوورە- مۆناتـی ٨٥ هـەزار کەسە- پاشەواری دەریایی فینیقی، پاشەواری وشکایی- زەمینی رۆمانەکان، دیارن- شارێکی رەندە، لە سەر دەریای ناوەندە- میدیترینا.

**بیروت- بەعلەبەک**

٨٣ کـم لـە فـرن شـوباکەوە- دووریانـی سـەیدا- تەرابلـوس- حازمیـیە- دووریانـی عەسـفوری، کۆشـکی سـەرکۆمار- هـەورازو پـێچ- فەیازیـیە- هـەوراز- جەمهـور- عارەیـا- کەحالـە- زەهـرروەحش- عالەیـە- دیمەنـی باڵەخانـەی نـاو جەنگـەڵ- نـزاری رەش لای راسـتەوە- بەعلەشمیـیە- بحمـدون- شـاری گـەورەو ئـاوەدان- مەجـدەل بەعلـە- سـوفەر- شـەقامەکانی پـڕ درەختە، باخی سێوی فرە- حەمامە، لای چەپ- هێڵی ئاسن- هەوارگەی لای راسـت- هـەورازو چـیای رووتـەن- زەهـر بەیـدەر- سـنووری ئوسـتانی بـیقاع- پێچـی نـەوی- هێڵـی ئاسـن لای راست- مریجات- ناوبەناو درەختی سەر رێی- رێگە بەسەر شیوی قوولێـیێ فـراواندا، دارو دەوەنـاوی- فەرمانـرەوایە- مەکسـە- زەبـدەل- شـتۆرە- جـەلالاو-

تەعلـەبایا- سەعد نایل- کەسارە- زەحلە- کرك- فرزل- ئەبلەح- دووریانی ریاق- پێدەشت- دووریانـی نەبـی شـیت- دەشـتی بـیقاع- سـفری- خـەزەر- تەلـبا- ۱۰کـم بـۆ بەعلەبەك- بە دەشـتی بـە پـیـتدا- دووریانـی بـریتال- تیـبە- ٥کـم مـاوە- دورس- بەعلەبەك- شاری خۆر- دەروازەکـەی ریکنەخـراوە- پەیکـەری جـەمال ئەبدوناسـر- شـارەکە لـە دۆڵێکـی کـراوەدا- پشـتی بـە دامـێنی کـێوی رووتەنـەوە، لای خاوەریـو باشـوری- مۆناتـی ۲۰۰ هـەزار کەسە- ئەشـکەوت لای باشـوریەوە، شـەقامەکانی پـڕ دارو درەخـتە- کانیاو چاوگی کەسر جەبار- لـە دامـێنی خـاوەری کـێوەکەوە- لـە سـەرووی شـارەوە، دێـت بـۆ نـاو شـار بـە درێژایـی جۆگەیەك بـە رێکـی شەقامەکەیدا، گازینۆو ئاوەدانی لەسەر کەناری جۆگە- ئەو گردەی ئوتیلـی خەوامـی لێـیە- جەنگـەڵ بەسەر کانیاوەکانیدا دەروانێ- پەرستگەی بە ۳ پارچە پلـیکانە، بـۆی سـەر دەکـەویت- هـەر یەکـەی ۱۳ پلـیکانەیە، ۱۲ کـۆڵەکەی بـەرز، لە پێشی هەیوانەکەی، ژوور لە هەمووولایەوە.

دەرگـــای دووەم- حەوشــــە، ژووری کەوانەیـــی بــــە دەوری حەوشـــەکەدا- کـــۆڵەکە بـەدەرەوەی حەوشـەی دووەمـدا- حەوشـی سـێیەم چـاڵە- دیوارو کۆڵەکەکانی، بەرزن- لە حەوشـەی دووەمـەوە بـە پلـیکانە بـۆی سەردەکەویت- تونیلی ژێرەوەی ۲٥۰-۳۰۰م درێژە- پێـیدا دێـتەدەرەوە- ئەسـتوری کۆڵەکانـی- ۲م- تیرەکانـی- زۆرتـرە- کۆڵەکانـی- سـاختمانی خـوارووی هەشـتن- بـەرەو رووگـە- ۱۲ بـەرەو باکـورە، سەریانی پێوەی ماوە، بەیەکەدەن- ئەمانـە هەیوانـو نشـینگەی پادشـایانی رۆمان بووە- لە حەوشەوە- بە پێلکە سەرکەوتون بۆ شوێنی دانیشتن.

نـەخشەی کۆڵەکەکانی بەردەمی نشینگە وێنەی هەڵکەنراو نیشانەی جەنگو سوپایە- چـەکی جەنگیــیە- فریشـتەیە- پەرسـتگەکە لـە باکـورەوە بــە سـەر باخانــی مــیوەدا- فەرمانـرەوایە، دیـواری خـوارووی ۳م، پارچـەکانی بـە ئەنـدازەی یـەکترین- درێـژی هـەر پارچەیەکیان ٥م- بەرزییان ٤م.

وێـنە هەڵکەنـراوەکان- دیوی شا، چەکی جەنگی، نیشانەی سوپایی، فریشتە ئەفرێت، سیسـارگەیە- سـەریان نـەرو خـاوە، لەملایـەوە ٥۱ پلـیکانە- دەچێتە سەریان، دوژو قەلاو شوێنی بەرگرییە.

**بیروت- قاهیره**

بـه فـرۆکه ٢ کـات کەمتر، بەسەر دەریای ناوەندا- میدیترینا- فڕکەی جیهانی قاهیرە- قـاهیرە شـارێکی مەزنـە- ١٢ ملـیون کەسـە، پاشـەواری وەکـو هەرەمـەکان- توچـکە، گەورەکەیان- خۆفو، خەفرەع، مەنقەرەع، گۆری ئیدۆ.

بـەرزی هەرەمـە گەورەکـەیان ١٣٧م- دارتـەرم- تابـوت- شـا خۆفـوی تێدایە- پاشەواری هەڵکـوڵین دیـارە، پەیکەری شا خۆفوو خێزانەکەی تێدایە- لە چەقی شارا- کەلووی بەرز ١٨٧م، کۆرو مەیدانی وەکو- تەحریر- سلیمان پاشا، ئیبراهیم پاشا، لازوغلی، هیتر.

پەیکـەرەکان، شـەقامو کـۆرەکان بـەو ناوانـەوە دەناسرین لە شەقامە سەرەکییەکانی- قەسـری نـیل، قەسـری تین، ٢٦ یولیو- فوئاد سابقاً، شەریف، عەدلی، هیتر. لە پردەکانی- پردی قەسری نیل، ئەبو عولا، کوپری ئەباسی، هیتر.

سـاختمانە گرنگەکانـی- جامـیعەی دەوڵەتـە عەرەبـەکان، کۆشـکو ئوتـیل هیڵـتون، مـوزەخانەی میسـر، عابـدین، هـیتر، دوژی سـەلاحەدین ئەیوبـی، مزگەوتـی مـوحەمەد عەلـی پاشـا، ئارامگەکـەی لـە سـەر بەرزایـی، بـە سـەر شـاری قاهیرەدا دەروانێ، لە کۆری عابدیـنەوە- مـوقەتەم- دەبـینی- کۆشـکی جەوهـەرە، لـە پشـت مـزگەوتەکەوە، خانـو فەرمانگـەو بارەگـای مـوحەمەد عەلی پاشا بووە، هۆنو رارەوی مەمالیکی تێدایە، بەفێل بانکراون، شیر لە ژێر کورسیەکاندا شاردرا بۆوە، هەموویانی کوشتو لە ناویبردن.

**قاهیرە- ئەسکەندرییە**

٢١٠ کـم- بەشـەمەندەفەر- لـە کـێڵگەی پەمـوو، گەنمـە شـامی، بەسـەر پردی گەورەی ئاسـنی رۆبـاری نـیلدا- بـۆ ئوستانی تەنتا- ئارامگەی بەرێز بەدەوی عێراقی تێدایە- کفر زەیـات- کفـرزەیات شـاری پیشەسـازی- ئوسـتانی دەمەنهـور، شـارو مەڵـبەندی چـەڵتوك- ویستگەی سیدی جابر- رەمڵ- ئەسکەندەرییە- Askandaria .

شـارێکی رەنـدو جـوانە- بەنـدەرە لـە سـەر دەریای ناوەند- سەیرانگەو دیدەنی گشتی وەکو مونتەزەهـ - شاتیئی مەعمورە، بلاژەکان.

سـان ئیسـتیفانوس، سـیدی بیشر، هیتر- ٢٥کم پتر بە کەناری دەریادا هەمووی بلاژە، شوێنی مەلەو خوشگوزەرانی.

لـە مونـتەزەهـ، کۆشـکی شـای پێشـوو، ئوتیلـی فەلەسـتین، شـوێنی فراوانـی هەیـە، بۆ سەیرانو گەڕان، بلاژو لوکەنتەو گازینو کۆری یاری، هیتر.

لـە کۆرەکانـی- ئەحمـەد ئەعرابـی، مـوحەمەد عەلـی، سـەعد زەغلـول، شـاری تیاترو، یاری، شوێنی خۆشی فرەیە.

**حەلەب- دیرزوور**

٣٢٥ کـم دەبـرین- جابـرییە- کویـرس- دیـر حامـز- مەسـکەنە- گـردۆڵکە زنجـیرە زورگـەزراو- وەکـو کـێو وایـە- بەرزیـیە، بـەناو گـردۆڵکەدا- بـیابانو چـۆڵی- دیـر فـەرەج- مـەحکان- ئەبـو غەریـرە- بەنـداوی سـەر فـورات- بـە ژێـر پردی کراوەدا- دیتی- ٣٠کم بۆ رەقـە- پـردی سـەر فـورات- ١کـم دوورە لـە رۆبارەکـەوە، رێگەکـە- ویسـتگەی رەقـە- بـۆ دیـرزوور- ١٢٧کـم- زنجیرە کـێو نێوانـی گـردولکەو سوێرەکات- مەعدان- دیرزوور لە سەر فوراتە، بـنکەی ئوستانە، لـە پـردەکە دەپەرێـتەوە- پردێکی گەورەتـر- لـە سـەر فورات- دێهاتـو ئاوەدانـیو پـرد- ١٥٠کـم بـۆ حەسـەکە- گـوندی سـەعدە، پاسگە- پرد- پاسگەی ٤٧- پـردی سەر جۆگەی رەشید- گوندی دەغرات- حەسەکە- بنکەی ئوستانە- لە سەر کەناری چـەپی رۆبـاری خابـورە- مۆناتی ٥٠ هەزار پترە، لە پێدەشتی فراواندا، مزگەوتو کلیسەی تێدایە.

**حەسەکە- قامیشلی**

١٥٠ کـم- پێدەشـتی بە پیتی فراوان- رێی قیر بەناو کێڵگەی گەنمدا- دانەوێڵە- سەیفا- دوورِیانـی پـردی تەلـبوراگ- روفا- تەلـبوزی- تەلـزەهەب- رۆبـاری خنیزو توتیە- زنجیرە کـێو لـە بەردەمـتدا- شـاری قامیشـلی لـە دامـێنی و پێدەشـتدا بـەدی دەکـرێت- شـاری پێشکەوتوو ژیـاری خـۆش، ٢کـم لـە شـاری نوسـەیبینەوە، کوردسـتانی باکـور- ٨٠کـم لـە سنووری دەستکردی ئیراقەوە- ویستگەی شەمەندەفەر، سینەمای تێدایە.

نوسـەیبین ٦٠کـم لـە ماردیـنەوە- ئـەم شارۆچـکەیە- لەسـەر رۆبـاری چغچـغە، لـە کوردستانی باکورەوە دێت، دەرژێتە رۆباری خابوورەوە- لە خاوەری قامیشلییەوە دێهاتی وەکو- عەەنتەرییە دەبینی، شەقامەکانی رێکە، مۆناتی ٧٠هەزار کەسە.

**قامیشلی- مووسڵ**

٢٠٠کـم لـە عەنتەریـیەوە- رێـی قـیر- کێوەکانـی سـنوور لای چـەپ- گوندی جەماعی، نیعمەتلـی، پێدەشـتی کـراوە- گوندی تەنور بودیر- بیاندور- هێڵی ئاسن دەبرێت- گوندی حەلـوە- کێلەسـپی- فـیور بـیتر- ئـاوەدان، ئاوێکـی کەمـی پـێدا دەروات- ٢ بەرەیـە- پـردێ هـەردوو بەرەکـەی بەیەکـەوە گـریداوە، خانـووی رێکخـراو- دوورِیانی پورسەعید- پردی

گچکه- گوند بەلای چەپیدا- عەتشان- شەبەك جوادی- پردی پێش بابی حەدید- دووریانی مالکی- تەلکۆچەك- یەعروبی- بەخشی روبیعەی ئیراق- شوێنگەی گومرگو پاسپورت- ڤیر بەناو زەوی مێزوپوتامیادا، ڤیرتاوی بەد- کۆشکی شێخی خێڵی شەمەر، دێهاتەکانیان- هێڵی ئاسن لای راستەوە- گوندی عویـنان- پردی کراوە لە پێشیەوە- تەلەرگ- حەگنە- هێڵی ئاسن دەبرێت، پردی گچکە- ئاو بەژێریدا- پردو پاسگە لە تەنیشتییەوە- دووریانی تەسك، هێڵی ئاسن دەبرێتەوە، وێستگەی شەمەندەفەرو هێڵەکەی دەبرێتەوە دووبارە، دووریانی کومپانیای چیمەنتوو کارگە- کۆرە گەچەکانی پێشی مووسڵ- شاری مووسڵ- بۆ هەولێر ٨٠کم بۆ بەغداد ٣٤٩کم.

**بەغداد- ئەستانبول**

٢٥٠٠کم- بەشەمەندەفەری تۆروس لە وێستگەی جیهانییەوە- بەغداد- تاجی- مشاهەدە- دوجیل- بەلەد- سامەڕا- تکریت- بیجی- شرگات- دەڤەری گردۆلکەیی- حەمام عەلیل، لەسەر رۆباری دەچلە- بە کەناری رۆباردا، دەڤەری گردۆلکەیی، ماوەی ٥ خولەك بەناو تۆنیلدا- مووسڵ- بەرەو تەلکۆچەك- ٢١٣کم- سابونییە- وائیلی- تەلعوینات- بەخشی رەبیع- بانکی رافدینی لێیە- فەرمانگەی پاسپورتو گومرگ، دواسنوور- تەلکوچەك نزیکە- خاکی سوورییە، ناوەنراوە بە- بەعروبییە- تێکەڵە- تەلعەلۆ، خانووەکانی قوڕە، پێدەشتی کرکو دێهاتی بلاو- خەلەو خەرمان- زنجیرە کێو لە پشتییەوە، لە دوورەوە، سپیدارن، گوندی فرە لە هەردوولاوە، لە دەشتەکەدا- دەشتی بەرینو پان، پیتو کێڵگەو شینایی، تەلزیوان- قامیشلی- ٢کم بۆ نوسەیبین- فەرمانگەی گومرگو پاسپورت- بە نزیکی دەبۆ کۆنەکەدا- دەشتی نوسەیبین- ئامودە لە سورییە، لای چەپەوە لە رێکی سنووری سوورییە- پێدەشتی پانو بەرین بەناو هەردوو دەرڤیسیادا- هێڵی ئاسن دەڕوات- هەردوولای ئاوەدانو کوردنشین- دەشتایی بەرین- بەخشی جەبلانیەتارك- ١٥٠ کم لە ئورفەوە- ئورفە- بیرەجەك، لەسەر رۆباری فورات- یاسڵداخ- بەوبەری رۆبارەوە- گردۆلکەیی- رەزو باخو میوەی قەیسی، زەیتونی فرە- چەند زینوویەك- شاری تزپ- بەناو چۆمو باخدا، خانووی فرە- زەیتونو فستق، زەوی گردۆلکەیی، هێڵی ئاسن، بەناو رەزو باخی زەیتوندا- ئاو و باو کەشی سازگارو فێنك، لە مانگی ئابدا، باران ئەبارێت- دێهاتی ئاوەدان، لای چەپ- باخی زەیتون درێژەی هەیە-

تۆنیل- ستوونی تەلەفۆنەکان، سپیدارن- تونیلی ماوەدار- گردۆلکە- شاری غازی عەنتاب- ئەنتاب، گەورەو ئاوەدان- بە پەند گردێکەوە، خانووی بەدەم یەکەوە بەگردەکانەوە دوژی کۆن لە چەقی شاردا- ئاوو بای ساردو سازگار- ئەولای پڕ ترە- سەربانەکانی تۆقزو جەمالونو پلوسکی گونجی ئەسبەستە- ١٥٠٠کم لە ئەستانبولەوە شەشەمین شاری ئاسیای گچکەکەیە- تورکیا- شارێکی خۆشو دلگیرە، کورد نشینە- بە ژێر پردی گچکەدا- بەناو رەزدا- شار بەجێ دەهێلین- گردولکەو زیتو- دوولك، لە پەنا گردا- پلەی گەرمی ٢٥ پلەیە لە هاویندا- شاهیتئارف- تۆنیل- پێچو لابەلاو دەڤەری شاخی- قیر- بەناو کێوەکانیدا، ژێر پرد- ئاگچەگۆزە- تونیلی سالمانلی- نێوانی چیای رەش، بنمیچو سەربانی خانووەکانی وەکو لای خۆمانە، گوند لە خوارەوەی رێگە- دەشتایی شین لای چەپ- ٢ تونیل- کێوی رەش بەملادا- گوند لە بنار- کراوەیو فراوانی- نارلی- کراوەیی- کۆپری ئاگز- ئێلئوگلۆ، لە بنار- رێی قیر- بەرەو زنجیرە کێو- کەچیلەر- لە دۆلی رەشورەندا- پشتەوەی هەموو رەزەو بەری کراوەیە- پێدەشتی بەرین- پێچو لابەلاو زینو- دەڤەری شاخاوی- کانیاو- کومرلەر، لە دامیندا- لاپالو پێچ، قەدی کێوی بەردین، بەرز، تەمو هەور پۆپەکانی پشتەوەی گرتووە- گوندی بنارە دۆڵ بەملادا- پێدەشت بەولادا- قیر لە خوارەوە بەلاپالدا- پەند گەلییەك- خوارەوەی گوند- فەوزی پاشا، بە کەندو سنگی چیای شینکەو کەوەلەوە بەردی لێهەلکەنراوە- بەخشی سەر بە ئەنتابە ئەگەرێتەوە بۆ ئەدەنە- تونێل- تونیلیتر- ٢ خولەکە- دەڤەری شاخاویو رەشو فێنك- تۆنیل- سەری کێوەکانی گاورداخی، کوناودەر، دێتەوە ئەمدیو- گوند بە قەد پالی چەپەوە- رێی قیر لە خوارەوە، پۆپی چیاکان هەوری بەسەرەوە، رەشیو نزارو جەنگەل داپۆشیوە- بای فێنك، دیمەنی گوندی ناو گەلیو دۆلەکانی هەردوولا دل ئەگەشێیتەوە- دەڤەری شاخاوی- تونیل- پاسگە- پردی سەر چۆمی وشك، یەکدو پردیتر لەسەر چۆمەکە- بەلای باشوردا، باخو نزاری رەش، فراوانی دۆل- تاشدوولك- تۆنیل- تۆنیل- گەلیو ئاوو تۆنیل- تۆنیلیتر- دەرەوچۆم لە خوارەوە- تۆنیلی درێژ- یارباش- تونیل- دۆلی قوولی پڕ لە داری سەروو سنەوبەرو خوارەوەی چۆم- شەقامی قیر، ئاوەدانی، لە خوارەوە لای چەپ، جەنگەلی سنەوبەر- وەکو زاوێتەی رێی ئامیدی، پۆپەی کێوی سەختو بلند- بەولادا- دەشتی بە پیتی شین- گوندی ئاوەدان، خانووەکانی ناوباخ- باخی هەنجیرو چنار بەملادا، بە دامێنەوە- ئەملای دەشتی شین- کێلگەی پەموو- پەسەندیو خۆشی نایەتە نووسین بە

تایبەتی لە گاور داخبیەوە- مامورە- دۆڵی فراوانو کراوەو رەشو شین- ٢ پرد لەسەر چۆمێك- کراوەیی- ئوسمانی تۆپراخقەلا- دوژەکەی لە ناوەندا- پێدەشت- گوندی بنار- ریزە داری کالیبتوس لە بەردەمی ویستگەکاندا- کێڵگەی پەموو- ئاوو بای شێدار- بۆ ئەم جۆرە کشتە سازە- ڤەسیا- جەیهات- چاڵە گەنمی بە چادر داپۆشراو، دیواری بۆ کراوە- ئاوەدانی، دوژی کۆن لەسەر کێوەکە بەلای راستەوە- کێوی بەردین- پردی داخراو لەسەر رۆباری جەیهان- ریزە کێو بەولادا- پێدەشت بەملادا- بە ژێر پردا- بەکاپەنار ئینجیرلك- ڤردوگەیە- پردی سەیحان و بەنداوەکەی لەسەرەوە- نزیکی شاری ئەتەنە- ئاوەکەی دێت بۆ ئەتەنە- شاری ئەتەنە- ئەدەنە- پێنجەم شارە، لەسەر رۆباری سەیحانە- دووپردی هەیە، هەردووبەری بەیەکەوە گریداوە- یەکێکیان تاقی بەردە- ١٤ پایەیە- ناوەندی تاقی گەورەیە- ئەویتر کۆنکرێتە.

**ئەدەنە- ئەستانبول**

٤٥٥کم- لە ئەدەنەوە- ٢٠کم بۆ کێوی تۆرۆس- رێی تۆرۆس- ئەنکەرە، بەلای راستدا- پێچەکانی تۆرۆس- ٤٣٠کم بۆ ئەنکەرە- بەنزیخانەو لۆکنتە- نیشانەیان دیارە- پێچی هەورازی تۆرۆس- بەناو نزارو جەنگەڵدا- ٣٦کم بۆ زانتی- جەنگەڵی سنەوبەر- تەکبرییایلە- پوزانتی- شوێنگەی خۆشو سازگار- لوکنتەو بەنزینخانە- تەختی- ماوەیەك- بۆ کاکیت ١٢کم- بۆ ئەنکەرە- ٣٦٠کم- دەڤەری شاخاوی- گردولکە- ئاوەدانی بە هەردوولادا- کراوەیی، فراوانی، تەختی- بەخشی تاشبولار- دەڤەری ئاقسەرا- لای راست- دارو درەختو باخ- پێدەشت- توت- ئەملاگردو ئەولا دەشتایی- ١٢٠کم بۆ ئەنکەرە- کونیە- ١٠٠کم بۆ ئەنکەرە- کراوەیو فراوانی- ٧٠کم بۆ ئەنکەرە- گولبوی- ٢٠کم ماوە- بەرزیو گردۆلکەیی- ئەنکەرە- پێتەخت، دووەم شارە دوای ئەستانبول.

**ئەنکەرە- ئەستانبول ٤٣٥کم- ئەنکەرە- بۆکزلچەشمام- ٧٤کم**

فردوگەوو دووریانی ئەیاش- گردولکە- سوزو- سەرای- تەختی- ئایدن- کازان- پردو ئاو- بەنداوی کورتوش بوغاز، ٣ پردی نزیکی بەنداوەکە- گردۆلکە- چاشتەپەو دووریانی پازار- دۆڵو چۆمو دەرەو نزارو رەشی- ئاکودوکان- پێچی لێژ، بە نێوانی نزارو رەشیدا- دیمەنی دڵفرێن- دۆڵی قووڵ- کزلچە شمام- تاکو ئێرە- ٧٤کم- درەختی

هەمەچەشنە- دووڕیانی چەرکەش- دۆڵی پڕ دارو درەخت- چۆمو پرد- زینو، گەلی ماوەدار- لە گەلی ئەلیبەگ دەچێت- نزارو ڕەشی- هەمووی دارسنەوبەرە- بۆ گەرەدە- ٣٩ کم- دووڕیانی چامکورو- کراوەیی- جەنگەڵی ڕەش، کێوەکانی تەنیوە- ئاکیارمە- جوانیو دیمەنی سیاپۆشی کێوان، لە ئەندازە بەدەر- ١٩کم- بۆ گەرەدە- ٣٢٠کم بۆ ئەستانبول- گردولکەو نزار- کراوەیو فراوانی- دووڕیانی کەربووك- گەرەدە- لە نزیکی چۆم، نشیوی، پشتەوەی کێو- لوکنتەو چاخانەی گەرەدە- بۆلۆو- ٥٢کم- بۆ ئەستانبول- ٢٩٩کم- یەنگی چاکا- دۆڵی رەش- بۆڵوی رەند- ٣٥ هەزار کەسە- بەولادا بۆ ناوشار- پولیسی ڕێی بۆڵوو- دوزچە- ٤٦کم- دووڕیانی ئەبانت- هەوارگەی سەر ڕێی جەنگەڵی چڕی رەشی پشتەوەی- بۆڵووداخ- دۆڵی رەشو چاخانەکانی ئەولای- سەرانسەر دۆڵی رەش، هەوارگە- ئوتومبیلی بۆ دەچێت- بەنزیخانەو لۆکنتە- بادانەوە- رەشی- کێو بەهەردوولادا درێژەی هەیە- رەنگی سووری سەربانی خانووەکان نەخشینراو- کایانشلی- خانووی کرێ لە ناو کێڵگەکان- دوزچەو چەقی شار لەولاوە، پرد- بۆ هەندك ٣٦کم- چەفیرك- گوموشوڤا- دۆڵو نزار- خانووی ناوباخ- رێی ئاوەدان- هەندك ١٥هەزار کەسە- تەختی- ئەداپازار- بۆ ئەزمت ٣٩کم- ئیسپانچەگول- کەناری گۆل- ئەشمە- دووڕیانی ئەکماشە- ئەزمت ١٢٥ هەزار کەسە، دووڕیانی بورسە- ١٤٠کم- کەناری مەڕمەڕە- خانووەکانی ئەزمت یەك لەسەر یەك بە کێوەوە- درنجە- لیمان- یارمجە- ئەملا کێوو ئاوەدانیو خانوو، رەشی ئەولای مەڕمەڕە- بەوبەری دەریاکەوە- کێوی رەش بە نزیکی هێڵی ئاسندا بە کەناردا بۆ گەبزە ٢٤کم- لاپاڵو کەناری مەڕمەڕە- هەرەکە- کارگەی چیمەنتۆ- لە کەنار، دووردەکەوێتەوە- پێچی هەوراز- بۆ گەبزە- ٤کم- بۆ ئەستانبول- ٥٠کم- گەبزە- ٢٠هەزار کەسە، دووڕیانی داریچا- بۆ کەرتەلە- ٢٥کم- بادەداتەوە بەناو نزارو رەشیدا- دووڕیانی توزلا- فراوانیو کرتوەیی، بەرەو ئەسکودار- تۆنیل- نزمیو بەرزی- شۆردەبێتەوە بۆ سەر پشتی قایغ- پاپوری بۆسفور- ماوەی نیو کات، دەپەڕێتەوە بۆ بەری ئەوبەری شاری ئەستانبول- قەرەکۆیی، نزیکی ئایە سۆفیا.

هەنوکە پرد، هەردووبەری بۆسفوری، بەری ئاسیاو ئەوروپای بەیەکەوە گریداوە.

**ئەستانبول- سوفیا- ٥٤٠کم**

بۆ سنوور- ٢٥٠کم، بۆ ئەدرنە- ٢١٤کم- بەدووڕیانی فلوریادا- ئەفلیجەر- ریزی ئوتومبیل یەکبەدوای یەکدا- وەکو رێچکە مێروله- نەپچراو- بەرزیو نزمی- ٢ پرد لەسەر مەڕمەڕە- بۆ سلیڤەری- ٢٣کم- بۆ تەگەرداخ- ٨١کم- بۆ سوفیا- ٥١٣کم- دووڕیانی

کادیکۆی- تەگەرداخ، بەرێی ئەدرنەدا- بۆ چۆرلو- ٢٤کم- ٣٥ هەزار کەسە- لە دووریانی تەگەرداخەوە- بۆ ئەدرنە- ١٢٣کم- سەر پردو هێڵی ئاسن لە ژێریدا- بەرزیو نزمی، پێچ- لالیورگاز- بەرەو ئەدرنە- شاری یابائاسکی- هەڤاسە- ئەدرنە- بۆ سنوور ١٥کم- پردی تەسك- گەڵەگەڵە- سنووری بولگارستان- شوێنگەی گومرگو فیرزەو پاسپورت- بۆ هاسگۆڤا- ٨٢کم بۆ پلۆڤدیف- ١٦١کم- بۆ سوفیا- ٣١٦کم- هەردوولای رێی درەختو سەوزی تەنیوەنی تاکو سوفیا- یەکمەتر زەوی بەیار نابینێت- ولاتی سەوز- شاری سڤیلنگراد- پردو رۆباری میرج، لە پلۆڤدیڤەوە دێت- تەختیو پێچ- دار چنارو سێبەرو ئاوەدانی بە دوایەکدا- سەربانی گومەزیو خانووی تەنیا- پردو چۆم، ریزە دارو درەخت بە نزیکی هێڵی ئاسندا- خاسکۆڤا- پردو چۆمو رەز- گردولکەو پێچ- هێڵی ئاسن- شاری گەورە بۆ سوفیا- ٢٣٣کم- پردو چۆمو خانوو، ئاوەدانی لە هەردوولاوە- خانووی فرە لەناو کێڵگەو باخدا- پردو چۆم، رێی ئەملا- هێڵی ئاسن، باخو رەشی- کامپی گەشتیار- پردوچۆم- شاری پلۆڤدیف- لادەکاتەوە، بەلای راستدا، بە رێی سوفیادا دووبارە- دارستانو چۆم- کەناری رۆبار، پردو پێشەگەی پەیکەری ژنو پیاو، رۆبار بە ژێریدا، لەمسەر پەیکەرییکتری ژنو پیاو، ئوتومبیلی تەلەدار بە ژێریدا دەروات- ئەوبەری ئاوەدانە، شارێکی گەورەیە- ٢٨٥ هەزار کەسە- بۆ سۆفیا- ١٥٦کم.

**پلۆڤدیڤ-** Plovdev

دووەم شاری بولگاریایە، لەسەر رۆباری ماریسا، ٢ شەقامی سەرەکی بەناوەندیدا، ساختمانی رەند- ئینجانەی گوڵ لەبەر دەمی ژوورەکانیدا- ٩ نهۆمویتر، ئەولای باخو درەخت- بە ژێریدا- دارو درەختو جەنگەڵ- شەقامی سێبەر- پازارچیك- پردو چۆم- زنجیرە کێوی رەش بەولادا دوور- شارو ئاوەدانی، بەبنارەوە، دیارن، ئەملای دەشت، جەنگەڵ لە هەردوولاوە، کێوی رەش ئەولای نزیك ئەبێتەوە- لاپاڵی رەش ئەولاو دۆڵی رەش، دەڤەری شاخاوی دارستان- کۆستەنیس- نەخۆشخانەی مندالان- چۆمو پردی لەملای شارەکەوە- دیمەنی رەندو دۆڵی رەش، چۆم ئەملای پردی ئاسن بۆ هێڵی شەمەندەفەر- پێچو ناو دۆڵ فراوانی لەملاوە- کراوەیی- خانووی ناو دارو درەخت لە هەردوولاوە- رێی لای راست- دۆڵی رەشو سێبەر- کراوەیی بۆ سۆفیا- ٤٠کم- ئیتخمان- هێڵی ئاسن لە ژێریەوە- سێبەر- ٢٠کم بۆ سوفیا- رێی ئەولا- ٧کم ئەمێنی ئەگەرێتەوە سەر رێی پێشوو- پردو چۆم- سۆفیا.

**سۆفیا**- Sofiya

شارێکی رەندو جوانە، مۆناتی لە ملیون پترە، پێتەختی بولگارستانە- لە کۆرەکانی:

دیمتروف لە دیڤت- سبتپیمبەر- ٩ ئەیلول- کۆری سڤودا- رزگاری، لیڤسکی- قارەمانی، بولگاریا- رۆسکی پامەندیك، پەیکەری رووسی، هەمووی پارکو شەقامی رێکو جوانو خاوین، هەموو شەویی دەشۆرێت- پارکی سڤودا- ڕزگاری ١٥کم درێژە.

**ڤیرتوشا**- Vertosha

هەوارگەیە- ٢٠کم لە سۆفیاوە، کێوی بڵندو رەش، هەموو جۆرە هۆی حەسانەوەی تێدایە، تەلفریکی هەیە- پلیکانەی کارەبایی- ئوتیلی رازاوە، رێ باریك بۆ شوێنە خۆشەکانی، سێبەرو فینکی بێئەندازە، رێی چاکراو بە پانی ٢,٥کم- لی کراوە بەسەردا، سێبەر داپۆشیوە- نیشانە لە رێگەکاندا، دانراوە، پەیکەری ورچو ئاسکو کەرویشك لەناو جەنگەڵەکاندا، دروستکراوە لەبەرد، وا دەزانی سروشتییە- پلیکانەی بۆ چاکراوە- کێوی رەشو دۆلاو دۆڵ، دیمەنی رەندو رازاوەی کردگار، ئەلەکتریك، ئاوی بۆ راکێشراوە لە هەموو شوێنێکدا- وەکو ئاوی سروشتی، بۆی دروستکراوە، لە شێوەی دەمی فیل و زیندەوەریتر، لەبەرد دروستکراوە- سەیرانگەو جێی دیدەنیتر.

پەنچەریڤو- گۆمێکی گەورە، هەردوو بەری گردی رەش، شوێنی مەلە- لێرەوە بۆ بەنداوی دیمتروف، گەورەترین بەنداوی بولگاریایە.

**سۆفیا- بیوگرا- بوڵگراد**

سوفیا- نیس- ٨٠کم بە هێڵی ئاسن- دراگومان- دۆڵو چیاو سەوزی- تۆنیلی ئوتومبیل- شەقامی ڤیر، بەتەنیشت هێڵی ئاسندا، هەوارگەو جوانی سروشت- ژیر پرد- پردی ئاسن، سەرگیراو- دۆڵی تەنگو چۆمو پرد کراوەیی- شاری دیمتروڤگراد، لەناو زەوی یۆگۆسلاڤیا- ٥٥ کم لە سۆفیاوە- تاکو سنوور- ٤٠کم- پۆستی گومرگو ڤیزە- کراوەیی، رەشیو سەیرانگە- چۆمو پرد، شاری پیروت- زۆر گەورە نییە- تۆنیل، ٢ چۆمو پردیتر، ناوەندی دۆڵ- چۆمو پردی کراوە- بیلەپالانکا- شەقامی ڤیر بە تەنیشت هێڵی ئاسندا، هەوارگەو تۆنیل، دەربەندو شاخاوی ئەملای هەموو، تۆنیلی ئوتومبیل، بە پاڵ تۆنیلی شەمەندەفەردا پردو چۆمو دەربەندو رێی شاخاوی، ئەولای چۆم، بەنداوی گچکە، رۆبار بە ناوەندی دۆڵەکەدا- کێوو کەژو رۆبارو پرد- شاری نیس- دەروازەکەی هەوارگەیە-

شـارێكی رەنـدە- ٨٠كـم لـە سۆفیاوە- بـۆ بیوگـراد- ٢٦٤كـم- كارگـەو فابـریكەی چیمەنتۆ، ویسـتگەی تەلەفـزیون- ئیلیكسینات- بەتیپی رووسی ئەنووسن- لە رۆباری یوژنە مۆراڤا، دەپەڕێـتەوە- تۆنـیل بـەلای مـۆراڤادا- ویسـتگەی سـتالاچ- پاراچـینی چـوپریا- ٢ پـردی داخراو، لەسەر مۆراڤا، بە نزیكی شەقامی ڤیردا- زڤیتوزاریڤو- بە كەناری مۆراڤادا- پرد- لایڤـو، بە بەرزییەوە- ڤیلی كاپلانا- پردو چۆم- تۆنیلی درێژ- كراوەیو سەوزیو جەنگەڵ- دار گوێـزو گەنمـە شـامی- گـاڵ بـە زۆری- كـێوی سـاڤالا- لای چـەپ، كەلووی تەلەفزیونی پـێوەیە، تۆنیلـی درێژتر، كراوەیو سەوزی تاكو چاو بڕ دەكات- ئاوەدانی- بیوگرادی نوی- نوڤوگـراد- Bulgrad- مۆناتـی ٢,٥ ملـیون كەسـە، شـارێكی رەنـدو جـوانە- لەسـەر رۆباری دانوپـو سـاڤایە- لـە نزیكـی تێكەڵبونـیان- بەشـی ئـەملای نۆڤیبیوگراد، بەشە كۆنەكەی- ستاری بیوگرادە- لە شەقامە سەرەكییەكانی:

مارشال تیتو، بولیڤار ریڤولیتا.

لــە كۆرەكانــی: ریپاپلــیكو، سـلاڤیا، مەیدانــی مــاركس ئــەنگڵس- لــە پاركەكانــی: كالمیكدانی.

دەگەرێـنەوە بـۆ سـەر رۆبـاری دانـوپ، تۆنیلـی ٣كـم، بـەرەو هـەنگاریا- مەجەرسـتان- سـتاراپازوڤا- تۆنیلـی درێـژ- كـەناری رۆبـاری سـاڤا، دارو درەخـتی چـڕ، دیمەنی سروشتی رەنـد، ئـەولای ئاوەدانـیو شـەقامی ڤـیر- كڵیسـە، فێـنكو سـاردیو خۆشـی- پـیتی- ڤـاروین، درەخـتی كـەناری شـەقام- رۆبـارو پـردی سـاڤا- شـاری نۆڤیسـاد- بە سەر چەند پردیكدا، ژێـرەوەی رێ ئوتومبـیل، پێدەشـتی بانـوبەرینی سـەوزو گەنمـە شـامی، گـاڵ- چۆمو پرد- پاژیـیو- پـرد- كـێڵگەی گەنمـە شـامیو گاڵ- ڤریاس، گۆرستانی شار بەملادا- رۆبارو پرد - بـەری ئەوبـەر- چاجكەتوپولا- زیدنك- سودیوتیسا- شارێكی گەورەیە- سنووری هەنگاریا- كالەبـیا لە هەنگاریا- پۆستی گومرگو- كیسەلەس- كیشكونفالاسن، گوندێكی خۆشە، كێش كۆرۆش- ١٠٠كم بۆ بوداپشت- كونسانت- بیكلوش.

بۆداپشـت، شـاری گـەورەو پێـتەختی هـەنگاریا ٢,٥ ملـیون كەسـە، خۆشـترین شـاری كیشـوەری ئەوروپایـە- هـەنگاریا- مەجەرسـتان- شـاری كەلیـنفولد- گـەلیردحاج- سـنووری چـیكو ڤیزەو گومرگ- شاری كۆمارنو- پراتسواڤا- شارێكی گەورەیە- پراتسلاڤا- پێتەختی هەرێمـی سـلۆڤاكیایە، لـە جیكوسـلوڤاكیا- بریسلاڤ- ٣٠٠كـم بۆ پراها- پراگ- شاری برنو- پێـتەختی هەرێمـی مۆراڤیای چـیك، شـاری پیشەسـازی، سـەر رۆبـار- ئاوەكـەی بەنداوی گچـكەی بـۆ كـراوە- خانووەكانـی لەبەرزیـو چـاڵیدایە، دووكـەڵ بـەری ئاسمانـی گـرتووە،

چەند تونیلی گچکەی ناوەندی شار، پێیدا تێدەپەڕێت- هێشتا شار کۆتایی نایەت، سەوزیو درەخت، بەگردو بەرزاییەکانەوە، ٢٥٠کم بۆ پراها- ڕۆبارو پرد، شار لەسەر شار، چۆمو نزارو ڕەشی، تۆنیلی درێژو جەنگەڵ بە گردەکانەوە- پرد، ڕێی بە ژێریدا- تۆنیل، تۆنیلی درێژتر- جەنگەڵو کراوەیی دارستان بە گردەکانەوە، جەنگەڵ بە هەردوولای ڕێدا- ناوبەناو پێدەشت، خەلەو خەرمان، جەنگەڵی سەرو، سنەوبەر، چەند ویستگە، دارستانو کێڵگەی گەنمو تووتن- کراوەیو سەوزی، شەقامی قیر دەبڕێت، پێدەشت- شاری پیشەسازی کۆلین، لەسەر ڕۆبارو پرد- بوڤالی، گۆماو لای ڕاست، بۆ مەلەکردن- پوراگ- پراها- شاری پیشەسازی لەسەر ڕۆباری ڤاڵتاڤا- لە کۆرەکانی- ڤاسلاڤاك، جوزیف نیڤیکمان.

**پراگ- بەرلین-** Barlen

بەدەڤەری شاخاویدا- کەناری ڕۆباری لاڤی دیچین، زۆر گەورە نییە، شوێنی فیزەو گومرگ- شارەکە بە کێوەکەوە- ٢ تونیلی ناو شار، شار لەسەر ڕۆباری لاڤییە، خانووەکانی لە ناو دارستاندا، پردی سەر ڕۆبارەکە- کێوی ڕەش لە هەردوولاوە، کەناری ڕۆبارو دیمەنی ڕەندی سروشتیو کێوی ڕەشو تاشە بەردی زل، ڕکە بەرد لە سەرەوە، بەناو دۆڵدا پەیکەری تاشراو لە بەردی چیاکە، بە کێوەکانەوە- شاری درسەن- یەکەم شاری ئەڵمانیای خاوەر- ڤیزەو ترانسیتو گومرگ- شارێکی گەورەیە، پێدەشتو کراوەیی- ئەلیستەرڤیردا- جەنگەڵو شینایی- بەرلینی خاوەر- ڤیزەو گومرگ- بەرلینی خۆراوا، شاری گەورەی ٤,٥ ملیون کەس.

**بەرلین**

سەنتەری شار، کۆری، Zoo- زوو- لەشەقامەکانی- کۆرفیورسدام- بسمارك شتراسە- شوێنگەی بەناوبانگی- شارلوتن بۆ گاشلوس- شوێنی فەرمانرەوایی، بارەگای ئیمپراتور غەلیوم بووە.

بەرلین- ئونویان- سنووری ئەلمانیای خۆراوا- سنووری ئەلمانیای خاوەر- ڤیزەو گومرگ، شەقامی تەختیو خۆش- ڕێی درسدن- ١٩٢کم تاکو ئەوێ- سەوزیو دارو درەخت، هەردوولای شەقامی تەنیوە، تەختەو کورسی دانراوە بۆ حەسانەوەو دانیشتن لە هەندێ

شـوێنی ڕێگەکـەدا- بەنـزینخانە- دووریـان- بۆ درسدن ١٥٩کم- چۆمو پرد، بە ٣ ژێر پردا- جەنگـەڵ لـە هـەردوولاوە- گـۆم لای ڕاسـت- ٢ ژێـر پـردیتر- دارسـتان لـە هـەردوولاوە- دوورپانـی فـیوئادل- دوورپانـی دۆبـین- جەنگـەڵ لـە هـەردوولاوە- دوورپانـی لیوبیتـیاو- دووریـان- بـۆ درسـدن- ٩٧کـم- دوورپانـی کیتللیتـز- ژێـر پـرد- دوورپانـی برونکاو- ٣ ژێر پـرد- دوورپانـی کلیـنوتیر- دوورپانـی روهلانـد- ژێـر پرد- جەنگەڵ- لە هەردوولاوە- ژێر پـرد- سـەرەوەیان ڕێگەیـە- دوورپانـی ئورتـراند- هێڵـی ئاسـن لە ژێرەوە- ژێر پردی فرە- دوورپانی رادپیورك- گۆمو کامپی گەشتیار بەو لادا- دوورپانی بابوتزن- درسدن- بە ڕێی درسـدندا- ژێر پرد- ١کم بۆ باکوری درسدن، بادانەوە بۆ ڕێی درسدن- ڕێی باش- درسدن- شـاری پیشەسـازیو هونەری ئەڵمانیای خاوەر- شەقامی بەرد ڕێژ، بە چەقی شاردا، ٣ پرد هـەردوو بـەری بەیەکـەوە بەستووە، پردیکیان کۆنە- هەوراز تاکو سنووری چیك- ٣٠کم- دیمەنـی ڕەنـدو رازاوەی سروشـتی- کارسـدورف- دارو درەخـتی گـەورە، لـە هـەردوولاوە، سـێبەرو ڕەشـیو جەنگـەڵ- دیمەنی ڕەندو گۆم بەولادا- گۆم بەملادا، دوور لە شەقامەوە- دیمەنـی قەشـەنگ- لـێژیو سـێبەر- بـۆ پراگ- ١٤٠کم- گوندی جوان- بەرەو زینوالد- شاری نزیکی سـنوور- جەنگـەڵ لـە هـەردوولاوە- هـەوراز تاکـو سنوور- بۆ پراگ ١١٩کم- گوندی ئاوەدان- سنوور- دەڤەری شاخاوی، کەناری ڕۆباری لاڤیو دیچین- پراگ- پێتەختی چیك.

**پراگ- پراتسلاڤا- ٣٦٠کم**

پـراگ- بـرنو- ٢٢٠کـم- بە ڕێ نمرە E١٥/١٢- ژێر پرد، دوورپانی هورونی- شەقامی ڤیر- دارو درەخـت، هـەردوولای تەنـیوە- کۆڵیـنا- کراوەیی، ژێر پرد- ٢٩کم بۆ کۆڵینا- کەلووی تەلەفـزیون- ڕێـو شـەقامی بـۆ دەچـێت- پالانانـی دوورپانـی بلیـنکا ١کـم- شـاری کـۆلین- ڕێگـەی بـرنو- مـالین- پـرد- ١٥٨کـم بـۆ شـاری بـرنو- بوچاسالۆڤا- ٥کم- چاسلاڤا- شارێکی گچکەیە- پەیکـەری مەسـیحی هەڵواسـراو- گـوندی هایـری- دارسـتانی سـەرود- ١٢٤کـم بۆ بـرنو- دوورپانـی تـیس ٣کـم- شـەقامی سـێبەرو جەنگـەڵ داری سـەرووی بـەرزو جـوان- شارۆچـکەی هاڤیچکو- شـەقامی سێبەر- شتوکمی بە پەنا گردی ڕەشەوە- ٩٩کم بۆ برنو- گـۆم بـەملاداو کاسـپی گەشـتیاران، بـەناو ئـێهلاڤادا، لـە بەرزیـو نەویـدا- پـردو دیمەنـی جـوان- شـارێکی گەورەیـە- سـەر پـرد- ژێـری ڕێگـە- کراوەیی- دوورپانی ئوتن- جەنگەڵ١- مەتـر نابیت بە بەیاری بۆ برنو ٦٩کم- میرین- دوورپانی نیتن- ٥کم- دوورپانی هەربوف-

١كم- ٢ گۆمی گچکە بەملادا، قازی تێدایە- هاتوچۆیان لە ناو ئەو ئاوە شینەدا- جریوەی ئەستێرەی ناو بۆشایی بەرینی ئاسمان، دێنێتە یادو هۆشو هزری گەشتیارەوە- شاری ڤێلکی- میسریچی- نێوانی دووئاوی گەورە، بە سەنتەری شاردا- ژێر تاق، ئەمبەری شار، جەنگەڵو دیمەن، شەقامی ١٥- ڤیلکاتیس- رەشیو جەنگەڵی هەردوولا- بۆ روودك- ١كم لە دووریانەوە- رێچانی- پردی لێواردار- سێبەرو- دیمەنو ریزە خانوو بەولادا- یوسونوی- خانووی ناو سەوزیو درەخت- دەروازەی برنو- سەنتەری شار- شاری پیشەسازی- پێتەختی هەرێمی مۆراڤیای چیکوسلوڤاکیا- شاری تفەنگی برنەو- پارچەیەکە لە چیك- کە ٣ بەشە:

١- چیك- پێتەختەکەی- پراگە.

٢- سلۆڤاکیا- پێتەختەکەی- پراتسلاڤا.

٣- مۆراڤیا- پێتەختەکەی- برنو.

ئالاکەیان ٣ رەنگە، دراویان، هەر پارچەی بە نووسینی شوێنکی ولاتەکەیە.

رێی پراتسلاڤا- شەقامی تەختو دارو درەخت بەملادا- پرد- هێڵی ئاسن بە ژێریدا- پردو رۆبار- شەقامی تەختو دارو درەخت- کەناری رۆبار- هوستو- پێچو پرد- هێڵی ئاسن لە ژێریەوە- شاری برسلاڤ- بۆ پراتسلاڤا- ٧٨کم- سەنتەری شار- پێچ بەلای چەپداو ژێرەوەی پرد- رێی پراتسلاڤا- ٧٧کم- پردو ئاو- رەشیو جەنگەڵ، لە هەردوولاوە- درەختی کەناری شەقام- پردو سێبەرو دیمەن- پردو رۆبار- سەوزیو دارو درەختی کەناری ریانی هولیچ- ٢١کم- ڤیلکی لیڤارا- میلاس- سنووری شاری پراتسلاڤا- بەلای راستدا- کێوی رەش لە پێشو تەنیشتەوە- گوند لە سەر گوند، نزارو رەشی بەولادا- کراوەیی ئەملا- ٩کم بۆ پراتسلاڤا.

**پراتسلاڤا**- Bratislava

شارێکی گەورەو پێتەختی سلۆڤاکیای- کە هەرێمێکی چیکە، لەسەر رۆباری دانوپە- زانکۆی تێدایە- پردی شەمەندەفەرو ئوتومبێلو پیادەی پێدا دەروات- مۆزەخانەی مۆمیای تێدایە- پراتسلاڤا- بیوگراد.

بە شەمەندەفەر- دێتەوە بۆ بیوگراد- سوفیا- ئەدەرنە- گوندەکانی یۆنان- سنووری یۆنانستان- ئورسیتەس- کاستینەس- پردو رۆباری سنوور- میرج- ٣ پرد- کە پێی دەڵێن

ئوزونکوپری- پردی درێژ- یاهڵەڤانکۆیی- ریزە گرد بەملاداو دەشتی کراوە، ئەولای ماندرا- ئالیوللو- ویستگەو شوێنی وەستان- لولەبرگاز- پردی داخراو- سەنیلەر- پردی ئاسن- ڤەلیمەشە- چەرکەسکۆیی- چایدەرە- سنەکەلی- دەوەنو دارو درەخت- گرۆڵکە- کورفەلی- کایئاگچە- دیمەکار- چاتئالجە- هادمکۆیی- ئیسپارتەکولە- ئالتنشەهر- کەناری مەڕمەڕەو- دیمەنی رەند- مینیکشە- بلاج- فلوریا- بلاج- ئەستانبول.

ئەستانبول- کیلۆس- دەریای رەش- لە تەکسیمەوە- شوێنی دیدەنی ٣٤کم- ساریبیر- تراپیا- کیلوس- سەر دەریای رەشو بلاج، سەیرانگە.

**ئەستانبوڵ- بورسە**

هەییەلی- بەیوکئەدە- باڵاو بە ٢,٥ کاتو نیو- لە یاڵاواوە- بۆ بورسە ١,٣٠ کاتونیو بە ئوتوبیس- لەدوورریانی ئەزمتەوە- گردۆڵکەو دارو رەشی لە هەردوولاوە- دۆڵ لە خوارەوە- پێچ- ئورهانغازی- شارۆچکەی سەر بە بورسەیە- بەناو دۆڵدا لە راستەوە- گاملیك Gemlik- ٢٩کم لە بورسەوە- زەیتونی چاکی هەیە- مەڕمەڕە، لای راستو، دار زەیتونو دێم لای چەپ- هەوراز- بورسە- ٦٧کم- لە یاڵاواوە- لە بناری ئولوداخە- لە گەراجەوە- بۆ پەیکەر- هەیکەل- سەنتەری شاری بورسە- پەیکەری ئەتاتورك بە سواری- تەلفریك- بۆ کێوەکانی ئولۆ.

**ئەنکەرە- دیاربەکر**

١٠٠٠کم- لە رێگەی کۆنییەوە- بەناو گردوڵکەدا- بۆ کۆنیە- ٢٥٣کم- کراوەیی- دووریانی قەیسەری- گردولکەو چۆمو باخو دار چنار- رێی قەیسەری- گردۆلکەی دێم، کراوەیی- بان- بۆ قەیسەری ٤٠٠کم- بۆ شارۆچکەی کامان- ٥٣کم- قرشە شەهر- قەیسەری- دووڕیانی سیواس- رێی مەلاتییە- دەڤەری گردولکەیی- بۆ مەلاتییە ٨٠کم- دووریانی سەرەش- گردولکەو هەورازو وشکایی، تاکو نەرا، داری پێوەیە- ئاوەدانی هەردوولا- گردی بەرزتر پێچو دارستان- پێچی لێژی- دار چنار- سەربانی خانووەکانی تەختە وەکو لای خۆمان کراوەیی- زنجیرە کێوی راکشاو، لە پێشەوە، دوور ٣٠کم بۆ مەلاتییە- چۆمو پردو گردولکە، ئاوایی بەملادا- کراوەیی- پردو هێڵی ئاسن بە ژێریدا- دووریانی مەلاتییە- غازی ئەنتاب- مەرەش- بۆ مەلاتییە٢١کم- لاپاڵی گردو دۆڵ بەولادا، لە پێدەشتدا، کێو لە باشوریەوە، نزیکە- دارو درەخت بە کەناری

شـەقامەکەدا- سـەنتەری شـار ٢ پەیکـەری ئەتاتـورك بـە پاڵـتۆوە، مۆناتـی شـارەکە ٤٠٠ هـەزار کەسـە- ڕێـی ئەلازیـخ- ٩٠کم- زنجیرە کێوی رووتەن، لای راست- چۆمو گردو پردو چۆمو پـرد، شـەقامی ڤـیر- ٢ پـردی سـەر چـۆمی وشـك، ڕێـی نـوێ- گـردولکەوکەوە کێو پـردو رۆبـاری فـورات- هـەوراز- بـۆ ئەلازیـخ- ٥٠کم کراوەیی- کێو لای راست، ئاوابو باخو چـنارو دێـبەر دیـارە- فراوانـی، هێڵـی ئاسـن لـە ژێـرەوە، پـرد لەسـەرەوە دووریان- شاری ئـەلازیخ- لـە دامـێنی کـێوەوە تاکـو پێدەشـت، داگیریکـردوە، کارگـەی چیمەنتۆی تێدایە- دوژە کـۆنەکەی بەسـەر کـێوی پشـتەوەی، بـەلای ویسـتگەی هێڵـی ئاسـندا- دوورپانـی بیـنگول- هەزارکانـی بـۆ دیاربەکـر- ١٥٣کم- پێدەشت بۆ ماردین ٥٩کم- هەورازو ناو گرد- هێڵـی ئاسـن، لەژێـرەوە- هـەوراز گـۆل- ٥کـم درێـژە، کـەناری گۆمەکە- لاپاڵ ئەولای، گرد ئابڵـوقەیداوە لـە کۆتایـی گـۆمەکەوە بـۆ دیاربەکـر ١١٠کـم- گـردۆلکەو تەنیشیتو ناوەندی دۆڵ- چـەند تۆنیلـی بـۆ هێڵـی ئاسـن- دۆڵـو کـێوو پێچـو گەلـیودەرە، لـە خـوارەوە وەکـو گەلیئەلـی بەگـە، درێـژەدارە- بـۆ مـادن ٩کـم- بـۆ دیاربەکـر ٩٠کـم- ژێر پـردو هێڵی ئاسن لەسـەرەوە، بـاری کۆمەلایەتـی ئافـرەت تـا رادەیـەك پارێـزراوە، چـار شـێو ئەپۆشـن لـەم دەڤـەرەدا کانـیاوی زۆرو کـێو، فابـریکەو کارگـە لـە کێوانـی مادەن- فابریکە، لە سەرەوە- پـرد، گەلـی کۆتایـی نایـەت- ٢٠کـم بـۆ ئەرگەنـی- ٨٠کـم بـۆ دیاربەکـر- ژێـر پـردو سەری هێڵـی ئاسـن- پردیکـراوە- ئـاوی ڤـوڕاوی فابـریکە، لـە خـوارەوە- چـەند تۆنیلـی، لـەناو گەلیـیە ڤـووڵەکەدا- دۆڵـی کەمـی کـراوە- درێـژەی گەلـی، کۆتایی دێت، درێژی گەلییەکە ١٠کـم- کراوەیـی- بـۆ ئەرگەنـی ٢کـم- ئەرگەنی- لە پێدەشتو نزمیو تەختی، ماوەی ٤٠کم- بۆ دیاربەکر.

**دیاربەکر**

بـــنکەی ئوســـتانە مۆناتـــی ٢٥٠ هـــەزار کەســـە، دوژە مێژوویـــیەکەی، دیوارەکانـــی بەناوەنـدی شـاردا ٤×١٠م، بـە درێژایـی شـارداو شـارەکۆنەکەی خسـتۆتە نـاو خۆیەوە- ناو بەناو شەقامی پێدا دەروات- ژوورو پەنجەرەکانی ماوە، جێگەی دانیشتن بووە.

کورنەکانی قوللەی بەرگریبووە.

پاشـەواری ئولۆمـزگەوت- ئولـو جامـع- کلیسـە بـووە- ٢ هـەزار سـاڵ لەمەوبـەر- ئـەو مـزگەوتە گەوریـە- مـوزەخانەی هەیە، لە خانی هەسەن پاشا، لە پشتەوەی مزگەوتەکە-

دوژه کۆنەکەی لـە خـاوەرەوە بەسـەر رۆبـاری دەچڵەدا فەرمانرەوایە- رۆباری دەچڵە بە خاوەری شارەکەدا دەروات- لە سەنتەری شارو چواریان- پەیکەر بە بەرگی سەربازییەوە.

شـوێنگەی شـارەکە- دەشـتـە، کـێوی لـێدووورە، نـزمایـی نـیـیە، پلەی گەرمی ٤٢عپترە لە هاویـنداو سارده لە زستاندا- ئاوەدانی لەو بەری کەمە، پردی کۆنی بەرد، لەسەر رۆباری دەچـڵە، لـە خـوار دەرگـای ماردیـنـەوەیە- زانکـۆی زیاگـویکلەپ، لەوبـەری دروسـتکراوە- دیاربەکر- بتلیس- تەتوان- ئەردیش- ئەخلات- ئەرجواز- ڤان- ئەم رێگەیە- ٥٠٠کم.

تەتـوان- کـاوەش- ڤـان، شـاری ڤـان لەوبـەر گۆمەکەوەیەی. جزیـرە- شرنـاخ- ئولۆدەرە- هەکاری- ڤان ٤٥٠کم.

**دیار بەکر- ماردین- جزیرە**

لـە دەرگـی ماردیـنـەوە بـە کـەناری دەچـڵەدا- پـردی کۆنـی بـەردین، بەسەر دەچڵەوە بـەولادا- کـەناری دەچـڵە- بـۆ مـاردین ٩٠کـم- بـۆ چـنارە ٢٦کـم- ژێـر پـردو شەقامی ڤیرو پـردو چـۆمو دارو درەخـت- لەهـەردوولای رێگـەوە- رێـزە گـردی گچـکەو رەشـە بـەرد، بـەملادا- کـراوە بـۆ قوولـی رێژگـەی دەچـڵە بەولادا- پردو دەرەو نزمی، بەرزیو تەختی- شارۆچـکەی چـنار- شـوێنی بـە بەرزایـیەوە، مۆناتـی ٥٠ هـەزار کەسە- بۆ ماردین- ٦٠کم- دۆڵـو نـاو گـردو شـینایی- هـەورازو پێچـو ناوگـردو دووریانـی دیرك- پێچی نەویو نزارو رەشـی، ریزەگـردی بەرزتـر- نـاو دۆڵ- سـولتانکۆیی- پردو وشکەچۆم- ناو دۆڵ- دەربەندو پاسـگەی ئەمدیـو- دۆڵـی قـووڵ بەملادا، لاپاڵو رووەو کراوەیی- ١٠کم- بۆ ماردین- پاسگە- هـەورازو سـەختی، کـێوی بـەردین- دووریانـی ئـورفە- مـاردین بە کێوەکەوە، بەمدیویدا- رەزو باخـو خانـوو، هـەورازو پـێچ، سـەردەکەوی، سـەختیو بەردەڵانـی بـۆ ئەودیو بەلای گۆرسـتانو یاریگـەدا- هـەوراز بـۆ ناوشـار، شـوێنگەی بـەرزی، کـێوی سـەخت، پشـتەوەی رووتـەن، بـەرەو خـۆر، مۆناتـی ١٥٠ هـەزار کەسـە- بـنکەی ئوسـتانە- بەزمانـی عەرەبـی دەدویـن پـتر تاکـو زمانـی کـوردی، تـێکەڵن- لـە بـنەرەتدا مەسـیحی- کریسـتیانی بـوون، زمانەکە پاشماوەی سریانییە- ئارامییەو وەکو زمانی ئایینی ماوەتەوە، ئەمەش تەنها ناو شارەکە.

دوژەکـەی، سـەربازخانەیە- سـەرەوەی کـێوەکە هەمـووی دوژە، بـۆ بەرگـری رێگـە لە خـوارەوە- خانووەکانـی چین لەسەر چینە- بە دامێنی شاردا- قووڵایی ئەملای- بۆ ساڤور

٤٧٤كم- بۆ جزيره- ١٩٠كم- پێچو لێژی ئەودیو- شارو پۆپی کێوەکەی پشتی دیارە- پردی سەر چۆمی وشکو کێوی بەردەلانی- گوند بە بناری کێوی ئەولادا- هەورازو رەزو باخ، لەهەردوولاوە- دێهاتی گەورە بەملادا- لە خوارەوە رێی لاپاڵ- پێچ- ناو رەزو باخو دێبەری مەزرونەدا- پێچو هەوراز- باسکو پاسگەی سەری- نشیوی ئەودیو- رەزو گرد- دووریانی ئومرلی- رێی خۆڵ- ناو دۆڵو پێچی، سەختی- شینایی، پەڵە چنار، بەناو پەنار دەرەدا- دۆڵو کێوی بەرز، لە هەردوولاوە- دامێنی جۆگەو دارچنار- پێچو دۆڵ- ٧کم بۆ ساڤور- ١٥٠کم بۆ جزیره- چۆمو خوردو چڕی ئەملا- شارۆچکەی ساڤور- مۆناتی ٧ هەزار کەسە- کوردن، عەرەبی تێدایە، پێش شارۆچکە، لای چاخانەی سەر رێی، باخو فێنکی، هەوارگەیە- گوندەکە بەبەرزییەوە.

بە رێی جەزیرەدا- بەناو باخو سێبەردا- جۆگە بەلای رێدا- هەورازو پێچو لابەلا- بۆ مدیات- ٤٥کم- بۆ جەزیرە- ١٤٠کم- دۆڵی چڕو دار چنارو دیمەن- بەناو ڤلچدا- تەختیو دۆڵو پێچو کراوەیی بەملادا- تەختی- گوندی مۆتکۆیی- کراوەیو فراوانی- گوندو ئاوایی، بە سەرگردەوە- مدیات- ١٥ هەزار کەسە بەلای پەیکەری گچکەی ئەتاتورکدا- بۆ ئیدل- ٦٠کم- بۆ جەزیرە- ٩٠کم- پێدەشتو بەرزیونەوی، نشیوی، گرد- گوند بەولادا لە بنارەوە، هەوراز- دووریانی خەبیرلی- تەختی- کایالە- گردو تەختیو دۆڵ- پێدەشت- زنجیرە کێوی راکشاو لەپێشەوە- نشیو هەوراز- شارۆچکەی ئیدل سەر بە ماردین- ٣٠کم بۆ جەزیرە- بەرزیو نزمیو پرد- تەختیو پێدەشت- کێوی دیرو، بەولادا- زنجیرە کێوی جودی- گودی- گۆدی لەخواریەوە- کەشتی پێغەمبەر نوح د.خ لیێ نیشتۆتەوە دەربەندی نێونیان- گوند ئەملای، نشیویو لاپاڵ- شۆر دەبێتەوە بەسەر جەزیرەدا.

**جەزیرە**

شارۆچکەیە، سەر بە ئوستانی ماردینە- مۆناتی ٢٠ هەزار کەسە- لەسەر رۆباری دەجلەیە لە شوێنگەی نزمدا- پێدەشت بەرەو خابورو زاخۆ- ٥٥کم بۆ زاخۆ- بۆ سلۆپی- ٣١کم- بەسەر پردو رۆباری دەجلەدا- شەقامی قیر، بۆسەر پردی سنوور- ٤٩کم- کەناری دەجلەو لێی دوور دەکەویتەوە بەلای چەپدا- چۆمو رۆبار- ١٤کم بۆ سلۆپی- تاکو ئێرە لە جەزیرەوە- ٤٠کم- هەورازو تەختی- کێوی جودی- گودی- لای چەپ- کێوی بێخیر لەبەر دەمتا- نشیوو هەوراز- تەختیو کراوەیی- سلۆپی- شارۆچکەی سەربە ماردین-

بەولادا- مۆناتی ٥ هەزار کەسە- پردی خابورو هیزل بە ٢٠م درێژی، لەسەروو پردەکەوە تێکەڵدەبن- خابوری زاخۆ هیزڵی بۆتان- شوێنی گومرگو رێژیو ڤیزەو پاسپورت- پردی درێژی سەر رۆباری خابور- بەری ئەمدیو- مێزوپۆتامیا- بەخشی ئیبراهیم خەلیل- پوستی گومرگو ڤیزەی زاخۆ- بۆ زاخۆ ١١کم- پێدەشت تاکو شاری زاخۆ.

## ڕەوت

### زەند- بۆ ئەوە دەدوێ - داستان دەگێڕێتەوە

### يروي حكاية شعب

**معجم ادباء العراق المعاصرين**

**الاسم: كريم زەند** Karrim zand

**مكان الولادة وتاريخها: السليمانية** ١٩٢٥ -Sulaimania.

**التحصيل الدراسي( بايجاز): دار المعلمين الابتدائية/ بغداد، الصف التحضيري في دار المعلمين العالية باللغة الانكليزية، دبلوم دولي في تعليم الكبار/ قاهرة في السبعينات، دراسات اكاديمية خارج العراق/ في الخمسينات.**

**الوظائف التي شغلها( بايجاز): معلم/ مدير مدرسة، مدير تطبيقات دار المعلمين- مشرف تربوي- معاون مدير محو الامية، مدير محو الامية وكالةً. نال شرف منح مرتبة البروفيسور من جامعة ماينز بالمانيا من عميدها البروفيسور نبزين ومساعده الدكتور مهدي البياتي.**

**نبذة مما كتب عنه( بحدود خمسة اسطر): مقالات ودراسات وتحقيقات وصور قلمية للاستاذ الاديب وصاحب بيبلوگرافيا السيد مصطفى نريمان، والاستاذ الباحث فؤاد حمه خورشيد وغيرهم. وفي مجال الصحافة وهيئة تحرير مجلة رۆژى نوى وكتابة المقالات في جريدة ژين ومجلة كاروان ومجلة الاديب الكوري والمساهمة في اختيار موادها كعضو هيئة تحرير لها ومجلة گەلاوێژ و گزنگ و نەورۆز و السليمانية وغيرها.**

**المؤلفات الادبية:**

| ت | الكتاب | مكان الطبع | تاريخ الصدور | عدد الطبعات |
|---|---|---|---|---|
| ١- | حركة اذربيجان وكوردستان التحررية | السليمانية | ١٩٥٩ | ١ مطبعة كامراني |
| ٢- | نظرة في الاقتصاد السياسي/ ترجمة | السليمانية | ١٩٥٩ | ١ مطبعة كامراني |
| ٣- | جغرافية بايجاز/ تاليف | السليمانية | ١٩٥٨ | ١ مطبعة كامراني |
| ٤- | تاريخ الشعب الكردي وارتباطاته | السليمانية | ١٩٥٨ | ١ مطبعة كامراني |
| ٥- | الشعب الكردي/ تاليف | السليمانية | ١٩٧٠ | |
| ٦- | الاديان والمعتقدات في كوردستان/ تاليف | السليمانية | ١٩٧١ | |
| ٧- | العهد الجديد/ الاناجيل- ترجمة/ مع القس يوسف ثةري | السليمانية | ١٩٧٢ | |
| ٨- | اللغة وفن الترجمة- تاليف | السليمانية | ١٩٧٧ | |
| ٩- | التربية الاجتماعية- ترجمة | بغداد | ١٩٦٩ | |
| ١٠- | الجغرافية الطبيعية للخامس الادبي- ترجمة | بغداد | ١٩٧٤ | |
| ١١- | جغرافية العراق للخامس الابتدائي- ترجمة | بغداد | ١٩٥٩ | |
| ١٢- | الجغرافية الاقتصادية للسادس الادبي- ترجمة | بغداد | ١٩٨٣ | |
| ١٣- | ترجمة كتب مدرسية متعددة، كتابة المقلات في الدوريات والمجلات ودراسات جغرافية وبحوث ومنها تربوي وغيرها. | | | |

بەڵگەو سەودا

١٨ دانانو وەرگیران، بە نووسراوەکانی فێرگەوە.

٢٥ کۆنگرەو کۆنفرانس، بەشدار بووم.

٢ کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوا ١٩٥٩-١٩٦٠.

٧ کۆنگرەی نووسەرانی کورد لە ١٩٧٠.

١ کۆنگرەی کارمەندانی نووسراوخانەکانی عیراق لە زانکۆی سلیمانی ٢٣-١٩٧٧/٢٧.

١ کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتان لە سلیمانی ١٠-١٢-١٩٧٨.

١ کۆنگرەی زمانگۆرانی جیهانی لە لوبنان- بیروت- رۆشە- ١٩٧٤.

١ کۆنگرەی مێژووناسانی عەرەب لە هەولێر- ئەربل- ١٩٨٦.

١ کۆنگرەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری- بەغداد- ١٩٧٦.

١ کۆنگرەی ئەنجومەنی شارەکان لە بەغداد.

١ کۆنگرەی یادی جەنراڵ بارزانی نەمر مستەفا- لە پیرمام- سەربەن- ١٩٩٣/٩/١٤.

٣٠٠ زنجیرە وتار، لە گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا- گەلاوێژ، نەورۆز، رۆژی نوێ، کاروان، دەنگی مامۆستا، سلیمانی، ژین، هاوکاری- هتد.

٥ خولی زمانی کوردی بەشدار بووم- بە وتاربێژی، لە خانەکین، ئامیدی، سلیمانی.

بەشداریم، لە چلەو ماتەمو مەهرەجاندا- وەکو کاردۆخی، کامەران موکری، مەولود مەم، ئەمین زەکی، قازی خاڵ، خالید زامدار، مەنگوری، قادر کەسنەزانی، مندالە گەشموردەکانی فێرگەی ئاسۆ، ئەفسە- حەمە ساڵح ژاژلی، ئەحمەد خواجە- هتد.

بەشداریم لە بیرەوەریو یادی دووسەد ساڵەی سلیمانی، یادی ئەحمەدی خانی لە هەولێر، جگەرخوێن لە دهۆك، چەند کۆڕو کۆبوونەوەی وێژەیی، چیرۆك، ئەڵقەی لێکوڵینەوە، سمینار... هتد.

کەریم زەند

کوڕی حەمە ئاغا حاجی سەلیم ئەمیناغا گەڵی- چنگنی- چگینی- زەنگنە، لەتەك سیامەنسوریو تاڵەبانی، بەرەبابێکن، چیگینی، زەند، هەر هەموو لەکن- چیگینی- دەڤەرێکی لوڕستانە. چیگینی- میرنشینی چنگیان- گوندی چنگیانی شارباژێر ریشەو رێچەڵەکو بنەرەتی، ئەم خێڵە مەزنەیە لە دروستبوونی شاری سلیمانیدا، لەتەك بابانەکان هاوکاربوون لە ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارەدا، بابو باپیرانی نشینیانی گەڕەکی مەلکەندین کەبە خێڵی حەماغا- مەڵکەندی ناسراون.

کەریم زەند- لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلیمانی، لە ساڵی ١٩٢٤- هاتۆتە جیهانەوە، خوێندنی ئایینی، فێرگەیی، سەرەتایی، ناوەندی، تێدا تەواوکردووە- چۆتە ئامۆژگەی فێرکاران، لە بەغداد- ئەعزەمییە- دوای تەواوکردنی، بۆتە مامۆستا لە خوێندنگەی فەیسەلییە بۆ ماوەی ساڵێکی خوێندن.

دووبارە، چۆتەوە بۆ خوێندن لە بەغدادو ئازربیجان لە چەرخی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، رووەو موکریان، رۆیشتووە بەشداری کۆمارەکە بووە، بە مامۆستایی لە مەهابادو بۆکان، وێرای نمایندەی خودی پێشەوای مەزن، قازی موحەمەد، بووە لە شاری بۆکان.

دوای شکستنی کۆمارو نیسکۆی بزاڤی گەلی کورد، لەجەنگی پارتیزانیدا بەرەو رووسیا کشاوە بە مایەی شانازییەوە، سەربازی ئەو گۆرە پانە، بووە، ئەگەرچی فریای دواشورشی شێخ مەحمودی حەفیدی مەزن، کەوتووە.

ئاوارەیی، رەهەندەیی، دەربەدەری- ٢١ ساڵ.

ساڵو ئاوابوون

١٣ ساڵ- ئاوارەیی، دەربەدەری، ڕەهەندەیی، بێکارەیی- گەریدەیی، بەپێ هەموو سەرتاپای کوردستان.

٢ ساڵ- زیندانی سەخت بە زنجیرەوە لە بەندیخانەی مەلبەندی بەغداد، گرتووخانەی کەرخ، بەندی تەنهایی، لە ئەبو غریب.

٦ ساڵ- دەستبەسەری- دوورخراوەیی، لە کەناری زونگاوەکانی باشوری مێزوپوتامیا- ئوستانی ناسرییە، ئەلبوساڵح، کەحلا، قەلعە سوکەر.

---

٢١ ساڵ بەشێکە لە ژیانم.

دوای ئاوارەیو رەهەندەیی، دەربەدەری، ماوەی ١٣ ساڵ ، ٢ ساڵ لە بەندیو زیندانی، گەراوەتەوە بۆ نیشتمان بە نەداری، بە گیرفانی نەهی- واڵاو خاڵی- دوای ١٤ گەلاوێژ ١٩٥٨ - بەرپابوونی کۆماری ئیراق، هاتۆتەوە سەر پیشەی مامۆستایی، زۆری نەخایاند- بە دەستبەسەری دوور خراوەتەوە بۆ ماوەی ٦ ساڵ لە ئوستانی ناسرییە- زیقار- لە ئەلبو ساڵح، قەلعە سوکەر، کەحلا.

دوای ئــەوە- گەراوەتــەوەو ئەرکــی فێــرکاری و سەرپەرشــتیاری پەروەردەیــی، بــۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریو فێرکردنی بە کارمەندی و بریکاری کارگێری.

ژیانـی رۆشـنبیریو نووسـینو سـەوداو مامەڵەی لەتـەك تیـپو وشـەو رسـتەدا لـە ١٩٤٠ بـەدواوە، لـە گۆڤاری گەلاوێـژەوە بـەناوی نهێنی و ئاشـکرا، کورتە چیرۆکی وەرگێردراو- تاڵـی ژیـان، هێـزی سـامدار، لەسـەر ئیـزیدی- ئیـزدی- نامـیلکەی نووسـیوە بـە راسـپێری مامۆستای وێژەی عەرەبی لە ئامۆژگای مامۆستایان بەرێز- ئەبدولکەریم دوجیلی.

١٩٤٧- بزاڤی کورستانو ئازربیجان بە عەرەبی نووسیوە، لە ١٩٥٨ چاپکراوە.

٢٩٠- زنجیرە وتـاری لـە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا نووسیوە، لە ژین، رۆژی نوێ، گۆڤاری نەورۆز لە بواری جوگرافیاو زەویناسی کوردستان و کۆمەلایەتیدا، نامیلکەیەکی بــەم نــاوەوە چــاپکردوە- دەستنووســی هەیــە- وەکــو پیرۆزگــە، گەشــت، جوگــرافیای کوردستان، کوردستانی پەرتکراو، کرکوك والسلیمانیە صنوان.

پیرۆزگە- ژیانی کۆماری کوردستانە لە مەهاباد.

گەشـتی زەنـد- گەریدەیی بە پێ سەرتاپا کوردستان، خاوەری میانە، ئەوروپا، باکورو ناوەندی ئەفەریکا.

**چاپکراوان:**

١- بزاڤی کورستانو ئازربیجان بە عەرەبی- چاپخانەی کامەرانی- ١٩٥٩.

٢- سەرنجی لە ئابوری رامیاری- وەرگێران- چاپخانەی کامەرانی- ١٩٥٩.

٣- جوگرافیای کوردستان بە کورتی- چاپخانەی کامەرانی- ١٩٥٨.

٤- مێژووی نەژادو پەیوەستەگی- وەرگێران لەتەك قانعدا- ١٩٦٩.

٥- میللەتی کورد- دانان- چاپخانەی کامەرانی- ١٩٧٠.

٦- ئایین و باوەر لە کوردستاندا- چاپخانەی کامەرانی- ١٩٧١.

٧- ئیـنجلەکانو کـرداری نوێـنەران- وەگێرانـی لـە فەرەنسـییەوە لەتەك بەرێز قەشە یوسف پەری- چاپخانەی راپەرین- ١٩٧٢.

٨- زمانی کوردیو هونەری وەرگێران- دانان- چاپخانەی کامەرانی- ١٩٧٧.

**وەرگێڕان:**

١- پەروەردەی کۆمەڵایەتیو نیشتمانی پۆلی ٤ سەرەتایی- ئەبدولغەفور مەلا ئەلی، جەمال غەفور، مستەفا ساڵح کەریم، کەریم زەند- ١٩٦٩- بە خۆرایی.

٢- خوێندنەوەی کوردی- بۆ هەڵمەتی نیشتمانی گشتی نەخوێندەواری تەوزیمی- قۆناخی بنچینە- چاپخانەی ئیخلاس- بەغداد- کەریم زەند، جەمال فەتاح کەریم، چاپی یەکەم- ١٩٧٨- ١٥١وانە.

٣- خوێندنەوەی کوردی- بۆ هەڵمەتی نیشتمانی گشتی نەخوێندەواری تەوزیمی- قۆناخی تەواو بوون- مستەفا سەید ئەحمەد- نەریمان، کەریم زەند، جەمال فەتاح کەریم- چاپی یەکەم ١٩٧٨- چاپخانەی شەرقی ئەوسەت- ٤٤وانە- ١٤٤ لاپەرە.

٤- جوگرافیای سروشتی- پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، وێژەیی- شاکیر فەتاح، عومەر مستەفا، کەریم زەند- چاپی یەکەم- ١٩٧٤- چاپخانەی دار ئەلجاحیز- بەغداد- ٣٥٢ لاپەرە.

٥- جوگرافیای ئیراق- پۆلی ٥ سەرەتایی- ١٩٥٩- ٢جار چاپکراوەتەوە- فازل عیرفان، کەریم زەند.

٦- جوگرافیای ئابوری- پۆلی ٦ وێژەیی- کەریم زەند، خەسرەو مستەفا، کەریم شێخانی، عومەر مارف بەرزنجی، حەمە غەریب موحەمەد قادر- چاپی یەکەم- ١٩٨٣- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ژمارە ٢- هەولێر- ئەربل- ژمارەی سپاردن ١٣٤٦- ٣٨٥ لاپەرە.

٧- خوێندنەوەی کوردی- بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری پیشەیی- قۆناخی تەواوکردن- قادر بابان، ساجد ئاوارە، کەریم زەند، مەهدی غەفور شەریف- چاپخانەی شەرقی ئەوسەت- بەغداد- ١٩٧٦- ٨٠وانە- ١٧٦ لاپەرە.

## ئازوخە

**بیروەریو یاداوەری**

ئاوردانــەوە، لە یادو بیرەوەری سەردەمو چەرخەکانی دێروك، تێڕوانینە بۆ ڕێنمایی ئایـندە، سووڕی مـێژوو دەردەخـات، خۆڵو هەڵسوکەوتو هەورازو نشیویو تاڵیو سوێریو شـادیو خۆشـنودیو کامیابـیو بەخـتەوەری ژیـان، لـەو ئاوێـنەیەدا دەبـینی، کـەناوڕی لێدەدیـتەوە ئاراسـتەی راسـتییەکی جاویـدو نەمـریمان دەکات کە شارەزایی مەردومـەو کاتـی سـەرهەڵدانی نیشاندەداتو ئامـاژەی سـەرەتای ژیانـی مـرۆڤە ئەو شارەزاییەیە، کە سـنوورو کۆتایـی نیـیەو جاویدە،لـە سـەرهەڵدانی مـرۆڤەوە، لـە پێشـینیانەوە بـۆ نـەوەو نـێژەی نـوێ، هاتـووە، لە زنجیرەیەکی نە پساوەی پەیدەرپەیدا، بە ئەلقەی هەمە جۆرە، کێشـو سـەنگو هاوتـای خـۆی لـە تـای تـەرازووی مـێژوودا، کـە کەڵـتوری گەلە، لە ماوەی مـێژووی دیموکـراتیدا، کـە دەربـڕینی ژیانە، لە قووڵایی لاپەرەکانی کۆششی مەردومەوە بـۆ راهـاتن لەسـەر هەلومەرجـی جوگـرافیو کاریگـەری دانو وەرگرتنو تیشکدانەوەی، بۆ گەلانـی دوورو نـزیك، ئـەو ئەندازەو سەنگو قورساییەی دیاردە دەکات لەناو کەشمکەشی ژیانـو کێشـەی میللیدا، بەرەنگاریـو بـەرەو رووبوونەوە، بەدوا بە دوای جەنگی جیهانیو پێچـانەوەی سـاڵ لـە نـێو دوو توێـی خولـی چـەرخو چـاخو زەمەنـو زەمیـندا، ئـەم کارەســاتانە، شــوێنی ســەربخوتێراونینە لــە ســەرهەڵدانی چــیرۆکی مــرۆڤەوە، لــە کەلگامێشـەوە، کێشـەی جاویدیـو مانـەوەی هـەتا هەتایـی، ئامانجـو ئاواتـی رەچـاوکراوی مرۆڤ بووە.

کاروانـی تەمـەن، وەرزو قۆناخەکانـی، درێـژی زستانو گێژەڵوکەو گیژاو و گەردەلولو زریانــی ژیــان، ئومــیدی هــاتنی بــەهارو کراوەیــی خونچــەو دەربازبــوون لــەم ململانــێو زۆرانبازیـیەداو مەترسـی خـنکاندنو مەلەنەزانیـنو ساڵانی پچڕاوەی خولوسـووڕی گـۆی زەویو شەپولەکانی کۆمەڵەی خۆریو گەشتو گوزارەکانی رووالەتی خۆر.

ئەمانــە هەر هەمـوو، قورساییو ئەرکی پیرۆزی مرۆڤایەتی دەردەخات، لە بەدێهینانی داستانە مەزنەکەیدا.

ئەگـەر رەوابـێت بڵـین، کـە مـێژوو جەمسـەرو کـۆو گـردو کـۆکەرەوەی چـەرخەکانی دێـرکو سـەردەمی پێشـوون بـە کارەسـاتیەوە، بـە پیاوانـیەوە، کاتو سەردەمی هەنوکەش، پاڵپشتەو پشتگیرو پشتیوانی ئەورووداوانەیە.

**ساڵی ١٩٢٤**

لـەم سـاڵەدا، چـاوم بـە ژیـان هەڵهێـناوە، داسـتانی کاروانـی ژیـانم دەست پـێدەکاتو سـەرهەڵئەدات، مـاوەی ساوایی، خەریکی بەسەرچوونە، بەرەو خوێندن بۆلای مامۆستای ئاییینی، لە ژووره قوڕەکاندا، پێشوازی ساڵی ١٩٣٠ دەکەین.

هەرای ٦ ئەیلولەو دەبدەبەی نەتەوایەتیو لاڤی میللیەتە راپەڕینە، کورد، گەرەکیەتی چارەنووس بنەخشـینی بـە خـوێنی گەشـو ئاڵی گەشموردەوە سەرقافلەیان عەولە سیسی بەهەشـتی و هاورییانیەتـی، لەبەسـەر هاتـو تێپەربوونـی تەمـەن، ٦ سـاڵە تەواو، بە پێی ئاراسـتەو ئامـۆژگاری باوکـی بەرێـز، بـەرەو خوێـندنگە چووین، لە فێرگەو خوێندنگەی دووەم گیرسـاینەوە. ئـەو سـەردەمە- هەمـوو شـاری سـلیمانی ٢ فێـرگەی تـێدابوو- خوێـندنگەی یەکـەم، لـە جـێگەی بـازاری نوێـی ئیسـتەکە بـوو، پێـیان دەوت- مەکتەبـی یەکـەم- تاکـو ٢ ناوەندی تێدابوو، خوێندنگەی دووەم- لە خانەی کاك سەعید مارف، لای خانـەقای مەحویـیەوە، پێـی دەوتـرا- مەکتەبی دووەم، بەزاری کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە دەیانوت مەکتەبی پەڕو- چەپەکو دوورو، تاکو پۆلی ٥ سەرەتایی تێدابوو.

لەتـەك بـراو هاوریـیەکانمدا لـە گەرەکـی مەلکەنـدی وەکـو کـاك کـەریم قەرەنـی، هـۆمەری مام رەحیم کۆڵەیی و گەلیکیتر- مامۆستا توفیق فیکرەت ئەبدورەحمان، باوکی د. حـیکمەت، بـەدوری، خاتـو مـنیرە- وەریگـرتین بـە پێشـوازییەکی بەگـەرم، لـە پۆلـی نیودایانناین. وەکو پۆلی ئامادەیی- دوای ٢ رۆژ، داوام لە مامۆستاکەمان کرد، ناوی نوری ئەفەنـی حاجـی سـالحاغا بـوو، دەسـتم هەڵبری وتم- ئەفەنـی- بـە وشـەی بـاوی سەردەم، هاتە پێشەوە، لیم، وتم ئیملامان پێبکە.

ئەویش- وتی چی؟. وتم ئیملا، رێنووسمان پێبکەن، لەمەبەستەکەم گەیشت، ئەویش بـە سـاکارییەوە، وتـی بنووسـە- ئیمـرو چـووم بـۆ مەکـتەب- خۆیـندنگە- منـیش، بـە رێنووسـی سـەردەم، نووسـینی کۆن- کە سەنگوکێشی بۆ بزوین دانەدەنا، بەداینمەکیەتی نووسین، خێرا، رستەکەم بۆ نووسی.

مامۆسـتا کتوپـڕ، دوای سـەرنجێك لـە نووسینەکەم وتی- کێ تۆی لێرە داناوە، منیش وەلامێکم نەبوو- بە خێرایی گواستمیەوە بۆ پۆلی یەکەم، ئەمە هەنگاوی یەکەم بوو.

لـەو ماوەیـەدا کۆسـپو تەگـەرە، هاتـە رێـم، منداڵانـی گەڕەکی چوارباخ و بەروپشتی، رێگـەیان پێدەگـرتین، داوای باجیاندەکـرد، توانجـو پـلاری ناشیرینو دزیویان تێدەگرتین،

بـه چـاوی سـووك سـەیریان دەكـردین، ئـێمەش، ڕۆژانەكەمان ئانەیەك پتر نەبوو، تێیدا نەدەبـو باجـو مـافی تێـپەر بوونـو ترانسـیت، لـەزەوی مەڵكەندییەوە بدەین بە چوارباخ، مـزەی ترانسـیت، پاسـپورت بـدەین، وێـرای گاڵتەجاڕی، سەریاندەكردە سەرمان، ڕێگەیان دەبەستو دەیانوت- پاس- واتە كرێی تێپەربوون.

ئـێمەش بەرگـری تـوندو بەگژداچـوونەوە، بـەرەنگاریان بوویـنەوە، مامۆسـتایانو كەسـوكارمان لـە مەڵكەنـدی ئاگاداركـرد لـەم دیـاردە دزیـوە بـۆ ئـەوەی لـەم گـۆڵمەزە ڕزگاربـبین، ملمانكەچنەكرد، چۆكمان دانەدا بۆ ئەو بارە دواكەوتووە، تێمانگەیاندن كە ئەمـە زەوی ئـێمەیە، بێپەسـاپورتو ڤیـزە، پێـیدا دەڕۆیـن، بـە هاوكـاری كەسـو كـارو هاوشیرەم كاكە كەریم قەرەنی.

بەم ڕەنگە كارو فەرمانی خۆمان سەر ئەنجام هێنا، بەو پێودانە پۆلی١، ٢ تەوار كراو چـووینە پۆلـی ٣، بـەڵام لـەم قـۆناخەدا، فێـری خۆدزیـنەوە بـووم بـێ ئەوە هیچ هەستی بكـەم بـە ئاڵۆزاویـو تەگـەرەو كۆسـپ. چ لەلایـەن دەسـتەی مامۆسـتایانو كـارگێری خوێـندنگەو چ لـە خانەوادەكـەم، مـاوەی هەفـتەیەك، لـە باتـی چـوون بـۆ خوێـندنگە، ئەچـووم بـۆ دەشـتی ئەحمـەدی ساغا- سـەیری مووشـینم دەكـرد، خـۆم ئەخلافاند تاكو كاتی بەربوونی شاگردانی خوێندنگە، ئەوساكە بەرەو خان دەهاتمەوە، ئامۆژگاری باوكی بەرێـزم لـە گـوێمدا دەزرنگایـەوە. كارگـوزارەكەمان- كـاك حەمـە كـەریم كەوەلـە، دوایـی حەجیكـرد، ئاگاهـی لـێدام لای كـارگێری خوێـندنگە عەلـی ئاگـا شـەوقی سـەعید، كـە بەراسـتی پـەروەردكار بـوو، دەروونناسـیوو، بێـئازارو لـێدان، ئامـۆژگاری پـەروەردە ناسییەوە، ئاراستەیكردمەوە بۆ خوێندن، هانیدام بە ڕستەیەك وتی:

كوڕم- تـۆ قوتابییەكـی زیرەكو پێشكەوتوویت، خوو ڕەوشتت پەسەندە، چۆن- خۆت دەدزیـتەوە؟. بەراسـتی تاكـو هەنـوكە زۆر شـەرمەزاری ئەو كاگێرو كارگوزارەم، چونكە، هۆی پێگەیاندنی نەك هەر بە تەنها من، بەڵكو نەوەیەكی پێگەیاند.

كارگـوزار- كـاك حەمـە كـەریم، لـە كـارو فەرمانەكـەی خـۆیدا هـەر مابـوو، سـاڵ لـە دووتوێـی گـۆی زەویدا پێچرایەوە، هەتاكو بووم بە مامۆستا لە خوێندنگەی فەیسەلییە- ئـەو هـەر كارگـوزار بـوو لـەو خوێـندنگەیە- كـە دیـم كرنووشـم بۆبـرد هـەردوو دەستم ماچـكرد وتم: تـۆ مـنت پـێگەیاندوە، تـۆ لـە جـێگەی باوكمـی، بـاوكم لـە پۆلـی ٢ سەرەتاییەوە، كۆچیكرد بوو.

دوای پۆلی ٣- لکی لە خوێندنگەی یەکەم جوداکرایەوە- خوێندنگەکان ناونران:

یەکەم- ناونرا بە فەیسەلییە، دووەم بە ئەیوبییە، ئەو لقەی لە خوێندنگەی یەکەم جودا کرایەوە، ناو نرا بە خالیدییە.

ئێمەش گوێزراینەوە بۆ خانەی حاجی موحەمەدی لاوە، لە پشت گومرگە سووتاوەوە، پۆلی ٦ تێداکرایەوە- مامۆستا عەلی ئاگا شەوقی سەعید، هەر کارگێر بوو، بەڵام گوێزرایەوە، بوو بە کارگێری خوێندنگەی فەیسەلییە- دوای نشینی مامۆستای مێژووناس، ساڵح قەفتان- ئەدیب ئەفەندی کرا بە کارگێری ئەیوبییە، مستە بەهجەت مەولود- بوو بە کارگێری خالدییە.

بەم جۆرە، شاری سلیمانی ٣ خوێندنگەی تێدابوو- لە باری خوێندنەوە، خوێندنو وانەکاندا باشبووین بەڵام لە بیرکاریدا نەء- چێژمان لێوەرنەدەگرت- تاکو پۆلەکانی ناوەندیش، تەنها بەهای دەرچوونمان دەزانی.

مامۆستای کۆمەلایەتی- مێژوو جوگرافیا- کاریگەریەکی چاکی هەبوو، بە تایبەتی- نەزهەت ئەفەندی فەتاح شەشخانە، مامۆستای جوگرافیاو زانا بوو- زوربەی مامۆستاکان، کۆنە ئەفسەری ئوسمانی بوون، گەڕابوونەوە بۆ نشتیمانی دایك، کرابوون بە مامۆستا- لەوانە:

مامۆستا ساڵح قەفتان ئەبدورەحمان، توفیق فیکرەت ئەبدورەحمان، خالید سەعیدو هیتر، نەزهەت فەتاح شەشخانە مامۆستای جوگرافیا- نەزهەت ئەفەندی، زوربەی ئەو جێگایانە گەڕابوو، وانەکەی خۆشبوو لە ٩٠- نمرەی بەرزمان تێدا وەردەگرت، گوێمان بۆ شل دەکرد- وای لێکردم کە بایەخ تەواوی پێبدەم، لە ژیانما هەرئەو هۆکارە بوو بیم بە گەڕیدەو جوگرافناس- ڕێڤینگ- پیادەگەری، رووەو چۆڵو بیابانو کەژو کێوو دەشتو دەرماندوو بوونو گەڕان، ئارەق ڕشتن، لەم ئاکارەدا، لەو کاتەوەی کە خۆم ناسیوە- سەربخو تێبینی کۆبکەمەوە، کە رەسەگرد بکەمەوە گەشتی خۆم بخەمە ڕێژەی گەشتی ئەوانەی لەم بوارەدا، کارمەند بوون، لە میللەتانیتر تاکو بیسەلمێنم کە کوردیش گەشتیار گەریدەو ڕێڤینگی هەیە، گەشتمانی هەیە بۆ نەوەو نیژەی ئایندە.

کۆکردنەوەو گردکردنەوەی، کەرەسەکانی منیش دەیسپێرم بە ئەندازیارانی بیناسازی ئایندەو دوارۆژ بۆ بنیادنانی- جوگرافیای کوردستان.

ویڵەدەر

لـە پۆلـی ٦ سـەرتایی بـووم، لـە فێـرگەی ئەیوبیـیە، گەشـتێك ڕێكخـرا بـۆ گـوندی ویڵـەدەر، بـە كـێوی گۆیژەوە، لەو گەشتەدا، مامۆستاكەمان، ئوسمان حاجی عارف دەباخ، بەشداری نەكردم، چونكە كەم تەمەنو لاواز بووم لە رووی جەستەوە.

ئـەوە، كاریگـەری تـەواوی كـردە سەرهەسـتم، وێـرای بێبەشـبوونم لـە بەزەیـو سۆزو داڵـدەی بـاوك، منـیش رۆژی هـەینی بـوو، بەیانـی زوو، لـە خـەو ڕاپـەڕیم، چـووم پێشی ڕێگـەم گـرتو لەتەكـیاندا كەوتمـە ڕێـی، زۆر لـە هاوریـیەكانم چـالاكتر بـووم، سـەرنجی مامۆستاكانم راكێشا، ئەمە هاندەر بوو كە گەشتوگوزارو گەڕیدەیی بكەم بە پیشە.

### ئەشكەوتی هەزار مێرد

ئەنجامـی ئەزموونـی ٦ بەكەلـوریمان وەرگـرت، چـوینە ناوەنـدی سلیمانی، تەنها یەك ناوەنـدی هەبـوو، كـەریم قەرەنـی بـرام یەكـەم بـوو، منـیش دووەم، هـۆمەر مـام رەحیم كۆڵەیی، بە قرە دەرچوو، ئەوە كاری تێكردو گریا، هەفتەیەك نەهاتەدەرەوە، لە ماڵەوە-

٣ هاورێ بووین، پێشبركیمان ئەكرد لەسەر یەكەمیو دووەمی.

هاتینـە ناوەنـدی، مامۆسـتا زەكـی ئـەمین كارگێـربوو، هاتە ناو پۆلە یەكەكان ٢ پۆل بـوو- وتـی- كـێ ئەچـێت بـۆ خانـەی مامۆسـتایان لـە روسـتیمیە؟. هـۆمەر مـام رەحـیم-

دەسـتی هەڵـبری، چونكە خولیای ئەوە بوو، نیردرا بۆ ئەوێ، ئێمەش پۆلی یەكمان بڕی، لـە ناوەنـدی بـە گەشـت چـووین بـۆ جێشـانەو هـەزار مێـرد، لەتـەك مامۆسـتا ئەحمـەد ئیـبراهیم قـازی و مامۆستا مەلا جەلال موحەمەد سەیفولا، كوری مامۆستای نەمر، مەلا كاكە حەمە، بەرەو ئەشكەوتەكان رۆیشتین.

گـوندی هـەزار مێـرد ٣٥ خانەوانـەدە لە پەنا دۆژێكدا، لە دامێنی كێوی بەرانان، لای راستی دێكۆن، داربەڕوو- لای چەپی جێشانەیە.

ڕێگـە لـە سـلیمانییەوە- بەكـرە جـۆ- بـە پێدەشـتدا- باڵجـوخ- بنگـرد- ٢ گـوندن، لـە هەردووبـەری چۆمی ئاڵیشـە لـە جـۆگەی كـاك ئەحمـەد، ئەپەڕێـتەوە، دەشتایەكی كەم- دەگەیتە هەزار مێرد.

ڕێیتر- هەر لە سلیمانییەوە- ولۆیە- كانیگۆمە- چۆمی ئاڵیشە- جێشانەو هەزار مێرد.

لە سلیمانییەوە بۆ زار ئەشكەوتەكە ١٥كم.

پێشی هاوریـیەکانم کـەوتم، چـووینە نـاو ئەشکەوتەکانەوە- کتریمان پرکرد لە ئاوی نـاو ئەشـکەوتەکە، ماوەیـەك ڕۆیشـتین بـەناو ئەشـکەوتی تاریکـدا، دەنگـی و بزەوبـزی شەمشــەمەکوێرە دەهــات- تاپــریکمان نــا بەدەنگەکــەوە کــزبوو ماوەیــەك، دووبــارە- هەڵیدایەوە.

ئەشـکەوتە گەورەکـە، دەمەکـەی گچـکەیە، بـۆ چـوونە ژوورەوە گەرەکـە خـۆت دابـنەوێنی، لـە سەرسـك، دوای چـوونە ژوورەوە، بـەری فراوان دەبی ٤ کەسی بە ریز، بە پێوە ئەتوانن پێدا برۆن.

٢٠٠م ڕۆیشـتین، رەنگـە دووری ئەوسـەری ٣٠٠م بـێ- ئوکسـجین کـزبوو، لایـتو چـرا رووناکـی نـەدەدا، بـریارماندا مـنو کـاك کـەریم قەرەنـی و هاوریـیەکانمان گەڕاینەوە- لە بـەر مەترسـی دڕنـدەو تەنگە هەناسەیی و وێزەویزی دەنگی شەمشەمە کوێرەو بۆگەنی ڕقنە.

**پشووی هاوینە**

لە پشووی هاوینەکاندا، دوچووم بۆ کەرکوك بۆ سەردانی خزموخویش، هەروەها بۆ هەڵەبجـە، لەوێـوە، دەرچـووم بـۆ بـیارە و گوندەکانـی بـەرو پشـتی هەڵەبجـە- وەکـو- ئەبابەیلی، بامۆکوئەنەب جەلـیلە، دەرەشـیش بـە پێ- چووم بۆ بیارە بۆ دیدەنی بەرێز شێخ ئەلائەدین.

**هەڵەبجە- بیارە- ١٨کم- بۆ خورماڵ- ١٥کم**

ڕێـی زیخەلانـی- بـە پێدەشـتدا لـە بـناری ئەبابەیلیوە، ئەتەب- جەلیلە- بەناو باخدا- چـاخانەی بـیاوێڵە- چـاخانەی دەرەشیشـی خـواروو، چـەند جـۆگەو ئاوێـك- دەرەشیشـی ژوروو- خەرپانــی- چـۆمی بەنــەو چـاخانەکەی- دووریانــی تەوێڵــە- پــردو ئاووچـۆم- خاگـێلان- بـناری چـەپی گـوندی ناربخەڵـەو گوڵـپو باخەکـۆن- ئـاوو پـردی زەردەهاڵو- چاخانەکەی، لای راسـتی گـۆر، گـوندی دەرەقەیسەر لای چەپی بنجۆی دڕە، لە شیوێکدا- بـەرەو هـەوراز- بەردەلانی، پێچ- خانووەکانی پێشی بیارەو چاخانەکەی ئاوایی بیارە، لە دۆڵێکدا- خانـووی بـەرەو خـۆراوا، گەڕەکەکانـی- پشچـۆ، ناودێ- شێخان- مۆناتی ٥ هەزار کەسـە، خوێـندنگەی سـەرەتایو ناوەندیـو تـیمارگەو چـاخانەو بـازاری گچـکەی تـێدایە-

خانــەقاو تەکــیەی شــێخانی ڕێــبازگەی نەخشــبەندی، تــێدایە، ئارامگــە- خەوابگــەی پێشـەوایانی ئایـینی وەکـو- شـێخ ئـومەر، شـێخ نەجمـەدین، بەرێـز شـێخ ئەلائـەدین، هەڵبەسـتراون- چـۆمەکەی لـە کـێوی شـرامەوە دێـت، کـە زنجـیرە کـێوی هەورامانـە- هەردوولای چۆمەکە هەڵبەستراوە، خانووەکانی وشکە- کەڵەکو دوونهۆمن، تەمەنی بیارە لـە ٤٥٠ سـاڵ پـترە- لەوشـەی بوێـرە، بـیدارەوە هاتووە، دۆڵێکی لێژو درێژ، دارستانو باخ، داپۆشیوە، بە تایبەت دەراوی دەرە قووڵو بنجۆی دڕە.

لـە پـردەکەوە- ئوتومبـیل دەروات بـۆ تەوێڵـە- ١٧کـم- قـەد پاڵـو ناوبـاخ- هەوراز- لای راسـتی دۆڵ- چـاخانەی وەرگـا شـێخان، گـوندەکە لـە سەرەوە، گۆری ساوا- پێچو هەورازو لابـەلا، هاڵـە- کانیرەزنـەی بەڵخـە، ناوباخ- تاڤگە لە سەرەوە- سەری سەیسەلام- باخەکانی خـوارووی بـیارە دیـارە، پـێچ بـەرەو ئەودیـوی بەڵخـە، سـەری شـنروێ دیـارە- چـاخانەو گـوندی بەڵخـە، خوێـندنگەکەی، لـە سـەر ڕێگـە- کانیبەڵخە- چاخانەو کانیمێشڵە- کانیاو سـێبەر، سـوورە چـناری گـەورە، لـە سـەر کانـیەکە- گـۆماو لـە خـوارەوە- پێچـو لابـەلا، خـوارەوەی باخـی شـەمی- ڕەزەکانـی سۆسـەکان، باخەکانـی گـوندی هـاوار لـە قوڵایـیدا، بەرامبەر ملە شۆپی، دیارە.

بەودیـودا سـنوور- باخەکانـی تەوێڵە- هەوراز- تەوێڵە چاخانەی گەریات- خانەقا ناو گوند- دۆڵ، هەردووبەری خانووی وشکە کەڵەکو دوونهۆم، مۆناتی ٨ هەزار کەسە، بازارو فرۆشـگەو چـاخانەو خوێـندنگە، تیمارگە، پۆستی تێدایە، گەڕەکەکانی- چلانە، مالیدەر، بەرانبەر.

ئاوێسەر

سـەیرانگە ٢,٥کـم- بـە پـێ بـە هـەورازدا- بـەناو باخـو ژێـر سـێبەردا، لـە دامـێنی هەورامانـی تـەخت، سـەری تـەخت، پـۆپەکەی، گوندی هەورامانی تەختو بەشی ژاوەروو بـە ئوتومبـیل لـە شەقامی سنوورەوە، دەروات، ئەودیوی هەورامانی تەختە ٥٠٠ خانەیە، باخو ئەستێڵ بناری ئەو دیوی، گوندی خۆشو ئاوەدان- کەمالانە.

گوندەکانی هەورامانی تەخت- سەرپیرو، سێڵتی بلبە، ئۆین، کەلچی، ژیوارە.

بـناری ئەودیـو- تەختایـی، بـاخ، ئەسـتێڵە تاکـو لای هەجـیج، سەرچـاوەی رۆبـاری سـیروان، لەبەردەمـی گوندی سیلیتەوە، لە دۆڵی ٣ کوچکەدا، دەرەی تاکو دزاوەرد کۆتایی باخەکانی، دەرەکەیتری تاکو ئاویسەر دەچێت.

تەوێڵە- ٣ گەڕەکە، خانەقا گەورەکەی ١٢٥٥ك- ١٨٦٨ز دروستکراوە- خەوابگەی شێخ ئوسمان سیراجەدینی تێدایە بەرانبەری خانووی شێخ، سووره چناری گەورە لەبەر دەمیدا، بڵند گۆی پێوەیە.

## کۆمەڵەی برایەتی- ١٩٣٧[١]

دوای کۆمەڵەی خۆیبوون- ١٩٢٧- دوای بەسەر چوونی رۆژانی رەشی شەشی ئەیلول- ١٩٣٠، کپیوونەوەی دەنگو دەبدەبەی کوردایەتی، جنگو جووڵی دوژمن بۆ بەربەستی بزاڤی نەتەوەیو خنکاندنی- پەیمانی سەعداباد بەسترا- ١٩٣٧.

لە گەرمەی ئەم رووداوەدا، ڕۆژگاری ڕەشی ناهەموار، گەلی کورد، کەوتە خۆی لە ناو ئەو گێژاوەدا، ناچارکرا، کە خۆی ڕزگار بکات، لەو گەرداوە ڕۆشنبیرانی کورد، لەو کاتەدا هاتوچۆی خانەقای مەحوییان دەکرد، بەمەبەستی خۆ خڕکردنەوە، لە بارەی کێشەی نەتەوەیو ژیانی میللییەوە، پەلەقاژە بکرێت بۆ دۆزینەوەی رێگە چارە، لەم بارەوە. لە ئاکامدا، کۆبوونەوەیەك سازکرا لە خانەی شێخ لەتیف حەفید لە پایزی ١٩٣٧- لەو شەوەدا ئەم بەرێزانە ئامادە بوون:

ئەسعەد مەحوی، د. نوری فەتوحی ئەلەکە، خودی شێخ لەتیف حەفید، شێخ جەلال حەفید، شێخ لەتیف ستەوی دانساز، ئیسماعیل شاوەیس، سەدیق شاوەیس، ئەحمەد فەخری، عەلی قەفتان، موحەمەد خدر تاپۆ، مەحمود ئەحمەد، حەمە سەعید سلیم جاف، شێخ قادر سەید ئەحمەد، ئیبراهیم گوردی، فوئاد رەشید، لەم کۆمایەدا، بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵەی برایەتی درا، دەستەلاتی رەها درا بە ئەسعەد مەحوی، کەبنێرێت بە دوای یەکتا بەگ، حەماغای خوبیلە کاکەیی- جێگەی باوەڕی شێخ مەحمودی نەمر، بە هاوکاری شێخ لەتیف دانساز، موحەمەد قودسی مەحمود- ئاگادارکرا.

ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گەیشتە ٢٠- خانەقای مەحوی بنکەو بارەگابوو، وەرگرتنو سوێندو سەوگەن بە قورئانی پیرۆز، هەر لە خانەقابوو.

لە خانەقا- سەری هەڵداو هەر لەویش کۆتایی هات، سوێند ئەخورا کە ناپاکی نەکات بە گەلی کوردو هیچ کوردێ- لە کۆبوونەوەکاندا، سەرۆکو جێگیر دادەنرا، تاکو کۆبوونەوەیەکیتر، فەرمانڕەوا ئەبوو، بە ئامادەبوونی ١٢ ئەندام، کۆبوونەوەی یاسایی

---

(١) رۆژنامەی ژین ژمارە ٨٦،٨٥/ ١٤-٩، ٢١-٩-١٩٧٢.

پێکدەهات، بە سەرۆکو جێگرەوە. سەرۆك مافی ٢ دەنگی هەبوو.

جارجار، لە خانەی خوبیلەو شاوەیس کۆبوونەوە، سازدەکرا، لە پرۆژەی بەسوود دەدوان. بەلام زوربەی کۆبوونەوە هەر لە خانەقا پێکدەهات، چونکە پەرستگەبوو، شوێنی گومان نەبوو.

خۆشم لەوێ سوێندم خواردووە، نیمچە رازگربووم، پوستەبەرو نامە هەڵگربووین لەتەك مستەفا کەریم غەفوردا- لقو پەلی لەناو خوێندکارانداو سەربازو پۆلیسو فرۆشیارو ئەرکیشو، کارگەراندا، بلاوبۆوە.

لە خوێندکاران:

نوری شاوەیس، موحەرەم موحەمەد ئەمین، موحەمەد قودسی، مەهدی خوێ، قادر ئەبدورەزاق، حەمە سەعید حاجی ئیبراهیماغا خەفاف، ساڵح ئەحمەد بەگ بابان، مستەفا کەریم غەفور، ئەحمەد خدر، کەریم زەند.

بەرپرسی پۆلیس- حسین ئەسعەد زەنگنە، کەریم کۆیی. بەرپرسی سەرباز- فەتاح شاڵی لە بەغداد، لە بازرگانان حەمە فەرەج شاڵی، وێرای هاوکاری تەواوی خێزانو فامیلیای شاڵی، کۆمەکیان بەم کۆمەڵەیە.

دەمانچەی کاك حەمە فەرەج شاڵی بوو لای من بە متمانەی حەمە سەعید حاجی ئیبراهیم خەفاف، هەروەها مارف چیاوك، سەرۆکی یانەی سەرکەوتن، هاوکاربوو.

لقی کەرکەك- جەمیل رۆژبەیانی، لکی کۆیە- کاکە زیاداغا بوو. پەلی بۆ ناو مەنگورایەتی درێژکرد- مەلا خەلیل مەنگور هاوکاریدەکرد، بە هۆی مەلا ئەبدولا ناوێکەوە. بەم جۆرە پەرەی سەند، لە سایەو سێبەری شێخی نەمر مەحمود حەفیدا.

ئەبدولا بەگ، سەیرانبەن، هاوکاربوو پەلی هاویشتبوو بۆ لای بانە.

بەندیخانەی سلیمانیان شکاند بە پێی پروگرامو نەخشەی کۆمەڵەی برایەتی بە کۆمەکی کاك فوئاد عارف کە فەرمانـدەی سوپابوو لە سلیمانی ١٩٣٦- پیلان دانرا، دوو دەمانچە نیردرایە ژووری زندانی بۆ بەرێز حەمە رەشیدخانی بەندکراو لەتەك سەید عەتاو مەجید گەڵباخی.

ئەمە لە جەژنی تاجگوزاریدا، بەهاوکاری شێخ لەتیف حەفیدو ئەسعەد مەحوی نەخشەی شکاندنی بەندیخانەو گوشار خستنە سەر ئوستاندار مەجید یاقوبی، رایانفراند، بومبایان فریدایە ناو خانەی عەلی حیجازی کارگێری پۆلیس بەدەستی

ئەحمـەدی قالـە شاسـوار، هـەروەها دادیـار عەزیـز خەڵوسـی لـە ئەنجامـی ئـەم کـارە شۆڕشـگێڕییەدا، بەندیخانـە شـکا، حەمـە ڕەشـیدخانو سـەید عـەتاو مەجـید گەڵباخـی ڕزگاربـوون، بـەلام مەجـید گەڵباخـی ٤ تفەنگـی هەڵگـرتبو، پشـتی دانەواندبـو، بـۆ هاوڕیکانـی، پشـتینەکەی لـە لاقـی ئالابـوو، گیرایـەوەو درایـە دادگـاو دوایـی بەربـوو بـە کۆمەکی کۆمەڵە.

شـێخ مسـتەفا قەراخـی کرا بە ئوستاندار، بزاڤی ڕەشید عالی گەیلانی بەسەرداهات، شـێخی مـەزن کـە لـە بەغـداد شـێخ- دەستبەسـەربوو، دەرفەتـی هێـنا بـەناو زەنگـنەو تاڵەبانـداو بـە یارمەتـی شـۆڕە سـوارانی گەرمـیان، خـۆی گەیانـدە گـوندی سـیتەك، لـە شارباژێر.

شـوفێرە مەردەکـەی- ئەحـە خورشە، میرزا ئەزیز ئاخەیی تەرخانی، حاجی دەرویش حسین خانەکینی، پێشوازی چەکدارانی سەعیداغای جافەرانو کویخا نەجمی سیوسێنان.

سوارچاکانی میراودەلـی- پشـدەری، شارباژیری، ئەندامانی کۆمەڵەی برایەتی- کەریم زەنـد، سـاڵح ئەحمـەد بـەگ بابـان، مسـتەفا کـەریم غەفـور، بەشـداری ئـەو بـزوتنەوەیە بـووین، ئەسـعەد مەحـوی، نوری ئەحمەد تەها، چوونە سیتەك بۆ ئەوەی لە ڕازو نیازی شێخی نەمر بگەن.

داوای هاوکـاری کـرا لەتەك مامۆستای باڵا ڕەفیق حیلمی نەمر، بەڵام ئەو هاوکارییە پێکنەهات بەهۆی ڕۆزگارو سەردەمەوە.

مسـتەفا خۆشـناو، ئـومەر مسـتەفا- دەبابـە- لایەنگـری کـۆمەڵەی هیوا بوون، هەستی ڕاژەی گشتییان دەربڕیوە، بۆ ئەم کۆمەڵەیە.

نمایـندەی شـاری کـۆیەی خەباتگێر- مامۆستا حەمە حویز- حەمە ڕەش، کاك سەمەد مـوحەمەد مەنجـەڵ، هـاتن، بـە هاوڕییەتـی خـۆم چـووینە دیـداری شـێخی مـەزن بـۆ گەیانـدنی مەبەسـت، هـەروەها پەیوەندیکـرا لەتـەك موحسـین ئەبـو تبـیخ، کـۆمەڵەکە گەیشـتە پـۆپە، خواسـت، پێشکەشـی مـیری بەغـداد کـرا بـە هـۆی نمایـندە، شـێخ جەلال حەفیدەوە، بریتی بوو لە:

١- بانکی کشتیاری، پیشەسازی لە شارە کوردەکان دابنرێت.

٢- لـە وەزارەتەکانـدا- بـە تایبەتـی شـایاریتی جەنگو سوپا، کورد، بە گوێرەی مۆنات، بەشدار بێت.

میری لەمە راچڵەکی، کەوتە گرتنو پەلاماردان و بەندکردنی ئەندامانی کۆمەڵەکە. لەم کاتەدا- بەرێز سەرۆك بارزانی نەمر، کە لایەنگری ئەم کۆمەڵە بوو، هەڵی بۆ رەخسا بە کۆمەکی کۆمەڵەی برایەتی، شێخ لەتیف حەفید، ئەسعەد مەحوی، چەکو ولاخ ئامادەکرا، منیش ئاگاداری ئەو نەخشە بووم.

بە ئوتومبیلی شێخی نەمر و شوفێری مەردی، ئەحە خورشید، نوری حەمە سوور، حەمە پیرە، مچە قرگەیی، محە سالە سوور- مچە قیرگەیی- مکایەڵی- براگەورەبوو، شێخ حسین بەردەزەردی بەرزنجی- حەمە پیزە بێسەری- ئەحە ببوەرەیی- بڵباس- ئەم هۆکارانە، نموونەی بەر جەستەی- تەبایی خێڵە کوردەکان بوون لەو چەرخەدا.

ئەم چەکدارانە، پارێزگاری شێری بارزان، شێری کەپریرە- بیرەکەپرە- جەنراڵ بارزانی نەمر بوون، تاکو خۆی گەیاندەوە بێشەو لانەی خۆی لە بارزان، کە شۆرش بەرپا بکات، لە ئەنجامی ئەم رووداوە، بەرێز خودانی بارزان شێخ ئەحمەد و ئاوارەکراوانی بارزانی، دەستبەسەران، رەوانەی ئوستانی حیلەکران، لەوێ، دیدەنم کردون.

لێرەدا- مەحمود خانی دزڵی دەستبەسەر لە سلیمانی، شێخ لەتیف دانساز بە ئەسپی خۆی، رەوانەیکردەوە، لەو کارە ئاگادار بووم.

ئەم هەموو ئامادەییە، بۆ بەرپابوونی شۆرشێکی نەتەوەیی بوو.

بەلام ، تەنها سەرۆك بارزانی نەمر بەلێنی خۆی بە جێهێنا- لە لایەکیترەوە، هەرەشەی دوژمنو هاتنەوەی نوری سەعیدو دامەزراندنی دامو دەزگای شاهێنی و هەلاتنی رەشید عالی گەیلانی بۆ ولاتی سعودییە.

ئەم هۆکارانە، شێخی مەزنی ناچارکرد بە دانیشتن لە گوندی داریکەلی.

وەکێ مەدینە بێ نەبی بێ      بانەجەف بی بی عەلی<br>
شاری غەزنە بێ مەحمودە      ئیستەوەکێ داریکەلی

(حەمدی ساحێبقران)

شۆرش، هەرەسی هێنا، بڵاوە پێکرا، هەرکەسە بۆ شوێنی خۆی، دوای دەرکردنی بەخشینی گشتی و دەستبەسەرکردنی شێخ لەتیف حەفید لە بەغداد، شێخ لەتیف حەفید بە چەند چەکدارێکەوە رووەو کوردستانی خاوەر رۆیشت بۆ چەمپاراو و بلە کیو ئارمردە، چووە بارەگای حەمە رەشیدخان لە بانە، کە ئەو سەردەمە شاری بانەو سەقز لە ژێر رکێفی حەمە رەشیدخاندا بوو، سوپای ئێرانی دەرپەراندبوو.

دوای ئـەوە شـێخ لەتـیف حەفـید چـوو بـۆ گـوندی زەرواو، بـۆ لای سـەلیم خـان، پێشوازی بـە گەرمـی لێکـرا، حەواندنەوەی خۆیو لەشکرەکەی گرتە ئەستو، شازادە تەلا خانمـی کچـی بـە کەژاوەوە پێشکەشکرد- بۆی ناردە گوندی کەناڕۆی ئەو کیژە میرە، ئەو خانمـە رشـتە شـۆخو شـەنگەی لـێ مـارە کـرا، ئەگـەر چـی حاجـی قادرخانـی ئارمـردەو ئەبدولا بەگی سەیرانبەن، لەم بارەیەوە، دریغییان نکردووە.

ئەسـعەد مەحـوی، هاتـەوە بـۆ داریکەلـی و دووبـارە گەڕایـەوە بـۆ مەریـوان، باشماخ، دیدەنی مەحمود خانی کانیسانانیکرد.

شـێخ لەتـیف حەفـید خۆیـو چـەکدارانو یاوەرانـی هاتـنە سەردەشـت، سـەلیمخان مەحمـود خـان زەرواو ئەحمـەدی ٥٠٠ سـوارەی بۆ خڕکردەوە، کارو باری ئازوخەو ژیانی لەشکرەکەی گرتە ئەستۆی خۆی.

دادگـا دامـەزرا، ئەسـعەد مەحـوی باوەرپێکـراو دادیـارو جێگـرو بـریکار بـوو، ستونو کارگێـربوو، ئاگاهـی دەرئەکـرد. پەیـوەندی لەتـەك قازی موحەمەدی پێشەواو سۆڤیەت- رووسیا داکرا، نامە بۆ ژەنراڵی سۆڤیەت نێردرا.

دوای ماوەیـەك- سـەرۆکی سـتادی سـوپای رووسی ژەنـراڵ لوپوڤ، ژەنراڵ ئەتاکشیوف، هاتنە سەردەشت- زمانزانیان لە تەکدابوو بە ئسازەری ئەدوا.

رووی تێکـردین دوای پێشوازیکردنی لە پردی کەڵوێوە تاکو خانەی حاجی غەفوراغا لە سەردەشت، دوای حەسانەوە، وتووێژکرا- وتی:

کێشـەی کـورد- لـە پـرۆگـرامدا نییە، لە خشتەو نەخشەی کاردا نییە، مەگەر جەنگی سـێیەم، هەرچـەندە جەنگی سـێیەم نابێت ٢ جار دووپاتیکردەوە وتی نیەت- واتە نابێ- جەنگی سارد ئەبی، جەنگی پێشبرکێ چەك دەبێت، خۆتان هەڵگرن بۆ دەرفەتیکی تر، لە رووی هەستی مرۆڤایەتییەوە.

پەیوەندیکـرا بـە سـوڤیەتەوە، لـە ئاکامـدا، ژەنـراڵ ئەتاکشـیوف، بابلـوڤ- سـوپا پـودو سـالاری سـوپای سـوور لـە رەبەتـو پـردی کەڵویـوە هـاتن بۆ سەردەشت لە خانەی حاجی غەفـوراغا کۆبوونـەوەکـرا، زمانزانـی لەتەکـدا بـوو، بـە ئـازەری دەدوا، دوای تەواو بوونی وتووێژ، رووی تێکردین منیش لەوێ ئامادەبووم، وتی:

جەنگـی سـێیەم، ئەگـەر، مەگـەر- نابـێت بـە رووسـی نـیەت. کێشـەی کـورد، لـە پرۆگرامدانییە، لە نەخشەدا نییە، لە بەرنامەدا نییە، خۆتان هەڵگرن بۆ دەرفەتیکیتر.

لە کاتێکدا گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانی بوو لە شاری ستالینگراد لە سەر ڕۆباری ڤۆلگا- بە چەکی سپی، ئەم ئاموژگارییەی کردین وتی جەنگی سێیەم نابێت. لەم لاشەوە- لە کوردستانی باشور قورساییو گوشار خرایە سەر شێخی نەمر، لە ڕێگەی شێخ قادر حەفیدو بابە عەلییەوە ناردیان شێخ لەتیفیان هێنایەوە.

ئەسعەد مەحوی، دوای ئەم گفتوگۆیە، بە دڵنیایی، گەرایەوە، کۆمەڵەی برایەتی لاواز بوو، کۆتایی هات هەر لە خانەقا، هەروەکو چۆن لەویش سەریهەڵدا، کۆمەڵەی هیوا پارسەنگی قورس بوو، پەرەی سەندو هانە سەرشانۆی رامیاری، تا رادەیەك دەستی هەبوو لە بزاڤی بارزانی ١٩٤٣دا.

بە هاتنەوەی ئەسعەد مەحوی بەراشکاوی، شێخ لەتیف حەفید پشتی چۆڵبوو.

بوئەم ڕوودواوە- چاوگ بەڕێز خودی حاجی مەلا ئەسعەد مەحوی بووە.

### کۆمەڵەی هیوا- ١٩٣٨

سەرهەڵدانی ئەم کۆمەڵەیە بەناوی دارکەرەوە بووە، لە وشەی کاربوناری ئیتالییەوە وەرگیراوە- رەژوو- خەڵوزکەران.

لە کەرکوك ١٩٣٨- ١٩٣٩، لە کۆبوونەوەیەکدا، لە ئوتێلێك دامەزراوە، دەستەی دامەزرینەری ٦ ئەندام بوون:

یونس رەئوف، دڵدار، نوری شاوەیس، نوری مەلا سمایل، جەلال ئەمین بەگ، جەلال حامد جاف- پاشا.

مامۆستا حەمە حەویز ئەڵی- کاتی خوێندکاری ئامادەیی بووە، لە هەولێر، لە شاگردان، یونس رەئوف، یاوەرانی، ئەم تەقەلایە دراوە، بۆ دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە.

لە خانەکین، مەلا رەحیم بەشداریکردوە.

لە هاوینی ١٩٤٠- مامۆستای باڵا- ڕەفیق حیلمی نەمر، بانگهێشتکراوە بۆ شەقڵاوا، کراوە بە سەرۆکو ئەویش ناوەکەی گۆڕیوە بە هیوا- هێڤی، ئەو گۆڤارەی کەلە سورییە دەردەچوو لەو سەردەمەدا.

کۆمەڵەی هیوا، پەرەی سەند، لقو پۆپی بڵاو بۆوە، ئەفسەرو ڕۆشنیرو کاسبکارو ناوداری کورد تێدا گردبۆوە- لەتەك کۆمەڵەی برایەتیدا وتووێژکرا بۆ پەیدابوونی نێوانێك.

هیوا- بەرنامەو پێڕەو پرۆگرامی نەبو وەکو یاسای ناوخۆی چاپکراو، ٤ گۆڤاری دەستنووسی دەرکرد، هەر ژمارەی ٦ دانەی لێدەنووسرایەوە بەدەست، بە نۆرە دەخوێنرایەوە. دورشمی- بڕی سەرۆکی بالا، گۆڤارەکەش وێژەیو پەروەردەیی بوو پتر، هەر بەرپرسی دەیتوانی سوێندی ئەندامی بەشدار بوو بدات، ماوەیەك لە ژێر چاو دێریدا دەبوو، ٣ئەندام نامزەدی دەکرد، ئەپاڵیورا بۆ ئەندامی.

ئەندامی کارای- جەلال ئەمین بەگ، ئەمین ڕەواندوزی، شێخ حەسیب تاڵەبانی- رەشید باجەلان، موکەرەم تاڵەبانی، فایەق هوشیار، عەونی یوسف لە هەولێر، زەید ئەحمەد ئوسمان پۆستەبەر- رەفیق توفیق چالاك، رەئوف مارف- بوون، شانەکانی، زۆر نهێنی نەبوو، هەر ٥-٦ ئەندام بەر پرسێکی هەبوو- ئابونەو کۆمەك کۆدەکرایەوە، بەلام بودجەی تایبەتی نەبوو.

سوێندو سەوگەن، بە خوداو خاکو ئاڵای کوردستان بوو، کۆمەڵێکی نەتەوەیی بوو، خەباتی بۆ گەلی کورد بوو، ئەگەر ئەندامی ناپاکی بکات، ئەو خەنجەرەی کە سوێندی پێخواردووە، مەرگی بێت.

دوای کپبوونەوەی بزاڤی کۆمەڵەی برایەتی، هاتنەوەی حەفید مەحمودی نەمر بۆ گوندی داریکەلی، لە سەرپاشەرۆکو لاشەی برایەتی، کۆمەڵەی هیوا، پەرەی سەند، پەلی هاویشت بۆ دەڤەری بارزان، دەستێکی باڵای هەبوو، لە بزاڤی بارزانی ١٩٤٣دا.

لێرەدا- هەلۆیست گۆڕدرا، لاوەکان داوای پشگیرییان دەکرد بە خۆپیشاندان، ئەم کێشەیە، هۆکاری سلەمینەوەو کۆسپو تەگەرەبوو، لە نێوانی بنەماو پایەگاو سەرکردایەتی کۆمەڵە، دووبەرەکیو ناکۆکی خستە ناوەوە، کزیو کەنەفتی روویدا، کۆمەڵە، کەوتە گیانەلا، خۆ خۆیەتی پەیدا بوو، زۆرینەی ئەفسەرە کوردەکان بوون بەلایەنگری ماجد مستەفا تاکو ١٩٤٤ ئەمە خایاندیو بە تەواوی ناوی هیوا کشایەوە لە مەیدانی رامیاری، لە سەر لاشەی هیوا کۆمەڵە پێشکەوتووخوازەکان، هاتنەکایەوە- چالاکی رامیاری نوێخوازی دەستپێیکرد، بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە.

لاوەکان هەریەکەیان نوێنەری هێڵێکی رامیاری بوون، کۆمایەك پێکهات لە خانەی سەدیق شاوەیس، سمایل شاوەیس، نوری موحەمەد ئەمین، موحەرەم موحەمەد ئەمین، کەریم زەند، مامۆستای پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد- بلە، ئەنوەر مەلا حەماغا، ئامادە بوون.

نوری موحەمەد ئەمین- بەناوی دارکەرەوە، بە ئومیدی زیندوو کردنەوەی، کەریم زەند، بەناوی کۆمەڵەی ئازادییەوە، پایەگاو بنەمای دیموکراتی مەڵبەندی، دووخی، راڤەکرد، لە ئەنجامدا، نوێخوازان زاڵبوون، بەسەر بریارەکاندا، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد- بلە- وتی:

خۆشبەختم کە ئێوە پێشکەوتو خوازترین.

لێرەوە، کۆمەڵە پێشکەوتوو خوازەکان، بە بارودۆخیکیتر، بە هەلو مەرجێکیتر، کەوتنە کار، لەوانە کۆمەڵەی ئازادی، ژ.ك بوو.

مایس- ١٩٤١- ئایار

بزاڤی رەشید عالی گەیلانی، هاتنەوەی شێخی نەمر- مەحمود حەفید، بەشداریم لە بزاڤەدا.

ئەزمونی پۆلی ٣ ناوەندی دواخرا بۆ خولی دووەم لە پایزدا- لە کەرکوك- لە هۆڵی شارەوانی، بە ئەنجامێکی سەرکەوتوو- روومکردە خانەی مامۆستایان لە بەغداد- ئەعزەمییە- ئەگەر چی تەقەلامدا بۆ ئامادەیی سەربازی.

دوای پەشیمانکردنەوە، هاورییەکانم چوون بو ئامادەیی سەربازی، بوون بە ئەفسەر.

منیش لەتەك- موحەمەد شێخ مستەفا، هادی موحەمەد خۆی، باقی ئەحمەد سابیر، چووینە خانەی مامۆستایان.

لەوێ- لەتەك مستەفا سەید ئەحمەد- نەریمان، موحەمەد توفیق وردی، یەکانگیر بووین، هەریەکەمان لە ئوستانێك- سلیمانی، کەرکوك، هەولێر.

١٠٠ خوێندکار وەرگیرا بە پێی ئوستانەکان، بە گوێرەی نمرە، پۆلی یەکممان بری، کرا بە ئاموژگا، گەشتی ئوستانی بابل، شاری خانەقینمانکرد، مامۆستای جوگرافیا ئەبدولونعیم مەرسی- میسری لەتەکماندابوو، لە پۆلی کۆتایی ئامۆژگە، مامۆستا ئەبدولکەریم دوجیلی وانەی عەرەبی- وێژەی پێ دەوتین، هاندەرم بوو، لەسەر ئیزدی نووسیم.

لێرەوە دەستمکرد بە نووسین لە گۆڤاری گەلاوێژدا- کەوتمە سەوداو مامەڵە لەتەك تیپو وشەو رستەدا، بەناوی بایزو کەریم موحەمەدو هیتر، نووسیومە.

**پینجوین**[1]

١٠٥كم لە سلیمانییەوە- گەشتی هاوین- كانییا- دار بەڕولە- خەراجیان- عەربەت- ئاریت- خڕی- چەنافجیان- كانیپانكە- موان- گریزە- قوڕیچیا- سەرای سوبحاناغا- گوندی قلرخ- سەیسادق- دووریانی هەڵەبجە- شانەدەری- دۆڵەسوور- هەوراز- كانیسپیكە- پردی ناڵپاریزو سێبواران- بێجی بێمەحكەمە- كانیمانگا- پنچەكانی ملەكەوە ١٣ پێچە- راوگان- ناو شاخان- بووبان- پێنجوین.

دووهەفتەی تێدامامەوە، لە ئوتیلی حەمە نێرگەلە- قاوە سازی شێخی نەمر بووە، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو پۆلیسێكی سوارە- هەموو بەیانییەك، سڵاوێكی سەربازی بۆ ئەسپەكەی ئەكرد، لە تەویلەی ژێر خانی ئوتیلەكەدا، پرسیانكرد بۆ ئەم سلاوە سەربازییەی بۆ دەكەی؟ وتی قومیسەرەكەم ٦ دینار مووچەكەیەتی، سلاوی بۆ دەكەم، ئەسپەكەم بەهای ٦ دینار پتر ئالیكی بۆ وەردەگرم، ئەسپەكەم لە قومیسەرەكەم پتر وەردەگرێ، چۆنی سڵاوی بۆ ناكەم.

**كۆمەڵەی زانستی ١٩٢٦**

خوێندنگەی كۆمەڵەی زانستی- ڕۆژنامەی هاوكاری- ژمارە ٦٠٧ پێنجشەممە ٨-١٠-١٩٨١ ، خۆیندنگەیەك - بە پیتاكو باربوو كۆمەكی هاووڵاتیانی شاری سلیمانی- پێكهاتبێ- خوێندنگەی میللی بۆ تویژو چینەكانی كۆمەڵگە- بە پێ فەرمانی وەزارەت- شایاری ناوخۆ ژمارە ٢٥٧١، رۆژ ٢٤-٢-١٩٢٦ دامەزراوە لەسەر خواستی دەستەی دامەزرینەری كەئەم بەرێزانە بوون:

١- ئەحمەد بەگی توفیق بەگ- سەرۆك
٢- جەمال بابان- جێگیر.
٣- مستەفا قەراخی- ئەندام
٤- عیزەت بەگ وەسمان پاشا- ئەندام.
٥- حەماغا ئەورەحماناغا ئەبدولاغا- ئەندام.
٦- رەمزی فەتاح- ئەندام.
٧- فایەق مارف بەگ- ژمێریار.
٨- رەفیق ئەفەندی- رازگر.

---

(١) گەشتی زەند

**بـۆ یەکـەمجار- حاجـی توفـیق پیرەمـێرد کارگێـر بـووە، بـە بەرگـی کوردیـیەوە، بەیەکـدەنگ- هاوارياندەکـردو دەيانـوت- واوەرن لاوەکـان یەکگـرن- یەکگـرن- زانسـتی راگرن.**

یاریدەی لاو نەبێ، کۆششی لاو نەبێ　　هەوڵو کۆششمان رۆژ لەتەکێ شەونەبێ
بۆ بڵندکردنەوەی زانستی کوردان　　ناگرین جێگەیان، وننەکەین نیشتمان.
ئیمرو لاوی هەمو میللەتی رووی زەمین　　هەوڵئەدەن بۆ بلاو کرنەوەی زانین
زانستی جێگەی عیلمو عیرفانە　　شوێنی رووناکی ژینی کوردانە
بۆیە وا بەرزنو گەورەو دووبین　　ئێمە پاشکەوتوی دەستی نەزانین

(شاکیر فەتاح)

**دوای ۳ ساڵ- کـەریم سـەعید بـەگ زانسـتی- کـرا بـە کـارگێر، لە پۆلی یەکەوە تاکو ٦ سەرەتایی تێدابوو.**

**۱۹۳۳- مامۆسـتا شـاکیر فـەتاح- کـرا بـە کـارگێر، ژمـارەی خوێـندکارو فێـرخواز- ۲٤۰ دەبـوو. مامۆسـتایانی- فایەق بێکەس، ئەبوبەکر هەوری، ئوسمان ساحبقران، ئەورەحمان مفتی.**

**لـە خولـی شـاکیر فەتاحـدا، شێوەی پرۆژەی نەهێشتنی نەخوێندەواری وەرگرت تاکو ۱۹۳۷.**

**دوای ئەمـە داخـرا، کۆمەڵێکـی تـر لـە لاوان تێکوشـان بۆ زیندووکردنەوەی، لە ۱۹٤۲- دووبـارە خـۆری زانسـتی هەڵهاتـەوە دەسـتەیەکیتر بـوون بـە هەڵسـوڕینەری کـە ئـەم بەرێزانەبوون:**

**۱- کەریم زەند- کارگێر.**
**۲- فایەق هوشیار- ئەندام.**
**۳- ئەبوبەکر هەوری- ئەندام.**
**٤- نوری مەحەمەد ئەمین- ئەندام.**
**٥- موحەرەم موحەمەد ئەمین- ئەندام.**
**٦- قادر ئەبدورەزاق- ئەندام.**
**۷- موحەمەد توفیق عەزیز- ئەندام.**
**۸- هادی موحەمەد خوێ- ئەندام.**
**۹- نوری شاوەیس- ئەندام.**
**۱۰- موحەمەد شێخ مستەفا- ئەندام.**

بەرهەمی ئەم خوێندنگەیە- رۆژمێر، یەکەم فرۆکە بە هۆی زەنبەلەکەوە- ١٥م دەرۆیشت.

لە هەرای ٦ ئەیلول- ١٩٣٠، بەشداریپیانکردوە. ناردنی خوێنکار بۆ دەرەوەی کوردستان- یەکی لە وانە ئەنوەر سایب بوو، لەسەر بودجەی زانستی نێردرا بۆ ئەوروپا.

بەمجورە تاکو ١٩٤٤- ١٩٤٥، کەوتە ژێر رکێفی میرییەوە، ناسرا بەناوی زانستی ئێواران .[1]

**مامۆستایەتی- ١٩٤٣-١٩٤٤**

مێژووی خوێندنگەی فەیسەلییە، یەکەم خوێندنگە لە سلیمانی- مەکتەبی یەکەم- نموونەی سەعادەت- تەشویقییە- راهێنگەی مامۆستایان پێشکەوتن[2].

بە پێی زانیاری مامۆستا فوئاد رەشیدو ئەندازیار نوری کاکە حەمە- نوری غەربی.

ئەم خوێندنگەیە، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، چەرخی ئوسمانی- بۆ یەکەم جار- بەناوی روشدییەی- سوپاییەوە، لە ساختمانی تیمارگەی ناو بازاردا، ئەوەی کە کراوە بە بازاری نوێ.

١٩١١- بەباربووی هاولاتیانو هاوکاری سەرۆکی شارەوانی سەردەم، دروستکراوە- ناوی- ئامادەیی مولکی بووە- مامۆستا فایەق وەیسەڵ کارگێر بووە.

١٩١٤- کراوە بە بارەگای فەرماندەی سوپا و نشینگەی رامیاری.

١٩١٦- بە ناوی تەشویقییەوە، کراوەتەوە- وەکو خوێندنگە.

مامۆستایانی:

زیوەر ئەفەندی، مەلا سەعید کابان، شێخ ئەبدورەحمان نەسیب، عەلی ئەفەندی- کوردی باکور، ئەبدوجەبار ئەفەندی- شێخ مەحمود، حەمدی ئەفەندی، سەید ئەحمەد بەرزنجی، بوون.

١٩١٧- کراوە بە بارەگای شێخ مەحمودی نەمر.

---

(١) بروانە- پیرەمێرد- نووسینی موحەمەد رەسول هاوار- نامیلکەی پرشنگ- چاپخانەی مەعاریف- بغداد ل٧٢، بلاوکراوەی شاکیر فەتاح- سروودەکەی لەسەر ئاوازی- ئالای لوبنان- کلنا للوطن- ١٩٣٢ خوێندکاران بە سروود دەیانوت.

(٢) گۆڤاری دەنگی مامۆستا ژمارە ٤- ساڵی١ ، ت١ ١٩٧١- نووسینی- کەریم زەند.

١٩١٨-نمـوونەی سـەعادەت- لـە خانـەی توفـیقاغا وەکـو خوێـندنگە، لـە چـەرخی ئینگلیزدا، لە فێرکارانی:

مامۆستا رەشید کابان، شێخ ئەبدورەحمان نەسیب، مەلا سەعید کابان، موحەمەد باشقە، بوون.

١٩١٩-گوێـزاریەوە بـۆ کانیسـکان، لـە خانـەی نەجـیب ئەفەنـدی- لـە فێرکارانـی- مامۆستایانی- مامۆستا سەبری.

١٩٢٠- کراوە بە نشینگەی میجەر سۆن، چایمان، هۆڵد، لاین.

خوێندنگە- گوێـزاریەوە بۆ قشلەی جاران، مامۆستا عەبدولا نوری، کارگێربووە، لە ١٩٢٠- مامۆستا سەعید زەکی لە ١٩٢٢- دوای ئەوە، ناوەکەی بووە بە مەکتەبی یەکەم، لە کانیسکان، لە خانەی بابە عەلی- بەرانبەر بە مزگەوتی گەورە- چەرخی عیراق تا ١٩٢٤- هەربـەم نـاوەوە ماوەتـەوە، ٧ پۆلـی بـووە، لـە فێرکارانـی- مامۆسـتا ئەبـدولا عەزیـز هەولێـری، ئەلفبای کوردیو دیدەوانی ئەوتەوە، مەلا سەعید کابان- قورئانی پیرۆز ئاین، عەزیـز فـەرەج سـەلیم زولالـئاغا- قامـیش- عەزیـز، ژمێـرەو گۆرانـیو سـروود، مسـتەفا مەولود بەهجەت- گارووت، وەرزشی وەرگرتبوو.

١٩٢٨-١٩٢٩، کـراوە بـە ٢ خوێـندنگە، یەکەمـیان چۆتە شوێنی پێشووی لە ساختمانی رامیاری نهۆمی سەرەوە، پۆلی ٥، ٦/ ١، ٢ ناوەندی تێدا بووە.

ژمارەی پۆلی ٢ ناوەندی ٤ خوێندکاربوون، یەکێکیان- ئەحمەد رەفیق- بای ئەحمەد، لە ئامادەیی مەڵبەندی بەغداوە هاتبوو.

نهۆمی خوارەوە- ٤ پۆل بووە- توفیق فیکرەت ئەبدورەحمان کارگێربووە.

خوێـندنگەی دووەم- لـە حەوشـی گـەورە، بەرانـبەر خانـووی غەفـور شـاڵی لـە دەرگـەزین، دوایـی گوێـزرایەوە بـۆ خانـووی سـەعەی مـارف، لە خوار مەیدانی ماستەکە نزیکـی خانـەقای مەحـوی- لـە کارگێرانـی- توفـیق فیکـرەت ئەبـدورەحمان، عەلـی ئاگـا شەوقی سەعید، بوون.

١٩٣٠- یەکـەم خوێـندنگە- گوێـزایەوە بـۆ سـابونکەران، بۆ خانووی یەکتا بەگ، ٤ پۆل بـووە، توفـیق فیکـرەت ئەبـدورەحمان، کـارگێرو مامۆسـتایانی- رەفعـەت ئەفەنـدی، مـەلا سەعید کابان، خالید رەشیدو ئەبدولا، اکیر سەید حەکیم- شاکیرە رەش- بوون، تاکو ١٩٣١ - لە سابونکەران ماوەتەوە.

١٩٣١- ١٩٣٢، لـه پايـزدا، گوێـزرايەوە بـۆ خانـووی جەمـيل سـايب، نزيكـی مزگەوتـی گەورە، ٤ پۆل بووە، تەنيشتی خانەی شێخ قادر حەفيد.

توفـيق فيكـرەت ئەبـدورەحمان، كـارگێڕو فێركارانـی- نەزهـەت ئەفەنـدی، واحـيد ئەفەندی، شێخ كەريم، عەزيز فەرەج سەليم قاميش- شاكير سەيد حەكيم- رەش.

١٩٣٣- لافـاوی گـەورە- لكێكـی تـری لـێجودا كـرايەوە، بـەناوی شـوعبە- چۆتە خانووی حاجی ساڵح قاسم، لە دواييدا ناونرا- خاليدييە.

مامۆسـتا سـاڵح قەفـتان- يەكـەم كـارگێڕی خوێـندنگەی يەكـەم بـووە، لـە فێركارانـی- مامۆسـتا ئەحمـەد فەهمـی، سـاڵح سـەعيد، فـوئاد رەشـيد بەكـر، حەمـە پاشـا ئەبـدورەحماناغا، ئـەورەحمان شەرەف، رەشيد كەريم، ساڵح عەلی، بەهادين عارف، مەلا جەلال مـوحەمەد سـەيفولا، خاليد سەعيد عەبدولا، فەوزی رەشيد، رەمزی قەزاز محی الدين- بوون.

**١٩٣٤- ناوی خوێندگاکان- گۆڕدرا:**

يەكـەم بـوو بـە فەيسـەلييە، دووەم بـە- ئەيوبيـيە، گوێـزرايەوە بـۆلای گورمـرگە سووتاو، خانووی حاجی موحەمەد لاوە، خۆم خوێنكارێ بووم لەوێ.

سێيەم خوێندنگە ناونـرا بـە خاليديـيە، كـە لـە پێشدا نـاوی شوعبە بوو. مامۆستا ساڵح قەفتان تاكو ١٩٣٦، لە خوێندنگەی فەيسەلييە ماوەتەوە، دوای ئەو مامۆستا عەلی ئاگا شەوقی سەعيد، لە ١٩٣٦دا كارگێر بوو، دوای ئەو فوئاد رەشيد، لە ١٩٣٦/١٢/١ تاكو ٦/ ١٩٤٧/٢ بـە دوايـدا- مامۆسـتا مـەلا جەلال كاكە حەمە سەيفولا تاكو ١٩٦٦/٩/١٠، دوای ئەو نـاوی فەيسـەلييە گـۆڕدرا بـە ئەلعيـزە- پـاش ماوەيـەك بـە سـەركەوتن، ماوەيەكـيتر بـە سـليمانی، دوای كۆچـی مامۆسـتا مـەلا جـەلال- مامۆسـتا بەهجـەت سەعيد كابان، كارگێر بوو تاكو ١٩٦٩-١٩٧٠، مامۆستا ئەبدولا ئەژدەر رەزا قادر بريكار بوو.

١٩٧١/١/١٧، كـەريم زەنـد حـەماغا بـوو بـە كـارگێر- ئەبـدولا ئـەژدەر، رەشـيد ئەحمەد بەرزنجـی بـريكاری بـوون، بـە پێـی ئاگاهـی پـەروەردە- ١٩٧٠/٩/٢٩، ناونـرا بە پێشكەوتن بەراهێنگە ماوەتەوە- بەناوی راهێنگەی مامۆستايانەوە. دەستەی مامۆستايان:

كـەريم زەنـد- كـارگێر، ئەبـدولا ئـەژدەر، رەشـيد بەرزنجـی - بـريكار، مامۆسـتايانی- ئەبـدولا شـێخ خاليـد، فايـەق ئەحمـەد، ئـوسمان خـاڵ مستەفا، عـومەر مەحەمەد قادر، كـەمال عەزيـز، رەشـيد هەورامـی، جـەبار شـێخ غەفـور، حەمـە عەزيـز ئـەمين، عيزەت عەزيز، عەلی رازی، چەند مامۆستايەكيتر.

دوای کـەریم زەنـد- مامۆسـتا حەمــە عەلـی حسـین، فایــەق ئەحمــەد ١٩٧٤/١٢/١٢، مامۆستا ڕەحیم ڕەمەزان کاروباری، ئەم خوێندنگەیەیان گرتۆتە ئەستۆ.

## کۆمەڵەی ئازادی، ژ.ک[1] ١٩٤٣

دوای کشاندنەوەی کۆمەڵەی هیوا، لە گۆڕەپانی ڕامیاری، کۆمەڵەی پێشکەوتووخواز هاتـە کایـەوە، لـە کاتـێکدا، پارتـی کۆمونیستی عیراقـی ٣ بـەش بـوون- قاعـیدە، شەرارە، وەحدەت نیزال، لە ١٩٤٣دا- القاعده، الشراره، وحده النچال.

پارتـی- العمـل- داود سـایغ- کاروبـاری دەبرد بەڕێوە- یەکێتی تێکوشین- ٣ بڵاوکراوەی دەرکـرد، دەگەیشـتە دەسـتمان، تێیدا ئەندام بووین، مامۆستا ساڵح حەیدەریمان دەناسی، دوای کـۆمەڵەی ئـازادی بـرەوی پەیـدا کـردو کارمـان تـێدا دەکـرد، بـە بێ چەندو چوون چوینە ناو کۆمەڵەی- پارتی کۆمونیستی عیراق- قاعیدەوە، تاکو هاوینی ١٩٤٥.

ئابـی ١٩٤٥- سـاڵح حەیـدەری هاتـە سـلیمانی لـە خانـەی کەریم زەند کۆبوونەوە کرا، مـوحەمەد توفـیق عەزیـز، ئامادەبـوو- ئـەو ڕایـە هاتـە گـۆڕێ، کـە پەیوەندی بکرێت بە کـۆمەڵەی ژ.ك- بـۆ ئــەم مەبەســتە، خــۆم تەرخانکــردو ئــەو ئەرکــەم گــرتە ئەســتۆ، بلاوکـراوەم دانابـوو، لـە خانوویەکـی خزمێکم لە گەڕەکی سەرشەقام، چووم هێنام، کاك غەفـور مـیرزا کـەریم ئاگادارە، شـەو لای گـرتووخانەکەی سـلیمانییەوە نووسـتم لەتەك کاروانــی گـوندی گـۆڕەدێمدا، قـادری ئەبـدولاغا شـیوەکەڵی ئاشـنام بـوو، بـاری سـیگاری هێـنابوو بـۆ فرۆشـتن، بارگیرێکـی بەکـرێ گـرتبوو، خاوەنەکـەی دانیشـتووی گـوندی چەمپاراوی لای بانەبوو.

بـۆ بەیانـی کەوتیـنە ڕێ، لـە ئەزمـر و قەڵاچـولانەوە بـەلای چوارتادا بەرەو گوندی گۆڕەدێم، شەو لەوێ ماینەوە، کاروانەکە لایدا، منیش لەتەك قادر ئەبدولاغا شیوەکەڵی خۆیـو کابـرای کاروانـی، بـە ولاخەکەوە، بارەکەی پەڕە سیگار بوو، بە چۆمی ئاشیبارامو قەڵاتـی سـڵێماندا، کەوتیـنە پشـتی گـوندی شـیوەکەڵ، سـیرین، بـەرەو کـێوی سـوورکێو پۆلـیس پشتی لێگرتین، خۆمان ڕزگار کرد، یەکێکیان، ئەیناسیم وتی ئەمە ئاشنای سۆفی سـەعیداغایە. ملـی هەورازمانگـرتوو سـەرکەوتین بەدیـوی بلەکـیدا، خاوەنـی ئیسـترەکە ناوی ڕەحیم بوو.

---

[1] ذ.ك ١٩٤٢/٩/١٦ لة باخي حاجي داود- لة مةهاباد- دامةزراوة.

لەولاوە، کابرایەك بە باری گوێدێژەوە، هەر جارەی کە بارە قورسەکە ئەکەوت، گوێدرێژەکە ترێکی لیئەدا، بارەکەی بۆ راست دەکردەوەو دەستی دەکردە ملی، ئەیوت بە حەمریم، تاکو سەرکەوت، راستی کردەوە، وتی ئەی بەگونیم، کارەکەی مەیسەربوو، لە هەورازی سەخت قورتاربوو لەمەوە سیاسەت فێربووم.

بە دیوی گوندی بلەکێدا، شۆر بووینەوە، گەیشتینە چۆمی بلەکی، کابرای کاروانی هاواریکرد- هۆو کاکە، کاکە هۆو، هاتن بە دەنگمانەوە، گویَ چۆمەکە ساردبوو، شەومان گوزەراند، بۆ بەیانی چووینە گوندی ماسییەرو بایزاوا، نزیکی بانە، بارەکەیان فرۆشت، بە تەنها مامەوە، رێی نە شارەزام، هەرچەندە خەریکبووم، کاروانیو خاوەن شمەك- تەفرە بدەم، بێن لەتەکما بۆ بۆکان، بەلام سوودی نەبوو.

خۆم راگرت، تاکو ئێوارە، کاروانێکی گەورەی پێنجوین هاتن، خێرا کەوتمە خۆمو رامکرد بە دوایاندا، لە وانیش وایە، کە چەتەم یاخود پیاوی عیزەتخانی بانەم، زەنگی ملی ولاخەکان لۆکەیان تیئاخنیبو، بۆ ئەوەی دەنگی نەیەت، خێرا لێدەخورِن، منیش بە دوایاندا تاکو شویَ- لەویَ خستیان، بۆ حەسانەوە، تییان خورِیم، لوولەی چەخماخیان لێراکێشام، منیش دەمانچەم پێبوو- وتیان کورِە کێیت- وتم خۆمانین، لە خۆتانم، کاروانیم، هاوریم لە پێشەوەیە، هەرتێم دەروانن، نەیان دەناسیم.

شەومان بەسەر برد، بەیانی کەوتینە ریَ، تاگەیشتینە چاخانەی زەمبیل، خەرجیەکەم هەمووودا، بەناو گەورکدا بە شێخ چۆپانو مێرگە نەخشینەدا، رووەو حەسارو بۆ گەبەسی- بۆکان.

ئەوان لایاندا، منیش چوومە گوندی شێخلەری رەحماناغای ئێلخانی- دیبوکری، بەرگەو بەلگەم پێبوو، ئەویش هاوکاریکردم، لە قەرەکەندو کانیتۆمارو ئوتەمیشو بورهانەوە چوومە مەهاباد- سابلاخ- لە کاروانسەرای گەرمێنی لاماندا، مانگی رەمەزان بوو، چوومە خزمەت قازی موحەممەد، هێشتا نامزەد نەکرابوو بۆ پێشەوایی کۆماری کوردستان، خێرا دەستەی کارگێریی کۆمەڵەی ژ.ك خرِبوونەوە، وتووێژکرا، شەوی هاتمە فەرمانگەی پەیوەستی فەرهەنگی، شوورەوی، لەویَ مستەفا خۆشناوم دی.

بەرێز قازی ناردی بەدوامدا شەو لە خانەی قازی موحەممەد نووستم، بەیانی- مستەفا موئمینی هات، کاروبار بە ئەندازەیەك، پێکهات، گەرِامەوە بۆ بۆکانو شێخلەر لەویَ مامۆستا کاردۆخی، شێخ موعتەسمم دیَ، خۆم لیَ ئاشکرا نەکردن، شەو لە خانەی

قاسماغـا، لەسـەر چاڵاوەکە دانیشـتن، تەگـبیری گەڕانـەوەم دەکـرد، ئیسـماعیل ئەردەلان، خاوەنـی ڕۆژنامـەی کۆهسـتان لەوێـبوو، یـەکتریمان ناسی- زنجیرەوتاری لە ڕۆژنامەکەیدا دەنووسی بەناونیشانی وەقایعی ئارارات، چەند دانەیەکی پێبوو.

بەیانـی زوو ڕێکـەوتم بـەرەو بلەکـی- بانـە- لای کەلیخان پاسدار ڕێگەکەیان گرتبوو، ئیسـتیان لێکـردین، کاروانەکـە وتـیان- پـیاوی حەمـە ڕەشـید بەگـی بلەکـێن، لـەم مقـو مقۆیەدا، لـە ژێـر سکی ولاخەکانەوە، خۆم دەربازکرد. دەمانچەم پێبوو بەناو جەنگەڵدا بـە وشـەوە تاریکـە، بـەرەو کـێوی ئاردبـەبای پشـتی بانــە هـاتم، ٢ جـار گەڕامــەوە بەتروسـکەی ئاگـرەکانەوە وامدەزانـی، هـاورێ کاروانیــیەکانن پـێش جـیابوونەوەمان، کاروانـە ڕێگـەیان هەڵەکـرد- شـەوبوو، چوینە لای قادرخانـی ئارمردە، دیارییان بۆ برد، ئـەویش ڕێنمایـی کـردن، تووشـی ئـەو پاسدارانە بـوون، ماشـینێك لەسـەر ڕێی کەلیخان شکابوو، پاسەوانی ئەوەبوون ناگەهانو ڕێکەوت وابوو، جودا ببینەوە، بە تەنها- هەر ئەو شـەوە، لـە ژێـر باڵـی تاریکیدا خـۆم گەیانـدە قابـیکەندو لە چۆمەکە بانە پەڕیمەوە، بە کلاشـەوە، گەیشـتمە بایـزاوا، لـەوی سـۆفی ڕەشـید، هاوکاریکـردم، بـە پیاوەیـی بـۆدەمەو ئـێوارە، لـە سـوورکێو سەرکەوتم، هاتمە کانییەکەی پشتی گوندی نۆرك، خۆم کۆکردەوە، هاتمــە نورکـی حەمــە ڕەشــیداغا خانمـی خێزانــی بــە ڕێــی کــردم بــۆ ســوورەبان، ئـەورەحماناغای حەمـە ڕەشـیداغا لەوێـبوو، هەفتـەك مامەوە، کاژمێریکی ئوڵمای چاکم هەبو، بە دیاری دامی.

حەسـیب شـێخ ئەحمـەدو حسین مـوحەمەد دەباخ- لیمۆ- هاورییەکانی چوارتا هاتن بـۆلام، هاتیـنە چوارتا- هەر چەندە ئەو هاوینە تەقەلامدا کە لە چوارتاوە بچم بە هۆی ئەو ناسیاوانەوە، بەڵام سەرینەگرت.

هاتمـەوە سـلیمانی، بـەلای ڕەزەکانـی قـادری کوێخا- مستەفای چوارتا، کەمێکی لامدا، دوای ئــەوە بــەرەو سـلیمانی هاتمــەوە، خۆمکـرد بــە نــاو شــاردا وەکـو تــوڵێر، وازم لــە مامۆسـتایەتی هێـنا، چـوومەوە بـۆ خوێـندن لـە بەغـداد بـۆ خانەی بەرزی مامۆستایان- پۆلی ئامادەیی بە ئینگلیزی.

لـە بەغـدا- بەهۆی کاك حەمە جەمیلەوە، لەتەك ئەنوەر مەلا حەماغا، چوین بۆلای زەکـی بەسـیم- حـازم، لـە ڕێگـەی ئـەوەوە، دیـداری فەهـد- یوسـف سـەلمان، مـەلا شەریف فـوئاد- مـەلا عـروس- لەوێـبوو، گفتوگۆکرا، پەیوەندی مەهاباد باسکراو بوو بە دروشمی کارمان.

**قەرەچەتان**

لـە بارودۆخێکـی نـا هەمـواردا، گەرامــەوە رۆژگــار ئاڵـوزو گــرژبوو، نـیردرام بـۆ قەرەچـەتان بـە مامۆسـتایی لـە چـلەی زسـتاندا، باوڵێکـی تەنەکـەو کلـیمو لیفەیەکـی تەنکـەوە چـوومە گەراجـی حاجی فەرەج- پێشی لۆرییەکەم گرت بە ٧٥٠ فلس، وتیان لە گـردەبور، دابـەزە، لـە دووریانەکـەی قەرەچەتانەوە بە پێ ٥کم- لەبەر ئەوە لە گردەبۆر دابـەزیم- ئـێوارە بوو، نمنم باران دەباری، مێردمنداڵێ خەریکی جووتبەردانبوو، هاوارم لێکـرد- وتم کاکـە- پولیسـەکان ئاگادارکـە ولاخـێکم بۆ بنیرن- مامۆستام- گوێزراومەتەوە بـۆ- قەرەچـەتان- ئەوەنـدەی نەبـرد، ولاخ هاتـو کەلـوپەلەکەم لێـناو چـوومە باسـگەی پولیسـی گـردەبۆر، لەسـەر کۆنکـریتی ژوورەکە، راخەرم داناو لێی کەوتم، ٢ هیلکەیان بۆ کۆڵاندم، شێومکردو وتەی خۆشم بۆ کردنو شەوم بەسەر برد.

بەیانـی بـەرەو قەرەچـەتان ڕۆیشـتم، مامۆسـتا ئەحمـەد سـەعید حەسـەن ئامـان، هاورێـی خوێندنگەمـبوو، ئـەو شـەوە میوانداریکـردم، ٢ هـیلکەی بـۆ کـوڵاندم، هـیلکە دووانـی بـە ٣ فلس بـوو، دوای نانخـواردن وتـی- بـا جـیا بـین هەیـە، کەمدەخوات، هەیە زۆرتـر- ئـەوە کاریتیکـردم بـۆ بەیانـی کارگـوزارەکە نـاوی کـاك مەجید بوو، بانگم کردو دیـنارێکم دایە وتم پێخو بێە قوڕ بگرەوە، من وەستاو تۆ کریکار- ژوورەکەیترم سواغداو کونیرمکرد، راخەرم تێدا راخست، بە تەڕی، بێئاگرو دوو شەو تێدا نووستم.

بـەرە بـەیان لـە سـەرمادا ئاگابـووم، لایـەکم تەزیـبوو، پـێمەوە نووسـابو، هـەر چەند مدوکـرد، نەدەبـزوا، بـە چـنگەکرێ، بـەرەو ژووری خوێـندن هـاتم، هاوارمکـردە کـاك مەجـید، دەهـات بـۆ نـوێژی بەیانـی وتم- سۆپاکەم بـۆ هەڵکـە، ڕانکوچۆخەی بووزوم لە بەردابـوو، خـۆم دەنـا بـە لـوولەی سـۆپاکەوە، بۆکـروز هەڵدەسا، تێـنم پێنەدەگەیی وتم شـیرم بـۆ بێـنە- نـیو قـاپ شـیرم گەرمکـرد لـەناو کترێـیەکدا- ئاوی ناو کترییەکە دەکولا، شـیرەکەم نـا بەسـەر دەمـەوە، هەسـتامو دەکـەوتم، لـە وێـوە بـە راکردن بۆ دووریانەکەو هاتمـەوە، چـاکتر بـووم، بـۆ شـەویدوایی، هـەر لـەو ژوورە نووسـتم، گلەیـیوو نارەزایـیم نیشـانی خـۆم دەدا، کەچـۆن؟ لـەناو قـوڕدا پـەکم بکـەوی، لـە کاتـێکدا ڕزگـاری خاکـی کوردستان دەخوازم.

کاك مەجید، گلەییو گازندەیی خۆی ئاراستەکردم وتی: بۆ ئەم ئاواییە پیاوی نییە؟

قەرەچـەتان- لە دامێنی کێوی پیرەمەگرونە، کاتی ٥ کم لە رێی قەلادزیی، شارێگەوە، دوورە، بەفر داپۆشیوە، زستانێکی سەختبوو.

هەفتەیەكـی بەسـەردا تێـپەری- لـە مـزگەوت نوێژمدەكـرد دوای نـوێژی شـیوان رووەتیكردن وتم:

بـرایان، مـن خزمـی ئـێوەم- وتـیان ئەفەنـدی تـۆ كابرایەكـی شـاریت، لـە كـۆ خزمـی ئێمەیت.

وتم ئێوە برپڕەی پشتی منن، ئاموزای منن، ئەم خاكە قەواڵەكەی هی ئێمەیە، وەرن بـۆ خوێـندنگەی شەو، فێری خوێندنو نووسینتان دەكەم، بەمەرج، تاكو بەهارێ- وتیان- ئەفەندی، فێر نابین.

دووبـارە سـووربووم لەسـەر فێركـردنیان، یەكـەم مامۆسـتا بووم لە بواری نەهێشتنی نەخوێندەواریدا، دوای بەرێز مەلا كاكە حەمەی، مامۆستای نەمر.

هـاتن چـەكیان دادەنـا لـە ژوورێكـی تـر، نـەریتی خوێـندنو فێـرخوازیم فێردەكردن، چیرۆكی دلاوەریو قارەمانیو ئازایەتیم بۆ دەگێرانەوە.

گـوندەكە ٢ بەرەكـی بـوو، بـەرەی كـوێخا وەسمـان، بـەرەی كـوێخا گـوورون، وتم مـن خزمـی هـەردوولاتانم- دوژمنایەتێكـی قووڵـو دوورو درێـژ هەبـوو لـە نێوانـیاندا، لـە چـەرخی ئوسمانیـیەوە، كلكی ئیسـترو خەرمانـی یـەكتریان دەسوتاند، گایان لە تەویلەدا دەكوشـت، زیانـیان بەیـەك دەگەیانـد- هەمـوو كـوڕی یەكییەكـی، قـۆز، ئـازا، دلاوەرو قارەمـان ئـەو ئازاییەتیـیەیان لـە بـواری بەدیـو خـراپەدا بـەكار دەهێـنا، تـێم گەیانـدن، كەئەوە ئازایەتی نییە، بەڵكو ترسنوكییە.

ئازایەتـیو جوامێـری- خزمەتـی یەكتریـیە، ڕزگاركردنـی وڵاتـە- ماوەیـەك بەمجـۆرە، پـاش نـیوەران دەهاتمـە چـاخانەكەی سووسـێ، لەتـەك بەرێـز كاك حەمە عەلی روستەم عوزیـری میراڵەیی- ئاشنایەتیم پەیدا كرد، تفنگێكی برنەوم پێشكەشكرد بەهای ٤ دینار بـوو، ئـەویش بـەزۆر ٥ دیـناری دامێ، بە پشتی لوری لەتكیدا هاتم بۆ سلیمانی- خواستم بـۆ نووسـی بـە مەبەسـتی كـردنەوەی خویندنگە لە گوندی چەرمەگا- چەرمگە- سپیكە- الموقع الابیض.

پشـووی نـیوەی سـاڵ، هاتمـەوە بـۆ سـلیمانی، بەدوامـدا دەگـەڕان، كـارگێری گشـتی پـەروەردە، مامۆسـتا مسـتەفا مەزهـەر، بـە فەرمانێ گوێزایمەوە بوٚگوندی ئەبابەیلی لە هەڵەبجە.

بەرێـز مـارف چـیاوك ئوسـتاندار بـوو، شـارەزایی تەكنیكی فەرمانرەوایەتـی نەبـوو،

پـەلاماری بەرێـزان توفـیق قـەزازو شـێخ قـادر حەفـیدی دا، بـەڵام نێوانـی خـۆی لەتەك شـێخی نەمـردا تێکنەدا، منیش قوربانی ئەو گێژاوە بووم، هەر لە یانەی سەرکەوتنەوە، لـە بەغـداد، چـونکە ئـێمەی لاوان لایەنگـری پاریــزەر مــوحەمەد بابــان بــووین لــە هەلبژاردندا. بەراستی مارف چیاوك- کوردێکی پاکو خاوینبوو، مرد، کفنو جاوی نەبوو، نەداربوو، خاوەنی خێزانێکی جەنجاڵ بوو.

**ئەبابەیلی- ١٩٤٥**

دوای نـیووی سـاڵ هاتمـە ئەبابەیلـی بـە کارگێـری خوێـندنگە، ١٥ کـم لە هەڵەبجەوە، بەسـەر هەمـوو دەشـتی شـارەزووردا دەروانـی، شـێخ کـەریم، شێخ رەشید شێخ مەحمود، مەزنی ئەم گوندەن، داود بەگی جافیش خانووەکەی بەسەر خوێندنگەکەدا دەیروانی.

لــە هەڵەبجــە- ئاشــنایەتیم لەتــەك مامــە رەزای ســەرۆکی هەقــەدا هەبــوو، لــەوێ دەستبەســەربوو، لــە ژووری ئوتیلـێکدا، دەنووسـتین، گزنگـی کـۆمەڵەی مـەهاباد- ژ.ك، دابووی لەمدیو.

زوربـەی شـەوانی هـێنی بەیەکـەوە دەبـووین، ئـەویش جارێـك هـات بـۆ ئەبابەیلـی، بەیەکەوە چووینە لای شێخ کەریمو شێخ رەشید.

خوێـندنگەی شـەوم کـردەوە، بـە خۆرایـی، نەهێشـتنی نەخوێـندەواریم کـردبوو بـە دروشمـو سەرمەشـقی کارەکـانم. لـەو سـەردەمەدا- پاسـگەی پولیسـی بـیارەو تەوێڵـەو خورماڵـو سـازانو گـریانەیان لـە شـەوێکی هێنـیدا دایـە بـەر گـولله. مامۆسـتاکانیان تاوانبارکرد لەوانە:

کاردۆخـی، شـێخ سـەفادین، عارف شێخ ئەحمەد، حەمە ئەمین کاکە شێخ، گێژاوەکە منیشی گرتەوە، هەر چەندە ئاگادار نەبووم.

گەشتێکمانکرد بە چەکەوە، لە ئەستکەوەڵەوە بۆ گوندی هاوارو سۆسەکانو تەوێڵە.

بابـە شـێخ، یارچاوەشی تەوێلەبوو، فەرمانی کارگێری پۆلیسی هەبوو لەودیو سنوور زەلامی دەهێنایەوە.

لـە چاخانەی گەریات لاماندا، میوانداریکردین، شەوێ چووینە دیوەخانی قادر بەگ، باوکی سەعدی بەگ، کورەزای جافر سوڵتانی هەورامان.

ئەوشـەوە بـە گزاوەی لهونو هەورامان هەر هەموو هاتبوون وەکو کۆنگرە بێت، دوای شێوکردن، کەوتنە مقۆمقۆ- ئەو ئەیوت پاوە هی منە- ئەویتر دەیوت نەخێر هی منە.

حەمـە ئـەمین سـوڵتان راسـتبۆوەو وتـی- پـاوە هـی لـوولەی تفـنگە، منـیش بـۆم پەسـندکرد وتم ئەمە فەلسەفەیە، هێز لە سەروو هەموو دەستیکەوەیە باوکی هەمووان- هێزە.

بـە چـەکەوە چـووینە نـاو پاسـگەی پۆلیسـەوە، دوایی، بەرەو بیارەو خورماڵ، گوڵپ، رۆیشتین، گەراینەوە لە کۆتایی گەشتەکەماندا بۆ گوندی ئەبابەیلی.

هـاوینی بەسـەر داهات، هاتمەوە سلیمانی، چووم بۆ بەغداد- ٣ مانگە لە ژێرزەمیندا- ئاندەرگـراوند- لەتـەك فەهـد- یوسـف سـلیمان، زەکـی بەسـیم- حـازم مامەوە بڵاوکراوەی ئازادیمـان بەتـەواوی چـاپکرد، نامەکـەی فەهـد سەرکردایەتی پارتی کۆمونیستی عیراقی بۆ پێشەوا قازی لەتەك بڵاوکراوەکاندا هێنامە سلیمانی، لە خانووی حاجی رەشید مامی پارێـزەر مـوحەمەد مستەفاو غەفـور مـیرزا کەریم کۆ دەبوینەوە، بە بریاری نمایندەیی روومکـردە موکـریان وازم لـە مامۆسـتایەتی هێـناو خـۆم تەرخانکـرد بـۆ کـاری رامیاری- سیاسی.

**مۆکریان- ئاترویاتین - ١٩٤٦**

کۆڵـو بـارو بارگـەم پێچایەوە، پێشـەکی مامۆسـتا جەعفـەر شـێخ حسـین بەرزنجـیم، ئاگادارمکـردبوو ئامادەیـی خۆی نیشاندا بۆ رۆیشتن، وتم- ئەمە رێگەی هاتونەهاتە، وتی لـە تەکـتام. رانکـو چـۆخەیەکی تەنکـی لە بەرابوو، وتم سەرماو کوێستانە، بەرەو زستان دەچین، گەرەکە توندوتۆڵ خۆمان بپیچێنەوە، بەرگەو بەلگەو نامەی بڕواو بڵاوکراوەوە نووسـراو، نامەکـەی فەهـدو بـارو بارگـەمان دا بـە کـۆڵدا پێشـی کاروانی حاجی عەبدولا بۆسـکانی کـەوتین، لـە چـاخانەکەی گـوێژە، چـاوەروانیمانکرد، دیـار نەبـوون، هاتیـنەوە دامێنی چیای گویژەو سەرکەوتینەوە، سەرەتایان دەرکەوت.

حاجـی عەبـدولا بوسـکانی- باوکـی عەلـی بۆسـکانیو ئەبـدورەحمان فرۆشـیارێکی قورسبوو، سەوداو مامەڵەو بنکەی لە سلیمانییەوە تاکو تەبریز درێژەی هەبوو.

کەوتیـنە ئەودیـوی گـوێژە، لـە چـۆمی زاخـیو بـەلای شـیوەکەڵ بـە سـوورکێودا، گەیشـتینە چـەمپاراو، لـەوێ حەسـاینەوە، ئێمە هەر پیادە بووین، شەوی ساردبوو، شێخ جەعفـەر بەرزنجی وتی سەرمامە، منیش وتم- هیچ نییە، سوخمەت لەبەردایە، وتەکەی خۆیم خستەوەبیر.

بەناو گەورکایەتیدا- مێرگە نەخشینە، شێخ چۆپان، زەمبیل، قاراوا، بۆگەبەسی- حەسار تاکو بۆکان- لەوێ کوتاڵ و شمەك بەرەو شاری تەوریزو ئێمەش جیا بووینەوە شارەزاییم هەبوو، جاری دوومە کە هاتومەتە مۆکریان چوینە گومرگ- رێژی، لەوێ بەرێکەوت، ئەورەحمان زەبیحی هاتبو، جێبێکی پێبو، یەکتریمان دەناسی، لە تەکیدا هاتین بۆ مەهاباد هەفتەیەك میوانداری کردین، دەیدەنی پێشەوای مەزنمانکرد، ژوورمانگرت، جێگەمان بۆ دیاریکرا.

جا بێینەوە سەر لەشکری بارزانیو شۆرشی پایزی- ١٩٤٥- شکستی و کشانەوە بۆ دەڤەری شنۆ و لاجانو نەغەدەو سندوس- ماوەیەکی ٣ مانگ پتر وەرنەگیران، لە نێوانی سەردەشتو شاری ئورومیەدا نزیکەی ١٢٠ کەس پتر لەسەرماو لە برسا مردن.

رۆژێك تاکو ئێوارە بەناو بەفردا رچەی بەفرمان دەشکاند، ٤کم رێگەمان نەدەبڕی، بەنۆرە، کوڕی بەتوانا پێشدەکەوت رچەکەی دەشکاند.

بەناچاری پەیوەنیکرا بە رووسەکانەوە، لە رێی بیمارستانی ئورومیەوە، لەسەر فەرمانی سەرۆك بارزانی نەمر، بە ئامۆژگاری خودی سەرۆك بارزانی، پەیوەندیکرا، د. مەلکوی دانساز ئەرمەنی، زمانزان بوو، ئازەری باشی دەزانی- کاك عیزەت عەبدولعەزیز لەتەکماندابوو، نمایندەبووین، تیمانگەیاندن، ئەگەر چی ئێمەی پیاو مەردوم، بەدکاربین بەلام ئەو مندالو پیرو ئافرەتەمان، ژمارەیەکی زۆرن، لەتەکماندا، ئەمانە بێتاوانن، ئێوە ئەگەر پشتیوانی میللەتو قەلای ئازادیخوازن، ئەگەر وابێ- کوا برایەتی؟، کوا یارمەتی؟ سەربازە رووسییەکە پایەی مایور بوو، لەوتەکەی ئێمە قەلسبوو- وتی- ئێمە براین- بەرووسی، وتمان کوا؟ ئێوە ئێمە بەسییای ئەمریکیو بینتاگونو ئینلیچنسیڤر، دەزانن- ئەگەر ئێمەش وا دابنێن- ئەی ئەو بێتاوانانە گوناهیان چییە؟. ئەویش وتی ماوەم بدەنی، پەیوەندیکرد بە فەرماندەی کەزبین، ژەنەراڵی کەزبین پەیوەندیکرد بە کابکاسەوە، کەوکاس بە پشتەوەی کاپکاس- بۆ کرملن.

وەڵام هاتەوە، بە توورەیی کە چۆن تاکو ئیستەکە وەرنەگیراوین؟.

فەرماندرا کە دەرزی دژی تیفوسمان لێبدەن، کراسەکانمان رزیبوو، بەرگەکانمانیان گشتی سووتانیان، بەرگی نوێمان وەرگرت، چەکی باشمان وەرگرت، کۆنەکانمان فرۆشت، لە ٢ رێبەندان- ١٩٤٦/١/٢٢ رێکەوتی ١٣٢٤/١١/٢ هەتاوی- ئالای پیرۆزی کوردستان بە ئاهەنگێکی قەشەنگ هەلکرا، پێشەوا هەلبژێردرا، وتاری مێژوویی پێشکەشی جەماوەرکرا، تەرمی حاجی قادری کۆیی بلند کرایەوە لەناو دارتەرمەکەدا تاکو ئالاکە بێنی- ئالاکەی ماچکردو راکشایەوە لەناو دارتەرمەکە.

منـیش کـرام بـە مامۆسـتای مـێژوو لـە خوێـندنگەی ناوەنـدی، دوو هەفتەی نەبرد، وانـەی مـێژووم دەوتـەوە، ڕاڤـەی مـێژووم دەکـرد کـە تۆماری ڕووداوو کارەساتی مرۆڤە، ململانییە.

ڕاپورتـیان لـێدام کـە کۆمۆنیسـتم، لـەو خوێـندنگەیە لابـرام، کـرام بـە مامۆسـتای سەرەتایی لای مەلای داودی، کە ئاستێکی خوێندەواری وای نەبوو، تەنها خەباتی ئەو لە چـەرخی عەجەمانـدا وتویەتـی ئـەمن کـوردم، ئیعلاناتـی دڕانـدووە، ٢ هەفـتە پـتر لـەو خوێندنگەیە مامەوە، لەویش ڕاپورتم لێدرا، کە زاری موکریانی بەکار ناهێنم.

ئیبراهیم نادری، کارگێری گشتی فەرهەنگبوو، لە کرمانشاوە هاتبو، ڕۆشنبیر بوو.

ئەم ڕاپورتانە لای پێشەوای مەزن کۆبۆوە- چونکە خودی خۆی دەیناسیم.

بەرێکـەوت ڕۆژێـك لـەناکاو هاتـە ئـەو خوێـندنگەیەی کـە من لەوی مامۆستام، هاتە پـۆلەکەی مـن، وانـەی جوگـرافیام دەوتەوە، هۆی ڕۆشنکردنەوەو فێرکردنمبەکار دەهێنا، بەڵگەی خڕیتی گۆی زەویو سووڕانەوەی بە دەوری خۆیو و خڕی خۆردا.

لـە سـەرەتاوە تاکـو کۆتایـی، مایـەوە بـەوردی سـەرنجی دەدا، کاتی تەواو بوونی وانە- سـڵاوێکی سـەربازیم بـۆ کـرد هەروەکـو لـە هاتـنە ژوورەوەی پۆلیشـدا هـەمان سـڵاوی سـەربازیم بـۆ کـرد- وتـی فەرمـوو، ڕێـزی لێگـرتم- هاتـە بـیرۆ- دفـتەر- ژووری کارگێـر، بەسـەر پـێوە فەرمـووی، دانەنیشـت بـە تووڕەیـی وتـی- لـە تارانێـرا مامۆسـتای ئـەوهام نەدیـتووە دوای فەرمـووی- بتبیـنم- وتم فـەرمانت هەیـە- ئـەورۆژە نەچوومە خزمەتی، دوای سـەعید خان هەمایونی- خوشکەزای- یاوەری بوو، ناردی بە دوامدا، منیش چوومە خزمەتی، سڵاوێکی سەربازیم بۆکرد، ئەویش هەستا لەبەرم، لە ڕوانگەی ڕەوشت بەرزی خـۆیەوە، مرۆڤـی مـەزن، پێشـەنگ- فەرمـووی- چـۆنەباری فەرهـەنگ؟ وتم بەرێـزتان، ئاگادارتـرن، فەرمـووی- کارێکی وەهـا بکەین، کەلە ئاستی کۆمارە ساواکەماندا بێت- وتم ئەگـەر فـەرمان بـدەیت، خولـیك بکەیـنەوە بـۆ فێرکردنـی مامۆسـتاکان، ڕەوانناسی ڕێ وتنەوەی وانەیان فێربکەین.

فەرمـووی کارێکـی پەسـەندە- دەسـتبەکاربە، فەرمانـدرا بـەوکارە، بـووم بەرپـرس، ماوەیـەك لەم جۆرە کوتایی خولەکە- فەرمانی دەرکرد بووم بە نمایندەی خودی پێشەوا لـە شـاری بـۆکان، وانکاری خوێـندنگەی ناوەنـدی بۆکانیش بووم، بەرپرسی جەوانانیش بـووم بـە هاوکـاری حاجی ڕەحماناغـای شێخ لەر ئیلخانی- دیبوکری- لە قەلاکەی بۆکان

دەنوستم- لە پڕ پێشمەرگەیەك هاتووتی- شێخ جەلال هاتووە- خێرا هاتم وامزانی شێخ جەلالی حەفیدە، کە چی شێخ جەلالی کاکە لاو بوو برای شێخ جافری لای شێخی مەزن- نامەی شێخ مەحمودی نەمری پێبوو، نامەکەم ماچکردو نامە سەرسەرم، لەتەکیدا هاتمە مەهاباد، نامە پێشکەشی پێشەوای مەزنکرا ١٣ کەس بوون، هەموو سەربازی هەڵاتە بوون، ١٣ تفەنگی برنەوم بۆ وەرگرتن، نوێ لە رۆنـدا قایشیان تێهەڵنەکێشرابوو.

ئەمە بە فەرمانی پێشەوا دوای ماچکردنی نامەکەی شێخی نەمر رەوانەکران بۆ ڕۆخی جەنگ لای پەسوی- نەغەدە- منیش ڕۆژانی هەینی سەرلەبەیانی وتارم دەدا لەسەر چالاوەکەی بۆکان.

لە لایەکی ترەوە- کاك عیزەت ئەبدولعەزیز- رای سەرۆك بارزانی نەمری وەرگرتبوو، نامەی ئاراستەی بارەگای پێشەوای مەزنکردبوو، کرام بەیارمەتیدەرو بریکاری فەرماندەی هێز لەسەراو سەرچاوە- نزیکی سەقز دوای کشانەوەی لەشکری ژەنراڵ حەمە رەشید خان، لەبەر هۆی تایبەتی و ناتەبایی راو بووچوون لەتەك پێشەوای مەزندا.

چوومە سەراو سەرچاوە- سەرۆك بارزانی نەمر فەرمووی ئەمە رای منەو تۆش شایستی ئەوەی.

وتم ئەزبەنی- ئەز سەربازم، بەو مەبەستەش هاتومەتە ناو شۆرشەوە، ئەوەی زۆر خۆشنودیکردو لە هزرو مێشکی خۆیدا، کێشێکی بۆ دانام، لە ئایندەدا- بارزانی نەمر سووربوو لە سەر فەرمانەکانی وتم ئەزبەنی حەز دەکەم لەتەك شێخ موحەمەد ئەمینی مەلحەدا بم، کەسی دووەم بوو دوای مامە رەزا لە رێبازی هەقەدا.

**شەوی کۆتایی– ١٩٤٦**

سەراو سەرچاوەیە- کاك میرحاجو کاك عیزەت، هەر هەموویان لە خزمەت سەرۆکی نەمر بارزانیدایین، نەخشە دانراوە، پلانی گرتنی شاری سەقزە، کاك میرحاج وتی ئەگەر ٢٥٪ زیانیش هەبێت، هەر سەرکەوتوین.

لە ناکاو- نوری ئەحمەد تەها لە تەوریزەوە هات بە ئەنتەرناشێکی ئازربیجانیو چەند چەکێکی برنەوی تێدا بوو- هەر دابەزیو- سەرۆك بارزانی فەرمووی- ها نوری چییە؟ وتی تەوریز گیرا.

سەرۆك بارزانی فەرمووی چۆن؟ وتی ئەزبەنی تەورێز گیرا، ئەم رووداوە پەستی کردین، تانکەکانی ئازربیجان دەکشانەوە، گوێمان لە تەقەتەقیانبوو.

کات ١٢ شەوە- زستانە، سەرۆك بارزانی ئەمر روویکردە میرحاج، فەرمووی- ٢٠٠ مێر لەتەك خۆت بەرە، بەری ساینقەلا بگرن، تاکو بەبێ زیان بکشێنیەوە، نەخشەو پلانی کشانەوەی دانا.

شێخ موحەمەد ئەمین مەڵحە ١٨ چەکداری لەتەکدا بوو، خۆشم چوومە پاڵیان، بە ئەنتەرناشی لە بۆکانەوە، شاری چۆڵو هۆڵ، بێئاگا، هاتینە تەغیاباد، بارزانییەکان لەوێ نیشتەجێکرابوون، شوێنی ئەرمەنی بوو کۆچیانکردبو بۆ ئەرمەنستان، هەر بەو شەوە، ئافرەتو منداڵی بارزانی لە تەغیاباد- هاتبوونە سەر شەقامەکەو هاواریاندەکرد- زۆر نیگەران بوون.

وتمان- هەرن ئەز سەربازی دیموکراتین.

هاتینە میاندواو- بریار وابوو کە ژەنراڵ ئەزیمی ببینن، سەربازگەی میاندواو چۆڵکرابوو، ژەنراڵ عەزیمی دیار نەبوو، کە پلانمان بۆ دابنی- تاقی سەرکەوتنو پێشوازی سەربازی ئیرانی دروستکرابوو، لە شەقامەکاندا، منیش فەرشێکی گچکەم راکێشا و خستمە ژێر خۆم- بەفر دەباری، بەرەو مەهاباد هاتین، ئاڵای پیرۆز داگیرابوو، ئەژنۆمان شکا، بەرەبەیانبوو، چووینە خزمەت پێشەوا لەماڵەوە، نوێژمانکرد لە پشتەوەی، بە خیاباندا هاتین بۆ بارەگا، بەرێزەوە لە پێشەوە بە یاسای سەربازی دەرۆیشتین، ئاورِی دایەوە، ئەگریاو فرمێسك بە چاویدا دەهاتە خوارەوە، تاگەیشتینە بارەگای سەرکۆمار پێشەوا- میرحاج وتی- بەرێز پێشەوا، فەرمان بە چییە؟.

فەرمووی کاکە میر، کاکە کەریم- ئێوە منتان دانا بوو بە پێشەوا- ئێوە فەرمانتان بە چییە؟

میرحاج- سیخورمەیەکی تێژەنم وتی- ئەی خاك- ئاخ بەسەرم- پێشەوا وا بڵی.

هەستاین، هاتینە دەرەوە، میرحاج شەقێکی لە شەبقە رووسییەکەی هەڵدا- پودپولکونیك بوو- سەرهەنگ- منیش پلەی کاپتانیم هەبوو.

بەرگمان گۆری، لەتەك شێخ موحەمەد ئەمین مەڵحە، تاکو گوندی گویچکەدەرە هاتین، ئەومان بەرێکرد، میرحاج دووربینێکی خۆیدایە، منیش تفنگێکی برنەو بەسەد فیشەکەوە- گەرِاینەوە بۆ مەهابادو شێخ موحەمەد ئەمین مەڵحە بەرەو ئەمدیو- لای قەڵادزی.

کاك مەحمود مەجید بەگ حاجی رەسول بەگمان لە تەکدا بوو، خوێندکاری کۆلیژی ئەندازیاری بوو، لە بەغداد، هاتبو کە بچێت بۆ سۆڤییەت بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا، لەو رووداوەدا پەکی کەوت، نەیتوانی بڕوات، گوێدرێژیکم بۆ پەیدا کردو تفەنگم نایە سەر نەڕەی شانم و لەتەك کاکە میرحاجو کاك مەحمود، گەراینەوە بۆ مەهاباد.

شێخ موحەمەد ئەمین مەڵحە، لە رێگە، مەلا خەلیلی مەنگوڕ، رووتی کردنەوە، ١٨ کەس بوون، تفنگو فیشەکو جبەخانە هەرچییەکیان پێبوو لیانسەندبوون، شەو لە خەودا سواری سەریان ببون، دوای ئەوەی کە میوانداریتی کرابوون.

جەعفەر شێخ حسین بەرزنجی لەتەك شێخ جەلال کاکە لاو، کە جودابوونەوە، ئەوانیش بەهەمانشێوە لەگوندی میرەدێ و ساحیب، رووتکران.

بێینەوە مەهابادو پێشەواو ئەنجومەنی جەنگ، کە بۆ ماوەی ٣ رۆژ گیرا بەمەبەستی راوێژکردن لە بارەی شەری دەکەن یا نەو.

لە ئاکامدا- بەرێز پێشەوا بڕیاریدا کە جەنگ بەر پانەکرێ- پێشوازی سوپای ئیرانی بکات و بەرەو میاندواو بروات بەخۆیو ئوتومبیلەکەیەوە- میرکەری- جیوە، کەلە باکۆ خەلاتیکرابوو، منیش لە خزمەت سەرۆك بارزانی نەمردا چووینە خزمەت پێشەوا قازی موحەمەد، ٣جار، سەرۆك بارزانی فەرمووی- بەرێزتان هەر پێشەوامانن، لەتەکماندا بە، مەزنی ئێمەیت.

پێشەوا فەرمووی- من لە خۆشیدا لەتەك میللەتەکەم بووم، گەرەکە لە ناخۆشیشدا لە تەکیاندابم، سوێندم خوارد کە لەتەك میللەتەکەمدا بژیم و بمرم، ئەمە بڕیاری کۆتاییمە

ماڵئاواییمانلێکرد، کلیلی قاسەیدایێ چەند هەزار تمەنی تێدا بوو، چەکو جبەخانەی سەربازخانەی پێ بەخشی، فەرمووی ئەمانە بۆ ئێوە باشە.

منیش- لەسەر فەرمانی سەرۆك بارزانی نەمر، کرام، بەرپرسی گواستنەوەی خێزانەکانی بارزانی، لە کارێژ هەرچی ئوتومبیلو ئەنتەرناش هەبوو، بە سوخرەمانگرت، خێزانەکانم گواستەوە بۆ نەغەدەو لاجانو شنۆ، رێی شارەزابووم، خەریکبوو شۆفیرەکان رێم لیچەواشەبکەن لەو دەڤەرانە ماینەوە.

سەرۆك بارزانی نەمر، بە خۆیو چەکدارو نیگابانەکانیەوە لە کارێزەوە بەپێ هاتەوە بۆلای نەغەدە.

بەڕێـز خودانـی بـارزان، شـێخ ئەحمـەد، چـوو بـۆ شـنۆ- خێـزانەکانم هەرهەمـوو دامەزرانـد، ئـەو ئەرکـەی پـێم سـپێردرابوو، گەیانـدم، ئـەوەش لـە بـڕوا پێکردنو بتمانە بـەمنی لاو بـوو، کەسـێ نەیدەتوانـی تەماشـای ئافرەتێکـی بارزانـی بکـات، بـە جـۆرێ. دەبوایە ڕوو وەربگیرێت.

**پێشەوا قازی موحەمەد ١٩٠١- ١٩٤٧**

پایـە بڵند، ڕەوشتو خووبەرز بێهەوا، لە بنەماڵەیەکی خەباتگێر، نەوەی قازی عەلی کـوری قـازی فـەتاح، لـە بزافـی شـێخ مـوحەممەدی خیابانـیدا هاوکاربـوون لـە شۆڕشـی جەنگەڵی- ستارخانو باغـرخانو کوچکخان لـە باکور بەشـداربوون، ڕەچـەڵەکی پێشەوا دەگەڕێنەوە بۆ کاپکاس لەویوە کۆچیانکردوە.

پێشـەوا بـەو ئوتومبـیلە میرکەرییـەوە کەهەیـبوو، بـەدیاری لـە باکو وەریگتبوو، بە ناوەندی مەهابادا خولێکی دا بە خیابانەکانیداو ماڵئاوایی لە شاری مەهاباد کرد.

وا گوماندەکرا لـە پـردی سـوورەوە بـەرەو ئورومیەو سنووری ڕووسیا بچێت، کەچی ڕوویکـردە مـیاندواو و پێشوازی لە سەر لەشکر همایونی کرد، ئەویش بەرێزلێگرتنێکی ڕووالەتـی وتـی- بفەرمـو جـناب پێشـەوا، لەتەکیدا هاتـنەوە بـۆ مەهاباد هەتاکو پێشەوا نەچـوو بـە پـیر لەشـکری ئیرانـەوە، یـەك سـەربازی ئـیران نەیتوانـی بە پۆستاڵەوە بێتە پێشەوەو بێتە ناو خاکی ئازادکراوی کوردستانەوە.

دوای ٣ ڕۆژ- گــرتیانو درا بــە دادگــا بــە تاوانــی کوشــتنی بازرگانــی مــەهابادی- مەحمـودیان، نـەك وەکـو ڕابەرێکـی نەتەوەیـی، سـەرکۆمارو سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان- لـە ئەنجامـی دادگا کـردنیدا- فەرمانـی خنکاندنـی درا لەتـەك سەیفی قازی- مـوحەممەد حسـین خانـی ئامـوزای، سـەدری قـازی بـرای- ئەبولقاسـم- لـە چوارچـرا، لەو مەیدانو گۆرەپانەی کە وتاری تێدا دەدا لە ١٣٢٦/١/١٠ هەتاوی ڕێکەوتی ٣٠ ئازار١٩٤٧[1].

**نەغەدەو شنۆ**

سـەرهەنگ غـەفاری هاتـە نەغـەدە لـە خانـەی پاشا خان قولی خان، سەرۆکی خێلی قـەرەپاپاخ- داوای شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی کـرد، ئـەویش بەسواری داشقە، بەفربوو، لە

(١) دادگاو ڕووداوەکان- لە پیرۆزگە- نووسینی کەریم زەند.

شـنۆوە هـات، هەموو میوانی پاشا خانو قولیخانبووین، ئەفسەرە کوردەکان، کاك عیزەتو کـاك میرحـاج، کاك نوری ئەحمەد تەها، جەلال ئەمین بەگ، کاك بەکراغا ئەبدولکەریم لەویبوون.

سـەرهەنگ غـەفاری- روویکـردە خودانـی بـارزان- شێخ ئەحمەدو وتی- شاه نەوازشی هەیە، داوا دەکات کە بەدیداری شادبین.

شـێخ ئەحمـەد فەرمانـیدا بـە سـەرۆك بارزانـی کـە بچێت بۆ تەهران- لەویٚ ٤٠ شەو مایەوە.

سـەرهەنگ غـەفاری هاتــەوە بـۆ نەغـەدە، دووبـارە، داوای چـەکو چـۆڵیکرد، شـێخ ئەحمەدی بارزان- فەرمووی:

مەلا مستەفا دەزانی، ئەو نەگەرێتەوە، هیچ کارێك بەبێ مستەفا بارزانی پێکنایەت.

ناچـار بـوون- سـەرۆك بارزانـی هاتـەوە، ئەوشـەوە، چـوینە پۆسـتی سـلیمان بەگـی دەرگەڵە.

بـریاردرا بەگوێـرەی رای شـێخ سلیمان  بارزانی، کە بکشێینەوە بۆ سنووری رووسیا، رای کاك عیزەتو منیش ئەو رایەمان پەسندکرد.

سەر لەبەیانی، لەشکری ئیران هەنگێك دەهاتە نەغەدە، بەرەنگاری یەکتر دەبووین.

## جەنگی پارتیزانی

نەغەدەمان بە جێهێشت. جەنگی پارتیزانی دەستپێکرد، سەرەتای بەهارە رووداوان زۆرن- لـە بزاڤـی کوردسـتانو ئازربـیجاندا- (( نووسـراوە بەعەرەبـی- نووسـینی کـەریم زەند)).

ئەوزسـتانەم لـە شارۆچکەی شـنۆ بەسـەر بـرد، شـەو لەسـەر حەسـیری چاخانەکان دەنووسـتم، ٤ ئەفسـەری ئازربـیجان هاتـبوونە هاوکاریمـان، دوای شکسـتی ئازربیجان، کە ئەمانەبوون:

جیهانگیری مەحمود، تەفریشیان، ئارتەشیان، لەتەك ٢ ئەفسەریاندا هاتە تەرگەوەر بەمەبەستی رێخوشکردن بۆ چوون بۆ سۆڤیەت. بەڵام ئەم تەقەلایە، سەرینەگرت سەید عەبـدولا فەنـدی شـێخ عەبـدولقادر نەهـری لـە وێـنەبوو. مـن مامـەوە- تاکـو دیدەنـی بەرێزی بکەم.

سـەید عەبـدولقادری کوری، خوێـندکاربوو لای مـن لـە مـەهاباد بـرای سەید عەزیز شەمزینی ئەفسەری هاورێمان.

مـاوەی ٢٥ شـەو لـە دیوەخانەکەیان مامەوە، دەمانچەیەکی کۆلتم بە سەد فیشەکەوە پێشکەشـکرد، ئـەویش رەشـکیو سـاقەو خـودی سـەید عەبـدولا کەهاتـەوە، کلیـتەی پێبەخشیم تاکو ئیستەکەش پاراستومەو لە سەریدەکەم، کە بە خزمەتی گەیشتم رێزی لێگـرتم، هـەروەها خانەوادەکـەی سـەید مـریەمو سـەید فەهیمەی خێزانی، دایکی سەید عەزیز دیانزانی کە هاورێی ئەوین.

دوای ئەوە- چوومە گەلی کوتور، بووم بە فەرماندەی هێز، ٢٨ چەکدارم لەتەکدابوو، شـەوانی هـێنی بـۆ بیسـتنی دەنگوباس رادیـوی پاتـری هـی سـەید عەبـدولا، هەیبو. لەو کاتـەی کـە شـەوانە لە دزەی گەور بووم، پەرەیەك پسوڵەیەك، پەکی هێنای، دابەدەستم، نووسرابوو- گیانەکەم- کاکە کەریم- دەمەوی بتبینم- لەژێرەوە مۆرەکەی مستەفا.

منـیش وامزانـی، مسـتەفا بۆتیـیە، کوردی باکوربوو، لەتەکماندا بە پەلە رۆیشتم بۆ خانـەی کامیل بەگ، خزمی نوری بەگی ئەنبی خێڵی بەگزادە، کەدیم- مستەفا خۆشناوو ئەنـوەر عەبـدولا- دڵسوز- رەوانـدوزییە، دیمەنێکی کاریگەر، سەرپەتی، کاڵە لە پێدا دڕاو، بەرگـی شـڕ، ئـەو دیمەنە کاریتێکردم. خانە خوێکە رێزی لەمن پتر دەگرت، چونکە لەو دەڤـەرەدا ناسـراو بـووم، پـێم وتـن- رێـز لـە مانبگـرن- ئەمانـە لـەمن مـەزنترن، لەخـوار ئەوانـەوە دانیشـتم- کەمەبەندەکـەم کـردەوە- ١٠٠ تمـەنم هەبـوو، نـیوەم دانـی، سـاقەو گۆرەویو کلێتەم دانی.

کـیژی خانمی ئەو خانەوادەیە بەو شۆخییەی تاکو نزیکی بەرەبەیان بە دیارمانەوە، دەمایـەوە، دادەنیشـت، دەیـوت- سـەد خـۆزگە ئەزمێـر بـوومایە- تفنگو رەختی خۆ لەمل دابـنایە، لەتـەك ئەنگـو بەرێکەوتمایـە، چـاوەجوانەکانی سـوور هەڵگەرابـوو، خـەوی نەدەهات.

مستەفا خۆشـناو وتـی- ئـێمە هاتـوین بۆلای تۆ و زانیمان کە لێرەیت، دەخوازین کە بێـیت لەتەکمانـدا بـۆلای شێخ مەحمودی نەمر، یاخود لەتەکماندا بیت. زۆریتر، دواجار وتم- کاکـە مـن لـە میللەتـی بارزان جودانابمەوە، فەل پاشەرۆکمان ناگەیەنێتە داریکەلی شـێخی نەمـر، دەیانـزانـی کـەمن ئاشـنایەتیم لـە خـزمەت شـێخی نەمـرو شـێخ لەتـیفدا هەیە.

وتم- بـرا بەرێـزەکانم- ئـێوە لێـرە بمێنەوە وتیان ناتوانین چونکە کاتی خۆی لەتەك شـێخ ئەحمەدی بارزان تێکچووووبوون، مستەفا خۆشناو راپۆرتی لێدابوو وتبووی کەسەر بە ئینگلیزەو پیاوی وانە.

منیش وتم فەرمانی بەخشینتان بۆ وەردەگرم.

وتی- دەتوانی، وتم بەڵی بە هاوکاری کاك عیزەتو ئەفسەرەکان. خێرا بە پەلە هاتمە دەشتەبێل گوندی تەها تاهیراغای هەرکی، دەڤەری ئەوبوو.

لـە گـوندی کانیسـپیکە، نیوەرۆژمکـردو هاتمـە شـنۆ بۆ بارەگای خودانی بارزان، کاك عیـزەتو کـاك بەکـر ئەبدولکەریمـو ئەفسـەرەکانمدی، وتم- کاکە مستەفا خۆشناو، نامەی بۆ ناردم، نەموت لە کوێیە- ئەو نهێنیەم پاراست.

چووینە خـزمەت خودانـی بـارزان، لای ئـێوارە، حەسـیری رووت لـە دیـوەخانەکەیدا راخـرابوو. سـلاومانکرد- فەرمـووی رونـین، بەکەسی نەدەوت دانیشن، رێزی لێدەگرتین، چـونکە بـە میللەتـیخۆی دایـنابووین. سـەرۆك بارزانـی لـە خـزمەتیدا، بـە پێوە، دەستە ئەژنـو- دەسـت بە بەرۆکەوە وەکو نوێژ بکات، هەمیشە لە خزمەت خودانی بارزاندا بەم جۆرە دەوەستا.

بـە کـاك عیـزەتم وت- تـە پسـمامی مـنی، سـبەینی مـن کـوژرام تـە، تفنگـی مـن هەڵدگـریت، تـە خودانەخواسـتە بکوژریت من دووربینی تە هەڵدەگرم، مستەفا خۆشناو و برایـی مەیە،پسمامی مەیـە، گەرەکە تەڤەلابدەین، کە خودانی بارزان بیبەخشی، وتی لە کێرییە، ئەڤە برا مەیە.

باسـەکەی کـردەوە لای خودانـی بـارزان، ئـەویش زۆر تووڕەبـوو، وتـی مسـتەفا وەهـا کرد، لای عروسان شکاتاکرد، گوتی مرۆڤی ئینگلیزو ئینگلیزخوازم؟.

وەهـا هەڵچوو تاکـو خـاو بـۆوە، وتم بەرێـز خـودان رێم پێدەبەخشی بە رەزامەندی ئێوەی مەزن.

وتـی بڵـە- وتم- ئارایشـی رەحمـەت زگناهکەردنـی ماسـت، واتە- رەونەڤی بەخشین لە گوناهـو تاوانـی ئـێمەوەیە بەرێز خودان خاو بۆوە، لەباری هەڵچوونو گرژییەوە بۆ باری خاوبـوونەوە، بەنەرمی فەرمووی، لە کێرییە- ئەڤ مستەفا، ئەڤە مستەفا، واتە مستەفای بـرای، فەرمـووی- سۆڤی رەشکۆ، هـەرە کاغەزابیـنە، بنووسـە تـە بـرای منی- تە میللەتی مەی.

ئـەم مـرۆڤە هـێمایە، ڕەوشـتو خـوو بڵنده، پایـه بـەرزه، بەخشینی توانیی، دڵۆڤانی، سـۆزو بەزەیـی، دلاوەری، قارەمانـی هەرچـی پەسـەندییەك هەیە، تێدابووم، لەم پێشەوا ئاییـنه، خێلایەتـی، ئەمەیـه. خودانـی بـارزان بەراسـتی- شـێخ ئەحمـەدی مـەزن- ئەمـە لێکوڵینەوەو باسێکی تەواوی گەرەکە.

خێـرا- نامـەی بەخشـینەکەیم خسـتە باخـەڵم، شـەو لـە شـنودا نەمامـەوە، هاتـەوە، نامەکەمدانـی، بـەلام مەراقـی هەرهەبوو، دەیوت- لێره بکوژریم- دەڵین ناپاکی کوژرا، له عێراق له سێداره بدریم، دەڵین، نشتیمان پەروەری کوژرا.

ماوەیەکـی تـر لـە گەلـی کوتـور مامـەوە، کـە هاتمـەوە لای دەزی تەرگـەور، ئـەوان نەمابـوون، ڕۆیشـتبوون- لـە ڕێـی شـێخ ڕەشـیدی لـولانەوە، مـیری سـەعیدی لە عیراق بە ڕوواڵەت بەخشـینی گشـتی بۆ دەرکردبوون، هاتنەوە بۆ ئەمدیو، لە سێدارە دران لەتەك ٤ ئەفسەرەکە- لە ١٩٤٧/٦/١٩.

**جەنگی گۆجارو قسملو- ٣٠ئادار ١٩٤٧**

چـوومەوە بـۆ گەلـی کوتـور- نێوانـی سـنوور، لـە پێشـدا چـووینە گـوندی یـەشماوای قادراغـا، سـەرۆك بارزانـی پەیمانـی لەتەکـیدا بەسـت، کـە هێـزی بارزانـی لەڕۆخـی چـەکدارانی کـوردەوە، هێـرش نابـات، شـەری کورد ناکات، جەنگ لەتەك سوپای ئێرانیدا دەکـات. هاتیـنە گەلـی قاسملـو- خەیـروڵا ئەبدولکـەریم فەرماندەبـوو لەتـەك خەلـیل هەرگوشـی تێکچووین، حەمـەدی مەولـودی مـەهابادی، کاپـتان بـوو، هاتبوە ناو شۆرشی پارتیـزانەوە، هەوالـی درۆوی بـرد بـۆی کـە گوایا ئـێمە دەڕۆیـنەوە بـۆ ئەودیوی عیراق، کاتـی ئـێمە لەسـەنگەردابووین لـە کێوی ماداغی بەسەر شاری ئورومیەدا دەیڕوانی، زۆر بڵندبوو قەڵای دمدمیش هەر بەو کێوە وەیە.

بـەرای مـن گەرەکبوو، کـە بـەرەو سـنووری رووسـیا بکشـێینەوە، چـونکە نەخشـەکە وابوو، حەمەدی مەولود راپورتەکەی بە هەڵەو پێچەوانەوە دابوو، بە خەلیل هەرگوشی بـە پێـی ئـەو هەڵە درۆیە، هاتن چەکمبکەن، خەیروڵا فریامکەوت، کارەساتی خەریکبوو ڕوویـدات، کـاك خەیـرولا، تێـی گەیانـد- کەئـەو کـارە بەرانـبەر بـەمن شایسـتە نیـیە، حەمەدی مەولود، پەشیمانبۆوە، وتی من وام نەگوتوە.

حەمـەد مەولـود- نەخوێـندەوارو نەزانـبوو، بـەڵام هـەتا بڵێت دلاوەر بـە جەرگـبوو، لەشکرێکی ئیرانی شکاند لە مەکڵاوی ڕێی سەردەشت.

حەمەدی مەولود هاتەوە بۆ عیراق، لێرە یارمەتی درا، دوایی گەڕایەوە بۆ رووسیا، لەوێ کۆچیکرد- منیش لەتەك سەعید باخەوان مەهابادی کە کاتی خۆی مەحمودیانی بارزگانی مەهابادی کوشتبوو- تاوانەکەی درایە پاڵ قازی موحەمەد لە دادگاکەیدا.

چووینە پۆستی ئاسوری- لەوێوە بۆ قاسملو، بەیانی زوو بوو، دەنگی تۆپ دەهات، ئێمەش بەرەو قەڵای دمدم دەچووین، گوللە گڤەی دەهات بەلاماندا، قەڵاکە گیرابوو، بەشەبەیخون، خۆمان گەیاندەناو گوندی قاسملو، لەناو گەلییەکەدا، تانکی ئیرانی هاتە ناو گوندی قاسملو، ئێمەش بە پەلە پروزێ، تلاوتل رزگار بووین.

دووبارە، چوومەوە بۆ گەلی کۆتۆر، سەرۆك بارزانی نەمر فەرمووی- ئێوە هێرش مەبەن، تەنانەت بەعەرەبی فەرمانیدامی.

کۆتۆر- لەسەر سنووری دەستکردی تورکیەو ئیرانە- گەلییەکی قایمە، سەرۆك بارزانی نەمر- ناردی بەدوامدا، ٤ چەکدارم لەتك خۆمدا برد، چەکدارەکانیترم راسپیریکرد، لەهەردوو بەری گەلییەکە، کەتوند بیپارێزن، من دەچمە خزمەت سەرۆك بارزانی.

کە هاتمە خزمەتی، سەرۆك بارزانی ٢٠ چەکداری لەتەکدا بوو، بە ئێمەوە بووین ٢٥.

بەرەو تەرگەڤەر، ڕۆیشتین بەمەبەستی دیدەنی عەمەر خانی شکاك، لە گەلی بەرەندێز پەرینەوە باراندیز- ئاشەوانەکەی لە پەساوەری دەرخوارداین زۆر بەتام بوو، بۆ ئێوارە گەیشتینە گوندی گۆجاری سەید نورەدین ئەفەندی- بنەماڵەی سەیدەکانی نەهری، پۆستی کوردی چەکداری سەر بە ئیرانی لێبوو، کە ئێمەیاننددی کشانەوە.

کەدخودا وتی- دەمێکە چاڤەروانی ئێوە دەکەم، مەرێکی سەر بڕی لەبەر پێی سەرۆك بارزانیدا.

شەو لەوێ ماینەوە بە ئاگاداریەوە، قەدەخەی هاتو چۆمانکرد، لە کاتی ١٠ شەو، مرۆڤێك هات، ناو گوندەکە شڵەقابوو، دەرۆیشتن، دەیانزانی بەیانی هەروا شەڕو گوللەباران روویانتێدەکات.

هەر ئەو شەوە، گوندەکە چۆڵیانکرد.

منیش ئاگادار بووم، نیگابانبووم، لە کابرام خوڕی، ئەوەی کە هاتبوو، وتم کیشکە، کیدەری دچیت؟ وتی ئەز مرۆڤی رەشید بەگی مەوانەم، تانکی عەجەما هاتە ئەنبی

گـوندی نـوری بـەگ، رەشـید بـەگ دبـێژی- مرۆڤـی چاکبی مسـتەفا بارزانـی- وەگـەری، باخـۆین نــەرژرێت. منــیش چــوومە خــزمەت بارزانــی نەمــر، کــاك بەکــراغا دەڵــی میرحاجمان لەتەکدا نەبووە.

وتم- ئەم مرۆڤە وا دبیژی- فەرمانتان بە چییە؟.

فەرمووی لای خۆت دایبنی.

بەیانـی کازیـوە، گـەمارو و ئابلـوقەیاندایین، ئاگـادار بـوم، وتم قـادر، حەبـیب، رابـن، ئابڵوقە دراویـن، کێوکانـیان هەموو گرتبوو، گوندی گۆجار لە چالاییدا بوو، کێو لە هەر چوارلایەوە، ئابڵوقەیداوە.

خێـرا خـۆم گەیانـدە سـەنگەریکی بـەرز، لـە کاتـی وادا، زۆر وریایی گەرەکە، سەرۆك بارزانـی، ئاماژەیکـرد فەرمـووی، وەها برۆن، رۆژ بۆوە، کێوەکان رەش دەچێتەوە، خۆیان قـایم دەکـەن، جاشـوقەرە بـە خەوچـریك لـە دواوەی لەشکری ئیرانییەوە ٦٠٠ پتر بوون، دایانگـرتین بـە شەسـتیتری قورسـو سـەبوك موسەلسـەلی سـەنگینو سـەبوك- دەنـگ لـە دوورەوە، دەڵی قبۆ قبۆ- نەرایە، مەلا مستەفا نەرابە، مەحەلی تە دبیژی ئەز مێرم.

وەلامدرایـەوە لای بارزانـی نەمـرەوە- هاواریدەکـرد کورو، ئـەز شـەری کوردا ناکـەم، بەری خۆیدا بۆ عەجەما، وتیان- کورو تەچ دبیژی.

دەسـترێژیانکرد، دووچـەکدارمان کـوژرا، بـەم جـۆرە، ٢ کەسـی تـریش کـوژرا هەر لە ئێمە.

ئـێمەش دەسـتمان لێکردنەوە، شەری دەستەو یەخە بەفرو پشۆ، سەرما، زیخی تۆپی هاوەنو شەستێر داپپۆشیبونی، پاڵتوی ئازربیجانیمان لەبەردابوو زیخو قور بەسەر پشتو سەرمانەوە، خۆمان قایمکردبوو، سەنگەرەکەمان، زۆر باشبوو.

وتم- کەس تەقە نەکات.

تەمـومژ بـوو، کـەس کەسـی نـەدەدی، بـێدەنگو کشـومات خـۆمان متکـردبوو لـەناو سـەنگەرەکەدا، لای ئـێوارە، سـوارەو پـیادە، هێرشـیانهێنا، وایانزانـی کـوژراوین، خێـرا کەوتیـنە خـۆ، دەسـتمان لەسـەر زامـنەی تفنگ بوو، پەنجەمان گۆی نەدەکرد، لیکو لێك دەشتمان لێکردنەوە- چاك شکستیان هێنا، تەرمیان بەجی هێشت.

بەرێـز کـاك ئەسـعەد خۆشـەوی، کەسـی دووەمـی نـاو شـۆرش دوای بارزانـی نەمـر، گەرایـەوە سـەرمان، هـەر ئـەویش بـوو، لـە پشـتی لەشـکرو چـەکدارانەوە، نیگابانــبو،

گەرایەوە سەرمن وتی- کەریم ماون- وتم بەڵی ئەزبەنی- زۆر خۆشنوودبوو، هەر ئەو شەوە هاتینە گوندی خۆشەکۆیی،بناری چیای خەلیل، سنوور دەستکردی تورکیاو ئیران، ٣ رۆژ بە پێ لە شارۆچکەی شنۆوە دوورە.

ئەو شەوە خۆمان تێرکرد، وەکو ژەمی گورگی، کاڵەکانمان نوێکردەوە، هەموو دانیشتوانی گوندەکە چۆڵیانکردبوو.

بەم جۆرە- شەری هەورسەو زۆریتر لە ١٣ ئازارەوە تاکو ٣٠ ئازار ١٩٤٧- هەرهەمووی رێگە خۆشکردنبوو بۆ کشانەوە بەرەو سنووری رووسیا بە خاوو خێزانەوە بەڵام لەو نەخشەیەدا، سەرنەکەوتین،خێڵەکان بەریان پێگرتین، دووبارە، گەڕاینەوە بۆ کێوی گادەری. ٣ سنوور، لە چیای گادەر، پشتی گوندی گەلاسو شنۆ ١٥ رۆژ ماینەوە، گەماروو ئابلۆقەیەکی وا دراین، ئەو ماوەیە، بریشکە، گەنمان دەبرژاند لەسەر بەرد، بەگوینووی کویستان، هەگبەکانمان لێ پڕدەکرد، تفەنگێکی برنەو بە تەنەکەیەك ئارد، فیشەك سەر بە سەر بە ئارد، بەهای تفنگی بە ٤ دینار، خێڵی هەرکی هاتبوون بۆ کوێستان ئەوان لێیاتدەکرین، ئەو خێلانە بۆ لەوەڕی بەهار، هاتبوون.

**چیرۆکی ئەفسەرە کوردەکان**

١- عیزەت ئەبدولعەزیز- پلەی تاج بوو، ستاف- دەرچووی لەندەن، هاوبەشی بزاڤی بارزانی ١٩٤٥، ئەفسەری تۆپ، سەرزەنشتکرا کە تۆپەکانی زیبار- بلە- نەییپکاوە لە مەهاباد، لە بەرایییەوە، ئەورێزی لێنەگیرا، لە لایەن رووسیەکانەوە تاکو ئەندازەیەك، بەرپرس بوو، سەرزەنشت دەکرا، من ئاگاهی باشم بۆدا، دەرئەنجام، یاداشتی دامەوە رێزی لێدەگرتم، هەرچی نهێنی خۆی هەبوو، لە چیاکان لە ماوەی جەنگی پارتیزانیدا بۆی دەگێڕامەوە.

چیرۆکو خۆیو سانمە خانمی ئەمین زەکی بەگ، چوونی بۆ میسر لە تەکیدا.

دوایی کرا بە فەرماندەی سەقز لە سەراوسەرچاوە، بە پایەی- پودپولکونیك- سەرهەنگ- لە کۆماری کوردستاندا ئەویش کردمی بە بریکاری خۆی، لە شکستی کۆمارەکەدا، خۆی دا بەدەستەوە، ماڵئاوایی لە سەرۆك بارزانی نەمر کردو وتی ئەزبەنی- گەردنم ئازاد کە، نەبادانەتبینمەوە- کەنەیدییەوە، هاتەوە ئەمدیو، بە بەندکراوی، کاك میرحاج، دەستی نەبووە لەو کارەدا، لەتەك ٤ ئەفسەرە قارمانەکان لە سێدارە درا ١٩٤٧/٦/١٩.

داوای سانمه خانمی کرد لە سەرەمەرگیدا، لە کاتی لە سێدارەدانیدا، تاکو تێر بە کامی دڵداریو ئەڤینی دێرینەوە-ماڵئاوایی لی بکات، ئەویش نەچوو بە پیر داواکەیەوە، بەناکامی سەری نایەوە بەلای سیاسەنگەوە، دوور لە کچی مێژووناسی گەورەی کورد، دوور لە کەسو کارو قەومو خوێش دوور لە یارانی، دوور لە دەزگیرانی نازداری، دوا کرنوشی بردن بۆ نیگای چاوە گەشەکانی بۆ دواجار، لە چاوەکانیدا نقوومی بکات، چاو لێکبنی، لە دەفری چەرخدا بتوێتەوە ببنە دڵۆپێك لەتەك بووکی ڕازاوەی خەیاڵیدا- کە سانمە خانمی رشتو سەلارە، ئەو ئاواتو ئاکامەی نایە ناو کلگۆو قاڵبە گڵەکەیەوە، لە باخی سینەدا، لە بەهەشتی یادگاریدا، بیرەوەری رابوردووی نەکردەوە.

٢- مستەفا خۆشناو- مستەفا- ئەبدولکەریم ١٩١٠- ئەفسەری ٣ ئەستێرە، هاوبەشی بزاڤی بارزانی ١٩٤٥ کرد، هاتە کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەر لە بزاڤ چاوم پێکەوتووە لە مەهاباد.

باوکی بەکراغا حەویزی لەتەك کورەکەیدا پەروەردەیکردوە ئەفسەرێکی ئازاو دلاوەرو جوامێرو نەبەز بووە، قارەمانی جەنگی مامەشەیە بە ٤٠ چەکداری بارزانییەوە، یەك لەشکری ئیرانی شکاند، پایەی پۆدپۆلکونیك بوو. بەلام کەللە شەقو تووڕە بوو، نێوانی خۆی لەتەك خودانی بارزاندا، شێخ ئەحمەد، تێکدا راپورتی دا بە روسیەکان، گوایە بەرێز شێخ ئەحمەد سەر بە ئینگلیزە، کێشە پەیدابوو، خەریکبوون ئەم کێشەیە بدەن بەدادگا.

ئێمەش دەزگای ئاسایشمان ئاگادار کردەوە K.G.B- کەئەم مرۆڤە مەزنە، هێماو پیرۆزە خودانی بارزانە- پێشەوای میللەتە، پایە بڵندە، شیرازە تێکدەچی، بە نیگەرانی ئەو مرۆڤە بەرێزە ئەمە کاری خۆیکرد، وازیان هێنا لە کێشەکە، دەرئەنجام، مستەفا خۆشناو، لە بارزانییەکان جودا بۆوە، هاتە لای پێشەوا قازی موحەمەد- کرا بە فەرماندەی مەهاباد لە شوێنی ئیبراهیم سەلاح مامۆستای خەباتگیر، قەدری جەمیل پاشا ، کوردی سورییە، هاتە لامان.

شەوێ رێکەوت چوومە ماڵی مستەفا خۆشناو، بوغدەسەر کاپتانی سۆڤییەتی، لە دەزگای پاراستنی رووسی کاریدەکرد، دەمناسی بە پێی فرمانەکەم، بەرگی شوفێری شڕی لەبەردەکرد، جێبێکی هەبوو نەدەناسرا، من بە پێی فرمانی کارەکەم دەمناسی.

کە چووم، ڕێگەیان پێدام، قەدری بەگ جەمیل پاشا لەوی ئامادە بوو، لە نێوانی گفتوگۆدا، وتی ئێوە بیروڕاتان چییە؟

منـيش وتم، هـەر بزاڤـی ڕزگاریخـواز لـە هـەر شـوێنی بـێت لـەم جـیهانەدا، ئـێمە پشتگیری دەکەن، ئەگەر چی لە ئەندونووسیاش بێت.

قـەدری بەگ، ناسینی منی لاپەسند بوو وتی- دەتوانم ١٠ لاوی وەکو تۆ دوکتورای پێ تەواو بکەم، لەسەر خەرجو گیرفانی خۆم.

ئـێواران لـە تەکمانـدا دەگەڕاو وێـنەی لەتەکدا گرتین کاتی هەرەسی کۆمار، مستەفا خۆشـناو و ئەنـوەر عەبـدولا دڵسۆز، لەتـەك بوغدەسـەری کاپـتاندا، بە خاوو خێزانەوە، دەچـن بـۆ شـاری ئورومـیە، لەوێ بە جیپاندێلی، خۆیدەکات بە باڵیوزخانەی سوڤێتیدا، ئەمانـەش مانـەوە بەبـێ پشـتوو پـەنا، ڕوو دەکاتـە نـاو شـکاك، ٢ ڕۆژ ڕێگەیان مابوو بۆ سـنووری رووسـیا دەربـاز نەبـوون، لەسـەرماو برسـانو لـە ترسـدا، گەڕابوونەوە، هاتنەوە مەرگەڤەر، بۆلام.

منـیش نامـەی بەخشـینم بۆ وەرگرتن، ئەگەر چی نەشمانەوە خۆیاندا بە دەستەوە، لە تەك ئەفسەرەکاندا لە سێدارە درا لە ١٩ حوزەیرانی ١٩٤٧.

٣- بەکـر ئەبدولکـەریم- بەکـراغا- ٣ ئەسـتێرە بـوو ١٩١٤ هاوبەشی بزاڤی بارزانی ١٩٤٥ کـرد، هاتـە مـەهاباد پایەی پۆدپۆلکونێکی پێ بەخشرا- فەرماندەی ڕۆخی سەردەشت لە ڕەبەتـبوو، لـەو بـەری چۆمی کەڵۆی. لە شکستی کۆماردا، خۆی نەدا بەدەستەوە، هاتەوە بـۆ گـوندەکەی خـۆی شیواشـان، لای کـۆیە، ژن بـرای کاکـە زیاداغـا، ئازاو دلێرو جوامێر، ئەفسـەری تـۆپ ماوەیـەك فەرمانـداری چەمچـەماڵ بـوو، لـە خـەبات هەرگیـز دابڕانـی نەبووە.

٤- خەیـرولا ئەبدولکـەریم- باوکـی کـورد دایکـی مووسـڵی- ئەفسـەری ٢ ئەسـتێرە، کوردێکـی دڵسۆز، چـەند جارێـك یارمەتـیداوم- پایـەی مایـوری پێبەخشـرا بـوو، بەهۆی نەخۆشـییەوە، خـۆیدا بەدەستەوە، لە سەرماوە تووشی نەخۆشی سنگبوو، لە سێدارە درا لەتەك ئەفسەرانی هاوڕێیدا.

٥- جـەلال ئـەمین بـەگ مەحمود بەگ ١٩١١- ئەفسەری ٢ ئەستێرە تۆپهاوێژ، لە بزاڤی بارزانـی ١٩٤٥ هاوبەشـبوو، پایـەی مایوری پێبەخشرابوو- میجەر، لە شکستی کۆمارەکەدا، خـۆیدا بەدەسـت ئێـرانەوە لـە کاتـێکدا ویستی بگەڕێتەوە و نەیتوانـی، گیرا، بردیان بۆ تەهـران، چـەند سـاڵی مایـەوە، دوایـی درایـەوە بـە رژێمـی عـیراق لەتـەك ئەفسـەرە ئازەرییەکاندا، تەفریشیانو ئارتەشیانو مەحمودی جیهانگیری و ئەوانیتردا، گۆڕییانەوە.

٦- مـوحەمەد قودسـی مەحمود ١٩٢١- ئەفسەری یەك ئەستێرە هی ئازوخە- هاوبەشی بزاڤی بارزانی ١٩٤٥ بوو، هاتە مەهاباد و پایەی کاپتانی پێبەخشرا، ژنی هێنا لەوێ، زۆر تەبابـوو لەتـەکما، دوای نیسـکۆو شکسـتی هاتـەوە، لـە رێگـەدا گـیرا، عەلـی حـیجازی بەندیکردو ناردی بۆ بەغداد، لە سێدارە درا لە ١٩٤٧/٦/١٩.

٧- نـوری ئەحمـەد تـەها ١٩٢٢-١٩٩١، ئەفسـەری ٢ ئەسـتێرە، جەنگی، هاوکـاری بزاڤـی بارزانـی ١٩٤٥ بـوو، هاتـە مـەهاباد، پایەی مایوری پێبەخشرا، هاتنەوەی هۆکاری خێزانی بـوو، نەجیـبە کچـی خاڵـە ئەبـدە، خێزانـی بـوو، لـە زیندانـی مایـەوە، دەربەدەریـو ئەشکەنجەی زۆری دی، کـورد پـەروەرو خـاوین، بـە سەربەرزی کۆچیکردو سەرینایەوە، دوای کۆچو رەوی میللەت لە ١٩٩١/٤/٣.

٨- حەمـە سـاڵح فەقـی مـوحەمەد ژاژڵـی- ئەفسـەری ئەنـدازیار، هاوبەشـی بزاڤـی بارزانـی ١٩٤٥ بوو، پایەی مایوری پێبەخشرا لە کۆماری کوردستاندا، گوللەی وێل، یاخود ڤیتورکی کەسێتی کە جێگەی گومانە، بریندار کرا، تاکو ئیستەکەش، دەرنەکەوت.

٩- میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـی- ئەفسـەری ٣ ئەسـتێرە- تـۆپهاوێژ، هاوبەشـی بزاڤـی بارزانیکـردو هاتـۆتە مـەهاباد، پایـەی پودپولکونیکی پێبەخشـرا- سـەرهەنگ نمایـندەی خـودی بارزانـی نەمـر بـوو، ئەفسـەرێکی سـتاڤ زیـرەك، نهـێنی قـایم، کـەس سـوودی لێوەرنەدەگرت بە هەژاریو بێباوکی لە ئاکری پێگەیشتبوو، لە پێشدا مامۆستابووە.

لـە کۆرەوی بارزانیدا بەرەو رووسیا لە جەنگی پارتیزانیدا، چووە، لە ١٩٥٨ گەڕایەوە لـە قـاهیرەوە وێـنەی لەتـەك سـەرۆك بارزانـی نەمـرو سـەرۆك جـەمال ئەبدوناسـر، سەرکۆماری میسر، کەهاتەوە، کەنارەگیربوو، ژیانی زۆر نهێنی تێدایە.

ئـەو کچە بـە تەمەنـی لـە ئاکرێ کە بە تەمایبوو، هێنای رۆژانی دوایی بە تەنهایی، کـەنارگیری لـە بەغـداد بەسـەر بـرد، تاکـو کۆچـی، تـێکەل بەکـەس نەدەبـوو، لـە رووی دەروونییەوە، سەرنجی لەسەر بوو.

١٠- سـەید عەزیز شەمزینی شێخ ئەبدولا نەهری کوڕی سەید عەبدولقادری نەهری شۆڕشـگێر- هاوبەشـی بزاڤـی بارزانـی ١٩٤٥- ئەفسـەری ٣ ئەسـتێرە، یـاوەری فەرمانـدەی کەرکـوك، یەکسـەر نـێردرا بـۆ باکـو بـۆ خوێندنـی دوکـتورا لـە مـێژووی رامـیاریدا، بـڕوانامەی وەرگـرتو نووسـراوەی مـێژووی بزاڤـی رزگارخـوازی کـوردی هەیـە، مرۆڤـی بەهاو بەنرخ، بنەماڵەو خانەدان.

١١- عەبدورەحمان تەییب مفتی- ئامیدی- ئەفسەری خۆبەختکەر، هاوبەشی بزاڤی بارزانی ١٩٤٥، هاتە مەهاباد، لە کۆرەوی مەزنی بارزانیدا بەرەو سوڤیەت بەشدار بووە، لە ١٩٥٨، گەڕایەوە کوردستان.

**خودانی بارزان**

شێخ ئەحمەدی نەمر- مرۆڤی مەزنو ناوداری نەتەوەی کورد، پارسا، پێشەوای رەوانی، پایە بڵند هێماو پیرۆزیو دەروونپاکی، دڵوڤانو رووالەتو سیمای کەسێتی، رەوشتو خوو بەرز، ناوداری مێژووی میللی، جێگەو شوێنەواری دیاردەیە لە دووخی بزاڤی بارزانیدا لە ١٩٣٣، لە چلەکاندا، کاتی دەستبەسەری لە سلیمانیو گواستنەوەی بۆ ئوستانی بابل- حیللە، دوای دەربازبوونی سەرۆك بارزانی نەمر، گەرانەوەی بۆ بارزان- خۆشم لە حیللە دەیدەنم کردون، لە شۆرشەکاندا، لە مەهابادیش، پەیکەری داد پەروەریو مرۆڤایەتی بووە.

دوای ئابلۆقەی گادەر، بەخۆیو خێزانەکانەوە، هاتەوە ئەمدیو، فەرمانی خنکاندنی درا بە سەرداو نێردرا بۆ بەسرە، دوای ١٩٥٨- هاتەوە بارزان، لەوێ کۆچیکرد. کۆچەکەی کاریتێکردم- چوومو دەیدەنی ئارامگەو خەوابگەکەیمکرد، لە گۆرستانی بارزان، هیوا خوازم کە گیانی بە بەهەشت شاد کردووە.

**ژەنرالّ حەمە رەشیدخان قادر خان بانە ١٨٨٩- ١٩٧٤**

ئەو بۆشاییەی کە گەرەکە پڕبکرێتەوە لە مێژووی خەباتی خوێناوی میللەتەکەماندا ئەو مرۆڤە مەزنەی کە شایستەی پڕکردنەوەی ئەو کە لێنانە بێت، یەکێك لەو کەڵەمێرانە بەرێز حەمە رەشید خانە، کە تاکو هەنوکە، ئەو بایەخو بەهایەی نەدراوەتی، چونکە شۆڕشو یاخیگەرییەکەی موتور بە نەکرابوو بە ڕاگەیاندنو ڕۆشنبیرو رووناکبیران کە سیمای هەموو شۆرشیکە، مامۆستای کۆنینەناس ئەبدورەقیب یوسف ئەمە پەسەند دەکات.

حەمە رەشیدخان بێگومان مەزنە، لە ١٩٣٧ لە زیندانی سلیمانی، دەربازبو، بە هاوکاری کۆمەڵەی برایەتی و نەخشەیەکو پلانێکی کۆك کە لە لایەن شێخ لەتیف حەفیدو ئەسعەد مەحوی جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی برایەتیو کاك فوئاد عارف کە

فەرمانـدەی سـوپابووە لـە ١٩٣٦ و دەرفەتهێـنان لـە جەژنـی تاجگوزاری پاشایەتی رژێمی عیراقـدا، ٢ دەمانچەیان ناردە، ژووری بەندیخانە بۆ حەمە رەشیدخان و هاورێیەکانی لە زیندانا- مەجید گەڵباخی، سەید عەتای یاخی دەمانچەکان لەناو پاکەتی شیریندا بوون.

بەندیخانـەیان شـکاند، دەربازبـوون، بـەلام مەجـید گەڵباخـی، دەربازنەبـوو، مشـکیو پشـتینەکەی لـە لاقی ئاڵابوو، ٤ تفنگی هەڵگرتبوو، درا بە دادگا، هەر بەرێز شێخ لەتیف و بـریکاری کۆمەڵەی برایەتـی بەرێـز مامۆسـتا ئەسـعەدی، یارمەتیـیانداو سـەرفرازکرا، گەڕایەوە بۆ هەرێمی خاوەرو لە شۆرشی جوانرۆدا، هاوبەشبو، گیرا، لە سێدارە درا.

ئـەو شـەوە بـۆ بەیانـی کەلە سێدارەی دەدەن، ریشی دەتاشی خۆی خاوینو رێکدەخا، بـەو مەبەسـتەی کـە خانمانـی سنە دێنە سەر تەرمەکی، رەنگزەردیو چەپەلی پێوە دیار نەبێت، گەردی لێنەنیشتبێت.

حەمـە رەشـید خـان هاتەوە لانەی خۆی لە وێنەو دارۆخان دەڤەری شلێر، لە هەرای ئیرانـدا شـاری بانـەو سەقزی گرت، لە جنگی ئیران ئازادیکردن، فەرمانرەوا بوو، دووبارە هاتـەوە بـۆ ئەمدیـو بەدەستبەسـەری لـە ئوستانی رومادی- ئەنبار، کەرکوك بەسەریبرد، هاوکـاری کـۆماری مـەهابادی کـرد لـە کوردسـتان. پایـەی ژەنراڵـی پێبەخشـرا، هاتـە سەراوسەرچـاوە- ناکۆکـی کەوتـە نێوانـی ئـەو و پێشـەوای مەزنـەوە لەسـەر شـێوازی فەرمانرەوایەتـی و بـارو دۆخـی سـەردەم کـە هێلـی رامـیاری کـوردی لـەو بازنەیـەدا دەسـوڕایەوە، نیگەرانـی پەیدابـوو، گەرایـەوە، خۆیـو مەجید خانو ئەنوەر بەگی کوڕی و لەتـەك سـەرکردەی سـوپاکەی حەمـە ئـەمین خانـی بـرای، دەسـتی راسـتیو ئـازاو دلێـر تەگبیرکەرو پـیلاندانەر، لە گرتنی بانەو سەقزدا. رژێمی عیراق بە دەستبەسەری ناردی بۆ رومادی دوایی بۆ کەرکوك.

لـە شۆڕشـی نەتەوەیـی کـورد- ئەیلـول ١٩٦١، دووبـارە، هاتـەوە مەیـدان هاوبەشـیکرد، پێـنجوینی گرت، تاکو کۆچی، لە هاریکاریدا، دریغی نەکردوە. لە دارۆخان نێژراوە ١٢/٣/ ١٩٧٤.

دوگومینـتو بەڵگـەو نامەکانـی لـە سـوید چاپکراوە لـە لایـەن مامۆستای مێژووناس- مەحمود مەلا عیزەتەوە.

**کۆڕەوی مەزن ١٩٤٧/٦/١٧**

دوای ١٥ ڕۆژ ئابڵوقەو گمارۆ لـە کێوی گادەر، لە گۆشەی ٣ سنووری دەستکرد ئێراق، تورکـیە، ئێـران- بەرێز شێخ ئەحمەدی بارزان بە خۆیو خێزانەکانەوە خڕ هەموو هاتن بەمدیودا، هەندێك لە ئەفسەرەکان جودابوونەوە.

عەلـی حـیجازی فەرمانـدەی هێـزی گەرۆکـی عـیراق، ئـەو ناوچـەیەی گـرتبوو، خێـزانەکان خـرانە پەرژیـنو سـیمەوە- بەرێـز شـێخ ئەحمـەدو مرۆڤەکانـی نێـردران بـۆ بەسـرە. سـەرۆك بارزانـی نەمـر بـە ٨٠٠ جـەنگاوەرەوە، لـە ناکـاودا بـە هەڵمەتی شێرانە هاتـنەوە چـیای شـیرین، ئازوخـەو نانـی یـەك مـانگ کۆکـرایەوە بە هەڵمەتی شێرانە لە گوندەکانـی باکـورەوە، سـنووریان شکاند بەرەو رووسیا، دوای چەند بەرەنگارییەك وەکو پڵنگـی هێرشـبەر، خـۆمان گەیانـدە سـەر ئـاوی ئـاراس، لـەو بـەرەوە گەمێـی رووسـی چاوەڕووانبوون، بـە چـەکەوە بـە کۆڵـو بـارەوە لە ژێر دەسترێژو گولله باراندا بە پردی جـولفاو تەنکاییەکانـی ڕۆبـاری ئاراسـدا، بـە پـردی ئارەبلـو، خـۆمان گەیانـدە خاکـی کاپکـاس، ماوەیـەك لـە کەرەنیتـنە، دوایـی بڵاوەمـان پێکـرا، لـەو وڵاتـە پانـو پـۆرەدا- تەمموزی ١٩٤٧، ماوەیەك لە کاپکاسو ئوزبەگستانو قیرغیزستان، مامەوە، هاتمەوە لەتەك چـەند کەسێکی دۆسـت، گیرامـو دادگا کـرامو ٢ سـاڵ بـەزنجیرەوە بەندکـرام، نهێنیم نە درکان، ئەرکی رامیاریم بە دیهێنا، راسپیریم هێنا بۆ پارتی کومونستی عیراق کە بەناوی ناسیونالیسـتەوە کاربکـەن، پارتـی کومونسـتی کوردسـتان بێـتە ئـاراوە. کۆرەوی مـەزن- باسـێکی تایبەتیـیە لـە بـواری تـردا باسمکـردوە. ئـیتر لێـرەوە- ژیانـی دەربـەدەری، رەهەنـدەیی- ١٣ سـاڵ. ٢ ساڵ بەندی قورس بە زنجیرەوە، ٦ ساڵ دەستبەسەری لە کەناری خوارووی باشوری عیراق، لە زونگاوەکان- ئەم ٢١ساڵە هاوسەنگی ژیانی کەریم زەندە.

**ماوەتو قەشان**

لـە بەندیخانـە بەربوومـو گەڕامـەوە سـەر پیشـەی مامۆسـتایی و کـرام بـە کـارگێری خوێـندنگەی مـاوەت- ئـەمین یـا مولکی بەخشداربوو، دوایی بوو بە فەرمانداری چوارتا ماوەیـەك مـاوەت بەخشـداری نەبـوو، حەمـە جەمـیل رەزا بوو بەخشدار، هاورێ بووین، شـارەزایی کەمـبو لـە تەکنیکی فەرمانـرەواییدا، نێوانـی خـۆی تێکدا، لەتەك قومیسەرو نووسـیاری بەخشـدا، دەهاتـە خوێـندنگە، لام، دەیویسـت هەواڵـو باسـی پێبلـێم، منـیش

بەزەقـی پـێموت- مـن زبـرو زیـر دەزانم، مامۆسـتام، هەواڵـوباس نـازانم- ئـیتر نەهاتـەوە بـۆلام- خـۆمم لێزویرکـرد، دووبـارە هاتـەوە وتـی باشە پێمبڵێ ئەم قۆمیسەرو نووسیارە چـۆنن. لەوەڵامـدا وتم- قومیسـەر- پۆلیسـە، وتـی چـۆن؟ وتم خـۆت یاسـابیت، یاسـای نێودەولەتی شارەزایت ئەمە پۆلیسە، پەیوەندە بە پۆلیسی چوارتاو سلیمانیو بەغدادەوە زنجیرەیەکن، نووسیارەکەش پەیوەندی تایبەتی هەیە دەرەقەتیان نایەیت.

دوایی لە یەکتر ئاشکرا بوون، حەمە جەمیل وتی ئەیانگرم، من بریکاری شاهم.

ئەوانـیش لـە بۆسـەدا بـوون لێـی- لیسـتەی گواسـتنەوەیان لێگـرتو دەیانـوت- مودیـر بەگ- جوجکو موجوك، ناخوات- بارگیر قوتدەدات.

شـەوێکی تاریـك، پاسـەوانەکەیان لـێ سـەندەوە، بـە تـەنها مابـۆوە دەترسا، ناردی بە دوامـدا، مەجـید بەگـی قۆڵچـی- باڵـباز لـە سەربانەوە هاواریکرد- کەریمە فەندی- مودیر بـەگ بانگـتدەکات، بەپەلـە چـووم- کەریم خۆی شاردۆتەوە، وتم وەرە دەری تۆ بـریکاری شـاهی، وتـی دەمکـوژن، منـیش نـاردم بـە دوای کـورە کـورەی ماوەتـدا، ١٥ تفنگـی بـڕنەو هاتن، چامان بۆ ئامادەکردن، خۆی گیرو چنۆکبوو، چایەکی بەکەس نەدەدا.

هاتـەوە هۆشـخۆی وتـی- بەخوا تۆ وەرت بەرزە، وتم بە چاکی خۆم پشت ئەستوورم، ناترسـم، دوایـی پـێموت لیسـتەی گواسـتنەوەکەت گـیراوە، ٥٠ ولاخـی نوسـیبوو، هەمـوو مـاوەت ٤ بارگیرەلاتـی تـێدابوو، ئـەو شـەوە بەسـەر چـوو بەیانـی کازیـوە، مودیـر بـەگ هەڵات، چوو بۆ بەغداد، چارەسەری خۆی بکات.

بـە تـەنها مامـەوە، لـە مەیدانـدا- ئەوانـیش وایـان دەزانـی کـە گوایا من هانی دەدەم، مامۆستای ئەوم، ئەویان بەنەزان دەزانی- کەلە راستیدا، ئاراستەکەری چاکە بووم.

کەوتمـە بـەر هێرشـی ئـەوان لای فەرمانـدار، سـەعید ئەبـدولقادر کۆنە چەکمەرەق، سـەربە عـومەر نەزمـیو نـوری سـەعید. بەرێـز حاجـی حـەماغای گەلاڵـە، لـەو گـێژاوە رزگاریکـردم، نامـەی نـارد بـۆ فەرمانـداری چوارتا وتـی- کەریمە فەندی خزمی دەخۆنە واتە خۆمانە، گەرەکە نەوازشت هەبێت. ئەمە بەسەرچوو.

خوێـندنگەی شـەوم کـردبۆوە، بـە پـەرەو پێـنوو سولوکسو، چراو نەوتی خۆم، تەنها تەخـتەی رەشـو تەباشـیر هـی میری بوو- خوێندنگەی رۆژ ٦ پۆلو ٣ مامۆستا، پۆلەکانمان تێکەڵدەکـرد دوای نـیوەروان دەچووم بۆ قەشان، مامۆستای نەبوو، نەم هێشت دابخرێت، ئەوسـەردەمە مامۆسـتا کەمـبوو، ئەبـدولا قەشـان بـرای فەقـی رەشـید و حاجـی حەمـە عەلیاغا، خاوەنی گوندی قەشان بوون.

هاتــه لام وتــی- کەریمــە فەنــدی بــەزاری خێڵەکــی، بنووســە مامۆســتامان نیــیە، ئەوسەردەمە وشەی موعەلیم بەکاردەهات منیش رێنمایمکرد، نارد مەلای بەخشدار، بۆ ئـەوەی تاوانـێکم بـۆ ساز نەکـەن، بەخشدار کوردی نەدەزانی، بانگی کردم وتی ئوستاد- ئـەو ئەرکەت پێدەسپێرم، وتم فەرمانت هەیە، ئەو ساڵە پەیدەرپەی، بەیانیان لە ماوەتو دوای نـیوەروان لـە قەشـان، شـەوانەش دەگەرامـەوە مـاوەت ٢ پـۆل خوێـندنگەی شـەوم هەبوو بۆ بنبڕی نەخوێندەواری بەم جۆرە گوزەراندم.

## پاداش

سـاڵ ١٩٥٩- دەبدەبـەی نیشتمانپەروەریو لاف کوردایەتی، پارتی دیموکراتی کوردستان سیلەو موڵەتـی وەرگـرت، هاتن بە دوامدا، زۆریانلێکردم، رووگیر بووم- جیب ئامادە کرا وتم کاتـی خـۆی بـە پێ هاتووچۆمان دەکرد، چوومە ماوەت لەتەکیاندا، هەڵبژرادن بوو، کەمنـیاندی وتیان کەریمە فەندی چییە، ئێمەش لەتەك ئەوداین. هەڵبژاردن نییە، ئەو پارتــە، ئــێمەش پــارتین، ئــەو کــوردە، ئــێمەش کــوردین، هــیچ نیــیە، وەکــو ئــەوین، هەرهەموویان هاتنە لای من- منیش وتم من کوردم- کوردستانیم.

لەبـری ئـەو ریـزو بایەخە، تۆزی خۆڵم هەلگرتو نامە ناو دەممەوە لەسەر سەرمدانا وتم- من ئەگەر خەڵکی مەڵکەندی نەبم خەڵکی ماوەتو قەشانم.

## خوێندنگەی گوێژە

گوێـزرامەوە بـۆ خوێـندنگەی گـوێژەی سـەرەتایی ٢ مـانگ بەسـەر چـوو، مامۆسـتا غەفور مـەلا عەلـی، کـارگێر بـوو، رۆژێك لەناو ژووری پۆلدا وانەی جوگرافیام دەوتەوە- ئەفسـەری ئاسـایش- مـارف ئـوسمان، یەکـە نـۆکەری بێشـەرم، لـە هەمـوو وڵاتـدا، هـات، پەلبەستی کردم بۆ بەندیخانە، بەرەو ئەبوغریب نانی بەیانیم نە خواردبوو.

## گرتووخانە

سـەرماوەزبوو، ٢ رۆژ بـەر لە گرتنم پاڵتویەکی لەنگەم کڕی بە ٢ دینار، فریامکەوت بـۆ زسـتانەکەی بەندیخانــە. بــە پەلبەســتراوی هێنامــیان بــۆ گــرتو خانــەی ســلیمانی، شــەوێکی لــێمامەوە، بــۆ بەیانــی بەڕێیانکــردین، بــە پاســە تەخــتەکان بــۆ کەرکــوك،

خوێـندكارەكان بەگـریانەوە هـاتن، ماڵئاوایـیان لێكـردم، ئـێوارە بـۆ سـەر شـەمەندەفەر، لەتـەك بەرێـز مەحمود فەقـی موحەمەد، سەرۆكی خێڵی هەمەوەند، لە كەلەپچەیەكدا بـووین، پۆلیسـەكە- ئـێوارە لەسەر شەمەندەفەرەكە دەستی كردمەوە، دەستو دەمو چاوم بشـۆمو نـوێژبكەم، دەمتوانـی رابكـەم، بـەلام نـەریتی كوردایەتـیو رەوش ڕیـێ پێـنەدام، پۆلیسـە هەژارەكـە سـزا بـدرێت بەهـۆی مـنەوە، ملـی ڕێمانگـرتو گەیشـتینە بەغـداد بـردیاننین بـۆ كارگێـریتی ئاسایشـی گشـتی، بـیجامە لەبـەرو خاولـی لـە مـل، بەزیـو، دركێـنەران- تەپـیو، رووخـاو لـە ئەندامانـی پارتـی كومونیسـتی عـیراق، یەكـێك لەوانـە مالـیك سـەیف، رەفـیق چالاك، عـومەر عەلـی ئەمین. مالیك سەیف وتی ناپناسم، ناویم بیسـتووە، پەڕەی كرداریان بۆ پڕكردینەوە، بەرەو ئەبو غریبیانبردین، فەرمانی سوپایی لـە ئـارادا بـوو، لـەو سـەربازگەیە رووتكـراینەوە، بـۆ پشـكنینی، نـەیا نەهێشـت، دراومان پێبـێت، هیچ شتێك، بەنەرمە ڕاكردن بەرەو تەویلەكان، ناو ژوورەكان كۆنكریت كرابوو هێشـتا ئـاوی تـێدا وەسـتابوو، ژووری گچكە ٢ كەسـی دەگـرت، تەنهایـی، تاریكـو نـوتەك بێچـرا، پەنجـەرەی تێدا نەبوو، ٥ مانگ پتر ماینەوە رۆژمان لێتێكچوو بوو، تەنەكەیەكو شەربەیەكیان بۆ دانابووین، تەنها بەیانیان بۆ ئاودەست یەكجار دەبراین.

بـە ئیسـكی نـاو چێشـتەكان، تیشـانەو ئامـاژەی دیـوارەكانمان دەكـرد، لـە بۆشـایی بلـوكەكانەوە، لەتەك گرتووەكاندا دەدواین، مامۆستا هەمزە ئەبدولا، گیرابوو، كابرایەكی خانەكینی ڕۆسـتەم هەیـدەر، بەعەرەبـی شكسـت لێـی دەپرسـیم، منیش دڵخوشی ئەو و هیترشیم دەدایەوە.

شـەوانە- زڕەی زنجیرو لـێدانو گـریانو هاوار دەهات، بەمەبەستی ترساندنو رووخان، زۆر كەس بەو جەنگی دەمارە، دەروخاو نهێنی دەدركان.

شـــەوێك، نمایـــندەی تەندروســـتی جیهانـــی، هاتـــنە لامـــان بـــە ئینگلیـــزی دەدوان، لێیانپرسیم، تۆ چیت؟

وتم- مامۆسـتام، وتـیان مامۆسـتای چـی؟ وتم مامۆسـتای مـێژوو جوگرافیا، وتیان بۆ گـیراوی؟ وتم ناحـەز بەگرتـی داوم، ئێمەش رەنگ زەردو هەتاومان نەدەدی ریش هاتوو، كراسـو بەرگـی چڵكن، پاڵتوكەم ئـاوەژوو لەبـەر كـردبوو، راخـەرو سـەرینیش بـوو، نـاو ژوورەكە تەڕو توشی هەبوو.

ئـەو زسـتانەمان بەسـەر برد، گرتوخانەی ئەبو غریب هەڵگیرا، لە ئەنجامی راپورتی ئەو نمایندەدانەدا، گوتبوویان كە ئەم شوێنە، شوێنی ئاژەڵە.

هاتینـه گـرتووخانەی کـەرخ- دەرگـای ئاسـنی گـەورە، کونکـون، خـەلکمان لـە شەقامەکانەوە دەدی، دەهاتینە دەری بۆ دەمو چاو شتن، واماندەزانی بەربووین.

گـرتووەکان، کـراین بـە ٢ بەشـەوە، بەشـێکمان دران بـە دادگـای رەسافە، ئەوانە هەر هەمـوو بەربـوون، بەشـەکەیتر بـۆ دادگای کەرخ، ئێمە دراین بە دادگای مەزن، پارێزەری بەرێـز نیشـتمانپەروەر و پارێـزەری بوێـر کـاك مـوحەمەد بابـان، مەردانـە، دادکۆکـیان لێکردین تاکو سەرگۆر شەرمەزاریانم.

گەواهـی درکینـەران، ئـێمەش لـە رکـەی دادگـادا، یەکـێك لـەو بەزیوانە، خوێنی منی کـردە کاسـەوە وتـی ئەمـە لەتـەك فەهـدا بـووە، چۆتە ئیرانو رووسیا، بەشداری شۆرشی بارزانـو کـۆماری کوردسـتانی کـردووە، لـە جەنگـی پارتیـزانیدا بـەرەو رووسیا چووە، بە ئەرك هاتۆتەوە.

وتم- ئەمانـە- گـەواه نـین، ئاگاهـیدەرنین، نـۆکەری ئاسایشن، خواردنو نووسینیان لە وێیە، ئاگاهیدەرو گەواه گەرەکە راستو بێلایەن بن.

وتم بەرێـز دادوەر- لـەو گەواهـە بپرسـە، خـۆی لەتەکمـدا بووە، یاخود بە دووربینی گـەورە، مـنی دیـوە لـە ئیرانـو رووسـیا؟ دادپـرس- رووبتێکـردو پرسـی- چـویتە ئیرانـو رووسیا؟ ئاگاهیدەر وتی نەخێر.

وتی- چۆن دەزانی؟ وتی بیستوومە، بیستن ئەو بەهای یاساییەی نییە.

وێـرای ئـەم هەمـوو ئـازارو ئەشـکەنجەو کیـبلۆ گازو پلایسە هیچم نەدرکاندو ٢ ساڵ بەنـدی قـورس بـە زنجیرەوەو ٢ ساڵ چاودێری پۆلیس، دوای تەواوکردنی ماوەی بەندیو زیندانـی، بـراین بـۆ زیندانـی مەڵبەندی، چووری ئەشکەنجەو ئازار، ١٥ رۆژی لێماینەوە، دوایـی هاوریـیەکان وتـیان خواسـتی بـدەین، تاکو بمانگوێزنەوە بۆ دوژەکان، خواستەکەم نووسی وتم راستیم لیمەدەن.

بەندکـراوێك نـاوی فجل بـوو، شـێت بـوو، لەتەك فەهدا ژیابوو، پێنووسو پەڕەی بۆ هێناین، هەواڵی دەبردو دەیهێنا.

دەرئەنجامی ئەوە، بریار درا کاروانمانبکەن.

کـاروان تـێهەڵدانە بـە هەمـوو وەردیانەکانـی زیندانـی، وەکـو فتـبۆل لەمسـەرەوە بـۆ ئەوسەر.

لـەو کاتـەدا، پارێـزەر کـاك موحەمەد بابان دێتە لای کارگێری گشتی بەندیخانە، پێی دەڵێ- ئەمانەی کە کاروانیان دەکەن، هاورێی منن.

پۆلسـەکان، کەسـەربانو بنبانیانگـرتبوو، هـەر هەمـوو کشـانەوە، ئـێمەش- ئاهـێکمان پێداهات.

دوایـی گوێـزرانینەوە بـۆ قـەڵاکان، دوژەکـان، هـەر لـەو بەندیخانەیـە، سـاڵ گوزەشـت، مـوحەمەد بابان وازی نەهێنا، داواکەی دا بە دادگای بەرزتر، ماوەی بەندییەکەی کەمتر کردەوە، چاودێری پۆلیس، کەمکرایەوە هاتینەوە، پێشوازیکراین.

ئەوانەی کە بەندکرابوون لەتەکمدا:

حەسیب شـێخ ئەحمەد، عەبدولا خالید، رەئوف حەمە سەعید فەتاح، وەستا حەمە لاو دارتاش، ١٣ کەس بووین.

موحەمەد مستەفاو میرە برای روفائیل جوو لەتەکماندا بوون.

**بێکارەیی، رەهەندەیو ئاوارەیی**

دوای بەنـدی، هاتمەوە بۆ سلیمانی، ١,٢٥٠ دینارم پێبوو، هاورێی، خزموخویش هاتنە لام، ٢٥٠ فلسـم بـۆ دان بـە چـا، لـە چـاخانەی حەمـەرەق، دیـنارێکم پـێمابوو، بـەرەو خانـووەکەمان هاتمـەوە، لای ئـێوارە، پێـیان وتم- خانـووەکەتان فرۆشـراوە، رووەکـردە خانـەی حسین بـەگ جـاف، حەسـەن بەگـی کوری، خوێـندکارم بوو، لەتەك عەلی بەگو ئـەورەحمان بەگـدا، ئاشـنابووین، لـە سـەربانەکەیان دەنووسـتم، بێـنانخواردن، تـەنها نووسـتنبوو، کەچـی چـەند چـامرلفێکی کـوردە کۆمونیسـتەکان فەرمانـیاندابوو کـە فـریمبدەنە خـوارەوە، لەسـەربانەوە، گـوایا مـن گـۆڕاوم، پارتـی کۆمونیسـتی کوردسـتان دادەمەزریـنم بـەو سـۆنگەیەوە، ئەو بێ ئەمەکانە- ئەحمەد غەفورو عومەر عارف بوون ئەوانیش، نەریتی خێلایەتیو میوانداری، دژیانوەستان.

ناچـار کـرام کـە بـێمەوە سـەربانی کـەلاوە فرۆشـراوەکەی خـۆمان بەرەیەکـی شـڕم لەسەربانەکە راخست، راکشام بە ئاگادارییەوە.

لـە پـڕ پۆلـیس بـە سوینیەوە هاتە سەربانو وتی- لە پۆلیسخانە داواتدەکەن، منیش نەچـووم، وتم نایـەم بـرۆ، پۆلیسـەکە چـوو نامەیەکـی لـە ئەفسـەری پۆلیسـەوە عەلـی ئـەباس بـوو، دەیناسـیم، مامۆسـتای کورەکەیـبووم، منـیش چووم بە پیر نامەکەیەوە کە نووسیبووی:

بەرێز کەریمە فەندی، تکایە تاکو ئێرە وەرە.

چووم، وتیان فەرموو، دانیشە، ئەوەی خانووەکەی کڕیبوو سکالایکردبو، وتبووی- ڕەبەنی خۆیکردوە بە خانووەکەیدا- ئەفسەری پۆلیش- ئەورەحمان کیلو، وتی ئەمە لە تۆوە دوورە، وتم بەگ، خاوەن ماڵی، خۆیکردوە بە ماڵدا بە خانووی خۆیدا، بەشی زۆری ئەم خانووە هی منە، بەشی کەمی کڕیوە.

وتم ئەوە فەرمانگەی تاپو- خانووبەرە، بپرسە.

لە کابرای کریاری پرسی، وتی بەشی هەیە؟ وتی بەڵی.

وتم ئەم خانووە، خانە ٣ ماڵی تێدایە، ئەفسەری پۆلیس تووڕە بوو لێی، خەریکبوو لێیبدات.

وتم بەگ وازی لێبهێنن، هاتینە دەرێ، ئەفسەرەکە پێوتم بە فەرمانی میری تێداە، پۆلیست دەدەینی، وتم بەگ نامەوی، ئەوەی کەناچاریکردوم کەلەوی بنووم، دراوم نییە بچمە ئوتیل، گومانلێکراوم، لەسەر شەقامەکان بنووم، بچمە هەر خانوو ماڵێك، چونکە ڕەبەنم، پێیان ناخۆشە، هاتینە دەرەوە، سەرزەنشتی کابرای کڕیارمکرد، وتم من ئاوارەو دەربەدەرم، گریمان هاتمە خانووەکەت، گەرەکبوو ڕێزت لێبگرتمایە، شەرمەزارمکرد، کابرا وازی نەهێنا بەهۆی- شێخ لەتیف حەفیدەوە ویستی بەشەکەی خۆمی پێبفرۆشم، بەرێز مەلا کاکە حەمەی چوارتاو کاك محی دینی چنارە- ئاشنامبوون، برادەریم لەتەك شێخ لەتیف حەفیدو ئەو بەرێزانە- شێخ لەتیف لە وەلامی ئەودا وتبووی- بەو کوڕە بلێم بەشەکەلاوەیەکت هەیە، بیفرۆشە، ئەمە ڕەوایە- ئەو کورە واتە کەریم زەند ئەگەر بێتەلام، گوندی کەناروێی پێشکەشدەکەم کەلە هەموو گوندەکانم لاپەسەندترە.

ئیتر کابرا پەتی پچرا، نا ئومید بوو، لە ڕێی میریو هەم لە ڕێی خێلایەتییەوە، ناچار بوو لەتەکمدا ڕێکبکەوێت.

چوومە خانەکەی عەلی ماوەتی، گەلاڵەیی، قەشانی لێبوون- وتم وەرنە خانەکەی من بە خۆرایی، نرخی شەوانەی خان بۆ ولاخێك- ٣٠ فلس بوو، تێمگەیاندن، کێشەکەم چییە. ئەوانیش هاتن بە خۆیانو وڵاخەکانیانەوە، کابرا بێزار بوو، خواخوایبوو لە کۆڵی بکەوێت، چوو بۆلای حاجی قادر جەبارو حاجی مستەفا، جارجار دەچوومە لایان، ڕێکیان خستین بە ٣٠٠ دینار، منیش هیچم نییە، دەستگیرویی کرام، کاك سدیق شاوەیس، کارمەندی تاپۆ بە زوویی کارەکی ڕاپەراندو خانووە گڵە شرەکەم، دەستکەوتەوە، پێموت، من دەڕۆم، بە ئارەزووی خۆت چۆڵیبکە کلیلەکەم بۆ دابنێ لەو شوێنە.

سلیمانیم بە ناچاری بەجیهێشت، چوومە شارەزوور، بەهۆی خویشایەتییەوە لەتەك بەرێـز توفـیق قـەزازدا. ماوەیـەك لـە گـوندی کەڵوڕان، سەراو مامەوە، سەپانو وەزیر لە گـوندی چـنارو مـۆر دیـنەوە، خـاوو خێـزانیان لەتەکدابـوو، تووشـی نەخۆشـی مـەلاریا- لـەرزوتا بـوون، دەمـردن، یـەك هەگـبە، حەبـی کینـنم پێبوو، هەندێکیانم بۆ رزگار کرا، خێـزانێك تـەنها ئافـرەتیکیان لـێ دەرچـوو، هەرهەمـوو مـردن، ئەوسـەردەمە شارەزوور، پیسـترین چەشـنی میشـولەی لـەرزوتای هەبـوو، چارەسـەریکرا، لەلایـەن فەرمانگـەی مـەلاریاوە، هاوڕییەکـی خۆشەویسـتی مـنی تـێدا بـوو- مسـتەفا کـەریم غەفـور، راژەی دانیشتوانی شارەزووریانکرد، مەلاریا بنەبڕکرا.

دوایـی هاتمە گوندی گوێزی گچکە، تلەزەیت، بەری قەراخ ماوەیەك، لەبەر گرتکخۆر نەمتوانـی زۆر بمێـنمەوە، وێـرای ناکۆکـی شـێخی نەمـرو کـاك توفـیق قـەزاز، نـۆکەرو دەستوپێوەند، شێواند بوویان.

هاتمـە پشـدەر، کوڕەکانـی بەرێـز مەحمـوداغا حاجـیاغا خوێندکارمـبوون، وانـەم پێدەوتن، زستانم بەسەر برد- هاوین هاتمەوە هۆمەرامانو کەرپچینە.

خوێندنگەیەکـی بێنازمکـردەوە، سـاڵی پـتر مامـەوە، شـێخ محەمـەدی شـێخ ئەبدولکـەریم کەسـنەزانی- کرپچنە، شـێخ حسین کوری زاوای شێخ سەلامی بوێژ، کوڕە شـێخەکانو خزمەکانیان قالەو قەلەندەر، شێخ عەلی کوڕانی شێخ حسن منداڵبوون، ئەم کارە، بەرێز شێخ سەلام هۆزانڤان، رەخساندی بووم.

لێـرە کـارم نـەما، رووەکـردە چویسـەی شـلێر بۆزشـانی دوایـی لای بەرێـز شـێخ ئەبـدولقادر چویسـە گێرسامەوە، خوێندنگەیەکی گچکەم کردەوە، کورەکانی شێخ کامل، شێخ ئەحمەد، دەیانخوێند، نەوازشیان هەبوو.

ناوبـەناو سـەرم دەدا لـە گـوندی وێـنەو داروخانـو شـیوەگوێزانو، گۆلـی، میشـیاو، شەیدان، گەرمك، برالە، دەڤەری شلێرو ناوخوان.

مەجـید خانـی حەمـە رەشـیدخان، هاوڕییەتـی کـۆنم هەبـوو، لەتەکـیدا، رێـزیان لێدەگـرتم، هـەروەها حەمـە سـدیق خـان سـلیمان خـان میشـیاو، هـەر هەمـوو خـاوەن رێـزبوون، حەمـە ئـەمین بـەگ گۆلەو مەحمود بەگـی کـوڕی، بەهەمان شێوە رەفتاریان لەتەکدا دەکردم.

### کارگەریی

هاتمە سەرچنار، ماوەیەك كارگەریمكرد لای ماتیوس- كۆنترانگریكی ئەرمەنی بوو.

دوای هاتمە دەربەندخان بووم بە ئەفسەری پەیوەندی نێوانی كۆمپانیای سەنرایتیریسی فەرەنسیو میری، ساڵێك پتر مامەوە، هۆزانڤان قانع هاتەلام، داممەزراند ئەویش لە یاداشتی خۆیدا نووسیویەتی.

لەبارودۆخی دەربەدەریو رەهەندەییو ئاوارەییدا، مامەوە تاكو ١٩٥٨.

### گەرانەوەم بۆ رووسیا

دەرفەتم بۆ رێكەوت، بەپێ لە ماوەتو چۆمی تەیەتو و كێوی هوملیو، گوندی بێژوێ لە شەلماشەوە، پردی كەڵۆیی خوارووی سەردەشت، بەشنۆو لاجاندا، بە تەرگەڤەرو مەرگەڤەردا، چیای خەلیل، بەناو شكاكدا، دەشتی سۆمارو برادوست، بەناو ملاینو كوێرە سونیو ماكۆ لە پردی ئارەبلوەوە بەرەو سنووری رووسیا، ولاتی كاپكاس، ئازربیجان- تەخچەڤان، رەوان، ئیریڤان، باكۆ بۆ خوێندنی ئەكادیمی مێژووی رامیاری و وتاردان لە شاری تەشكەندو دووشەنبێ و شاری ماری- مەرۆ- كەكوردی ئایینزای جەعفەرین، چەند ساڵێك لەم دەڤەرانەدا مامەوە، لێرەوە بۆ بولگارستان، گەڕان بە چیاكانی بالكاندا بە پێ، چوونم بۆ یوگوسلاڤیاو جیكوسلوڤاكیاو ئەلمانیای خاوەرو خۆرنشین، شاری بەرلین، گەرانێكی تەواو بە خاوەری میانەدا، ئەمانە لە گەشتی زەندا نووسراوە، بەمەبەستی نووسینی جوگرافیا.

### مامۆستایی دووبارە- ١٩٥٩

یاسای پادشاهێتی لە ئیراق رووخا، كۆمار بەرپابوو، گەڕامەوە سەرپیشەی مامۆستایەتی، هاتمە خوێندنگەی خالیدیە، مامۆستا یونس توفیق ئەبدورەحمان، كارگێربوو، پاشكۆی بۆ كرایەوە، وەكو یارمەتدەر، بریكار بووم لە ١٩٥٩/١٠/٨ دوای ئەوە- كرام بە كارگێری خوێندنگەی پیرەمەگرون لە ١٩٦١/٣/٢٢، مامۆستا غەفور مەلا عەلی، كلیلەكانی لای كارگێری پەروەردە، دانابوو، كە مامۆستا سەمەد بوو.

شۆرشی كورد بەرپابوو- ئەیلول ١٩٦١- دەربەند بازیانو دەربەندخان گیران، ئێمەش پاڵتو بەرگمان برد بۆ چەكداران بە ئوتومبیلی مامۆستا وەلید كەركوكی- سوپای عیراق- شاڵاوی هێنا، هەردوو دەربەند بەرگری تێدا نەما.

کارگێـری گشـتی پـەروەردە، هەمـوو کارگێرانـی خوێندنگەکانـی کۆکـردەوە، داوای تەلەگـرافو بروسـکەی لایەنگـری لێکـردن بـۆ میری، بە پێی ئەو کلیشەیەی کە دانرابوو، مۆڵەتیش ٢٤ کاتە.

هـەر لـەوێ راوێژکرا وتم گەرەکە یەکیەتی هەبێت، هاتمەوە خوێندنگە، مامۆستاکان پێشوازییان لێکـردم، وتـیان چـییە؟ وتم داوای بروسکەی لایەنگری بۆ میری دەکەن بەم کێشەیە.

بروسکە لێنەدرا، ٢٤ کات بەسەر چوو، چاوەرانی ئاکامی بووین.

ئاشـکرایە- کـە ئـەم هەمـوو مامۆسـتایانە نـاگیرین و دەرناکـرین- گـەڕان بـە دوای ئەوانەدا کە رابوردوویەکیان هەیە وەکو ئێمە مانان.

لیستە دوای لیستە، دەردەچوو، مامۆستا دەگوێزرایەوە بۆ باشوری ئیراق.

مامۆسـتا حەمـە سـاڵح سـەعیدم لابـو، فەرمانـی گواسـتنەوەی دەرچـوو، هاتـو وتـی- دابڕانم بنووسە، وتم باشە ئەی کێ دابڕانی من دەنووسێت؟.

لەو لاوە- مامۆستا ئوسمان سەعید هاتو وتی- پارت منی داوەتە دەست تۆ.

پێموت باشە- ئەی من بەدەست کێم؟.

وتی- هەرهەموو بەدەست یەزدانی مەزنە.

هەمـوو رۆژی ئاسـایش دەهـاتن بـۆ پرسـین لـە مامۆسـتا عوسمان سەعید، ئاگاهی بۆ دەرکـرا بـۆ ماوەیـەك کـە بگەرێـتەوە، مـاوە تەواو بوو، مووچەی ئەو مانگەم هەر چۆنی بـوو، بـۆم وەرگـرت، دوای ئاگاهیـیەکەی بـە ماوەیـەك گەڕایـەوە بـۆم نووسی کەلە پێش تـەواو بوونـی ئاگاهیـیەکەی، گەراوەتـەوە، یەکـی لـەو ئاسایشانەی کە دەهاتن بۆ کێشەی مامۆسـتا ئـوسمان سـەعید وتـی- کـە من لەو ترسناکترم، راپۆرتیان لێدام کەمن نوێنەری خودی بارزانی نەمرم، بەرپرسی شۆرشم پەیوەندیم بە دەرەوەو نێو دەوڵەتی هەیە.

ئـەم راپـۆرتە، لـە کەرکـوك، فەرمانـدەی لەشـکر، کـاك کـەریم قەرەنـی فـریامکەوتو کەمەکـی خاوکرایەوە، بە لیستەیەکی تایبەتی گوێزرامەوە بە دەستبەسەری بۆ ئوستانی ناسـرییە کەناری زولکاوەکانی باشوری ئیراق ١٩٦٢/١١/٢٨، شەش ساڵ بە دەستبەسەری بە مووچـەیەکی کـەم، لـەناو هـۆرو زەلکاوەکانـدا مامـەوە، ٣ ژەمـە بەلگەی بوون واژو مۆرم دەکرد، لە پۆلیسخانە.

لـە مـاوەی رێکەوتنەکانیشدا، نۆرەمان بەرنەکەوت کە بگەرێمەوە، پەنامان دەبرد بۆ هـەر لایەك، دەیانوت بە دەست ئێمە نییە، تاکو چەرخی ئەورەحمان عارف، ئەورەحمان بەزاز، نامەیەکی تایبەتیم بۆ نووسی بەعەرەبی- بە هەڵبەستو پەخشان بەم جۆرە:

لـه برایەکـی کـوردەوە بـۆ برایەکـی عـەرەب، لـە بـرای زەنـدەوە بـۆ بـرای مەعازیـد، نامـەی تۆمارکـراو گەیشت، کەوتـە گـەڕ بـەلام بێسـوود بـوو، تاکـو ناجـی تالـب، سەرۆك وەزیـران کـوری حاجـی تالبـی ناسرییە، ئەو هەموو دوورخراوەو دەستبەسەرانی کوردی ئـازاد کـرد، لـە گـۆڤاری رووداوی عیراقـی[1]بلاوکـرایەوە، دوای نـاوی بەرێـزان مامۆسـتا ئیبراهیم ئەحمەدو سمایل عارف، ناوی منی تێدا بوو، هاتمەوە بۆ سلیمانی.

هاتمـەوە خوێـندنگەی مـەولانا خالـید- نالی، سەرشەقامی ٢ تاکو ١٩٧٠/١/١٧، کرام بە کارگێـری راهێـنکە- تطبـيقات دار المعلمـين- لـەو کـارەدا هەڵبژێردرام بووم بە سکرتێری کابینـەو سەندیکای یەکێتی مامۆستایان- دەسەڵاتی سەرۆکایەتیم پێدرا.

**خانەکین- ١٩٧٠**

پەیـتا پەیـتا لـە خانەکیـنەوە، داوا دەکرا کە کارگێری پەروەردەی سلیمانی- مامۆستا سـامی حسـین نـازم بـوو، کـادەری خولـی زمانـی کـوردی بنێـرێت، ئەمـیش بـە هـەر مامۆسـتایەکی دەوت، داوای نرخـی وتـارو پێشـەکییاندەکرد، ئـەویش دەیـوت، ئـەوە ئوسـتانێکی تـرە، لـەو بارەیـەوە هیچم بۆ دەرنەکەوتووە، بە ناچاری تەلەفونی بۆ کردم، خێـرا چـووم وتم تەلەفـونەکەم بـدەری، وتـی وەرە لـە شـوێنەکەم دانبنیشـە، وتم فەرماندەرکـە، مامۆسـتا محەمـەد عەبـدە، رەئوف سەراف فوئاد، شیرکو ئەحمەد شەوقی، خـۆم ئامـادەین، تەلەفـۆنم بـۆ کـردن، بـەزووی هـاتن، پـاش نـیوەرۆ، بـارو بارخانـەمان پێچـایەوە ڕۆیشـتین بـۆ باقـوبە، لـەوێ شـەو مایـنەوە، بـۆ بەیانـی چـوینە کـارگێریتی پـەروەردەی دیالـە- دێـیەلە- ئامادەیـیمان نیشـاندا فەرمانیاندەرکـرد، هـەر ئـەورۆژە گەیشتینە خانەقین.

لـەوێ لـە سـەندیکا دەنووسـتین، زوربـەی ڕۆژەکانـیش مـیوانداری دەکراین، مامۆستا جاویـد بـەگ، مەحمـود زەهـاوی، ئیسـماعیل کـەرەم، عـەدنان مایخـان، پێشـوازییەکی بـە گەرمـیان لێکـردین. هەفـتەیەك بەسـەر نەچـوو، کارەسـاتی روویـدا، کوردێکـی سـەربەبەعس، کوردێکـی پارتـی کوشـت، بـارودۆخ ئاڵـۆزا- چـوومە بارەگـای پارتـی، کـاك غـولام بەرپرسـیبوو، تکـام لێکرد، کە ئەم کارە بداتە دەستم، زۆر پەسەندیکرد، چەکدار رژایـە ناوشـار، خەریکبوو خـوێن بـرژێت، خۆپیشـاندانێکیان سـازکرد، خۆمـو مامۆسـتا

[1]) الوقائع العراقية– العدد ١٣٠٦، السنة التاسعة، الخميس ايلول ١٩٦٦.

عەزیـز پشـتیوان لـە پێشـەوە، هەمـوو رێکخـراوو چـەکدار بـە دوامانـدا، گـرمانخوارد بـە هەمـوو شـەقامەکانی شـاردا مـیری- چـەکداری ئامادەکـردبوو، لەسـەر پـێ بـوون، مـنەی تەقەیەکیاندەکرد، زۆر بە ئارامی کۆتاییمان پێهێنا.

وتـارێکم بـۆدان- چـوومە لای عەلـی عیسا بەگی ئەرکەوازی، هاوکاری کردین، ئاژاوە کـوژایەوە، کارەکـە لـە رەگـو ڕیشـەوە دوژمنایەتـی ناوخۆ بوو، رکوکینەی کۆنی چەرخی ئوسمانی بوو بۆ سەردەمی نوری سەعید، هەر بەرەیەکیان لایەکی دەگرت.

بەرەیەکـیان- ئیـتحادی دەسـتوری، بەرەکـەیتر- ئـومەی ئیشـتراکی، بـەم جـۆرە دوای شۆرشـی تەممـوزی ۱۹۵۸، مۆڵەتـی پارتـی دیموکـرات، ئـەمان لایەنـی بارزانـی نەمـر ئەولا هەڤال مام جەلال تاڵەبانی.

لــە چــەرخی بەعسـدا، ئــەوان بەعســی و ئــەمان پارتــی، بــەم جــۆرە، لــە رووی خێلایەتییەوە بە تفنگو ئافرەت، چارەسەرکرا.

**ئامیدی**

سـاڵ زڤـرا، ماموسـتا مـوحەمەد حەوێـز- حەمـە رەش کارگێـری گشـتی پـەروەردەی دهـۆکە- ئوسـتان- داوای کـادەری خولـی زمانـی کـوردی کـرد، دووبـارە خۆمان ئامادەکرد، لەتــەك مامۆســتا ئەبــدولا رەزا قــادر ئــەژدەر، شــێرکو ئەحمــەد شــەوقی، وتم خــۆتان سەرپشکبن بـۆ زاخـۆ، دهـۆك، مـن چـووم بـۆ ئامـیدی، خولـی زمانـی کوردییمانکردەوە، ئاسورییەکان، لە پێشەوە سلێیاندەکرد، بە پێ چووم بۆ لای مەترانی دووری ئەنـدراوس- لەتەکـیدا دوام، فەرمانـیدا، بـە مامۆسـتا ئاسـورییەکان کـە بەشـداربن، وتـی ئێمە لە ناو کوردایـن.

ئەرکـی پێسـپێراومان بـە جێهێـنا، بەرێـز ئەسـعەد خۆشەوی کەسی دووەمی شۆرشی کوردسـتان لـە فـروکەخانەی بامرنی بوو، فەرمانـدەی ئەو دەڤەرەبوو، دەبوایە ماڵئاوایی لێـبکەم، دوای تەواو بوونی کارەکەم، چوومە بامرنی، خەسرەو رەشید کەریم کارمەنـدی تاپـۆی ئامـیدی هـات لە تەکمدا، کە چووین هەر لە دوورەوە هات بەرەو پیرمان وتی من تەمدیوە- وتم ئەزبەنی خۆتان بێژن.

دوای هەناسـەیەك وتـی تـە کەریمـی- وتم بەلـی ئەزبەنـی، باوەشی پێدا کردم، نێورۆ یابراخـی بـە پەراسـوو بـۆ کـردین، وێـنەی خـۆی دامی، لە ناو ئەوهەمموو ئامادەبووانەدا وتی- ئەڤە لەتەك ئێمە بوو- ئەڤە هەڤالی بارزانی نەمرە.

وتـی ئـەی وردی لـە کێـرییە، وتم ماموٚستایە، وتی چەوە ماموٚستایە، وتم ماموٚستایە ئەزبەنی، وتی دەبوایە ئێوە کاربەدەستبن.

دوای نێوەرۆ سیلەم خواست کە برۆین، کاك سەلیمی کوڕی کە فەرماندەی هێز بوو، پێی وت، جانتاکەی بۆ هەڵبگرە تاکو سەر جادەو رەوانەیانبکەن.

بەم جۆرە هاتینەوە.

## کۆڕی زانیاری- ١٩٧١

لـە کۆڕی زانـیاری کـوردیدا، بـووم بـە ئەندامی یارمەتدەر، بەفەرمانی کۆڕ چووینە ڕانـیە، قـەڵادزی، مەرگـە بـۆ گـەڕان بـە دوای میراتـو کەلەپـورو وشـەی کوردیـو زاراو و دەستنووسـدا، گـوندەکانمان تەیکـرد، ماموٚسـتا کـەریم شـێخانیم، لەتەکدا بـوو، چووینە بەستەسـتین لای کـاك حەسـۆ میرخـان، مـیوانداری کردین، نامەیدانێ بۆ مەلا محەرەمی مەرگـە، کـە گـوایا دەستنووسـێکی لایـە لە پێستی ئاسك نووسراوە، باسی چەرخی هاتنی ئیسلامی تێدایە، دەستنووسەکە قورسو سەنگینە، باری ئیسترە.

هـەر چییەکمانکرد، هێچمان بـۆ سـاخ نەبۆوە، دەفتەرێکی گچکەی شڕی نیشانداین، لە نووسینی شاگردی ٦ سەرەتایی دەچوو.

هاتیـنە بێـتواتەو سەروچاوەو بالیسـان بـە گوندی هەرمکێ، شکارتە، چیوەی سەروو خـواروو، بـۆ لای مـەلا سـەلامی چـیوە، کـەریم شـێخانی لـە پێشـمەوە بـوو بـە قولـیا نەدەگەیشـتم، ئـەو شـەوە لـە گوندی چـیوە گـرتمەوە بـە دۆڵـی بالیسـاندا، بەزینوەتیردا بەسـەر شـەقڵاوادا هاتیـنە خـوارەوە هـەر بـە پـێ، لەوێـوە هاتمە هیران لای کاکو دیدەنی ئارامگـەو خەوابگـەی لـە چـیا هەڵکەندراوەکان لە ئەشکەفتێ، دەربارەی ڕێبازی پارسایی کـاك زانـیاریم وەرگـرت، هـەر بـە پیادەیی هاتمە نازەنین، جەلی چنارۆکی بلباس، هاتمە شاری کۆیە، کاك عەلی بەهار سلیمان، فەرماندار بوو، کۆمەکی پێکردین.

لەم ماوەیەدا، کۆنگرەی نووسەرانی کورد لە هەولێر بەسترا، بەشداریمکرد.

ئەو گەشتەش بەو جۆرە کۆتایی هات.

دوای هاتـنەوەم، مـەلا محەرەمـی مەرگـە خەریکـبوو تووشـی گاشـەیەکمان بکـات لـە فەرمانگـەی پاشـەوار، سـکاڵای لێکـردبووین وتـبووی- دەستنووسـە گەورەکـەم داونەتـێ، تاوانباریکـردین، ئـێمەش لـە ڕووی ڕاستیەوە، وەلامێکی یاساییمان پێشکەش کرد، تاوانە

کـەمان لەسـەر لاچـوو، شـێخ مـوحەمەد خـاڵ خاوەنـی هەسـتو نەسـتی نەتەوەیـی، ڕاسـتیەکەی روونکـردوە بـە باشی بە لای ئێمەدا شکایەوە، خۆی بریکاری کۆری زانیاری کورد بوو ئەو سەردەمە.

**بنبڕی- نەهێشتنی نەخوێندەواری**

لـە چـنوەی گەڕانەکەمـدا بـە دوای کەلەپـوورو دەستنووسـدا، چـوومە چـۆمانو ناوپـردانو ماکۆس، نەچوومە خـزمەت دیـدارو دیدەنـی بارەگای سەرۆك بارزانی نەمر، شەو هاتمەوە چاخانەکەی رایاتـ لەسەر تەختەکان نووستم.

کـە سـەرۆك بارزانـی نەمـر، شـەو درەنـگ دێتە بارەگاو هەواڵی ئێمە دەزانی، دەڵێن- کەریم زەند هاتووە بۆ ئێرە، دەفەرمووێ- چتوڤ نەهاتووە بۆ ئێرە- سڵدەبێ.

مـام ئەلـی کەلەبـنەرەتدا کاپکاسییە، دەڵێ- کـە شـوێنی بتمانەیەتی و تەنها مرۆڤە لەبەردەمی بارزانی نەمردا، بدوێ و بوێری- دەڵی:

ئەزبەنـی کـەریم زەنـد کـاری بـە بەرێـزتان نیـیە، بۆچـی دێـت، دەفەرمـووی- چەوا- کاری نییە- مام ئەلی.

مـام ئەلـی دەڵـی- ئەزبەنـی، کـەریم زەنـد- زیـرەڤانو نـۆکەرو جـاش نیـیە، تاکـو بیبەخشـی، جـاش نیـیە کلاشـینکوڤ بـدەیتی، بـەدوای فەرمانـبەریو کارمەندیـو دراودا ناگەڕێ.

سـەرۆك بارزانی- لەمەدا راماو خامۆشبوو، بەشانی مام ئەلیدا دەکێشی، دەڵی- خودی راستبیژی.

دوای هاتمــەوە بــواری بنــبڕی- نەهێشــتنی نەخوێــندەواری ١٥ ســاڵ کارمەنــد، سەرپەرشــتیار، بــریکاری کارگێــر- لیســتەی گەڕانــو هاتووچــۆم نەدەکــرد، دەرماڵــەم وەرنەدەگـرت، مـاوەی کارمەنـدێتی زۆر گـەڕام، گـوندو بەخشـو شارۆچـکەکانی ئوسـتانی سلیمانی، زوربەی، خوێندنگامان تێدا دەکردەوە.

بـۆ نمـوونە- لـە گوندی زەماوەنگـەی نزیکـی باوەنـور- پێـباز سـەر بـە کـەلار، کەلـە چەرخی ئوسمانییەوە، خوێندنگەی تێدا نەبووە، کوێخا مەلا فایەق، گەواهە.

هـەر لـەو گەشـتو گەڕانـەدا، دوای رایات، هاتمە خەلیفان، باپشتیان، لای ئێوارە چاوم بـە ئەنوەر بەگ عارف بەگ کەوت، فەرمانداری مێرگەسوور بوو، لە چاخانەی خەلیفان

لایـدا، کەمەکـی بەیەکـەوە دانیشـتین، ویسـتی لەتەکیدا بگەڕیمـەوە- وتم دوێـنی شەو لە مێـرگە سـوور بـووم، چوومە خزمەت شێخ موحەمەد خالید کوڕی خودانی بارزان شێخ ئەحمەد، میوانی ئەو بەرێزە بووم.

چـوومەتە لای کـوڕی حەمـەدەمین میرخـان- شـیروانی، وێـنەم لێداواکـرد، دایمـی، لە گۆڤاری دەنگی مامۆستا، روونی دەکەمەوە، قارەمانێتی ئەم جەنگاوەرە.

هەروەها چوومە گوندی ژاژوك، کە حەسۆ میرخان، خەڵکی ئەو گوندەیە.

لـە خەلـیفانەوە چـوومە جافـرەکان، شـانەدەر، رێـزان، بلـە، بـارزان، چـومە لای بەخشـدار، دیدەنـی مـزگەوتە کـۆنە، دێرینەکەیمکـرد کـە پێشـی ئیسـلام، هـەر پەرسـتگەبووە کەنیشـتەی جـوو، کڵیسـەی کریسـتیانی، چـەرخی ئیسـلامی کـراوەیە مزگەوت.

چووەمە دیدەنی ئارامگەو خەوابگەی بەرێزی خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان ١٩٦٩ کۆچیدواییکردوە، لەکاتی خۆیدا، کۆچەکەی کاریتێکردم.

**نووسەرانی کورد**

وێـژەی کـورد، بـەهاو بایەخـی، بـە تایبەتی، نووسەرو بەرپرسی لە رابەریتی و کۆرو کۆمار، ڕەوتـی مرۆڤـی مەردومی کوردا لە چاخو چەرخەکاندا، کە ئەرکی مێژوونووسی چـەرخو سـەردەمو دەروونـو دەربـرینی میللی هەیـە لـە بـواری ژیانو رووداوەکانیداو لە سـنوورو چـێوەی وێـژەو گوڕانکاریـو رووداو گەشـەکردنو داهێـنانو پێشدەسـتی ئەفـرانو بارودۆخـو کاریگـەری وێـژەی نەتـەوەو میللەتانـیتر ئارمانجـو ئاواتـی ستراتیجی گوڕاندا، ناوازەیە. بۆ ئەوەی پەیدەرپەی، پەی بەوە ببرێت، کۆتایی، ترۆپ، پۆپە، لوتکە، نییە.

بەڵکو کۆتایش هـەر نـیـیە، هەر چەندە هۆکاری وەکو رۆژنامەو گۆڤارو، تێپەربوون بەسـەر ئـەم شێوازەشـدا وێـژەی یاخـود رەشـوکی، ئـەوەی کـە گـرنگە چ نوێکاریـیەك خـراوەنە سـەر کەلەپـوور؟ چ نوێکـردنەوەیەك، بابەتی نوێ، فراوانتر، ناواخن، خراوەتە بەردەمـی خوێـنەر، چونکە وێـژە بەشـێکە لە هونەر، هونەریش لاساییکردنەوەی ژیانە، هەر هەموو لە کێشو سەنگو پێوەرو تەرازوودا، دەردەکەوێ.

هەمـوو زمانـێك بـنەماو پایـەگاو بـنەرەتو بـناغەی پـتەوی خـۆی هەیـە، شـەقڵو گورانکاری، دیاردەی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەرکی نووسەرو شارەزایی لە زمانداو هەست بە گرفتی میللەت، بڕوا بە گەشەکردنو نوێخوازی، پشت بەستن بە ڕۆشنبیری گشتی، هەروەها بە تایبەتی، ئەو سوورو خولو ڕۆڵەی کە گۆڕانکاری دراوە.

ئەمانە هەر هەموو کێشو سەنگی دیاریکراوی خۆی هەیە وێژەی کوردی هاوچەرخ شانبەشانی مرۆڤایەتییە لە بونیادنانی داستانە مەزنەکەیدا، لە هەموو بوارو لکەکانیدا.

لێکۆڵینەوەی مێژوویی وێژە، لکێکی زیندووە، رشتەیەکی پرشنگدارە، لە لکەکانی رۆشنبیری و چاوگە بنەرەتەکانی کە بەروبوومی هەیە، بەرهەمی هەیە، ئەو بەرهەمەی کە توانای بیرکردنەوەو ئاراستەیی، بونیادنانی مرۆڤایەتیو جێگیرکردنی هەستو نەستو نیازو خوازە، لە هەموو جۆرە ژیانێکدا و ئاشکراکردنی رامانە، بەبەدی یاخودینێکی، چاکو بەد.

هەر چەندە کەڵە هۆزانڤانو هۆنەرو نووسەرانی وەکو حاجی قادری کۆیی، مستەفا بەگی کوردی، نالی، حەمدی، پیرەمێرد، گۆران، زێوەر، نوری شێخ ساڵح، بێکەس، بێخود، سەلام، هەردی، رەمزی مەلا مارف، توفیق وەهبی، محەمەدی خاڵ، قانع، د. عیزەدین، لە هاوچەرخەکان- حەسیب قەراخی، ع. ح. ب، ع.ع، شەونم، کاکەی فەللاح، دیلان، کامەران. دوای شۆرشی گەلاوێژی ١٩٥٨، جموجۆڵی، چالاکی وێژەیی، سەریهەڵدا، نووسەرانو شاعیران لە خانەی یەکتردا، کۆدەبوونەوە، لەوانە- بەرێز شێخ محەمەدی خاڵ، شاکیر فەتاح ئەحمەد، رەمزی مەلا مارف، کامەران، کەریم زەند، هیتر.

لە لایەکی ترەوە، بڕێژی نەمر گۆران ئەبدولا، لەتەك نووسەرانی عیراقیدا، تەبایییەك پەیدا بوو، چەند نووسەرێکی تێدا بوو بە ئەندام وەکو مستەفا ساڵح کەریم، کەریم زەند، هیتر.

چەند جارێك کۆبوونەوەکرا، ئەبدولا گۆرانی مەزن وتارێکی درێژخایانیدا، لە بارەی مێژووی وێژەی کوردەوە، لەم کەشمەکەشمەدا، دەستەیەك، لە نووسەرانی کورد، کۆمەڵی نووسەرو وێژەوانی کوردیان دامەزراند، لەم بەرێزانە، بوون بە دەستەی دامەزرینەر:

ئەنوەر مائی، ساڵح یوسفی بامرنی، محەمەد توفیق وردی، حسین رشوانی، کەریم زەند، مەجید ئاسنگەر، بورهان قانع، محەمەد مەولود مەم، حەیدەر محەمەد ئەمین، مستەفا نەریمان سەید ئەحمەد، شەفیقە لەیلان، حەسیبە محەمەد، ئەحمەد حەمە

رەشـيد، رۆسـتەم نافـع فەتاح، بەشیر موشیر، دوای ساڵانی شەست، بارودۆخی کوردستان، ئاڵۆزبـوو شۆرشـی کـورد لـە ئەیلولـی ١٩٦١، بەرپابـوو، نووسـەران بڵاوبـوونەوە، یەکیەتـی شێوا، یاسایی نەما، سەر لە نوێ، دەستەیەکی نوێ، بەرنامەو پێرەو پروگرامو یاسای ناو خۆییان دانا ١٩٧٠، دەستەی دامەزرینەری لەم بەرێزانە پێکهات:

جمـال بابـان، د. ئیحسان فوئاد، حسین عارف، د. مارف خەزنەدار، کاکە مەم بۆتانی، د. عیـزەدین مسـتەفا رەسـوڵ، خالـید دلێـر، د. کـاوس قەفـتان، د. نەسـرین فەخـری، محەمەد مەلا کەریم، نوری عەلی ئەمین.

بەیانـی ئـازار- ئـادار ١٩٧٠، رێـژەی ژیانـی خەباتی میللی گۆڕی، خاڵی وەرچەرخانبوو لـە مـێژووی، کۆششـو خەباتـدا، رێـژەو یاسـا بـۆ رێکخراوەکاندانـرا، دەسـتەیەکیتر لـە نووسـەرانی کـورد، کـودەتا، گەردانیانکـرد بەسـەر دەسـتەی دامەزریـنەری پێشـوودا، بـە سـەرۆکایەتی ئـەورەحمان هـەژار موکریانـی، رێـی خۆشـکرا بـۆ بەستنی یەکەم کۆنگرەی نووسـەرانی کـورد لـە بەغـداد لـە هۆڵـی خـولد، لـە حوزەیرانـی ١٩٧٠، بە وتاری مامۆستا هـەژار موکریانـی کۆنگـرە کـرایەوە، لـە وتارەکەیـدا، هێرشـی بردە سەر دەستەی پێشوو، بەخۆفرۆشی ناو بردن، ئەم ناو و تۆرەیە، لەسەریکەوت.

ئەگـەر رەوابـی بڵـین کـە مـێژوو گـردوکۆو سـەرجەمی چـەرخو چـاخی دێرینو کۆن بـێت، بە رووداوو کارەساتو پیاوو مرۆڤو قارەمانەکانیەوە، چەرخو سەردەمی هەنوکەش پشتیوانو پاڵپشتە، قوولایی دەبەخشی بەو رووداوو کارەساتە مێژووییانە، درێژە پێدانی مرۆڤایەتی قارەمانانو پیاوەکانیەتی.

یاسـای ویسـتی خەباتـە، ئـەو ریسـتە تێکوشـەرو خـەباتگێرە نەخشەکێشەری بەرهەم هێـنەرو بەدیهێنانـی ئـەو گـردو کۆیدیە کـە سـەرئەنجامی پاڵپیوەنەرو هاندەری رەوتی مێژووە، لەسەر رێی کردارو بەدیهێنان.

رەوا- لـە ئابـڕوی وشـەدایە، ئەو دروشمەی کە بە سەرداری ئاڵاوەیە، بەرزو بڵندە، لە نـاو قـەدی ئـەو مـرۆڤانەیە، کـە بەخشـراوە، پێـیان، بەئاشـکرا دەڵین و پێشەنگن، بوێرە نەترسـن، چـونکە وشـە هەڵویسـتە، لێـرەدا- بـە ئاگایـە، لـە بیرەوەریـدا دەیپارێـزیت، مـێژووش، لـە یـاداوە ریومێشـکی خـۆیدا، پەسمەنـدەی دەکاتـو چیرۆکو سەرگوزەشـتەو سەرهەڵدانی بەسەرهاتیان دەگێرێتەوە، لە شێوەی داستاندا بە درێژایی چەرخو سووری گـۆی زەوی، لـە پێچـانەوەی سـاڵەکان لـە دووتوێـیدا، پەپولە بە خولی چراوگری مۆمدا، دەسـووتی، رووناکی چراو مۆم کز دەبێت، رەوغەنی تێدا نامێنێت، شەوگار شەق دەبێت، بەڵام چیرۆکی دڵی من کۆتایی نایەت.

## كۆنگەرەكان

١- ١٩٧٠/٦/٢٣- لە هۆڵی خولد- هەژار موكریانی بوو بە سەرۆك.

٢- ١٤-١٩٧٠/٧/١٧- لە هەولێر- سەیدا ساڵح یوسفی- كرا بە سەرۆكی نووسەران.

٣- ١٩٧٣/١١/٥- لە بەغداد- دووبارە سەیدا ساڵح یوسفی كرا بە سەرۆك.

٤- ١٩٧٤/١/١٠ بەغداد- هۆڵی زانكۆی موستەنسرییە، هەر سەیدا ساڵح یوسفی دانرایەوە بە سەرۆك.

٥- ١٩٧٨/٩/١٠ لە هەولێر- د. عیزەدین مستەفا دانرا بە سەرۆك.

٦- ١٩٧٩/٩/١٥- لە بەغداد- دووبارە د. عیزەدین دانرا.

١٢ ژمارە لە گۆڤاری نووسەری كورد دەرچوو.

دوای ١٩٧٤-١٩٧٥ سستی كەوتە ناو نووسەرانو بزاڤی وێژەیی.

لە دەرەوە یەكیەتی نووسەران دامەزرا، ئەندامانی كارای مامۆستا هەردی ئەحمەد، سەعید ناكام، بە سەرۆكایەتی سەیدا ساڵح یوسفی، لە بابكراواو دەربەند، ژمارەیەكیش لە نووسەری كورد دەرچوو.

چیرۆكنووس حسین عارف لەتەكیاندابوو- یەكیەتی چیا.

٧- كۆنگرەی ڕاپەڕین- شەقڵاوا ١٥-١٩٩١/١٠/١٧، د. عیزەدین، فەلەكەدین كاكەیی، ئەبدورەحمان مزوری، محەمەد موكری، ئیدریس چەلكی، قوباد جەلیزادە، حەمە حەمە باقی، ئەبدورەقیب یوسف، جەلال بەرزنجی، ئەندامی سپیر- زاهیر ڕۆژبەیانی، ئەبدولا سەراج.

## لقی نووسەرانی سلیمانی- سەرۆكەكانی

١- بەڕێز- قازی شێخ محەمەد خاڵ شێخ عەلی حاجی شێخ ئەمین ١٩٧٠/١٠/٤- ١/١/ ١٩٧١، ١٩٧٣/١١/٢٢- ١٩٧٤/٧/٢٦، ٢ جار.

٢- بەڕێز شاكیر فەتاح ئەحمەد ١٩٧١/١٠/١- ١٩٧١/١٠/١٠.

٣- بەڕێز ئەحمەد هەردی حەسەن عەزیز بەگ ١٩٧١/١٠/١٠- ١٩٧٢/١٢/٨.

٤- ئەمین میرزا كەریم شریف ١٩٧٢/١٢/٨- ١٩٧٣/١١/٢٢.

٥- ئەژی گۆران عبداللە ١٩٧٤/٧/٢٦- ١٩٧٨/١٠/٩.

٦- مستەفا ساڵح كەریم ١٩٧٨/١٠/١٥- ١٩٧٩/١٠/٢٣.

٧- كەمال مەمەند میراودەلی ١٩٧٩/١٠/٢٥- ١٩٨٢/٣/٥.

٨- موحەمەد ئەمین پێنجوینی ١٩٨٥/٢/٢٨- ١٩٨٦/١/١٢.

٩- کەریم زەند محەمەد ساڵح- ٢جار، ١٩٨٦/١/١٢- ١٩٨٦/٧/١٨، ١٩٨٦/٧/١٨- ١٩٨٨/٤/٨.

١٠- دڵشاد محەمەد ئەمین مەریوانی ١٩٨٨/٤/٨.

دەستەی کارگێری:

فریا جاف، هوشیار بەرزنجی، حەسەن تەنیا، سەلاح محەمەد، ئازاد مەحمود.

١١- فریا جاف

١٢- دەستەکانیتر ١٩٩١/٣/١٩:

حەمە فەریق حەسەن، حەسیب قەراخی، ئەبدوڕەقیب یوسف، ئەبدولقادر سەرچناری، د. شێرکو ئەبدولا، هیوا قادر، ئازاد برزنجی.

١٣- ڕەئوف بێگەرد ١٩٩١/١١/٧.

دوای کۆنگرەی ڕاپەڕین- دەستەی کارگێری:

شێرزاد حەسەن، جەمال غەمبار، قادر سەعید سەرچناری، ئەحمەد سەلام، فوئاد محەمەد ئەمین، هیدایەت ئەبدولا، حەیران.

**بیرخەرەوە**

١- دوای شکستی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ١٩٤٧- جەنگی پارتیزانی دەستیپێکرد، لەتەك چەند چەکدارێکدا، ئێوارەیەکی زستان، روومانکردە گوندی ژاراوا لە مەرگەڤەر، خودانەکەی- سەید ئەبدولواحید بوو، لە بنەماڵەی نەهری، چووینە دیوەخانەکەی دانیشتین، کابرایەك بە ژووری دیوەخانەکەدا پیاسەی دەکرد، دەهاتو دەچوو، سەرنجی راکێشام، تێی ورد بوومەوە، ئەو تێڕوانینەم سەرنجی ئەویشی راکێشا لێم هاتە پێشەوە، وتی- کاکە، پسمام، تە سەرنجی من زۆر دەدەیت، بە کێم تێدەگەیت؟.

وتم- تە مەلا نەجمەدینی کتومت بەڵام ئەویش نیت. شێوەرو رەفتارو وتووێژت هەروەکو ئەوە.

وتی ئای بە قوربانی دەمت بم، تە کێیت؟ حەڵکی کوێت؟ لێرە چ دەکەی؟.

وتم- من کەریم زەند خەڵکی سلیمانی گەڕەکی مەڵکەندیم، مەلا نەجمەدین دناسم، وتی من کاکە برای ئەوم، ناوی خۆی نابوو- میرزا عەلی.

دوایی زانیم کەئەمە بارچاوەشی پۆلیس بووە، لەمدیو، پیاوی لەدەست کوژراوە، هەلاتووەو کەوتۆتە ئەم دەڤەرە.

ڕۆژان، ڕۆژگار دەزڤرێت- دوای ساڵی ١٩٥٨، هاتینەوە ئەمدیو، چوومە دیدەنی مەلا نەجمەدین، بوومگێڕایەوە، گەشگەدار بوو، باوەشی پێدا کردم، وتی- توخودا ماوە، لە کوێیە؟ ئەوە برامە.

وتم- بەڵێ ماوە- لە گوندی ژاراوای مەرگەڤەرە، نزیکی گۆمی ئورمییە.

٢- ڕۆژانی بێکارەیی- لای سورداش، لەسەر جۆگەی چالاخ، لەتەك سەید عەلی دڕەیی، باوکی ئەحمەدو مەحمودی هاوڕێم، یەکمانگرت، بەرەو گوندی حاجیتان حاجی تەنگ، هەڵکشاین، بۆ سەر کەژەکە، ئەودیوی گوندی شەدەڵەیە، خێرا سەردەکەوتین- هەرزەکاری مێرد منداڵی ئەویش زۆر بەخێرایی سەردەکەوت، تیمانخوڕی، کورە بۆ وا خێرا دەڕۆیت، ئەویش ترساو رایکرد، شۆربۆوە بۆ شەدەڵە، منیش هەستمکرد وتم کاك سەید عەلی با خێرا خۆمان بگەیەینە دیوەخانی شێخ یوسفی شەدەڵە، ئەگینا چەکدارمان بۆ دەردەچێ دەڵێن ئەمانە چەتەن، تووشی گاشەیەك دەبین ئەم کوڕە، هەواڵی بەد دەگەیەنێت، دەڵی ئەم کێوە، چەتەی پێوەیە، ئەویش پەسەندیکرد، بەخێرایی خۆمانگەیاندە دیوەخانەکەی شێخ یوسفی شەدەڵە- ئاوایی، ناوگوند شڵەژابوو، کەوتبوونە مقۆمقۆ، خەریکی خڕکردنەوەی چەکداربوون هێرش بەرنە سەر چەتەکان- کە ئێمەین.

منیش سەرگوزشتەمکەم بۆ بەڕێز شێخ یوسف گێڕایەوە ئەویش وتی- وەرن کورینە، وا چەتەکان لێرەن، بوو بە گاڵتەو پێکەنین.

شێخ یوسف زۆری لێکردین، کە ماوەیەك بمێنینەوە، میواندارییمانبکات، بەڵام، بۆ دوای نیوەڕۆ چووینە مێرگەپان نێوانی پیرەمەگرون، لای تووتن وانانی شێخ تەیفورو حاجی عومەر ئەفەندی ساماغا، باوکی جەلال ساماغا- چەند شەوێ لایان میوانبووین.

بەڕاستی عومەر ئەفەندی ساماغا، پیاوێکی قۆز، ڕێکوبێك و نەخۆش، ڕۆشنبیر، جیهاندیدە، سوودم لێوەرگرت، زۆری پێخوشبوو لە تەکیدا بمێنمەوە.

ڕۆژان دێتو دەڕوات- لە بواری بنبڕی- نەهێشتنی نەخوێندەواری، لە فێرگەی ناوشار ئەو هەرزەکارەم، دیتەوە، لەتەمەنێکی تردا، ناسیمەوە، ناوی شێخ تەیفور بوو، کارساتو ڕووداوەکەم بیرخستەوە، ئەویش کارگوزاربو لە بەکرەجۆو شەرمەزاری نیشانداو بیریکەوتەوە.

٣- لە فەرمانگەی بنبڕی نەخوێندەواری کارگێڕو کارمەند بووم کیژێك جەوان، بەگریانەوە هاتە لام، لە دەرگایدا وتی تۆ کاك کەریم زەند وتم بەڵی کچم.

وامزانـی لەتـەك مامۆسـتاكانیدا هەرایـبووە، نارەوایـی دەربارەكـراوە، وتم هـا كچـم چییە؟

وتـی مـن لـە خانـەقین هاتـووم، لـە خوێـندنگەی پیشەسـازی وەرنـەگیراوم، چوومـەوە خانەقین- وتیان بچورە لای كەریم زەند لە نەهێشتنی نەخوێندەواری، هاتووم بۆ لایتۆ.

وتم بـا بـڕوین، بـردم بـۆ كارگێـڕیتی خوێـندنگەی پیشەسـازی لـە سـلیمانی، هەمـوو ڕێـزیان لێگـرتم وەكـو كۆنە مامۆستایەك، وتیان فەرموو- وتم ئەم كیژە بۆ وەرنـەگیراوە، وتـیان ئـەم كچـە زیـدی ئێـرە نیـیە، خەڵكـی خانـەقیـنە، وتم ئـەم كچـە- خوشـكەزامە، خوشـكم لــە خانــەقین شـوی كـردوە، خاڵـی ئــەوم، بەخـێوكەریم، بـڕوام پێهێـنان، دەســتەبەریبووم بــە ١٠٠ دیــنار، شــەوانەم بــۆ ســازكرد، هێــنامەوە فەرمانگــە، لای ئافرەتەكان.

پێش بەربوون، هەڤاڵ زاواكەی، بەهەڵەداوان هاتو، سوپاسیكردمو بردیە لای خۆی.

ئەمـەش، دەرئەنجامـی ئەوە بوو، ماوەیەك لە خانەقین مامۆستا بووم، ئەو خێزانەم خوشنود كرد.

ساڵی دوایی بۆم گواستنەوە بۆ باقوبە.

٤- لـە مـاوەت، قەشـان- كارگێـرو مامۆسـتا بـووم- زۆربـەی پـاش نـیوەڕوان دەهاتیـنە چۆمی قەشان بۆ مەلەكردن.

چـۆمی قەشـان لكـی ڕۆبـاری زێـیە، لای پـردەكەیەوە، گیژێكـی تـێدابوو، خـۆم لـێدا، نوقمـی كـردم، ڤـژی سـەرم، وەكـو گولۆلە بەن، بەسەر ئاوەكەوە، دیار بوو، هاورییەكانم، مەلەیان باشتر دەزانی.

شێخ موحەمەد شێخ حسین بەرزنجی ع.ح.ب، جەلال شاكیر، رزگاریانكردم.

**پەند**

چ نهێنـیـیەك هەیـە؟ بـۆ بەپـی پێنابەنـی؟ گروپـی خـاوەن بیرو ڕۆشنبیرو هۆزانڤانو وێـژە وانـی ئـەم میللەتە، دەربەدوری هەندەرانن، لە ئاوارەییدا، لە دوو ولات، بەنەداری، بەكەساسـی، سەر دەنینەوە، دەبێ نهێنیەك هەبێت، تاكو ئیستەكەش ئەم گرێ كوێرەیە، نەكـراوەتەوە، بـۆ ئـاوارە دەبـن؟ دەبـی حاجـی قـادر كۆیـی- ئیسـكوداری، ئەسـبەردەی ئەسـكودار بـێت لـە ئەسـتانبوڵ- لـە گۆرسـتانی ئـەبا ئەیوبی ئەنساری، سەر بنێت بەلای سیاسـەنگەوە، نزیكـی نالـی، ناڵـی هۆزانڤانـی مەزنـی كـورد- نالـی مـرۆڤ، لـە ژێـر خاكـدا هاوسێی هەمیشەیی بن؟ لە ئاوارەییدا، بێكەسو بێدەر؟.

بۆ؟ داماو حسین حوزنی موکریانی له ڕەواندوز، خاوەنی مەزرکەی زاری کرمانجی بە تاوانی دزیتی گوریسو بەتك- لە دادگا ٣ مانگ فەرمانی بەسەرابدرێت، گۆشار بۆ بەرن، داوای ولاتنامەی لێبکەن، ڕەوانەی ئەودیو، سنووری بکەن، ئەویش بەناچاری پەنا بۆ زانا توفیق وەهبی بەرێت، لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازە ببێت بە کارمەند مانگی بە ١٠ دینار.

کەمرد، شارەوانی تەرمی لە جاوبگریتو کفنی بۆ بکات- بە ئاخ بسپێرێت؟.

- بۆ؟ ئەمین فەیزی- لە پەککەوتەخانە- خەڵوەتگەی پیران، لە ئەستامبوڵ، بە نەداری، بە بێکەسی، گیان بسپێرێت؟.

- بۆ؟ زانا وەهبی توفیق لە لەندەن، کۆچیدوایی بکات، ڕاسپێریٚ تەرمەکەی، بێتەوە زیویٚ، پاڵبدا بە گۆڕی پیرەمەگرونەوە؟.

- بۆ؟ ئەفسەری خەباتگێرو پایە بڵند، عیزەت ئەبدولعەزیز، تاکو نەکرا بە سێدارەدا- هەر ناوی نۆکەریو ناپاکیو زێرەڤانی بە دواوە بێت؟.

- بۆ؟ حاجی توفیق پیرەمیرد(١)، پیاوی بێگانە- تاکو کۆچی، دوای مردنی پەیکەری بۆ بکرێت؟.

- بۆ؟ قانع(١) پەنا بباتە بۆ کارگەری لە دەربەندخان کاتی کەریم زەند ئەفسەری پەیوەندی بوو لەویٚ- فریای بکەوێت، بە پسولەیەك کەتێیدا نووسیبوو- یا کەریمی کارساز مەدەدی- ئەویش فریای بکەوێت لای ئەندازیاری جێگر- کولونیل گریڤس، کولونیل ڤانس- مسیو بوتوفۆسی کارگێری گشتی کومپانیای ستراپتوبریس- فەرەنسی- کولونیل گریڤس- یاوەری سەرکۆماری ئەمریکی- ئایزەنهاوەر.

قانع وا پێشکەشکرا کە شکسپیری کوردە.

بەسەرسامییەوە، وتیان- ئوە، منیش وتم باوەڕم پێبکەن، بە ئینگلیزی پێم وتن.

ئەوانیش وتیان- خۆت دەزانی، کردمان بە سەرۆکی پاسەوانان، پێم ڕاگەیاندن- کە ئەمە قانعە بە ئارەزوی خۆی دێتو دەڕوات، کارناکات، ئاوی بۆ بهێنن چایی بۆ لێبنین.

ماوەیەك مایەوە- لە سەرماوەزەوە تاکو بەهار خۆروبان گەرمبوو، چونکە خۆی ڕەفتار دەرویشی، کندرتبخستایە لووتی بەند نە ئەبوو، دانەدەنیشت.

---

)١) پیرەمیرد ١٨٦٧– ١٩٥٠.

(١) قانع ١٨٩٨– ١٩٦٥.

هاتـه لام وتـی- کـەریم فنشمکه، بەڵکو تۆتیس وەربگرم، واته ٧ ڕۆژی پتری، منیش وتم ئەمـــه کەڵکـــی کارکردنـــی نیـــیه، بابـــڕوات، ٧ رۆژ پتریـــیەکەی وەرگـــرتو بـــه مووچـەکەیەوه، ئـیتر نەمدیـیەوە تاکو دوای شۆرشـی گەلاوێـژی ١٩٥٨، کرام به کارگێری خوێندنگەی پیرەمەگرون.

هاتـەوەلام- داوای ئەلفبایەکی کوردی پۆلی یەکەمـی سـەرەتایی کـرد، منـیش دامێ- ڕۆژی دوایـی هاتـەوە نووسـراوەکەی رەشـید یاسمی- مـێژووی نـەژادو پەیوەسـتەگی لـه باخـەڵ دەرهێـنا وتـی- کـەریم- ئـەم هاوکاریـیه بکـەین- وەریگێرینه سەر زمانی کوردی، نووسراوەکه فارسی بوو، وتی تۆ لاوی، چاپی بکه، ناوم بهێنه.

دەسـتمان پێکـرد، چـەند مامۆسـتایەکی خۆشنووسـم هێـنا- ٣ روونووسمان به دەست نووسییەوە.

یەکێکـیان لای مـن، ئـەویتر خـۆی خسـتیه باخەڵـیو بـردی، لـه جـیابوونەوەدا وتـی کەریم- دەستم دامێنت خۆت مەخەرە ناو هیچ بەزمو ڕەزمێکەوە.

هـەرا بەرپابـوو، لـه دەربەنـد بازیانـو دەربەندخانەوە- که لاپەرەیەکی تری مێژووە، بـەلام ئـەم نووسـراوە چـاپبکه، بەسەریا دەستبەسەرکرام ٦ ساڵ به مووچەیەکی کەم له کەناری خوارووی زونگاوەکانی باشوری میزوپوتامیا.

دوایـی هاتـنەوەم- لـه ژێـر زەوی دەستنووسـەکەم دەرهێـنا نووسـیمەوە دووبـارە، لـه چاپمدا، د. عیزەدین مستەفا یارمەتیدام له چاودێری رزگاریکرد.

قانـع- له برسا، ڕوودەکاته شلێرو ناوخوان، له گوندی لەتگەدێ به خاك سپێردرا، ئەو نیشـتمانه دایکـەی خۆیـو رووتـوو سـەکەی بـه لیفه شڕەکەیەوە، له دوو تۆیی خویگرتو گـڵ شـاردییەوە، ئـەو کوردسـتانه کەخـۆی (واتـه قانـع) سـنووری دیاردەکـردبوو بـه هەڵبەست.

خاوەنــی گـوند- ئەحمــەد میـنەرەندان، ئەرکـی ناشـتنی گـرتبوه ئەسـتۆ، تاکـو لـه خەوابگـەو ئارامگەکەیـدا ئارامبگـرێت بـه یـەکجاری جاویـدی، هەڵبەسـتەکەی دێنیتەوە یاد.

زمانێکی فراوانه دەنۆشم شەربەتی تاڵی

دەروونم پڕ له ئەشعارەو له ترسا دەفتەرم خاڵی

ئەمانه له بیرەوەرییەکەیدا، ئاماژەم بۆ کردوە.

دەبی- رەفتارو نەریتو یاسای ئەم جیهانه، ئەم گێتبیه بێئەمەکی تێدا بێت.

پێغەمبەر عیسا یەسوع د.خ، لەکاتی بەندیدا له زیندانی چەرخی بیلاتوسدا.

بەرئەباسی، پیاو کوژو چەقۆکێش، دز، لەتەکیدا بەندکرابوو، بە پێی رەفتاری ئەرستوکراتییەتی چەرخ، لە جەژنەکاندا، لە بۆنەکاندا، بەند ئازاد دەکرا، داواکرا لە جەماوەر کێ بەربدرێت؟ هەموو هاواریانکرد- بەرئەباس، ئەو پێغەمبەرە، ئەو رابەرە، پێیان رەوا نەدی کە ئازاد بکرێت لەو جەژنەدا، دەبی سروشتی چەرخی چەپگەردی رۆزگار- وەها بێت؟.

کریستوف کۆلومب- ئەمەریکا بدۆزێتەوە لە ١٤٩٢ بەر لەئەو- لە ١٠٠٠ز- لیف ئەرکون، دۆزییەوە، گەشتی کۆلومبو، ٧٢ رۆژی خایاند، لە نێوانی شینایی ئاسمانو شینایی دەریا، ئەم مرۆڤە مەزنە، رۆژانی دوایی ژیانی بە هەژاری، بە نەداری، بە نەخۆشی، بە کەساسی، لە زیندانێ بەرسەر بردو بەداخو پەژارەوە سەری نایەوە.

د. ئەحمەد سۆکارنو- لە سەر نەخشەی جیهان- ناوی ئەندەنوسیای نەخشاند، کەچی لە زیندانیدا، سەرینایەو کۆچیکرد.

هۆی چی بێت؟ نەخشەکێشی لە نەبووەوە، ئەندەنوسیا بهێنێتە بوون، ئەمەش ئاکامو ئەنجامی بێت؟.

وردی[1] محەمەد توفیق- کڵوڵ- هەموو ژیانی نەهاتی بوو- پاداشتی ئەو هەموو لێبوردنەی، نائومێد، لە خێزانو جیابوونەوەی نارەوا، بێبەهرە لە ژنی دووەم، جەنگو ئاژاوە لە ژنی سێیەم، وێرای نەداریو ئاڵوزی ژیانو چەرخی چەپگەردی ناهەموار، درشتی ئەگەرچی خۆی وردی بوو، چەرخو رۆژگار لە تەکیدا درشتبوو، ئەمەش نموونەیەکیترە لە بەسەرهاتو رەنگدانەوەی رووداوی بەد بەختی کە رووالەتی کلۆڵیو بێبەشیو چەوساوەیی میللەتی ستەمدیدەیە.

**نەجمەدین مەلا ١٨٨٩- ١٩٦٢**

گەنجینەو کۆکەرەوەی رۆژنامەی گۆڤارو وێنەی دێروکو مێژوویی، دەستنووسی کۆن، خاوەنی نامەخانەو نووسراوەکانی مێژووناس- داماو حسین حزنی مۆکریانی، کارگێری خوێندنگەی کەشتی نوح.

خوێندکاری ناوەندی بووین، ئەو نووسراوانەمان لێدەکڕی، مەڵبەندی رۆشنبیری ئێمەی لاو بوو، لە روژانی دوایی ژیانیدا ویستی بیبەخشی بە پایرزەر ئەحمەد زرنگ، وەچەی پیرەمێرد.

---

(١) وردی ١٩٢٤- ١٩٧٦.

لەتـەك مامۆسـتا ئەبـدولا زیـباری چـووینە لای پـێمانوت بیبەخشـە بـە نامەخانـەی گشتی، ناوت دەمێنی مەیبەخشە بە کەس.

کاتـێ کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، فەرمانـو سـیلەی وەرگـرت، کـاك ئـوسمان سـەعید، بـەناوی پارتییەوە دەچـنە لای، ئـەویش هەندێکی پێبەخشـین، ئەویتری دوای مردنی، ۳ رۆژ تەرمەکەی لە ژوورەوە بوو، پشیلەکەی دەمووچاوی کراندبۆوە، نووسراوە شرەکانی، رۆژنامەو گۆڤارەکان، لە داڵان دادگای یاسایی، هەراجکرا.

خـۆی دەیـوت- ئـێمە زیـندوکوژی مـردوو پەرسـتین. لـە ژیانـی خـۆیدا- بـەردەباران دەکـرا، گاڵتەجاری هـەرزەو نەزانو منداڵە وردەکە بوو، دەرگا تەنەکەکەی وەکو شەستیر دەدرایە بەر بەرد، بەرانبەری گەرماوی مفتی لە سابونکەران، خانووی لەعلی خانم.

کەسـی نەدەچـوو پێـی بڵـی، مامۆسـتا بـا ژەمـێ نانـت بۆ بێنم، یاخود کراسەکەی بۆ بشۆن.

شـەوێك ئوسـتانداری سـلیمانی عومەر عەلی دەچێتە خوێندنگەکەی، ئەڵێ- کورە تۆ چیت؟.

دەڵێ- من پزیشکم- ئەویش نازانی پزیشك چییە، دەڵێ- کورە پزیشك چییە؟.

دەڵێ دوکتورم، دەڵێ دوکتوری چی؟ دەڵێ دوکتوری چاوم، کوێر چاکدەکەمەوە.

دەڵـێ- کـوا ئـامێرو کەرەسـەت؟ ئـەویش خێرخوازی هەڵدەسێنی، نانەوا دەبێت، دەڵێ بنووسـە- لەواشـەی گـەرم، خوێندکاریکـیتر هەڵدەسـتێنێ دەڵێ بنووسە کەبابی گەرم، کە ئــەویش کــەبابکارە ئەمــە لــە رووی پیشــەییەوە بــۆ فێرکردنــی گــەورە- رەوانناســی، سایکولوژی، بە کارکردنو رەفتار، شۆرەشو سوارو پسپورو بلیمەتی ئەو گۆرەپانەوبووە.

بۆ؟ دەبی بەردبارانبکرێت؟.

رایسپارد کە تەرمەکەی، لە کێوی ئەزمر- ئەزمیرە- بنیژن، بە هەڵپەرکیو ئاهەنگ.

**مەلا کاکە حەمە سەیفولا**

خۆیتەرخانکـرد بـۆ راژەی میللی، فێرکردنـی منداڵانـی دێهات، وازی لە کەسو کاریو خوشـیی و خێـزان هێـنا، چـووە سـەنگاو- قـەراخ، کەخـۆی دادوەر بـوو، کاتی خۆی لەوی خوێـندنگەی لـە گـوندەکان دەکـردەوە، هەتاکو کۆچـی نەهاتـەوە شـار، ئەمەیـە مەزنـی، ئەمەیە گەورەیی، ئەمەیە مامۆستای نەمر، لە بواری بنبڕی نەخوێندەواریدا.

**ئاغای ئەقدەسی**

بەیانییەکی زوو بەر لەوەی بچمە فەرمانگە پێیانراگەیاندم کە ئێوە نووسەرانن؟ وتم بەڵێ- ئەو کاتە سەرۆکی لقی نووسەرانبووم.

وتیان- ئاغای ئەقدەسی مەریوانی تەرمەکەی لە مزگەوتی ئەبوبەکری سەیقە- گەرەکی مەجید بەگ، لەسەر سەکۆکە دانرابوو بە بێکەسی.

ئەقدەسی ئەبدولا مەریوانی، پەنابەرو لێقەوماو، هۆنەر، لە کاتی خۆیدا کارگێری شارەوانی مەریوان بووە، رێزی لە کوردی ئەمدیو گرتووەو میوانداری کردون.

منیش خێرا خۆم گەیاندە مزگەوتەکە، ئەوە کە پێداویست بوو، بۆیکرا، بە پەرۆشەوە بە دوای تەرمەکەیەوە، بردمان بەرەو سەیوان، بە خاك سپێردرا.

وتارمدا لەسەر گۆرەکەی، سەرنمدا خۆفرۆشێك لەتەنیشتمەوە، خرەخری تۆمار، دێ لە بنباخەڵیدا، وریا بوومەوە، زمانم گۆری وتم:

شەرمەزار نییە، سەیوان کە تۆی لە ئامێزگرتووە، چونکە سەیوان، پشتیوانی مەریوانەو سەنگەری کوردی ئەودیوە، سەیوان شانازیت پێوە دەکات کە تۆ- ئاغای ئەقدەسی میوانی بیت.

پرسەمان بۆ دانا، بەگیرفانی نووسەران، ویستیان ئەو مەزاختنەمان بدەنەوە، سوپاسیانکردین. ئێمەش وەرمان نەگرت، چونکە ئەرکی خۆمانەو برای ئێمە بوو.

**مارف چیاوك**

سەرۆکی یانەی سەرکەوتنی کوردان بوو لە بەغداد، سەرۆکی دادگای باڵا بوو لە چلەکاندا- ١٩٤٥- کرا بە ئوستانداری سلیمانی، نێوانی تێکچوو لە تەك توفیق قەزازو شێخ قادر حەفیدا، گوشاری بۆ هێنان، بە پۆلیس دیواری خانووەکەی شێخ قادری حەفیدی تێکدا، بە بیانوی ئەوەی کەسیلەو مۆلەتی وەرنەگرتوە، سەریدا لە خوێندنگەی فەیسەلییە، منیش مامۆستا بووم لە ١٩٤٤، داوای لێکردم کە ببم بە فێرکاری تایبەتی منداڵەکانی، یەکێکیان ناوی باران بوو، منیش نەمکرد.

ئەم مرۆڤە کەللەرەقە، بە دەمارە، هەڵچوونو هەڵەشەیی هەبوو، بەلام، دەست پاکوداوین پاکو خاوین و دڵسۆز بوو، کە مرد، خاوەنی جاوی تەرمەکەی نەبوو، کە پێی بشارنەوە، سەربازی گومناو، کوردپەروەر، خاوەنی نووسراوەی بارزانی ستەمدیدە- مەزڵومە.

**مێژووی نهێنی خاوەری میانە**

کورد لە وشەی کارەوە هاتووە، واتەکاری، وەکو دەردی کاری، ئازا، کاریگەری، هەروەها گۆتی، گۆتیام- زەوی جەنگاوەران، لە نووسینی ئاشوریدا، بینراوە.

ماد- واتە میدیوم- ناوەند- ناڤەند.

پارس- پەراسوو، کەنار، ماد، مید- لە ناوەندا بووە، بە پێی نەخشەی جوگرافی سەردەم.

پارس- فارس- لەکەنار دابوون.

یونان- گریك- بە کوردستانیان وتووە- کوردوئات- هەر لە کۆنەوە، زەوی کوردستان مەیدانی جەنگو لەشکرکەشی بووە لە نێوانی شاهەنشاهێتی فارسو ئوسمانی بە تایبەتی، دوای نەمانی مید، دەستەلاتو فەرمانرەوایی کورد نەماو کشایەوە.

هاخامەنشی هاتنە سەرکار، یەکەمجار ئوسمانی بەسەرکردەی سوڵتان یاوز سەلیم، پۆستاڵی سەربازی ئوسمانی، پێیان خستە سەر زەویو ئاخی کوردستان، لە جەنگی چاڵدێراندا ١٥١٣، میرنشینی پتلیس لاوازی تێکەوت، مەلا ئیدریس بتلیسی، هاوکاری ئوسمانیکرد- کورد، دەستەلاتی رامیاری نەما، لە پەلوپۆکەوت، کشایەوە، پاشەکشێیکرد، کوردستان پەرتکرا بە ٢ هەرێمەوە لە نێوانی ئوسمانیو ئێراندا، لە چەرخی شا ئەباسی سەفەویو سوڵتان مورادا، هەروەها شا ئیسماعیل سەفەویو سوڵتانی ئوسمانی موراد- لە سەدەی ١٦، ئەو پەرتکردنە- لە زنجیرە چیای ئاراراتەوە، تاکو کەنداو کە هەرێمی خاوەرە- ئەمکەرتەی بۆ ئێران.

خۆراواشی بۆ ئوسمانی، تاکو ١٩١٧، هێرشی ئینگلیز بۆ سەر ئێراق لە کەنداوەوە بە سەرکردەی ژەنراڵ تاوسند، کە لە جەنگی شاری کوتدا بە دیل گیرا.

هێرشی دووەم، بە هێزتر بەسەرکردەی ژەنراڵ مۆد، بەغدادی گرت، بەناوی رزگارکەرەوە، گرتنی ولایەتی مووسڵ بەهۆی ئاگر بەستەوە، کێشەی مووسڵ، دوای پەیمانی سایکس بیکۆ، دابەشکردنی موڵکەکانی ئوسمانی، پیاوە نەخۆشەکە- .Sickman

ئەسکەندەرونە- درا بە تورکیە لە بری ولایەتی مووسڵ، لکاندنی هەرێمی مووسڵ بە ئێراقەوە، کە بریتیە لە ئوستانی مووسڵ، هەولێر، کەرکوك، سلیمانی، تاکو خانەقین و مەندەلی.

هەر هەمووی خرایە سەر فەرمانرەوایی عیراق، گۆرینی پەیمانی سیڤەر ئاب ١٩٢٠،

بــه پەیمانــی لـۆزان ١٩٢٣، بەندەکانــی ســیڤەر ٦٢، ٦٣، ٦٤، کپــبوونەوەی کێشــەی کــورد، کـوژاندنەوەی شۆرشـی شـێخ سـەعید ١٩٢٥- خنکاندنـی سـەرکردەکانی- شـێخ سەعیدو د. فـوئاد، شـێخ ئەبـدولقادر نەهـری، پێکهاتـنو دروسـتبوونی تورکـیای کەمالـی، ئەمـە لـە تورکیاو بە سنتی پەیمانی سەعداباد ١٩٣٧.

تــەختی ئـیران- لــە مـێژووی هاخامەنشـییەوە، تاکـو ئیسـتەکە تەهرانـی پێـتەخت، پێسبرکی بووە، لە نێوانی گەلی فارسو کوردو ئازەریدا، بۆ کونترۆڵو دەستبەسەراگرتنی.

هەرماوەیـەك، دەسـتەڵات بەدەسـت لایەکـیانەوە بـووە، کـەریم خانـی زەنـد- ٣٢ سـاڵ فەرمانـرەوا و شاهەنشـای ئێـران بـوو، نوێـنەری مـیللەت بـوو، خـۆی ناونـەنا شاهەنشـا، دیموکـراتیو نەوازشـو داد پـەروەر بـوو، دوای زەنـد- قاجـاری فەرمانـرەوابوون- ئـازەری بـوون تاکـو ١٩٠٨، کـودەتاو گەردشـی رەزا شـای پەهلـەوی، گەڕانەوەی دەستەلات بۆ گەلی فـارس، گـۆرینی نـاوی شاهەنشـاهێتی فـارس بـە ئـیران. ئاریایـی لـە عێـراق- شۆرشـی ١٤ گەلاوێـژ ١٩٥٨، بـەر لـەوەش هەمـوو راپەریـنەکانو بەسـەرهات، هێـزی کـورد، بـە نهـێنی بەشداربووە، بەلام کاتی بەرهەم، کاتی خەرمان، کورد بێبەشبووە.

ئەمانــەو زۆریــتر، بەڵگــەی ئــەوەن کــە مـێژووی نهـێنی هـەر هەمـوو خـاوەری میانە، هێزو پەلاماری گەلی کوردی ستەمدیدەی بەشخوراوە.

کـورد لـە چـێوەو سـتراتیژیەتی دەوڵەتانـدا بـۆ راگـرتنی لەنگـەر، هاوسـەنگی، هـەر گوڕانکاریـیەك لـە دەڤەرەکـەدا بـە گەلـی کوردەوە، ئەگەر تەباییو گونجاوی پەیدا بووبی لەتـەك بەرژەوەندی ئەو نەخشەو ستراتیژییەدا، بەو پێودانە، بەو پێوەرە، کێشەی کورد هاتـۆتە پێشەوە بۆتە کێشەیەکی نێو نەتەوەیی، بە پێی چەرخو شوێن، بە پێی ڕۆژگار، ئـەو ڕۆژگـارو دەرفەتـە دروسـتنابێ پێکـنایەت، تاکـو گۆرانکاریـیەك، پەیـدا نەبـێت لـە کێشەی کوردا.

دوولایەنـە، کێشـەی کورد لەسەر دوولاقە، یەکیەکتری دێنیتە ئاراوە لە ١٩٩١- جەنگی کەنـداو، بەرژەوەنـدی ئابـوری- ژێرخانـی پـتەو بـۆ بالاخانـە، کێشـەی کـورد تا رادەیەك، هاتـە پێشـەوە تـا رادەیـەك بو بە کێشەیەکی نێو دەوڵەتی، ئەگەرچی دەوڵەتانی هاوسێ، ئەوانـەی کـوردیان لـەناو دایـە وەکو ئیرانو تورکیەو سورییە ئەوانتریش، سعودیو کویت، دەوڵەتــە میرنشـینەکانی کەنـداو هەریەکـەیان، پارسـەنگی خـۆی هەیـە، سـەنگێکە لــە راگــرتن، پارســەنگ بــۆ ســەقامگیری ســتراتیژی خــاوەری مــیانە- ناڤەنــد- لــە نەخشــە گشــتییەکەدا، کــە رامــیاری بــالاو بەرژەوەنــدی بنچــینەی هێــزە گەورەکانــی جیهانــی،

ماسۆنیەتی، ئاراستەکردنی نهێنی، ئەو دەوڵە زلهێزانە، دەوڵەتانی سێبەر- دۆستە هەمیشەییەکانیان، ڕەنگڕێژی گشتی و تایبەتی بەرژەوەندی هەمیشەیی لە تاکتیکی رۆژانەدا و ستراتیژیەتی گشتی، بۆ ماوەی دووروو نزیك.

میللەتی کوردیش لەو بازنەیەدا سەنگی خۆی هەیە، نموونە بۆ ئەمە- هاتنی ژەنرالی رووسی لە ١٩٤٣ بۆ شارۆچکەی سەردەشت- کاتی جەنگی دووەمی جیهانی، ئەو سەردەمەی کە فەرمانرەوایی شێخ لەتیف حەفیدو دادوەرو جێگرو بریکار حاجی مەلا ئەسعەد مەحوی، لە رۆژانی دوایی کۆمەڵەی برایەتی.

وتەی ئەو ژەنراڵە کە درکانی- کە کورد هێشتا نەخراوەتە پروگرامو نەخشەی کارو بەرنامەوە، مەگەر جەنگی ٣ ئەو جەنگەی کە نابێت، جەنگی سارد، جەنگی پێشبرکێی چەك دەبێت، خۆتان هەڵگرن بۆ دەرفەتێکی تر.

نموونەیەکیتر- هاتنی نمایندەی ئەمریکی لە سەر ئاستو بارستایی بەرز بۆ مەهاباد ١٩٤٦، لە ژیانی کۆماری کوردستاندا، روون نەکرنەوەی کێشەی کورد بۆ ئەو نمایندانە سەرانی کوردەوە.

خۆم چووم خزمەت پێشەوا قازی محەمەد- دوای من کاك میرحاج چووەلای کە ببین بە یاوەریان، زمانزان بە ئینگلیزی لە تەکیاندا بین.

پێشەوا فەرمووی- بادەستور وەربگرم، لە رووسەکان ئەوە پێکنەهات، کاك سدیق حەیدەری- بەرپرسی راگەیاندن، کرا بە یاوەریان.

چرا بەرقو چاپخانەکەیان دی، بێەوەی زانیارییەکی وایان بدەنی، دەرباری کێشەکە.

ئەوانیش وێنەی ستالین ئاودامان، تابلۆی چەکوشو داس بە گەورەیی.

هیچ گومانیان نەما کە ئەمە پارچەیەك لە مۆسکۆ- بەڵکو مۆسکۆی دووەمە.

مایور جەلال ئەمین بەگم دی و پرسی، بارودۆخ چۆنە؟ وتم مانگێکی تر بەردەوام نابێ کۆمارەکەمان.

نەوت

چەکی کاریگەر، بگرە داگیرکەرە- سوورو رۆڵی خۆی هەیە، لە کێشەکەدا، لەم جەنگو ملانێیەدا، نەوت کوردستانی باشور- ولایەتی مووسڵ لکاند بە میری عێراقەوە.

کەنداو- دڵی جیهانە، چەقی گرنگی گێتییە، جیوپۆلتیك، رامیاری جوگرافیا، سوورە لەسەری.

جوگـرافیای رامـیاری وەکـو زانیارییەکی بەهادار، رامیاری جوگرافیاش- جیۆپۆلتیك، بایەخێکی هیگچار زۆری هەیە.

لـە کـۆندا، کاپکـاس، بیرە نەوتەکانی، دڵی جیهانو ناوەنـدی بووە، هەنوکە کەنداو- کە کانگـای نەوتـو چـەقو ناڤەنـدی هاتوچـۆیە، دڵی گێتییە، ناڤەندو سەنتەری هەر هەموو جیهاندا.

ئەمـە ئامانجـی سەرەکی دەوڵەتە زلهێزەکانە- سەرمایەدارن بە تایبەتی دوای جەنگی دووەمـی جیهانـی، جەنگـی سـارد، جەنگی پێشبرکێی چەك، ئەو جەنگە درێژ خایانە کە ئوردوگای سوسیالیستی و هێزی تێدا شکستی هێنا.

بـەلام ئایـە، بەرەی دەوڵەتانی سەرمایەداری تاکەی دەتوانی فورسایی هەموو گێتی و کێشـەی نەتەوایەتـی گشـتی هەڵبگـرێت، لـە کۆڵـینی، ئـەو رەنگـرێژییەی کـە سـۆڤیەت کێشابووی بەناوی گلاسنۆسو پروستریکا- کراوەیی، بنیادنانی ئابوری دروستکردنەوە؟.

ئایـە دەوڵەتـە سـەرمایەدارەکان، بـە سـەرۆکایەتی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمـەریکا، دەتوانی ئەم ئەرکە مەزنە گرنگە بەدێ بهێنی؟.

تـا چ رادەیـەك ئـەم بـارە فورسـە دەتوانـی هەڵبگـری؟ ئـەم دۆزانـە- ئاینـدە، ئاشکرای دەکـات، پـەردە لەسـەر کارەسـات لادەدات، هـەر ئایـندەش دەسـتەبەرە، زەمیـنەی رووداو، خۆی سەرهەڵدەدات.

**بەرژەوەندی گشتی هەمیشەیی**

کێشـەی گەلی کوردو ستراتجییەتی خەباتی، دوای لە کیسچوونی دەستەڵاتی رامیاریو کشانەوەی لە گۆرەپانی رامیاریو لە سەر شانۆ، لە کەوتنی شاهەنشاهیتی میدەوە، هاتنی هاخامەنشی تـەختی ئـیران، ملانێـی گەلـی کـوردو ئازەریـو فـارس بـووە، هـەر دەمـەی یەکێکـیان خاوەنـی دەستەلاتبووە، گەلی کورد، لە تەقەڵاو کۆشش نەکەوتووە، لە پێناوی رزگاریدا.

خاکی کوردسـتان مەیدانـی جەنگـو لەشکرکەشـیو جـێگەی ملانـی بووە، لە چەرخی ئوسمانـیو سـەفەوییەوە تاکـو بەرپابوونـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی، پەیمانـی سـایکس بـیکو، پەرتکردنـی کوردسـتان، دابەشـکردنی موڵکەکانـی ئوسمانـی- پـیاوە نەخۆشـەکە- Sickman، پەیمانـی سـیڤەر ١٩٢٠، گۆرینی بـە پەیمانـی لـۆزان ١٩٢٣، ئەم دۆزە لە چیوەی نـێو دەوڵەتـیدا، دێـتو دەچـێت، لـە هەڵچـوونو داچـووندایە، لەبەرپایوونـو خەنـەو

کیبوونەوە دایە، لە تایەرازووی لەنگەرو هاوسەنگی دەوڵەتاندا، شۆرشی شێخ سەعید پیرانو ژەنرال ئیحسان نوری، سمایلخانی شکاکو شۆرشەکانی شێخ مەحمودی حەفیدی نەمر، لە ١٩٢٥- ١٩٣١، شۆرشی بارزان ١٩٣٣، ١٩٤٣، ١٩٤٥، کۆماری کوردستان لە مەهاباد ١٩٤٦، شۆرشی ئەیلول ١٩٦١، بەیانی ئادار ١٩٧٠، سکستوهەرەسی بزاڤی کورد، پەیمانی جەزائر، کۆڵی ئامادەکراو.

ئەمانە هەرهەمووی، نموونەی زەقو ئاشکرایە، کە هەمیشە ئەم دۆزە، ئەم کێشەیە- کارتی کارە بۆ مەبەستی گشتی دەوڵەتان، بەکار هێنراوە، سووتەمەنیو جیلکەو چەوێڵی ئاگر خۆشکەری بەرژەوەندی گشتی دەوڵەتە مەزنەکانبووە، لە بازنەی دوو لایەنیدا، لە نێوانی دوو هێزی زەبەلاحدا، هەریەکە بە مەبەستی تایبەتی خۆی، لەناو ئەم دوو لایەنییەدا، کێشەکە ونبووە، بێسەرو شوێن، ماوەتەوە. هەنوکە رامیاری یەك لایەنییە، دوای بردنەوەی جەنگی ساردو شکستی سوڤییەت.

بارودۆخی نوێ، دوای کۆتایی پێهینانی ئەرکی پاسەوانێتی، ئەرکی پۆلیسی کەنداو، لابردنی شاهی ئێران، هاتنی کۆماری ئیسلامی بەرابەرێتی ئایەتولا خومینی، هێڵی بەرگری ئێران نەما، قورسایی کەوتە سەر تورکیە، کە درێژەی ئەوروپایەو لەتەك بازاری یەکیەتی ئەوروپا، نێوان پەیدا دەکات.

کورد لەم نزیکبوونەوەیە، دەکەوێتە سەرسنووری ئەوروپاو، شوێنی ستراتیجی، زۆرینەی مۆنات، هێزی مەردوم- ئەم فاکتەرانە لە لایەکو، لە لایەکی ترەوە بنەما کزو لاوازیە ئابوریەکەی تورکیە- لە یەکدانی دوو پارچەی کوردستان، ئەمانە هۆی لاسەنگین، کە گۆرانکاری ستراتیژی خەباتی گەلە.

کامپی سەرمایەداری- دوای کەوتنی شاهەنشاهێتی ئەفغان لاچوونی زاهیر شا دەرئەنجامی کودەتاو گەردشی کۆمەڵەی گەلی، هاتنی نورەدین تەراکی، بەدوایدا- نەجیبولا ئەم گۆرانکاریە، لە لەنگەری تەرازووی هاو سەنگی نێو دەوڵەتی، دابڕا.

سەرمایەداری کەوتە خۆی بۆ دروستکردنی پشتێنەی ئیسلامی بەدەوری سۆڤییەتدا.

کۆماری ئیسلامی هاتە کایەوە بۆ بەگژاچوونی ئایدولوژی مارکسیو کۆمونیستی کە ٦٠ ملیون پتر ئیسلام لە ٦ کۆماری ئیسلامیدا لە سۆڤییەت، دوای شکستی لە جەنگی ساردا- ئەو مەترسییە نەما.

ئیمرۆ- لەنگەروهاوسەنگی دەوڵەتان گۆراوە، لەیەك لاییدا دەبینرێت.

ئەم بارودۆخە، دیبلوماسییەتی گۆڕیوە.

کێشەو دۆزو ستراتیژییەتی خەباتی گەلی کوردیشی گۆریوە، لەو بازنەیەدا، کە رووالّەتێکی تری داوەتی.

**رامیاری- پولیتیک**

رامیاری، باروبرایی نییە، وار وەرگربراوەیە، قومارکەر دۆراوە.

کەسێ رەنجخۆرەو من سزا نۆشم لە ناوتانا

موور دەسووتێ، کوانوو گری پێخۆشە لە ناومانا [1]

مرۆڤ لەو هاوکێشەیەدا، کە جەمسەرێکی چەرخەو جەمسەرەکەیتری زەوییە، لەتەك هەڵچوتووبو داچوونو بەرگریو پەیرەوی ژینگەدا، سەوداو مامەڵە دەکات لە بوونو بوومەوە.

کاری رامیاریش، بەشێکی گرنگە لەم سەوداو مامەڵەیەدا، کە بارولایەنی ئابوری ژێرخانو بنچینەو بنەرەتە، لەم کێشەسەرکییەدا.

ژیانی رامیاریم لە ١٩٣٧- سەرهەڵئەدات لە کۆمەڵەی برایەتیدا کە بەکردگار، ئەندامی کاراو نیمچە رازگرێ بوون، چونکە ئەو سەردەمە، ئەم زاراوانەی کە ئیستەکە هەرە، ئەوکاتە نەبوو.

لە ئەنجامی کارکردنمدا لەو بوارەدا، تۆشی گەلی چورتمو، گاشەو گۆڵمەز بووم- لەوانە:

١- دوای کەوتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لانەوازی زۆری بۆ هێنام، شەوانە، تەنها بۆ نووستن، پەنامبردە بەر بەرێز حسین بەگ جان، بە هۆی ئەوەی مامۆستای حەسەن بەگی کوری بووم، خۆشی خانەدان- خاوەنی دیوەخان بوو، رێزی لێئەگرتم، شەوانە لە سەربانەکەیان، دەنووستم.

لە ئەنجامی ئەو ئەزموونو کارامەییەی، کەلە کۆماری کوردستان، سوودم لێوەرگرتبوو، سەرەرای راسپیری سەرکردایەتی بەرزو ئامۆژگاری سەرکردایەتی سوپاییو رامیاری سۆڤیەتی، راپۆرتێکم پێشکەشی برا کۆمۆنیستەکانکرد، کە گەرەکە بەناوی

---

(١) لەعەرەبییەوە وەرمگێراوە.

نەتەوایەتـیو ناسیونالیسـتو کوردایەتیـیەوە، کاربکـەن، ئەگـەر چـی کـاری بێنەکـرا، بـە دوژمـنکاری شـکایەوە بەسـەرمدا، بـرای هاوسەنگەرو، هاورێی تێکوشانو خەبات لێمبوون بـە دوژمـن، چـەند کەسێك لـە نـاو لـیژنەی ناوچـەیی ئـەو سەردەمە، ئەحمەد غەفورو عـومەر عـارف قاپـرەش، کـە جیهانـیان بەجێهێشـتووە، فەرمانـیاندابوو کـە فـریمبدەنە خوارەوە لە سەربانەکە. خانەخوێیەکەشم، ئەو کارە نارەوایەی پەسەند نەکرد.

٢- دوای ١٩٥٨، لـە ئـیران جموجۆڵـی هەبـو، شـێخ نەسـرەدین لـە بـنەماڵەی شـێخانی بـیارە، بـە فەرمانـی دەزگـای سـاڤاکی سنە، هاتبووە لای بەرێز حەمە رەشید خان وێنەو دارۆخان.

ژەنـراڵ بەخـتـیاری، دەیویسـت کـودەتاو گـەردش بـە سەرشـاهی ئیرانـدا بکـات. ئـەو نێـردراوە، نامەیەکـی نووسـیبوو بـۆ مـن بـە کـوردی، بە کاك ئازادی کوڕی ئەنوەر بەگی حەمـە رەشـید خانـدا، ناردبـووی بـۆم، داوای هاوکـاری کـردبوو، بـە نـاوی کـۆمەڵەی شۆڕشـەوە، گـوایا شۆڕشـی کـوردە، منـیش وەڵامم نەدایـەوە، چونکە گومانم لێی هەبوو، ناوەکەیـدا بـو سـاڤاکی ئێـران، ئەوانـیش بـە ئاسـایی هاوکـاری ئاسایشـی عێراقن، شتێکی ئاشکرایە، ئەم جۆرە هاوکارییانە.

لـە سـەر ئـەو راپێچکرام بە دەسبەسەری بۆ باشوری عیراق، ٦ ساڵ، بێئەوەی ئاگاریم هەبێت لەم بەزمە، ئەو سزایەم نۆشی.

٣- دوای ١٩٧٠، بـــەکاری یەکـــێتی مامۆســـتایان- ســـەندیکا، بەمەبەســـتی یەکیەتـــی رێزەکانـی مامۆسـتایان بـە گیرفانـی خۆم، چوومە خانەقین، دهۆك، هەولێر، برایانی بیر تەسـکو تاکـڕەو، لـە مامۆسـتایان، راپۆرتـیان لـێدام کـە بمگـرن، راپـۆرتەکە گەیشـتە سـەرکردایەتی، ئـەوێ بەرێـز و خـەباتگیر، ئەسعەد خۆشـەوی، دەیناسـیم بـە توورەیـی لییانـراپەریبو وتـی- هەرن ئەو کەریم زەندە لای سەرۆك بارزانی قاوەی دەخواتەوە، کی پیاوە بچی بیگرێ، بەوە لەو گاشەیە قورتایی کردم.

### هێزی چوارەم[1]

دەوڵەتـی سـێبەر Shadow، بگـرە، هێـزی یەکەمـو دەسـتەلاتی یەکەمـە، ئـەو هێـزە نهێنیـیە کـە کاروبـاری هەرهەمـوو جیهان بەریوە دەبات، تەنانەت چارەنووسی میللەتە

(١) ماسوّنی Masonie – فەرمەسوّن Free Masons.

گچکەکانو گەلە چەوساوەکانیش، بە پێی بەرژەوەندی خۆیان، هەڵدەسوورێنن، کارتی کارنامەو بەرنامەیە لە پرۆگرامو ستراتیژییەی خۆیاندا، بەکاری دەهێنن، ئەو هێزەش:

CIA، بینتاگۆن، پاناگانی، مۆساد، ئینتلجنسێرڤس کە ئاسایشو پاراستنی دەوڵەتە زلهێزەکانن.

دۆزو کێشەی کورد، بە پێی ئاو و باو کەشی ئەم هێزە نهێنییە، سەرهەڵئەداتو کپ دەبێتەوە، لە هەلەمەرجی رەخساو و بارودۆخی گونجاودا لەتەك رامیاری ئەواندا لەو تەبایيەدا کە دێتە ئاراوە، گرژو خاو و هەڵچوونو داچوونی بە پێی ئەو پێوەرەیە، کەڕە چاوکراوە بۆ ڕاگرتنی لەنگەرو هاوسەنگی گشتی لە نێو رامیاری نێودەوڵەتیدا. ئەمە وەرامی پرسەکانی پێشووە.

بۆ نموونە- سەرکۆماری ئەمەریکا- جۆن کەنەدی کوژرا لە پێچیکی ئوستانەکانی ئەمەریکا، بە تفنگی دووربیندا- قەناسە- لە مەودای ٣کم، لە باڵاخانەیەکەوە بە دەستی لیئوزواڵد کوبی، ژنەکەی سۆڤیەتی بوو، گوللەی ئاراستەکردو پێکای، لە تەنیشتی خاتو جاکلینی خێزانیەوە، خێزانەکەی بەرنەکەوت، دەستی تریش هەیە لەم کارەساتەدا، شوێنەکەیان پشکنی، کوژەر دەستگیرکرا، لە کاتی هێنانی بۆ دادگا، جاك رۆبی- کارگێری تیاتروخانەی شەوانە لیئوزواڵدی کوشتەوە، تاوانەکە گومکرا.

هۆی کوشتنی جۆن کەنەدی چی بوو؟.

لە هێڵی رامیاری سەردەم، لایدا بوو.

براکەی- رۆبەرت کەنەدی، لە کاتێکدا خۆی هەلبژارد بۆ سەرۆکایەتی، بەدەستی- سەرحان بەشارە سەرحان، ئەردەنی- کوژرا لە ئوتیلێکدا، مەترسی ئەوەی لێدەکرا کە ببێت بە سەرکۆمارو تۆڵەی براکەی بستێنی.

**زەنگی مەرگ ١٩٩١/١/٤**

کاتو دەرفەتو رێکەوت لەتەك ئاکامدا یەکدگیر بوو، لە بەرەبەیانی رۆژی هێنی رێکەوتی ١٩٩١/١/٤، لە زنگی خانووەکەمدرا، بە پەلە هەستام جارێکی تریش لێدرا، بۆ ئەوەی تاوانەکە زوو تەواوبکەن خێرا چووم، بێئەوەی بپرسم ئێوەکێن؟.

سرگی دەرگاکەم کردەوە، دوو بۆرە زەلام، پیاو کوژ تاکو لۆ وەستابوون، شەرواڵو قەمسەلە لەبەر تەمەنیان ٣٠- ٣٥، هەردووکیان قەدیو قۆڵ توندو تۆڵو تۆکمە، سەرووت.

ئـەوی ئـەملایان پرسـی، خاڵـە، ئەمـەش پەرلەپـە؟ وتـی مزگەوتـی حاجـیان لـە کوێوەیە؟

منیش وتم- فەرموون، کاکە، دووبارە وتم فەرموون، فەرمانتان چییە؟ فەرموون.

سـەیر دەکـەم- دوو کابـرای تێکسـمراو، نامـۆ، نایانناسـم، ئـاوڕم بـەلای ئەوەیانـەوە دایەوە کە پرسی لێکردم مزگەوتەکە لە کوێوەیە؟.

ئـەویتریان- لە بەر پشتێنەکەیەوە، خۆی ئامادە دەکرد، نیشانەی لە سەرمدەگرتەوە، وام دەزانی گاڵتەم لەتەکدا دەکەن.

گوللەیەکـی لـە دەمانچـە سـتیلە بـێدەنگەکەیەوە، فیشەکی قلچەی گڕداری ئاراستەی سەروچاومیکرد ئەگەر ڕووم لەو بوایە، ئاراستەی ناو دەمیدەکردم.

ئاوڕدانەوەکـە، بـوو بەهـۆی ئـەوەی کـە گـوللەکە چـیغبکات، گـڕەکەی دەموولوتـی سووتانم، دەمودانی هەڵتەکانم، وەکو فوارە، خوێن بەدەمولووتمدا هاتە خوارەوە.

منـیش لـە باتـی هـاوار بـۆ خێـزانو ماڵبەرم، هـاوارم بردە بە جادەو شەقام، خێزانو کـورەکەم لـەویٚ نەبـوون- خێـزانەکەم چووبو بۆ سەردانی چرۆی کچم لە دەربەندخان، کورەکەشم سەرباز بوو.

هاوارمکـرد، ئـەیهاوار کـوژرام، بـەدەم خوێـنەوە دەتلامەوە، تاکو دوکانی مام کەریمی دراوسێمان، هاوسییەکان هاتن بە هاوارمەوە.

لـەو کاتـەدا، ئـەورەحمان حاجـی ئەبـدوڵا بۆسـکانی بـەو بەیانـیـیە سـاردە، بەسـەر کارەساتدا دێ دەوەسـتی، دوو دڵە، ناوێـری بمـبات بـۆ بـیمارخانە پیٚ بە جەرگی خۆیدا دەنیو، بە بەتانیا دەمخەنە ناو ئوتومبیلەکەی، هاتمەوە هۆشخۆم.

بووکەکەمو مام کەریم- دراوسێمان لە تەکمدان.

ئەورەحمان دەڵی- بڵی کەوتووم- ئەگینا دەمگرن.

وتم کاکـە- گـوللەیان پـێوەناوم، لـە بەردەمـی نەخۆشـخانە دایـنام، هەرچـۆنێبوو بـە جنگەکرِی، چوومە ژووری، کاتیٚ هاتمەوە هۆشی خۆم، لۆکە دەخەنە لووتمەوە.

وتیان- پەڕەی پۆلیسخانەت پێیە؟

وتم- نەخێر، ئیتر رایاننەگرتم، وتیان بچورە دادگا، ئەوانە کیٚ بوون؟

وتم نازانم- کەسی دوژمنم نییە- ناچمە دادگا.

د. محەمەد باقر یارمەتیدام- وتی ئەمە مامۆستایە! خزمەتی کەمە، ئەوە خەلاتە!!

بەراستی ئەوە پاداشو خەڵاتی ئەو هەموو، دەربەدەریو ئەشکەنجەو ئازاری ژیانە بوو کەدیومە، نەزانرا چی بوو، هۆ چی بوو، هیچ لایەنێکی رامیاری دەری نەخست.

گومان- هەر رژێم بوو- رەنگە پریشکی مامۆستا- شاکیر فەتاح بوو بێت؟ چونکە لە کاتی خۆیدا دادکۆکیم لێکردبوو- ٢٥ شەو لەسەر جێگە کەوتم، ئاکامم نەهاتبوو، خوداوەندی میهرەبان و بەخشندەو پاکی خۆم، فریامکەوت، ویستی یەزدانی بزورگبوو- دوایی دەرکەوت لە بەڵگەی ئاسایشدا.

**گەڕانەوە- بیرخەرەوە**

شێخ مەحمود حەفیدی نەمر ١٨٨١- ١٩٥٦، کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ محەمەد کوڕی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ سەعید کوڕی شێخ مارف نۆدییە.

لەتەك باوکو مامەکانی لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا دەبن بە مێوانی سوڵتان ئەبدولحەمید ئوسمانی، ماوەی ٢ ساڵ پتر لەوێ دەمێنێتەوە، دوای ئەوە لەتەك کاربەدەستانی ئوسمانیدا تێکدەچن، ئاڵوزیو کێشە پەیدا دەبێ، وایلێهات لە ١٩٠٧ بانکران بە فەرمانی دەوڵەت بۆ مووسڵ، کارەسات روویدا، شێخ سەعیدی باوکی کوژرا.

ئەم رووداوە لە نووسراوی ٣ قوربانییەکە- شێخ ئەبدوسەلامی ٢ بارزانی، شێخ سەعید کەلە مووسڵ کۆتایی بە ژیانییان هێنراوە.

٢٠/ گەلاوێژ / ١٩١٤- شێخی نەمر لەشکر ریکدەخات لە کوردستانەوە بەرەو شیعبەو بەسرە، بۆ بەشداری شۆرشی ٢٠، بە شانازییەوە، دوای ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان کارگێریتی کوردستانی گرتۆتە ئەستۆ، بە لەشکرەوە روویکردۆتە سنوور، لەتەك سوپای رووسیدا جەنگاون، دوای ١٩١٨، فەرمانرەوایی پێسپێردراوە، تاکو جەنگی دەربەندبازیان ١٩١٩، شێخی نەمر، بە برینداری گیرا، لە پاڵ بەردە قارەمانددا، رەوانەی بەغداد کرا، دادگای سوپایی فەرمانی خنکاندنی بەسەر درا، لە تەك شێخ محەمەد غەریبی زاوای- لە شێخانی گوندی قازانقایەی قەراخ.

فەرمانی خنکاندنیان گۆڕدرا- رەوانەی هیندستانکران ٣ ساڵ لەوێ مانەوە، دوای ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ کوێت لەوێوە بۆ سلیمانی، کراوە بە فەرمانرەو، لە ٣٠ ئەیلولی ١٩٢٢ ، تاکو ١٩٢٤، دووبارە پەیوەندی لەتەك کاربەدەستانی ئینگلیزدا تێکچووە، جەنگی پارتیزانی دەستپێدەکات تاکو ١٧ حوزیران ١٩٢٧، سەردەمی شایارێتی جەعغەر عەسکەری، شێخی نەمر لە ئەنجامی گفتوگۆکردندا دێتەوە بۆ بەغداد، ماوەیەکو گەڕاوەتەوە بۆ دەڤەری پێنجوین.

کارەساتی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠، لە شاری سلیمانی، کە ئێمەی منداڵانی گەڕەکی مەڵکەندی، هاوبەشبووین بە پێی توانای منداڵی.

بۆ تۆڵەی ئەمە، شێخی نەمر بەگەرمی جەنگاو بۆ خوێنی گەشمەردەو بەهەشتییان جەنگی ئاوباریك ١٩٣١ بۆ سارێژکردنی برین، ڕوویدا.

بە پێی گفتوگۆ لەتەك میریدا ١٩٣٣، شێخی نەمر بە دەستبەسەری هێنرایە بەغدا تاکو ١٩٤١- بزاڤی ڕەشید عالی گەیلانی، لە مایسی ١٩٤١، دەرفەت ڕێکەوت گەڕایەوە، منو ساڵح ئەحمەد بابان، مستەفا کەریم غەفور لە خزمەتیدا بووین تاکو گوندی سیتەك لە شارباژێر ئەمە لە کۆمەڵەی برایەتیدا لێی دواوین. دوای ئەمە- لە گوندی داریکەلی دانیشت لە بازیان.

کەڵە هۆزانڤان- ئەحمەد حەمدی ساحیبقران دەڵێ:

وەکو مەدینە بێنەبی بێ یا نەجەف بێ بێ عەلی

شاری غەزنە بێ مەحمودە ئیستە وەکو داریکەلی

لە ١٩٥٦/١٠/٩ لە نەخۆشخانەیحەیدەری لە بەغداد گیانی سپارد، بە ناکامی سەری نایەوە.

تەرمەکەی هاتەوە بۆ سلیمانی، شێخ لەتیفی کوڕی لەو کاتەدا، بەندکرابو، خۆپیشاندانکرا، تەرمەکەی گوللەی بەرکەوت، ئەختەری خێزانی ڕەشول، لەو کارەساتەدا کوژرا.

عومەر عەلی ئوستانداربوو، بەلام، لەو کاتەدا بە سیلەوە مۆڵەت ڕۆیشتبوو، بریکارەکەی کاك فەوزی جەمیل سائب بوو.

شێخی نەمر سێ کوڕی هەبوو:

شێخ ڕەئوف، شێخ باباعەلی، شێخ لەتیف.

ئارامگەو خەوابگەی لە مزگەوتی گەورەیە لە تەنیشت باپیریەوە کە قاڵبی گڵی ڕاکشاوە، بە نەمری هەرماوەو زیندووە.

**بیرەوریم لە خزمەتیدا**

لانەوازیو ئاوارەیی بردمی بۆ گوندی داریکەلی لە ڕۆژانی پیرەشیری کەنەفت، شێخی نەمر، تفنگێکی فڕوکەشکێنی ئەلمانیم پێبوو، چوومە خزمەتی، کامیابوو ئەو شانشینە کوردە، یاخیگەران لێی خڕببوونەوە، هەموو سەرنجیان لێدەدام، منیش تفەنگەکەم

چاكتر نزيككردەوە، تا بە چاكی ببيينن، بزانن كە خواردنی ئەوانيش نييە، شەو چوومە لای كوردە ئاوارەكانی ئەوديو، بەيانی هاتمەوە خزمەتی، فەرمووی- شەوی لە كوێ بويت؟ وتم قوربان لای ئەوان بووم.

ئەو ياخيگەرانە- خولە تەويلەيی، جەبار سوێراوا، حەمە كەريم و حەمە سوور وێلەدەری، ئەورەحمان، حاجی سەعدون بۆ نيوەرۆ- خودی خۆی ٢ جار چووە خوارەوە، نەيدەتوانی دەچوونە ژێربالی، فراوينم خوارد لە خزمەتيدا، ماڵئاواييمكرد فەرمووی لێرە بمێنە، بردميە ژوورەكەيخۆی.

موبيلەی تۆزاوی سپرينگشكاو، لانەی ئەو پيرە شيرە نزيكی كۆتايی ژيانی، هاتە گفتوگۆ فەرمووی:

كەريم- تۆ بڵێيت ئاڵای كورد جاريكيتر بلەريتەوە؟.

وتم لەرييەوەو خۆمان تێكماندا.

كڵاو و جامانەكەی بەتوندی فريداو دايبە زەويدا وتی:

بە گۆری كاك ئەحمەد من تێكم نەدا.

فرميسك بە هەردوو چاويدا هاتەخوارەوە، منيش گوتەكانمگۆری، لە پاشدا داوام لێكرد كە ماوەمبدا بڕۆم، وتم دەچم بۆ گوندی تەنگيسەر- بۆ لای شێخ قادر حەفيدی برای، ئەمە بۆ شوێنەونی، سلكردن لە ياخيگەران، ئيتر روومكردە گوندی خاوێ.

**كاريگەری چەرخ**

شێخی نەمر- لە ١٩١٩ لە دەربەندبازيان، بە چەند تفنگێكی وەكو حسكەو جاملێزارو ژێرسافو مەعدەنو مارتليوداداشو سێ تيرو قەپاغلی و ماكەنزييەوە- چوو بە گژ سوپای ئينگليزداو، قارەمانی سەردەمبوو.

رۆژانی دوايی پيرەشير، كەنەفتی، پەككەوتی، ١٩٥٥ عومەر عەلی بە پەلی سەربازو پۆليسەوە، چووە سەری شێخی نەمر، سواری ئەسپەكەی دەبی، دەچنە ژێر باڵی، تفنگەكەی دەخەنە بەردەمی بە دوو كەس بنباڵی دەگرنو، پێی دەخەنە ئاوزەنگييەوە، تاكو گوندی بارۆيی رۆيشت، دوای ئاوڕيدايەوە تەنها ٤-٥ چەكداری بە دواوەيە فەرمووی بگەڕينەوە.

پێشوازی لە عومەر عەلی دەكاو فەرمووی پاشا ئەوە چووبووم بۆ ڕاو، ئەويش لە ڕووی ديبلوماسييەوە، دەستی ماچدەكات، بەدەستبەسەری هێنای بۆ سليمانی رۆژی سێ

جـار بەپێپـيكلەی سـەرادا، سـەردەكەوت بـە كـۆمە كـۆمە و خەنجەرەكـەی قـەدی خەريكبوبـيدا لـە ناو چەوانی، ئەوەندە كۆما بۆوە، پيريو پەككەوتەيی. ئەمەيە داستانو چيرۆكی ميللەتی ستەمديدە!

عومەر عەلی لە كۆڕو كۆمادا، بۆ خۆ هەڵكێشان دەيوت:

شێخ مەحمود كيمد- واتە كێيە؟ كەرەتەيدەن گيزدم، وەكو كەرەتە هێنام.

ئەمەكاری چەرخو زەمەن، چەرخو زەمەن قارەمانە.

ئەم پيرە شيرە، قارەمانە مەزنە، لە رەنگدانەوەی ميللەتەكەيدا بەرجەستە دەبێت.

ئـاخ- كاريگەريـزەمەن، پيرەشـيری وەكـو شـێخ مەحمـودی نەمـر لـە بارۆيـيەوە بگەڕێـتەوە، پێشـوازی عـومەر عەلـی بكـات، لەتـەك خـۆيدا بيهـێنی بەدەستبەرسـەری، كۆمەكۆمە بـە پيپـيلكەی سـەرادا رۆژی ٢-٣ جـار واژو، مـۆری بەڵگەی ئامادەبوون بكات، ئەمەيە كاری چەرخو شكستی گەل.

هـەمان عـومەر عەلـی دوای ١٤ تەممـوز ١٩٥٨، بـدرێت بـە دادگـای گـەل، لـە دادگـادا دەپارێتەوە.

**ژەنراڵ بارزانی نەمر ١٤/٣/١٩٠٣- ١/٣/١٩٧٩**

مێژووی بارزان دوو خولە:

لـە رێـبازگەی نەخشـبەندييەوە- شـێخ تاجـەدين بارزانـی، سـەرۆكی بارزانـو زيـبارو دەوروبـەری، ئـەم خـولە، ئـەم چـەرخە بـە خنكاندنـی، تاجـی بەهەشـتيان- شـێخ ئەبدوسەلامی ٢ بارزانی- كۆتايی هات، لە مووسڵ ١٩١٤، لەلايەن دەستەڵاتی ئوسمانييەوە.

ئەمە لە نووسراوەی سێ قوربانييەكەدا باسكراوە.

وشـەی بـارزان- بـەرازی- خێڵی بەرازی- ياخود ناوی باپيرەگەورەيان، بارزانی دێرين، واتـە رەوا- پارسـان- پياوچـاكان، خوداناسـان، دەرويشـەكان، دەرويشـان ياخـو- بـرازان- برايانی تەباو زانا.

دەچـنەوە سـەر خێڵەكانـی هـەكاری، چيانشـين، دوور لـە هێرشـی مەغـول، لـە چەند بەرەيەك پێكهاتوون:

شـێروانی، مـزوری، دۆڵەمـەڕی، هەركـی، بـەرۆژی- بـەرۆژووان- خانـەوادەو بنەماڵەی شێخەكان، نەوەی شێخ تاجەدين نەخشبەندی.

بـارزان- دەڤـەری شـاخاوی- بـریتییە لـە بـارزان، مێرگەسـوور، مـزوری باڵا، بە چیای پـیرس، ئابڵوقەدراوە، زێـبار، شـیرمان، بـرات- لـە خۆرنشـینو باشـورەوە بە چیای شیرین، بارۆش، برادۆست، پیرانی، کانیرەش، کلەشین، لە خاوەرەوە.

چـەند کێوێکی تر لە مانە جودا دەبێتەوە بەنێوی جیاوازەوە کە هەمووی لە زنجیرە راکشـاوەکەی زاگـرۆزو کانگاکـەی کـەی چـیای ئاراراتـە- ٥١٢٥ م بـەرزە، جـودا دەبـنەوە، ژەنـراڵ بارزانـی نەمـر- کـوڕی شـێخ محەمـەد بارزانـی بـرای خودانـی بـارزان- شـێخ ئەحمـەدی بەهەشـتی، شـێخ ئەبدوسـەلامی دوو گەشمـەردە، شـێخ محەمـەد سدیق، شێخ سلیمان، شێخ بابوێ برازایی.

دوای زنجیرە بـزاڤو شۆرشەکانی بارزان، بە ئاوارەییو دەستبەسەرکراوی لە سلیمانی، لەتـەك خودانـی بارزانـو جونگاوەرانیدا، بە کۆمەکو یارمەتی کۆمەڵەی برایەتی، بەهۆی شێخ لەتیف حەفیدو بریکاری حاجی مەلا ئەسعەد مەحوی، چەکدارانی ئەو کۆمەڵەیە.

مچـەڤرگەیی- مکایەڵـی- بـراگەورە، شـێخ حسین بەردەزەردی بەرزنجی، حەمە پیزە- بێسـەری، ئەحـە بیورەیی- بلباس، ئەمانە نیگابانی شیری بارزان بوون، ڕەوانەیانکردەوە، گەیشتەوە، لانەی خۆی- شۆرشی بارزانی- ١٩٤٣ بەرپاکرد، کە کۆمەڵەی هیوا دەستی باڵای هەبوو لەو شۆڕشەدا.

هـەروەها شۆڕشـی ئەیلـول ١٩٤٥، شکسـتی بارزانـو ڕۆیشـتنیان بۆ شنۆو لاجان، لەتەك ئەفسـەرە کوردەکانـو فەرمانـبەرو ڕۆشـنبیراندا کـە هاوکـاری شۆڕشـەکەبوون- سـەرماو برسێتیانکێشا تاوەکو وەرگیران لـە کـۆماری کوردستاندا بەشدار بوون، هێماو پەیکەری دیموکراتـی بـوون، لـە هەڵکردنـی ئاڵای پرۆزی کوردستاندا هاوکار بوون. کە بە ئاهەنگو سروودی میللیو وتاری پێشەوای مەزن، لەو ڕۆژە پیرۆزەدا ئەنجامدرا.

بارزانـی- بەرگـری مانونەمانـی کـرد لـەو کـۆمارە، تـا دوا هەناسـەی، کە شکستی هێنا بەرەو کاپکاس، لە کۆڕەوی مەزندا، کە باسکراوە، لە ڕۆباری ئاراس پەڕینەوە.

لـە شۆڕشـی ئەیلولـی ١٩٤٥، دەرئەنجامـی فشارگەری نارەوایی هێزی میری زۆردار، کە دەیویسـت پشـتی لێبگرێت، ئابڵوقەی بارزان بدات، لە ڕێی باپشتیانو دیانەو بادلیانو کۆە گـوندەوە هێـزی بارزان بە سەرکردەی نوروشیروانی، بەرنگاری یەکتربوون، تاکو ئێوارەی خایانـد، بەکوشـتنی قەیسـەر هورمـز کۆتایی هات- کەسەرکردەی هێزی نائاساییەکانبوو- لەشـکری مـیری شـکاو گەڕایـەوە، کـوژراو چـەکو چۆلی بەجێهێشت، شێخ محەمەد سدیق برای ژەنراڵ بارزانی بریندارکرا.

دوای ئـەوە- جەنگی نەهلە- نێوانـی چـیای ئاکـریو پـیرس له ١٩٤٥/٩/٨ هێزی میری، تۆپـو فـڕوکەی بـەکار هێـنا، بارزانـیش بـە تفـەنگ ئابلۆقەی هێزەکانی میرییاندا، بەڵام خێڵە کوردەکان ئابلۆقەکەیانشکاند.

جەنگـی هاڤـدیان- هاودیانـو مەزنــە ٢ ئەیلـول ١٩٤٥، بارزانیـیەکان، لـە ئەشـکەوتی هاودیاندا خۆیان متکردبوو، دوور لە مەزنە بە ماوەی کاتی.

حەمەداغای مێرگەسوور شێروانی، نوروشیروانی هێرشیان برد، لەشکری میری شکا.

لـە جەنگـی هەرنـدا، لـە پشـتەوەی چـیای پـیرس، ٣ کاتـە لـە بارزانــەوە، دوورە، بەرنگارییەکیتر روویدا.

مایــور عیــزەت ئەبدولعەزیــز، ئەفســەری تــۆپ، توپبارانیکــردن، گــولله تــۆپەکان کورتیهێنا.

ســەرۆك بارزانــی نەمــر، فەرمانــیدا کــە تــۆپەکان، نــزیك بخەنــەوە، لــە کۆتایــیدا، بارزانییەکان بەناچاری کشانەوە.

٢٥ ئەیلـول ١٩٤٥، سـوپای عـیراق هێرشی برد، بارزانییەکان بەرگرییان لێکرد، جەنگ تاکـو شـەوێ خایانـدی، بارزانیـیەکان کشانەوە بـۆ گـوندی هەرفتە- خانەوادەی بەرۆژی، تیرەکانـیتر، گەیشتنە کێلەشینی پشتی شنۆ، ناو خاکی هەرێمی کوردستانی خاوەر له ١٢/ ١٩٤٥/١٠ لەتــەك کوردســتانی باشــوریان بــە تــەواوەی بەجێهێشــت لەتــەك ئەفســەرو چەکدارانـدا.

سوپای ڕووسی لەودیو، خێڵە کوردەکان پێشوازییان لێکردن- لە دەڤەری شنۆو لاجان جـێگیربوون، دوای شکسـتی کـۆماری کوردسـتان بـەرەو کاپکـاس ڕۆیشـتین بـە جەنگـی پارتیزانـی، خۆشـم بەشـدار بـووم- ١٣ سـاڵ ل+ە ڕووسـیا مانـەوە، دوای ١٤ گەلاوێـژ ١٩٥٨، گەڕانەوە خاکی نیشتمانی دایك.

دووبـارە بـارودۆخ گـوڕدرا، ١٣ سـاڵیتر لـە شۆڕشدا بوون تاکو دەرچوونی بەیانی ئادار ١٩٧٠.

دووبـارە شـۆڕش بەرپابـوو ١٩٧٤، مـاوەی سـاڵێك شکستی هێـنا، ژەنـراڵ بارزانی نەمر بەرەو ئەمەریکا رۆیشت، بەناسۆری سەرینایەوە.

ئارامگــەو خەوابگــەی لــە شــنۆیە، ئارامگــەی جــەنگاوەر ئەســعەد خۆشــەوی، بــە تەکیەوەیەتی، کەسی دووەمبوو لە شۆڕشەکاندا.

١٩٧٩/٣/١- بارزانی نەمر، کۆچیدواییکرد.

**بارزانی نەمر:**

١٩٠٣/٣/١٤- لە گوندی بارزان هاتۆتە ناو جیهانەوە.

١٩٠٦- بەندکراوە لەگەڵ دایکی بەرێزدا.

١٩١٩- بە فەرمانی شێخ ئەحمەد- خودانی بارزان- براگەورەی، چۆتە کوردستانی باکور، چاوی بە شێخ ئەبدولقادر نەهریو شێخ سەعیدی پیران دەکەوێ، لە شاری مووش.

١٩١٩- بەهێزیکەوە لە دەوڵی بباو هاوکاری شێخ مەحمودی نەمر دەکات.

لە کوشتاری ئەرمەنیدا، دەگاتە هانایانو فریایاندەکەوتبو، ئەنترانیك پاشایان و خێزانەکەی قورتار دەکات.

لەیەکەم راپەڕینی بارزاندا، لە جەنگی، بەرقی بەگدا سوپای دەوڵتی شکاند.

بۆ وتوو وێژ دەچێتە مووسڵ، لەوێ دەستبەسەر دەکرێت.

١٩٤٣/٣/١٢ لە سلیمانی بە کۆمەکی کۆمەڵی برایەتی دەرباز دەبی و دەگاتەوە گوندی بارزان لە شنۆوە.

١٩٤٣- سەرکردایەتی شۆرشی بارزان دەکات.

١٩٤٥/١٠/١١ کشانەوە بۆ کوردستانی خاوەر- دوای شکستی شۆرشەکە.

١٩٤٧/٦/١٨ لە رۆباری ئاراس پەرینەوە بۆ رووسیا.

لە ئایاری ١٩٥٣، دوای مروتی ستالین- گوێزراوەتەوە بۆ مۆسکۆ، چاوی بە خرۆشوف کەوتووە.

١٩٥٨/١٠/٦ گەڕایەوە بۆ نیشتمانی دایك، دوای کودەتاو وەرچەخاندنی رژێمی پادشاهی عیراق.

لە سەرەتایی ئاداری ١٩٦٠ بە یەکجاری گەڕایەوە بۆ بارزان.

١٩٦١/٩/١١ سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلولی کردووە.

١٩٧١/٩/٢٩ لە پلانە گلاوەکەی، مەلاکاندا، بەسەرسامی رزگار بوو.

ئاداری ١٩٧٤، دەستیدایەوە شۆرشی بەرگری.

ئاداری ١٩٧٥، بە هۆکاری ریککەوتننامەی جەزائیرەوە، کشانەوەی بەرەو کوردستانی خاوەر.

١٩٧٩/٣/١، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە نەخۆشی شێرپەنجە، کۆچیدوایی کرد و چاوی ئارامی لێکنا، لەسەر راسپیری خۆی لەسەر سنوور، لە شاری شنۆ، ئەسپەردەی خاکی پیرۆزی نیشتمانکراوە.

هەزاران سڵاو درووود لە گیانی پاکی، لە ڕەوانی پیرۆزی.

هەزاران سڵاو لە یارانو دڵسۆزانو هەڤاڵانیو لە ڕێبوارانی ڕێبازی بارزانی نەمرو شکۆمەندو سەرفرازەکەی.

## کۆمەڵەی خۆیبوون[1]- ١٩٢٧

دوای شکستی شۆرشی ١٩٢٥، کوردە دڵسۆزەکان لە ئەنجامی ئەو کارەساتە دڕندانەیەدا، بریاری بەستنی کۆنگرەیەکی کوردی یەکگرتوو درا لە ١٩٢٦ هەموو ڕەگەزە کوردییە سەرەکییەکان، کۆبکاتەوە لە نوێنەرانی کۆمەڵو ڕێکخراوو سەرۆکی خێڵەکانو ناوداران بەمەبەستی خۆکۆکردنەوەو بەرگریو رزگاری کوردستان لە چنگی دوژمنی خوێنخوارو بەربەستکردنی هێرشی نارەواو پایەرزگاری جەنگاوەرانی چیاکانو هەڵۆی کێوەکان.

ئەو کۆنگرەیە لە ١٩٢٧ لە کوردستانی باکور- داگیرکراو- دانیشتەکانی مانگونیوێکی خایاند، لە بریارەکانی:

١- هەڵوەشاندنی هەموو کۆمەڵەو ڕێکخراوێك، بە مەبستی دامەزراندنی کۆمەڵێکی گەورەی سەرەکی یەکگرتوو، هەموو ئەندامانی کۆنو نوێ بگرێتە خۆی.

٢- درێژەپێدانی شۆرش و خەباتی هاوبەش لەتەك گەلی تورکدا، تاکو دوا سەربازی تورك خاکی کوردستانی پرۆز بە جێبێڵێ.

٣- ڕەچاوکردنی ئەم لایەنانەی خوارەوە:

أ- دانانی فەرماندەی گشتی بۆ هەموو هێزە نیشتمانییەکان.

ب- یەکخستنی هەموو هێزە شۆرشگێرەکان بە مەشقی سەربازیو جەنگی، چەکدارکردنیان بە نوێترین چەکو تەقەمەنی جەنگی.

ج- دامەزراندنی سەرکردایەتی گشتی باڵای شۆڕش بۆ هەموو هێزەکان، هێزە نیشتمانییەکانی کورد، لە چیایەکی کوردستاندا.

د- پەیوەندی بەستن، لەتەك گەلی فارسو تورکدا لەسەر بنەمای برایەتیو تەباییو گونجاو.

هـ- بەستنی پەیوەندی برایەتی لەتەك عیراقو سوریەو قایلبوون بەو مافەی کە چەکی داڵە- پارێزراو- ئینتیداب- پەیمانە نێو دەوڵەتیەکان کە بریاریان لە سەرداوە، داوای مافی رامیاریتر نەکرێت.

---

)١) القضية الكوردية– د. بلەج شيركوه ١٣٤٩– ١٩٣٠، مطبعة السعادة– بجوار محافظة مصر.

لقوو پۆپی ئەم کۆمەڵە لە هەموو کوردستاندا، بڵاوبۆوە، ژەنراڵ ئیحسان نوری پاشا کرا بە فەرمانـدەی گشتی سوپا لـە چیای ئاگـری، شـۆرش بەرپاکـرا، دەسـتپیکرا بـە فراوانـی، رۆژ دوای رۆژ، تاکـو شـاڵاوی مەزنـی تـورك ١٩٢٨، بـرایە سـەر ئاگـری، شکسـتی تورك لەم هەڵمەتدا.

لـە ئەنجامـی ئـەم شکسـتە، تـورك رێـبازی خۆیانگـۆری بـە فـێلو تەڵەکـە، یاسـای بەخشینیان دەرکـردو راگوێـزانو ئاوارەیـی راگیر، رێپـیدان بـە گەرانەوەی دوورخراوان، دانانـی سەرپەرشـتیاری گشـتی دانـرا بـۆ کوردسـتان Viceroi- بەمەرجـی هەڵوەشـاندنی کۆمەڵەی خۆیبون.

ئەم پیلانە، سەرینەگرتو بەسەرهاتەکانی رابوردوو وانەیەکی رووتو ئاشکرا بوو.

کـۆمەڵەی خۆییـبوون، لەسەر ئەوە سووربوو، کە گەرەکە، دوا سەربازی تورك، خاکی کوردستان بەجێبهێڵێ، تورکیا، دان بنێ بە سەربەخۆیی کوردستاندا. بەڵام دوای شکستی هەڵمەتەکانـی ١٩٢٨، ١٩٢٩ بـۆ سەر چیای ئاگری، خۆی ئامادەکرد بۆ هێرشێکی مەزنتر لە ئەپریلی ١٩٣٠، تاکو ٥ یونیو، خۆییبوون نەخشەی بەرگری هەبوو، ئەم پیلانە بۆ ماوەی ٣ مانگ، لەو چیایەی کە ئاڵای کوردی لێهەڵکرابوو.

ئـەو هێرشـە مەزنـە بـۆ سـرینەوەی ناوی کورد بۆ کوژاندنەوەی پێناسەی نەتەوەیی کوردبوو.

بەرەبەیانـی ١١ یونـیە ١٩٣٠، شـاڵاوی سـوپا بـرایە سەر شۆرشگێران، ٣ رۆژ بێدەنگی و خامۆشـی ئـەو چیا پـتەوە سـەختە خۆراگـرە کشوماتە لە- ئێخدێرو تەندرکو ئەرجیشو ڤانـو بتلیسـو چیای سوبحان- سیپان- شکستی تورکو هەڵویستی بەرگری- ١٣ یونیە تاکو ١٣ یولـیە، کوشـتارو بـریندار، تیکشـاندنی ١٢ فـرۆکە، گـرتنی ٦٠ تـۆپ، ٦ هـەزار گـوللە، ١٥٠ خـیوەت، ٣ هـەزار تفـەنگ، ٤٠ بـار ئازوخـە شکستی ٤ هەزار، تەنها لەشکری ٧، ٨- مایەوە لە ئاگری.

تـورك، بەناچـاری سـەربازیگرت لـە جەوانانـی ١٩٠١، ١٩٠٥ دواخسـتنی هێرشـی بـۆ سـیپتمبەر، دانـان بەو شکستەدا، کوردی کەرتی باشوری گەورەو گچکە، لە جەنگاوەرانو پێشـمەرگە- کەوتـنە فـریای بـرا کوردەکانـیان. کارەسـاتی وێـرانکاریو خاپورکـردن، دەستپێکرد- تۆڵەی درندانەیی، بێبەزەیی، کەوتە کار.

٢٢٠ گـوند خاپورکـرا، لـە شـیوی زیـلان- لـە پـیرو پەککەوتـەو منداڵ، تیرە بارانکران، سـووتانیان، بـە سـەدان لـە رۆشـنبیران گـیران، فـریدرانە گۆمـی ڤانـەوە بـەدەم سـروودی نیشتمانییەوە.

۳۰ گـوندی بەروپشـتتی چـۆلە مێـریگیان وێرانکـرد ٥ سـەد ئافـرەتو منداڵـیان لـە سـێدارەدا، ٤۰۰ گوندی نزیکـی چـیای ئاگـری، سـووتێنراو خاپورکـرا، هەروەها نشینیانی چیای تەندرك، بە بۆمبای سووتێنەرو گوللە یۆپ، سووتانیانن.

هێـزی جـەواد پاشـا لـە ئوسـتانی هـەکاری، بـەیت شـەباب خانـەی لاوان، شـەمدینان، هەمـوو گـوندو دێهاتەکانـی سـەرە ڕێـی ئـەو لەشـکرە کـە ئەکشـا، وێرانکـرا، نزیکەی ۱۲۰ گوندو کێڵگە.

لای ڤانـەوە- بـە فەرمانـدەی کەمالـەدین سـامی پاشـا- دەڤـەری چـاڵدێران- ۸۳ گـوند سوتاو ٦۰۰ کەسیان کوشت.

دوای ئەم هەموو وێرانکارییە بریار لەسەر ئەمانە درا:

۱- هەڵوەشاندنی ژیانی خێلایەتی، دابەشکردنیان بەسەر ئوستانەکاندا.

۲- نەهێشتنو قەدەغەکردنی چەك لە کوردستاندا.

۳- ڕاگوێزانی کوردە گوند نشینەکان.

٤- بـەزۆر کـردن بـە تـورك بەگشـتی، قەدەغەکردنـی زمانـی کوردیـو نووسـین بـە کـوردی. ڕۆژنامـەی ئەحـوال بـیروت- ۱۳ ئاب ۱۹۳۰- نووسنگەی کارگەرانی نێو دەوڵەتی لە زۆریخ- بیزاری دەربڕی، ۳۰ ئاب ۱۹۳۰.

لە ڕۆژنامەی ئەهرامی میسر ۹ سیپتیمبەر ۱۹۳۰ پەسندکرا.

**۹ حوزەیرانی ۱۹٦۳**

شەبەیخونی شەوی مەینەت کتوپڕ دایبە سەرمانا
کە دەریای میحنە تا خنکا، گوڵی شادی لە دڵمانا
دەسی فاشستی ٦۳ لە ۲۳ حوزەیرانا
وەرانی سونبولی تۆزی لە ناوجەگەی کودرستانا

۹ حوزەیـران- کارەسـاتی دڕندەیـی ۱۹٦۳، دەرئەنجامـی کـودەتاو وەرچـەخانی ۸ مـانگی ڕەشـەمە- ڕۆژی هـێنی ۱٤ ڕەمـەزان- ڕۆژی کوتایـی فەرمانڕەوایـی ئەبدولکـەریم قاسـم، تاکرەو ۱۹٦۳.

شەوی ٧ لەسەر ٨، مانگی ڕەشەمە، هەینی ١٩٦٣، لە بەغداد بووین، لە ئوستانی ناسرییە لەتەك مامۆستا کوردەکان، گوێزراوەبوون- منیش بە دەستبەسەری، مامۆستا سابیر ئەحمەد، سەعید مەلا کەریم، جیهان شاوەیس، ئەو شەوە لە ئوتێل شەهلا بووین، لە کاتی ٨ شەوەوە شەقامەکانی بەغداد، چۆڵو هۆڵ، کەسی پێوەنەبوو، بۆنی خوێنی لێدەهات، وتم کوڕینە با بروینەوە بۆ ئوتێل، کارەسات ڕەچاو دەکرێت.

بەیانی زوو هەستاین وتم با بڕوین، تاکو نەقەوەماوە، بە گوێیانکردم هاوڕێکانم- هاتینە گەراج، بەرەو ناسرییە هاتین، لەسەربازگەی رەشیدو پردی دیالە، دەربازبووین.

نزیکی عەزیزییە، شۆفێرەکە، رادیویکردەوە، لە پڕ بە دەنگی بەرز وتی- قضینا علی الطاغي- نسور الجو- وتیان رادیوکە بگرە، وتم نەء.

هاورییەکانم وتیان بگەڕێنەوە، وتم نەخێر.

هەریەکەمان بچینە شوێنی خۆمان- ئێمە دەستبەسەرین، ڕژیمی نوێ لەتەك سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلول ١٩٦١، کەوتە گفتوگۆ بەهۆی بەرێزان- کاك فوئاد عارف، سەیدا سالح یوسفی بامرنی، کەریم قەرەنی برام.

ئەو کاتە سەیدا سالح یوسفی دەستبەسەر بوو لە ناسرییە- وەکو ئێمە.

ئەم هەواڵە لە ویستگەوە راگەیەنرا، پروژەی لامەرکەزی هاتە کایەوە.

دوای رۆژو نیوی بەرگری ئەبدولکەریم قاسم لە شایاریتی بەرگری خۆ بەدەستدانەوەیو کوشتنی لە چیمەنی ویستگەکەدا ئەو وتووێژە سەرینەگرت.

سەرهەنگ سدیق مستەفا کرا بە فەرمانـدەی سوپا لە سلیمانی، فەتحی سقللی کرا بە دادوەری سوپایی هەرێمی باکور، پۆستی بەروپشتی شاری سلیمانی قایمکرا.

لە بەرەبەیانی رۆژی ٩ حوزەیران- بە بڵندگۆ جاری قەدەغەی هاتووچۆکرا، تانکو زریپۆش ئابڵوقەی شاریدا، شاڵاو و هێرشی دڕندانە برایە سەر خێزانو خانەوادەو ئافرەتو منداڵ، پەلاماری، لاو و پیرو فەرمانبەرو کارمەندو دوکتورو کاسبکارو دادوەرو هەموو دانیشتوان درا، راپێچی ناو زیلکران بەرەو تەویلەی سەربازخانە دووچاری، برسێتی، تینوویەتی، هەڕەشەی مەرگ بوونەوە- تەویلەکان سیخنافکران، ٥ هەزار کەسی تێئاخنرا، پتر لە ٤٦٠ کەسیان لێکوشتن لە شێوی مەرگدا- وادی الموت- زیندە بە چاڵکران.

سەرهەنگ سدیق تەلەگرافی دا بە بەغداد وتی- ٥ هەزار یاخیبوومگرتوە، فەرمانتان بە چییە؟.

ئەبـدورەحمان عـارف- سـپاپود بـوو، لـه وەڵامدا دەڵی دوابخە، چونكە سەرسامە لەوە كە لە ماوەیەكی زۆر كەمدا ٥ هەزار چەكدار بەیدەستیكاتو بیانگرێ، خودی خۆی دیتو، بارچاوەشێكی كورد لەتەكیداو دەچنە لای گرتووەكان لە تەویلەكان.

یەكێك لەوگرتووانە بانگدەكاتو دەڵی- تۆ چیت؟.

دەلی كوڵبەرم- دەڵی كوا چەكت؟ دەڵی نیمە، گوریسو پەتكم هەیە.

دووەم بانگدەكاتـو دەڵـی مـن پۆلیسـم، پاسـەوانبووموگیراوم، سـێیەم دەڵـی كارگێـری گشتی پەروەردەم، چوارەم دەڵی دوكتورم، پێنجەم دەڵی دادوەرم، بەمجۆرە.

سەدیق بانگدەكات، دەڵی- كوا چەكیان؟.

تاپریكو تەنها دەمانچەیەك گیرابوو.

دەڵـی- ئەزمـر گـیراوە، ئامـاژەی نەخشـە دەكـات، كـوا زێوێـی پیرەمەگـرونت گرتووە؟ وەڵام نییە.

بەڵام كار لە كار ترازابوو، ٥ سەد كەس زیندە بە چاڵكرابوو هەروەها لە شاری كۆیە- بـە فەرمانـی تـەها شەكرچی، دەیـان كـەس بـە دنگـەكاوە- كـۆڵەكەكان- تـیرە بارانكـران، لەوانە مامۆستا كەمال رەشید حەویزی.

لـە كەركـوك- گـەرەكـی جەمهوری بـە شـوڤلو بـیلدۆزەر تەختكرا، لە ٢٣ حوزەیرانـدا- بەهەشـتیان- گەشمـەردان- مـارف بەرزنجـی، حسـین بەرزنجی كوڕانی شێخ ئەبدولكەریم قادركەرەم، لە سێدارەدران، نموونەی خەباتی میللیو هاوچەرخبوون.

منـیش ٦ سـاڵ- دەستبەسـەریم كێشـا لـە ئوسـتانی ناسـرییە، لـە كـەناری خـوارووی زونگاوەكـان- لـە ئلبوسـاڵح- ئیسـلاح، كـەحلا، قەلعەسـوكەر، بـە مووچـەیەكی زۆر كـەم، رۆژی سێ جار دەبوایە ئامادەبوومایە لە پۆلیسخانە.

لـە هەولێر- بەدرەدین عەلی ئوستاندار- ئەویش لە وێرانكاریو گرتنو كوشتن دریخی نەكرد، چەپی لە خوێنرێژەكانیتر كەمتر نەبوو.

**ژەنرالْ ئیحسان نوری پاشا ١٨٩٢- ٢٥/ ئادار/١٩٧٦**

لـە خێڵـی جەلالیـە- بـە بـریاری كـۆمەڵەی خۆیبـبوون، لەیەكەم كۆنگرەدا ١٩٢٧، بە پێـی بـڕگەی أ، ب، ج، ژەنـراڵ ئیحسـان نـوری پاشـا، دانـرا بـە فەرمانـدەی گشـتی هێـزە چەكدارە شۆرشگێرانەی چیای ئارارات، ئاڵای كورد لە پۆپە بڵندەكانیدا هەڵكرا.

رووداوەکانــی ئــارارات، لــە رۆژنامــەی گۆهســتان- خاوەنــی ئیســماعیل ئــەردەلان، بلاویکردۆتەوە، ئەم رۆژنامەیە لە تەهران دەردەچوو- لە ساڵانی چلەکاندا.

ئـەو دەمەی بەکاری رامیاری، بەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد- لە شارۆچکەی بۆکان لە خانەی قاسماغا ئیلخانیزادە- دییوکری، بە یەکگەیشتووین.

لـەم بـوارەدا لـە تەکـیدا دواوم، لـە شـەوێکی مانگـی ئـاب ١٩٤٥ کەبـەرەو ئەمدیـو دەگەڕامەوە.

دوای کــزیو لاوازی شۆرشــی ئاگــریداخ- ئــارارت، دەرئەنجامــی نەمانــی ئازوخــەو کەمــبوونەوەی جـەنگاوەران، بـە ناچـاری خـۆیدا بەدەسـت رژێمـی ئێـرانەوە، چـەرخی رەزاشا، بە دەستبەسەری مایەوە لە تەهران- تاران.

نامـەی بـۆ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان نارد دوای ١٤ گەلاوێژ ١٩٥٨، وەلامی ئەوتۆی نەدرایەوە، کە دەربارەی کۆمەکو دۆزی کورد بوو.

ئـەم قارەمانە، بە نەداری، بە هەژاری، بە دەستبەسەری گوزەراندی، تەنانەت بەرگی شـڕو کۆنـی لـە بەردابـوو، پاڵـتۆی بەسـەردا لەبەردەکرد، بۆ ئەوەی دیار نەبێت، شەوانە دەچـووە دەرەری لای دۆسـتو ئاشـناکانی لـە شەقامێکی تاران، ماتورسایکل لێیداو کۆتایی بە ژیانی ئەو کەڵەمێردە هێنا- لە مەزارگەی بەهەشتی نێژراوە بە بێناز، فەرامۆشکراوە بێـبایەخدانو ئـەرزش، تـەنها ژەنـراڵ بارزانـی نـەمـر بەسـەریکردەوە، نمایـندەی خۆی لە پرسەو ناشتنی ئامادەبوو.

د. ئەبدوسـەتار تـاهیر شـەریف دەڵـی- لـە بتلیس ١٨٩٢ هاتۆتە جیهانەوە، فەرماندەی شۆرشـی بـۆتان بـووە، ١٩٢٥ بانگەشـەی یەکـەم کـۆماری کـردووە رووپـێوی ٩٦٠کـم٢ لـە ئەیلولـی ١٩٣٠، بەدەستبەسـەری چـۆتە تـاران، لـەوێ ماوەتـەوە تاکـو ٢٥ ئـاداری ١٩٧٦، ماتورسـایکل شـێلای. لـە مەزارگـەی بەهەشـتی نـێژراوە، گیانـی بە بەهەشتی بەرین شاد بێت.

**جوگرافیای کوردستان ١٩٤٥-١٩٥٨** Geography is behind History

ئەگـەر رەوابـێو بڵـێن، مێژوو بەراستی، سەرجەمو گردوکۆی جەمسەرەکانی چەرخو چاخو سـەردەمی رابوردووێیت، بـە کارەساتییەوە هەنوکە و ئیستەکەو سەردەمی نوێ، مـەودای قووڵیـی دەبەخشێت، بەوکارەسـاتانەو بـەو ڕووداوانـە، مـەوداو لایەنـو قوڵایـی دووریش دەبەخشێت بە کەڵەمێردانی.

یاسای ویستی خەباتگێرو تێکوشەر، ڕەنگرێژو دانەرو بەرهەم هێنەرەو رەوتو ریژەوی مێژووە بە کردارو پێکهێنانو پرۆسەوە.

لیکۆلێنەوەی جوگرافیایی، بە قووڵایی سەردەم، بە مەوداو لایەنی دووری چەرخەکەی، دەبێت بە جوگرافیای مێژوویی، کە لێکۆلێنەوەی جوگرافیایە بە ٣ لایەنەکەیەوە:

شوێن، کات، مرۆڤ.

بریتیە لە ٤ باسی بنەرەتیو بوومی:

١- گۆرانکاری زەویو ژیان- لەسەرهەڵدانیەوە ئەمە جیولوجیای مێژوویی و زانای گۆرانکاری چارەسەریاندەکات. خاك، نیشتمان، زەوی- شانۆی کارەساتە- مێژووییەکانە، مێژوو- شانۆگەرییە، جوگرافیاش شانۆیە.

٢- گۆرانکاری شانۆی جوگرافیایی سەردەم، کە بریتیە لە لێکولێنەوەی چەرخی چوارەم، تاکو گەیشتۆتە سەر بارودۆخی سەردەم، لەرووی فیزیوگرافیو ئاوو باو کەشەوە.

٣- لە سەرهەڵدانی مرۆڤەوە، لە جیهانی ئاژەڵییەوە لەو گۆرانکارییەیدا، هەر مرۆڤ خۆی، دروستکەرو بنیاتنەری کەلتورو ژیارو شارستانی بووە. هەر خۆی خاوەنی بریاری گۆرانکارییەکەیە، تاکو ئیمرۆ و سبەینیش.

٤- تێکەڵاوی جۆشو گونجاندنی مرۆڤ لەتەك ژینگەو دەڤەر بە بەفراوانی واتاکانیەوە.

ئەمەیە شانۆگەریو شانۆ.

هیچ جۆرە داستانو چیرۆکێك ناچێتە ناخی مێژووەوە نەیساوەو نەبڕاوەو نەدرێژخایانی کاتو چاخو چەرخو سەردەمەکەینابێت، بەمەبەستی روونکردنەوەی چێوە مێژوویەکە، یەگشتلایی، کە دەچێتە ناو بازنەو سنوورەوە، کە ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، باوەش دەکات بە بوونوبوومدا، پەردەی لەسەر لادەداتو ئاشکرای دەکات.

جوگرافیا- پاڵپشتی مێژووە، کارەساتو رووداوی مێژووە، شانۆکەی خاکو ئاخو نیشتمانە، کە جوگرافیایە.

مرۆڤ- ڕەگەزی سەرەکی، هۆکاری بنەرەتییە، لەناو ئەو هاوکێشەدا، کە جەمسەرێکی زەوییەو جەمسەرەکەیتری چاخو چەرخە.

ڕەگـەزی بـڕیار دەرو تەواوکـەر، هـەر مـرۆڤ خۆیەتـی، مـێژوو بـە تـەنها، ناتـەواوە، جوگـرافیا تەواوکەریەتـی، هـەر ئەمەیـە هـۆی نووسـینی جوگـرافیای کوردستان، چونکە کێشەی سەرەکیو بنەرەتی میللەتی کورد، پەرتکردنی خاکەکەیەتی وەکو لەشێکی بێباڵو قۆڵو لاقـو دەسـتو قاچی لێکراوە وایە، لەشێکی ناتەواوە خۆی لەسەر زەوی خلیسك بۆ ڕانـاگیری، تـوانای وەسـتانی نیـیە لەسەر هەردوو پێ، ڕاوەستاو پێت ئەبێ بەهەر نرخێ بـێت، تەقەلاو کۆشش بکرێت، بجەنگین، خەباتبکەین بۆ یەکگرتنەوە، بۆ یەکخستنەوەی ئەندامانی ئەو لەشە ناتەواوەو دابڕاوە، بەمەبەستی یەکگرتنەوە، یەکیەتی.

بـەو بڕواو بۆچوونە ئەم کارەم کردوە- ١٣ ساڵ بە پێ، گەڕان بە ناسنامەو پاسپورتی سـاختەو درۆ گـەڕاوم، قوڕو چڵپاوی گوندو دێهات نییە کە بە پا شلمدا هەڵنەپڕژا بێت، سـەگی گـوندی نیـیە کـو پـێم نەوەریبـێ، لە مزگەوتدا، نووستوم، دەریانکردوم، وتویانە تـۆ دزی، تاوانـبار کـراوم، منـیش نوێژمکـردوە، وتـومە بـراکانم بـە خـودای مەزن پیاوی خراپو بەدکارنیم، بەیانی نوێژیان دەرۆم.

لە ١٩٤٥- ١٩٥٨، بۆ ئەمکارە گرنگە خۆم تەرخانکرد.

پەرتکردنـی خاکی کوردستان، بەشکردنی، کێشەکەی ئاڵۆزکردوە، بە یەکگرتو ڕەچاو ناکـرێت، بەکەرتـی گچکەوکەم دادەنرێت، سەوداو مامەڵەی نێودەوڵەتی هەر لەسەر ئەم بـارە پەرتکـراوەی، دێتە کایەوە، نەك وەکو لەشێکی تەواو، بەڵکو وەکو مرۆڤێکی بێلاقو بێـباڵو بێدەسـت، سـەیردەکرێت، کێشەکەشـی هـەر بـەو چـاوە دەبینـرێت، بـۆیە، هـەروا ماوەتـەوە، گەرەکـە بـەر لـە هەمـوو- یەکگـرتنەوە ڕەچـاو بکـەین، دروشمـو ئارمانجمـان خوییبوونو یەکبوون بێت، چونکە تاکو هەنوکە هەر کەرتو پەرتە.

بۆچـوونو تێـڕواندم بـۆ ئـەم یەکگـرتنو یەکـبوونە، هـۆی گەڕانمـە بـە دوای ئـەم ڕاسـتییەدا کـە جوگـرافیای کوردسـتانە- لـە ١٩٤٥وە دەسـتم پێکـردوە تاکـو ١٩٥٨، هێڵـی ئـەتنی، نەتەوایەتـی- ئەتنوگـرافیم بـە گەڕانـی مەیدانـی، خـۆم، نەخشـەم کێشاوە- ئـەم شوێنـە خاکی کوردە، ئەو شوێنەکوردنین.

بەمجورە، ئەوماوەیە- بەنەداریو دەربەدەری بەڕاونراوی.

هـەر ئـەم بـارو دۆخـەو ڕۆژگـارە تا هەموارە بوو بە هۆی ئەمکارەم، ئەگینا ئازایەتی خۆمنیـیەو دلاوەری خـۆم نەبـووە، بەڵکو قارەمانـی ڕۆژگـار بـووە، هـەر چـەرخو چاخو سەردەمو زەمەن قارەمانە.

کەڵەمێـرو هۆزانڤانـو نووسـەر دێنێـتە کایـەوە، هـونەرە بـۆ دیـواری قـوڕو قەتـیلەو

چـراو لامـپاو دیوارکۆ، که زانای وەکو شێخ محەمەدی خاڵو نالیو مەحویو کوردیو سالمی پێگەیاندووە.

هـەژاری، چەوساوەیی، نەداری، نەبوونی کە قانعی هۆزانڤانی گەیاندۆتە پلەو پایەی بڵند، نەمـریو دلاوەریـو قارەمانـێتی ئەوەیـە کـە ئـەو دەرفەتە لە کیسنەدرێت، بە فێرو نەروات.

سـەردەم، چـەرخو چـاخ هەمیشـە فەرمانـرەوان، شـێخ مەحمودی نەمر نموونەیەکی بـەر جەسـتەی، لە گۆرەپاندا، بە چەند تفنگێکی حسکەو جاملیزارو ژێر سافو مەعدەنو داواشو ماتریلو قەباغلی، لە جەنگی دەربەند بازیاندا- قارەمانبوو.

هەر هەمان شێخ مەحمودی نەمر، شاهی نشینی کورد، پیرەشێر.

ئوسـتاندار عـومەر علـی، بـە پەلـی سـەربازو پۆلـیس توانـی شـێخی نەمـر بـە قوڵبەسـتکراوی بیهـێنی، بـە پێپـیلکەی سـەرادا بـە کۆمەکۆمە، بـە پشتی کۆمەوە مۆرو واژۆی ئامادەیو رتو ئارابوون بکات، ئەمەیە چەرخو زەمەن، نوسیستی، نەهاتی.

نەهاتـی رۆزگـارە گەرەکـە دۆسـتایەتی دوژمـن بکـەیت، هـەر ئـەم نەهاتیـیە، ئـەم پەرتکـردنە، کێشـەی نێودەوڵەتـی، لە ئاستی ئەم گرێکوێرەیەی گەلی کوردا، لە بەرانبەر ئەم تەلیسمەدا، هەروەکو خۆی ماوەتەوە.

بـەم ئومیدە ئەمکارەمکردوە، کە ئەم جوگرافیایە ببێت بە دەستورو یاسا بۆ هەموو کـوردو کوردسـتان بـەو بـڕوایە کە کوردستان یەکەو دوونییە، یەك میللەتیش هەیە، کە ئەوەش کوردە.

خاکەکـەی یەکپارچەی جوگرافی لە یەکدانەبڕاوە، کەرتو پەرتنییە، گشتییە، لە سەر ئەم بنچینەیەش سەوداو مامەڵەی لەسەر دەکرێت، گشت، نەك کەرت.

**چار**– What is to be done

ئەرکـی سـەرەکی هەمـوو نەتەوەیـیو نیشتمانپەرسـتو کـوردپەرەوەرێك ئەوەیـە- کـە بجەنگـیو خەباتـبکات- لـە تەقەلاکـردنو کۆشـش دریخـی نەکات، بۆ بە دێهێنانی خواستی نەتەوەیـی، گوشـەگیریو کـەنارەگیری پەڕبکاتـووەلاوەی بهـێنی، خـود پەسەندی گۆربکات، شوێن ریبازو شەقامی شارێو گشتییەکە بکەوێت.

ئـەم ئەرکـە خـۆی لـە گوزارشـتو دەربـڕینیکدا دەبێنێـتەوە، سـوور بـوونەوە لەسـەر

رامـیاری کوردایەتـی هاوبـەش، کاری ڕەسەنە بۆ یەکخستنی چالاکییە نیشتمانییەکان بۆ یەکێتی خەباتی رزگاریخواز لە هەموو کەرتەکانی کوردستاندا.

بوونـی ڕێـبازی رامـیاری کوردایەتـی هاوبـەش، پێداویسـتی کاتـیو هاوچـەرخە، رامیارییەك کە هەموو کورد لە کەرتەکاندا، بگرێتەوە.

بـۆ ئـەم مەبەسـتە گـرنگە پـیرۆزە، کۆبـوونەوەی گشـتی گەرەکـە، نوێـنەری هەمـوو لایەکـی تـێدا بـێت، بـۆ ڕەنگـرێژیو نەخشەکێشـانی رامیارییەکی هاوبەش ستراتیژییەکی هاوبـەش، بە ویستی نەتەوەیی بە پەلە، هەموو لایەنەکان بگرێتەوە، بە ئارەزوی میللیو خواستی نەتەوەیی میللەتی کورد، بۆ پێکهێنانی یەکیەتی نەتەوایەتی.

ئاشکراکردنی ئەم دروشمە بۆ هەموو گەلانی جیهان سووربوون لەسەر ئەم خواستە، پیشاندانی ورەی بەهێـزی میللەتـی کوردە بۆ گەلانی دوورو نزیك، بە جێهینانی ئەرکو پێداویستییەکی نەتەوەییە، لەم بارودۆخەدا، لە رۆژگاری ئێمرودا.

بوونـو ڕەسـەنێتی ئـەم سـتراتیژییە هاوبەشـە یەکگـرتووە لەسـەر بـنەماو پایـەگای پـتەوو قـایم، نەخشە کێشراو لە لایەن ڕەگەزە دڵسۆزەکانەوە، پێویستییەکی مێژووییەو هـەر بـوونە، رۆژگـاری کوردسـتان، هـاواری بـۆ دەکـات، گەرەکیەتـی بـۆ دانانـی ئـەو ستراتیژییە یەکگرتووەو پەیرەوی بکرێت، یەکەم خواستو دوا خواستە.

لایەنە رامیارییەکان، بەرپرسن بەرانبەر بەمە[1].

**کەواتە:**

بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی، بـۆ یەکگـرتن- بـۆ رێکخسـتنی ریزەکانـی گـەل، بەمەبەستی یەکخستنی ستراتیژییەتی یەکگرتوو، بۆ راگەیاندنی سەنتەری هاوبەش، بۆ کوردستانیەتی پارتو کۆمەڵە رامیارییەکان، ئەی برای- کورد.

---

(١) کوردستان و بزاڤی نیشتمانی کوردایەتی– سەلاح محەمەد سەعدولا–چاپخانەی– ئەهالی– بەغداد –١٩٥٩.

## پیرۆزگە

**ژیانی تەمەنی- مانگی کۆماری کوردستان لە مەهابادە**

یادی کۆماری میللی کوردستان لە مەهاباد- سابلاخ- ساوقبولاق- کانیسارد، بە پێشەوایی قازی محەمەد، ئەوکۆمارەی کە سالێکی نەخایەند، ماڤی کۆمەڵ و سنوورو چێوەی پەیوەندییەکانی دیاردەکرد.

یەکەم کابینەی تێدا دامەزرا، دوای فەرمانڕەوایی دەوڵەتو مەملەکەتی شێخ مەحمودی مەزن- حەفید.

کە بریتبووە لە:

حاجی بابا شێخ - سەرۆك

محەمەد حسین خان- شایاری بەرگری

سەیفی قازی- شایاری بەرگری

مەناف کەریمی- شایاری فەرهەنگ- پەروەردە

سەید محەمەد ئەیوبییان - شایاری تەندروستی

عەبدورەحمان ئێلخانیزادە - شایاری دەرەکی

ئیسماعیلاغا ئێلخانیزادە - شایاری هاتووچو- گواستنەوە

ئەحمەد ئیلاهی- شایاری ئابوری

خەلیل خەسرەوی- شایاری کار

کەریم ئەحمەدیان - شایاری شارەوانیوپۆست

محەمەد ئەمین موعینی - شایاری ناوخۆ- ناوەکی

مەلا حسین مەجدی - شایاری دادوەری

مەحمود وەلیزادە - شایاری کشتوچاندن

کۆماری کوردستان ٢ڕێبەندان١٣٢٤ هەتاوی ڕێکەوتی ١٩٤٦/١/٢٢ دامەزراوە لە ١٥/ ١٩٤٦/١٢ شکستی هێناوەو کەوتووە ڕێکەوتی ١٠ فروردین– خاکەلێوە ١٣٢٦ هەتاوی.

پێشەوا- قازی محەمەد- لە کۆڕی چوارچرای شاری مەهاباد- لە سێدارە دراوە- لە ٣٠ مارس ١٩٤٧ لەتەك سەیفی قازی – حەمە حسین خان، سەدری قازی- ئەبولقاسم برای پێشەوا.

با بمێنی یادی لە بیرو هزرو مێشکی هەر هەموو کوردو ئازادیخوازو رزگاریخوازی بەرێزدا[1].

کریم زەند

هاوینی ١٩٥٩

---

[1]) پێداچوونەوەو پەسندکردنی د. کامیل بەسیر

لـە ئەفسـەران — عیـزەت ئەبدولعەزیـز ئامـیدی، میرحـاج ئەحمـەد ئاکـریٚ، مسـتەفا خۆشـناو، سـەید عەزیـز شـەمزینی، سـەید ئەبـدوڵا نەهـری، جـەلال ئـەمین بەگ، نوری ئەحمـە تـەها، بەکـراغا ئەبدولکـەریم حەویـزی، خەیـرولا ئەبدولکـەریم، محەمەد سالح ژاژلی فەقی محەمەد ماوەت، محەمەد مەحمود قودسی، ئەبدورەحمان مفتی.

بـریکاری ئەفسەر- شەوکەت نەعمان ئامیدی.

لـە نیشـتمان پەرستو،سـەرانی خـێڵۆ، رۆشـنبیران، ژەنـرال حەمـە رەشـیدخان، زێـرو بـەهادر هەرکـی، مـیرزا سـدیق، مـیرزا مەنگـوڕی، پارێـزەر هەمـزە ئەبدوڵا، کەریم زەند، جەعفـەر شـێخ حسـین بەرزنجی، مەحمـود ئەحمـەد رەوانـدزی، محەمـەد توفیق وردی، مەحمـود مەجـید، ئـوسمان دانـش شـەریف، ئیسـماعیل عـارف، شـێخ محەمـەد ئـەمین مەڵحـە، فایـەق مەحمـود، قانع، ئەنوەر ئەبدوڵا، وجدی محەمەد بەگ، بێگومان- میللەت ڕۆڵەی دڵسۆزی خۆی لە بیرناکات لە سەر بازانو دڵسۆزانیتر.

مـەلا عەلـی سوسـی، کۆمەڵـی هەقـە، ئەحمـەد ئیسـماعیل، محەمـەد ئەبـدورەحمان، ئەبـدولا سـۆق کـەریم سـەراج، ئەبـدولا رەشید، عوسمان عەلی بەگ، مامۆستا ئەبدلقادر ئەحمـەد هـەولیری، مامۆسـتا جەمـیل بـەهادین ئامـیدی، ئەسعەد عومەر، سالح زاخۆیی، سـەعید فـەرەج، شـێخ عابـد، مەغدیـد، لەتـیف زەنـد، شـێخ جـەلال کاکـە لاو خۆیـو ١٣ سەربازی هەلاتە، نامەی شێخ مەحمودی حەفیدی نەمریان هێنابوو.

**( شوێن )**

شـەقامی مەهابادە- کۆمەڵەی جوێجوێ وەستان. چاوەرانی رەو و خۆپیشاندن دەکەن سێچواری لەتەکیەدا وتوو وێژ دەکەن بیروڕا بەم ڕۆژە پیرۆزە دەردەبڕن:

١- خوێـندکاریٚ — لـە مـێژە، راژەی زانسـتوزانیاری کردووە، لە چەرخی زەردەشتەوە، لـە سـەر دەمـی مـاد- مـیدەوە. لـە چـاخی گـۆرانکاری گـۆمەلگەی شـوانکارەییەوە بـۆ گـۆمەلگەی کشتوچـاندنو چـێنگە ونیشـتەجیبوون. بەلگـەش بـۆ ئەوە زۆرە: پاشەوارانی ئەشـکەوتی شـانەدەر لای بـارزان، چـەرمۆ- چـەرمك The white قەڵاچـەرمەڵە. لای چەمچـەماڵ، ئەشکەوتی هەزارمێـردی سلیمانیو زەرزی و قزقاپانـی- سورداش. کۆنـترین مـرۆڤـ نـیاندەرتالٚ- تێدا ژیاوە. ئەمرۆ کە کۆماری میللی خۆماندی، گەرەکە زۆر کۆششو تەقەلابدەین بۆ راژەی مەردوم.

٢- کوردێکی هەڵاتوو بە قاچێکی شەلەوە، وەستاوە، دێتە بەردەم خوێندکارەکەو دەڵێ شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانو شێخ ئەبدولقادر نەهری بەڵگەی خەباتمانە. خۆشم لاقێکم لەسەر ئەمە داناوە. ئەم کۆمارە رووناکی هەر هەموو کوردانە.

٣- کارگەرێك- دێتە پێشەوە ودەڵێ ئێمەش تاکو هەنوکە چەوساوە بووین، بەڵام پەیدابوونی ئەم کۆمارە، دوا ڕۆژێکی باشترو بەختەوەرمان دەبێت.

٤ - جوتیارێك دێتە بەرەوەو دەڵی تاکو ئیستە کە بەشخواروبووین- تا ئیستە، لە سایەی کۆماری دیموکراتییەوە، بووین بە خاوەنی زەویوزار.

٥ - نووسەرو بوێژی دەڵی: ئیستەکە دەتوانین بەسەبەستی بنووسینو بدوێین.

رەوی سەربازو دانیشتووان لە خوێندکارو، فێرمارو کارگەرانو ئافرەتانو رێکخراوان تێدەپەرێ بە سروودی نیشتمانییەوە.

پێشەوای مەزن بە بەرگی سەربازییەوە سڵاوی گەل دەسێنیتەوە.

دوای تەواوبوونی رەوەکە پێشەوا وتارێکی پێشکەشکرد:

گوێگرانی بەرێز وهیژا- جەوانانی بەهێز، سەربازو وپێشمەرگە قارەمانو دلێرەکان، سوپاسی بێپایان بۆ یەزدانی بەخشندەی میهرەبانو مەزن، کە ڕزگاربووین. ئەم کۆمارەمان پێکهێنا، تاکو ئیستە کە لە مافی ڕەوای خۆمان بێبەریبووین، قوربانیمان زۆر داوە، مێژوومان خوێناوییە، بەڵام شۆرەشی ئەمجارەمان بێخوێنرشتن جێگیربوو. شۆڕشی سپییە. یەکەم جارە لە مێژووی گەلەکەماندا بە بێخوێنرشتن، سەرکەوتن وەرگیرکەوێ.

رۆیشتنم بۆ تاران لەتەك حەمەحسین خانو شایارانی ئازربیجاندا، وتو وێژمکرد لەتەك سەرەك وەزیرانئنوخست وەزیر ئاغای قیوام سەڵتەنە- بەجورێکی وەها پێکهاتووین کە سوودبەخشە.

لە بەند و بڕگەکانی پەیمان نێوانمان:

١– ئوتونومی– خۆ فەرمانی– کوردستان لەناو میری ئیراندا، وەکو کۆماری ئازربیجان.

٢- کشانەوەی سوپای ئیران لە هەموو دەڤەرو ناوچەکانی کوردستان.

وێرای ئەمانەش، دەربارەی جەنگی مامەشەو قارەمانێتی بارزانیو ئەفسەری دلێر مستەفا خۆشناو، گەشمردەو بەهەشتی- خوشەوی. دوای چەپلە- مژدەیەکی خۆشتر.

لەتەك ئازربیجانی میللیدا، پەیمانمان بەستووە لە رووی جەنگیو رامیاریو ئابورییەوە. (چەپلە)

**( شوێن )**

بارەگای ژەنرال بارزانییە لە گوندی سەراوسەرچاوە.

**سەرۆك بارزانی، لەتەك پۆدپۆلكونیك عیزەت ئەبدلعەزیزی فەرماندەی رۆخی سەقز، پۆدپۆلكونیك میرحاج ئەحمەد، دانشتوون، پاسەوانیك بەچەكەوە لە بەر دەركە وەستاوە، هەموو سەیری نەخشەی هێرشبردنە سەرشاری سەقز دەكەن.**

سەرۆك بارزانی ڕوو دەكاتە كاك عیزەتو میرحاج، دەڵی پۆستەكانی نزیك شاری سەقز باش قایمبكەن ئامادەبن بۆ هێرش بۆ سەر سەقز.

**كاك عیزەت- بەڵێ ئەزبەنی**

**كاك میرحاج- هێرشێكی دەمەگازی گەرەكە بەرینە سەر سەقز لە ۲۵٪ زیانبدەین، هەر سەركەوتووین. ئا لەم كاتەدا كاك نوری ئەحمەد تەها مایور، بە بەرگی ئەفسەرییەوە دێتو دەڵی:**

**تەوریز گیرا، دانیشتووان هەموو سەرسامبوون.**

**سەرۆك بارزانی- چۆن تەوریز گیرا؟**

**مایور نوری- بەڵێ ئەزبەنی.**

**بڕیار وایە سوپای ئیران بە ناوی هەڵبژاردنی نمایندە بۆ پەرلەمانی نوێ، بیتەوە بۆ شارەكان بۆ پاراستنی هێوریو هێمنی وئاسایش.**

**بەم بیانووەوو، دێتەوە، هەر ۲كۆمارەكە لە ناو دەبات.**

**سەرۆك بارزانی- لە مێژەوە ئەم بڕیارەم بیستووە، لەو كاتەوە كە سەرۆكی شایارانی ئیران ئەحمەد قیوام سەڵتەنە، بەفرۆكە چوو بۆ مۆسكو لەتەك ستالیندا رێكەوتن بۆ لە باربردنی كۆماری ئازربیجانو كوردستان، كردنی و دانانی بە كارێكی ناوخۆیی.**

**كاك میرحاج- بەڵێ ئەزبەنی، جەعفەر پێشەوەری سەركۆماری ئازربایجان، لەمە ئاگادارەو نیازی كشانەوەی هەیە.**

**كاك نوری- راست بێژی.**

**سەرۆك بارزانی- ئێمەش گەرەكە بكشێینەوە.**

**كاك میرحاج- ڕوو دەكاتە سەرۆك بارزانی- دەڵی چۆن بكشێینەوە؟**

**سەرۆك بارزانی- دووسەد مێری جەنگاوەر بەرە لە تەك خۆت، ژەنرال عەزیمی سۆڤیەتی لە میاندواو ببینە، ئەو نەخشەتان بۆ دادەنێت. گەرەكە- سانیقەڵا بگرن تاكو بەبێ زیان بكشێینەوە.**

کاك میرحاج، کەریم زەند، شێخ مەحمەد ئەمین مەڵحە بە ٢ جەنگاوەرەوە، بەرەو شارۆچکەی بۆکان دێن، لە میاندواو، دەچنە سەربازگە، بەچۆڵی دەیبینن. بریار دەدەن بچن بۆ مەهاباد.

**(شوێن)**

**شاری مەهابادە.**

**مەردوم، بە شەقامەکاندا دەڕۆن، بەخەماویو خەمگینی، ئاڵای کوردستان داگیراوە.**

**کاك میرحاج، کەریم زەند، شێخ حەمە ئەمین مەڵحە ، دەچنە خزمەت پێشەوا، لە ماڵەوە، لەبەرە بەیانو نوێژی بەیانیدا، لەتەکیدا دێن بۆ بارەگا.**

**پێشەوا ئاور دەداتەوە، فرمێسك بە هەردوو چاویدا دێنە خوارەوە، کە جەنگاوەران دەبینی هەنگاوی کورتو سست دەبێت.**

**دەچنە بارەگا، شێخ حەمە ئەمینی مەڵحە کەسی دووەم دوای بەرێز مامەرەزا لە رێبازی هەقەدا لە تەکیانە. پێشەوا لە شوێنی خۆی دادەنیشتوو، رەوشنبیران کاك میرحاج، کەریم زەند، سەرانی خێڵ. لەو تەنگو چەڵەمەو گرژییەو تەنگژەیەوە دەدوێن.**

**نوێنەری جوتیاران دەچێتە لای پێشەوا دەڵی لەم بزاڤەدا، هەموومان بەشدارین، ئارمانجی دوورونزیکمانە، ژیانی ئابوریمان پێوە بەستراوە. من کە نمایندەی جوتیارنم، پەیماندەدەم کە هەرگیز لێت جیا نابینەوە.**

**پێشەوا- ئاشکرایە کە باوەرم پێتانە، ئێوە زورینەن.**

# ڕۆژنامە نووسی کوردی ١٨٩٨

بسم الله الرحمن الرحيم

((ضرب الله مثلاً كلمة طيبة كشجرة طيبة اصلها ثابت وفرعها في السماء (٣٦) ومثل كلمة خبيثة كشجرةٍ خبيثةٍ اجتثت من فوق الارض مالها من قرار))

((صدق الله العظيم))

**وتە**

لە بەرایبو سەرەتاوە- هەر لەلای- پەروەردگارەوە، رەنگدانەوەی بەدیکردنی ژیانو زیندەگییە، تیشکی ژیانی مەردومە، جیهانی رۆشنکردۆتەوە، لەتاریکایی رزگاری کردوە. تروسکەو بریسکەی خەفەو کپناکات، گەشو پرشنگداری دەکات.

مەردوم- ئەو روناکییە دەبینێ، بڕوای پێدەهێنی ئاگاهی بۆ دەدات، کەئەو تیشکە- راستییە لەناو- جیهاندا بۆ رۆشنکردنەوەی مرۆڤ لەسەر رووی ئەم زەمینە.

لە بوونو بوومی سروشت، خۆرسکی گەردوندا بۆ پەسەند کردنی مەردوم بووە.

**وتە**

بەر جەستە بووە، پەیدەرپەی لە زنجیرەیەکی نەپچڕاودا، لە خامەی پیرۆزی نووسەردا، لە چەرخو چاخو کاتو ڕۆژگارو رووداودا، لە گۆرانکاری ئاوو باو کەشو دەرفەتو رێکەوتی مێژوویيدا، نە تەنها لە لای میللەتە مەزنەکان، بەڵکو لە نیشتمانە گچکەکانیشدا لە تویێی سوورو خولی گۆی زەویدا، لەسەر لاپەرەی ڕۆژنامەکاندا- دەبنە چاوگی ئاگر بۆ گڕو کلپەو بێشەی بزاڤی شۆڕشگێریو ڕزگاریخوازی میللیو نەتەوەیی کوردو سەرهەڵدانی لە سێ کوچکەی گەردونەوە، بەزەمەنی چوارەمەوە چەرخ، شوێن، مرۆڤ.

لە قۆناخە مێژووییەکاندا، لە داستانی گەڵکامیشەوە لە لاپەرەکانی بەرێز

پەیامبەری باوك- ئیبراهیم ئازەر- خەلیلو پەیامەكانی پەیامبەر موساو گوتەكانی لەتەك بینای چاوان- پەروەردگار خاوەنی وتە. دروودی خوداوەندیان لێبێت.

**زەوی كورد**

ئەزڤری، ئەگوزەری، لاپەرەكانی رابووردوو دەپێچێتەوە كە جاویدەو هەر گیز نامرێتو لاپەرەكانی هەنوكە ئیستەكە و ئایندە، هەڵدەداتەوە، بەسەر پردی سەدەو قۆناخەكاندا، لەسەر دوو پێ وەستاوە، بۆ بەرەنگاری زەمەن، دەبینی سەردەكەوێ، لە قوڵایی دیرۆكەوە بۆ سەرسنوری نهۆ و سەردەم، بەهەموو سەردەمەكاندا، بەهەموو كەلچەرەكاندا، پێشرەفتە، هاورێو هاوكاری ئەركی مرڤایەتییە، لە پێناوی بەدیهێنانی داستانە مەزنەكەی گۆڕدرانی ئارمانجو ئاواتەكانی بۆ رووداو كە خاوەنی پایەگاو بنەمای درێژ خایانی و وەرچەرخانی بێت لە رەوتی ژیاریدا.

**رۆژنامە**

پیرەمێرد، دەفەرموێ: ڕۆژنامە رۆشنبیرییە- الصحافة ثقافة.

جیهان تێكرا، پابەندی گۆردرانە- كورد وەكو نەتەوەیتر وێژەش- لەئەشكەوتەوە، لە ژیانی نیمچە خێزانیو لەگوێ ئاگردانەوە- بۆ نەوەو نیژە، ڕۆژان دەگێرێتەوە- لە شارەزایی مرۆڤەوە، هەر لەسەرهەڵدانی ژیانیەوە، كە سەرەتای دەستپێكردنەو كۆتایی نییەو نایەت بە كۆتایی ژیانی ئەو مرۆڤە، لەو پرۆسەیەدا، لەو هاوكێشەیەدا كەپاشماوەو بۆماوە لە بابو باپیرانەوە بە ئێمەداو لە ئێمەوە بۆ نەوەو نیژەی نوێ بەبارنتەیی مێژوویی.

لە دەوارو تاوڵو ڕەشماڵەوە، لەگوندو ناوماڵەوە- لە نیمچە خوێندەوارەوە تاكو ڕووناكبیرو رۆشنبیر- تاكو گەیشتە چاپ، گەیشتە ڕۆژنامەو ئاسمانی وێژەی كوردی و كۆتایی سەدەی ١٩- جیهانی وێژەی ڕۆژنامە.

**١٨٩٨**

ساڵی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی هەفتەیی وێژەیی كوردستان- مەدحەت بەگ بەدرخان لە ئەستانبوڵ، دوای نەخۆشی خۆی- ئەبدورەحمان بەگی برای لە قاهیرەو جەنیف، فولكستون، لەندەن.

سورەیا بەگ- د.بلەج شیرکۆ- هێنایەوە قاهیرە لە ژمارە یەکەوە- ٣١، نهۆ لە نووسراوخانەی پروسیایە- ئەلمانیا.

گۆڤاری کوردستان- لە ئورمێ تاکو ساڵی ١٩١٢.

کورد- ڕۆژنامەی هەفتەیی کۆمەڵی شێخ ئەبدولقادر نەهری ١٩٠٧- لە ئەستانبوڵ.

ڕۆژی کورد- هەفتەیی ١٩١١- کۆمەڵەی هیوا لە ئەستانبوڵ وێنەی قارەمان- سەلاحەدینو کەریم خانی زەند شاهەنشا- لە هەتاوی کورداو رەنگدانەوەی١٩١٣- وێنەی ئەبدورەحمان پاشای بابانیش.

بانگی کورد- ١٩١٣- تێگەیشتنی راستی هەفتەیی چەرخی داگیرکردنی ئینگلیز ١٩١٨- لە بەغداد- ٢٠ ژمارەی دەرچووە.

ڕۆژنامەی کوردستانی هەفتەیی ١٩١٧- ٣٧ ژمارە.

پێشکەوتنی هەفتەیی لە سلیمانی ١١٨ ژمارە، کورد- ئورگانی بزاڤی سمایل خانی شکاك- سمکۆ- ١٩٢١ لە ئورمێ- ٤ژمارە.

بانگی کوردستان، هەفتەیی -١٩٢٢- ١٤ ژمارە

ڕۆژی کوردستان، هەفتەیی- ئورگانی میری- مەملەکەتی شێخ مەحمود حەفید- ١٥ ژمارە.

بانگی هەق- هەفتەیی- ١٩٢٣ لەسلێمانی٣ ژمارە

ئومێدی ئیستقلال- هەفتەیی- رامیاری، پولاتیکی- وێژەیی- جێگری بانگی هەق- ئورگانی میری- حەفید مەحمود- لەسلیمانی- ١٩٢٣- مامۆستای بالا رەفیق حلمی، لە ژمارە چوارەوە- مامۆستا حسین نازم- باوکی سامی- بەدوایدا- ٢٥ ژمارە.

ژیانەوە- لەسلیمانی- میری دەریدەکرد- ١٩٢٤- ٥٦ژمارە گەیشتە دەست پیرەمێردی نەمر-١٩٣٨- ٥٥٣ ژمارە.

دیاری کوردستان- گۆڤاری ٢ هەفتەیی-١٩٢٥- ساڵح زەکی بەگ ساحیبقران.

زاری کرمانجی- داماو موکریانی- ١٩٢٦- خۆیو خێزانی تیپچنی- ٣٠ژمارە.

ڕووناکی- گۆڤاری هەفتەیی- بەرێز شیت مستەفا لە هەولێر- ئەربل- ١٠ژمارە- ١٩٣٦.

ژیان- لە سلیمانی- ١٩٣٨- مێژووناس مامۆستا ساڵح قەفتان- هی شارەوانی.

ژین- پیرەمێردی نەمر ١٩٣٩ لە سلیمانی- بەرێز جەمیل سائب لە ١٩٥٠وە- پارێزەر- نوری ئەمین بەگ، دوای ئەو- پارێزەر ئەحمەد زرنگ، کچەزای پیرەمێردی نەمر-

گۆرانی نەمر، کاکەی فەلاح.

هاوار- گۆڤاری هەفتەیی- ١٩٣٢- جەلادەت بەدرخانی مەزن لە شام- ١٤ ژمارە.

زانستی- گۆڤاری نیومانگی- وێژەیی، مێژوویی- م. ساڵح قەفتان.

گەلاوێــژ- تاکــە ئەســتێرە- گــۆڤاری زانســتی، وێژەیــی- مانگانــە- هــزرمەند مامۆســتا ئیبراهیم ئەحمەد فەتاح و ئەلائەدین سجادی- ١٩٣٩- ١٠٥ ژمارە.

رووناهی- گۆڤاری وێژەیی هەفتەیی- هێژا جەلادەت بەدرخان، ١٩٤١-١٩٤٦.

دەنگــی گــێتی- گــۆڤاری پەیامــیو وێژەیــی- باڵــیوزخانەی بەریتانــی لــە بەغــداد- ١٩٤٣- توفیق وەهبی بەگ، داماو موکریانی تاکو ١٩٤٧.

رێی تازە- لە شاری رەڤان- کاپکاس- روسیا- بەتیپی لاتینی رووسی.

نیشتمان- گۆڤاری وێژەیی، پولاتیکی، رامیاری- مەهاباد ١٩٤٣-١٩٤٥- تەنها ٩ ژمارە.

کوردســتان- رۆژنامــەی رامــیاری، وێژەیــی- ئورگانــی کــۆماری کوردســتان لــە مەهاباد- ١٩٤٦ تاکو ژمارە ١١٣.

ڕۆژا نوێ- بەتیپی لاتینی تورکی- ١٩٤٣- بیروت تاکو ١٩٤٦.

ســتێر- گــۆڤاری هەفتەیــی وێژەیی- بەتیپی لاتینی بیرمەنەد کامەران بەدرخان ١٩٤٣- بیروت تاکو ١٩٤٥- بە فەرەنسیش تێدا دەنوسرا- جەنگی دووەمی جیهانی.

کورســـتان - گـــۆڤاری وێژەیـــی، رامـــیاری- ١٩٤٥- لـــە مـــەهاباد- ئورگانـــی کـــۆمەڵەی دیموکراتی.

هەڵاڵــە- ١٩٤٦- هــاواری نیشــتمان- مــەهاباد، نــزار- رامــیاری بــە عەرەبــی و بــە کوردی- ئەلائەدین سجادی- ١٩٤٨- هەولێر- رۆژنامەی هەفتەیی- ئارەبیو کوردی لە هەولێر.

هەتاو- گیو موکریانی- ١٩٤٦- ١٨٨ ژمارە.

هیوا- گۆڤار- بەغداد- ١٩٥٧- ٣٦ ژمارە.

شەفەق- گۆڤاری نیومانگی- زانیاری، رامیاری- بەرێز ئەبدولقادر بەرزنجی- ١٩٥٨.

پێشکەوتن- گۆڤاری نیومانگی- بەرێز محەمەد بریفکانی- ١٩٥٨- التقدم.

خەبات- ١٩٥٩- بیرمەند مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد فەتاح- ٤٦٢ ژمارە.

نەورۆز- پارێزەر کەمال میرزا کەریم- سلیمانی ١٩٥٩.

کوردستان- تاران- ١٩٥٩.

ئازادی، یەکێتی تێکوشین- رامیاری، نوێخوازی- چەپی ١٩٤٤-١٩٤٥.

ئازادی- نافع یونس- ١٩٥٩.

رزگاری، سالّح هەیدەری.

بلّێسە- گۆڤاری سەندیكای مامۆستایان- سلیمانی- ١٩٥٩.

رای گەل- ڕۆژنامەی هەفتەیی- رامیاری- سدیق بلوكینی- ١٩٥٩- كەركوك- جەمیل ڕۆژبەیانی، هاوكاری بوو.

هیوای كوردستان- گۆڤاری هەفتەیی- یەكیەتی خوێندكاران- سلیمانی- ١٩٥٩- ١٢ ژمارە.

ڕۆژی نوێ- سلیمانی- پارێزەر جەمال شالّی- كامەران موكری، محەرەم محەمەد ئەمین، د. ئیحسان فوئاد، كەریم زەند، ئەبدولا ئەژدەر- ١٩٦٠- ١٨ ژمارە.

بڕوا- ڕۆژنامە- پارێزەر كەمال میرزا كەریم- سلیمانی- ١٩٦٠.

دەنگی كورد- ڕۆژنامەی رامیاری- ئومەر جەلال- بەغداد-١٩٦٠.

رووناهی- گۆڤاری هەفتەیی- كرمانجا ژووری- حافز مستەفا- ١٩٦٠.

ئیراقی نوێ- گۆڤار مانگانە، وێنەیی، راگەیاندن- بەغداد- ١٩٦٠.

چارەسەری كشتوكالّ- گۆڤاری مانگانە- شایاریتی كشتوكالّ- چاندن- بەغداد- ١٩٦٠.

كوردستان- ڕۆژنامەی ڕۆژانە- رامیاری- بیرمەند م. ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤالّی خەباتگیرمام جلال تالّەبانی- ١٩٦١- ٥ژمارە.

ئەدیبی عیراقی- گۆڤاری وێژەیی- نووسەران- ١٩٦١- تەنها یەك ژمارە.

ژیان- گۆڤاری دەوری گشتی، یەكیەتی خوێندكاران- هەولێر- ١٩٦١، ٢ ژمارەی دەرچووە.

هەولێر- شارەوانی هەولێر- ١٩٦٢.

توتن- گۆڤاری وەرزی- ١٩٦٣.

راپەرین- ئەبدولعەزیز تالبی- ١٩٦٤- لە سلیمانی تاكو ١٩٦٦.

دەنگوباس- ڕۆژنامە- محەمەد بریفكانی- بەعەرەبی- بەغداد- ١٩٦٦.

سلیمانی- گۆڤاری شارەوانی- ١٩٦٨- محەرەم محەمەد ئەمین، جەمال شالّی، نوری دەشتی.

كاری گەل- هەرەوەز- بەغداد- ١٦ ژمارە.

رزگاری- هەفتانە- نەوشیروان مستەفا، شازاد سائب- ١٩٦٩- ١٥ ژمارە- لە سلیمانی.

ڕووناکی- ڕۆژنامە- حیلمی عەلی شەریف- عومەر مستەفا- ١٩٦٩- ٢ ژمارە.

بەیان- گۆڤار- ١٩٦٩- بەغداد.

هاوکاری- ڕۆژنامە- ١٩٧٠.

برایەتی- گۆڤاری نیومانگی- حەبیب محەمەد کەریم، عەلی ئەبدولا- سەرنووسەر ١٩٧٠.

دەفتەری کوردەواری- د. مارف خەزنەدار، جەمال خەزنەدار- ١٩٧٠.

زانیاری- گۆڤاری زانستی گشتی- ١٩٧٠- وەرزی- د. عەزیز ئەمین، تەلعەت نادر، نوری ئەمین سەرنووسەر، سکرتیری د. ساماڵ مەجید فەرەج.

ژین- ڕۆژنامەی وێژەیی- هەفتەیی- لەسلیمانی- چاپخانەی کامەرانی- کاکەی فەلاح، ئەبدولقادر بەرزنجی.

هەولێر- گۆڤاری شارەوانی هەولێر- ١٩٧٠- محەمەد مەولود مەم، سەعدی محەمەد ئەمین دزەیی.

دەنگی مامۆستا- گۆڤاری مامۆستایانی کوردستان- سلیمانی- ١٩٧١.

ڕوانگە- گۆڤاری دەوری- نەجەف- ١٩٧١.

چیا- بە کرمانجا ژووری- ١٩٧١- بەدرخان سندی.

نووسەری کورد- گۆڤاری نووسەرانی کورد- د. مارف خەزنەدار- بەغداد- ١٩٧١.

پەروەردەو زانست- گۆڤاری زانیاری، وێژەیی- بەغداد- ١٩٧١.

ڕۆژی کورد- گۆڤاری ڕۆشنبیری گشتی- مانگانە- ئارەبیو کوردی.

کۆمەڵەی زانستی کوردی- سەیدا ساڵح یوسفی.

### ڕۆژنامەنووسیو پێگەیاندنی هوشیاری نەتەوەیو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد

١٥١٣- جەنگی چاڵدیران- ڤاڵدیران- چاڵدەران- جەنگی نێوانی شای سەفەوی ئیسماعیل- سولتانی ئوسمانی یاوز سەلیم- سەرکەوت.

جەنگی دابڕان، بەشکردنو پەرتکردنی خاکی کوردستان هۆکاری ئایینزایی، ئاڵوزی باری نەتەوەیی.

جەنگی قەڵای دمدم ١٦٠٨/٢/٥ نێوانی میرخان یەکدەست- لەپزێڕین- شا ئەباس سەفەوی- نیشانەو نموونەی بەرجەستەیی.

١٦٣٩- پەیمانی زەهاو- پەرتکردنی کوردستان- چەرخی مرادی٤- شا ئیسماعیل سەفەوی تاکو ١٩١٧- جەنگی یەکەمی جیهان ١٩١٤-١٩١٨.

پەیمانی سایکس بیکۆ- ١٩١٦ بریاری بەشکردنی ولاتانی ئوسمانی- پیاوە نەخۆشەکە- Sick Man.

ئاگربڕی مۆدروس-١٩١٨/١٠/٣٠- نێوانی هاوپەیمانانو تورك- خۆ بەدەستدانەوەی ئوسمانی.

پەیمانی مارس ١٩٢١- بریست لیونیسك- خۆراوای کاپکاس- گەرایەوە بۆ تورکیا.

سەدەی- ١٦،١٧- کەرتکردنی کوردستان لە نێوانی تورکیا و ئێران.

١٩١٨- بریاری کۆمەڵەی گەلان Nations League- ژمارە ٧٧- ڕۆژ ١٩٢٥/١٢/١٦- هەرێمی کوردستانی باشور- کەرتی باشور- لکا بە ئێراقەوە.

**بزاڤی رزگاریخوازی کورد:**

**- سووڕی یەکەم:**

سەدەی ١٩- جەنگی یەکەمی جیهانی- ئارمانجی رزگاری خاکی کوردستان بوو، لە دەست داگیرکەران، شەقڵی نەتەوەیی دروست، بەڵام سەرکردایەتی تاکە کەسی.

A- شۆڕشی ئەبدورەحمان پاشای بابان ١٨٠٦-١٨٠٨ میرنشینی بابان لە نێوانی بەرداشی ئێرانو ئوسمانیدا. جاری سەربەخۆیی، بەرەنگاری دوژمن پەیدەرپەی نەگەیشتن بە ئاواتی دامەزراندنی دەوڵەتی بەهێز.

B- شۆڕشی ئەحمەد پاشا بابان- ١٨١٢.

C- شۆڕشی کوردی زازا لە سیواس- ١٨٢٠.

D- شۆڕشی میر بەدرخان، لە جزیرە ١٨٢١-١٨٤٧، بنکەی میرنشینی بۆتان- بانگەوازی یەکیەتی، گشتی کوردستان، لە نێوانی میرنشینەکاندا، یەك سوپایی، دەرکردنی دراو- پوول- سەربەخۆییبوون، فراوانی دەستەڵات تاکو دیاربەکرو گۆمی ورمێ و کەناری مووسڵ. جەنگی لەتەك لەشکری ئوسمانیدا وشکستی دوای ٨ مانگ.

E- شۆڕشی کۆر محەمەد پاشا- میری گەورە- رەواندز ١٨٢٦-١٨٣٣، ئارمانجی رزگاری، خۆییبوون، جودایی، جیابوونەوە، لە ئوسمانی ١٨٣٠- فەرمانڕەوایی هەولیرو بادینانو هەکاری.

F- شۆرشی کوردی شەنگار ١٨٣٠-١٨٣٣.

G- شۆرشی میر شرەفخانی بتلیسی- ١٨٣٤.

H- شۆرشی عیزەدین شێر- ١٨٥٣.

I- شۆرشی کەنعان پاشاو ئوسمان پاشا-١٨٧٩.

J- شێخ ئوبیدیلا شەمزینی ١٨٨٠-١٨٨١.

K- شۆرشی کوردی مووسڵ- ئەزوروم- بتلیس- ١٩٠٧.

L- شۆرشی مەلا سەلیم شەهابەدین لە بتلیس- ١٩٠٧.

- سووڕی دووەم:

نێوانی دوو جەنگە مەزنەکە ١٩١٤-١٩١٨، ١٩٣٩-١٩٤٥.

شۆرشی حەفید مەحمودی نەمر، بڕانەوەی جەنگی جیهانی، بڕیاری بەریتانیا وئاگربڕی موندروس و پەیمانی سیڤەر- گۆرکردنیو گۆرینی بە پەیمانی لۆزان و کێشەی مووسڵ و چۆکدانی تورکیا و میری ئیراقو دانانی شا فەیسەلی یەکەم و شکستی کوردو کێشەی ئاسوری.

A- شۆرشی کوردی خاوەر بەسەرکردایەتی سمکۆ شکاك ١٩٢٠-١٩٣٠، کوشتنی بە پیلانێکی گڵاو- ڕۆژنامەی سەردەمی.

B- شۆرشی کوردی باکور- بەسەرکردایەتی شێخ سەعید پیران، کۆمەڵەی بەرزی کوردستان و داوای مافی چارەنووسی- ١٩٢٥.

C- شۆرشی ئاگری، ڕووداوانی ئارارات ١٩٢٦-١٩٣٠، کۆی هێزی کوردو جاری شۆرش و سەرکردایەتی کۆمەڵەی خۆییبوون و فەرماندەیی ژەنرال ئیحسان نوری پاشا و نیسکو و شکستنی و دەستبەسەری ئەو قارەمانە لە تەهران و کوشتنی لە ١٩٧٦.

D- شۆرشی بارزان- لە٢ سووردا- سەرهەڵدانی لە شێخ تاجەدین- راگری شێخانی بارزان. دەڤەری زیبارو کۆتایی بە لە سێدارەدانی شێخ ئەبدوسەلامی دووەم، لەلایەن دەستەلاتی ئوسمانییەوە ١٩١٤ لە مووسڵ.خێڵەکانی بارزان- شیروانی، مزوری، بەرۆژی، دۆڵەمەری- سەختی دەڤەری بارزان.

E- شۆرشی کوردی خاوەر بەسەرۆکایەتی جاقرسان سوڵتان ١٩٣١-١٩٣٢، بەرگری گەلی کورد لە ئیراق ١٩٣٠- ڕۆژی رەشی شەشی ئەیلول- ١٩٣٠.

F- شۆڕشەکانی کەرتی باکور. لە دیاربەکرو دەرسیم ١٩٣٤-١٩٣٧.

- سووری سێیەم:

دوای جەنگی ٢ جیهانی ١٩٣٩-١٩٤٥، شەقڵو مۆرگی رزگاریخوازی دیموکراتیو نەتەوەیو مرۆڤایەتی سەرکردایەتی بارزانی نەمر مستەفا ١٩٤٣- تەواوکەری زنجیرە شۆڕشەکانی کورد و کشانەوەی بۆ کەرتی خاوەر ١٩٤٥- دامەزراندنی کۆماری مەهاباد. ١٩٤٦- رۆلی پێشەوا قازی محەمەدی نەمر.

پوختە:

چاوگی ئاگری شۆڕشەکان، سەراپا، پەرەی ڕۆژنامەکانە هەر لە بنەرەتداو کەرەستەی ڕۆژنامەکانە.

خۆی لە شریخەی چەکی سەرشانی شۆڕشگێراندا، لە بریسکانەوەیەکدا دبینی، هێزو رەوگوڕ وەردەگری لە دەرفەتی رەخساو و دەرفەتی سەندراودا، لە پانورامای گردو کۆی کۆششو خەباتو تێکوشانی بابو باپیرانەوە بۆماوە بۆ نەوەی نوێ و وەرگرتنی ئالای تێکوشانو شۆڕش لەوانەوە- دانو وەرگرتن بە بارنتەیی بۆ نەوەو نیژە.

ئەم ئەرکە مەزنە بە دەستەڵاتی چوارەم- ڕۆژنامەکان- سپیردراوە- نەوە دوای نەوە هەر لە ١٨٩٨وە لە یەکەم ڕۆژنامەنووسی کوردەوە- میر مەدحەت بەگ بەدرخان- لەمیسر- قاهیرەوە- رەنگدانەوەی بۆ هەموو کەرتەکانی کوردستان- درێژەی بۆ سەردەمی نوێ.

ڕۆژنامە- ڕۆشنبیرییە، هوشیاری نەتەوەییە، پیرۆزە، زمانی پاکو خاوینو بێگەردی گەرەکە.

هەموو ڕۆژنامەیەك، شۆڕشێکی بەر پا کردووە و هەموو شۆڕشیکیش، ڕۆژنامەیەکی لە پاڵدا بووە و پاڵپشتی بووە. هەردووکیان تەواوکەری یەکترن.

دراوو پولێکە دوو رووی هەیە.

**چاوگ**

**سجادی، ئەلائەدین- مێژووی ئەدەبی کوردی.**

**د. خەزنەدار، مارف- مێژووی ئەدەبی کوردی.**

**زەند، کەریم- بزاڤی کوردستانو ئازربیجانی رزگاریخواز/ حرکة کوردستان و اذربیجان التحررية- مطبعة كامراني- ١٩٥٩ السليمانية.**

## مافی چارەنووسی کورد پێش مافی مرۆڤە

سیناتور- کلیبورن بیل[1]

و. کەریم زەند

ئـەو جـیهانەی کـە ئـێمە تـێدا دەژیـن، لەتـەك کێشـەکانی مـافی مـرۆڤدا جۆشـی خـواردووە، لـە کاپیـتۆڵ واشـنتونەوە، کـە شـوێنگەی ئـەم دیاردەیە، ئەم جەشو خرۆشە، تـەنها ئەندامانـی کۆنگریسـو رێـبەریتی ئەمریکـی گـرتبیتەوەو بایەخی پێدابیت. بەڵکو لەهەموو هەڵویستیکی ئاسایی ئەمریکیدا بەدیدەکرێت.

لـە کەمـبودیاوە تاکـو سـەلفادور، لـە باشـوری ئەفـریکاوە تاولاتـی تیبەت، لە نوسینو وتـووێژو ئامـۆژگاری نماینەدەکانـیاندا بـۆ گەلاڵـەی کـاری چـالاکی مـیری لـە بـواری مـافی مـرۆڤداو رەنگدانـەوەی دەسـتیوەردان لـە کاری کۆمەڵەو رێکخراوەکاندا وەکو رێکخراوی لێبوردنـی دەوڵەتی، یا لەکاردانەوەی وێنەکاری تەلەفزیونو ڕۆژنامەکاندا، کە ئەگاتە ناو هەموو خێزانو خانەوادەکانی ئەمریکی.

کاردانــەوەی هاوچەشـن لـە کوشـتنی سـەدان خوێـندکار لـە گۆرەپانـی تـیانانمین و دەڤەری لەلایەن سوپای چینی میللیەوە.

کەمـــبایەخدان بـــە چارەنووســـی ٢٧ ملـــیون کـــورد، لەلایەنـــی ئەمـــریکاو خۆرئاواییەکانەوە.

مـافی مـرۆڤ بـە گوێـرەی کـوردەوە مەترسـی کـەمترە لـەوەی تایـبەتە بەگەلانـیتر لـە هەنـدی ولات، کـورد بەشـخوارو بێبەشـە، لـە مـافی ئاخـاوتن بەزمانی زگماکی وقەدەغەی خوێندن بەزمانی دایك، چەوسانەوەو راونانو کوشتن، پەلی هاویژتووە بۆ ئەوروپا.

تـیرور لـە ئـیراق، ئـازارو ئەشـکەنجەو کاولکـاری، وێـرانکاری گـوندەکان، کوشـتنی بەکۆمەڵو کۆکوژیـو قـران بـە چـەکی کیماوی قەدەغەکراوی نەتەوانی- دەوڵەتی ٦٠ ساڵ لەمەوبەر.

کێشـەو دۆزی کـورد، گەرەکـە بخـرێتەوە پێشـەوە، هـۆکاری دواخسـتنی ئـەم دۆزە، کەمـتەر خەمـیو سـەرقاڵی دەولەتانـە، بەتاڵانکردنـی سـامانی وڵاتانـی خـاوەن نەوتـو سامانە. گەلی کوردیش، لەو بازنەیەدایە.

---

(١) سەرۆکی لیژنەی دەرەکی کۆماری پیرانی ئەمەریکا

ئـەم کۆنگـرەیە بـەر جەسـتەی کۆششی مێژووییە بۆ بایەخدان بە کوردە. منیش بە شـانازییەوە بەشـدارم وێـرای رابـوردووم و گشـت ئەمـریکیو ئەوانەی پابەندی پولیتیکی دەرەوەی ئەمریکان.

ئـەوەی کاسـیکردوم، پـێش سـاڵێك لـیژنەیەك پـێکهاتووە بـۆ لێکـۆڵینـەوەی جەنگـی کەنـداو. ئـیران- ئـیراق دوای کارەسـاتی راگوێزانـی کتوپـری- Robbery- تاڵانـی- ئـەنفال- دەیـان هـەزاران کـوردی ئـیراق، هەواڵی بەکارهێنانـی چـەکی کـیماوی بـوو کـە بێگومانم لەراستی ئەمە.

یەکـی لەئەندامانــی ئــەو لــیژنەیە، خۆراوایــی بــوو دیدەنــی کوردســتانی ئێراقــی نەکـردووە. ئامـاژەی وێرانکاری سەدان گوندی کورد بەچەکی کیماوی رژێمی دژی کورد، دوور لەمرۆڤایەتــی لــە ٧ ســیپتیمبەر کــاری کــۆمای پیرانــی ئەمریکـی. دوای خولــی ناوەنـدی- وەرزی هـاوین، ڕۆژی دوایـی بـریاری S٢-٧٦٣- دژی قرانـی کـوردو سـزای تـوندی ئیراق.

لە ٩- سیپتیمبەر- کۆمای پیران، بەگشتی دەنگیدا.

کێ لە ئێوە ئاگاداری میکانیزمی یاساییمانە؟.

گوری ئەم بریارە هەروا ئاسایی نەبووە بە گوێرەی کۆماوە.

ئـەم دەنگدانـە- رەنگدانـەوەی بیـزاری هاوریکانمـەو گرنگیدان بە سستی جیهانییەوە بەرانـبەر بە چەکی کیماویو بریاری سزادانی ئیراق، دووجار هاتووچوو لە کۆمای پیرانو کۆنگریسدا، هەرچەندە سووڕەکەی کۆتایی هاتو پەسەندیش نەکرا بەداخەوە.

نوێـنەران نـا ئومـید بـوون، ریسـای یاسـاییمان ئاڵـوزە بـۆ وەرگـرتنی ئـەنجام وێـرای پەسـەندکردنی کێشـەکە، تەقـەلای سـاڵی پـار. ئیمسـاڵ دەخـرێتەبەر چاو- بریاری S.١٩٥- قەدەغەکردنـی چەکی کیماوی ١٩٨٩- دابڕینی گشت پەیوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا و ئـەو دەوڵەتـەی کەچـەکی کـیماوی و بایولـوژی بەکاربهێـنت، یاسـای دەوڵەتـی پێشـیل بکرێت.

١٠ ڕۆژ دوای بـریارەکە، کۆشـەشمان بـۆ بنیادنانـی تەقـەلای پـار. نامەیەك بنرێت بۆ رژێمـی ئـیراق. ئەمریکا هێزێکی ئابوری مەزنە و یەکەم هێزیش نییە، گەرەکە مەترسی لەو هێزانە بکەین کە چەکی کیماوی بەکار دێنن.

بەبێ ئەمە کارەکە بێسوودە.

لە بەر ئەوە ئامۆژگاری هاورییانی ئەوروپیو ژاپونی دەکەم کە ئەمە رەچاوبگرن.

کێشـەی چـەکی کـیماوی، کەرەسـە ئامادەیـیە بـۆ تیشکخسـتنە سەر سەوداو مامەڵەی نامرۆییەوە دەربارەی کورد.

ئەمـە نـە تـەنها قورسایی لـە سـەر ئـەم کێشـەیە هەیە، بەڵکو تەباییو بەردەوامی و وروژاندنـی دۆزی کـوردە. ئیمسـاڵ بـروژەی داواکـردن لـە سـەرۆك کـە مامەڵـەی کـوردی ئـیراق، کـە نمـوونەی ئاشـکرای پێشـیلکردنی مافی مرۆڤە، کە کۆمەڵگەی دەوڵەتی بریاری لەسەرداوە. ئیراق گەرەکە ملکەچی هەموو جۆرە سزاکان بێت، بە گوێرەی یاسا.

وروژاندنـی دۆزی کورد، سەراپایی جیهانی بێت، بە ئومیدی دانانی لە خشتەی کاری لـیژنەی مـافی مـرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا، پێش هەمووان بێت. ئیمساڵ دووەم یادی سەدسـاڵەی شۆرشـی فەرنسییە بەهای سەرکەوتنی هەردوو شۆرشی فەرەنسیو ئەمریکیو دیموکراتیزەکردنی مافی مرۆڤ لە ئەوروپای خاوەر بە تایبەتی.

فراوانکردنـی دیموکراسـی بەسـەر دەمـی نـوێ لـە هاریکـاری دەوڵەتـیدا لـە بـری بەرەنگاری.

ئەم دەرفەتە گەرکە بقۆزرێتەوە بۆ تیشك خستنە سەر کێشەی قورسی جیهانی.

تکـام وایـە- لـەم ئاکامـەدا بارودۆخـی دۆزی کـورد، رەچـاو بگیرێـت و یەکـەم بـڕگەی خشتەی کارەکەمان بێت.

**چاوگ**

Studia Kurdica

**دراسات کوردیة - الکورد وحقوق الانسان والهویة الثقافیة**

**العدد٤ (٨) السنه التاسعه- ١٩٩٣.**

# نیگابانی بوونی کورد

لورد ئیڤبری
و. کەریم زەند

پارێزگاری بوونی کورد

ناسنامەی رۆشنبیریو مافی مرۆڤ، باسی سەرەکی ئەم کۆنگرەیەیە، بەڵام بارودۆخی پۆلیتیکی، تەنها رەنگرێژیو سنوور دانەری ناسنامەی رۆشبیری نەتەوەیەکە، بەبێ مافی چارەنووس، ئەو گەلە لە ئازادیو روشنبیری، بێبەشە، بەڵکو پێشیلکردنی ئاشکراو زەقی هەر هەموو مافی مرۆڤە، ئەوەی کە پەیمانەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانUN- پەسەندو بەگەینکردوە. بە تایبەتی مافی شارستانیو ژیاریو پولیتیکی.

ولاتانی بەلتیك، کە یەکێتی سۆڤیەت باڵی بەسەردا کێشابوو، نموونەی ئەم راستیەیە. بەتەواوی ئەریتریا، هەرێمی داگیرکراوی پێشو، نەتەوە یەکگرتوەکان، دایانە دەست کولونیالیە نوێیەکان لە یەکگرتوەکان دابڕکرا چووە ژێر رکێفی ئەدیس ئەبەبا هەر وەکو تیبەت کە کۆماری چینی میللی خستییە ژێر چنگی خۆیەوە، ماوەی ٣٠ ساڵە. یا خود تەیموری خاوەر کەوتە ژێر پۆستاڵی سەربازانی جاکارتە- ئەندەنوسیاوە.

فەلەستین داوای سەربەخۆیی دەکا، هێشتا ئیسرائیل نەیتوانیوە خاموشو سەرکوتی بکات. بیابانی خۆراوا- باتیر- یایوازیای خۆراوا، ٢ نموونەی بەرجەستەی، پێشیلی ئاموژگارییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانە، کەخۆی بریاری لە سەر داوە دەربارەی رزگاری داگیرکراوانە.

ولاتانی داگیرکراو بە ئاشکراو زەقی، بە زۆری لە کوردستاندا، سەرەك ودرو ویلسن بەر لە ٧٠ ساڵ، مەبەستەکانی مافی مرۆڤی لە ١٤ خاڵدا کە خاڵی ١٢ بۆ گەلانی ژێر چنگی ئوسمانی دیاردە کرابوو، کەئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یەکگرتووی سەربەخۆی تێدا هەبوو، بەپێی پەیمانی سیڤەر.

دەوڵەتانی خۆراوا ئەم پلانەیان بۆ ئەوە دانا کە ئیمپراتوریەتی ئوسمانی پێهەڵوەشینن. تەنها بایەخیان بە ملایەنەدا، نەك بەهاو نرخاندن بۆ مافی چارەنووسی نەتەوەی کوردو ئەرمەن بێت. ئەم راستییەی کە هەر ماوە، کەئەم دەوڵەتانە لە بەڵێنەکەیان پاشگەزن.

ئـەو کارانـەی، هەنـوکە، لـە دەقەکانـی UN، تـەنها پابەنـدە بـە داگیرکـراوەی هێـزە پێشوەکانی ئـەوروپاوە ئایـا دەبی تەنها مافی چارەنووسی هەر بۆ ئەو ولاتە داگیرکراوانە بیتو هیچیتر؟.

گەرەکـە فراوانکردنـی بـڕیاری ١٥١٤، ١٥٤١- کـۆمەڵەی گشـتی- لـە ١٩٦٠- کـە پایـەگاو بنەمای دیاریکراوی مافی مرۆ وچارەنووسییە.

بێگومان- ئافەروزیو بێبەشی گەلێك، کە هەموو بنەماو پایەگاکانی- لە:

زمـان، رۆشـنبیری، رەگـەزی، ئـاینی، جـیاوازی هەیـە لـەم مافەرەوایـەوە لـە یەکـەی رامـیاریدا گـردو کـۆ نەبـۆتەوە، خۆییبوونیکـی ئەوتـۆیان نەبـووە، بەرێژەی کوردو باری میرنشینەکانی لە سەدەی ١٤-١٩ ئەو پایەگایەیان، هەبووە.

بـەڵام نەگەیشتبووە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە فاکتەری پێوەندی خێڵەکیو فیوداڵی لە تەك ئوسمانیدا.

ئـەو پەیوەندیـیەی- نـیکو بەد- چاکو بەد- لە داگیرکاری ئەوروپی- یاخود پەیوەندی- شـویون Cho-Yon نێوانـی مەگولـو- تیـبەت- کـە پەیوەندیـیەکان تـەنها بـە دەسـتەڵاتی گەلێکەوە، گریدراوە. زاڵبوونی گەلێك بەسەر گەلێکی تردا.

ئەمـە بـە گشـتی پەسـەند نیـیە، ڕەتدەکرێتەوە بەو ئاستەی کەلە سەدەی یەکسانیدا هەیە.

گەلـی کـورد، ناتوانـی چـاوەڕوانی دوورو درێـژخایان بکـات، چـونکە میکانیـزمـی ریفورمی دەوڵەت زۆر هێورە.

کورد لـە هەمـوو خـاوەری مـیانەدا، لە بارێکی ناهەمواردایە چەوساوەو ستەمدیدەو بەشخوراوە.

رژێمـی ئـیراق، بەرنامـی راگوێـزانو داگـرتنو گواسـتنی زۆرەکـی، کاولکاریو وێرانکاری شـارو شاروچـکەو گـوند دوورخسـتنەوەی بـۆ سـەدەها کیلومەتـر بـە بـیانووی هێرشـی ئیرانـەوە- تالانـی- Robbery- جینوسـاید- ئەمـە نەخشـەی قرانو هەڵوەشاندنی پێکهاتەی گەلی کوردە.

ئـەوەی کـە لیوکوریـر- بـە قڕانـی رەگەزایەتـی- جینوسـاید- کەبەشیکە، لە بەرنامەو نەخشـەی لـە ناوبردنـی کـورد، هێرشـی کـیماوی بـۆ سەر هەڵەبجە ١٩٨٨/٣/١٨- کە رژێمی ئـیراق تکولیلیکـرد، بەهەمـوو بێئابـروییەکەوە- بێشـەرمانە دزیوتـرین تاوانە لە چێوەی رەفتاری فاشی رژێمی سەدام حسیندا.

لـه ئـیران- کـورد- زیانـی زۆر کـردوه- تـیرور، تـۆقاندن، چەوسـانەوە، بۆمباردومانـی شـارەکانی سـنه بەخەسـتی، دوای کۆچـی ئایەتـولا خومـینی. ڕێکـەوتنی سـەرانی کـوردو ئـــیران. کوشـــتنو تـــیروری ســـکرتیری پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتانی ئـــیران خـــاوەر د.ئـەورەحمان قاسملو لە ڤینا- بەدەستی دەزگای ساڤاك (إطلاعات)، بەڵگەی پێشیلکردنی مافی کوردە، کە هەر لە بەردەوامیدایە.

لـه تورکـیا- هـەر وەکـو ئـیراق، ڕژێمـی دەسـتەلاتدار تەقـەلای سـڕینەوەی ناسـنامەی گەلـی کـوردە- ڕاگوێزانـی هەرێمـی قەهـرەمان مـراس، دەڤەرانی سوپا، بەبیانوی ڕاونانی یاخـیگەران، گـوندەکان ڕادەگوێـزن، لـێدانو گـرتنی لاوانـی کـورد، ئـازارو ئەشـکەنجە، لـە کاتیکدا کە تورکیا، داوای وەرگرتنی دەکات بۆ چوونە ناو بازاری هاوبەشی ئەووپاوە.

بـەڵام تورکـیا بـەم کـارە درندانـەو تـوندو تیژیـیەی هەرگیـز وەرناگیرێـت، هەتا بەم شێوە درندەییە لەتەك کەمینەی بێچەکدا، هەڵسوکەوت بکات، کە تاوانیان تەنها ئەوەیە کە کوردن، لەو نەتەوەیە نین.

لـە هەفـتەی ڕابـوردوودا، کوردێکـی پەنابـەر، لـە بەریتانیا خۆی سووتاند، بۆ ئەوەی نەدرێتەوە بە تورکیا و یەکێکی تریش، لە خەستەخانە مایەوە لە مەترسیدا.

هـەر لـە سـەر مـافی مـرۆ و ناسـنامەی ڕۆشـنبیری کـورد دەدویـین، ٢ ڕۆژیـتریـش بـە ئومیدی بریاردانی گشتی بەگەرم کە کورد بمینێتەوە وەکو ئەمە کە لە مەترسیدایە.

هەنـدی کاروبـار هەیـە، پێداویسـتی بـە یەکخستن هەیە بە وردی کە باسێك بخرێتە بـەردەم لیژنەیەکـی ڕشـتەیی- لکـێ- مـافی مـرۆ لـە U.N- لـە جنـیف- سویسـرە- بەڵکـو پیلانیکی ترسناکو سامناك هەیە لە نێوانی سەرانی چەند وڵاتێك، بۆ فرانی گەلی کورد بە بیانووی داوای خوییبوونو سەربەستی دەکەن.

ئەوەی پێیان دەدریتو لێیان دەسەندرێتەوەو وەری دەگرنەوە.

**چاوگ**

**دراسات کوردیه** Studia Kurdica .

# هۆزی بەربەر لە نەوەی میدە

بانگێشتێ بۆ دانیشتنی نائاسایی، نەتەوە یەکگرتووەکان U.N- کورد و مافی مرۆڤ و پێناسەی رۆشنبیری

حسین ئایەت ئەحمەد

و: کەریم زەند

کەسێتی نـاودار، شۆرشـگێرو نیشـتمانپارێزو نەتەوەیـی جـەزائیر- حسـین ئایـەت ئەحمەد دەڵێ:

ئامادەبـوونم، لـەم کۆنگـرەیەدا، بەمەبەسـتی دەربـڕینی هەستو سۆزم بۆ گەلی کوردو مـافی چارەنووسـی وەکو کەسێك لە هۆزی بەربەری باکوری ئەفریکا بە مافێکی رەوا، لەو جیاوازیەی کە هەیە، چونکە وتاربێژیك دوێنی وتی:

گەلی کورد نەوەی میدە.

پادشـایەکی مەغـریب- خۆرنشـین- جـوبای ٢ رەچـەڵەکی هـۆزی بەربـەری بـردوتەوە سەر مید- کەبە ئەمازیخ ناوبراون.

وەکو بەکـورد کراوین هاتووم- Kurdo ite- بەڵام باوەڕم پێبکەن وەکو جەزائیرییەکی دیموکـراتخواز ئاواتـو ئامـانجم کـە جـەزائیرو هەمـوو ولاتانـی خـۆراوا کانگـە ولانکـەی دیموکراتیو لێبوردن بێت، هەموو شتێك وتراوە، لە بەر ئەوە درێژەی نادەمێ.

جـەورو سـزاو کارەسـاتی راگوێـزانو هێرشـی چـەکی کـیماویو زۆرداریو ستەمدیدەیی میللەتـی کوردی چەوساوە ناتوانین بێدەنگی لێبکەین و پێی نەزانین وەکو لە جەنگی ٢ جیهانـیدا روویدا و ئەوەش کە لە ڕۆژگاری ئیستەو هەنوکە روو دەدات بە ئاشکرا لەبەر چـاوو دەروونـی مـیللەتان و نەتـەوە یەکگـرتووەکاندا بـوردمان، کوشـتن، بـڕین- ئـەوەی پێشکەشـی ملـیونەها لاوو جەوانـو منداڵی کورد دەکرێت ئایندەی نادیار لە سەر هەموو بارستاییەك بێگومان، گەرەکە دەردەکەی بزانین، چارەسەرەکەشی بۆ دیاردە بکەین.

بیرتـان دەخەمـەوە کـە نووسـراوی تاعـون- هـی کامۆ- بەر لە هەموو کارێك، گەرەکە کۆمەکی ئـەو گەلـو کەسانەی کە دەکەونە بازنەی مەترسییەوەو تێیدان بەکولە مەرگی ژیان بەسەر دەبەن.

ئەرکە لەسەرم سڵاو لەو کەسانە بکەم کە چاوەڕێی گوشاری رای گشتی نین بەپێی تواناو سنووری دەستەڵاتی خۆیان، بەو کەرەسەو شێوازی راگەیاندنی کە هەیانە کۆمەکو باربووی کوردنشینەکانیان کردوە بێبەرانبەر، بە بڕوای من ٢ هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ ئەم کارەساتانە لەم چەرخەدا کە دووچاری گەلی کورد بووە.

یەکەمیان: رێکخراوە دەوڵەتییەکان.

دووەم: شێوازی دوای نەمانی قۆناخی داگیرکەری وەکو کارەساتی نازی دژی نەتەوەیی.

وتاربێژیکیتر دوێنی وتی: لەوەتی ئەبو غریغوار- زۆرداریەك کە لە ولاتێکدا، ناشێ دووبارە بکرێتەوە وەکو دەربارەی هەموو جیهان ئەو تاوانە کرابێت.

پێشیلکردنی مافی مرۆڤ لە ولاتێکدا، پێشێلییە لەسەراپای جیهاندا، ئەگەر چی مادەی ٢ بڕگەی ٧ ماوە نادات بە دستیوەردانی کاروباری ناوخۆ، لە لایەن کۆمەڵگەی دەوڵەتانەوە.

کار بەستراوە بە رێکخراوە دەوڵەتیەکان، هێزە مەزنەکان گەمەو یاری بە باری بەدیو خراپە بە ئەنجام دەگەیەنن لە خاوەری میانەدا، تەنها بە هاوبایەخ بۆ نەتەوەو شوێنگەی ستراتیجییەوە وەکو لە دوای جەنگی ٢ جیهانی، سەوداو مامەڵە لە تەك فرانکۆ لە ئیسپانیا و سالازاری پورتگال- پورتکیز- بە بیانوی رووداوی رامیارییەوە، کە کاردانەوەی سامناکو کاریگەری ئەمرۆ و هەنوکەیی، زەقو ئاشکرایە لە پروسەی نەمانی قۆناخی داگیرکەری بەناوی مافی مرۆڤەوە، بەسەرفرازییەوە، نمایندەی ولاتەکەم بووم لە کۆنگرەی باندونگدا- کە دەرفەتی مێژوویی مرۆڤایەتی بوو بەگشتی بۆ رێز لێگرتنو پەیرەویکردنی مافی مرۆڤ لە سەر ئاستی جیهانی.

ئەم بەرپرسییە، بەرجەستە بوو، لە ماوەی دامەزراندنی رژێمە دیکتاتورییەکانی ولاتانی جیهانی٣، ئەم کارە ترسناکە وەکو وتراوە- ئاماژەی ئەو چۆنیەتیە سەوداو مامەڵەیە بکەن کە لەتەك کەمینەدا دەکرێت بەو جۆرە  پێت دەڵێم لەتەك زۆرینەشدا، ئەو هەڵسوکەوتە دەکەن.

نازی رەفتار دژی کەمایەتی، قرانی نەتەوەیی- شادبوونیان بەو کارە، لە کاتێکدا زۆرینە هیچ بایەخێکی پێنەداوە، ئەمانە ئەنجامیان نا پەسندە، زۆرینەش بەر ئەو هێرشو شاڵاوە کەتووە لە چەرخی رژێمی نازیو فاشییەکاندا.

ئەوەی چاوەڕوانکراوە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم شتێکی نوێ پێشکەشبکات لە ڕووی بەهای گیانییەوە.

رەسـەنێتی کاتـێك دەردەکـەوێت کـە گـرێ بـدرێت بـە نوێخوازیـیەوە. هەموو ئایینو باوەرێـك، بایەخـی زۆریـداوە بە چارەنووسی مرۆڤایەتی زۆر لێکراو، چەوساوە- بێوەژن، نامۆ، ئاوارە، کەساس.

پێغەمبەر- د.خ- زۆر بایەخی داوە بە چارەنووسی مرۆڤایەتی دەفەرموی:

باشـترین خـەبات، وشـەی رەواو دروسـتە، لای زۆردار، دەفەرموی دوای زانست بکەون ئەگەر لە ولاتی چینیش بێت.

کورد نزیکە لیمان، سامانی رۆشنبیریان هەیەو فرەیە.

قورئانی پیرۆز دەفەرموێ:

خانووەکانــیان بــە دەســتی خـۆیان کاولدەکـەن، ئەمــە پیشــەو کــاری دیکـتاتورانە، بەرانـبەر گەلانـی خـۆیان، هـەر بوونو رێکەوتنییە. بەڵام زمانی سەرکوتکردنو تۆقاندنو تـیرۆر رامـیاری رووداو کەئـەم کۆنگـرە دروسـتو رەوایـە، کـە دەربـارەی کـورد گـیراوە رێمپیـبدەن، بەنەوازشـەوە، پێشـنیاز دەکـەم، کـە دەوڵەتەکان داوای دانیشتنێکی تایبەتی بکـەن لـە کـۆمەڵەی نەتـەوە یەکگـرتووەکان بەمەبەسـتی ئامادەکردنـی رای گشـتی لـە پەیرەویکردنی بەڵگەو رێکەوتنامە دەوڵەتییەکان بۆ کاری چارەنووس.

بەڵێ دادگـەی نورەنـبورگ، دەرفەتێکی مێژوویی بوو بۆ دادکۆشی لە بیرو باوەر، لە بـەر ئـەوە ناشـێ، ئـەم کـۆمایە بکرێت بە دادگە، رای گشتی ئامادە بکرێت وەکو پێویست بۆ تەواوکردنی گفتوگۆ بە شێوەیەکی رەوا، بۆ ئەوەی لەم جۆرە کارەساتانە قورتاربین.

حـەز دەکـەم لـە شـاری ڤیانا، کـە رابـەری دیموکراتـی خاوەری کوردستان، گەشمردە- ئـەورەحمان قاسملـوی تـیدا کوژرا لە تەك ۲ جێداریدا- واتە بووە بە بیانوو- یاسای کاری نایاسایی تێکەل بە رووکاری گری میونـخ- Syndrom .

**چاوگ**

دراسات کوردیة

العدد-٤(٨)- السنة ۱۹۹۳

الکورد- حقوق الانسان والهویة الثقافیة.

# کوردی فەیلی

**وشەی فەیلی**

فیلی، پیلی، هێمای نەبەردیو دلاوەریو جەنگاوەرییە لە دەستنوسەکانی سۆمەریدا وشەی- پەیلی- جەنگاوەر- قارەمان، ئازا، دلێر، نەبەز، خۆگر، ناوی هاتووە، زمانناسان دەڵێن:

تیپی پ- لە جیاتی ف- بەکارهاتووە.

خاوەرناسی ئینگلیزی- کرزۆن- ل ١٨٩٢ بەرگی٢ لە نووسراوەکەیدا دەڵێ:

وشەی فەیلی- قارەمان، شۆرشگێر، خەباتگێر- یاخی- الثائر- المتمرد- دژی زۆرداری، دژی چەوسانەوە.

هینری فیڵدی- خاوەرناس- ل٩٨- نووسراوە زانستیەکەی- ناسینی رەگەزە ئیرانییەکان، پالپشتی راو بۆچوونی کرزۆنە.

**بەشەکانی**

٤ بەشن: لوڕ، کەڵهوڕ، لەك، گۆران.

لوری گەورە و گچکە، لوڕی مەزن ٣ لکە: بەختیاری، مامسێنی، کۆجگۆیی. ئەمانەش- دەبن ب لکی بچوکترەوە.

لوڕی گچکە- پێشکو، پشتکۆ- ٢ بەشن- گەورەکۆ- لەیەکیان جودا دەکاتەوە.

پێشکۆ- ئەودیوی سنوورە- خورەماوا، دروود- ئەرنا- کازارون، بروجرد، کۆدەشت.

پشتکۆ- ٢ بەشە- لە هەرێمی خاوەرا کوردستان لە شاری ئیسلامئاباد- گەیلانی باختەر- قەسری شیرین، سەرپێلی زەهاو، دەهلەران، ئیلام، مەهران و چەندین شاریتر.

دووەم بەش- لەم دیوی سنوور- لە کەلار، کفری، کەرەخان، خانەکین، شارەبان- شاری بانو، بەدرە- بەدرنی- جەسان، مەندەلی-بەندبێژین، زرباتییە، ئەلی شەرقی، ئەلی غەربی، شێخ سەعد، کمیت، ٤٠٪ لە ناو شاری کوت- واسیت- دەڤەری حەی- غەراف- قەلعەسوکەر، شەترە، هێڵی غەراف- لکی رۆباری دەجلە- لە بەرایییەوە تاکو کۆتایی- بڵابوونەتەوە.

کەڵهور- خێڵو تیرەکانی- شازادە، مەنسوری تاکو دەڤەری هەزارە لە ئەفغانستان و بلوجستان و شاری کویتەی پاکستان. بەم پێیە لە خانەکین و مەندەلی.

گۆران- سەر بە هەورامانین، بەراو بۆچوونی مێژووناسان بەڵام لە کوردی باشور، نزیکترن، بە تایبەتی لە فەیلی- گۆران ٤ بەشن:

زەنگنە، سنجایی، باجەلان، گۆرانی گچکە- لە خانەکین و مەندەلی و دەڤەری مووسڵ.

زەنگنە- بە پەرشو بڵاوی لە دەڤەرانی کفریو نزیکی کەرکوك.

باجەڵان- لە دەڤەری خانەکین، نزیکی موسڵ، کە بە شەبەك ناسراون.

دیالیکتی کوردی فەیلی

کرمانجی ژێروو، لە هەموو دیالیکتەکانی تری زمانی کوردی، کۆنترو رەسەنترە ئاینزا لە ٧٥٪- کوردی فەیلی جەعفەرین- شیعەن- ١٧٪ سونین، ئەهلی هەق و ئەوانیتر- زەردەشتی، ئیزیدی، مەسیحی، کریستیانی، جووە.

### تۆماری مێژوو

کێوی زاگروز- دەشتی سۆزیان و جۆمی کارون، فرەئاوی فەرو پیتی زەوی- شوشی ئیستەو کەنارەکانی جۆمی سیمرە، کە دەرژێتە جۆمی ئارەباوە.

ئەم فاکتەرو هۆکارانە، کوردی فەیلی گردو کۆ کردۆتەوە بەر لە ٤-٦ هەزار ساڵ پ.ز.

لە دەربەند نامرودەوە، هاتوون بە پێی نووسراوی مێژوویی.

ئیستەخر دەڵێ:

بەناوی شاری لوڕەوە- دیزپول- ناونراوە، ئەم زەوییە بە پیتە لانکەی ژیاریو کەلچەرو شارستانیتی ئێلام بووە لە چەند سەدەیەکدا.

شوێنەوارو پاشەواری شاری شوش پایتەختی ئێلام یارسوس، مزگەوتی سلیمان هەنوکەو مهرجانقدق- دەرە شاری ئیستەو شاری سەرەکتیر- نیشانە و هێمای بڵندو بەرزی تۆماری مێژووە، سەراپای چەرخەکان شاری شوش- جەمسەری رێی و گەیاندنی نێوانی دوو چۆمان- میزوپۆتامیاو ئاسیای گچکەو شوێنە دوورەکان جیهانی ژیاریو پێشکەوتوو بووە، لەو سەردەمەدا لەتەك هیندستانو هاوسێکانو دەوڵەتی سۆمەرو ئەکەدو هیتر.

سنووری شاهەنشاهێتی ئیلام- ولاتی پارس لە باکورەوە لە هەمەدان- ئەکباتان- تاکو بابل.

له خۆرنشینەوە- ڕۆباری دەجلە- تیگرە.

لـە باشـورەوە- کەنداو تاکو ئەسکەلە- دەربەند- بەندەر- بوشەهر، کە بریتی بووە لە: خۆزستان، لوڕستان، پشتکۆ، بەختیاری.

ئەمانە، هەر هەموو دەڤەری فەیلی بوون، تەنها جگە لە خۆزستان.

ئەلـێن هیـندوئەورووپین، یانـی ئێـرانین، کاپکاسـین یـا خـەزەرین، نیشـتەجێی ئـەم هەرێمە بوون بەر لە هەزاران ساڵ.

## مێژووی ئێلام:

١- چـەرخی پـێش مـێژوو- لـە ٨ هـەزارەی پ.ز- ٣٣٣٥پ.ز — هاوچـەرخو پەیوەسـتی سـۆمەریو مێژوویـی ئەکەدیـیە تـا کۆتاییهاتنی ئەم ٢ دەوڵەتە بە دەستی ئێلام، تەوراتی پـیرۆز- بەسـتی٤- لە سفر بیدایش- التکوین، الایات- ١، ٥، ٩، ١٧- ناوی شاری ئێلام- کدرکر- هاتووە.

٢- خولی پەیوەستی ئێلام- بابل- لە ٣٣٣٥- ٧٤٥ پ.ز.

٣- خولـی هاوچەرخی ئاشور لە ٧٤٥- ٦٤٥ پ.ز، لێرەدا دەوڵەتی ئێلام- کۆتایی دێت بە دەستی ئاشور بانیبال- ٦٤٥ پ.ز.

دوای ئـێلام — ڕەچـەڵەکی ئەخمـینی پـارس- فارس- دێتە ئاراوە، لەتەك میدی کوردا یەکئەگرن دەوڵەتی ئێران دادەمەزرینن، بە سەرۆکایەتی کۆرش.

ئەسـکەندەری مەکدونـی- کۆتایـی پێهێـنا- ٣٣١پ.ز- دوا پاشـایان- کیسـرابوو. ئەمـە سەردەمی سلوقی بوو.

شـاپوری ساسـانی، شکسـتی پێهێنا تاکـو چـەرخی شـا یەزدگـورد- ئیزکـرد- خوداکرد. دواپاشـای ساسـانی، کەوتـە بـە شـاڵاوی ئیسـلام و کۆتایـیهات ٦٣٦-٦٤٠ز- هاتـە ژێر ڕکێفی ئیسلامەوە.

## چەرخی ئیسلام

لـە چـەرخی ئیسـلامیدا، دەڤەرەکانـی فەیلـی- کەوتـنە ژێـر ڕکێفـی فەرمانڕەوایـی ئیسـلامەوە بـە ناوچـەو دەڤـەری چـیا- کۆهسـتان، ناوبـراوە شـاری سمـیرە و شـیروان- بەشـیکبوون لـە مـیری بەغـداد و شـاری دەرەشـەهر، سـەر بـە ئوسـتانی بەسـرە بووە، لە چەرخی ئەباسیو جێنشین ئەبدولا سەفاح.

کوردی فەیلی- لە دەڤەری ئێراقی ئەجەم و ئێراق عەرەب- ئارەب- جێگیربوون.

لە شاری بەغداد، لە بازارو بازرگانیدا زۆر کۆکبوون دەشتەکانی لەوەڕگەی هاوینی و زستانییان بوو دەڤەرانی چەند میرییەکی تێدا سەقامگیربوو:

١- میری ئەتابگی لوڕستان — ٥٤٥ك — ١١٥٤ز.٣ سەدە پایەدار بووە، تەیمور لەنگی مەگول، لە ناوی بردوون.

٢- دەوڵەتی ئال خورشید- لە لوڕی گچکە ٥٨٠ك- ١١٨٥ز تاکو ٦٩٥ك -١٣٩٥ز.

٣- دەوڵەتی ئەتابگی لوڕی گچکە ٦٣١ك- ١٣٣٤ز. لە چەرخی مەگولدا، ناوی لوڕستانبووە بە لوڕی بزورگو لوڕی گچکە.

لە چەرخی دەوڵەتی سەفەویدا، لوڕی بزورگ بووە بە بەختیاری و گوهگیلویی- ئەمە چەرخی سەفەوی و ئوسمانی لە فەرمانڕەوایی شا ئەباسی سەفەوی تەهماسب سوور نێوی ئەتابگ بووە بە ئوستاندار- والی- یەکەم ئوستانداری- فەرمانرەوا- حسین خان بوو.

بارەگاکەی شاری خورەماباد- قەلا- دوژی- فەلەکئەفلاك بوو.

میر زولفەقار- ماوەیەکتر- فەرمانڕەوایی دەڤەرانی لوڕستان بوو، لە خێڵی کەڵهور بوو، کە فەیلییە. شا ئەباسی سەفەوی- فەرمانیدا کە بەغداد بگرن ٣ مانگ گەمارۆیدا و گرتی- ١٦٢٣ز- ٦ ساڵ لە ژێر رکێفیدا مایەوە، تاکو بەدەستی شا ئەباسی سەفەوی کۆتایی بە فەرمانڕەوایی هێنا، لە چەرخی سەربەخۆییدا سەر پێچی کرد- ١٦٣٩.

### کێشەی سنوور

١٥٥٥ز- کێشەی نێوانی سەفەویانو ئوسمانی سەریهەڵدا، ئیراق بەشێك بوو لەو کێشە.

خێڵە کوردنیشینەکان دابەش بوون بە پێی نیشتەجیبونیان بەشیکی لە دیو، بەشەکەیتری لەم دیوی سنوور. برا، ئامۆزا، خزمو خوێش بە پێی رەگەزنامە- ولاتنامەی هەردوو لا- لە یەکتر دابران، بە پێی پەیمانەکانی سوڵتانی ئوسمانی- مرادی٤ شا تەهماسپی یەکەم- ١٦٣٩- پەیمانی زەهاب- یەکەم، بەشکردنی خاکی کوردستان- کوردستان پەرتکراو نێودەوڵەتی- الکوردستان المجزأە Partition- Divison- Kurdistan.

بریاردرا- دەڤەری نێوانی بەغداد- ئازەربیجان- جەسان- بەدرە، بەر ئوسمانی- ئیراق کەوت لە تەك شاری مەندەلی، تاکو دەرەتەنگو سەرمیل ببێت بە سنووری دەرەتەنگو دەشتەکانی نێوانیان- کەوتە ژێر چنگی ئوسمانی. چیای سنووری سەربەم دەڤەرە کەوتە بندەستی لایەنەکەیتر.

سـەرمیل، سـنوور، دەرەتـەنگ- دەرتابـێلایەن خێڵەکانـی زیائـەدین، هارونـی جـاف- کەوتـە بندەسـتی - دەروازەی باڵا- الـباب العالـی- ئەسـتانبول- ئەسـتانە- پـیرەوزە دۆڵـی- مایەوە لە بندەستی ئەولادا.

دوژی زنجیرەی سەرچیا- رمانـیان و هەمـوو پاسـگەکان نزیکی شاری زورکوهی لەولا بۆ قەلا- دوژی زەڵم- هەمووی تەواوکرا، لە لایەن سوڵتانەوە.

دوژی هـەورامان و دیهاتەکانـی، خاوەندارینـیەکەی بـۆ ئـەولا، کـدوك جـنان- هێڵـی سـنووری شـارەزورو قـزلجەو دەڤەرانـی، کێشـرا و تەواوکـران لـە لایـەن سـوڵتانی ئوسمانییەوە.

مەریوان- میهرەبان- دەڤەرانی کەوتنەبەر ئەولا.

پەیمانانـی ١٦٣٩- زەهـاو- ١٧٣٧. لـە هەمـەدان ١٧٣٦- لـە ئەسـتانە- سـاڵی ١٧٤٦ لـە مغـان- ١٨٣٢ لـە ئـەرزوروم. دانوسـتانی سـنوور تاکـو- ١٨٤٩ کـەوتنی ئیمبراتورییەتـی ئوسمانـی، نەگەیشتنە هیچ رێکەوتننامەیەك.

لـە چـەرخی والـی- ئوسـتاندار- مـوحەمەد حەسـەن خـان هاتـە پشـتکۆ، کـردی بـە بارەگای سەربازی خۆی بۆ بەربەبستکردنی هێرشی ئوسمانی.

١٩٠٥- هێرشی هێنرایە سەر مەهرانی کورد، سەر بە پشتکۆ.

ئەلی غـولام رەزا خـان- دوا ئوسـتانداری کـوردی فەیلی لەشـکرێکی بـە سـەرکردەیی مامـی- سـەید جـەواد فەیلـی- پـێکەوە تـا بـۆ شالاوبردنەسـەر ئوسمانی دوا دەستدرێژیان تاکو سنوور کێشانی نیودەڵەتی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ١٩١٤-١٩١٨.

ئێلام، کەوتە بندەستی رەزا شای ئیران.

راپـەرینی فەیلـی بەرپابـوو دژی دەسـتەلاتی مەڵـبەندی بەسـەرکردەیی- شـازنی شۆرشـگێر- قەدەمخێـر دوا کوشتنی براکەی، لە لایەن رەزا شای ئێرانەوە. ٣ ساڵ شۆرشی کورد و کپبوونەوەی لەبەر بێئازوخەیی بێچەکو چوڵیو نەبوونی کۆمەکەوە.

ئەمـە جەنگـی خـورەماباد بـوو ١٩١٩- راپەرینـیتر، دژی مـیری تەهـران بەسەرکردەیی ئوسـتانداری پشـتکۆ- غـولام رەزا خـان. یاخیبوونـیو باجنەدانـی، داوای سـەربەخۆیی لـە تەهران دەکرد.

رەزا شـا- لەشـکری نـاردە سـەر- بەناچـاری- غولام رەزا خان، کشایەوە بەرەو ئەمدیو- نەوەکانـی- خەباتگێربـوون، تاکـو شکسـتی نیسـیکۆی-١٩٣٨- روویانکردە ئەمدیو- بۆ ئیراق. نەخشەو پێکهاتەی دیموگرافی گۆردرا و تێکچوو بەم رووداوە.

زرباتیە و مەندەلی- چەرخی ناسرەدین شا لەسەر ئێران بوو.

### شارەکان

ئـێلام، مەندەلـی- بەندنـیژین، بـەدرە- بـەدرا- جەسـان، زرباتـیە، ئەلـی غەربی، ئەلی شـەرقی، کمـیت، عـبدە، شـارەبان، زهـیران، قەلعە، تعان، ورمزیار، قەلاچە، شوشە، حیان، کردی.

### لوڕستان

هەرێمـی لوڕسـتان- خـۆراوای ئێـران شـاری خـورەمابادی بـنکەو قـەلا- دوژی فەلـەك ئەفلاك لە ناوەندا.

### دوژی فەلەک ئەفلاک

قـەلا- دوژێکـی پـتەو و قـایم لـە خـۆراوای شاری خورەمابادە، لە سەر گردێکی بەرز- رۆبار لەملاو لەولایەوە، ساختماتێکی کۆنە، سەدان ساڵ لە مەوبەر.

ئیسـتە کـە کراوە بە زیندانی- گرتووخانەیەکی سامناکو سامدار- ژووری ئەشکەنجەو ئازاردانـی، تـەڕو شـێدار، ژێـرزەمین سـردابی فراوان، هەواو بای پاکی بۆ ناچێت، تاریکو نـوتەك، رووناکـی تـێدا نیـیە، چـاو، چـاونابینی، ترسـناك تـەنها چـەند کاتـێك رۆشنایی تێدەکەوێت.

لە ئەنجامی هەڵکەندنو پشکنیندا، پاشەواری چەرخی میری تێدا دۆزراوەتەوە.

### خێڵەکانی

شـێوازو دیالـیکتی ئاخـاوتنی لـوڕی ئـاری کـۆنە، گروپـی بانـی ئیرانی، هیندوئەروپی، ئاخافـتنی لـوڕی- لـەك، فەیلی، لوڕی گچکە- لە پشتکۆوە تاکو بەدرەو جەسان و زرباتیە، ئەم خێڵانەنیشتەجین:

ئەلی شیروانی- ٤ تیرەن( دارەوەنی، سەفەرەوەنی، میرەوەنی، چراخوەنی).

١- چارداور.

٢- مەلەکشاهی.

٣- شوهان- شوان.

٤- دووسان.

٥- قەيتول.

٦- لەك.

٧- كلّاوايى.

٨- كورد.

٩- كوردلى.

١٠- تەرگەوارى.

١١- لوڕ.

١٢- خزل.

١٣- هيمينى.

١٤- رووسايى.

١٥- زەنگنە.

١٦- پيربايى.

**چۆمی سیمرە**

**سەد مەڕە- دەڤەرى فەيلى دەكات بە دوو كەرتەوە پێشكۆ- پێشيكيۆ- پيشتكۆ- پاشكيۆ.**

**شارى ئێلام- عيلام- گەورە شارى دەڤەرەكەيە، ئەمە بە گوێرەى ميرى ئێلام- خانو قەلاو دوژ.**

**هەنوكە- شارى خورەماباد- بنكەيە ٣ كات لە كرمانشاوە دوورە.**

**شۆرشەكان:-**

**شۆرشى- شاوێرديخان- باپيرى خانەكانى پشكۆ- لە دەڤەرى سيمرەوە- سەدمەڕە- بالورستان، مەزنێ- سلّوز ناو- سەرۆكى هۆزێكى كورد لە ديركوند- داواى كچەكەيشاوێرديكرد بۆ مەنسورى كوڕى.**

**شاوێردى- ڕەزامەندى نيشاندا، كورێكى لێبوو، ناونرا حسين خان.**

**شاوێردى- پردێكى گەرۆكى دروستكرد- پردتەنگ، پول دوختەر- پردى كچ- ئەمە نهێنى سەركەوتنەكانيبوو بۆ بەربەستى هێرشو شالّاوى شا ئەباسى سەفەوىهێرشى**

ناکاو- شەیەیخون. شا ئەباس زۆر بە خێرایی بۆ سەر خورەماباد- بەڵام ئەو سەرکەوتوو نەبوو هەرچەندە بە فێل توانی بچێتە ناو شاری خورەمابادەوە ناکوکیو دووبەرەکی خستە ناو کوردانەوە، لە ئەنجامی ناپاکیدا- نهێنی پردەکە، دەرفەتی رەخساند حسین خانی کوری سڵوز- دانرا بە ئوستاندار، نەخشەی هاوبەشی دژی خاڵی خۆی کێشا، کە شاوێردی بوو- پایەو پلەیەکی شیاوی پێبەخشی. پردێکی لەسەر چۆمی سیمرە دروستکرد، شاوێردی راونرا- پەنای بردە بەر قەلای چنگڵە- باسگەی تورك بوو، روویکردە تورك بە هیوای پاراستنی. بەڵام نەپارێزرا.

حسین خان خاڵی خۆی کوشت وسەریبری.

سەلکو کەللە سەرەکەی بە دیاری نارد بۆ شا ئەباس خستیە ژێر هەر دوو پێیەوە لە خورەماباد و خێزانەکەی بە دیلی هێنرا بۆ سیمرە.

بەم جورە- حسین خان خاڵی خۆی کردە قوربانی پلەو پایە کرا بە والی- ئوستاندار- لورستان.

یەکەم ئوستاندارە- کچی ناودارێکی خورەمابادی هێناو کورێکی لێبوو، ناونرا بە- منوچەهر.

کورەکەی بوو بە والی- کچی خاڵی خۆی هێنا و کورێکی بوو بە ناوی شاوێردی٢- کرا بە والی، دوا کۆچی منوچەهر، دوای حسین خانی٢، ئەلی مرادخان ئوستانداری پشتکۆ. بە شمشیرزەن ناسرا.

توانی بە شمشیری برندە و شترێك بکات بە دوو تیمەوە لە بەر دەمی شا ئەباسی سەفەویدا.

دوا جار کرا بە نمایندەو بالیوزی ئیران لە لای ئوسمانییەکان هەر لەوێ کۆچیکرد.

دوای ئەو ئیسمایل خان لە سەر کورسیو تەختی میرنشینی دانیشت و یاخی بوو، پەنای هێنا بۆ ئەمدیو- ئێراق. حەسەن خانی کوری ئەسەد خان دانرا بە ئوستاندار لە چەرخی شاهەنشاهی دەوڵەتی زەند- کەریم خان- بانگیشتکرا، بەڵام نەچوو، بەداخەوە سەرینایەوە حەسەن خان لە جێگەی باپیری دانرا.

ئەمە چیرۆکی سمایل خان.

حەسەن خان کوری ئەسەد خانە، کچی مامی خۆی هێنا.

کورەکانی:

ئەحمەد خان، هەیدەر خان، ئەلیخان، محەمەد حسین خان.

دەڤەری پشتکۆو پێشکۆ کرا بە ٣ مەڵبەندەوە:

١- دەڤەری ژێر رکێفی ئەلیخان- خێڵەکوردەکانو شوهان.

٢- دەڤەری مەحەك- دوو کەرتبوو.

یەکەمیان- لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەحمەد خان.

دووەمیان لە ژێر دەستەلاتی نمشە، لە دواجاردا هاتەوە ژێر رکێفی هەیدەر خان.

رەچەڵەکی ئەلیخانو نەوەکانی- ئەحمەد خانو کورانی هەیدەر خان ئەمانەن:

حسین قولیخان- ئەبو قەدارە- گەیشتە پایەی والی لە نەوەکانی:

غولام رەزا خان، دوا ئوستانداری پشتکۆو پێشکۆ.

لە چەرخی رەزا خانی پەهلەویدا، پەنای هێنا بۆ ئەمدیو لە سەردەمی شا فەیسەلی یەکەمدا- لە شاری بەغداد کۆچیکرد و لەشاری نەجەڤ پیرۆز نێژراوە.

**ئوستانداران**

رچە- غولام رەزا خان- کوری حسین قولیخان کوڕی هەیدەر خان کوڕی حەسەن خان، کوڕی ئەسەد خان کوڕی سمایل خان کوڕی ئەلیمراد خان کوڕی حسین خان کوڕی شاوێردی خانی دووەم- کوڕی منوچەهر کوڕی حسین خان، کوڕی مەنسور کوڕی سڵوز.

هەر هەموویان، نەوەی شاوێردی خانی یەکەمن.

**داستانی سەرەگاوفیل**

لە چەرخی سەفەویدا- تیرەیەکی خێڵی رەبیعەی ئارەب- کۆچدەکەن، لەو دەڤەرە خێڵە کوردنشتینەکانی- دێرگوند، نیشتەجی دەبن کۆنەگوند- دێکۆن.

پێشوازییەکی بە گەرمیان لێدەکرێت، سەرەگای کۆلاویان لە تەشتێکی گەورەدا پێشکەشدەکەن.

هێمای هێژاییوو رووالەتی میوانپەروەری و خانەخوێی لەم میانەو میوانداریەتیەدا- سەرۆکی خێڵی رەبیعەی ئارەب دەڵێ:

دەبین بە مەزنی ئەم هۆزە، چونکە سەرەگای هێمای مەزنییان پێشکەشکردین، کە نیشانەی سەرۆکایەتیومەزنایەتییە.

بەم ئەندازە و بەم پێیە، چیرۆکی کەرتکردنی گا- گوایا حسین قولیخان- ئەبو قەدارە- گایەکی گەورەی ٢ نیمە کردووە بە شمشیر بە یەك کەرت، لە گرەودا لەتەك شێخ خەزعەلی سەرۆکی خێڵی رەبیعە.

هەروەها دەڵێن پالەوانێکی زۆرانباز لە پشتکۆ باوەش دەکاتە بە فیلیکدا و بەرزی دەکاتەوەو هەڵیدەگرێت.

رایەکتر- گوایا- زۆرانی لە تەکدا دەگرێ، بەسەریدا سەردەکەوی، لە نمایشیکدا، لە پێش دەمی شاهەنشایەکی ئێراندا. ئەمەی وشەی فیلی- لەم چیرۆکەوە هاتووە- بوو بە فەیلی.

## فەیلی ئەمدیو- عێراق

مێژووی هاتنی فەیلی دەگەرێتەوە بۆ چەرخی هێرشی نادرشای ئەفشاری و کشانی بۆ دەڤەرو هەرێمی کوردستان، ئەو ناوچەیەی کە زەرنیخی فرەی هەیە. فەیلی لە چەرخی والی پشتکۆوە کۆچیانکردوە بۆئەمدیو پتر لە نیو ملیون کەس.

لە ١٩٣٧- برێکیان- ولاتنامەی ئێراقیان وەرگرت، بە پێی ئاماری-١٩٤٧- ٣٠ هەزار کەس بوون ٦٪ مۆناتی ئیراق.

لە بەغداد- گەرەکی کورد- گۆرەپانی کورد- شەقامی کیفاح- غازی —فەزوەی ئارەب، لە بازارو بازرگانیدا بەشدارییان بازاری شورجە و سایونی، بابو شێخ.

حسین قولیخان- سەرکردەیەکی شۆرشی بیستەکان بووە ناودارو رامیاریو نووسەرو هۆزانڤانیان فرەیە، لە ناو ئەم هۆزە قارەمانەدا وەکو: سەی یاقو، مەلا یاقرب، یوسف باسکە، شاکە، خان مەنسور، شەفی، مەلا نامدار، محەمەد هەسەن، برزوو، نەرکەوازی.

٤٠٪ دانشتوانی شاری کوت- واسیت- کە حەجاج کوری یوسف سەقەفی لە ٧٠٢ز- لە کەناری دەجلە تیگرە- بە ساڵ تەواویکرد- ناوەندی کوفەو بەسرەو ئەهوازە.

حەی واسیت- لە سەر لکی غراف- لە بەنداوی کوتەوە لە رووی رۆباری دەجلە- ١٨١٦ ئال ئەلیخانی برای هەیدەر خانی کورانی هەسەنخان، لە ١٨٤٠- کۆچیکردوە دوا فەرمانرەوای پشتکۆ لە خێزانو فاملیای خورشید ٤ سەدەی خایاند.

لە شارۆچکەی حەی- بە پێی ئاماری- ١٩٤٧- مۆناتی ٦٨٥٣٧ کەس بووە.

٢ جار راگوێزاون لە ١٩٧٣، ١٩٧٥، ١٩٨٠، ١٩٨٣.

**خێڵەکانی**

باپیرەوەنـد، قەیسـی وەنـد، هەماوەنـد، کـاورزادە، بیاجیسـە، جاروەنـد، کاکەوەلـی، شـوهان- شـوان- خـەتاوی، خـزل، خـرزردان، ماسـپی، زرگـوش، دوزلـون، مەلەکشـاهی، سوورەمێری، سەگەوەند، باوات.

**کوردی باشوری چیای هەمرین**

مـێژووی هەبوونـی کـوردی باشوری کێوی هەمرین، کۆنەو دێروکیان دەگەرێتەوە بۆ چـەرخی ئەو گەلو هۆزانی کە ٣ هەزار ساڵ بەر لە زایین، گریدراون بە سۆمەرییەوە کە باپیرەی گەورەی کوردن.

لـە دەڤەرانـی گۆتـی و کاشـی و مـیدی و گەلانـی ئارامـی ٥ سـەدە دوای سـۆمەری، لـە باشـوری هەمـرین و باکـوری ولاتی سۆمەر، نیشتەجیبوون، شاری بابل پایتەختیان بووە دوای شکسـتی ساسـانی، رەویـنو ئاودیـوی چـیای زاگـرۆز بـوونەوە، تـەنها کـوردە هـەژارو نەداران، مانەوە لە شوێنی خۆیان.

دوای هـاتنی ئیسـلام- ئـارەب بـە خـاو وخێزانەوە کۆچیانکردوە بۆ ئەم دەڤەرانە، بە فەرمانی جێدار ئومەر کوری خەتاب.

کوردی باشوری هەمرین ٣ بەشن:

١- هـەر هەمـوو دەڤـەری خـاوەری دەچـڵە- تیگرس- تاکو ١٩٠٠ بە پێی ئامار- چمارەی ئارەب زۆرتربووە.

٢- کوردی باشوری دەچڵە.

٣- لە شارەبانەوە تاکو فاو.

ئوستانی دیالە- دێیەلە- لەم کاڤارانە پێکهاتوو: مەندەلی، شارە، دێلتاوا، خالیس.

دیالە- واتە- گوندی لالە- لە پەیڤی دێلمەوە هاتووە، دەیلەم- دێی لم- گوندی لم.

بە ئاشوری- میترنات- می- واتە- ئاو.

ئەباسـی- وتـویانە- خوراسـان، خرسـان- تامراشـیان بـنکەی شـاز قوبادی پێوتراوە- لە باشوری دیالەوە تاکو رۆباری رداتو- عزیم- شاز هورمز.

دیالـە- لـە هەمـرینەوە تاکـو ئوسـتانی کـووت- هـەزاران سـاڵ پ.ز. بـنکە سـەربازو فەرمانرەوایانی کورد بووە.

لـەو بـەری دەچـڵە شـەوە، شـاریان دروسـتکردوە، وەکـو کوفە،ئاگـرگڤ، عوقـر، عەقەرگوڤ، سـۆمەری، گۆتـی، کاشـی، مید، ساسانی ، ئیسلامی، ئەباسی، رەی، مازندەران، خۆراسان، سەمەرقەند بەسترابو بە پایتەختی ئیسلامەوە.

باقوبه- نههرهوان، سیمسره، ماهرود، شارهبان، کاروانسهرای فرهی لێدروستکراوه، رێگەی بازرگانیو حەج بووه.

ئوسمانی بایهخی پێنهداوه، بهڵکو بهکهلاوهیی و مهکۆی رێگر و یاخی ماوهتهوه.

دیاله- ۱۹۲۰- لهتهك کهرکوك و ههولێر و سلیمانی یه پارچهکانی تری کوردستانهوه- بیر و هزری پێکهاتنی دهوڵهتی کوردی سهربهخۆی لێکراوه له لایهن کۆمهڵهی گهلانهوه.

بهڵام ئهمه پێکنههاتووه.

بهریتانیا له ۲۵ نیسان ۱۹۲۰- ئیراقی خسته ژێر چنگی خۆیهوه به پێی پهیمانی سان ریمو- به دوای پهیمانی سایکس بیکودا.

دیاله کرا به پارێزگه- ئوستان- باقوبه بوو به بنکه، بایهخی پێدراوه، بههۆی شوێنی ستراتیژیو نزیکی له بهغدادو سنوورهوه. وێرای پیتو فهری زهوی و بوونی پاشهوارو کهڵتور، له مههرودو کهنعان.

پێش جهنگی یهکهمی جیهانی، ٦٠٪ کوردبووه، ۳۰٪ ئارهبو تورکی ئازهریو ئهرمهن بووه، وێرای تورکمانو فارسو چیچانو چهرکهس.

کورد له کۆنهوه جێواربوون له ناو شاری باقوبهو بهروپشتی، به خێڵانه:

زهنگنه، شهروان، جاف،مهلهکشاهی، لهك، بیروهندی، قهرهئولوس، ئهرکهوازی، گۆران، دهیان تیرهو بنهماڵهیتر- زمانیان، ئارهب بهسهردا زاڵبووه، به ئارهب دادهنرێن.

مینا، ئهرکی، ههرکی، دلفان، دلفیه، بجواری،چوراکی، گۆران، خێلانی ، زکوك، سیرملیه، دهلکیه، سوامره، هۆزی بهرازی.

لێرهوه کۆچیانکردوه- بۆ دوورگه، له چهرخی ساسانیدا.

م.وردی- کوردی فهیلی له مێژوودا ل ۲٤-دهڵی: کوردی فهیلی له ئێراق ۲۵۰ ههزار جێوارن، له نێوانی مهندهلی، دیزفول، بهرانبهر به شاری ئیماره.

بریتین لهم هۆزو تیرانه:-

قهیتول، ئهلیشهروانی، موسا، باویجادر، دووسان، مالیمان، خزل، ریزهوهنی، قیاسوهنی، مارین، سهگهوهنی، سوێره میری، شوان، کورد، مهلهکشاهی، هۆزی جاوان- گاوان، له کۆتایی چاخی ٤ك.

له دهڤهری فهرمانرهوایی بهنیعهتاز- جێواربوون وهکو ههڵوان- سهربیلی زههاو، کوت، حیلله رێگەی خۆراسان- باقوبه.

**لورِ**

لـڕ- لـه وشـه‌ی لۆلۆوه نزیكه، به پێی وته‌ی سپایزەر- ئه‌شی ناوی یه‌كێك له لكه‌كانی كاسای بوویێت، كه‌له نووسراوی پیرۆزدا به كۆشی ناوبراون.

مۆناتی- به پێی وته‌ی خاوەرناس نامدار- كرزۆن سالّی ١٨٨١ بەم جۆرەیە:

ژمارەی لوڕی مەزن و گچكە- پشتكو، پێشكۆ ٤٢١ هەزار كەس.

١٧٠ هـەزاری بەختـیاری- ١٤ هـەزاری كۆگلۆیـی، ٢١٠ هەزاری فەیلی سالّی ١٩٠٤- رابینو- بەشی پێشكۆی به ١٣٠ هەزارو بەشی پیشتكۆ به ٥٠ هەزار داناوه.

لوڕستان- به پێی زمانو زارو دیالیك- ٢ بەشە:

لوڕی مەزن- بریتیه له مامه سانی، كۆگلۆیی، بەختیاری.

لوڕی گچكە- واته فەیلی.

قەرەئولوس- بریتیەلە- كش، كایتون، چارماندی، كاكەوەند، نەفەتچی، گاوسواری.

سوورەمیری- بریتیه له- كەلّهور، توتیك، مامیخان، ئینه، ئەنتاری.

باجەلان- بریتیه له، جۆمور، قازانلو.

زەند بریتیه له، موحەمەد سالح ئاغا، عەلیان، تاهیر خان، غەنی.

**زولفەقارخان**

زولفـەقارخان كەلّور، ٩٣٤ك- ١٥٣٨ز- دژی ئیـبراهیم خانـی مامـی راپەری كه له لایەن سـەفەوییەكانەوە، دانـرابوو، بـه ئوسـتاندار- والـی بەغـداد- مامەكەی خۆی كوشت جاڕی ئوسـتانداریتی- بـه والیبوونـی بەغـداد، ئاشـكرا كـرد، بـەناوی ئوسمانیـیەوە، تەهماسـپ پەلاماریـداو كوشـتی و بەغدادیگـرتەوە، لـەو چەرخەدا، شارەزوور لەسەر هەردەلان بوو- ئەردەلان- چەرخی مەئمونخان.

زولفـەقارخان- ١٥٣٠- شـا تەهماسـپ، لـه رێـی كرمانشـاوە، بـەرەو بەغداد هات، كەسێ بەرگری لێنەكرد، تەنها- زولفەقارخان نەبێت كه ئەویش بەرەو گرتنی بەغداد بوو.

بـەڵام ناكۆكـیو ناپاكی، چەكو چۆڵی سەفەوی شكستكرد، دواچەرخی داگیركردن، كه بەچاكی نووسـرابێت، چـاخی شـا زولفەقاربـووە كـه بەباشـی بەرایـی و پێشەكی جلّەوی فەرمانڕەوایی نازانرێت و چۆنیەتی ڕووداوەكە.

تـەنها ئەوەیـە، کـە ئـەم شـایە لە فاملیاو خێزانی لوڕە بەکۆمەکی جەماوەریو هێزی مەزنی هۆزەکانی کەڵهور بە توانا، توانی بەگورزێکی ناکاو بەغداد بگریتو بێت بە تەنها مەزنـی ئیرانـی ناوەنـد. کەسـێك نەیتوانـیوە دژایەتـی بکـات. شـا تەهماسـپ- تەمەنـی ١٦ ساڵبووە.

**پوختە**

لورسـتان- کەوتـۆتە هەرێمـی خـاوەری کوردسـتان لـە باشـوری کـێو- کۆهـی گـەورە- کردویەتـی بـە دوو بەشـەوە پشـتکۆ، پێشـکۆ. مۆنانـی ٣ ملـیون کەسـە. هـەر هەمـوو هۆزەکانی لوڕ.

**چاوگ**


زەند، کەریم- جوگرافیای کوردستان- ١٩٥٨.

ڕۆژنامەی- ئیتحاد- ژمارە ٩٤- ٢٧ ئاب ١٩٩٤.

م. وردي- الکورد الفیلي في التاریخ.

مێژووی کوردو کوردستان

زەکی، ئەمین- ل٤٣٥- و. محەمەد ئەلی ئەونی.

## ئاشوری ASHUR

ئاسورا- ئاشور- سۆبار- سۆران- ئاسار- ئاشوری- ئاسوری، ئاتوری، ئوسار Usar- ئەم گەلـە بـە چـەند ناوێکـەوە، ناسـراوە، بەرادەیـەك، کـە زانیارییەکـی ئەوتـۆ دەربـارەی رەچەڵەکو بومییان، نییە بـەو هۆکارەی کە بوونیان لەم هەرێمەدا لە ٥ هەزارەی پ.ز، کـە ئەمانـیش دەچـنەوە سـەر سـۆمەری. ژیاریـو شارسـتانیان، بنـیاد نـاوە، لـە دەڤەرانـی ئاکادو ئورو کلدو بابلدا.

کەڵتوریان تاکـو ٦١٢ پ.ز، هـەر راوسـتاوبووە، سـنووری شاهەنشـاهێنییان، گەیشتۆتە کاپکاسـو ئـێران لـە خـاوەرەوە، دەریـای سوو، فەلەستین، لوبنان، ئوردن، سورییە، بیابانی میسر، لە باشورەوە- ئەنەدۆڵو قەیسەری، لە خۆراواوە تاکو بەشێکی دوورگەی ئەرەب.

شاهەنشاهێتیەکی تۆکمەو پتەو، فەرمانرەوا بەسەر هەرێمەکەدا، ئەو سەردەمە.

ئاشـوری بنــیادنەرو دامەزریـنەری بـناغەی شارسـتانیو مـرۆڤایەتییە، نوسـینەکان ئەلفـبای سـریانی، کە بوو بەرنامەی ئەلفبای یۆنانی و عەرەبی و هیندی و کاریگەریشی هەبـووە بـۆ سـەر ئەلفـبای چـینی، کـە ٤ تیپە یەکەمەکەی تیپەکانی ئاشوری، لە لایەنی یۆنانییەکانەوە، بەکار هاتووە. تاکو ئیستەکەش، کە ئەمانەیە:

ئولف، بیت، گومل، دولت.

نووسینی تەورات، بۆ یەکەمجار، بە تیپی سریانیو ئارامی بووە.

پێغەمـبەری مـەزن محەمـەد (د.خ)، یارانـی بـە تیپـی سـریانیو ئارامی خوێندکاریان فێرکردووە.

باخچەی هەڵواسراو- دوژی بابل، گەواهیدەری ئەم راستیەن.

زانکۆی نسیبین و ئورفەی پ.ز ناسراو بە قەنتشرین- واتە- هێلانەی دڵ.

ناوی هەمە جۆرە تاکو ٦١٢ پ.ز.

لــە زەوی مێــزوپوتامیاو دەرەوەیــدا و دوری ئــەو چــەرخەش میدوپارتــی- فەرمانرەوابوون، تاکو هاتنی ئەسکەندەری مەکدونی ٣٢٠-٣٣٠ پ.ز.

مـید- لـە چـیای زاگـرۆز، جـودی، گـودی، پارتـیش لـە شـوێنی خـۆیدا، ئاشـوری لـە سـورییەو لوبـنان. بەشـێك لـە فەلەسـتین و ئوردونـو دەشـتەکانی دوو چۆمان و ئـەوەی پەیوەستە بە ناوی ئاشورییەو- سریانی- کلدانی، کە ئیمرو- کێشەیە.

سریانی- هەر ئاشورییە- تیپی ش لە زمانی یۆنانیدا، بووە بە ئاسوری، ئەسیرین، سورییە، لەمەوە هاتووە.

لە زمانی ئاشوریدا- سوریو- سریویو- ئاشوری- سریانی، هەمووی یەکەو نەتەوەیەکە، بە شارستانی کلدانی ناسراوە، بەر لەوە- سۆمەری بووە، لە شارێکەوە بۆ شاریکیتر، ژیاریو شارستانێتی، راگوێزراوە، کلدانی و ئاشوری سریانی، زمانیکو نەتەوەیەکە، لە رووی نووسینو ناوەوە.

ناسنامەی نەتەوەیەك، زمانو رۆشنبیریو جوگرافیایە- ئەمانە هەر هەموو لە ژێر رکێفی ساسانیدا بوون ماوەی ٢٥٠٠ساڵ، دوای ئەوان- ئیسلام و ئوسمانی و مەگولی و خۆراوایی- گۆرەپانی جەنگو پێکادانی بێوچان، کە بەشی ئاشوری ئازارو لاوازی و بێبەشی و تەنگهەناسەیی.

هەر چەندە، ئایینی کریستانیان وەرگرتوە، بەڵام هەر فورتارنەبوون، لەو ستەمدیدەییە و ستەمی بیزەنتی و رۆم و چەوسانەوەی شوفینیزمی ئارەبو تورکو فارسو رۆمان، بە هۆکاری ناکۆکی ئایینو ئایینزاییەوە رۆما- کلیسەی سریانی بە زۆرە ملی خستە پاڵخۆی کە لە ئەنتاکییە بوو، خستیە پاڵ کلیسەی رۆما لە ئەستانبول- قوستەنتەنییە.

کەنیسەی ئەنتاکییە- یارانی عیسا- شەمعون، پەتروس- یەکەم بەتریکی ئەنتاکییە- بایەخدار لای ئاشوری، ئەو رۆڵەی نەما، دوای راونانی لە لایەن رۆماوە- ٣٤٠ساڵ زوربەی کادەری ئایدیولوژی کریستیانی فریدرانە ناو ئاگرەوە و سوتان، هەندێکیان کران بە نێچیری درندەکانو لاکی ناودەمی شێرە برسییەکان.

تەنها تاوانیان ئەوەبوو کە کریستیانین و دژی کۆیلایەتین.

رەوشی کریستیانی- کە بلاوکرایەوە- لە ئەوروپا و رۆما پوڵس و هاوکاری سیلاس بە پێی راسپیری شەمعون پەتروس بوو لە چەرخی قوستەنتین گەورە لە ٣٢٥، کۆنگرەی کریستانی لە شاری ئەزینیك- بە چاڤاری رۆما.

نمایندەی ئاشوری، مار یەعقوب نسیبین و بریکارەکەی- مور- مار ئەفریم سیروس و مەترانی دیاربەکر- شەمعون، نەیانویست کە کەنیسەکەیان، لە ژێر چنگی رۆمادا بێت و ناکۆکی تاکو کۆنگرەی دوو لە ئەستانبول٤٥١- لە گەرەکی خەلقەدونا، راونانو ئازارو ستەمی دژی ئاشوری، تەنانەت، لە ناشتنی مردودا.

بـنکەی کەنیسـەی ئەنتاکیـیە و راونانـیو داخسـتنیو سـوکایەتیو رسـوایی پەتریکـی سریانی. ئەمە نیشانەی دەستەلاتی رۆما بوو بەسەر کەنیسەی خاوەردا.

لـەم ماوەیـەدا- ئاییـنزانـی و دابەشـبوونی ئاییـنزانـی سـەریهەڵدا لـە چـەرخی ٥ بـە سـەرۆکایەتی مەتـران ناسـتریوس و کوریلـوس یۆنانـی. تێـروانینی ناسـتریوس، هـۆکاری دابەشبوونبوو لە ناو کەنیسەی سریانیدا.

سـریانی یۆنانوهەکاریـو ئورمـی بـوون بـە نەسـتوری و تاکـو هەنـوکە، لـە باکـورو بەهدینـانو هەولێـر- ئـەربل، بەغـداد، هیـند و کاریگـەری لـە سـەر چـینو مەگـول و بـۆ یەکـەم جـار لـە مـێژوودا بـە کەنیسـەی خـاوەر، ناسـراوە، لـە نـاو ئاشـوریدا هەروەها بە خۆراوایش ناو براوە.

بـەم پێـیە- ئاییـنـزای کاتولیکـی خـۆی سـەپاند، لـە ئەنجامـی ئـەم دوژمنکاریـیەدا و بەشێك لە ئاشوری گریدران بەم ئاییـنزایەوە.

بـەڵام- بـرێك لـە ئاشـوری لـە سـوریيە ناسـراوبوون بـە مالیکـی- مالکـریو- مالیکـری- مالیلکری.

پەیوەستی شاو پەیوەستی رۆما بە مەبەستی دابەشبوون.

لـە سـەدەی ٧- مەتـران مـارون، لـو کەنیسەی سریانی- یاقوبی- پچراوچووە پاڵ رۆما، ئاییـنزایی مارۆنی، سەریهەڵدا، بە زۆری لە لوبنان.

تاکو هەنوکە، مایکی و مارۆنی، نوێژ بە زمانی سریانی دەکەن، لەکلیسەدا.

چـەرخی ١٨-١٩، دابەشـکردنیکی تـر روویـدا لـە رێگـەی میسـیو لیر، لە سورییە و تور ئابدین، بەشێکیان بوون بە پروتستان و بەشێکیان بوون بە کاتولیك.

**پوختەکەی**

سـریانی- کلدانـی- مارۆنـی- کاتولـیك، هـەر هەمـوو یـەك نەتـەوەو یـەك زمـان و، رۆشـنبیرییەکیان بـووە، دوژمـن، بـۆ پـەرتکاری و مەبەسـتی دابەشـبوون هەمیشـە لـە بۆ سـەدا و سـەنگەردا، خۆی مەلاسکردووە بۆ سەقامگیربوونی ئەم جوداییە و جیاوازییە و پەرتکردن و دابەشبوونە نارەوایە.

لە دێرەوە تاکو ئیستەکە ئەم گەلە بە کێشەی ئازارو ئەشکەنجەو پەرتبوونەوە، دەتلێتەوە، لە ئەنجامی پێرەوی ئەم پۆلاتیکی پەرتکردنەوە. بیر لە دەستەڵات دەکاتەوە دوای روخانی شاهەنشاهێتی ئاشوری بە دەستی میدو پارتیو کۆمەکی کلدانی ٦١٢پ.ز. هەر چەندە هاوبەشی دەستەلاتبوون لەتەك میدو پارتدا لە بابل تاکو ٥٣٩ پ.ز.

مێژووناس- جورجروی و پرۆفیسور ماتییف- سوورن لەسەر پەیوەندی نێوانی کەیخساری مید و نبوبیلایسر شای بابل، پتەو بوو، تونییان، شاهەنشاهێتی ئاشوری، کۆتایی پێبهێنن، بە سوپای هاوبەش ئومیت شازادە کچی کیخسار- خێزانی کوڕی نبوبلاسەر نەخوزنەسر، ئەم پەیوەندییە، مایەوە تاکو ٥٥٠ پ.ز، ماوەی فەرمانڕەوایی مید.

ناپاکی پارتی هۆی کەوتنی مید بوو- ٥٥٠ پ.ز بە سەرکردەیی داریوسی یەکەم.

گەلی مید کەوتە بەر راونانو کوشتنو بڕین، پاکۆی زاناکانیو سەپاندنی رۆشنبیری خۆیان بە سەر میدا.

شالاوی گەورەی پارتی بۆ سەر بابل بوو بە هۆی کەوتنیان ٥٣٩ پ.ز.، بەسەر هەرێمەکەدا فەرمانرەوا بوون تاکو هاتنی ئەسکەندەری مەکدونی ٣٣٠ پ.ز، هاتنی رۆمان ٢٦٠ پ.ز، بەهێزیکی گەورەوە، مێزوپۆتامیا کەوتە ژێر رکێفیانەوە.

ملانێی ساسانیو رۆمانی لە سەر دەڤەرەکە تاکو ٦٤٠ پ.ز دەستەلاتی ئیسلام، شاری نوسەیبین بوو بە سنووری نێوانی ساسانیو شاهەنشاهێتی رۆمان- بیزەنتی- بیزەنس.

بەری خاوەری بۆ ساسانی و رۆخی خۆراوای لە ژێر چنگی رۆماندا بوو.

جەنگو پیکادان لە نێوانیادا بەرپا بوو ماوەی ٨ سەدە، زانکو و خوێندنگە، هەرهەموو داخرا.

ساسنیو کورد، ئاینی زەردەشتییان وەرگرت و کورد پەنایبردە بەر چیاکان، ئەگەر چی ساسانیش کوردبوون رۆمانیش بوون بە کریستیانی، لە چەرخی ١٤ز، بەکاریان هێنا بۆ مەبەستی رامیاری خۆیان.

کریستیانی- بلاوبۆوە، لە ناو گەلانی شاهەنشاهێتی رۆمانو جەنگی رۆمانو ئارەب، بەرپا بوو لە سەدەی ٥-٦ تاکو چەرخی ١٨- زۆر لە کریستیانی کوژران، بەتایبەتی ئارتودوکسی بەڵگان.

رۆمـان- گەلـی ئاشـوری راونـا، لەبـەر ئـەوەی نەهاتـنە ژێـر ئـالای کەنیسـە و دێـری سـریانی- یاقوبـی، بەوهـۆکارە کەنیسـەی ئەنتاکیـیە داخـرا و پەتریکـی سـریانی دەستبەسـەر کـرا- ٩٦٩ز، بەتـریك یـوحەنا٨- بەتـریکیەکەی گواستیەوە بۆ مەلاتییە تاکو ١٠٥٨- لەئەنجامی گوشاردا، گواستییەوە بۆ شاری دیاربەکر.

لـە چـاخی پەتریـریك یونیسـیوس یەحـیا- یـوحەنای ٦، پەترپریکـی لـە نێوانـی دیاربەکـر و مـاردین و دێـر زەعفـەران و دێرەکاندا دەگوێزرایەوە، لە کێوە سەختەکاندا، دوور لە دەستەلاتی رۆمان.

رۆمـان- کـزبوون ١٢٩٣ چـەرخی پەتریریکی٨٦- ئەغتیوس کوری وهیبی ٥ تاکو ١٩٣٢- بـنەی بەتریریکـی سـریانی- دێـر زەعفـەران، مـاردین بـوون، دوای پەتریـریك- ئەلـیاس شاکیر- چۆتە موسڵ و هیند، لەوێ کوچیکردوە.

دوای کۆچـی- لەشـاری حـومس، کۆبـوونەتەوە- پەتریریکی هاتۆتە شام- دیمەشق- لە تاو راونان.

ئاشـوری، راژەی ئارەبـو رۆشـنبیریکردوە، وەرگێـران لـە دەربـارەی یارانـی پێغەمـبەر (د.خ)- ئیسحاق کـوری حـەنین لە چەرخی ئەباسیدا، تەنانەت جێوار مەئمون بەستونی زانستی، ناویبردوە، کورەکانی وێژەی ئەرستوو، ئیفلاتون لە رامیاریو یاسایی و دەستوری و هەتا داستانی هومیروس و ئەلیادە و ئودیسە- کە تیافو ئورفەلی وەریگیراوە.

ئیسلام- باجـی خسـتونەتە سەر وەکو کویلە بەکاریهێنان بۆیە پێیانوتراوە- فەڵە- لە وشـەی فەللاحـەوە هاتـووە. پێغەمـبەر(د.خ)- سـتەمی لـە سـەر لابـردن، بەلـێنی داوە بە پەتریرك ئیشوباڤید، لە چەرخی خۆیدا.

بـەڵام ئوسمانـی، ئـازاری نـەك هـەر تـەنها ئاشـوری بەڵکـو راونانـو ئـازارو سـتەم و زۆرداری بـۆ ئەرمەنـو کـوردو هەرهەمـوو کریسـتیانی بـووە، بـە درێژایـی دەستەلاتی بە شـێوەی درنـدەیـی، دوای بنیادنانـی شـورەی چین بە مەبەستی بەبەرستی هێرشی تورك، بەتایبەتـی چـەرخی سـەلجوقی لـە ئەنادۆڵو دەستەلاتی ئوسمانی ٤٠٠ سال لە چەرخی١٦- تەقـەلای تـواندنەوەی گـەلان، سـەربرین کوشتارکاری بەناوی ئاینەوە. سوخرەو بێگاری هی کوردو نەتەوەکان، بۆ پێکهاتنی ئامانجی خۆیان.

ئەرمەنـی لـە مـێژوو دەرهێنـراو- ئاوارەکـراو لەتـەك ئاشـوریدا بەرهـەر چـوارلای جـیهاندا، کـوردیان دواخسـت سـەدان ساڵ لە چەرخو چاخ، پەیوەندی گەلانیان شێواندو زەهراویکـرا، بـوو بـە پەیوەندییەکـی کوشـندە لـە نـێو گەلـە چەوساوەکاندا، بە تایبەتی سەردەمی رژێمی کەمالیزم و کەمالی.

**كوردو شانشينى ئاشور**

لە چەرخى دامەزراندنى ئيمبراتورييەتى ئاشورەوە، تەقەلا دراوە كە ناسنامەو پێناسەى نەتەوەيى كوردايەتى پابەندى و پەيوەستەگى و ريشەو رێچەڵەكى رەسەنێتى كوردو كوردەوارى لە شاهەنشاهێتى ئاشور بسڕنەوە، ئەو راستى و دروستييەى كە هيچ كێشەيەكى لە سەر نييە، بە پێى ئەم بەڵگەو بووچوون و سەرنجانە:

١- شوێنگە- شوێنگەى دەوڵەتى ئاشور، بنكەو بنەى سەرهەڵدانيان- لە ناو ئاخو خاكو زەوى كوردستاندا ئوستانى نەينەوا- مووسڵ، هەولێر- ئەربل، دياردەكراوە. دواجار گەيشتوتە هەرێمى ئێلامو ولاتى شامو ميسر، كە لەتەك نەخشەى خاكى كوردستاندا، هاوچوونيەكەو هاوجووت، تەنانەت لەتەك نەخشەى هاوچەرخى كوردستان.

٢- نێو- ناو Name- دەوڵەتى ئاسور- لە ولاتو خاكى سوبارتودا دامەزراوە، ناحەزانى ئاسۆريو دوژمنان، بە فەرمانرەواياتى سۆبارتويان دادەنين، كەرەگو ريشەى پێكهاتەى ميللەتى كوردە.

سوبارتو- سۆبارى- زيبارى.

زۆر رەوايە كە بڵێين- ناوى سۆبارتو، دابڕێت بەسەر دەوڵەتى ئاسوريدا- واتە- ئاسور- سۆبارتو بووە.

ناوى سۆبارتو- بنەرەتى وشەكە، لە سەرهەڵدانى چەرخى سۆمەرييەوە- لە سەرەتاوە وشەى ئوسار-Usar- لە زمانى سۆمەريدا تەمەنى وشەكە ٢٥٠٠ پ.ز.

لە زمانى كوردونيدا- كيشى- ناوەكە بە شيوەى سوار- ئاسورا، تەمەنى ئەم ناونانە- دەگەڕێتەوە بۆ ١٥٠٠ پ.ز.

زاراوى ئاسورا، هەر وشەى ئاسارە، تيپى ئا بووە بە واو.

ئاسورا، لە زمانى كيشيدا، هەميشە لەتەك وشەى ياش بە شێوەى سورياش، بەكارهاتووە، مەبەست لە زەوى و خاكو وڵاتى بووە كە پوختەكەى واتاى ناوەكەى- ولاتى خوداوەندى خۆر- ولاتى خۆر بووە.

تەمەنى بەكارهێنانى ئەم شێوەيە هەزار ساڵ پ.ز بووە.

لە چەرخى پارسدا- ٥٠٠پ.ز- ئەم ناوە بەسەر ناوەندو باشورو، لە دواييدا باكورى دوورگەى ولاتى شامدا دابراوە.

وشـەكە- گۆڕانكاری بـە سـەردا هاتـووە بـوويە بـە سورسـتان- بووە بە وشەی سريان، ناوی هۆزو بەرەيەكی ئايينی كريستيانييە.

لـە رووی جوگـرافييەوە، تـەنها بەسـەر بەشـێكی ولاتـی شـامدا، دابڕاوە، كە سورييە- سوورييە.

ئەسـوار- ئەهـوار- واتـە- پـەروەردكار، دروسـتكەر، لەتـەك وشـەی- مـزدا- ئاهورامزدا- هورمز- خودانی پژوه - المولی الحكيم- ناوی ناسراو، لە زمانی كوردی هاوچەرخدا.

ئاسوار- سورييە- سوريا- سورەيا- ناوی كچە كوردو رەنگی سوورە.

خێڵەكانـی لولـو- رۆڵـی مەزنـيان هەبـووە، لـە مـەڕ دامەزرانـدنـی دەوڵەتـی ئاسـورو فەرمانرەواكانياندا.

پێشينەی ئـەم خـێلانە- نيشتەیئيانی دەوڵەتـی سـۆرباتو- خـۆری- هـۆری- سـيروان- بەهرێمی كوردی فەيلی گوتراوە.

لـە سـەدەی ئيسـلاميدا- دوا جـار ناوەكـەی بەشـێوەی سـۆران- سـۆرانی ميرنشـين- بنكەكەی رەواندز بێت.

ئاسـوری- ئاسـوريان- ئاسـوريها- ئاشـوری- تيرەيەكـی كريسـتيانی نـەژاد سـامی، زمانـی سريانی پەيرەوی نەستور و ئەسقەفی مەزن لە قوستەنتەنييە.

بەشی زۆرينەی لە توركيا و ئيراق، لە سەلماسو ئورميەن[1].

**كوردو ئاشور**

سـەنحاريب ٧٠٥-٦٨٢ پ.ز- لـە ٦٩٩ پ.ز جەنگـی كـوردوئين- داستانە لە دەڤەری كێوی جـودی- گـودی- گـۆتـی- گـود- God- خوداوەند ماوەيەكە لە تۆمارگەكانی ئاشوردا بە ناوی جەنگی ٥ لە جەنگەكانی سەنحاريبدا بووە.

خاوەرناس- ميجەر سۆن- ئەڵێ:

نايیری، كوردوئين- باكوری زاب.

شاتجلاتبليسـەر- ئاشـوريو نەتەوەكانـی بـە دانيشـتووی دەڤـەری دەجـڵە و فوراتـو باكـوری نـيڤانس- كێوی تۆر ئابدين واتە- ئوستانی دياربەكرو خەرپوتو ديرسيمو چيای يـونس- تـۆروس، گەلـی كوردوئين ساڵی ٤٠١پ.ز- تيدا ژياوە- ناوەندی چەرخی ئەخمينی، دوای شكستی ميد ئەو كوردوئيتانە- باپيری كوردن.

---

(١) فەرهەنگی عەميد- حەسەن عەميد- بەرگی ١ .

دوای روخاندنی مید- له چیاکاندا خۆیان قایمو مەلاس کردوه، به کورد ناسراون- ناوو مێژوو لەو کاتەوه هێرشی یونانو رۆمانو پرسی- شکستیان هێناوه، بەهۆی چیا بڵندەکانەوه. تەنها ئاشوری چۆته ناو ئەو وڵاتەوه- که کوردستانه.

### کریستیان- مەسیحی

کریتسیان له ئورشلیم- ئورشلایم- قودس- بیت لەحمەوه سەرهەڵدا، بەرەو ئەنتاکییه، لەویوه بۆ دوورگەی قوبرس و رۆما، له خۆراوا بۆ شاری رەها- ئورفه- هەرێمی باکوری کوردستان، له باکورەوه.

شاری ئورفه- رەها- بنکەی سەرهەڵدانبوو، بەرەو خاوەرو روویکرده شاری دیاربەکر، بەرەو هەدیاب- ئەربل بۆ بیت گەرمای- گەرمیان- کەرکوك- ئارانجا- واته کوردستانی باشور، بوو بەهۆی بلاو بوونەوەی زمانی ئارامی.

سریانی بوو به زمانی ئاسایی و گفتوگۆ و بوو به زمانی میری، لەرێساو دەستوری کەنیسەی کۆنی خاوەر بوو به هاوتای زمانی یۆنانیو لاتینی.

کێو نشینانی ئەو چەرخه، لەتەك گەلی رەگەز تێکەڵبوو ئەتنی، رۆم، فارس- پارس- پەراسو، مید، ناوەند، کورد- کار، دوای ئەوانیش- ئارامی، سریانی و پاشماوەی ئاشوریو کلدانیو هیتر.

کار سەقامگیر بوو بۆ مید، دوای کەوتنی ئاشورو بوون به زۆرینه و ناوەکەیان گۆردرا به تێپەربوونی چەرخو چاخ و ناوی هەرێمەکەش به ناوی ولاتی قردو بوو به کوردستان، له سەرەتای سەدەی ١١ز، زۆر گەلانی هەرێمەکه- ئایینی کریستییانیان وەرگرت که بەر لەوه له سەر ئایینی زەردەشتی بوون، یاخود زروانی به له زەردەشتی، وەتەنی. پێباوەری به هەموویان، مێژوویيەکو کەلتوریکیان پێکهێناوه له دەڤەرەکەدا.


**چاوگ**

١- رۆژنامەی- وطن الشمس ژماره ١٦-١٧
نووسینی- نەعمان نەشرۆ.
٢- ئایینی و باوەر له کوردستاندا- کەریم زەند.
٣- فەرهەنگی عەمید حەسەن عەمید- بەرگی١.
٤- تاریخ الاثوریین- الجزء الاول- م.س.لازیرف
ترجمة اسامة نعمان- مطبعة دار الجاحظ- بغداد ١٩٧٠.

## تورکمان

**دێرکو نێولێنان**

**تورکمان**

**نێولێنان-** Turk + man

**تورکمان- تورك + مان- ئوغوز- ئاغوز. رووسپی.**

**ئازاد- ئوغوزمان- باپیرەی گەورەی تورك.**

**گەلی تورکزمان- ناوەندی ئاسیا، رەگوریشەو نەژادیان، دەگەرێتەوە بۆ خێلانی ئوغوز- غز- لە چاوگی مێژویی ئیسلامیدا، لەتەك خێڵی تردا، لە زەویو خاکی مەنگولیا- غز- ئوغوز- گەلی دەشتەکی جەربەزەو دڕ- راوو رووتو تالانیو بڕو هێرشو هەڵمەتبەریو شالاوبردن بە مەڕو مالاتەوە، روویانکردۆتە نێوانی کێوەکانی ئۆراڵو کەزبین، لە نێوانی سەدەی١٠- بەرەو خۆراوا، تێکەڵبە کەڵتورو فەرهەنگی ئیسلامی بوون، پابەندی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوون.**

**چەکدارانی تورکمان، بەمەبەستی کاروباری خۆیی تورکمانی جێگیر بوو لە باشوری ئیراق، لەتەك سەرهەڵدانی سەلجوقی تورك، لە خاوەرداو دەستبەسەراگرتنی پایتەختی ئەباسی لە بەغداد و داگیرکردنی چەند بەشێکی خاکی ئەنادۆڵی ئیستەکە- کە پێی دەگوترا- شانشینی بیزەنتی کریستیانی.**

**کەرتێکی ئەم تورکمانە، بوون بە پاشکۆی سەلجوقی روویانکردە ئیرانو ئازربیجان، دڕیان بە چیاکانی کوردستاندا بە ئەرمەنستانیشەوە.**

**ئوغوز- تێکەڵبە کورد بوون.**

**ئەم وشەیە- ئەم نێوە- ئوغوز- لە زمانی کوردیدا وەکو ناوێکی ناسراو- تایبەتمەند بە مرۆڤی کورد- لەمەوە- وشەی تورکمان، بلاوبۆوە، بوو بە باوی سەردەم، بەسەر پاشماوەی ئوغوزدا دابڕا ئەوانەی  ناوەندی ئاسیاو خێلانی ئەغوز بەگشتی لە چەرخی میرنیشینی زەنگی- ئەتابیگی- لە دوورگەو شام و هەولێرو- ئەربل- لە چاخی سەلاحەدینی ئەیوبیدا تورکمان بوو بە هێزێکی سەربازی، بەشداری جەنگی خاچەکانبوون، شانبەشانی کوردو ئارەب. کەرتو تیپێکی تورکمان- ئاق قوینلو- مەڕەسپی، ئالاو ئارمو دروشمی مەڕەسپیو مەڕە رەشیان- قەرە قوینلو- بڵند و بەرز کردەوە. ئاق قوینلو، قەرە قەینلو.**

لـه کوردسـتانو ئێرانو ئێراقدا- فەرمانـرەوایەتی شارە کوردنشینەکانیانکردووە، وەکو تەوریزو ئامەد- دیاربەکر.

کاتـی کـە فەرمانـرەوایەتـی کەوتـە دەسـتی بـەرەی توغـرول دەوڵەتی ئوسمانی، بەرپا بوو، هاتە کایەوە.

مرۆڤـی خێڵانـی تـورکمان ڕێژەیەکـی مەزنـیان پێکهێنا، لە دەوڵەتی ئوسمانیدا- واتە لەو دەوڵەتەدا.

تـورکمان- بەیـەك زمـان گفـتوگۆو وتـووێژ دەکـەن، بـە زاراو و شـێوەی جوراوجـۆر- پەیوەسـتی نەریـتو رەوشـی خێڵەکـی رەسـەن، جیاوازیـیان هەیـە لەتـەك تورك نشینانی تورکیا، لە رووی رووالەتو روخسارو تایبەتمەندیتی کۆمەلایەتی نێو کۆمەڵگاییەوە.

تورکمانـی- ئازربـیجان- ئاییـنیـزای جەعفـەری- شـیعە گەریـیان پەسەندو پەگەنکرد، پابەنـدی بـوون دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران. بەڵام- تورکمانی باشوری کوردستانو ئێراق زۆرینەیان موسڵمانی سونین.

ئوسـتاندارانی ئوسمانـی، نیشتەجێی کردن، لە ناو شارو کەنارەکانیاندا، بە مەبەستی دروسـتکردنی پشـتینەو هێڵـی ئاسایشـی، پچـر پچر بە هێڵێکی لارو چەماوەو کەوانەیی- لـە تەلەعفەرەوە- خۆراوای موسڵ، بە کەرکوکدا تێپەر دەکات، لە شاری مەندەلی کۆتایی دێت. نیو ملیون کەس پترن.

هـەروەها- تـورکمان لـە ئەنەدۆڵـو حەلەبـو سـورییەو ئێـرانو خۆراسـانو ناوەنـدو ئەفغانستان، هەیە.

کۆماری تورکمانستان -١٩٢٤- دامەزراوە، پایتەختەکەی ئەشقاباد، مۆناتی لە ٦ ملیون کـەس پـترە، تورکمانـی سـونەی ٦٥٪- کـۆی گشـتییە، لـە دۆڵی رۆباری ئامودارياو مرغاب، نیشتەجیبو جێگیربوون.

چـوڵی قەرەقـوم، زەوی کـۆماری گـرتۆتە خـۆو دایپۆشـیوە دەکەوێـتە کەنارەکانـی دەریای کەزبین- بیابانی کەرەکوم.

**وشەی تورکمان** – Turk Man

ترکمان- ترکمن- تورکمان- تەرکەمان- ترکماننـد- تورك ئیمان:

١- تـورکمانەندی فارسـی- تورکئاسـا- نیمچـە تـورك- ئیسلامبوون خێڵی تورك ئیمان- خێڵی ئوغـوز- سـەدەی ١١ز- ئـەم نـاوە، چەسـپاوە- تـورك ئـیمان- ئیمانتورك- تورکمانند- مانند تورك.

بۆچوونیتر- تەرجمان- وەرگێر- تەرجمان نێوانی ئارەبو تورکی موسڵمان.

تیرەیەکی ئیران- نیشتەجێ لە گورگاتو تورکمان سەحرا. لە هۆزە ناودارەکانیان- یموت، کوکلانە.

تورکمانستانی کاپکاس، پێرەوی ئاینزای سونەو زمانی تورکی- وەکو لە فەرهەنگی عەمید حەسەن عەمید بەرگی١- ناویان هاتووە.

تورکمان- لە وشەی خێڵی قومانی سەلجوقییەوە، هاتووە بووە بە تورکمان، بە پێی رێزمانی تورکی- تورك+مان یاخود- مەن.

ئەم پاشگرە لە زمانی تورکیدا واتە- گەورەیی، مەزنی زۆربە- بێپایان، بەکار دێت.

واتە- تورکی گەورە، رەسەن، خوێنپاك، زۆرینە.

٢- رێچەڵەك- ئەو تیرەو خێڵە تورکمانەن کە لە ئاسیای ناوەندەوە، لە قۆناغی جیاجیادا، بە چەند هەنگاوێك لە خۆراسانو دەڤەرانی جێگیربوون، لە پاشدا بوون بە ئیسلام بەرەو ئەنەدۆڵو ئێرانو خاوەری میانە کشاونو شۆر بوونەتەوە، بەو بۆ چوونە، کە تورکمان دەچنەوە سەر خێڵی ئوغوز، کەلە ئاسیای ناوەندەوە، کۆچیانکردووە بوون بە دوو بەشەوە.

بەشێکیان، بە کۆچەری ماونەتەوە، بەشەکەیتری لە شارەکاندا، جێگیربوون.

ئەو تورکمانانەی بوون بە ئیسلام، کەوتنە جەنگو شەرەوە، لەتەك ئەو تورکمانانەی کە نەبوون بە ئیسلام.

لە دوایدا- ئوغزان بەرەو ولاتی- پەچەنەك نزیکی لیواری دەریای ڕەش، چوون، لە وێوە- گواستیانەوو بلاو بوونەوە بە ولاتە ئیسلامییەکاندا. چەند دەوڵەتو میرنیشینیان، دامەزراندوە.

ئوغوز- ناوی ئیمپراتور- شانشینی تورك- ئوغوزخان ئەو سوور ناوە پێبەخشراوە.

تیرەکانی ئەم خێڵە ٢٤ نەوەی ئوغوزخانی لێکەوتۆتەوە- ئوسمانی- سەر بە تیرەی قایی- Kayi- ئەم خێڵەن. سەلجوقی- سەر بە تیرەی کینك- Kinik.

**نیشتە جێبوون**

تورکمان لە ئێراقدا چەرخی سوڵتان مرادی ٤- ١٦٣٨، سوپای سەفەوی، لە ئێراق شکاو شکستی هێنا.

بەشێکی ئەو هێزەی تورك، ماوەتەوە، نیشتەجێکراون بە مەبەستی جوداکردنەوەی هێڵی پەیوەندی نێوانی ئوستانەتورکەکانی باکورو ئوستانەکانی باشوری لە دەڤەرەکەداو پیشتینەی پارێزگاری بێت.

سـەلجوقی- ویستوویەتی بەلای خۆیاندا رایانکێشن، کاتی کە توغرول بەگ، هاتوو تە ئیراق.

سـەلجوقی- قینك- کینك- Kinik- بـەناوی سـەردارو دەسـتەلاتەوە، ئەگـەر چـی، لـە تیرەی ئوغوزن.

ئەباس ئەزاوی، ئەڵی:

تورك، پێش مەگول هاتوونەتە ئێراق.

## کۆچ

ئەرشەد هورمزی ئەڵی:

بـە قـوناخ هاتـوون سـاڵی ٥٤ك- ٦٧٣ز. ئەبـدولا زیـاد- دوو هەزار تورکمانی هێناوە بۆ بەسرەو نیشتەجێبوون.

ئـەم تورکانە- لە سوپای ئەمەویو ئەباسیدا خزمەتیانکردوە، بەشدار بوون، چەندین جێنشینیان هێناوەو خزانویەتیانە ناو سوپاکانەوە- ئەمە قۆناغی یەکەم.

قۆناغـی دووەم- چـەرخی سـەلجوقی و نیشـتەجێکردنی تـورکمان ١٥٠٥- کـە توغـرول بەگ پێی خستە ناو شاری بەغدادەوە، تورکێکی زۆر، لەم شالاوەدا هاتوونو جێوار بوون.

چـــەرخی ســـەلجوقی لـــە ئێـــراق ١١١٨-١١٩٤، ئەتابیگـــی مووســـڵ چـــەند دەوڵەتـــو میرنشـینیەکی گـرتۆتە خـۆ- دوا دەوڵەتـی ئـاق قویـنلو بایـندەری ١٥٠٨- لـە سـەر دەسـتی ئیسماعیل شا سەفەوی- کۆتایی پێهات.

سێیەم قۆناغ- ژمارە زۆرکردن- تورکمان سوپای سلیمان قانونی ١٦٣٥- نیشتەجێکران.

تورکمانـی مـرادی٤- لـە کوردستاندا جێگیرکران،مۆرگی نەتەوەیی بە زۆری داگیرکەر، گـوڕدراوە- واتـە مۆرگـی کـوردەواری بـە پێـی ئاماری ١٩٥٧- ١٣٦٨٠٦ هەزار کەس بوون، لە کـۆی ژمـارەی هەمـوو ئـیراق ٦٣٣٩٩٦٠ کـەس بـووە، ئـەم ئامـارە سـەرنجی تـێدایە و لـەم رێژەیە کەمترە ٢٪ دانیشتوانە.

## پوختە

هـەردوو وشـەی تورکمانو غز، یەك دەربڕینە لە چەرخی دەستەلاتی سەلجوقیدا، لە مێژووی سیستاندا، بە هاتنی سەلجوقی بۆ ناو سجستان ٤٢٨ك- ١٠٣٦ز.

وشـەکە لـە مـێژووی ئەبـو فـەزل بهیت ٤٧٠ك- ١٠٧٧ز، ئامـاژەی بـۆ سەلجوقی کردوە، هەروەها بۆ تورکمانیش.

رەنگە- غزی تورکمان- بەرلە سەلجوقی هاتوون. دوای شالاویان.

زەین ئەخیار- ئەڵی:

غز سەدەی ٥-١١ بە سەلجوقی وتووە- تورکمان.

مێژووناسان- تورکمانو غزیان جوداکردۆتەوە، وەکو مینورسکی- ئەڵی:

سەلجوقی- بۆ ئەوەی خۆیان لە خێڵانی غز جودابکەنەوەو لەو خێڵانەش کە بەرهەڵستیانبوون، سولتان سەنجەریان بە دیلگرت ١١٥٣-١١٥٦، لە نوسراوی- تناول قبائل الترك- دانەری- مروزی ٥١٤ك-١١٢٠ز، بە تورکی ئیسلامی گوتووە- غز- کاتی جەنگی نێوانیان، گروپی بەرەو خوارەزم- خوار زەمین- کۆچیانکردوە بۆ دەڤەری پچنك لەمەوە بۆی چووە- مینورسکی هاوچونبوونی ئیسلامیبونی غزە.

کۆنترین وشەی تورکمان- نووسراوەی- احسن التقاسیم- هی جوگرافیناسی مەزنی ئارەب- مەقدیسی بشاری ٤ك- باسی شاری بروکتوبلاجی، کردووە، کە گوزەرگەی تورکمانی ئیسلام بووە.

ل٢٧٤-ل٢٧٥- ئەڵی:

شای تورکمان- فەرمانرەوای ئەو دوا دیاری ناردووە بۆ خاوەنی شاری سیرام- ئەسپیچاب. تورکمانند- وەکو تورك- لە نووسراوی مەحمود کاشغەری- دیوانی زمانی تورك- سەدەی ٥-١١.

مێژوونوسی مەگول- بە گروپی غزی کۆچکردووی ناوبردووە.

تاجیکی- پێی وتوون- تورکمان.

دانەرێکی تر ئەڵی:

تورك- ئیمان، تورکی ئیسلام.

خاوەرناس- بریتسك ئەڵی:

تورك+ مان- Turk+ Man. وەکو لە ئاسیای ناوەند.

چاوگی رووسی ئەڵی- تورك بێپاشگر.

شاهەنشاهێتی غز- یابغو بە دوو ناو- تورکمان- غز ناوی بردون- E- Denison Ross -E- ئەڵی- لە زاری ڤاسبیرییەوە- ناوی تورکمان- لە تورکو پاشگری مان، من- وەکو لە ئینگلیزیدا- Ship- یاخود Dom.

وشەی من- بە تورکی واتە- سام- توند- مەزن دێت.

فەرهەنگی عەمید ئەڵی:

ترك- Turk- تیرەیەکی مەزنی نەژادی زەرد لە کۆندا لە تورکستانو باکوری چین- نیشتەجێبوون.

مەگول- ریشتەیەکە لەوان- سەدەی ٦- کۆچیانکردوە بۆ ئێرانو ئاسیای گچکەو دەڤەری ئەورووپاو کیشوەری جودا.

هەنوکە زیندەگی دەکەن، وەکو ئوسمانیو تورکمانو ئوزبەگو قرغیز، شێوەی ئاخاوتنی جودا، تورکی ئازەری لە- ئازەربیجانو حمسو کەزبین.

زمانی تورکی- لە دەستەلاتی غزو تاتارەوە لە ئێراندا، هاتۆتە ئاراوە.

## کێشەی تورکمان

ئەم کێشەیە، بەستراوە بە کێشەی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردەوە، لێی دانابڕێت لەو ڕەوتەدا، هاوچووتە، لە ناو ئەو هاوکێشەدایە ئەمە نیشانەو هێمای چارەنووسی هاوبەشی گەلی کوردو تورکمانە، لەسەر زوەیو خاکی پیرۆزمان هاوکاریو هاوبەشیو هاریکاری هەربوونی مێژووییەو تەباییە، کە چەرخو ڕۆژگار سەپاندویەتی.

گەرەکە هاوکاری یەکتربین لەم قۆناغی رزگاری نەتەوەییدا، لە کوردستاندا، لەم بارودۆخە ناسکەدا لە ناو گێژاوی نێودەوڵەتیو نەتەوانیدا و هەرێمی و ناو خۆییدا.

ئەگەرچی- ماڤ رۆشبیری ١٩٧٠- بەیانی ئاداری مێژوویی زیادە تێپەرکاری تێدابوو کە ٩٠٪ خوێندنگەی میری- لە کەرکوکو چەند شارۆچکەیەك، کە رێژەیەك تورکمانی تێدایە- گوایا- ئارەزووی خوێندن بە تورکی دەکەن.

ئەمە لە رووی راستییەوە، کێشو سەنگێکی ئەوتۆی نییە.


**چاوگ**

١- هورمزی، ئەرشەد- و. کاروان ئەبدولا

گۆڤاری سەنتەری لێکوڵینەوەی ستراتیژی.

٢- رۆژنامە کوردییەکان- نووسینەکانی- م. جەمیل ڕۆژبەیانی.

٣- زەند، کەریم- جوگرافیای کوردستان- دەستنووس- ١٩٥٨.

٤- مجلة الادب الترکماني- د. س.احسن- ترجمة د. حسین علي داقوقي.

٥- فەرهەنگی عەمید حەسەن- بەرگی١.

٦- شجره الترك- امیر خیوه.

٧- گلشن خلقا- تورك تاریخی.

**گەلی جوو**

**شانشینی یەهودا- مەملەکەتی یەهودا- لەفەلەستین- فەلەستان- لە هەزارەی یەکەمی پ.ز- فەرمانـرەوا بـوون- تـەختی سلیمانو داود- لە مێژوودا- شوێنی تایبەتی خۆی هەیە- چەرخی نەبوخەزنەسری بابلی ٥٩٧-٥٨٦ پ.ز، بـە دوو جـار بـەدیل هێناونـی بـۆ شـاری بابل- ئەمەیە سەبی بابل.**

**ئاشـوری- ٣٠٠ سـاڵ درێـژەی بـووە ٩١١-٦٣٦ پ.ز، ١٥ شـا- فەرمانڕەوایـی کـردوە. دەسـتەڵاتی ئاشـوری- ئەوانـیش، تـیرەو بەرەکانـی گەلـی جـووی بـە دیـل هێـناوە بـۆ نـاو چیاکانی کوردستانو بلاوبـوونەتەوە، ٢٨٠ سـاڵ بـە دوورخراوەیـی، خـۆیان ژیاندووە، بە کشتو چاندنەوە، خەریکبوون.**

**گەڕیـدەی ئیسپانی- بنیامین تەتیلی- جوولەکە بووە لە سەدەی ١٢ز- هاتۆتە ئامیدی- ئاڤاهـی مـید- لـە باشـورا کوردستان ئەو سەردەمە ٢٥ هەزار جوو، لەو دەڤەرەدا بوون لە ١٠٠ ناوچـە- لـە چـیای خەفـتان- خەفەتـیان- حەیـتون- هەفـتون- چـەرخی جێنشـینی ئەباسـی- موقـتەفی بـیلا ٥٣٠ - ٥٥٥ك-١١٦٠ز، موسـتەنجید بـیلا- هاتۆتە کوردستان و ولاتی فـارس- لـە ئیتالـیاو یـۆنانەوە- واتــە ئـەو گەڕیدەیــە د. گـرانت- ئەمریکـی- هاتـۆتە کوردسـتان- ئەڵێ: جوو- نەوەی ئەوانەن کە ئاشوری بە دیلی هێناونی، بەناو نەستوریدا- گـەڕاوە- مـزگینی دەر- مـژدە دەر بـووە هاتـۆتە شـاری ئورمیە- ئۆرومایە- ٥ خوێندنگەی کـردۆتەوە، فـیری زمانـی کـوردی بـووە، چـۆتە باکـورا کوردسـتان، ٦ سـاڵ گـەڕاوە بـە کوردستاندا.**

**ئەحمـەد سوسـە- ئەڵێ: بـوون بە جوویی هەدیاب- هەولێر- کە دەستەلاتیان گرتۆتە دەست.**

**نەزاتی- دایکی هێلانە- جوو بووە. تراجان- ئیمبراتوری رۆمان لە ناوی بردن.**

**یەکـەم کۆنگـرەیجوو- لـە شـاری پـاڵ Pallی سویسـرە ١٨٠٧- بەسـتراوە بەسەروکایەتی- تـیودور هرتـزل- نەخشـەی ئایـندەی دەوڵەتـی جـوو- عیـبری- کێشـاوە بـۆ گەلی جوو- لە فەلەستین.**

**پەیمانـی بەلفـور- بەلـێنی بەلفـور- شـایاری دەرەکـی بەریتانـی- ئـەو بەلێـنەی گـرتە ئەستو لە ١٩١٧ ئەو ئاواتە هاتە دی لە ١٩٤٨.**

هەر چەندە دەربەدەریو رەهەندەیی هەندەرانو کاری هولوکوست- شواح- فرنی سووتاندنی نازیو فاشیست- کوانووی سوتاندنی ٥ ملیون جوو- مەرگی زۆرو قوربانی فرە- ناوی ئیسرائیلی نەسڕییەوە.

هولۆکوست- وشەیەکی یۆنانییە، شورح- وشەیەکی عیبرییە- واتە فرنی سووتاندن- محرقە.

گەلی جوو Jew- لە کوردستاندا- کەمینە- کەمایەتییەکی ئایینی بوون. ٢٥-٣٠ هەزار پتر بەر لە کۆچیان ١٩١٩-١٩٥١، گەورەترین کەمایەتی بوون، پاشماوە و جێماوی دیلی ئاشوری بوون- لە مەملەکەتی ئیسرائیلو یەهوداوە هێنابوویان و نیشتەجێی کردبوون، لە دەڤەرو ناوچە چیا کەنارە گیرەکانو دوورەکان، لە سالانی ٧٢٣- ٧٢٢- ٧٠١ پ.ز.

لە کوردستان جێگیربوون، گوندو دێهاتیان تێدا دروستکردو بلاو بوونەوە بەناو کوردنشینەکانداو بە درێژایی چاخو چەرخ- بوون بە رەگەزی پێکهاتی کۆمەڵگەی کوردەواری، لە کوردستاندا.

زمانیان- تێکەڵبووە بە زمانی کوردی و وشەی تێکەڵیو جۆری ژیانو پۆشاکو خۆراکو کاری ڕۆژانە و پەروەردەی ئاژەڵو، کاری کێڵگەو کشتو چاندنو رستنو خۆدانە پال خێلو کەسێتی کۆمەلگەی کورد بە مەبەستی خۆپاراستنو مانەوە، بە تایبەتی کەسێتی بە هێزو ناودار وەکو شێخی نەمر- مەحمود حەفید- کە بە باشی نیگایانی کردون. لە چەرخو سەردەمی دژوارو تەنگژەدا.

گەڕیدەی جوو- بنیامین تەحلیلی- ئەمە دەسەلمێنی کە ٢٥ هەزار جوو- لە چیاکانی خەفتیان، سنووری ولاتی مید، کە پاشماوەی دیلەکانی شەلمانەسەری شای ئاشوری، بوون.

پێش کۆچیان بۆ ئیسرائیل- لە شارەکانی کوردستاندا بە بلاوی دەژیان- لە هەولێرو کەرکوکو سلیمانیو دهۆکو ئامیدیو ئاکریو زاخۆ و زێبارو هەڵەبجەو پێنجوینو قەراخ، تەنانەت دوو گوندیان هەبوو لە نزیکی دهۆك- سندۆری باکوری دهۆك بە چەندکم رێگەی کۆنی ئامیدی.

هەنوکە بەنداوە- کەوتۆتە ناو بەنداوی دهۆکەوە. هەروەها گوندی بیت تەنور لە برواری بالا- باکوری ئامیدی، بە زۆری لە گوندی براش- لە برواری ژێر چەند کەنیشتەیان هەبوو، لە دهۆکو ئامیدی، دوو کەنیشتە لە سندۆرو بیت تەنور- گۆرستانیان هەیە بەناوی بنخران.

داود کـوری یوسـف، لـەویٚ کۆچـیکردوە ١٦٢٠ز، گـۆری خێـزانەکەی- خاتـو نـەجات، نزیکی کەنیشتەی جووە لە ئامیدی.

لـە شـارەکانی کوردسـتان- گەرەکـی تایبەتـیان هەبـووە. تـوێژەرەوەی کۆمەلایەتـی- هەنری فیلد- لە نووسراوەکەیدا ئەنترۆپۆلوژی ئیراقدا- ئەڵێ:

شـێخەکانی گـوندی سـندۆری کـوردی جـوو، لـە بـنەرەتدا بەرێجەڵـەك- جـووی فەلەسـتین، پاشماوەی دیلی ئاشورین، کە لە چەرخی سەنحاریبدا ٧٠١ پ.ز، لە چیاکانی کوردستان، جێگیربوون.

بزاڤی سەهیونی جیهانی، سوورە لە سەر بردنیانو کۆچیارییان پتر لە جووی ئێراق- واتـە- بایەخـو بـەها پـتر دراوە بـە گواسـتنەوەی جـووی کوردسـتان، بـە هـۆکاری گەلـی چیانیشـتن، تەندروسـتو بـە هێـز- کـارو پیشـەی جووتـیاریو ئاژەڵداریـو باخـو کـێڵگە و بیسـتان، بـە مەبەسـتی بـەکار هێنانـیان لـە کیوتـزاندا- کامـپ نشـین و ئـوردوگا نیشینی جەلیلی شاخاوبوو خاوەن شەقڵو مۆرگی چیا نشینی، دوای کۆچیان ١٩١٩- ١٩٥١.

لـە رووداوی رێکخراوی- هشوارەی جوو- دژی دامەزراوە جووەکانی بەغداد ١٩٥٠-١٩٥١، بە مەبەستی گوشار خستنە سەر بەرەی جوو- لە بارەی کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل.

موسـادی ئیسـرائیلی- درێخـی نەکـردووە لە کوردستاندا بۆ سەقامگیریو جێگیربوونی ئیسرائیل و پەیوەستی بە شۆرشی کوردەوە.

دڤـید کمحـی- کـارگێرو رێـبەری گشـتی وەزارەتـی دەرەوە، لـە سـەرەتای دروسـتبوونی هاوکاریـو کـۆمەکدا، ئـەوەی کـە ژەنـرال روفائـیل ئیـتان- سـەرۆکی سـوپای ئیسـرائیل- سـوپاپود- لـە نووسـراوەکەیدا داسـتانی سـەرباز- لـە دیـداری کوردسـتانداو کۆمەکـی بـە کورد.

سـەرەکی موسـادی ئیسـرائیلی- ژەنـرال تسـفی زامـیر ١٩٧١- پەیوەنـدیکـرد بـە سـەرانی شۆرشـی کـوردەوە، پەیـوەندی تـوندو تـۆڵ لەتـەك- ئارییەلشـارون- کولونـیل مـوردەخای هودا.

### گەڕانەوە- جووی کورد

دەرفەتـی دوای جەنگـی کەنـداو- رەخسا بـۆ سەرانی کوردستان- لە رێی تورکیاوە بە تایبەتـی، جـووی کـورد لـە ئیسـرائیل بـە مەبەسـتی شـادبوونەوە بـە تامـو بـۆی ژیانـی

کوردەواری و چاو رەشکردنەوە بە دیدەنی کوردستان و ئاوازو سروودی ژیانی بەو مەبەستە دوو دەستە جووی کورد هاتوەنەتەوە بەناوی تۆریستەوە- گەشتیاری- لە وەرزی هاویندا، بە ژمارەی زۆر، ئەوانەی کەتێدا لە دایکبوون سەروماڵی خۆیان هەرهەمووی دادەنین تەنها بۆ سەردانێك.

ساڵی ۱۹۸۸ دەستەیەك لە جەوانانی ئیسرائیل بە سەردان چوون بۆ ئەڵمانیا و ئیتالیا. لاوانی کۆتەنیم- کەتەمۆنیم- نزیکی ئورشلایم- قودس هەڵپەرکی کوردیان، هەڵبژارد، ئەمانە یەکەمین نەوەی جووی کوردستانن.

نموز ژیون — کاستەڵ- نزیکی قودسە- کۆمۆنێکە زۆربەی جووی کوردستانە، سەرۆکیان- ناسائیل کابای پابەندی زێدەن- زاینگە.

ئەم دوو کۆمۆنە- گیانو هەستی کوردایەتییان زەقو ئاشکرایە هەتاکو هەنوکە پێکەوە دەژین، زمانی خانەوادەییان زوربەی کوردییە، ئاوازو مۆسیقاو هەڵپەرکیی کوردی باوە، لە ناویاندا.

جووی کوردستانی باشور لە ۱۹۵۰-۱۹۵۱، سەرەتای دامەزراندنی میری ئیسرائیل- گەڕانەتەوە.

جووی خۆراوا و خاوەر بە سیڤاردیم و ئەشکەنازیم ناسروان.

جووی کوردستان- لە نیوەی دووەمی سەدەی ۱۸- دەستیانکرد بە گەرانەوە، زوربەیان روویان کردە قودس.

ئابوری روویدا، سەرچاوەی ژیانی چاکتریان بۆ رەخسا پلەی دارایی، کۆمەلایەتییان پارێزرا، لە کوردستان بێمایەو سەرمایە، سەختی ژیان جیڕ بوونەوە- فرۆشیاری دەستگیری پیشەیانبوو.

لە ئیسرائیل- ژیانییان، لە بارترو تیرو تەسەلتربوو.

دانی رۆنیشتاین- ڕۆژنامەنووسی قودسی خۆی تەرخانکرد بۆ فێرکردنی زمانی عیبری بۆجووی کوردستانی.

گولدا مایر- سەرەك شایارانی ئیسرائیل- میوانی شکۆمەندی- دامەزراندنی کۆمەڵەی جووی کوردستانی بوو ۱۹۷۳.

کۆمەڵە- ۱۹۷۰، کەوتە جموجووڵ- لە سەر کێشەی پارتی کارگەرانی ئیسرائیل، کەلەپورو فولکلوری نەتەوەیی جەژنی بەهار.

لـه پارکەگەورەکانـدا- هەڵپەرکـێو سـترانو گۆرانـیو رەشـبەڵەك سـەهرانەی ١٩٨٨- سەرانی دوو پارتە سەرەکییەکەی ئیسرائیل، بەشدار بوون.

گۆڤاری- هیتاداشوت- لـە مـاوەی ١٧ ساڵدا، ٥ ژمـارەی دەرچوو، گۆشەی تایبەتی تێدا تەرخانبوو بۆ بایەخدان بە مێژوو، فەرهەنگی جووی کوردستان.

حەبـیب شـەمعون- کێشـەی کوێـرەوەری کـوردی گەیانـدە بەرنامەی کاری پەرلەمانی ئیسرائیل[1].

**مۆساد**

رۆڵی دەزگای پاراستنو ئاسایشی ئیسرائیل لە ماوەی ١٩٦١، کورد- ئیسرائیل- لە زاری د. مەحمود ئەلی ئوسمانەوە.

کوردسـتانی نـوێ- ژمـارە ١٥٢٢- ١٥٢٤- ١٥٢٥- ١٥٢٦- ١٥٢٧- ڕۆژ ٢١، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ١٩٧٧/١٢/٢٨ دۆسیەو پەروەندەی کورد- جوو.

شـلومون کدیمـون- لـە نووسـراوەکەیدا- الموساد في العـراق ودول الجوار- د. مەحمود ئەلی ئوسمان.

بـە دوو زنجـیرە- لـە گـۆڤاری- ئەلوەسـەت- لەنـدەن ١٩٦٨-١٩٧٣، بـە هاوڕییەتـی سـەرۆك بارزانی نەمر چۆتە ئیسرائیل، دورستبوونی سێگۆشەی ئیسرائیل- ئەمریکا- ئێران.

شای ئێران- کۆڵەکەو ستونی بووە.

سەرۆك بارزانی نەمر- بە نیازی گەیشتن بە ئەمریکا ئیسرائیل بە چاکترین زانیوە.

ئـەم نهێنـیە دوای شکستی شۆرشی کورد ١٩٧٥، ئاشکرابوو هەر لە شەستەکانەوە، لە ڕێی- د. کامـەران بەدرخانـو عیسـمەت شـەریف ڤانلـی و ڕۆژنامـە نووسـانەوە، لـە ١٩٦٣، دەرکەوتـووە، ئێـران ڤۆزتـیەوە بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی- رازگـری بـیرو- دەفـتەری سیاسی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد فەتاح بووە.

١٩٦٧ ئیسرائیل- دوای کۆمەکی لە کورد کردووە بۆ وەشاندنی گورزێ لە سوپای ئێراق.

بارزانـی نەمـر- ئامـۆژگاری ئێراقـی کـردوە کـە نەجەنگێن لـە تـەك ئیسـرائیلدا و پێـی گوتوون- ئەیدۆڕێنن.

---

(١) گۆڤاری- ئەمرۆی ڕووناکبیری- ژمارە ٥١- ١٩٧٧.

تـاهیر یەحـیا- نمایـندە بـووە، داوای وەسـتانی شـەریکردوە لە سەرۆك بارزانی نەمر- ئەویش قبوڵیکردوە. داواکەی ئیسرائیلی رەتکردۆتەوە.

نەخۆشـخانەی مەیدانـی ئیـسرائیل لە کوردستاندا- بە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری دەربـارەی ئێـراق، کـراوەتەوە. ئێـراق- هەمیشـە جێـی مەترسـی ئیسـرائیلە، لـە پلـەی دووەمدا میسر.

دوای مۆرکردنـی پەیمانـی رووسـیاو ئێـراق، دوو پزیشـکی ئیسـرائیل لـە کوردسـتان کاریاندەکـردو بـوون بـە ٣ دکـتور، وێـرای کۆمەکـی سـەربازیو دارایـی مەمـرەو مـەژی، ئەوەندەی کەکار نەکاتە سەر تەنینەوەی بزاڤی کورد.

لە تورکیا و ئێران، چەکی کۆنو ئەوانەی لە جەنگی ئارەبدا دەستیانکەوتبوون.

تەوەری پەیوەندی- ئیسرائیل- کوردستان- تەهران کەناڵی پاریس هەبوو.

د. کامــەران بــەدرخان، لەچـلەکانەوە پەیـوەندی هەبـووە نووسـراویان لـە سـەر کوردستان نووسیوە.

سـەرۆکی مۆسـاد- مـائیر عمـیس، دواتـر- زلفیـزامیر کـارگێری گشـتی شایاری دەرەکی- دیڤـید کیمحـی، مـیجەری پاراشـوت تسـوری حاجـی- یەکـی لـە نمایـندەکان کـە هاتـۆتە کوردسـتان- حایـیم لـیکوب- پلـەی تـاج- پاراشـوت بـۆ مۆسـاد کاریکـردوە، نـاوی ئیسـحاق عیادی بووە. لە بالیوزخانەی تەهران کاریکردوە، بەناوی ئەفسەری مەشقەوە، دەهاتن.

لـە ئیسـرائیل- سـەرۆك بارزانی نەمر، بەر لەوەی چاوی بە سەرەك وەزیران بکەوی، داوای حاجـی خانــو داودی کـردوە، کـە ببیـینی، لـەوی- نـاوی دیڤـید جـیا بـووە. لـە ئیسرائیل، بارو دۆخی باشنەبووە، داویکردوە، کەخانوویەکی چاکی بدەنێ.

ئیسـحاق مـوردەخای- ئاکرێـی بـووە، لەتەمەنـی ٦ سـاڵێدا گەراوەتـەوە بـۆ ئیسرائیل، وەزیری بەرگرییە.

لـە ئیسـرائیل دوو هـەزار جـووی کوردسـتانی هەیە،مەڵبەندی رووناکبیرییان هەیە، لە تەلئەڤیف- تەل ئەبیب- موردەخای گرنگی پێداوە.

١٩٦٥- دیڤـید کیمحـی- هاتـۆتە کوردسـتان- بـەر پرسـی گـەورەی وەزارەتـی دەرەکـی بـووە، لـە چـەرخی لیڤـی ئەشکولدا. کیمحی جووی ئینگلیزە، رۆشنبیریو بیرو رای باشی بـووە دەربـارەی کـورد- بـۆ ئێـراق، ڤانلـی[1] کاریکـردوەو زانـیاری داوەو ئـەو نهێنـیەی گواسـتۆتەوە بـۆ ئێـراق، لـە بەڵگەنامەکانـی ئێـراقدا، دەرکەوتـووە. دوای ١٩٩١، ئەمـە دەرکەوتووە، بۆ لیژنەی ماڤی مرۆڤ لە UN.

---

(١) ڤانلی- وانلی عیسمەت.

**پڕۆژەی ئاسایش**

ئـەم  پـرۆژەیە رەگـو ریشاڵی مێژوویيو برێك پێودانگی رامیاریو جیۆپولیتکی هەیە بـە ئارمانجـی پـروژە ئاسایشـییە تایبەتمەندیـیەکەی بە درێژایی ژیانی سیاسی جوو، کە چارەنووسـی کۆی کردونەتەوە، توانییان لە ١٩٤٨دا- دەوڵەت دابمەزرێنن، کە لە سەرەتای ٧٢١ پ.ز، هـێڵە سـەرەتاییەکانی ئــەم  پــرۆژەیە دارێــژراوە، لــە چــەرخی هێرشــی ئاشـورییەوە، بـۆ سەر دەوڵەتی یەهودا لە ئورشەلیم- هەڵتەکاندنو دارمانو روخاندنی لە ٥٨٢ پ.ز، جـا لـەو کاتـەوە، نـەوەی ئیسرائیل پەیمانی تولە سەندنەوەیان داوە، بیریان لە بنـیاد نانـەوەی دەوڵەتـی یەهـوزا ئیسـرائیل، کـردۆتەوە- لـە دیـواری گـریانەوە- الحـائگ المبکی- نوێژیانکردوە، نزاو داوایان کردوە، کە بگەرێنەوە بۆ- زەوی جێژوان- ارچ المیعاد.

ئیسـرائیل- هەستیان بە پێویستی ئاسایشیو ئارامیو هێوری کردوە، لە بواری ئابوریو بازرگانیـیدا، لـەو هەمـوو ولاتانـەی کە تێدا دەژیان، بەر لە کۆبوونەوە زەمینە خۆشبوو بـۆ بانگـەوازی مانڤیسـتو بـیلو- کە رێگەی خۆشکرد بۆ بەستنی یەکەم گۆنگرەی ١٨٩٧،لە شاری بازلی سویسرە، بە سەرۆکایەتی جووی مەجەر تیودور هرتزل.

حاخامـەکان، لـەم روانگەیـەوە، نەخشـەی تـیوری ئاسـایش بـە بایەخـەوە سازکرا، لە بواری پەیوەندییەکاندا.

## ئیسرائیل ISRAEL

ئیسرائیل- وشەیەکی ئاوێتەیە- ئیسرا+ ئیل= هێز+ ئیلاه= هێزی خوداوەند- خووداوەند هێزە= الله قوی.

ئیسرائیل- سوورناوە Surname- نازناوی یاقوب کوری ئیسحاق کوری ئیبراهیمە.

دوای زۆرانگرتنو زۆرانیازی لە تەك فریشتەدا ئەم سوورناوەی پێبەخشراوە[1].

یاقوبو ئیسو، جووتە- دووانە بوون، لە مندالدانی دایکیاندا- زۆرانی لەتەك ئیسوی برای گرتووە، پێشبرکێی کردووە، بۆ ئەوەی زووتر بێتە ناو جیهانەوە لە ژیانیشدا، رێزی لێگرتوەو سەرپێچی نەکردووە و رێزی براگەورەیی رەچاوکردووە.

ئیسرائیل- واتە- خوداوەند بە هێزە.

لە تەوراتدا- ئەم ناوەو لە دواتر بە هەموو گەلی عبیری وتراوە Hebrow .

عیبرانی- زمانی گەلی جووە- یەهودی- گەڕانەوە بۆ رەواو هەق.

ناوی ئیسرائیل- لە هەلبەستێکی- نەخشینراو- هێلکاریدا لە سەر دیواری- کارنەك- نووسراوە- لە سەرکەوتنی موبنتاخ- شای خێزانی١٩- لە ١٢٢٥-١٢١٥ پ.ز، خێڵێکی ئیسرائیلی رەویون، لە ستەمکاری، بەر لە فەرمانڕەوایی ئەم شاهەنشایە.

ئیسرائیل- نووسراوی پێکهاتە- سیفری تەکوین- سفر التكوين.

نەوەی ئاقوب کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیمن.

ئیسرائیل- دووەم ناوە- خوداوەند شا- ئەم ناوەی پێبەخشیبوون، سفر التكوين- چیرۆکی بوونەوەر لافاوی نوح- سەرهەڵدانی ئیبراهیم- هاتنی بۆ زەوی کەنعانو کینانە- فەلەستین، میسر- تا کۆتایی ژیانی یوسف.چیرۆکی سەرهەڵدانی- پەیامبەر موسا د.خ.

سەرساميیەکانی دیلی جوو- سەبی بابل- لە ناوی فەلەستین- فەلەستان- لە شیرازەی رەوشی ئیسحاقدا.

رووداوی ئیسرائیلی- هاتنیان بۆ زەوی کەنعان، کۆچی موسا و مردنیو ناشتنی لە زەوی موئاب.

گۆڕی نادیاری لە ٥- سیفری پێکهاتەی تەوراتدا هەیە، تەورات- بەزاری هەورامی- تا- تو- هەتاو- رووناکی، رات، رێنمایی- واتە- نور و هدى، هەندێ دەڵێن:

---

(١) المنجد في الاعلام- چاپی ٢٦.

هەموو نوسراوانی چاخی دێرین- العهد القديم – Antion Times/ Olden Times.

بەرێز موسا د.خ، ٤٠ شەو لە کێوی سینا- توور بە بێخۆراك ماوەتەوە- وتەو پەیمانو چاخو ١٠ وشەکەی نووسیوە، لە تابوتی خوداوەندا.

دوای کۆچی موسا- لە روونووسی پیروتستانیو کاتولیکدا لە تابوتی چاخدا- سلیمان لە شاری داودەوە بردویەتی بۆ پەرستگە.

چیرۆکی ئیبراهیم- برای هەمیٚ- هەموان، بە شێوەی کرمانجیا ژووری- خێلۆ نەوەو نیژەو مەنجەنیقو ئاگرو گفتوگۆی لە تەك شاهدا، روونبۆتەوە.

ئیبراهیم- برای هەمیٚ- برای هەموو- هەموان- لە خێزانێکی کوردە- لە هۆزی جاف- تیرەی کەهرو تایش- لە ١٩٥٠ پ.ز، کوری ئازەر سوورناوی باوکی- پێش پەیامبەرێتی.

سارای خێزانی- شازادەیەکی هەورامان بووە- لە گوندی باریی- سەرسنوور، خوارووی تەویڵە خۆیو خێزانی نیشتەجێبوون.

هەر لەم گوندەوە، نزایکردوە، ٤ مەلەکە- گیانیان کراوەتەوە بە بەردا- هەر پارچەیەکیان لە سەر کێوێکەوە.

چیرۆکی مەنجەنیقو مەلەکان- لە تەویڵەی هەورامانو کێوەکانی، روویداوە.

گروپێك، باوەری پێدەهێنن، باوکی نەبیٚ هاتنی ئیبراهیم بۆ کەنعان- فەلەستین- لە ئوری سۆمەرەوە- ئورای- ئوراها- ئورفەی کوردستانی باکور لەتەك، کوریو سارای خێزانیدا و کورەزا کۆچکردوە- هارون- هاتونەتە هەران- لەویوە بە فەرمانی خوادوەند – خۆیو خێزانیو لووتی برازای هاتونەتە، زەوی کەنعان.

ئەم کارە- پەیوەندی بە تاریخ- ئازەری باوکییەوە نییە، لە رۆبار دەپەرنەوە- عبر- عیبر.

**چاوگ**

**تاريخ بني اسرائيل من اسفارهم**

**محمد عزة دروزه**

**١٣٨٩هـ - ١٩٦٩م- المكتبة العصرية.**

**صيدا- بيروت.**

# مەملەکەتی ئیسرائیل

مەملەکەتو ژیارو شارستانێتی

**ئیسرائیل**

ئیسرائیلی لە خاکو زەوی کەنعاندا- مەملەکەتی یەهودا جێگیربوون، تێکەڵی نیشتەجییەکانیشان بوون، لە دێرەوە.

یەکەم شاهەنشا- شائوڵ بوو، پەیامبەر سموئیل ئاماژەی بۆ کرد، کەبێکەن بە پادشا، بە سۆنگەی قارەمانیتیو ودلاوەرییەوە، لە جەنگەکاندا، لەتەك عەمالیقەو دەشتەکییەکانی باشوردا.

لە چەرخی ئەمدا، ئیسرائیلی سەرکەوتووبوون، قارەمانو دلاوەری دەستنشاندەکرد، لە نێوانی ئەوانەدا داود د.خ- لە بەرەی- سیبت- یەهودا بوو.

ئەمیش خۆی بەشیاو دەزانی بۆ پایەی پادشاهێتی چونکە شائول لە بەرەی بنیامین بوو.

داود- ١٠١٦پ.ز بوو بە پادشا، ولاتی یەهوداو بێت لەحمو حەبرونی پایتەختی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، سەرکەوت لە باکوری بیوس- قودس، لە چەند جەنگێکدا، کە بەسەرکەوتنی ئیسرائیل کۆتایی هات، جالوتی تێدا کوژرا.

داود- بەرەی جووەکانی یەکخست، پایتەختی گواستەوە بۆ شاری یبوس، کە بەسەر دەریاچەی لووتدا دەیروانی، رۆباری ئەردەلان لە لایەکییەوە و جەمسەری رێگەکان بوو.

دوژ- قەلای سەهیون، پارێزگاری بوو، کردی بە پایتەخت، ئیسرائیلی پابەند کرد بە پایتەختی نوێوە- کە بە ئورشەلیم- ئورشلایم- شاری ئاشتی- قودس. ناودەبرا.

هەروەها دەستبەکار بوو لە دروستکردنی پەرستگەی پەیکەر- هەیکەل- بەناوی خوداوەندەوە، لە هەموولایەکەوە بۆی دەهاتن. دەستەلاتیان پەرەی سەند، تاوەکو سوورو قەوپاڵەکانی چیای لوبنانو ئانتی لوبنان.

ئەبشالومی کوری- باوکی ئاشتی لێی هەلگەرایەوە.

لەشکری هەردوولا لە محتایەم- بەرەنگاری یەکتربوون، ئەبشالوم کوژرا و باوکی نیگەران بوو بۆی.

داود پاشا- سەرۆكی مەملەكەتی ئیسرائیل، خۆشەویستی گەل خاوەنی دەستەلاتی ئایینی و سەربازی، سوورناوی پادشاو پەیامبەری بۆ رەخسا، دوای شائول شاو پەیامبەر سموئیل خۆی قایمو پتەوكرد، لە پایتەختی ناوەندی ولاتەدا.

قارەمانو سەركردە و دۆستی بە ئەمەكی وەكو یوئابی، لە خۆ نزیك كردەوە، كە بوو بە ناووكی سوپای ٢٤هەزار جەنگاوەر بەم سوپا بەهێزە، هەموو دەڤەرەكانی كونترولكرد- لە مووابیو ئادومیو عەمالیقە، سنووری مەملەكەتی فراوانكرد گەیشتە دەریای سوورو سووریيە.

### سلیمان

دوای كۆچیدوایی هاتە سەرتەختی فەرمانڕەوایی ٩٧٥پ.ز، دوای كوشتنی ئەدونیای برای و كوشتنی سوپاسالار یوئاب و دەستبەسەری سەرۆكی كاهیتەكانی- پارسا.

مەملەكەتی ئاوەدانو فراوان لە چەرخی سلیماندا و ئاواتی لە پارێزگاری ولاتو یەكیەتی ئیسرائیلدا، لە ژێر ئالای شاهەنشاهێتی خۆیدا.

دوژی تەدمری دروستكرد، سیاسەتی ناوخۆی یەكخست، ولاتی دابەشكرد بە ١٢ ئوستانەوە، هەر ئوستانەی فەرماندارێكی بۆ دانا- هاوبەشی ئەو فەرمانرەواييەياندەكرد.

كەشتی دروستكرد لەتەك پەیكەری سلیمان- هەیكەلی مەزن. پەیمانی دۆستایەتی لە تەك شای سوور- حیرامدا بەست.

ئەسپی لە ولاتی میسرەوە هێناو سوارەی، لە هێزی سوپادا دامەزراند نا حەزانی سەركونكرد.

چەرخی سلیمان- چەرخی زێرینی ئیسرائیل بوو.

یەربعامی سەرۆكی بەرەی ئەفرایمی لێ یاخی بوو.

شا سلیمان بە توندی سەركوتیكرد و پەنای بردە بەر فیرعەونی میسر.

شا سلیمان ٩٠٠ پ.ز، كۆچیدواییكرد.

مەملەكەتی داود و سلیمان دابەشبوو.

بەرەی باكور بە سەركردەیی یەربعام- مەملەكەتی ئیسرائیلی باكور.

مەملەكەتی یەهودا و بەرەی بنیامین كەوتە ژێر ركێفی رەحبعامی كوری سلیمان- لە باشوردا.

شـكيم- تـايلٚش، دوای سـامره، بـوو بـه پايـتهختی ئيسـرائيل. ئورشـهليم- بـوو بـه پايتهختی مهملهكهتی يههودا.

ئاشوری بهسـهريان‌دا سـهركهوتن، لـه پاشان كلدانی هێرشيان برده سهريان و كۆتايی به فهرمانرهواييان هێنا.

مهملهكهتی ئيسرائيل له لايهن شهلمانسهری ئاشوريیهوه گهمارۆدرا.

شا سـهرجون، شاری سامرهی گرت، ٢٧ ههزار له نيشنانی راگوێزكرد بۆ ولاتی ميدو ئاشور.

ئـهو مهملهكهتـه ٢ سـهده بـهردهوام نهبوو ٩٣٠-٧٢٢ پ.ز، مهملهكهتی يههودا مايهوه، خـۆيان قايمكـرد لـه پهناگـهی ههيكهلـدا. فيرعهونـی ميسـر گـهمارۆی دا لـه چـهرخی رهحبعامدا، ههروهها سهنحاريبش.

گهمارۆكـهيان ههڵنهگـرت تاوهكـو باجـی زێـروزيوييان لـه شـا حهزقـيا نهسـهند- لـه پهيكهرو كۆشكهكهيدا.

نـيوخدرا سـهرۆكی كلدانـی هێرشـی هيـنايه سـهريان، گـهمارۆی شـاری قودسـياندا و كشانهوه و سهرنهكهوتن.

دووبـاره- هێرشـيان بـۆ بـردهوه ٥٨٧ پ.ز، داگيريانكـرد دوای گـهمارووی يـهك سـاڵی رهبهق.

نشينيانيان بـه ديـل هێـنا- ئهمهيه سهبی بابل و داستانی ديواری گريانو نوێژيان و داوای گهرانهوهيان بۆ زهوی جیٚ ژوان- ارض الميعاد.

**شارستانيتی ئيسرائيل**

هزری يهكيهتی ئايينی- نووسراوهی چهرخی كۆن ٥ سفری يهكهم- بيری خوداوهندی تاكـو تـهنها- پێشـهواو پهيامـبهر موسـا- رابهری ئايينی گهلی جوو، يهكهم خاوهنی هزری تاكناسی.

**تهورات**

تيشكو رێنمايـی- نور و هدی- ٥ سفری يهكهم، يهكهم نووسراوهی مێژوويی- دێروك، پاشهواری كۆن، تۆماری بنهمای ئايينی و كارهساتو رووداوی دێروكی پهسهند و بیٚ وێنه

و پـر هێـز- لـه بـارەی پـێکهاتەی جـیهانو بـوونەوەرو هـۆکاری، بـڕواو پەسلان و بنەمای سـفرەکانی دەرچوونو لاوییەکانو دووانینیەکانو یاساو ریساو سروتی کۆمەلایەتیو رەوشی دە ئامۆژگارییەکەی نێوانی باوەرو رەوش.

تاکناسـی- خـوداوەندی تاکو تـەنها ناسینی- خودا ناسی- سەرپێچی نەکردن- گووناهو سزای توند.

تۆمارکردنـــی کێشـــەی مـــاف و ســـەوداو مامەڵـــە و بـــۆماوەو ژنهێـــنانو دابـــڕانو خاوەنداریتی و کێشەی کۆمەلگە.

یاسـای موسـا- بـنەماو پایـەگای نـوێ- خاوەنـداریتی بـۆ هەمـووان. گەرانـەوەی خاوەنـدارێتی دوای ٤٩ سـاڵ دەسـت بەسـەر گەرانـەوەی خاوەنـی پێشـووی، ئازادکردنـی کوێلە دوای ٦ ساڵ. باسی نەخۆشیو پەتا.

ئەمانە هەر هەمووی لە تەوراتدا- چەرخی کۆن.

**پەیامبەرانی ئیسرائیل**

رۆڵیان لـه چەسـپاندنی هـزری تاکناسـیدا، نەمانـی بـیرو هـزری هاوبەشـی، لـه خودا ناسیندا- لە نێوانی ئیسرائیلیدا، چەمکی بالاو پیرۆزی ئایینی.

قوربانـی پێشکەشکردن بۆ سرینەوەی تاوان و پاکژبوونەوەی دڵو نیهادو پابەندبوون بە فەرمانی خوداوەندەوە.

نـوێژو نـزاو پەرستن، لە جیاتی قوربانیو پێشکەشکردنی سەرِبڕاو وشه کۆیی- ورەی پتەو و وزەو راپەرین و پەلاماردان.

یەکیەتـی مـیللەت- یـەك نەتـەوە یـیو یـەك میللەتـی- گەلی هەڵبژاردەی خوداوەند، هەربوونێتی گەرانەوە.

determinism- بـۆ خاکـو زەوی و زیـدو نیشـتمانو ولاتـی خـۆیان مانەوەی جاویدی هەتا هەتا تێدا.

هەواڵی تۆمارکـراوی مێژوویـی ئیسـرائیلی و ئایـینی جـوو Jew — دوای کۆچیدوایی پەیامـبەر موسا د.خ، هەر هەمووی پەندو ئامۆژگاریو، ئاراستەییە، لە ئاکاری گۆرانکاری ئایینداپه لە لایەن رابەرو پێشەوا ئایینەکانیانەوە.

## **عیبری** Hebrow

**عیبر- پەرینەوە- بڕینو شەفکردنی ئاو، بیوچان بێوەستان، هەر لەوێ پەرەیانسەندو زۆربوون. ئور- شار- پایتەختی سۆمەر- شاهەنشاهێتی ئارامی- ٢ چۆمان- میسوپۆتامیا** Mezopotamya- **شەپولی ئارامی- بەناوەوە بووە.**

**عیبرانی- نەوەی ئیسرائیلن- ئیسرائیل نەوەی یاقوب کوری ئیسحاق کوڕی ئیبراهیمن.**

**ئیبراهیم- بە ئابرام- ئەبرحیم- اب رحیم- عیبرانی ناوبراوە.**

**عیبریو- لە ٢ پەرەی بوردی سەدەی ١٣ پ.ز چاخی رەعەمسیس ٢ لە خێزانی ١٩- لە ١٢٩٢ پ.ز- ١٢٢٥ پ.ز لە موزەخانەی لاید-** Lide- **لە هۆڵەندە.**

**زانا سایاش- وەرگێری لە زمانی میسری کۆنەوە ٢ پەیامە، نامەی یەکەمیان- کۆسەر نوسیویەتی وەلامی سەرۆك بكنقناحە- دەرئەنجامدانی کاروخۆراکی داوە عیبری، ئەوانەی کە پەریونەتەوە. لە بەرد کێشانی ساختمانو بینای شا رەعەمسیس مریمانان.**

**دووەم نامە- کینا نووسیویەتی بۆ سەرۆك کیچانا، فەرمانی بە ئەنجام گەیاندوە، لە ئاکاری عیبرییەکان بەرد کێشان بۆ پەیکەری خۆر لە باشوری منف. عیبریو- نەوەی ئیسرائیلن لە میسر، پەرەیانسەندوە، ئەمەیە ناوی عیبری-** Hebrow.

**نامەکەیتر- لە تەل ئەرمانە- پایتەختی فیرعەونەکان لە باشوری قاهیرە بە ٥٠٠کم، نامەیەکی خشتی سوورەوە کراوە بە زمانی کە ئەو شارە- ئەتون- خێڵی دەشتەکی- رەوەند- خابیر- خبر- خەبەر- چاخی ئەخناتون، شاهی خێزانی ١٨- لە ١٤٠٠-١٣٨٠ پ.ز، نێوانی تەعبیر- خابیر- عابیر- لە مێژووی میسردا بزاڤی هیکسۆس- هەڤسۆز- شوانکارە- شکستیان نەوەی ئیسرائیل لە میسر، دەرچوون، بە رابەریو پێشەوایی پەیامبەر موسا د.خ. ئەوانەش کەمانەوە، لە میسر، پێیانوتراوە- عیبرانی.**

**ئیبراهیم- خێڵەکەی لە رەچەڵەکی خابیر- عابیرە لە یەکەم خانەوە لە ٢ چۆمانەوە- میزوپۆتامیاوە بۆ فەلەستین.**

**هاتنی ئیبراهیم- لە شاری شەکیم- نابلس- گوزەرگەی یحبرون- شاری خەلیل، روونەو ئاشکرایە.**

هۆری هۆرییەکان- نەوەی ئیسو کوڕی ئیسحاقن لە زەوی ئادوم- باشوری خۆراوای ئوردون.

کۆ ڕەوی ئیسرائیل- لە میسرەوە- سەدەی ١٣ پ.ز، دوای فەرمانڕەوایی ڕەعەمسیس ٢ – بە سوخرەو بێگار گیراون بۆ پڕۆژەکانیان.

لە پەڕەی بوردی- بە قۆناخ- بۆ سینا، روونکراوەتەوە دەرچوونی لاوی بە پیتی روونووسی پروتستانیو سیفری کەحبار- بە ناونانی کاتولیکی- ٤٩ لاپەرە ٢٧ پەرەگراف- دەرکەوتووە.

**چاوگ**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط- العدد ٦٨٢- ١٩٩٧/٧/٣١.

تاريخ بني اسرائيل من اسفارهم.

محمد عزة دروزه ١٣٨٩هـ -١٩٦٩م

المكتبة العصرية- صيدا- بيروت.

## زمانی بەراورد

### توێژینەوە- زمانناسی

زمان- ڕووداوێکی کۆمەلایەتییە، لە درێژایی مێژوودا پەیدابووە.

زمان- بۆشاییەکی فراوانی داگیرکردووە لە ژیانی گشتیدا[1].

زمان- دینەمۆیەکە، خاوەنی ڕووداو و سەلماندنە، واتاکانی سەرکەوتووە، شێوەی پەیوەند بەراڤەی وشەکانەوە، ڕەگوریشەی وەستاوی، قەوارەو بوونی میللەتە، دەگۆڕێت بە پێی نموونەی کەلتورو ڕۆشبیریو بلاوی هاتوو چۆی نێوانی مرۆڤ، گرینگیو بایەخی خۆی هەیە، دەرکەوتووە، بە پێوڕادەی گەشە سەندنی هەستی نەتەوایەتی، تەك لە لای میللەتە مەزنە سەربەخۆکان، بەلکو لە نیشتمانە گچکەکانیشدا ئەمە بە پێی پەسندی ڕیتشارد ولف[2].

زمان- کۆگاو گەنجینەو دەفری بیرو هزرو هۆشە ڕووداوی ڕاستەوخۆی بیرۆکەیە، دیاردەیەکی کۆمەلایەتییە، بە کار هێنراوە.

ناوەندو ئامێری هۆی کەسانە، لە نێوانی خۆیاندا، لە گۆڕینەوەی بیروڕادا، لە سەوداو مامەڵەدا لە دێرەوە، لە مێژەوە تاکو هەنوکەو، یەك زمانە بۆ کۆمەلگەیەکی بەشداریو هاوبەشی نێوانی ئەندامانی.

یاسای زانستی ڕێزمان و لکەکانی، لە بنەرەتدا بۆ وشەکان زەمینەو کرۆکو پایەگاو بنەمای پەسندی چەشنەکانیەتی هیچ زمانێ لە سەر لە ناوچوونی زمانێکی تر، پێشرەوتی وەرناگرێت و زمانێکی نوێ پەیدا ببێت.

بەلکو لە ڕێگەی تەواوکردنی توخمە بنەرەتیەکانی زمانە وەستاوەکەو بەر بلاوی گۆڕانکاری لە زمانە کۆنەکەدا بۆ زمانە نوێیەکە، لە بارودۆخی چۆنیەتی هەر دوو کیاندا، نەك لە ڕێی لە ناوبردنی زمانە کۆنەکەوە بەلکو لە پەسمەندەکردنی توخمە چۆنیەتیەکان کە دێنە کایەوەو کەلەکە دەبن لە سەرێك بە شێنەییو لە دواییدا بەکاری کورتەو پوختە بوونی توخمە چۆنیەتیە کۆنەکان، جۆش دەخوات.

زمان- پەسندەییەکی هاوبەشی هەموو ڕووالەتە کۆمەلایەتیەکانە، بە ژێر خانو سەرخانەوە- لە ڕاژە کردنی تەواوی کۆمەلگەدا.

بیرو هزرو هۆش- هەرگیز، لە زمان جودا ناکرێتەوە بوونیشی نییە بەبێ ماتەری زمانو دوور لە ماتەری سروشتی زمان.

ئالودەیـیو خولـیا بـە زمانـێکەوە، لـە بوونـو بـوومەوەیە وەکـو تـوانای بەدەنـیو جەستەیی وەکو رۆیشتن و جیاوازی لە زیندەوەریتر.

**وتە**

لـە بەراییدا، لە پەروەردگارەوە، بریتی بووە لە ژیانو زیندەگیو زیندویەتی. ژیانیش تیشـکی مـرۆڤ بـووە، جیهانـی رۆشنکردۆتەوە. مرۆڤیش ئەو تیشکو رووناکییەی دیتوەو باوەری پێهێناوە و ئاگاهی بۆ داوە.

وتە- بەرجەستە بووە، بەکارو فاکتەری تێگەیشتن لە یەك، لە نێوانی مرۆڤدا[٢].

بـەڵام لێکۆڵیـنەوە، ساوا بـووە تاکو چـەرخی ١٩- سـەردەمی گـریك، بـۆ یەکـەم جـار، سـەرنجیانداوەتە بێخـیو یاسـای بـنەرەتو رژێمـی بوومی، بە زانیاری نوێ، ئەم کەلەپورە گـریگییە- رەچـاوکراوە، تەنانـەت هیرۆتـس، دەریخسـتووە کـە یەکـی لە شاهەکانی میسر- بسامیتخوس- ویستویەتی بزانی، یەکەم گەلی رووی زەمین، کامەیە؟

بە کام زمان دواوە؟

لەبـەر ئەوە- ٢ کۆرپەی ساوای نوێزای، هێناوەو خستویەتیە ژێر چاودێرییەوە، تاکو گوێیان لە یەکەم وتەو دەربرینیان بێت.

هەردووکـیان بەیـەك وشـە زمانـیان پـژاوە وتوویانە بیکوس- Becos- بەزاری فریجی واتـە- هەبـەز. ئـیفلاتون- لە ٤٢٧-٤٤٧ پ.ز، لە نامەی- Dialogue- لە باسی بنەرەتی وشەو تێـروانینی نـاو، بەناونـراوەکەوە ئایـا ئەمـە بـە پەیـوەندی سروشـتی رووداوەکەیـە، کـە ناتوانـی ئـەو لـێکدراوەیە لـە سروشـتی راژەکـە جـودا بکاتـەوە، یاخود پەیوەندییەکە کە کـۆمەڵگە چەسپاندویەتی ئەم نامەیەی ئیفلاتون پوختەی کێشەی چەرخێکی تەواوە لە نێوانی باوەری، Analogist کە سوورن لە سەر ئەوەی، زمان- بوونێکی سروشتیە، بێوەرو کێشـە لـە بێخوینجی پەیـدا بوونـیدا بـروای Anamalist ئەوانـەی لاریـیان، لەمـە هەیە، وێنەیان هێناوەتەوە بۆ دارشتنو لادانو وەرگێران.

خاوەنـی بـاوەری یەکـەم، باسـەکەیان بـردۆتەوە بـۆ هەڵگێرانـەوەو وەرگـرتن بـە وردکـردنەوە کـە رۆژگـار گوڕرانـی رێزمانـی بـە سـەردا تێپەڕ کردبێت، کە لێکۆڵینەوەی نـوی چـاری ئـەم وردەکاریـیەی لـە گـۆڕاندا کـردووە، تاکـو هەنـوکە کلـیلە زۆر گـرفتی پێشینیانی پێکراوەتەوە.

گریگ- تەنها بایەخیان بە زمانی خۆیانداوە، بە ئاوینەی رژیمو یاسای جیهانی لە ڕازاوەترین شێوەدا، داناوە. لەم تێروانینەوە، ڕێزمانی فەلسەفەی گشتی پەیدا بوو نەك لەسەر بنچینەی زمانێکی دیاردە کە گریکییە.

بەم جۆرە- پەیبراوە بە بەشەکانی وشەو دارشتنی پێوەری و گێرانەوە بۆ دوگوزارە- مسند و مسند الیە - شیکردنەوەو کاریگەری لە تاکو رستەدا و جیاوازی- لە نێوانی نێرو مێ، دووپات، فەرمانو خوازو لاری- ئەریونەری.

ئەمانە لە فەلسەفەی دایونیسیوس تراکسدا Dionysus Thrax.

لە باسەکانی ئەپولەنیس دایسکولسدا- Apollonious Daycolus لە چیرۆکی ئەلیادە و ئودیسەدا، ناوبانگی سەند بە جێژی زمانی کۆن- بە لێکولێنەوەی تایبەتی دەقەکانی ئەمەش بە لێکولێنەوەی رەخنەیی ئەسترخس ٢١٦-١٤٤ پ.ز- خستیە روو Aristrchus. بەراوردیو هاوتەریبی و بەرانبەری لەسەر زاراوەکانیتری گریکیدا کراوە.

لە زماناسانیان- هیرودین، ئەپوڵونیوس، دایسکولیس لە کاری شیکردنەوەو ئەکسینت-Accent- لە زمانی گریکیدا- لە کۆندا، باسکراوە.

دوای گریك، خۆراوایییەکان، هیچیان نەخستەسەر شێواز و ڕێزمانی گریك، تاکو چەرخی ١٨. ئەوسا زانایان- کەوتنە گومانەوە، کە چۆن زمان پەیدابووە؟.

لە بووندا، بەخششیکی یەزدانیو خەلاتی پەروەردگارە؟. لەمەوە بیرکرایەوە، تیوری هەمەجۆرە پەیدابووە.

رومانی- شوێنی گریك کەوتن لە دانانی زمانی لاتینیدا ٢ نوسسراویان دانا، دوناتس- Donatus لە چەرخی ٤ز، دووەمیان بریسکیان- Briscian لە چەرخی ٦ ز.

ئەم ٢ نووسراوە- پایەگابوون تاکو چەرخەکانی ناوەند، لاتینی- گۆررانی بەسەرداهات. زمانی فەرەنسی و ئیتالی و ئیسپانی کەوتنەبرەو پێیان دەوترا- زمانی رۆمانیان.

لاتینی کلاسیك- Romace Languges سەردەمێك مایەوە- ڕێزمانی جیهانی گشتی برەوی سەند، لاتینیش، بەهەموو زمانەکانییەوە، دارێژرا بەڕیبازگەیەکی دایلیکتیکی سەردەم- لە نێوانی چەرخی ١٧ زانایان پەیرەوییانکردو لاتینی بوو بە زمانی پەتیو پاراو، زمانی سەردەمو هاوچەرخ- ستاندەرد- لە ئەوروپادا- Standerd.

دوای ئەوە- عەرەبیو عیبری- پەیدابوو، گەڕیدەکان- توخمو رەگەزەکانی زمانیان بە هۆی گەشتو گوزارەکانیانەوە، دەبرد بۆ هەموو لایەك مزگێنی دەران- نووسراوی ئایینیان وەردەگێرا بۆ ولاتە دۆزراوەکان.

مـژدەدەرە ئیسـپانییەکان- دەست پێشکەرییانکرد بەڵام کەم تێبینی و نەشارەزایی لە زمانـدا، خامـە لـە تەنگیو کەمـو کـووری لـە وەرگێرانەکانـیاندا دەردەکـەوت. بازرگانـیو هاتوچـۆ- فـراوانبوو، گواسـتنەوە ئاسـانیبوو پێداویسـتی بـە نووسینو رێزمانو فەرهەنگ بایەخـی سـەند بـە فەرمانـی کاتـرینی ٢- شـاژنی روسـیای قەیسەری ١٧٨٦- کۆمەڵەواژەیە دانـرا- ٢٨٥ وشە بوو، بۆ ٢٠٠ زمانی ئەوروپا و ئاسیا، ٨٠ زمانیتری خرایە سەر لە زمانان ئەفریکاو ئەمریکا.

لـە ١٨٠٦-١٨١٧، نووسـراوێك دەرچـوو لە ٤ بەرگدا بە ٥٠٠ وەرگێران- دەربارەی نوێژانی مەسیح.

ت.س- ئـــیدلونگ Lord Pray ) T.C- Adelong)، لـــە ســـەردەمی راپەریـــندا لێکۆڵەرەوەکان، لە زمانەکەی خۆیان ورد دەبوونەوە وەکو فرانسیسکوس جونیوس ١٥٨٩-١٦٧٧، تەلاشـیکرد، لـە دەقەکانـی ئینگلیـزی کـۆندا- Franciscus Guneus هەنـدێك دەقـی خێزانی زمانەکەی کەهۆڵەندیو جیرمانیو کۆتکی Cothic ئەسکەندیناڤی.

زمانـی کۆتیکـی مـردوو، کـە ئیمـرو نازانـرێت، لە بەشەکانی ئینجیلدا لە چەرخی ٦- دەرکەوتـووە کە بەروونووسی سلڤر کۆداکس ناسراوە- Silver Codax. جۆنیوس لە تەك دەقـی ئەنگلوسەکسـونیدا- بلاویکـردەوە. جـورج هـیکس لـە ١٨٤٢- ١٧١٥، ئـەم کۆششـەی پەسند کرد.

لەسـەر ئەمـە رێزمانـی بـۆ کوتکیو ئەنگلوسەکسونی دانا، زانایانی ئارەب- وەك حافز جەلالـەدین، ئەبـدورەحمان سـیتی شـافیعی- نووسـراوی- بقـیة الوعاة في طبقات اللغويين والـنحاة لە ساڵی ١٣٢٦ك- لە چاپخانەی سەعادە لە میسر، چاپکرا، هەروەها معجم الادباء ووفـيات الاعـيان وابناء الرواة على ابناء النحلة و هیتر، هەندری لەسەر پوختی و پاراوی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز- دوای ئیسلام.

ئەبـو ئەسـوەدی دوەلـی- رێزمانـی ئارەبـی دانـا، لـە پەیکـەری کـردارو نیهادو گوزارە، دواوە. زانایانی دوای ئەم، لەسەری رۆیشتن وەکو ئەبنەسە کوڕی میعدان ئەلەهدی.

بـەڵام کـۆمەڵگە دژی عەتبەسـە وەسـتان وەکـو میمونـی ئەفـرەت، لـە سالانی سەدەی کۆچـیدا، دوای ئـەم یەحـیا کـوڕی یەعمـوری بەسـری و شـاگردەکەی- ئەبـدولا کـوڕی ئیسحاق حەزرەمی بەسری.

دەسـتەی ٢ هاتـنە گـۆری لـە ١١٧ ك - ئەبـو ئـومەر کـوڕی ئـەلای مـازینی تەمیمـی، سـەرکردەیانبوو، کەلەسـەر دەسـتی یەحـیای کـوڕی یەعمـور و نەسـری کـوڕی عاسـم، زانیارییان وەرگرت.

خەلـیل ئەحمـەد فەراهـیدی و یـونس کـوڕی حەبـیب بەسـری ئەمانـە، لـە ئەبـی ئومەرەوە، بەهرەیان وەرگرت.

ئەبـو محەمـەد زیـدی و مـەعاز کوری موسـلم هـەراء و عیسا کوڕی ئومە سـەقەفی. ئەمـەی دواییان هاتە بەسرە، ڕێزمانی لە ئەبدولا ئیسحاق وەرگرت، لە مەوە دەستەی ٢- پەیدابـوو بـە سـەرۆکایەتی یـونس حەبـیبی بەسـری و خەلـیل ئەحمـەد فەراهـیدی کـە داثیرەی- بازنەی- عەروزی داناوە، لەوانیشەوە ئەحمەس و عەلی هەمزە کەسائی و ئەبی زەکریا فراو، هەڵکەوتن.

یـونس لـە چـەرخی هارونە رەشیدا کۆچیکردوە ١٨٣ك، سیبەوەی- شاگردی خەلیلە ٢ سەرکردەی دەستەی ٤ نووسراوی لە ڕێزماندا هەیە.

بـەرای نووسـەری ئەمدێـرانە- سـیبەوەی- یەکـەم کەسـە ڕێزمانـی ئارەبـی داناوە، کە خۆشی ئارەب نییە.

سەردەمی خەلیل، لە کوفە دەستەیەکیتر- پەیدابوون وەکو- رواسی، لە مەوە کەسائی و شاگردەکانی، فراء پەیدابوون.

کەسائی لە نووسراوەکانی سیبەوەی کوڵیوەتەوەو بەر پێچی داوەتەوە. ئەمە بوو بە هـۆی جـیاوازی نێوانـی کوفـیو بەسـری ئەم ٢ فێرگەیە- خوێندنگەیە- لە ڕێزماندا واتە، ئــەم دوو خۆیــندنگەیە، هەنــدێ دەســنیاوی لێکۆڵیــنەوەی کەلەپــوری ئەوروپایــی، بەســەرەوەیە، چـونکی ئایـینی برەهمـی- کـۆمەڵە سـرروودە ئایینـیە کـۆنە پیرۆزەکانـی، رەچاوگرتووە، کۆنەکەیان ریکفیدایە- Rig-Vida دەگەرێتەوەبۆ چەرخی ١٨ پ.ز.

زانـا لایەنگرەکانـی پتر بایەخیان بە هەرە کۆنەکانداوە، لە رووی راڤەی واژەو بیژەو تێگەیشتنو لێکدانەوە بە دروستترین شێوە.

زمانناسـان- لـە سـنووری باسـەکانەوە، چـوونەتە نـاو زمانـی وتـوویژو گفـتوگۆی زیـندووەوە، لـە چـینەباڵاکان کـە زمانـی سانسـگریتییە، بـەر لـە دەرکـەوتنی نامـیلکەی بـانین- لـە ڕێزمانـی سانسـگریتیدا ٣٥٠-٢٥٠ پ.ز، ئەمــە شـوێنەواری نەمـری چـالاکی بیروهـزری مـرۆڤە، لـە سـەربخو شـیکردنەوەو پەیداکردنـی وشـەو وردکـردنەوەی وێرای تێبینی و شارەزایی نووسەر.

تەنانـەت، هـیچ زمانێکـی مـرۆڤیتر ئـەو سـامانەی نەبـووە لـە باسـی قووڵـو وردیـو وێنەگرتنیو ڕووداویدا.

لەمــەوە سانســگریتی[٤]، بــە درێژایــی چــەرخ، پیرۆزییەكــی وەرگــرت، بــوو بەزمانــی وێژەیو میری.

براهمای هیندییەكان وەكو لاتینی لە سەدەكانی ناوەندا، زمانی ئایینیو زانیاریبوو.

ئــەوروپا لــە ســەدەی ١٧-١٨ ، زانیاریــیان لــە سانســگریتیو هیندیــیەوە، وەرگــرتووە، بەهــۆی مــژدە دەرانــەوە بــە تایبەتــی ئــەو ئینگلیــزانەی كەلــە خاكــی هیــندا زۆرتــر ئاگاهیــیانداوە، لەم رووەوە، تاكو سانسگریتی بوو بە بەشێك لە زانیاری زاناكانی سەدەی ١٩.

زانایانـــی ئـــەوروپا، سەرســـامبوون، لـــەوردەكاری لێكوڵیـــنەوەی هیندیـــیەكان، لـــە زمانەكەیانـدا، لـە رەچـاو گیریـو سەرنجدا، نەك لایەنی گشتیو دیدی- تیوری وێرای ئەوە سانسگریتی، رێـژەی نێوانـی زمانـە دوورەكانـو بەراوردكردنـی گروپـی زمانەكانیتریشی دەرخست بێگومان- هیند، لە رووی دوورییەوە لە ئەوروپا كەلەپوری كۆنی زمانی خۆی پاراستووە، هەرچەندە كە هیندی لە خێزانی زمانە ئەوروپاییەكانە، هیندوئەوروپی بۆ ئەم لەیەكچوونە- چەند وێنەیەك دەهێیننەوە لە ئینگلیزیدا.

مادەر- Mother ، برادەر Brather

جەرمانی- مادەر- Mother

لاتینیو رومانی- ماتەر- Mata

گریك- ماتەرام - Mataram

روسیو سلاڤی- ماتە- Mata- لە راكێشدا- Matari

لە ئینگلیزیدا- دوو- Tow

لاتینی- دوو- Duo.

فەرەنسی- دوو- Duo

گریكی- دوو- Duo

سانسگریتی- دوو- Douu

روسیو خێزانی- دوو- Dua

كوردی- دوو- Du

لــە ئینگلیــزیدا- ســێ- Three، بەلاتــینی Tris، گریكــی Tries، سانســگریتی Traya، رووسی Tri، فەرەنسی تروا.

لـە ئینگلیزیدا- كرداری یارمەتدەر is، لە جەرمانی ist، لە لاتینی est، لە گریكی esti ، لە سانسگریتی Asti، لە رووسی yest.

لـه پێشـدا وا دەزانـرا- كـە زمانـە ئەوروپاییـەكان لـە سانسگریتیەوە وەرگیراوە، وەكو دەركەوتـووە، سانسـگریتیو لاتینیو، ئەوروپایی، وێنەی هەمە چەشنەن لە زمانێكی تری پێش مێژوو.

یەكـەم كـەس ئـەم راسـتییەی زانـیوە- ولـیم جونسـە ١٧٤٦-١٧٩٤ز. یەكـەم زانـای ئەوروپاییـە، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامو ئاكامە فراوانەی سانسگریتی لە وتارەكەیدا لە ١٧٨٦ ز، پێشكەشكرد دەریـبڕی كـە سانسـگریتیو لاتیـنو گریكـی- تەبایی توندو نزیكیان هەیە، لەتەك چاوگی كۆنی زمانە نەماوەكان كە كوتكی و كلتییە Celtic — Cothic.

لێكۆڵیـــنەوەی مێژوویـــی بـــەراوردی زمانـــە ئەوروپیـــیەكان[٥] باسـێكی گـرینگو بایەخـداری زانیاریـیە لـە سـەدەی ١٩ دەركەتـووە، كـە زمانـە ئاریـیەكانو زاراوەكانـی پەیوەسـتەگیو پابەنـدی تـوندو تۆڵی هەیە بە سانسگریتیەوە هەروەها زمانی بالتیكی و سلاڤی لە لایەكەوەو زمانی سانسگریتی لە لایەكی ترەوە.

بـە راسـتی- جۆنس، دەریخستووە كە زمانی جرمانی- گرمانی پەیوەندییەكی تەواوی هەیـە بـە لاتینـیو گریكیو سانسگریتیەوە هەر وەكو زمانی ئەرمەنی و ئەلبانی دوو لكن لە درەختی ئەوروپی، هەروەها زمانی كوردی ئاری نەژاد.

**پوختە**

زمـان- بـەبیروڕای هەمـوو هزرڤانان- یەكێكە لە دەركەوتووترین و زەقترین رەگەزی، كەنەتەوایەتی و میللەتی جیاوازی لێپەیدا دەبێت. هەندێكیان دەڵێن:

ئەگـەر یەكـەم هـۆكارو رەگـەزی یەكـەم نەبـێت، رەگـەزی بـنەرەتو بناخەیـیو بنچینەییە.

باوە - دەپرسیو دەڵی- میللەت چییە؟

لە وەلامدا- دەڵی- هیچ میللەتی بوونو بوومی نییە بەبێ زمانی هاوبەش.

شیررنچـەر دەڵـی- مـیللەت، كـۆمەڵە كەسـانێكە، بـیر دەكەنـەوە هـزرو گفـتوگۆیان، جۆرێكە.

سـتالین- سـوورە لـە سـەر ئـەوە، كـە كۆمەڵێكـی نەتەوەیـی بـە هـیچ رەنگـی ئـەو بۆچوونەی نابـێت، كـە پێـی بێـتە ئـاراوە واتـە مەیدانـەوە و پێـی بوتری میللەتە بەبێ زمانی هاوبەش بەم پێیە كە بەرهەمی رێژگەیەكی گشتی مێژوویی كۆمەڵگەیەو بنیادی ژێرخانـی چـەندەها سـەدەیە، كوششـی سـەدان نـەوەو نـیژەیە، بەرهەمی زنجیرەیەكە لە چەرخو چاخو سەردەم، لەو ماوەیەدا شێوەو كەسمی وەرگرتووەو گۆڕراوەو سواوە.

هـەر وەكـو سـتالین دەڵـی- نەبـە بنـیادی ژێـرخانو سـەرخانە هاوسـەنگ دەكـرێ و لەوانیش، زۆرتر دەژی[٧].

زمانـی کـوردی- بـەر لـە ئیسلام ، سـوورێکی تایبەتـی هەبـووە لـە پـێکهاتنی شـێوەو کەسمی نەتەوەیی، رەگەزو هۆکاری پاراستنی بووە.

جـۆرو گروپەکانــی مــەردوم- ئادەمــزاد- لــە ســەدە دێــرینەکاندا بەدابەشــکردنی کـۆمەڵگەی خەڵکـەوە بـۆ- یۆنانـیو رۆمانـیو فارسـیو هیـندیو چـینی و ئارەبـو کـوردو تـورك...هتد.. ئـەم بەشـکردنە بـە پێـی جیاوازی زمانـی نێو ئەم کۆمەڵگایانە بووە، لە سنووری جوگرافیایی دیاردە کراودا.

کەواتە- پێیان دەگوتری هەرێمو دەڤەری زمانی لە گشتییەوە بۆ تایبەتی.

سـنووری زمانـە سامییەکان، هیـندو ئەوروپـی، زمانـی تورکـی، مەنگولـی، ئەفریکای رەش، دەڤەری زمانی ڤیپتی، هەرێمی زمانی بەربەر، هەرێمی زمانی کوردی.

**زمان**

رووالەتێکی کۆمەلایەتیـیە، گۆرانکاری بەسـەردا هاتووە، بە پێی بارو دۆخو ئاو باو کەشـو هەلـو مەرجـی کۆمەلایەتـی و رۆشـنبیری و داگیرکـردنو جەنگـو سـەرکەوتنو ژێـرکەوتن و کـاری خێلایەتـیو تـێکەڵاویو بازرگانـیو گەلێکـی تـر زمانـی وێژەیـی و کەنیسـەیی- ئایـینی و پەیـوەندی نێوانـیان رەگـەزو هۆکاریـو کاریگەریـو، ئەمانـە هـەر هەمـوو لێکۆڵیـنەوەی تایبەتـی گەرەکـە، بـە تایبەتـی نووسـراوی ئایـینی پـیرۆز و وتـەی پێشینیان و وێژەی نەنووسراو فولکلورو کەلەپور و ژیانی خێڵەکیو شارە پیرۆزەکان وکو شــاری مەککــەی پــیرۆز و کاریگــەری لــە یەکگــرتنی زمانــی ئارەبــیدا، بازرگانــیش، پایتەخـتەکان کـە وەکو پاڵێوگەیەکـی مـەزن بـۆ زاراوی هاتوو، زمانی لەیەك گەیشتن و سەوداو مامەلەو تێکەلاوی.

چونکە زمـان- کەنارەگیرنیـیە، بەڵکو دابەشکەری هاوبەشە لەسەر زەمینەیەك، ئەو پرسە تێکەڵە مەزنە، بە پوختی تەواو دەبێت، لە ئەنجامی کرداری تاقیگەکەدا.

**چاوگو پەراوێز**

١- گۆڤاری- المعلم الجدید- مجلد ٣٩ — بەرگی٢- ١٩٧٨

وائل بهجت سلیمان- ل ٧٣،٧٢،٧١،٧٠،٦٩،٦٨ سوودم لێوەگرتووە.

٢- زمانو هونەری وەرگێران. کەریم زەند.

٣- زمانو هونەری وەگێران، کەریم زەند.

٤- توفیق وەهبی، زماناسی و نووسینەکانی.

٥- وێژەی بەراورد.

١٨٣٢- لە فەرەنسە، سەریهەڵداو گەشەیکرد.

بەراورد- رووکردنە ئەدەبو وێژەی نەتەوەیەکتیرە،

بە مەرجی-

A - مێراتی خۆی بپارێزێت.

B - یاساو رێزمانی، نەتەوەکە بپارێزێت.

C-سوود لە چاوگە بیانیەکان وەربگرێت.

لە فەرەنسە، بەراوردی مێژوویيە، دوورە لە جیهانی ئابوری، بەرەو وێژەی ئەوروپییە، رووی نەکردۆتە نەتەوەکانی خاوەر.

رێبازەکانی-

A - ئەمریکو ئەوروپی.

B - سوڤیەتی- رووسی- زانیستو پەیوەندی دەکۆڵێتەوە.

بۆ ئەمە پێویستە، شارەزایی مێژوویی لە هەر دوو نەتەوەکە و زانینی زمانی هەر دوولا، سوود لە چاوگی بیانی.

٦- گۆڤاری لێکوڵینەوەی ئارەبی- ژمارە ١٢ ساڵی ١٥، ت١ ئوکتوبەر- ١٩٧٩- بیروت.

٧- وتاری ستالین لە کۆنگرەی ١٤- پارتی کۆمونستی سۆڤیەتی کەوتی.

گەرەکە- دەرفەتی لە بار برەخسینرێت بۆ پەرەسەندنی کەلتوری نەتەوەییو گەشەکردنی، بە مەبەستی دەرکەوتنی تواناو ناوەکییەکانی. ئەمە وەکو سەرەتا زۆر پەسەند بوو.

بەڵام بەشی دووەمی ئاخافتنەکەی وتی:

دەبێت، هەموو هەلومەرجێك بێتە ئاراوە بۆ هەموو یەکبوونو یەکیەتی کەلتوری نەتەوەیی لە یەك کەلتوری ناو کۆ و هاوبەشدا، بەتاکە زمانێکی هاوبەش.

بەشـی دووەمـی وتەکـەی بـوو بەبەڵگـە و پەڵـپو بەهانـەو بـیانوو بەدەسـت دەزگـا رامیاریــیەکانەوە، بــۆ ئــەوەی کــە هەمــوو بــنکە کەڵتورییەکانــی کــوردی، بتوێــتەوەو بســـڕێتەوە، فێـــرگە کوردیـــیەکان دا بخـــرێن و راپێچـــو راگوێـــزانو چەوســـاندنەوە و سـڕینەوەی ژیاریـو کەڵتوری کـوردی، دەسـتپیکرد، کـۆمارە سـاواکەی کوردسـتان باکوری خـاوەر- کراسـنی کوردستان- کوردستانی سوور- کە پایتەختەکەی- لاچین- لاتشنسکی بوو ١٩٢٣، دامەزرابوو، لە بێشکەو لانکەدا، زۆر بەزوویی خنکاز گۆرکرا وەکو هەڵم بابردی.

## بارزانی

**عەبدوسەلامی بارزانی کوڕی شێخ محەمەدی بارزانی ١٨٦٤- ١٩١٤.**

**بارزانییان، لە بەشی خوارووی دەڤەری زێبار، نیشتەجین، زەوی شاخاوی سەخت، لە باکوری کوردستانی باشوورەوە.**

**زێبار**

**واتە- ڕۆباری زێی گەورە- مەزن- سەروو- باکور، خێڵی زێبار- هەردەم لەم دەڤەرەدان.**

**بارزان**

**ناوی باپیریانە- واتە هەڵگری مافوراستی- لە پارسان دەرویشان، برازان- برای زانا- لە مانەوە هاتووە.**

**بارزانی- تیرەیەکی مەزنن- لە بنەرەتو بنچینەوە دەچنەوە سەر تیرەو هۆزانی هەکاری. گەڵی بەشن.**

**شیروانی، مزوری، دۆڵەمەڕی، بەڕۆژی، هەرکی، بەڕۆژی- بەڕۆژوان- شێخەکان- شێخان لەنەوەی شێخ تاجەدین نەخشبەندی خالیدی- مەولانا خالید لە نەوەکانی- شێخ ئەبدو سەلام و براکانی شێخ ئەبدورەحمان شێخ ئەبدورەحیم.**

**شێخ ئەبدوسەلامی کورەزای- ڕێبازی نەخشبەندی لە شێخ خالید نەخشبەندی، وەرگرتووە، لە ڕێی شێخانی شەمزینانەوە، شێخ خالید زیائەدین، بەرزترین زاناو ڕێی پیشاندەرانبووە- لە خێڵی میکایەڵی- کە تیرەیەکی خێڵی گەورەی جافە.**

**چۆتە هیندستان- ڕێبازی نەخشی لە شێخ ئەبدولای دەهلەوەری نەخشبەندی، وەرگرتووە، گەراوەتەوە بۆ کوردستان لە ئوستانی سلیمانی، بلاوی کردۆنەوە.**

**لە بەغداد- چەرخی داود پاشا ئوستاندار- والی- خانەقاو تەکیەی بۆ دروستکردووە، لە سەرکەناری ڕۆباری دەچڵە هەموو کوردستان گەڕاوە، چۆتە قودس، شام- لە وێ گیانی پیرۆزی بەخاك سپاردووە- ئارامگە و خەوابگەکەی لە گەرەکی سالحییەی شامە.**

**کاتی تێپەڕبوونی مەولانا شێخ خالید- بە بارزاندا، شێخ ئەبدوسەلام، ڕێبازی نەخشبەندی لێوەرگرتووە.**

دوای شـێخ ئەبدوسـەلام، شـێخ محەمـەدی کـوڕی، لەسـەر ڕێـو شـوێنو ڕێـبازی ئـەو دەروات، دوای کۆچکردنی شێخ محەمەدی کوڕی جێگریبووە.

شێخ ئەبدوسـەلامی٢، شـێخ ئەحمـەد- خودانـی بـارزان، شـێخ سـدیق، بارزانی نەمر- مستەفا ژەنراڵ- شێخ محەمەد شێخ بابو.

له کوڕانی شێخ ئەبدوسەلام — شێخ سلیمان، شێخ ئیبراهیم، شێخ ئیسماعیل.

لـە کوڕانـی خودانـی بـارزان- شـێخ ئەحمەد- شێخ محەمەد خالید، شێخ جەمال شێخ ئوسمان، شێخ نەزیر، شێخ ئەدهەم.

له کوڕانی شێخ محەمەد سدیق- شێخ ئەبدولا، شێخ ئەلی، شێخ نوری.

لـە کوڕانـی سـەرۆك بارزانـی نەمـر- مسـتەفا- شـێخ ئـوبەدیلا، شـێخ لـوقمان، شـێخ ئیدریس، شێخ سابیر، کاکە مەسعود بارزانی.

له کوڕانی شێخ محەمەد- بابۆ- شێخ سادق، شەفیع، ئەیوب.

لـە کوڕانی برای ئەبدوسەلامی یەکەم- شێخ ئەبدورەحمان، شێخ ئەبدورەحیم، کوڕو نەوەی ماوە- یوسف کوڕی سەعید کوڕی ئەبدورەحیمە.

ئاغایانـی زیـبار- نەیاندەویسـت کـە دەسـتەڵاتی شـێخانی بـارزان لـە دەڤەرەکەیانـدا بلاوببێـتەوە، بەرگرییان لێکـراوە. جەنگو کوشتار، پەیدابووە، له نێوانیاندا، له ئاکامدا، بارزانیەکان سەرکەوتوو بوون.

بەڵام ئاغایانی زێباری، کولێیان نەداوە، بەپشتگیری دەستەلاتی ئوسمانیو پروپاگندە- توانـیویانە، نـاوی یاخـیگەریتی بدەنـە پـاڵ بارزانیـیان، بـە بـیانووی ئـەوە، کـە شـێخ ئەبدوسەلام، دەیەوێ لەتەك رووسیا هاوکاری بکاتو پەنای بۆ بەرێت.

ئەمـە بـوو بە هۆی نیگەرانیو راکردنی سەفوەت بەگی قایمقامی سەربازی کە تاوانی مەحمـود شـەوکەت پاشـای سـەرەك وەزیرانـی درابـووە پـاڵ پـەنای بـردوبووە بـەر شـێخ ئەبدوسـەلام- نەیدایـە دەسـتەوە چـونکە، خـاوەن بـەختن و پەناگەن، خاوەنی ئاگردانن، چـاوگی ئـاوی شـیرین بـوون- مەردمـو مەلومـوور لێیان گرد دەبنەوە، وەکو شێخی نەمر- شا مەحمودی کورد.

ئوسمانیـیەکان، داوای سـەفوەت بەگـیان دەکـرد، لەو کاتەدا کۆمەڵەی یەکیتو بەرزی- الاتحـاد والترقي- لـە ئەسـتانە، توانیـیان سـوڵتان ئەبدولحەمـید، لابەرن و دەستوور بلاو بکەونەوە.

ساڵی ١٩٠٨- براکەی سوڵتان رەشادی ٥ ، خرایە شوێنی.

دەسـتەلاتی نـوێ، دەسـتیانگرت بەسـەر کاروبـاردا، دەسـتیانکرد بـە کوشـتنو بـڕینو تۆڵەسەندن.

یەکی لەوانە- شێخ ئەبدوسەلامی بارزانی بوو، کە بەیاخی بوو دادەنرا.

محەمـەد پاشـا داغسـتانی- ئوسـتانداری مووسـڵ، هێرشـی هێـنایە سەر بارزان، شێخ ئەبدوسەلام، ناچاری هەلاتن بوو.

کاتی کەوتنی کابینەی- یەکیەتیەکان، پارتو کۆمەڵەی سەربەستی هاتنە کایەوە، نازم پاشـا کـرا بـە ئوسـتانداری بەغـداد فەرمانـی بەخشـینی گشـتی دەرکـرد بـۆ هەمـوو بارزانییەکان داوای لە دەرگای بالا- ئەستانە کرد، کە شێخ ئەبدوسەلام خەلات بکرێت.

سـەفوەت بەگیش زۆر کۆششی لـە مەداکـرد، بـەڵام کـار وەرگـەڕا، نازم پاشا کوژرا و پیاوانـی یەکیەتـی گەڕانەوە سەر کار، نەزیف پاشا کرا بە ئوستانی مووسڵ، کەلایەنگری خـۆیان بـوو، هەر چەندە کوردیش بوو، بەڵام راکردنو هەلاتنی سەفوەت بەگی قایمقامی کـرد بـە بـیانو بـۆ هێـرش بـردنە سـەر بـارزان، داوای سـەفوەت بەگیان دەکـرد لـە شێخ ئەبدوسەلام یاخود هاتنی خۆی بۆ مووسڵ.

پیشەو نەریتی کوردایەتی، کاری نارەوا ناکا- پەنا بەرو هەلاتو نادات بە دەستەوە. شێخ ئەبدوسەلام، ئەم کارە نارەوایەناکات.

بـە ناچـاری بارزانیـیەکان چـوون بـۆ کوردسـتانی خـاوەر- دەڤـەری ئورومـیە، کـات بەهاربـوو، شـێخ ئەبدوسـەلام بـوو بـە میوانـی سـەید تـەها شـێخ سـدیق شـەمزینانی لە گونـدی نەهـری، ٥ مانگ مانەوە، دوایی چوونە گوندی چار بۆ لای سمکۆی قارەمان، زۆر رێـزیان لـێگیراوە، لـە پاشـا گەڕاوەتـەوە بـۆ گوندی نەهـری- لـە رێگـە بـە فـێل پیاوانـی دەرویـش ئەبـدولا، زۆرلێـی دەپارێـنەوە کـە لابداتو میوانداری بکەن، دەڵێن کە دەرویش ئەبـدولا سـوێندی خواردووە کە خانووەکەی بسوتینی، ئەگەر شێخ ئەبدوسەلام لانەداتە لایان، نە بێتە میوانیان.

ئـەویش بـە دلپاکـی شـوێنیانکەوت بـۆ گوندی دەرویـش ئەبـدولا لـە پـڕ گـەمارو و ئابڵـوقەیانداو پــەلاماری شــێخ ئەبدوســەلامو مرۆڤەکانــی دەدەنــو یەکــدوو یەکــیان لـێدەکوژنو دەیانگـرنو دەیانـدەنـە دەسـت نـزیکترین هێـزی ئوسمانـی، هەرچـەندە شـێخ ئەبدوسـەلام بـە خۆشـی داوایـان لـێدەکات، کـە ئـەم کـارە نـارەواو ناپەسـندە، بەڵام هیچ

سوودی نەبەخشی. کاتی سلیمان نەزیف- زانی، چوو بە پیریەوە، لە ڕێگە پێی وت، بۆچی نەهاتی؟ بەم جۆرە ناچار بویت کەبێت. شێخ ئەبدوسەلامیان هێنا و خرایە سەربازخانەی سپاوە، درا بە دادگەیەکی رووکەش، فەرمانی خنکاندنی خۆیو ٣ کەسی تر لە تەکیدا، لە سێدارە دران- ١اکانون ١٩١٤، ئەو ٣ کەسە ئەمانەبوون:

محەمەداغا هیشتی، ئەبداغا مزوری، عەلی محەمەد ئەمیناغا مزوری، کەلە هەرەتی هەرزەکاریو جەوانیدا ، لە کاتی سەرکەوتنی بۆ سەر سێدارە وتوویەتی:

بارزانی نامرن.

هەموویان لە گۆرستانی ئەلبوبەدران بەرانبەر مزگەوتی عومەر مەولا- ١اکانون ١٩١٤، شێخ ئەبدوسەلام- بالا بەرز، باریک، گەنم رەنگ، سەروسیما جوان، میزەری سپی، جبەی رەش، بە پیچی گەرماو سەرما رەنگی جبەکەی گۆریوە.

ئازا، دلێر، پارسا، لە خوداترسو خودا ناس بووە، لەتەمەنی ٥٠ساڵیدا، بەنارەوا، بەسێدارە کراوە، گەشمردەی نەمرو شامێری کوردستانە، بە ریزی جاویدانە.

گیانی بە بەهەشتی بەرین شاد بێت.


**چاوگ**

١- نووسراوی- الضحايا الثلاث- عبدالمنعم غلامي.

٢- گەشتنمای زەند- دەستنووس- کەریم زەند- سوود، وەرگیراوە.

# پاشکۆ و بەڵگەنامە

# خوێندنەوەی کتێبی (تۆماری ئەمەن) . . . سوری ژیان . . لە نووسینی گەڕیدە و جوگرافیاناس مامۆستا کەریم زەند

زانیار سەردار قرگەیی ـ سلێمانی ـ

ئەم نوسراوە کە بە ناوی تۆماری ئەمەنەوەیە (ئەرشیف)... یاداشتە.. هەگبەیە.. کەشکۆڵە ـ ئینسکلۆپیدیای زانیاری کوردەوارییە لە هەموو رووبەکەوە ـ مێژوو جوگرافیایە لە زنجیرەی چوارەمدا خۆی دەبینێتەوە لەژێر ناوی (سوری ژیان) و گێژاو... مامۆستا کەریم زەند سەرەتا پێشکەشی دەکات بە (پرۆسەی رزگاری و ئازادی و یەکخستنەوەی خانەوادەی کوردی).. ئەم ئامۆژگاریانەشی پێشکەش بە خوێنەری کورد کردووە... کە دەڵێت: (ئەگەر هەموو جیهانت دەست بکەوێت چ کەلکێکی هەیە کە خۆت بدۆڕێنیت..) مەحوی وتەنی کە دەڵێت: (سەر کە جۆشێکی نەبێ، من زرکە تاڵم بۆچییە

دڵ کە هۆشێکی نەبێ، شیشەی بەتاڵم بۆچییە).

لەم روانگەیەوە ئەم نوسراوەی نووسیوە کە هەموو پنچێک کە مرۆڤی لەسەر وەستاوە متمانە و باوەڕی تەواوی بە رەوش و ئامۆژگاری پەروەردگاری مەزن هەبێ و هەروەها رەوتی باوباپیرانی گەورەمان و کاریگەری و شوێنەواری پێشینانی چاک رەوشتەکان و چاککارەکان و خاوەن بیر و هەستیارەکان کە بە گەشی ئاینده کامیاب بەخشت لەم روانگەیەوە لە قوڵایی ئەڤین و خۆشەویستییەوە بۆ رۆڵەی ئەم میللەتە بە جەوان و پیرەوە ئەم نوسراوەی پێشکەش کردووە بە نیازی راژەگوزاری و دێژە و فەرهەنگ و مێژو و کەلچەر (حەزارەت)ی کورد کە پوختەی ژیار و شارستانییەتییە لە هەموو سەردەم و چاخ و خەرخ و زەمانێکدا.




لە بەرجەستەیی مرۆڤێکی بێدەنگ.. خۆگر بیرکەرەوە بە بەرجەستەیی بیر و هزر و راستی و دروستییەکە.. کە پەیوەستە بە ژیانەوە و بە دڵێکی خۆشی مرۆڤایەتی لە ناوەندی کارەسات و رووداوەکاندا.. وەکو وشەیەکی چاک کە مرۆڤ گەرم بکاتەوە لە سەرما و سۆڵەدا بەو ئومێدەی کە ژیانێکی درێژخایەن بێت پڕ بێت لەک بە بۆشی، وەک لەم شیعرەدا خۆی دەنوێنێت:

البحر تعلو علی امواجه جیف
و تستقر بالقصی لقصره الدرر
قل للذی یصدوف الدهر عیرنا
هل حارب الدهر إلامن یەشمیم

هەروەها ئەم کتێبە یادگرانی و ژیاننامەی ئەفسەرە قارەمانەکانی لەخۆ گرتووە لەوانە محەمەد قودسی ـ مستەفا خۆشناو ـ جەلالی ئەمین بەگ ـ نوری ئەحمەد تەها ـ محەمەد سالح زۆژولەیی ـ و هەروەها سیاسەتمەداری کورد و خەباتگێڕ هەمزە عەبدوڵڵا ـ ١٩١٥ ـ ١٩٩٨، باسی ویلایەتی شارەزوور و هەولێر و کەرکوک و داقوق و ئالتون کۆپری ـ پردێ و چەمچەماڵ دەکات لە زۆر رووەوە باسی نەورۆز لە لافاوی ئوحەوە ـ نەورۆزی کورد ـ نەورۆز و شاعیرانی کورد هەر لە کۆنەوە لە دێرینەوە ئەوەی دوو دێڕی لەسەر نەورۆز وتبێت مامۆستا کەریم لەم کتێبەدا بۆی تۆمار کردووە.. هەروەها مێژووی سالنامە ـ شێخ حەسەنی گلەزەردە کە خاوەنی روانگەی گەردوونییە و یەکەم زانای ئەستێرەناسی جیهانە.

ئینجا باسی هەورامان ناسی لە رووی مێژو و زمان و جوگرافیا ـ کە لە کۆنگرەی هەورامان ناسی لە شاری (سنە)ی کوردستانەوە لە لایەن مامۆستا کەریم زەندەوە خوێندرایەوە.. باسی داستانی بەڕێز پەیامبەر ئیبراهیم (د.خ) تێدایە، هەروەها باسی میرنشینەکانی ئێرانی خاوەر ـ کورتە باسێکی خانزادی حەیدەر و جوامێرئاغای رەنگینەی تێدایە.

ژیانی سەیدا سالح یوسفی بامەرنی گەشمردە ـ ١٩١٨ ـ ١٩٨١.

ئینجا باسی تیرەی زەند و زەنگەنە و دەوڵەتی کەریم خانی زەند و خێڵە کوردەکان و چەند چیرۆک و بەسەرهاتەکان دەکات. لەوانە کورد لە دەفتەری کۆنی کوردەواریدا، درێژەی چەرخی عوسمانی، چلەی مامۆستا کاردۆخی و یادی حاجی قادری زیندووی لە شاری کۆیە. ئۆتۆنۆمی، خودموختاری، خود فەرمانی، فیدرالی و حوکمی زاتی ناوخۆ، فیدرالیزم، کۆن فیدرالیزم، فیدرالیزمی کارگێری ـ سیاسی ـ نەتەوەیی ـ جوگرافی.. چارنامەی فیدرالی لە کوردستاندا لە پەرلەماندا، بڕیارەکانی (٦٨٨ ـ ١٩٩١) و هەروەها باسی کەسێتییە ناودارەکانی کورد وەکو (کەریم ئەلەکە، شێخ مەحمودی حەفید، شەفیع شێخ بابۆ شێخ محەمەد بارزانی دەکات.. ئەمانە و زانیاری زۆریش دەربارەی سالی لەدایک بوون و کۆچکردنی زۆربەی ناودارانی کورد.. وێڕای باسی جەلالەدین رۆمی و مەولانا خالید ١٧٧٩ ـ ١٨٢٦، ئینجا خواجە فەندی، مەلا کاکە حەمە سەیف الله ١٨٨٤ ـ ١٩٦٤، وەفایی ١٨٤٤، میسباح دیوان، رەسوڵ حەمزا تۆف ـ پیرەمێردی فیلەسوف ـ زیوەری کەلە شاعیر، مارف چیاوک، مێژوونووس سالح قەفتان، تۆفیق وەهبی بەگ، نەجمەدین مەلا، میر جەلادەت بەدرخان، داماو حسێن حوزنی موکریانی ١٨٩٣ ـ ١٩٤٧ کە مێژوونووسێکی ناوداری کوردە، هەروەها فەرماندە ئیحسان نوری پاشا دەکات، ناوەرۆکی نوسراوەکە واتە کتێبەکە (پرێتییە لە کورتە رەوتێک لە سەرەتای ژیانییەوە و مێژووی ئاین و باوەڕی کورد روون دەکاتەوە... لە پێشەکییەکەیدا لە بۆچوونی (رالف سۆلکی) کە لە هەڵکەوتنی ئەشکەوتی شانەدەرەوە لە کێوی برادۆست سەرەوی زێی گەورە نزیکی زێبار و باکووری خاوەری شارۆچکەی ئاکرێ نزیکی گوندی (زاوێ چەمێ) سنووری پەیکەری مەردومی نیاندەرتاڵ کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بەردینی ناوەند.

کەریم شاهێر ـ چەرمگ، واتە (thewhite) نزیک چەمچەماڵ ـ قەڵای چەرمگ پێگەی رومی.

باسی تیرە و هۆز و خێڵەکانی کوردی کۆن لە گۆتی و ئورارتو و هۆری و میتانی و مید و ئینجا تاکو سەردەمی زەردەشت ٥٧٠ پ.ز، پاشماوەکانی لەناو کوردا وەک ئیزدی ـ شەبەک دەکات.

ئینجا هەر بەم شێوەیە دێتە سەر میللەتی کورد لە کەلێک چارکەوە وەری گرتووە، بنەماکانی میللەتی کورد ـ وەکو خاکی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و زمانی هاوبەش و رابردوو و تێکۆشانی هاوبەش و هاوبەشی درێژخایان دژی داگیرکەران، کە لە چالدێرانەوە ئەم خاکە دابەشکراوە و پەرتکراوە ـ ١٥١٤ـ کە بووە بە کۆلۆنیالی هاوبەشی نێودەوڵەتی کە بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە.

باسی کۆسمۆپۆلیتی و نیشتمان پەرستی و کوردایەتی و دابەشکردنی جوگرافیای زمان و هەرێمەکانی و (کرمانجی ژووری) و (کرمانجی ناوەند) و (کرمانجی



ژمارە ٤٥ ٧/٨/٢٠٠٣

To the White House

Dear Sirs,

With due respect permitus dear Sirs to present , you our warmest greetings and to seize this opportunity to send these few lines about the misfortunes of 11th Sep. 2001.

We are fully a ware of the fact that you are not inneed to us or to others to protect you and drive back the dangersor to offer condolences but we are pushed by sincere feelings and conciousness to exprees our strongest condemnation and denounce the offensive actions carried out by black hearted. Terrorists against the peaceful people. The unsightly action committed by those hirelings shall remain a disgrace spot on the front of all those who envolved in planning motivating and implimenting. That criminal actions.

We, the Southern Kuristan Kurds evaluate the impact of this devil behavior more than others, because through out the history we were victims at similar actions and thousands of our innocent people went victims of terror in addition to chimical weapons simply because they demanded the authorities for their national rights which have been recognized by the international free will.

We, and millions of people regardless of colour, race, and religon, strongly protest those dirty action and stand beside you shoulder to shoulder. Up holding your steps to eradicate and put an end to terror and seize this opportunity to offer our condolences to the relatives and families of the victems malidication shall follow them up. Perpetually they will not find any place over the global with the assistance of God.

Death to all terrorists and existence to peaceful people.

**Karim Zand**
Kurdish migratory and
Geographist

**M.M. Qadir**
Economist

Sulaimani
18.3.2002

نحن واثقون أيها السادة الافاضل من أنكم لستم بحاجة لنا أو لتقربنا لدرء الاخطار عنكم أو تعزيكم و لكن تدفعنا احاسيس صادقة لنعبر عن استنكارنا لاحداث الـ ١١ من ايلول ٢٠٠١ و ندين بشدة ما قام به الارهابيون الاشرار تجاه الناس الامنين.

ان الاعمال الارهابية اللاإنسانية التي ارتكبها هؤلاء ستظل وصمة عار في جبين كل من خطط او حرض أو ساهم في تنفيذ ذلك العمل الاجرامي الخبيث.

نحن من الكورد في الكوردستان الجنوبية نقدر وقع هذه الاحداث اكثر من غيرنا، حيث راح من الالاف ضحية الاعمال الارهابية و استعمال الاسلحة الكيمياوية لمجرد المطالبة بالحقوق القومية التي تضمنها الارادة الحرة الدولية نحن و الملايين من الناس بغض النظر عن اللون و الجنس و الدين نستنكر اشد استنكار ما قام به حفنة من فاقدي الضمير و الوجدان.

نقف معكم و نؤيد خطاكم للقضاء على الارهاب و نستغل هذه الفرصة لنقدم تعازينا لذوي الابرياء الذين ذهبوا ضحية هذا العمل الاجرامي.

اللعنة ستلاحق هؤلاء أبد الدهر، انهم بعون الله سوف لن يجدوا مأوى على وجه الارض.

الموت، الموت للارهابيين و الحياة للناس الامنين الاحرار.

| | |
|---|---|
| **محمود محمد قادر** | **كريم زاند** |
| اقتصادي | الرحال و الجغرافي الكوردي |

السليمانية
18.3.2002

The Lord Archer of Weston-super-Mare

House of Lords

7th April 1994

Mr Karim Zand
c/o Mr W Jaff
27 Stanbury Ave
Fishponds
Bristol
BS16 5AL

Dear Mr Zand,

Many thanks for your letter of 5th March.

I have sent your excellent maps on to The President of The Royal Geographical Society at 1 Kensington Gore, London SW7 2AR, UK.

I am still working on the moving of the Thirty Sixth Parallel but I can't pretend that I am making much progress.

Best wishes to you and all your friends. Keep working hard.

Yours Sincerely

Jeffrey Archer

*Please reply to:* Alembic Ho... .. Albert Embankment, London SE1 7TY

ROYAL GEOGRAPHICAL SOCIETY
KENSINGTON GORE · LONDON SW7 2AR

*Telephone* 071-589 5466 *Fax* 071-584 4447

*President* The Rt. Hon. the EARL JELLICOE, KBE, DSO, MC, FRS, PC

*Director and Secretary* DR JOHN HEMMING, CMG

14 April 1994

Mr Karim Zand
c/o Mr Wagham Jaff

Dear Mr Karim Zand,

I am writing, as President of the Royal Geographical Society, to say how glad and honoured we were to receive, through the good offices of your friend, Mr Wagham Jaff, the two maps of Kurdistan which you kindly sent to Lord Archer.

I have bought your letter to the attention of Dr John Hemming, the Director of the RGS, and he will be placing your two maps in our historic Map Room where they will be available to all visitors to the Map Room.

I well remember the visits to Kurdistan which I paid when I, as a British Diplomat, spent two years in Bagdad as Deputy Secretary General of the Bagdad Pact. These visits to your beautiful country, with its splendid landscape and hospitable inhabitants, will always remain very much in my memory.

This letter comes with my best wishes to you and to your people.

With my thanks & best wishes.

Yours Sincerely

George Jellicoe

JELLICOE

Corporate Patrons

VAT Reg. No. 239 5327 46 Registered Charity No. 208791

K.~~H~~.K.

Sulaymany, Kurdøstan

To: British Broadcasting corporation,

Dear Gentlemen,,

While we highly evaluate your sincere, and invaluable endeavors in building up the humaniterian relations with the people all over the world, through the transmission of your programs to different nations, each in its national language, we find ourselves having the same rights to be one of those nations which were fortunate to have this generous gesture to express our feelings and make the people aware of our culture, traditions, also participate in strengthening, establishing, and deepening the friendly ties among the nations.

We would be greateful if you kindly take this matter into consideration and renew the Kurdish section which was broadcasting from Yafa during the second Wold War under the supervision of late the Kurdish wellknown poet Abdulla Goran, laty Ramzi Qazzaz, and the Kurdish late artist Rafeeq Chalak.

We are confident that this issue will have your kind attention and once again you will Grant the Kurds his natural right.

Please Gentlemen accept our warmest greetings a highest appreciations.

We remain.

M. M. Qader — Karim Zand — Fawzi. FAWZI R. Helmi

Your faithfully

Sulaymany, Kurdjstan

Dear Mrs Tacher,
Ex., British Prime Minister,
Excellency.

It gives us a great pleasure to seize this opportunity to present to your Excellency the warmest greetings from the people of Kurdistan and wish you a long life and all the success.

Dear Mrs Tacher,

During your recent visit to the Middle East you have announced that IRAQ is a false State, fabricated from the remaining bodily state(s parts as a result of wars and ambition of the Global Capitalism.

We highley appreciate that brave attitude and would like to assure that this plain and open position was a motive to the Kurdish People to renew his confidence and satisfaction to your Excellency.

Excellency,

We hope that the above mentioned initiative will become a corner stone, and a main key to open the closed doors and remove the obstacles staying in the way of the Kurdish issue and become a real help and support to participate in lifting up this misfortune imposed on the Kurdish people, and rescue them from the ambitions of the neighboring countries which continuously try to defeat this great historical experiance that we live since the 6th of March, 1991.

Excellency,

Your noble position, together with the stands of the British political personalities will renew our confidence in our selves and encourage us to go ahead and do our best to make this experience successful with the help of your holding up and backing our humaniterian rights in order to unify our people, lands, and soverinty.

In this regard, we are certain that through your aid and uphholding we shall be able to abort all the plans and conspiracies fabricated against our people.

Please Excellency accept our regards and appreciations.

Karim Zand   M.M.Qader   FAWZI R. Allam

Yours faithfully

# کەریم زەند



**دیمانەی ئەمجارەمان لەگەڵ مامۆستا وپەروەردەکارو نووسەرو گەڕیدەو وجوگرافیا ناس وزمانزان وسیاسەتمەدارو ڕۆڵەیەکی ستەمدیدەی گەلی کوردمانە کەماوەیەکی دوورودرێژ چالاکانەو بوێرانە لە زۆر بواری هەمەجۆردا کاریکردووەو، ڕۆڵ وجێ پەنجەی وقەڵەمی بە بڕشتی دیارەو هێشتاش وێڕای ئەوتەمەنە درێژەی بێ نووسین وخوێندنەوە ناتوانێ بژی. بەردەوام لە هەوڵ وتەقەلادانە لە پێناو خزمەتکردنی گەلی کورد وکوردستانی ئازیز.**
**بۆ چوونە ناو جیهانی مامۆستا کەریم زەند و زیاتر ئاشنابوون بە ژیننامەکەی، ئاسۆی پەروەردەیی بەپێویستی زانی ئەم پەیڤینەی لەگەڵدا بکات.**

**ئاسۆی پەروەردەیی:** مامۆستا کەریم، حەزدەکەین سەرەتا بزانین لە چ ساڵێك وله چ شوێنێكدا لە دایکبوون؟

**کەریم زەند:** من ناوم کەریم حەمە سالح ئەمیناغای چینگییە لە میرنشینی چنگییانی شارباژێڕ، لەتەك زەند، زەنگەنە، تالەبانی، سیامەنسووری لەبەرە بابێکن، لەگەڕەکی مەلکەندی، لەشاری سلێمانی ساڵی١٩٢٤ هاتوومەتە ناو جیهانەوە.

**ئاسۆی پەروەردەیی:** باشە بەر لەچوونە قوتابخانە وەك پێشوو باوبوو لای مەلا خوێندووتە؟ دوایی لە چ قوتابخانەیەك؟

**کەریم زەند:** بەڵێ من خوێندنی حوجرەم لای مەلای نابینی مەلا محەممەدو، حاجی مەلا عەبدوڵلای بلاخیو، مەلا ئەبوبەکر خوێندووە. هاوڕێی حوجرەم عەلی وریای شاعیر بوو. وانەی قورئانی پیرۆزو گولستانی سەعدی وژمێرە بە هەرچوار کردارەکەیم تەواوکردووە.ئەوانەش لە خوێندنگەی زانستی کە کارگێڕەکانی کەریم زانست و، سەعید بەگی سلیمان بەگ بوون.

**مامۆستاکانی:** فایق بێکەس و، ئەبوبەکر هەوری و، عوسمان ساحێبقران و، کامیل سابونچی بوون.

پرۆژەی خوێندنی زانستی، خوێندنگەی سەرەتایی: هەموو شاری سلێمانی دوو خوێندنگەی تێدابوو:مەکتەبی یەکەم ومەکتەبی دووەم بە ڕێنووسی کۆن، خوێندنگەی دووەم تاکو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی تێدابوو، لە خانووی سەعدی مارفدا بەزاراوەی سەردەم پێیدەگوترا مەکتەبی پەڕۆ. لە خوێندنگەی دووەم وەرگیرام، لە پۆلی دووەم ئەوە لەکاتێکا لە ئاستی پۆلی چوارەمدا بووین، چونکە فارسیمان دەزانی وتارادەیەکیش ئینگلیزی.

**کارگێڕانی خوێندنگەکە بەزنجیرە:** تۆفیق فیکرەت عەبدوڕەحمان، عەلی ئاگای پەروەردکار، ئەدیبە فەندی کەرکوکی، بوون **مامۆستاکانمان:** حامید فەرەج، مەجید عەلی مەلکەندی کە لەدواییدا بوو بە لیوا، خالید سەعید هاوڕێی نووری سەعید، نەزهەت فەتاح شەشخانە کە مامۆستای مێژووجوگرافیا بوو، هەموویان کۆنە ئەفسەری ئوسمانی بوون. هەروەها مامۆستایان: عوسمان حاجی عارف دەباغچی، محەمەد عەلی ئەربیلی، کە پاشان بوو بەکولۆنێل لە سوپای عێراقدا.

**ئاسۆی پەروەردەیی:** ئەی ئەو قوتابییانەی کە لەگەڵتا دەیانخوێند ئەگەر ناوەکانیانت لەبیر مابێ؟

**کەریم زەند:** هاوڕێیەکانی خوێندنگە: کەریم قەرەنی برا، هزمەر کۆڵەبی، ئەحمەد سەید حەسەن ڕەشید، مەحموود حەمە عەلی، فەخرەدین سابیر کەرکوکی، حیسامەدین، نەزهەت، عەبدولوەهاب فەیزی هتد بوون.



**ئاسۆیی پەروەردەیی:** بابێینە قۆناغی ناوەندی دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی لە چ قوتابخانەیەك خوێندت؟

**کەریم زەند:** لە سلێمانی تەنیا یەك ناوەندی هەبوو کە (٣) پۆلی بوو، خوێندنیش بەزمانی عەرەبی بوو، هەموو کتێبەکانمان بەعەرەبی بوون، وەك (القواعد، المطالعة، الكيمياء، الفيزياء، الحساب، الهندسة، الجبر، التاريخ الطبيعي) هەروەها مەشقی سەربازی ـ الفتوة ـ هەبوو، مامۆستا وکارگێڕ بەرگی سەربازییان لە بەردەکرد، ئێمەش بەرگی فتوە ومەشقی چەکداریمان دەکرد.

**ئاسۆی پەروەردەیی:** ئەو مامۆستایانەی کە قوتابخانەکەیان بەڕێوە دەبرد کێ بوون؟

**کەریم زەند:** عەبدوللانووری کە مووسڵاوی بوو، هەروەها زەکی ئەمین، کەمالەدین داود، ئەبو هانی.

ئاسۆی پەروەردەیی: ئەی مامۆستاکان؟

**کەریم زەند:** خەیری حەماد فەلەستینی بوو ـ وەرگێڕبوو، حەسەن فەلاح ئەویش فەلەستینی بوو، هەروەها ئەحمەد ئیبراهیم قازی، بەشیر للروس و، بەدیع فەتحوڵا کە هەردووکیان مەسیحیی مووسڵاوی بوون. مامۆستایەکی تریش کە ناوی شەریف قەزوینی نەجەفی بوو.

**ئاسۆی پەروەردەیی:** دەکرێ ناوی ئەو قوتابییانەی کەلەگەڵتا دەیانخوێند بزانین؟

**کەریم زەند:** هاوڕێیانی ئەو قۆناغەی زۆر بوون، هەندێکیان پلە وپایەی بەرزیان وەدەستهێنا لەوانە: کەریم قەرەنی برا، حەمە سەعید حاجی برایماغا، دکتۆر محەمەد سالح. حەمدی غەفوورەفەندی، حەمە ئەمین حەمە عەلی بەگ، سەعید شەفیق بەگ ڕەشید پاشا، عومەر سدیق، حاجی جەمال عەوللا، عەلی میرزا عارف، مەحموود مەجید بەگ، نامیق ڕەشید، مستەفا کەریم بەگی جاف، شەوکەت ئەحمە بەگی جاف، نووری شێخ ڕەشید ئەبابەیلی، عەلی شێخ کەریم ئەبابەیلی، باقی ئەحمەد سابیر، هادی محەمەد خڕێ، قادر عەبدوڕەزاق، نووری مەجید سەلیم، ئەحمەد سەید عەلی دڕێ، ع.ح.ب(حەمە شێخ حوسێن بەرزنجی)، کەمال عەلی باپیر، ڕەزا سەعید مارف.

**ئاسۆی پەروەردەیی:** دوای تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی لە سلێمانی لە چ خوێندنگەیەك گیرسانەوە؟

**کەریم زەند:** لە سەردەمی ئێمەدا زۆربەی ئەوانەی کە لە دواناوەندی دەردەچوون، دەچوونە بەغدا بۆ خوێندن، منیش یەکێك بووم لەوانەی کە لە خانەی مامۆستایان لە ئەعزەمییە وەرگیرام، لەوێدا ئەو قوتابییانەی کە لەگەڵ مندا دەیانخوێند چەند ناوێکم لە بیرماوە، لەوانە: مستەفا نەریمان، محەمەد تۆفیق وردی، هادی محەمەد خڕێ، حوسێن لڕەزی (سەلام عادل).

**ئاسۆی پەروەردەیی:** یەکەم دەرچوونت وبوونت بە مامۆستا کەی بوو، لە کوێ بوو؟

**کەریم زەند:** سالی ١٩٤٣-١٩٤٤ دوای دەرچوونم لە خانەی مامۆستایان لە خوێندنگەی فەیسەڵییەی سلێمانی دامەزرام لەوێ تەنیا ساڵێك دەوامم کرد، لە ڕێگەی ئەزموونێکی دەرەکی بڕوانامەی پۆلی پێنجەمی وێژەییم وەرگرت، ئەوجەلە ئەزموونی بەکەلۆریا پۆلی چوارەم پێنجەمی دەرگرتەوە.

دوای ئەوە چوومە بەغدا لە خانەی باڵای مامۆستایان لە پۆلی ئامادەیی بە ئینگلیزی وەرگیرام.

لە هەمان کاتدا بڕوانامەی دبلۆمی نێو دەوڵەتیی ـ قاهیرە ـ م وەرگرتووە.

**ئاسۆی پەروەردەیی:** دەمانەوێ لێرەدا ئاوڕێك لە بواری ڕامیاریدا بدەینەوە، بەپێی تەمەن و بارودۆخی ژیان هەڵبەت لە سیاسەت دوور نەبووی، وەکو بزانین لە چەند پارتێکی سیاسی کارت کردووە.

**کەریم زەند:** بەڵێ لە پارتی برایەتی ،هیوا، ئازادی ، پارتی دیموکراتی کوردستان کارم کردووە . لەو پێناوەشدا تووشی گرتن و بەندیخانە و دوورخستنەوە بووم . بۆ نموونە: دووساڵ بەندیی قورس بە زنجیرەوە لە زیندانەکانی ئەبو غرێب ،کەرخ، بەندیخانەی مەڵبەندی لە بەغدا ،گرتووخانەی عیوازییە لە بەغدا ،هەروەها (٦)ساڵ دوور خراوەیی و دەستبەسەری لە باشووری عێراق ، لە هۆرو زەلکاوەکانی ناسرییە ،چبایش. من هەر لە ساڵی (١٩٣٨) دوە تێکەڵی کاری ڕامیاری بووم لە کۆمەڵەی برایەتی و هیوادا نیمچە نووسیاری کۆنووسەکان بووم کە شێخی ئەمر سەرۆکی شانازی بوو ، شێخ لەتیفی کوڕی و شێخ ئەسعەدی مەحوی بەرپرس و کارگێڕو ڕاگرو دامەزرێنەری بە ڕاستی کۆمەڵەی برایەتی بوون .

لە کۆمەڵەی هیوادا نزیکی سەرکردایەتی بووم ،کە سەرۆکەکەی مامۆستای نەمر رەفیق حیلمی بوو ،هەروەها لە کۆمەڵەی ئازادی و (ژ.ک) و پارتی دیموکراتی کوردستان رۆڵم هەبووە .

**ئاسۆی پەروەردەیی :** بیستوومانە بەڕێزتان چوونەتە مەهاباد لە کۆماری کوردستان مامۆستایەتیتان کردووە .


**کەریم زەند:** بەڵێ لە شاری بۆکان ساڵی ١٩٤٦ مامۆستا بووم، هەروەها لە شاری مەهاباد وانەم وتۆتەوە و لە پێشەوا قازی محەممەد نزیك بووم و بەشداریی جەنگی پارتیزانیم کردووە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، هەروەها ڕۆیشتم بۆ ڕووسیا و دوایی گەڕانەوەم بۆ وڵات و، مامۆستایەتی دووبارە کارگێڕی ڕاهێنگەی مامۆستایان بووم .

**ئاسۆی پەروەردەیی:** ئەی لە بواری بەشداریکردنت لە کۆنفرانس و کۆنگرەکاندا ؟

**کەریم زەندی:** بەشداریم لە ٢٢ کۆنفرانس و کۆنگرە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا کردووە . کارگێڕ وتاربێژ بووم لە خولی خوێندنی کوردی لە سلێمانی و خانەقین و ئامێدی دوای ساڵانی ١٩٧٠.

**ئاسۆی پەروەردەیی :** هەر چەندە کە بەڕێزتان مامۆستان و لە بواری پەروەردەو فێربووندا خزمەتێکی باشتان کردووە ،ئەنانەت (١٥) ساڵ خزمەتتان لە بواری بنبڕکردن و نەهێشتنی نەخوێندەواریدا کردووە هەروەها بریکاری کارگێڕ و سەرپەرشتیار بوون و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی بووی بێ مووچە و پاداشت بۆ ماوەی (١٥) ساڵ کارتان کردووە و وەك خۆت دەفەرموویت (٢) جار زەوییان پێبەخشیوی ڕەتتکردۆتەوە و، بۆ ماوەی (١٥) ساڵ پشوو مۆڵەتی هاتوچۆ هەموو جۆرەکانی لیستی هاتوچوون نەبوونە، بەڵام ئێوە زیاتر وەك نووسەر ناسراون ،حەز دەکەین لەم ڕووەوە پوختەیەك لەو چالاکییانەت بزانین ؟

**کەریم زەند:** من جگە لە کارکردنم لە بواری پەروەردە و فێرکردندا کە سکرتێر و جێگری سەندیکای مامۆستایان بووم، سکرتێر و جێگر و سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد بووم لە سلێمانی دوو نۆرە . هەروەها ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) ساڵی ١٩٥٨ ،(نووسەری کوردم دوای هەفتاکان .هەروەها ٣٠-٤٠ دانان و وەرگێڕان و دەستنووسم هەیە (١٥)یان چاپکراون ،(٣٥٠) زنجیرە وتاری بڵاوکراوەم هەیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا .



لە شاکارەکانم وەرگێڕانی ئینجیلەکان لە فەرەنسییەوە بە هاوکاریی د.یوسف پەری ،هەروەها جوگرافیای کوردستان بە مەیدانی بۆ ماوەی (١٣) ساڵ. وەرگێڕانی دوکیومەنت . نووسراو لە سەر وەرگێڕان

*Language And Trans Lation Technic*

**ئاسۆی پەروەردەیی:** دوا وێستگە کە لێیدەوەستین ئاوڕدانەوەیەکە لە پێگەیاندنی ئەو قوتابییانەی کە شانازییان پێوە دەکەیت ئەگەر ناوەکانت لەبیر مابێ.

**کەریم زەند:** ناوی خوێندکارە پێگەیشتووەکان بەشانازییەوە، ئەمانەن : پرۆفیسۆر د.عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ ئەحمەد زرنگ د.کاوس قەفتان- د. جەلال مەجید بەگ- د. شەفیق قەزاز د. بەهجەت عەزیز قەزاز شەماڵ سائیب ڕەفیق قەزاز لەتیف عەبدوڵڵا و عەبدوڵڵا ئەژدەر ،د. خالید ، د.فەریدون قەفتان ، کامیل قەفتان ، لیوا سەڵاح ئەحمەد فەهمی ، سالار عەزیز ، شێخ فاتح قەرەداغی، مامۆستا بەکر ، جەزا ساڵح ماجیستێر لە عەرەبیدا، مامۆستا محەمەد خواستیاری دکتۆرا ، تالیب شێخ عەلی ، حەسەن عەبدوڵڵا ، کەمال مەجید بەگ ، عەبدوڵڵامەجید بەگ ، ئەژی گۆران، مامۆستا کەریم باراوی ، ئەنوەر فەخری واسیف ،جەمال ساڵح ئاغا ، بەکر عەباسی ئەندازیار ، د. فوئاد مەجید بەگ ، عومەر خامە سەردار، حەمە ئاغا عەبدڕەحمان ئاغا- حەسەن حوسێن بەگی جاف.

**دوا بەدوای ئەم دیدارە مامۆستا کەریم زەند بە نامەیەکی تایبەتی چەند زانیارییەکی تری خستە سەر خەرمانی کورتە ژیننامەکەی و دەڵێ:**

خوێندنی ئەکادیمی مێژووی ڕامیاری و وتار و باسی لە زانکۆکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لە ئاکاری مێژوو وسیاسەت و کەلتوور و فەرهەنگی نەتەوەیی کوردیدا پێشکەشکردووە . لە زانکۆی ماینز یوهەنا گوتەنبەرگ ئەڵمانیا پایەی پرۆفیسۆری پێبەخشراوە بە ناوی ڕاگر پرۆفیسۆر بەتزن و یارمەتدیدەری د. مەهدی ئەلبەیاتی ، لە هەفتاکاندا.

ساڵی ١٩٨٠ لە سەر داخوازیی خۆی خانەنشین کراوە کە بە پێی تەمەن و یاسای ئێستا (٣) ساڵی مابوو.

دیمانە:کەمال غەمبار

# پێڕست


| | |
|---|---|
| سەرهەڵدان | ٥ |
| خولیا- بریار | ٩ |
| ڕەوت — زەند بۆ نەوە دەدوێ- داستان دەگێڕێتەوە | ١٢٥ |
| ئازوخە | ١٣١ |
| پیرۆزگە( ژیاني تەمەنەی- مانگی کۆماری کوردستان لە مەهابادە | ٢٢٩ |
| ڕەوت | ٢٤٥ |
| خانقين- ارتميتا- في ثبت الغابرات | ٢٤٧ |
| الحياة موت والموت حياة | ٢٥١ |
| الفذلكة عن اليزيدية | ٢٦٥ |
| المدارس الجغرافية | ٢٧١ |
| جغرافيو الكورد والفكر الجغرافي الكوردي | ٢٧٥ |
| جغرافية كوردستان | ٢٨١ |
| التاريخ في محكمة الجغرافية- الجغرافية التاريخية لارض الكورد | ٢٨٣ |
| نواة كوردستان ومقوماتها( ارض الام | ٢٨٥ |
| الدولة الزندية ١٧٠٥- ١٧٧٩م | ٢٨٩ |
| الحكومة الاردلانية ٦١٧-١٢٤٨ه/ ١٢٢٠- ١٨٦٧م | ٢٩٣ |
| (كامران موكري) كما كان | ٢٩٧ |
| اللغة وفن الترجمة | ٣٠١ |
| بوابة دربند بازيان- باسيان في الاسفار وثبت الغابرات( الكتب القديمة) | ٣٠٥ |
| ڕۆژنامەنووسی کوردی ١٨٩٨ | ٣٠٩ |
| مافی چارەنووسی کوردی پێش مافی مرۆڤە | ٣١٩ |
| نیگابانی بوونی کورد | ٣٢٣ |
| هۆزی بەرپەڕ لە نەوەی میدە | ٣٢٧ |
| کوردی فەیلی | ٣٣١ |
| ئاشوری | ٣٤٥ |
| تورکمان (دێرکو نێولێنان) | ٣٥٣ |
| گەلی جوو | ٣٥٩ |
| ئیسرائیل | ٣٦٧ |
| مەملەکەتی ئیسرائیل | ٣٦٩ |
| عیبری | ٣٧٣ |
| زمانی بەراورد | ٣٧٥ |
| بارزانی | ٣٨٥ |
| پاشکۆ و بەڵگەنامە | ٣٨٩ |
| پێڕست | ٤٠١ |